هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە / فەکەڵتیی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

# پراگماتیك و شێوازگەری

تێزێکە
نەزیرە سابیر مستەفا

پێشکەشی ئەنجومەنی فەکەڵتی پەروەردەی زانکۆی کۆیەی کردووە و بەشێکە
لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە زمانی کوردیدا

لە ساڵی (٢٠٠٨) لە کۆلیژی زمانی زانکۆی کۆیە ماستەری لە بواری زمانی کوردیدا
وەرگرتووە

سەرپەرشت
پ.د. سەباح ڕەشید قادر

٢٧١٨ کوردی

٢٠١٨ ی زایینی

## ڕەزامەندی سەرپەرشت

من (پ.د. سەباح ڕەشید قادر) ڕایدەگەیەنم، کە ئەم نامەیە بە ناونیشانی (پڕاگماتیك و شێوازگەری)، کە خوێندکار (نەزیرە سابیر مستەفا) لە بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە، وەك بەشێك لە پێویستییەکانی بە دەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردی ئامادەی کردووە بە سەرپەشتی من ئەنجامدراوە.

ناو و واژۆی سەرپەرشت

ناو: پ.د. سەباح ڕەشید قادر

نازناوی زانستی : پڕۆفیسۆر

پیشەی ئەکادیمی : یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی ڕاپەڕین

---

ڕەزامەندی سەرۆکی بەش

لەسەر پێشنیاری سەرپەرشتی خوێندکار، کە لەسەرەوە ئاماژە بە ناو و واژۆی کراوە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم بۆ تاوتوێکردنی.

واژۆ

ناو: د. نوزاد ئەنوەر عومەر

نازناوی زانستی: مامۆستا

پیشەی ئەکادیمی: سەرۆکی بەشی کوردی

ڕێکەوت:

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ جەخت دەکەینەوە، کە ئەم نامەی دکتۆرایە بە ناونیشانی (پڕاگماتیک و شێوازگەری)مان خوێندۆتەوە و گفتوگۆمان لەگەڵ خوێندکار (نەزیرە سابیر مستەفا) لەسەر هەموو لایەنەکانی نامەکە کردووە. بە ڕای ئێمە، هەموو مەرجەکانی نامەی دکتۆرای تێدایە.

| | |
|---|---|
| ناو: | ناو: |
| نازناوی زانستی | نازناوی زانستی |
| پیشەی ئەکادیمی | پیشەی ئەکادیمی |
| ڕێکەوت: / / ٢٠١٨ | ڕێکەوت: / / ٢٠١٨ |
| | |
| ناو: | ناو: |
| نازناوی زانستی | نازناوی زانستی |
| پیشەی ئەکادیمی | پیشەی ئەکادیمی |
| ڕێکەوت: / / ٢٠١٨ | ڕێکەوت: / / ٢٠١٨ |
| | |
| ناو: | ناو: |
| نازناوی زانستی | نازناوی زانستی |
| پیشەی ئەکادیمی | پیشەی ئەکادیمی |
| ڕێکەوت: / / ٢٠١٨ | ڕێکەوت: / / ٢٠١٨ |

ڕەزامەندی لەسەر دراوە لە لایەن ئەنجومەنی فەکەلتی پەروەردە

ناو:

نازناوی زانستی

پیشەی ئەکادیمی

ڕێکەوت: / / ٢٠١٨

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە:**

* گڵکۆی باوکی خۆشەویستم

* دایکی خۆشەویستم و خوشك و براکانم

* هاوسەری ژینم و جگەرگۆشەکانم :

هەستی

ساڤین

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ :

* سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە، ڕاگرایەتی فاکەڵتی پەروەردە، سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی، کە هەلی خوێندنی دکتۆرایان بۆ ڕەخساندین.

* مامۆستای بەڕێزم (پ.د. سەباح ڕەشید قادر)، کە سەرپەرشتی نامەکەی گرتە ئەستۆ، دڵسۆزانە هاوکارم بووە، بە سەرنج و تێبینییە وردەکانی بۆچوونی تازەی لا گەڵاڵە کردوومە ، سەرچاوەی وەڵام بوو بۆ گشت پرسیارەکانم.

* بۆهاوسەرەکەم، کە پشو درێژ و هاوکارم بوو، ئەرکی تایپکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ.

* هەموو ئەو مامۆستا و هاوڕێیانەی، کە بە دابینکردنی سەرچاوەکان یارمەتییان داوم.

* زۆر سوپاسی بەڕێز مامۆستا (عومەر حەسەن بەشیر) دەکەم، کە زۆر هاوکاری کردووم لە وەرگێڕانی دەقە ئینگلیزییەکان.

## ناوەرۆك


| بـــابـــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | XI |
| **بەشی یەكەم** : چوارچێوەی تیۆریی بابەتەكە | ١ |
| ١-١- سەرەتا | |
| ١-٢- وشە و زاراوەكان | ٢ |
| ١-٢-١ دەقی ئەدەبی گێڕانەوە Literature text narrative | |
| ١-٢-٢ دەقی هونەری و دەقی ئاسایی | ٣ |
| ١-٢- ٣ میتافۆرو دەقی هونەری | ٤ |
| ١-٢-٤ سیاق و گوتار | ٥ |
| ١-٢-٥- لە كارخستنی گێڕانەوە Suspension of narrative | ٥ |
| ١-٢-٦- گۆڕینی كەسەكان(گۆڕینی گێرەرەوە بە پاڵەوان) | ٦ |
| ١-٢-٧- گونجان و نەگونجان | ٧ |
| ١-٢-٨- بەكارهێنانی ئامرازە زمانییەكان و كۆمەڵایەتییە لە دەقدا لەچوارچێوەی لێكدانەوەی پڕاگماتیكیدا | ٨ |
| ١-٢-٩- بەزاندنی بنەماكانی هاریكاری | ١٠ |
| ١-٣- ڕێبازی ئەركی لە شیكردنەوەی دەقی ئەدەبیدا | ١٠ |
| ١-٤- بۆچونەكانی پەیوەست بە شێواز | ١٣ |
| ١-٤-١- چەمكی شێواز | ١٣ |
| ١-٤-٢- پێناسەی شێواز | ١٤ |
| ١-٤-٣- لە ڕوانگەی( قسەكەر – نوسەر) | ١٥ |
| ١-٤-٤- لەڕوانگەی وەرگرەوە | ١٦ |
| ١-٤-٥- لەڕوانگەی دەقەوە | ١٨ |
| ١-٥- ڕێبازەكانی شیكردنەوەی شێواز | ٢١ |
| ١-٥-١- ڕێبازی شیكردنەوەی وەسفی | ٢٢ |
| ١-٥-١-١- ئاستەكانی زمان لە شیكردنەوەی شێوازدا | ٢٤ |
| ١-٥-٢- ڕێبازی بازنەی فیلۆلۆجی | ٢٧ |
| ١-٥-٣- ڕێبازی ئەركی | ٣٠ |

| | |
|---|---|
| ١-٥-٤- ڕێبازی شیکردنەوەی ئامار( Statistic Analysis) | ٣٥ |
| بەشی دووەم:  تیۆرە پراگماتیکییەکان: | ٤١ |
| ٢-١- چەمك و پێناسەی پراگماتیك | ٤١ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ٢-٢- تیۆری کردە قسەییەکان | ٤٢ |
| ٢-٢-١- کردەی بەجێهێنان  (Per formative) | ٤٤ |
| ٢-٢-٢- کردەی بەجێنەهێنان(Constative) | ٤٤ |
| ٢-٢-٢-١- بەجێهێنانی ڕاستەوخۆ | ٤٥ |
| ٢-٢-٢-٢-  بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ | ٤٥ |
| ٢-٢-٣- پۆلینکردنی کردە قسەییەکان | ٤٦ |
| ٢-٢-٤- قۆناغەکانی کردەی قسەیی | ٤٧ |
| ٢-٢-٤-١- کردەی گوتن(perlocutionary act) قۆناغەکانی کردەی قسەیی | ٤٧ |
| ٢-٢-٤- ٢- کردەی مەبەست Illocutionary act | ٤٨ |
| ٢-٢-٤-٣- کردەی پاشکاری | ٤٨ |
| ٢-٢-٥- کردەی قسەیی بەڵێندان | ٤٩ |
| ٢-٢-٦- کردەی قسەیی بڕیاردان | ٥١ |
| ٢-٣-   لێکەوتە ئاخاوتەییەکان  Conversational Implicates | ٥١ |
| ٢-٣-١- بنەماکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی | ٥٢ |
| ٢-٣-٢- جۆرەکانی لێکەوتە | ٥٣ |
| ٢-٤- تیۆری گێڕانەوە لای لابۆڤ (Labove) | ٥٤ |
| ٢-٥- ناونیشان | ٥٨ |
| ٢-٥-١- پێکهاتەی ناونیشان | ٥٩ |
| ٢-٥-٢- ئەرکی ناونیشانی دەق | ٦١ |
| ٢-٥-٣- جۆرەکانی ناونیشانی دەق | ٦٣ |
| ٢-٥-٤- ناونیشان و وێنە | ٦٤ |
| ٢-٦- ناوەرۆك | ٦٤ |
| ٢-٧- نابەرجەستەیی    Abstract | ٦٦ |
| ٢-٨- سەروی دەقParatextual | ٦٧ |
| ٢-٩- توانستی خوێنەر    Competence of reader | ٦٩ |
| ٢-١٠- کاراکردنی توانستی خوێنەر Performance of reader | ٧٤ |
| بەشی سێیەم | |
| -   نیشانە پراگماتیکییەکان و دەقی هونەری | ٧٨ |
| ٣-١- جێناوەکان | ٧٩ |
| ٣-١- ١- دەرە ئاماژە  Exophoric | ٨٠ |

| | |
|---|---|
| ٣- ١-٢- ناوە ئاماژە Endophoric | ٨١ |
| ٣-١-٢-١- ناوە ئاماژەی پێشەوە Anaphora | ٨٢ |
| بابەت | لاپەرە |
| ٣-١-٢-٢- ناوە ئاماژەی دواوە Cataphora | ٨٢ |
| ٣-١-٢- جێناوەكانی كەسی یەكەم و دووەم | ٨٣ |
| ٣-١-٣- جێناوی كەسی سێیەم | ٨٤ |
| ٣-١-٤- جێناوی ئاماژە *Demonstratives* | ٨٦ |
| ٣-١-٤-١- ناوە ئاماژەی پێشەوە | ٨٧ |
| ٣-١-٤-٢- ناوە ئاماژەی دواوە | ٨٨ |
| ٣-٢- ڕیزكردنی ڕووداوەكان | ٨٨ |
| ٣-٢-١- ڕیزكردنی ڕووداو لە گوتنی دوانەییدا | ٨٩ |
| ٣-٢-٢- هاتنە ناوەوە بە هۆی ڕەگەزەكانی سیاقەوە | ٩٩ |
| ٣-٢-٢-١- هاتنە ناوەوە بە هۆی كاتەوە | ٩٠ |
| ٣-٢-٢-٢- هاتنە ناوەوە بە هۆی شوێنەوە | ٩١ |
| ٣-٢-٢-٣- هاتنە ناوەوە بە هۆی كەسەوە | ٩٢ |
| ٣-٢-٣- ئەو ڕەگەزانەی كار لە ڕیزكردنی ڕووداوەكان دەكەن | ٩٣ |
| ٣-٢-٤- گرنگی بابەت لە ڕیزكردنی ڕووداوەكاندا | ٩٣ |
| ٣-٢-٥- ڕیزكردنی ڕووداو لە دەقی گێڕانەوەدا | ٩٤ |
| ٣-٣- گونجان و نەگونجان لەدەقدا | ٩٥ |
| ٣-٣-١- دەقی كراوە open text | ٩٨ |
| ٣-٣-٢- دەقی داخراو Closed text | ٩٨ |
| ٣-٣-٣- دەقبەستی | ٩٩ |
| ٣-٣-٣-١- سیاق و دەقبەستی | ٩٩ |
| ٣-٣-٣-٢- پەیوەندی دەقبەستی بە وەرگر | ١٠١ |
| ٣-٣-٣-٣- بنەمای لێكچوون | ١٠١ |
| ٣-٣-٣-٤- چوون بەرەو مەبەست - التغریض The Matisation | ١٠٢ |
| ٣-٣-٣-٥- ڕیزكردنی ڕووداو | ١٠٣ |
| ٣-٣-٣-٦- بابەتی دەق (بنیاتی گشتی) (Topic of Discourse ) | ١٠٣ |
| ٣-٣-٣-٧- كاتی دەق | ١٠٤ |
| ٣-٤- كات لە دەقدا | ١٠٤ |
| ٣-٤-١- كاتی فیزیكی Physical Time | ١٠٤ |
| ٣-٤-٢- كاتی زمانی Tense | ١٠٤ |
| ٣-٤-٣- كات لە ڕووی پراگماتییكەوە | ١٠٥ |
| ٣-٤-٣-١- كاتی پێش قسەكردن | ١٠٥ |
| ٣-٤-٣-٢- كاتی گوتن | ١٠٥ |

٣-٤-٣-٣- دیاریکردنی کاتی ڕووداو ١٠٧

٣-٤-٤- گوزارشتکردن بە کاتی ئێستا لە بری ڕابردوو ١٠٧
٣-٤-٥- کات لە دەقی هونەریدا ١٠٨
٣-٤-٥-١- کات لە دەقی گێڕانەوەدا ١٠٨

٣-٤-٥-٢- کاتی ناوەوەی دەق ١٠٩

٣-٥- بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری ١١٢
٣-٥-١- بەڕەوشتی و کاریگەرییەکانی(اداب الكلام Politeness) ١١٦

٣-٥-٢- هونەری بەڕەوشتی ١٢٠


بەشی چوارەم:


٤- بەستنەوەی بنەماکانی پراگماتیك بە شێوازگەرییەوە ١٢٢

٤-١- ئەو هۆکارانەی کار لە توانستی خوێنەر دەکەن ١٢٣
٤-١-١- گەشەی زمانی ١٢٣
٤-١-٢- نەخۆشییەکانی گوتن ١٢٤
٤-١-٣- تیۆرەکانی فێربوون ١٢٦

٤-١-٣-١- تیۆری ڕەفتاری Behavioristic Theories ١٢٦

٤-١-٣-٢- تیۆری عەقلگەرایی Rationalism theory ١٢٧

٤-١-٣-٣- سایکۆلۆژیای درکپێکردن و پەیپێبردن ١٢٩

٤-١-٤- چالاکی زمانی بە هۆی زمانی دووەم ١٣١
٤-٢- زانیاریی پێشینە Presupposion ١٣٣

٤-٢-١- یادگە و جۆرەکانی ١٣٣
٤-٢-١- ١- یادگەی هەستی ١٣٤
٤-٢-١- ٢- یادگەی کورتخایەن ١٣٤
٤-٢-١- ٣- یادگەی درێژخایەن ١٣٥

٤-٢-٢- پرۆسەی بە کۆدکردن و لێکدانەوەی کۆدەکان ١٣٦

٤-٢-٣- بەکۆدکردنی دەق و شێواز ١٣٧

٤-٢-٤- چێوە ڕێژی زانیارییەکانFrames ١٤١

٤-٢-٥- دەستنووس Script ١٤٢
٤-٢-٦- سیناریۆScenarios ١٤٣
٤-٢-٧- نەخشەڕێژی Schema ١٤٤

٤-٢-٨- مۆدێلی ئاوەزی Mental Models ١٤٦

٤-٢-٩- دیاریکردنی دەرئەنجامی بەڵگەدار ١٤٦

٤-٢-١٠- دۆزینەوەی بەڵگە بۆ بازنە ونبووەکان ١٤٧

| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ١٤٨ | ٤-٢-١١- بەڵگە و پێکبەستنی نائۆتۆماتیکی |
| ١٤٩ | ٤-٣- ئەزموونی خوێنەر |
| ١٥٠ | ٤-٣-١- ئەزمونی خوێنەر لە لێکدانەوەی دەقی هونەریدا |
| ١٥١ | ٤-٣-٢- ئاسۆی پێشبینییەکان |
| ١٥٤ | ٤-٤- چۆن لە ڕێگەی ئەزموونەوە دەقەکە گەشە دەکات؟ |
| ١٥٥ | ٤-٤-١- کاریگەری ئەدەبی بۆ گەشەکردنی دەق |
| ١٥٦ | ٤-٤-٢- گەشەکردنی ئەزموون لە دەقی گێڕانەوەدا |
| ١٦١ | ٤-٥- دەقی ئامادە و دەقی ونبوو |
| ١٦٤ | ٤-٥-٢- پەیوەندی دەقی ئامادە و دەقی ونبوو |
| ١٦٥ | ٤-٦- جۆرەکانی لێکدانەوە |
| ١٦٦ | ٤-٦-١ میتافۆرو سیاقی پراگماتیکی |
| ١٦٧ | **٤-٦-٢-** لێکدانەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا |
| ١٧٠ | ئەنجام |
| ١٧٢ | سەرچاوەکان |
| ١٠ | ملخص |
| ١٠ | Abstract |

## لیستی زاراوەکان

| زاراوەکان بە زمانی ئینگلیزی | زاراوەکان بە زمانی کوردی |
|---|---|
| Abstract | نابەرجەستەیی |
| Adaptation | خۆگونجاندن |
| Agrement | ڕێککەوتن |
| Analepsis | گەڕانەوە |
| Anaphora | ناوە ئاماژەی پێشەوە |
| Anchovies narratives | جیاکاری گێڕانەوە |
| Behavioristic Theories | تیۆری ڕەفتاری |
| Cataphora | ناوە ئاماژەی دواوە |
| Closed text | دەقی داخراو |
| Cognitive psychology & perspective | سایکۆلۆژیای درکپێکردن وپەیپێبردن |
| Coherence | دەقبەستی |
| Commissives | بەڵێندان |
| Competence of reader | توانستی خوێنەر |
| Completive Principle | بنەماکانی هاریکاری |
| Complicating | ئاڵوزبوونی ڕووداوەکان |
| Connotation behaviorism | ڕەفتارگەرایی نێوەندی |
| Constative | کردەی بەجێنەهێنان |
| Content analysis | شیکردنەوەی ناوەرۆك |
| Context | سیاق |
| Context of Situation | سیاقی نازمانی |
| Conversational Implicates | لێکەوتە ئاخاوتەییەکان |
| Creative | داهێنان |
| Declarative Memory Explicit | یادگەی ئاشکرا |
| Deictic | ئاماژەیی |
| Demonstratives | جێناوی ئاماژە |
| Density | چڕی |
| Directives | کردەی بڕیاردان |
| Distributions | دابەشکردن |
| Endophoric | ناوە ئاماژە |
| Epitexte | دەقی سەرو |
| Evaluation | هەڵسەنگاندن |
| Exercitives | داخوازی |
| Exophoric | دەرە ئاماژە |
| Exponence | ساغکردنەوە |
| Exposition direct | خستنەڕووی ڕاستەوخۆ |
| Exposition retarde | خستنە ڕووی دواخراو |
| Expressives | گفتوگۆ |
| External deviation | لادانی دەرەکی |
| Externl Language | زمانی دەرەکی |
| Frames | چێوە ڕێژی |

| | |
|---|---|
| Function designation | ئەركی دانان |
| Function descriptive | ئەركی وەسفی |
| Function ductive | ئەركی وروژاندن |
| Functions connotative attaches | ئەركی جوانكاری |
| Functor | یەكەی ئەركی |
| Generosity Maxim | بنەمای بەخشندەیی |
| Gestural usage | بەكارهێنانی ئاماژە یی ( جوڵەیی) |
| Ideational function | ئەركی بیرۆكەیی |
| Illocutionary act | كردەی مەبەست |
| Imagination | خەیاڵ |
| Inferences as non-automatic connections | بەڵگە و پێكبەستنی نائۆتۆماتیكی |
| Internal deviation | لادانی ناوەكی |
| Internal Language | زمانی ناوەكی |
| Language Acquisition Device | ئامێرێتی ڕێگاكانی زمانپژاندن |
| Linguistic nation | بیری زمانـەوانی |
| Literature text narrative | دەقی ئەدەبی گێرانەوە |
| Locutionary act | كردەی دەربڕین |
| Manner | بنەمای شێواز |
| Maxim | بنەمایەكی وردتر |
| Merge | لێكدان |
| Message | پەیام |
| Move | جوڵان |
| Narratives Anchovies | جیاكاری گێرانەوە |
| Negative Politeness | بەڕەوشتنی نەرێنی |
| Non transparent context | سیاقی نازوڵاڵ |
| Non-deictic | نائاماژەیی |
| Open text | دەقی كراوە |
| Organization | ڕێكخستن |
| Paradigmatic | پەیوەندی ستونی |
| Paratext | دەقی هاوتەریب |
| Paratextual | سەروی دەق |
| Paratextuality | پەیوەندی سەرووی دەق |
| Per formative | كردەی بەجێهێنان |
| Performance | كاراكردنی توانست |
| perlocutionary act | كردەی پاشكاری |
| Physical Time | كاتی فیزیكی |
| Politeness | بەڕەوشتی و كاریگەرییەكانی |
| Positive Politeness | بەڕەوشتی ئەرێنی |
| Prolepsis | پێشخەری |
| Prolepsis | پێشخەری یان پێشخستنی |
| Psycholinguitics | زمانەوانی دەروونی |
| Qualitive | وەسفی |
| Quantity | بنەمای چەندێتی |

| | |
|---|---|
| Rank | پایه |
| Rationalism theory | تیۆری عەقڵگەرایی |
| Ratios | ڕێژە |
| Relation | بنەمای پەیوەندی |
| Response | وەڵامدانەوە |
| Result | ئەنجام یان بڕیار |
| Schema | نەخشەڕێژی |
| Selection | هەڵبژاردن |
| Semiotics | زانستی هێماكان |
| Sentence Textual | ڕستەی دەقی |
| Sociolinguistics | زمانەوانی كۆمەڵایەتی |
| Standard implicature | لێكەوتەی ستاندەر |
| Statistic analysis | شیكردنەوەی ئامار |
| Stimulus | وروژێنەر |
| Stylistic Marks | تایبەتمەندییەكانی شێوازگەری |
| Subject Matter | دەربڕینی بابەتی |
| Suspension of narrative | لە كارخستنی گێڕانەوە |
| Symbolic Usage | بەكارهێنانی ئاماژەی هێمایی |
| Syntagmatic | ئاسۆیی |
| Tact Maxim | بنەمای ڕوونبێژی |
| The Approbation Maxim | ستایشكردن |
| The Matisation | چوون بەرەو مەبەست – التغریض |
| The Modesty Maxim | بنەمای بێفیزی |
| Topic of text | بابەتی دەق (بونیادی گشتی) |
| Transparent context | سیاقی زوڵاڵ |
| Turn -taking | نۆبەگرتن |
| Verbal Context | سیاقی گوتن |

**٠-١- ناونیشان و بوارو سنوری تێزەکە:**

(پراگماتیك و شێوازگەری)ناونیشانی ئەم تێزەی دکتۆرایەیە، کە تیایدا لێکدانەوە بۆ بنەماکانی هەردوو بواری پراگماتیك و شێوازگەری دەکرێت. سنورو بواری لێکدانەوەکان ئاستەکانی ژێر ڕستە و سەرووی ڕستە لەخۆ دەگرێت، واتە ئاستی مۆرفۆلۆجی و ڕستە و پەرەگراف و دەق دەگرێتەوە، هەوڵماندداوە سنوری شیکردنەوەکان سنوربەند بکەین لە هەندێك لایەنی شێوازگەری و پراگماتیك لە زمانی کوردیدا، ڕێزمانرێژییەك لە نێوان ئەو ناونیشانە و ناونیشانی(شێوازگەریی پراگماتیکی Pragmatics Stylistic ) بکەین، چونکە ئەوەی دوایی لێکدانەوەکان دەباتە بوارێکی قوڵتر لەوەی، کە هەیە.

**٠-٢- کێشەو گرفتی تێزەکە:**

هەردوو دیاردەکە و لێکدانەوەکانیان لە زمانی کوردیدا تاڕادەیەك نوێیە لەچاو زمانەکانی تردا، لەبەرئەوە گرفتی ئەو تێزە لەوەدایە، کەچۆن دەقە شێواز بەندەکان بە پێوەری زمانەوانی لێکدەدرێنەوە، بە واتایەکی تر تا چەند دەکرێت، پراگماتیك کە دیاردەیەکی بواری زمانەوانییە لەگەڵ پێوەرەکانی شێوازگەری، کە هەندێ لە زانایان بە درێژە پێدەری ڕەوانبێژی لە قەڵەم دەدەن بۆ لێکدانەوەی دەقەکان، دەکرێت لێکیان نزیك بکەینەوە، یان ئایا لە ناوەرۆکدا، ئەو دوو دیاردەیە لە شیکردنەوەی دەقەکاندا( دەقی ئاخاوتن و دەقی نوسراو) دەکرێت هەمان ئەنجامیان هەبێت، وەڵامی ئەم پرسیارانە لە ئەنجامەکاندا ڕەنگرێژ دەکرێت.

**٠-٣- ڕێبازی لێکدانەوەی دیاردەکان:**

پێوەرەکانی پراگماتیك و ڕێبازەکانی شێوازگەری کەرەستەکانی شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی ئەو تێزە بە ڕێبازێکی ئێستایی شیکراوەتەوە.

**٠-٤- ناوەرۆکی تێزەکە:**

ئە م تێزە دوای ئەم پێشەکییە کورتە بە سەر چوار بەشدا دابەشدەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

لەبەشی یەکەمدا، کە ناونیشانی چوارچێوەی تیۆریی بابەتەکە هەڵدەگرێت، ئاماژە بەوچەمکانە کراوە، کە لە باتەکاندا بەکارهاتوون، دواتر تیشك خراوەتە سەر تایبەتمەندییەکانی هەریەك لە ڕێبازەکانی شیکردنەوەی شێواز.

بەشی دووەم بریتییە لە تیۆرە پراگماتیکییەکان، کە گرنکی بەتیۆری کردە قسەییەکان و لێکەوتە ئاخاوتەییەکان دراوە و تیۆری گێرانەوە لای لابۆڤ بەشێکی گرنگی ئەم تێزە بەرجەستە دەکات، جەخت لەسەر توانستی خوێنەر و کاراکردنی دەکات.

بەشی سێیەم دەچێتە ژێر ناونیشانی ئامرازە پراگماتیکییەکان و دەقی ئەدەبی، کە باس لە جێناوەکان دەکرێت و ئاماژە بە ڕۆڵی جێناوە کەسییەکان دەکرێت لە دەقی هونەریدا، ڕیزکردنی ڕووداو و دەقبەستی چەند بابەتێکی تری ئەم بەشەن.

بەشی چوارەم کە کۆتا بەشی تێزەکەیە، ناونیشانی (بەستنەوەی بنەماکانی پراگماتیك بە شێوازگەرییەوە) لەخۆ دەگرێت، باس لە بنەما گرینگەکانی پراگماتیك دەکات، کە دەبنە هۆکار بۆ هاریکاریکردنی شێوازگەری. کە لایەنی گەشەی زمانی و زانیاریی پێشینە و بە کۆدکردن و لێکدانەوەی کۆدەکان بەهەند هەڵگیراون، جەخت لەسەر ئەزموونی خوێنەرو گەشەکردنی ئەم ئەزموونە لە دەقدا کراوەتەوە و گرنگی بە جۆرەکانی لێکدانەوە دراوە.

دوای خستنەڕووی ئەنجامەکان و کورتەکان بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ڕیزکردنی سەرچاوەکان کۆتایی بە تێزەکە هاتووە.

**پوختەی نامەکە**

ئەم تێزە هەڵگری ناونیشانی (پراگماتیك و شێوازگەری)یە، کارکردنی ئەم دوو زانستەی لە دەقی هونەری و دەقی ئاساییدا تێدا بەرجەستە دەبێت. زانستی زمان لە پراگماتیکدا هاوبەشە بۆ لێکدانەوەی دەقی هونەری. لێکدانەوەی زمانەوانی لە دیاردە ئەدەبییەکاندا هۆکارێکی گرنگە بۆ خستنەڕووی شێوازەکانیان. واتە ئەو ڕێگایەی بۆ لێکدانەوەی قسەکردنی ڕۆژانە لە چوارچێوەی پراگماتیکدا بەکاردەهێنرێت، دەتوانێت ببێت بەهۆکارێك بۆ یارمەتیدانی لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییەکانیش، بە تایبەتی دەقی گێڕانەوە، چونکە پراگماتیك بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە سیاقە جیاوازەکاندا. ڕۆماننووسەکانیش ئەو ڕێگایە دەکەنە سەرچاوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، ئەمەش پەیوندییەکی پتەو بۆ لێکدانەوەی دەقە جیاوازەکان دروستدەکات.

گەشەکردنی شێوازگەری پشتی بە چەند بابەتێك بەستووە بۆ شیکردنەوەی شێوازی دەق، گرنگترینیان یاساکانی زمان و جۆراوجۆری ئەرکەکانیانن، سیاقیش دەبێتە بەشێکی گرنگی لێکدانەوەکان لە هەردوو جۆری دەقدا، ئەمە نمونەیەکی نواندنی پراگماتیکییە، ئەم زانستە ڕەگی بنچینەیی خۆی لە بواری ڕەوانبێژیدا دادەکوتێت، بەتایبەتی لە بواری هونەری گوتار یان ستراتیژییەتی گوتندا، کە بە شێوەیەکی جێگیر زەمینەی خۆی لە قۆناغێکی مێژوویدا لە توانستەکانی ڕەوانبێژیدا بونیادناوە، بەم هۆیەوە پێداگری خۆی دەباتەوە بواری شیکردنەوەی دەقە نوسراوەکان.

پلانی ئەم توێژینەوە پێشەکی و چواربەش لەخۆدەگرێت، لە بەشی یەکەمدا، ئاماژە بە ڕوونکردنەوەی ئەو زاراوانە کراوە، کە پەیوەستە بە بابەتەکەی ئێمەوە، سەرچاوەی داڕشتنیان پشت بەم زاراوانە دەبەستن. دواتر ئاماژە بە تەوەری سەرەکی بابەتەکە دەکرێت، کە بریتییە لە شێواز و بۆچوونەکانی پەیوەست بە شێواز، شیکردنەوەی بنەماکانی شێوازگەری بەشێکی تری ئەم توێژینەوەیەن کە ئاماژە بە ڕێبازەکانی شێوازگەری کراوە بە نمونەوە. بەشی دووەم پەیوستە بە تیۆرە پراگماتیکییەکان، کە ئەمەش بەشێکە لە ناونیشانە سەرەکییەکە، ئاماژە بە چەند پێناسەیەك کراوە، دواتر بە فراوانی باسی تیۆری کردە قسییەکان کراوە، چونکە بنەماکانی ئەم تیۆرە هاوکارە لە شیکردنەوەی شێوازدا. یەکێکی تر لە تەوەر گرنگەکانی ئەم بەشە تیۆری گێڕانەوەیە لای (لابۆڤ)، لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی ئەم تیۆرە، کە هاریکارە لە دەقی گێڕانەوەدا. بۆیە شیکردنەوەی ناوەرۆکی دەق بە بەشێکی گرنگ دەزانرێت بۆ دەستکەوتنی کردەی مەبەست. هەروەها تواناو توانستی خوێنەر دوو تەوەری گرنگن بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی و شیکردنەوەی شێواز.

بەشی سێیەم ناونیشانی (ئامرازە پراگماتیکییەکان و دەقی ئەدەبی لەخۆدەگرێت)، لەم بەشەدا بە فراوانی ڕۆڵی جێناوەکان دەستنیشانکراون لە دروستکردنی شێوازەکانی دەق. ڕیزکردنی ڕووداوەکان تەوەرێکی تری ئەم بەشەیە، بە پێی جۆری دەقەکان ڕوونکراونەتەوە. دواتر ئاماژە بە کات و جۆرەکانی کات کراوە، ڕۆڵی کات لە دەق و دەوروبەردا باسی لێکراوە. کاتی گوتن بە بەشێکی گرنگی ئەم باسە

دەزانرێت، کە لێکدانەوەی پراگماتیکی لەخۆدەگرێت. لە تەوەرێکی تردا ئاماژە بە گونجان و نەگونجانی دەق کراوە، بۆ ئەم مەبەستە زیاتر ئاماژە بە بنەماکانی دەقبەستی کراوە. بنەماکانی هاریکاری تەوەری گرنگی ئەم بەشەیە، زیاتر لەسەری وەستاوین، چونکە ئەوەی بەشێك لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و شێوازی جیاواز دروستدەکات، لادانە لەم بنەمایانە.

لەبەشی چوارەمدا ئەو زانیارییانە خراونەتە ڕوو، کە پراگماتیك و شێوازگەری بەیەکەوە دەبەستنەوە، یەکێك لەو بنەمایانەی، کە ئەم دوو زانستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، پەیوەستە بەو هۆکارانەی کە کار لە توانستی خوێنەر دەکەن، وەك فێربوونی زمانی دایك و شێوەزارەکان و فێربوونی زمانی دووەم، ئەو هێماو کۆدانەی کە دەبنە بونیادنەری دەق، زانیاری پێشەکی، کە مرۆڤ لە دەرەنجامی فێربوونەکان دەستیدەکەوێت تەوەرێکی ترە، بوونی ئەم زانیارییانە کاریگەری چییە لەسەر ڕوونکردنەوەی واتا؟ هەروەها ئەزموونی خوێنەر هۆکارێکی ترە بۆ بەستنەوەی بنەماکانی پراگماتیك و شێوازگەری، کە لە شیکردنەوەی دەقدا بەهەند هەڵدەگیرێت، ئاماژە بەوەش کراوە، کە چۆن ئەم ئەزموونە گەشە دەکات. دەقی ئامادە و دەقی ونبووش، دوو جۆری دەقن بەهایەکی گرنگیان هەیە لە ئاوێتە بوونی دەق، کە خوێنەر دەبێت درك بە پەیوەندی نێوان ئەم دەقانە بکات. کۆتا تەوەری ئەم بەشە بریتییە لە جۆرەکانی لێکدانەوە لەخودی دەق و لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە تیشکی خراوەتە سەر، ئەو لایەنانە لە بەرچاو گیراون، کە ڕەخنەگر پشتی پێدەبەستێت بۆ لێکدانەوەی واتای دەق. لە کۆی ئەم بەشانەدا چەند ئەنجامێکمان دەستکەوتووە و ئاماژەمان پێکردووە، دواتربە لیستی سەرچاوەکان تێزەکە کۆتایی دێت.

**بەشی یەکەم : چوارچێوەی تیۆریی بابەتەکە:**

**١-١- سەرەتا:**

جیاوازییەکانی واتا لە بنچینەدا بۆ جیاوازی پراگماتیکی دەگەڕێنەوە، بە تایبەتی ئەو جیاوازییانەی بە هۆکاری جیاوازی سیاقەوە دێنەکایەوە. ئەو بوارەی، کە گەلێك جار بە لێکدانەوەکانی شیوازگەری

دەبەستریتەوە، بە شێوەیەکی گشتی بەو کارانەوە گرێدەدرێت، کە لە شیکردنەوەی شێوازگەرییدا دەستەبەردەکرێت، ( لێکدانەوەی ئەدەبی و کۆزمانەوانی و سیستەماتیکی لە ڕێبازی ئەرکیدا ) و شێوازگەری زمانی دەچێتە چوارچێوەی لێکدانەوەکانی (Buhler )، کە لە چوارچێوەی نیشانە و ئامرازەکان شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی ناوەرۆکی ئەو بابەتەی ئێمە دەچێتە بواری ئەو ڕێگایانەی، کە پەیوەست و پەیوەندیدارن بە سنوری دەسەڵاتی لۆجیکی نمونەیی (فیکری)، بە ئاماژەکردن بەو پرسیارانەی،، یان ئەو کێشانەی، کە ئەو لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات، وەڵام، یان چارەسەرییان بۆ بدۆزێتەوە، بۆ نمونە بەستنەوەی لێکەوتە ئاخاوتنییەکانی بواری پراگماتیك بەو ڕێباز و لێکدانەوانەی شیکردنەوە لە بواری شێوازگەرییدا ئەنجام دەدەن .

بێگومان شتێکی ئاسان نییە، بتوانین سنوری شێوازگەری پێناسە بکەین لە پاڵ بە بەهەند هەڵگرتن و لەبەرچاوگرتنی هاوسێیەتی ئەو ڕەگەزە بە بواری تری وەکو ڕەوانبێژی، کۆزمانەوانی فراوان، یان تەسك، یان بە واتایەکی تر بە پراگماتیکەوە (Micro and Macro Sociolinguistics)

ناونانی شێوازگەری ( Stylistics ) پەیوەندی بە گەلێك ڕێباز و نوسەرەوە هەیە، وەکو (چارلس بالی )، کە پەیوەندی بە ڕێبازی شێوازگەری ئایدیالیستییەوە هەیە، زۆری تری وەکو ( Spitzer ,Amado Alonso ) . بەڕێزە و بونیادنانی جیاوازەوە گرنگی بەم لایەنە دەدەن، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازییەکانی ئەرکەکانی زمان ، بەشێك لەنوسەران شێواز بۆ قالب و کۆدەکانی بواری ڕەوانبێژی دەگێڕنەوە، بەڵام (بالی) پێیوایە شێوازی زمان بۆ کردە قسەییەکانی تاکە ئاخێوەر دەگەڕێتەوە. ئەمە وامانلێدەکات کەوا ئەو بابەتە بە تیۆرەکانی کردەقسەییەکانەوە گرێ بدەین. نووسین لەسەر ئەم بابەتە پێویستی بە توانای شیکردنەوە هەیە لەهەردوو بواری بنەماکانی شێوازگەری و ڕێبازەکانی شێوازگەری و بنەماکانی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکانی پراگماتیکدا.

وەك ئاماژەمان پێدا شێوازگەری ڕەگی بنچینەیی خۆی لەبواری ڕەوانبێژیدا دادەکوتێت، بەتایبەتی لەبواری هونەری گوتاردا، یان ستراتیژییەتی گوتندا، کە بەشێوەیەکی جێگیر زەمینەی خۆی لەقوناغێکی مێژوویدا لەتوانستەکانی ڕەوانبێژیدا بونیادناوە، بەم هۆیە پێداگیری خۆی دەباتەوە بواری شیکردنەوەی دەقە نوسراوەکان.

## ١- ٢- چەمك و زاراوەکان

### ١-٢-١- دەقی ئەدەبی گێڕانەوە Literature text narrative

دەق کەرەسەیەکی زمانییە، پانتاییەکی فراوان لە دەربڕین و نوسراوەکاندا لەخۆدەگرێت. دەق خولقێنەری کۆمەڵێك پێکهاتەی جیاوازە، فۆرم و ناوەرۆکێکی تایبەتی هەیە، کە نوسەر وەك پەیامێك ئاراستەی خوێنەری دەکات، خوێندنەوەی جیاواز لەخۆدەگرن. لە دەقی هونەریدا هەست بە جوانییەکی بێهاوتا دەکرێت لە ڕێگەی ئەو شێوازەی، کە نوسەر دەیخاتە ڕوو. زمان ئەو هۆکارەیە، کە جۆرەها دەقی ئەدەبی پێدەنوسرێت. نوسەر هەوڵدەدات دەربڕینە ئەدەبییەکان زیاتر چڕبکاتەوە لە بۆتەی دەقێکی ئەدەبیدا بۆ گەیاندنی واتایەك، کە هەڵگری چەند ڕەهەندێکی جیاوازبێت. وەك (دەقی گێڕانەوە ، چیرۆك ، ڕۆمان ، ژیاننامە ، شیعر...هتد).

گێڕانەوە جۆرێکە لە دەقی ئەدەبی، دوو بابەتی پەیوەستن بە یەکترییەوە، بۆیە لە ڕێگەی گێڕانەوەدا دەقی ئەدەبی دەبێتە خاوەن هەستێکی زیندوو نرخ و بەهای تایبەتی دەبێت. "گێڕانەوە و زمان وەك لایەنی شایانی یەگرتنەوەی دەق یان گوتارە ئەدەبییەکان ئەژماردەکرێت".(ئارام صدیق ٢٠٠٩: ٥١). گێڕانەوە لە دەقێك بۆ دەقێکی تر جیاوازە، لە هەندێك دەقدا تەکنیکی تازە بەکاردێت، ئەمە تەنها ئەو گێڕانەوە سادانە نین، کە بریتیبن لە ڕیزکردنی ڕووداوەکان و دیاریکردنی، کەس و کات و شوێنی ڕووداوکان. "ئەمڕۆ گێڕانەوە بەیەکێك لە گرنگترین بنەماکانی بینای هونەری تێکستی هەرچیرۆکێك دادەنرێت و مەرجی سەرکەوتنی هەرکارێکی ئەدەبیش تاڕادەیەکی زۆر دەبەسترێتەوە بە جۆری ئەو ڕێگایەی، کەرستەکەی پێڕێکدەخرێت و دەگێڕدرێتەوە" (ستار پیرداود ٢٠١٠ :١٥١).

بەکارهێنانی چەمکی گێڕانەوە وەك بەشێك لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ئاخاوتن، ئامانجی دیاریکردنی ئەو بنەمایانەیە ، کە پێکهاتەی دەقی گێڕانەوە ڕێکدەخات، لە گێڕانەوەدا زمان بەکارهاتووە بۆ پێکهێنانی زنجیرەی ڕووداوی(ڕاستەقینە یان خەیاڵی)، لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی گێڕانەوە، کە بە زانستی گێڕانەوە ناسراوە. "ئەوەی لە بونیادی گێڕانەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە ئەو بیرۆکانەن، کە سەرباسی چیرۆکن وەك؛ ڕووداوەکانی ناو چیرۆك، کارەکتەر، ڕۆڵ، بۆچون " ( Crystal 2003:307). چەند ڕەگەزێك لە گێڕانەوەدا بوونیان هەیە، کاریگەری لە سەر ڕەوتی گێڕانەوە دروستدەکەن. "گێڕانەوە دیاردەیەکە بەشێوەیەکی شیاوی سەرنجڕاکێش پانتایی ئەدەب تێدەپەڕێنێت، بەشێکی سەرەکی تێگەیشتنی ئێمەیە لە واقیع، بەردەوام لە گەمارۆی گێڕانەوەداین" (میشیل بوتور ١٩٧١ : ١١٧). گێڕانەوەی دەقی ئەدەبی خاوەن پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، هونەری جیاواز لە چنینی ئەم جۆرە دەقەدا بەکاردەهێنرێت.

نوسەر لە گێڕانەوەی دەقی هونەریدا هەوڵدەدات ئەو شێوازە بەکاربهێنێت، کە تازەیە و هونەرێکی نوێ بە خودی دەقەکە دەبەخشێت. جوانی دەقەکە لە ڕێگەی هونەری گێڕانەوەکەدا دەردەکەوێت، کە ئەو تەکنیکە هونەرییانەی تێیدا بەکاردێن، دەبێنە هۆی ڕێکخستنی ڕەهەندی جیاواز بۆ خوێنەر. "هەندێکجار گێڕانەوە دەبێتە هۆی کرانەوەی ئەو دەرگا داخراوانەی واتا، کە ڕەهەندە جیاوازەکان دروستی دەکەن.

کەواتە گرنگی گێڕانەوە خۆی لەو پەیوەندییە بەرجەستە کراوە دەبینێتەوە، کە لەگەڵ زمانی دەقدا دروستی دەکات و هاوسەنگی نێوان خۆی و زمانیشی پێ دەپارێزێت" (سەرکەوت عمر٢٠١٣: ٦٧).

### ١-٢-٢- دەقی هونەریی و دەقی ئاسایی

دەقی هونەری بریتییە لە جۆرێك لە نوسین و دەربڕین لە قسەی ئاسایی ڕۆژانە ناچێت. زمان بەشێوەیەکی تایبەت و جیاواز بەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی نوسەر. دەقی هونەری پڕە لە داهێنان Creative وئاوێتە بوونی لەگەڵ خەیاڵ Imagination. مەبەستی نوسەر ئاراستە کردنی پەیامێکە بۆ خوێنەر بە شێوەیەکی ئاڵۆز، چونکە چەندین لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. "ئەو جۆرەی دەق بە شێوەیەکی جوانناسی ڕێکدەخرێت و سیاقێکی تایبەتی بە سەردا دەسەپێنرێت بە جۆرێك، کە وشەکان لە ئەنجامی بەیەکداچوون و کارلێکردن لە واتا سەرەکییەکەیان دادەبڕێن و سنور لە نێوانیاندا نامێنێت" (بێری یاسین ٢٠١٢: ٢١). دەقی ئەدەبی بەرهەمی ئەزمونی نوسەرەکەیەتی، هەوڵدەدات هەستی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێت، لە ڕێگەی ئەو شێوازەی لەبەرهەمەکەیدا بەرجەستەی دەکات بە بەکارهێنانی هونەرەکانی نوسین. ئەمە دەربڕینێکە لەدایکبووی ڕەخنەی نوێیە قسەکردن و گوتاری ئاسایی دەگۆڕێت بۆ هونەرەکانی داهێنان.

دەقی ئاسایی جۆرێك لە دەربڕین و قسە دەگرێتەوە، کە لە زمانی گشتی هەموو خەڵکیدا بەدیدەکرێت و لە ڕۆژانەدا بەکاردێت، زمانەکە سادە و ساکارە، بە ئاسانی بەشداربوانی گفتوگۆکە لە یەکتر دەگەن. داهێنان و خەیاڵی تێدا بەدیناکرێت، هەمان مەبەستی دەقی ئەدەبی هەیە و بۆ گەیاندنی پەیامێك بەکاردێت. هیچ ناتێگەیشتنێك ناهێنێتەکایەوە. ئاخاوتنی ئاسایی پشت بە ڕاستەوخۆیی دەبەستێت و بیر و هۆش دەدوێنێت و ئامانجی سود گەیاندنە، وشە و واتای شاراوە کەمتر بەکاردێت، چونکە مەبەستی هیچ جۆرە داهێنانێك نییە. ئامانجی دەقی ئاسایی گەیاندنی ناوەرۆکە بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆ، توانستی خەڵك لەم چوارچێوەدا بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و گەشەی هۆشەکی و تواناکانیان لە بەکارهێنانی زماندا جیاوازی دەبێت ئەو هونەرانەی، کە بۆ دەقێکی ئەدەبی بەکاردەهێنرێن لە دەقی ئاساییدا ئەمە بەدیناکرێت.

لە دەقی هونەریدا زیاتر گرنگی بە بابەتی زمان و شێوە و بونیادەکەی دەدرێت، جۆرەها هونەر و داهێنانی تێدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام لە دەقی ئاساییدا زیاتر گرنگی بەناوەرۆك و ئەرك و واتای کۆمەڵایەتی زمان دەدرێت. ئامانجی سەرەکی تێگەیشتنە، بۆیە هەوڵدەدرێت زمانێکی سادە و ساکار بەکاربهێنرێت، لایەنی تەکنیك و جوانکاری، کەمتر لە دەقی ئاساییدا دەبینرێت.هەروەها پێویستە ئاماژە بەو پێشنیارو شێوازانە بکرێت، کە تێیاندا هەمان ئامراز دەتوانێت کاریگەری زیاتر دروستبکات لە دەقێکی هونەریدا وەك لەدەقێکی ئاساییدا، ئەمەش بۆ ئەو کاریگەرییەی دەگەڕێتەوە، کە هونەرەکانی

ڕەوانبێژی دروستیدەکەن، لە دەقە ئەدەبییەکاندا گەورەترە وەك لە دەقی ئاساییدا، چونکە ئەوان بەشێك لە مەبەستەکان پێکدەهێنن و بەشدارییەکی فراوان لە دروستکردنی واتادا دەکەن. لە دەقی ئاساییدا ئاخێوەر خۆی لە (تابۆکان) دەپارێزێت، بەڵام لە دەقی هونەریدا نوسەر بۆ گەیاندنی ئەم مەبەستانە خۆی لانادات لەم بابەتانە.

**١-٢-٣- میتافۆرو دەقی هونەری**

دەقی هونەری، هونەری دارشتنی زمانە بە جۆرەها شێوە، بۆمەبەستی جوانکاری دەق و ئاڵۆزبوونی واتاکەی بەکاردێت. یەکێك لە هونەرەکان بەکارهێنانی وشەیە بە واتای جیاواز، جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی، بەڵام پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەیە، ئەمە بە میتافۆر ناسراوە، کە "دیاردەیەکی بڵاوە، لە زۆربەی شێوە گەیاندنەکانی زمانیدا دەبینرێت وەك؛ ئاخاوتنی ڕۆژانە، گوتاری ڕۆژنامە، نوسینی فەلسەفی، ڕۆمان، شیعر. . . هتد. هەر لەم بارەوە تسۆرو دەڵێت:میتافۆر شاجوانی وێنە ڕەوانبێژییەکانە" (بەکر عومەر عەلی ٢٠٠٠: ١٧-١٨). میتافۆر هەموو بوارە جیاجیاکانی دەربڕین دەگرێتەوە، بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردێت، جوانکاری بەشێکی گرنگی مەبەستەکانە، یان بۆ گەیاندنی واتایەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، "میتافۆر بەشێکی گرنگی پراگماتییکە، دەکرێت بە سێبەری گەیاندنی واتایی(penumbra connotational ) بناسرێت، میتافۆر تەنها لە ناوەندی شیعردا بەکارنایەت، بەڵکو پانتایەکی فراوانی بەکارهێنانی زمانیشی گرتۆتەوە، دەربڕینەکە زیاتر چاوەڕێی پاشکۆی واتایی لێدەکرێت، وەك لە کەسییەتی و تایبەتمەندی خودی وشەکە و زانیاری خاسیەتە ڕاستەقینە ئاماژە بۆکراوەکان". (Levinson 2010:147). لە دەقی هونەریدا جۆرە جوانکارییەك بەدیدەکرێت، بوونی میتافۆر یەکێکە لە هۆیەکانی بەرجەستەکردنی ئەم جوانکارییە. بەکارهێنانی وشەیەك بە واتایەکی جیاواز لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی لە ناو دەقێکی ئەدەبیدا، توانای هونەری دەربڕینە. ئەو وشەو زاراوانەی، کە بۆ مەبەستی میتافۆر بەکاردێن هەمیشە واتایەکی شاراوەیان لە ناخی خۆیاندا حەشارداوە جیاوازە لە واتا فەرهەنگییەکەی، بەڵام لە بنەڕەتدا خاڵێکی لێکچوونی لە نێوان هەردوو واتادا بەدیدەکرێت. "میتافۆر دیاردەیەکی پێوەرییە لە بەکارهێنانی گشتیدا، خوازەی مردوو هەیە، دەکرێت ببووژێنرێتەوە لە ڕێگای بەکارهێنانی دەقی گونجاودا" (Black 2006:102). دەکرێت لەڕێگەی دەقی هونەرییەوە وشە و زاراوە سواوەکان بەرگێکی
تازەی خوازەییان بەبەردا بکرێت.

**١-٢-٤- سیاق و گوتار**

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، تێگەیشتن لەم چوارچێوەیەدا پێویستی بە دەوروبەرێکی گشتی دەبێت، کە هەڵوێستی ئاخاوتنی تێدا ڕێکبخرێت و ئاماژە بە پێکهاتەی گوتار بکرێت. لە گوتارێکدا سەرەتا دەبێت ئاراستەی گفتوگۆکە دیاریبکرێت، تێبینی ئەوەش بکرێت، کە لە هەردەقێکدا (ناونیشان، بابەت، ڕواڵەت، دانەر، تەنانەت ئایا بڵاوکراوەکە کتێبە، یان گۆڤارە)، کۆمەڵێك ئاماژە دەخەنە بەردەستی خوێنەر سەبارەت بەو دەقەی، کە پێشبینی دەکەن، بەم جۆرە تاڕادەیەك دەتوانن لە بارودۆخ و حاڵەتی دەقەکە تێبگەن. "سیاق ئاماژەکردنە بەهەموو ئەو فاکتەرانەی، کە بە شێوەیەکی سیمانتیکییانە فۆرم و واتا و گونجاندنی ئاخاوتن دیاریدەکەن" (Crystal 2003:104) سیاق ئەو ژینگە گشتییەیە، کە ئاخاوتنی تێدا ئەنجامدەدرێت وەك؛ کات و شوێن و بۆنەی دروستکردنی ئاخاوتن و هەڵوێستی قسەکەر و گوێگر. زمانەوانی ئینگلیزی Firth خاوەنی ئەم ڕێبازەیە. شیکردنەوەی بۆ زمان دەکرد لە ژێر ڕۆشنایی بار و هەڵوێستی قسەکردن، بە هۆی پەیوەندی گۆڕاوەکان بە جیهانی دەرەوە و ئاستە جیاوازەکانی زمان. " فیرث تێڕوانینێکی زۆر ورد و ڕوونکراوەی لەسەر دەوروبەر خستوتەڕوو، ئەوسیاقەی، کە ئاخاوتنی تێدا دروستدەبێت بە جیهانی ئاخاوتن ناونراوە. لە کاتێکدا بابەتی گوتارەکە بە جیهانێکی تر ناونراوە. دەقەکە زانیاری دەگوازێتەوە، زەمینەیەکی گونجاو و هاوبەش فەراهەم دەکات، لە ڕێگەی گفتوگۆکردن لە نێوان بەشداربوانی ئاخاوتنەکەدا" (Black 2006:3). لەم ڕوانگەوە پرۆسەی تێگەیشتن لە لایەن دەقەکەوە ئاراستەکەی دیاریدەکرێت. وشە بەبێ سیاق وەك یەکەیەکی نەجوڵاو وایە، بەڵام لە ڕێگەی سیاقەوە چالاکییەکانی بەرجەستە دەبێت.

## ١-٢-٥- لە کارخستنی گێڕانەوە Suspension of narrative

یەکێکە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە. کاتێك گێڕەرەوە بە شێوەیەکی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕادەگرێت، وازلە ڕۆڵی گێڕانەوە دەهێنێت، یا خۆی جیادەکاتەوە لە ڕۆڵی گێڕانەوە، گێڕەرەوە گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕادەگرێت، لە پێناوی خستنەڕووی هەندێك لایەنی وەسفی. "هەندێکجار بە هۆی ڕاگرتنی گێڕانەوە پەنا دەبردرێت بۆ وەسفکردن، بۆ ئەوەی گێڕەرەوە پشویەك وەربگرێت، بەڵام ئەم کاتەی وەسفی تێدا دەکرێت، نازانرێت ماوەی چەند دەخایەنێت؟ لەم بارەدا کاتەکە یەکسان دەبێت بە سفر". (یمنی العید ٢٠١٠ : ١٢٦). وەسفکردن هۆکارێکە بۆ دروستبوونی لە کارخستنی گێڕانەوە، "ئەم تەکنیکە کاردەکات بۆ هێورکردنەوەی جوڵانەوەی گێڕانەوە بۆ ئەوەی خوێنەر وابزانێت گەشەکردنی گێڕانەوە بەتەواوی وەستاوە، یان کاتی گێڕانەوە و کاتی ڕووداوەکانی چیرۆك وەك یەکیان لێهاتووە" (آمنە یوسف ١٩٩٧: ٨٨- ٨٩ ). لە دەربڕینە ئەفسانەیەکاندا دەرئەنجامەکان وێنا دەکرێن، تەنها پەیوەندی هاوتەریبی هەیە لەگەڵ ئەم مەبەستەی، کەهەیەتی، یان بانگهێشکردنی خوێنەر بۆ ڕەچاوکردنی جێگرەوە جۆراوجۆرەکانە. بەزۆری کات ئەم جیابوونەوە دەستنیشان دەکات.

بەگۆڕینی کاتی ڕابردوو بۆ ڕانەبردوو، گۆڕان لە کاتی ڕابردوو بۆ کاتی ڕانەبردوو، گێڕانەوە لە کاردەخات، ئەگەر بۆماوەیەکی، کەمیش بێت، کاریگەری کاتی ڕانەبردوو لەم بارەدا بۆ ماوەی دەسەڵاتی گێڕەرەوەیە، کە بانگەشەی بۆ دەکات. ئەمە وادەکات سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت بۆ بەدواداچونی ڕووداوەکان، چونکە کاتی ڕانەبردوو زیاتر ڕاستەوخۆیە، لەوانەیە کاریگەری زیاتربێت بۆ هاتنە ناوەوەی خوێنەر، کە ڕێگایەکی پتەو و بەهێزە، پێشنیاری زیاتری ئاڵوگۆڕ کراو و هەڵوێستەکان دەکات.

ئەو دەستەواژانەی، کە کاتیان تێدا نییە، لەوانەیە هەمان کاریگەرییان هەبێت، ئەگەر پێکهاتە سیمانتیکیەکەیان گونجاوبێت، وەك "لەسەدەی نۆزدەهەمدا بوومەلەرزەیەکی بەهێز ڕوویدا، بە دڵنیاییەوە پێشبینی دەکرا، کە ئەم کارەساتە لە لایەن بوومەلەرزەناسانەوە دووبارە باس بکرێتەوە، لەوانەیە پێشبینی ڕوودانی ڕووداوەکەیان کردبێت بۆ کاتی ڕانەبردوو، ئەوا گێڕانەوەی ڕابردووە" (Black 2006:11). واتە نوسەر لە کاتی گێڕانەوەدا، کە باس لە ڕووداوێکی ڕابردوو دەکات، ڕەوتی ئەو گێڕانەوەیە ڕادەگرێت، ئاراستەی ڕێڕەوی ڕووداوەکە بۆ پێشەوە دەڕوات، بۆ ئەو ڕووداوە، کە ئێستا ڕووینەداوە. گێڕەرەوە لەم بارەدا پێش ڕووداوەکە دەکەوێت.

**١-٢-٦- گۆڕینی، کەسەکان(گۆڕینی گێڕەرەوە بە پاڵەوان)**

گێڕانەوەی ڕووداوەکان پێویستی بەکەسێك یان چەند کەسێك هەیە. لە هەندێك جۆری گێڕانەوەدا جگە لە گێڕەرەوەی سەرەکی چەند کەسێکی تر بەشداری لە پرۆسەی گێڕانەوەدا دەکەن، کە "ئەمانە خۆیان کارەکتەری ناو ڕووداوەکانن، کە بوارێکیان بۆ دەرەخسێنرێت تاکو خاوەنی دەنگی خۆیانبن، خۆیان گوزارشت لە خۆیان بکەن" (جلال انور ٢٠٠٦: ١١٩). هەندێکجار ئەرکی گێڕانەوە دەکەوێتە سەرپاڵەوانی چیرۆکەکە، ئەمەش یەکێکە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوەی خودی، "جۆری ئەو جێناوەی، کە گێڕەرەوە بەکاریدەهێنێت بایەخی تایبەتی خۆی دەبێت لە دیاریکردنی شێوەی گێڕانەوەکە". (پەرێز سابیر ٢٠٠١: ٢١٨) بە گوێرەی ئەمجۆرەی گێڕانەوە (جێناوی، کەسی یەکەمی قسەکەر(من) لە گێڕانەوەکەدا بەکاردەهێنرێت خۆی دەخاتە شوێنی پاڵەوانی چیرۆکەکە یان شوێنی یەکێك لە کەسە لاوەکییەکان بەزمانی ئەوان دەدوێت. "گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بریتییە لەوەی، کە تەنها ئەو شتانە دەبینێت کەبەر هەست و هۆشی شا کەسی ڕۆمانەکە دەکەوێت لە ڕووی بینینی تایبەتییەوە، واتە گێڕەرەوە بە مێشکی شا کەس قسەدەکات و بیردەکاتەوە" (پەرێز سابیر ٢٠٠١ :٢١٨-٢١٩). فرەدەنگی لەگێڕانەوەدا ئاڵۆزییەك بۆ خوێنەر دروستدەکات، بەڵام قورسایی لەسەر گێڕەرەوەی ناو چیرۆکەکە کەمدەکاتەوە. ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەست و بیری گێڕەرەوەدا تێکەڵبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خوێنەر مەودای وەرگرتنی ڕووداوەکان دەبەستێتەوە بەو وردەکاری و شیکردنەوە

جیاوازانەی، کە گێڕەرەوە پێشکەشیاندەکات. لەم حالەتەدا گێڕەرەوە ئەرکی گێڕانەوە دەبەخشێت بە پاڵەوانەکە.

**١-٢-٧- گونجان و نەگونجان**

قسەکەرو گوێگر یان نوسەرو خوێنەر هەمیشە دوو لایەنی سەرەکی گفتوگۆکانن. ئەو دەربڕینەی، کە لە نێوانیاندا دەخرێتەڕوو بە دەق ناو دەبرێت. بونیادنانی دەق لەناو خودی گوتراو نوسراوەکاندا، بە کۆمەڵێك سیستەمی تایبەتی بەستراوەتەوە لە ڕووی بابەت و زمانی دارشتنەوە. هەمیشە هەوڵدەدرێت سیستەمێك لە ناو دەقەکاندا بخرێتە ڕوو، کە شێوازێکی جوان بەرجەستە بکات. کاریگەری ئەم شێوازە جوانە وادەکات، کە لەو سیستەمە تایبەتییە لابدرێت بەتایبەتی لەدەقی هونەریدا، واتە نەگونجان لە نێوان پێکهاتەی دەقەکە دروست دەبێت، مەرج نییە ئەم نەگونجانە ببێتە هۆی تێکشکانی واتای دەقەکە. چونکە چەند ڕستەیەکی بەدوایەکداهاتوو، دەق دروستدەکات، دەبێت پەیوەندییەك هەبێت، کە ئەم ڕستانە بەیەکەوە ببەستێتەوە، ئەم پەیوەندییە دوولایەنەیە، یەکێکیان بەستراوەتەوە بە واتای پێکهاتەی دەقەکە، دەبێت لە ڕووی واتاییەوە ڕستە بەدوایەکهاتووەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت، "ئەم پەیوەندییە پێکدێت لە ڕەگەزێك لەگەڵ ڕەگەزێکی تردا، کە لە ڕستەی پێش خۆی یان لە دوای خۆیدا هاتووە، واتە بوونی پەیوەندی لە نێوان ئەو بەشەیە، کە لە دوای ڕستەکە، یان لە پێش ڕستەکەدایە " (فرحان بدری٢٠٠٣ :٣٦). شیکردنەوەی گونجان پێویستی بەدیاریکردنی لایەنی واتایی و ڕیزبوونی ڕستەکان هەیە، ئەگەر واتایەکی ڕێژەیش بێت. نابێت ئەو ڕستانە یان بابەتەکە داببڕێت لە بابەتەکەی پێش خۆی، ئەگەر ئەو پەیوەندییە واتاییە نەمێنێت لە نێو بەشەکانی دەقەکەدا، ئەوا جۆرێك لە نەگونجان دروست دەکات. "هەوڵدەدرێت لە لایەنی زمانەوانییەوە، ئەو سیستەمە زمانییە لە نێو دەقەکاندا جێگیر بکرێت وەك بەدەقکردن(دەقاندن) بۆ ئەوەی چەند ڕستەیەك بە هۆی کۆمەڵێك هۆکاری زمانی بەیەکەوە ببەسترێنەوە" (قەیس کاکل ٢٠٠٢ :٣٠). واتە ئەم هۆکارە زمانییانە بەشداری لە یەکگرتوویی دەق دەکەن، پەیوەندی لکاندن لە نێو بەشەکانی دەقدا دروستدەکەن، جۆرە گونجانێك بونیاددەنێن، کە پتەوی بە دەقەکە دەبەخشێت. پەیوەندی لکاندن لەو بابەتانەدا زیاتر ڕووندەبێتەوە، کاتێك "لە لێکدانەوەی یەکێك لە پەیوەندییەکان پەنا بۆ کەرەسەی تر دەبرێت. هەندێکجار لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بە بوونی، کەرەسەی دووەم دەکرێت، کاتێك گەڕانەوە بۆ کەرەسەی یەکەم دروست دەبێت. پەیوەندی لکاندن دروستدەبێت"(Halliday & Hasan 1976 : 9). جگە لە ئاستی واتاسازی، کە پەیوەندییەکانی نێو دەق یەکدەخات، ئاستی سینتاکسی و مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر گونجانی، کەرەسەکانی نێو دەقەکان. دەبێت بۆ گونجانی دەق گرنگی بەو لایەنە شاراوانە بدرێت، کە دەقی تێدا ڕێکدەخرێت.

براون و یۆل بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە گونجان و نەگونجان هەیە لە ناو دەقەکاندا. بەلای ئەوانەوە هیچ دەقێك نییە لە خودی خۆیدا گونجاو یان نەگونجاو بێت، کە پێشکەشی وەرگر دەکرێت، بەڵکو وەرگر خۆی بڕیار لەسەر دەقەکە دەدات، کە گونجان لە ناودەقەکەدا هەیە یان دەقەکە پەیوەندییەکانی ناوی نەگونجاوە. "بە پێی ئەمە دەتوانرێت تێگەیشتنەکان زیاتر لەسەر گونجانی واتاکان چڕبکرێنەوە، نەك لەسەر خودی گوتراوەکە، واتە گوتار پشت دەبەستێت بە گونجانی تێگەیشتنی واتاکان لە لای وەرگر" (Brown & Yule 1983 : 244).

**١-٢-٨- بەکارهێنانی ئامرازە زمانییەکان و کۆمەڵایەتییەکان لە دەقدا، لە چوار چێوەی لێکدانەوەی پراگماتیکیدا :**

زمان پەیوەستە بە مرۆڤەوە، چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، خاوەن سیستەمێکی دیاریکراوە، تاکەکانی کۆمەڵگا پابەندن بەبەکارهێنانی ئەو سیستەمە. کەلتوری کۆمەڵایەتی پەیوەندییە واتاییەکان لێك جیادەکاتەوە ئەو چوارچێوە پراگماتیکییە دیاریدەکات، کە زمانێك لە زمانێکی تر جیادەکاتەوە، شێوازی خستنەڕووی واتاکانە لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە، دەبێتە ئەو سیستەمە، کە هەموو کۆمەڵگا بەکاریدەهێنێت. کۆمەڵگا خۆی بڕیار لەسەر بەکارهێنانی زمانەکەی و تایبەتمەندییەکانی دەدات. "ئامرازە کۆمەڵایەتییەکان بایەخ بە جیاکردنەوەی چینەکانی کۆمەڵ دەدات، کە پەیوەستە بە ڕۆڵی بەشداربوان بە تایبەتی شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەن" (Livnson 2010:63). چەند ئامرازێکی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگادا هەن بۆ چەند مەبەستێکی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێن. ئەو ئامرازانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن. تەمەن و ڕەگەز و پیشە و ئاستی ڕۆشنبیری و پەیوەندی هاوڕێیەتی و کات و شوێن کاریگەرییان لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە هەیە. " فیلمۆر پێناسەی ئەو ئامرازانە دەکات بەوەی بریتین لەو ئەسپێکتانەی، کە کاردانەوەی چەسپاون، بەهۆی ڕاستی بۆنە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەکردەی قسەییدا دەخرێنە ڕوو" (Levinson 2010:89). ئەم ئامرازانە لە ڕووی پراگماتیکییەوە دەتوانن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی پەیوەندییەکان دیاریبکەن. لەم بارەدا ڕێزمان پەیوەست دەکات بەلایەنی پراگماتیکییەوە. جێناوە کەسییەکان لە بۆنە و شوێنی تایبەتیدا بەکاردەهێنرێن زۆر جار جێناوی(من) بۆ ئاستی نزم بەکاردێت، بەڵام جێناوی(ئێمە) بۆ ئاستێکی بەرزتر بەکاردێت، کە تایبەتە بە قسەکەر. ئەمە لە ڕووی لۆژیکەوە پێچەوانە دەوەستێتەوە. وەك :

- پێمانوایە هاوکارییان بکەین باشترە.
- وامان پێباشە هاوکارییان بکەین.

لەم دوو ڕستەیەدا(مان) جێناوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ بەکاردێت، بەڵام ئەمە تەنها تاکە کەسێکە ئەم ڕستەیە دەردەبڕێت. بۆ گرنگی بابەتەکە ڕێزگرتنی بیروڕای خۆی، خۆی بەدەنگی کۆ دەناسێنێت. جێناوی(تۆ) بۆ ئاستی نزم و(ئێوە) بۆ ئاستی بەرز بەکاردێت. کاتێك قسەکەر دەیەوێت ڕێز لەکەسی بەرامبەر بگرێت. ئەگەر تاکە کەسێکیش بێت ئەوا بە جێناوی(ئێوە – تان) ئاماژەی پێدەکات، بەتایبەتی لە گفتوگۆ یان نوسینی فەرمی داواکارییەك بێت. بۆ نمونە :

- داوا لە بەڕێزتان دەکەین، کە ڕەزامەندی بفەرموون. . .

جێناوی، کەسی (ین) بۆ کەسی یەکەمی کۆ بەکاردێت. بەڵام لەم دەربڕینەدا داواکارییەکە بۆ تەنها کەسێکە، ئاراستەی تاکە کەسێك دەکرێت، بەڵام ئاماژە بە کەسی دووەمی کۆ دەکرێت بۆ ڕێزگرتن لەکەسی بەرامبەر، جێناوی (تان– ن) بەکارهاتووە . جگە لەم جێناوە، کەسەکان هەندێك وشەو زاراوەی تر لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنن بۆ دیاریکردنی ئاستی، کەسایەتی لە کۆمەڵگادا. بۆ دەربڕینی ڕێزو خۆشەویستی، کە ئەمە پەیوەندی بە قسەکەرو گوێگرو باری دەوروبەرو جۆری پەیوەندی و کات و شوێنی دەربڕینەکەوە هەیە، وەك (بەڕێزم ، گەورەم ، خۆشەویستم.... ).

جێناوە کەسییەکان لە پراگماتیکدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، وەك ئامرازێکی زمانی کۆمەڵایەتی دەردەکەون ئاماژە بە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. جگە لە مانە چەند ئامرازێکی تری زمانی هەیە، کە تاکەکانی کۆمەڵ لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەکاریاندەهێنن، وەك( مامە، کوڕم، وەستا، مامۆستا، دکتور، کاکە، خوشکێ، پورێ... هتد) ئەم وشانە جگە لە واتای فەرهەنگی چەند واتایەکی پراگماتیکی دەخەنەڕوو. کەهەندێکیان وەك پیشە یان ڕێزگرتن لە کەسی بەرامبەر یان پلەی خزمایەتی بەکاردێن. بەڵام بە پێی کات و شوێن و کەسی قسەکەرو گوێگرو کات و شوێن و پلەی نزیکی هاوڕێیەتی، واتاکە گۆڕانی بەسەردادێت. ئەم ئامرازانە هەڵگری مەبەستی پراگماتیکین، لە نێوەندە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بەکاردێن. هەندێك وشە و ئیدیەم هەیە، وەك ئامرازێکی زمانی کۆمەڵایەتی دەردەکەون. وەك:

- خەڵکەکە ڕوویان لە دیوەخانەکەی ئەو کرد.

وشەی(دیوەخان) ناوی شوێنە، نیشانەیەکی کۆمەڵایەتییە، باڵادەستی ئەو لەئاستی خەڵکەکەدا نیشاندەدات(هۆگر محمود ٢٠٠٠: ١٥٦).

#### ١-٢-٩- بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری

چەمکی بنەماکانی هاریکاری لە تیۆرەکەی(گرایس) وەرگیراوە. بەشداربوان لە کاتی ئاخاوتندا لە ڕێگەی چالاکییە هۆشەکییەکاندا، دەتوانن هاریکاری یەکتربن بەهۆی بنەمای هاریکارییەوە، بە واتای هاوبەش دەگەن "هەموو قسەکەرێك لەهەر کۆمەڵگایەکدا بێت، بەبێ جیاوازی ڕۆشنبیری و کەلتوری

پەیڕەوی دەکات" (محمەد مەعروف ٢٠١٠ : ٤٢٤). ئەم تیۆرەی(گرایس) بوو بە بنەمایەکی گشتی هاریکاری لە گفتوگۆکردندا، کە وردکراوەتەوە بۆ چەند بنەمایەکی وردتر لەوانە :

١- بنەمای چەندیەتی Quantity Maxim

٢- بنەمای چۆنییەتی Quality Maxim

٣- بنەمای پەیوەندی Relation Maxim

٤- بنەمای شێواز Manner Maxim (Grice 1975:45-46)

قسەکەر لەکاتی دەربڕینەکانیدا دەتوانێت پەیڕەوی ئەم بنەمایانەی سەرەوە بکات، بەڵام مەرج نییە لەهەموو جۆرە دەربڕینێك (قسەکەر، نوسەر) بتوانێت هەموو بنەما وردەکان پەیڕە و بکات. زۆر جار شێوازی قسەکردن و دەروبەری گفتوگۆکە وادەخوازێت، ئەم بنەمایانە فەرامۆش بکرێت. بە پەیڕەوی کردنی بنەماکان جۆرێك لە لێکەوتە و ئەنجامیان لێدەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر جێبەجێش نەکرێن، ئەوا جۆرێکی تر لە لێکەوتە و ئەنجامیان لێ دەکەوێتەوە (محمەد مەعروف ٢٠١٠ : ٤٢٥)

**١-٣- ڕێبازی ئەرکی لە شیکردنەوەی دەقی هونەریدا**

ڕێبازی ئەرکی قوتابخانەیەکە لەزانستی زمانەوانی هاوچەرخدا، بۆ قوتابخانەی بونیادگەرەکان دەگەڕێتەوە، کە پێشەنگەکەی(دیسۆسێر) بوو، بایەخ بەچۆنییەتی بەکارهێنانی زمان دەدات، بەهای پەیوەندیکردن لە چوارچێوەی زماندا دەخاتەڕوو. زمان لە ڕوانگەی ئەم ڕێبازەدا، بریتییە لە هۆکاری پەیوەندیکردن، کە قسەپێکەرانی بەکاریدەهێنن. لایەنی ئەرکی لەخودی سیستەمی زمان جیا ناکرێتەوە، لەهەر زمانێکدا، کە کۆمەڵ بەکاریدەهێنێت، پەیوەندی بەئەرکەوە هەیە، کەرەسەکانی لەو سیاقە جیاوازانەدا دەردەکەون، کە تێیدا بەکار دەهێنرێت. "تێڕوانینی ئاراستەی ئەرکی بۆ زمان، گوزارشتکردنە لە هۆکاری پەیوەندیکردن لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجەکانیان" (حافظ أسماعيل ٢٠١٤ : ٤٠٠).

ئەرك (Function) لە زماندا، گوزارشتکردنە لە زمان وەك لایەنێکی گشتی. بریتییە لە پەیوەندی واتایی و لێکدان و پراگماتیك لە نێوان پێکهێنەرەکانی ڕستە.

ئەرك لە ڕێزماندا سێ جۆرئەرك جیاکراوەتەوە:

١- ئەرکی واتایی: ئەم ئەرکە تایبەتە بە جێبەجێکار، وەرگر، ئامراز، کات، شوێن. هەریەك لەم ڕەگەزانە ئەرکی دیاریکراویان هەیە لە گەیاندنی واتادا.

ڕێبازی ئەرکی لە دیارترین ئەو ڕێبازانەیە، کە لە گۆشەنیگایەکی پراگماتیکییەوە سەیری دەقە ئەدەبییەکان دەکات، بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییە شاراوەکان. ئەم ڕێبازە چەند قوتابخانەیەکی جیاوازی

هەیە، یەكێـك لەوانە قوتابخـانەی لەنـدەن بـوو، كە لە لایەن(هاڵیـدای)[1] بونیـادنراوە، كە گەشـەپێدەری تیۆری سیاق بوو، كە لەلایەن(فێرث)ەوە دامەزرابوو. هاڵیدای هەوڵی داوە ئەم ڕێبازە بكاتە تەواوكەری تیۆرەكەی(فێرث)، كە لەسەر بنەمای چەند ئەركێكی زمانی بونیادنراوە. واتە بەكارهێنەری زمان چەند هۆكارێكی دەربڕین لەبەر دەستیدایە، كە بە پێی توانـا گوزارشت لە بیرو هەستەكان دەكـات. هاڵیـدای پەیوەندی لە نێوان سیستەمی زمانی و چۆنییەتی ئەركپێدانی ئەم سیستەمە دەكات بۆ خستنەڕووی واتـا. ئەمەش چوارچێـوەیەكە بـۆ ئاماژەپێـدانی ئەو بـژاردەیەی، كە لەبەردەسـتی قسـەكەردایە، كە زمـان بە ئەركەوە پەیوەست دەكات. هاڵیدای گەشەی بە بیرۆكەی سیاقدا، لە لێكۆڵینەوەكانـدا ئامـاژەی بە پەیوەنـدی نێوان زمان و شیكردنەوەی دەق كرد، شێوازێكی تری بۆ دەستنیشانكردنی ڕەگەزەكانی سیاق بەكارهێنـا، كە ڕۆڵێكی گرنگیان لە خستنەڕووی واتا دەبینی، ئەم شێوازانەش بریتین لە :

١- كـێڵگە Field : گشـت ئەو ڕووداوانە دەگـرێتەوە، كە دەقەكە كـاری لەســەر دەكـات ئەمە بـواری سروشتی كۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، كەوەك شانۆ وایە بۆ دەقەكە.

٢- شـێواز (Mode): هۆكـاری بەدوایەكداهاتنی ڕووداوەكـان و پێكهـاتە زمانییەكـان و گشـت شـێوازو هۆكارە ڕەوانبێژییەكان دەگرێتەوە.

٣- ئاڕاسـتەكان Tenor : سروشـتی ئەو پەیوەنـدییانە دەگـرێتەوە، كە لە نێـوان جـۆری بەشـداربوانی گفتوگۆكەدا هەن.(Halliday&Hasan 1976:22).

توانـای قسـەكەر لە بەكارهێنـانی زمانـدا دەچێتە ئاستی ئەو توانـایە، كە زمـان ڕێـگەی پێدەدات. ئەم ئەركێكـی جیـاوازی پێدەسـپێردرێت بە پێـی ئەو بـارودۆخەی، كە تێدا هـاتووە . ئەو سیسـتەمە زمـانەی، كەدەقەكەی تێـدا ڕێكـدەخرێتەوە، دەبێـتە چێـوەڕێژی ئەو شـێوازەی، كە قســەكەر مەبەسـتەكەی تێـدا دەخاتەڕوو. پۆلینكردنی لایەنی ئەركی زمان لە چوارچێوەی سیستەمێكدا گوزارشتكردنە لە بەكارهێنانیدا لە ڕێزمانێكی پەیڕەودااردا، كە ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە :

١- ڕوخسار Form : ڕێكخستنی بەشەكانی زمانە بە پێی ڕێزمانی ڕستەسازی و وشەسازی.

٢- بابەت: Substance: مەبەست لە دەنگە بیستراوەكان یان وێنە نوسراوەكانە.

٣- دەوروبەر: مەبەسـت لە پەیوەنـدی نێـوان فـۆرمی وزمـانی هەڵوێسـتە یـان ئەو بـارودۆخەیە، كە تێیـدا هاتووە. (یحی احمد١٩٨٩:٨٤)، واتە ئەو ژینگە زمانییەیە، كە فۆنیم و مۆرفیم و ڕۆنانەكانی زمانی پێ دەورەدراوە. هالیدای لە سیستەمی ڕێزمانیدا سێ پێوانە و چوار كەتیگۆری دابەشكردووە:

[1] - مایكل ئەلیكسەندەر كیرود، Halliday لە ساڵی ١٩٢٥ لە ئینگلتەرا لە دایك بووە، بڕوانامەی دكتۆرای لە زمانی چینی لەزانكۆی كامبردج وەرگرتووە یەكێك بووە لە خوێندكارەكانی( فێرث) . خاوەنی ڕێبازی ئەركییە كتێبێكی لەم بارەوە بڵاو كردەوە بە ناوی ڕێزمانی سیستەمی (Systemic grammar). هالیدای لەگەڵ (روقیە حەسەن)، كە هاوسەرییەتی، كتێبێكی تری بەناوی(COHESTION IN ENGLISH) بڵاوكردووەتەوە .

أ- پایە Rank : مەبەست لەیەکە زمانییەکانە، پایەیەکی دیاریکراویان هەیە لە ئاستەکانی زماندا؛ وەك فۆنیم، مۆرفیم، وشە، تەنانەت ڕستەو ڕستەی ئاڵۆزیش دەگرێتەوە. (Halliday 1994:6)

ب- ساغکردنەوە Exponence: مەبەست لە دەربڕینە هەستییەکانە، کە لە یەکە نابەرجەستەییەکانی زمان پێکدێت، وەك گوزارشتکردن لە فۆنیمەکان بە دەنگی بیستراو یان لە مۆرفیم بە شێوەی گۆڕاو، وەك درێژی فۆنیمەکان.

پ- پێوانەی شیکردنەوەDelicacy : واتە وردبینی شیکردنەوەی زمانی مەبەست لەو سنورەیە، کە شیکردنەوەی زمان دەیگاتێ لە گرنگیدان بە وردەکاری دابەشکردنەکان. لەسەر ئەم دابەشکردنانە هاڵیدای چوار کەتیگۆری دەستنیشانکردووە :

١- یەکە Unit: یەکێکە لەو ڕەگەزانەی، کە بنچینەی زمان پێکدەهێنێت، دەکرێ بکرێت، بەبابەتێك بۆ شیکردنەوەی زمانی، (فۆنیم - مۆرفیم – وشە – گرێ – ڕستە).

٢- پۆل Class : ئەمە کۆی ڕەگەزەکانی زمانە، کە یەکەیەکی سەربەخۆن و خاوەن خاسیەتی شێوەی تایبەتی خۆیانن، ئەرکیان لەناو پێکهاتەکاندا هەیە. ئەم شێوەیەش بە پێی بۆ چوونی هاڵیدای دوو پۆلی هەیە؛ پۆلی شێوە، پۆلی وشە.

٣- ڕۆنان Structure : ئەو کۆمەڵە ڕەگەزە زمانییە دەگرێتەوە، کە لەبەر دەستدایە هەموو تایبەتمەندییەکانی زمانی تێدا بەرچاودەکەوێت.

٤- پێڕەو System: فێرث وای دەبینێ، کە سیستەم کۆمەڵە هەڵبژاردەیەکە، هەندێکیان لەوی تری وەردەگرێت، بۆ کارکردن لە ڕۆنانی زمانی. هاڵیدای ئەم بۆچونەی وەرگرتووە و فراوانی کردووە لە سیستەمی ڕێزمانیدا، بە پلەی یەکەم گرنگی بە سروشتی هەڵبژاردە جیاوازەکان دەدات، کە مرۆڤ و ناوەرۆکەکەی تاقی دەکاتەوە، جا هەڵبژاردەکان بە ئاگایی یان بێئاگایی بێت.(Halliday 1994:73 )

ڕێبازی ئەرکی بۆ شیکردنەوەی زمانەوانی دەقە ئەدەبییەکان لە بواری دەنگسازی و وشەسازی کاری دەکرد. بنەماکانی ئەرکی بۆ هەریەك لە ڕەگەزەکانی زماندا دیاریکران. لە ڕێگەی ئەرکەوە چوارچێوەی لێکدانی بونیادی زمانی بە پێی سیستەمی زمان دیاریدەکران. یەکێك لەو ئەرکانەی، کە هالیدای گرنگی پێداوە، ئەرکی بیرۆکەییە (Ideational function) قسەکەر بە پێی توانا گوزارشت لە ناوەرۆکێك دەکات. هێلکاری ئەم دەربڕینە لە ڕستەدا بە پێی جۆری ئەرکەکە دەخرێتەڕوو وەك ئەرکی ئەنجامدەری کارەکە و ڕوودانی کارەکە و دیاریکردنی کات و شوێنی. بەستنەوەی ناوەرۆك بەرووخساری کارەکەوە بۆ گەیاندنی جۆری واتاکەی لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا. ئەمەش بەهای جۆری واتاکە نیشاندەدات لە شیکردنەوەکەدا.

**١-٤- بۆچونەکانی پەیوەست بە شێواز**

**١-٤-١- چەمکی شێواز :**

شێواز مێژوویەکی کۆنی هەیە لە چوارچێوەی بە کارهێنانی زمانیدا. وەك هەموو زاراوەکانی تر سەرەتا بۆ بیرێکی سادەو بچووك بەکارهاتووە، بەڵام بە تێپەربوونی کات واتاکەی فراوانتر بووە، چەند بوارێکی جیاوازی گرتۆتەوە.

ئەم زاراوەیە لە سەرەتادا لە وشەی لاتینی(Stilus) وەرگیراوە، کە "واتای(هەڵکۆڵەر) دەگەیەنێت بەو ئامێرە وتراوە، کە بۆ نەخش ونوسین بەکارهاتووە" (بیرجیرو ١٩٩٤: ٩). دواتر "شێواز بۆ واتای نوسینی جیاواز بەکاردەهات. پاشان بۆ بەخشینی واتای جوانی نوسین و کێشانی هێڵ و پیتەکانی بەکاردەهێنرا" (یوزف شتریلکا ١٩٨٤: ٧١) "شێواز بە واتای دەرزی چاپکردن دێت. ( Sebeak Thomas) دەڵێت: واتای(پەڕ) یان(قەڵەم) دەگەیەنێت، چونکە ئەم ئامێرە لە نوسین و نەخش و هەڵکۆڵین بەکارهاتووە. دواتر بە هونەری بیناسازی و هەڵکۆڵینی پەیکەر وتراوە " (عدنان علی ڕضا ١٩٩٩: ١٤٥). پاشان ئەم زاراوەیە واتاکەی گوێزراوەتەوە بۆ نێو بوارەکانی لێکۆلینەوەی ئەدەبی، چەند تێڕوانینێکی جیاواز لەم بارەوە هاتە ئاراوە." لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی(Style) بەرامبەر شێواز وەك زاراوەیەکی گشتی لە ساڵی(١٨٤٦) بە کارهێنراوە، ئەم زاراوەیە لە ساڵی(١٨٧٢) چۆتە نێو فەرهەنگی فەرەنسی" (صلاح فضل،١٩٩٢: ٨٣). لە زمانی عەرەبیدا بە شێواز دەوترێت(أسلوب) "لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی(سلب) کە بەهایەکی مادی هەیە. کە بریتییە لە دارێکی ڕاست و ڕێکی خورما، کە بۆ نوسین بەکارهێنراوە. هەر ڕێگەیەك کە درێژبێت پێیوتراوە شێواز، لەبەر ئەمە شێوازی تێڕوانین و ڕێبازی جیاواز لای عەرەبەکان هەبووە، کە وتراوە شێوازی فلان کەسی گرتووە یان ڕێچکەی ئەوەی گرتووە"(محمد قضاة ١٩٩٨: ١٢٩).

لە زمانی کوردیدا شێواز بە واتای"شکل، ڕاهاتن، تەرح"(هەژارموکریانی١٣٢٩هـ : ٥٠٢) یان واتای شێوە، ڕەفتار، ئەدەب، هەڵسوکەوت دەگەیەنێت. هەروەها لە فەرهەنگی(ئازادی) دا شێواز ئەم واتایانە دەگەیەنێت "ئامێرێکی نوکتێژە پێشینان شتیان پێدەنوسی، ئامێری هەڵکۆڵینی شت لەسەر دارو تەختە و کانزا، دەرزی یامیلی کاتژمێر. ئەم واتایانە لە ڕووی مێژووییەوە ئاماژەی پێکراوە، دواتر چەند واتایەکی تر بۆ شێواز دیاریکراوە کە جیاواز لەمانە وەك؛ شێوەی نوسین یا داڕشتن شێوەی کردنی هەرکارێك، مۆدە ، باوی تازە ، تازە بابەت ، جۆر ، چەشن ، ڕێك و پێکی و جوانی وجوان پۆشی وجوانی ڕەفتاری" (حمە ڕەشید ٢٠١٢: ١٠١١). کەواتە ئەو وشە و زاراوانەی، کە لە زمانی بێگانەدا بەکارهاتوون بەرامبەر واتای شێواز، لەهەر زمانێکدا بۆ واتا و مەبەستی جیاواز بەکارهاتوون، تاگەیشتوتە ئەوقۆناغەی، کە لە چوارچێوەی ئەم واتایانەدا چۆتە دەرەوە. بوارێکی تری واتایی داگیرکردووە، ئەویش ئەو پانتاییە فراوانەی ئەدەبە کە جۆرەها هونەری ئێستاتیکای لەخۆگرتووە، چونکە

ئەدەب هەڵقوڵاوی ڕاستەقینەی ژیانی هەرکۆمەڵگایەکە. شێواز بواری ئەدەبیشی تێپەڕاندووە، بووە بە کەرەسەیەکی گشتگیری زمانەوانی چالاکییەکی بەرفراوانی هەیە لە بەکارهێناندا.

### ١-٤-٢- پێناسەی شێواز:

پێناسەکردنی شێواز وەك بەشێکی پێکهاتەی زمانی و بەکارهێنانی لە بوارە جیاوازەکاندا تێڕوانینێکی جیاوازی لەخۆگرتووە. شێواز تەنها تایبەت نییە بەدەقی هونەرییەوە، بەڵکو لەدەقی ئاسایشدا بوونی هەیە. لەگفتوگۆی ڕۆژانەدا، جۆرەها شێواز بەکاردەهێنرێن، بێئەوەی پرسیار لەجۆر و شێوەی شێوازەکە بکرێت، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ شێوە، یان نەخشەسازی هەندێك شت، وەك شێوازی جوانی خانوێك یان شێوازی بەڕێوەبردنی کارەکەی باشە، یان شێوازی نوسینەکەی ڕوونە، یان باسی شێوازی دانانی، کەل و پەلی ناو ماڵ و بیناسازێك یان وێنەکێشێك بکرێت. ئەم بیرۆکانە ڕۆژانە دەبێتە خاڵی دەستپێکی باش بۆ گفتوگۆکردن و بەکارهێنانی تەکنیکی شێواز لە زماندا. بوونی شێوازی جیاواز لە کۆمەڵگادا پەیوەستە بە تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەی کۆمەڵایەتی و جۆری باسەکە.

هەر نوسەرو زمانەوانێك بە پێی تایبەتمەندی جۆری بابەتەکەی ئاماژەی بە شیکردنەوەی شێواز کردووە. هەرچەندە شێواز لە کۆندا تەنها بە ڕەوانبێژی پەیوەست کراوە، لە چوارچێوەیەکی تەسکدابووە. هەندێك لە لێکۆڵەران ئەم ڕایەیان لاپەسندە، بۆ نمونە " تۆدرۆف[٢] و دوکرو دەڵێن:شێواز کۆرپەی ڕەوانبێژییە و میراتگرە ڕاستەوخۆکەیەتی" (عبدالسلام المسدي ٢٠٠٦ :٥٢). بەگشتی شێواز لە بواری ئەدەبیدا گرینگییەکی تایبەتی هەیە، بە ڕێڕەوی سیستەمێکی دیاریکراودا گوزەر دەکات. بۆ گوزارشتکردن لە مەبەستێکی دیارکراو لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی تەکنیکی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە. هەندێك لە لێکۆڵەران ئەم ڕایەیان لا پەسند بوو. "مۆریە پێناسەی شێواز دەکات و دەڵێت:شێواز هەڵوێستێکە لە بوون، شێوەیەکە لە شێوەکانی قەوارەی مرۆڤ" (صلاح فضل ١٩٨٥: ٩٦). هەریەك لەم پێناسانە ئەو شێوە گشتگیرە بەرجەستە ناکات، کە هەموو بنەماکانی شێواز لە خۆبگرێت، بۆیە زمانەوانان و ئەدەبناسان لایەنێکی دیاریکراوییان وەرگرتوە. لە نێو خودی ئەدەبدا شێواز لە چەند ڕوانگەیەکی جیاوازەوە پێناسەکراوە. بە لە بەرچاوگرتنی هەریەك لە بنەماکانی پێکهاتەی شێواز.

### ١-٤-٣- لە ڕوانگەی(قسەکەر – نوسەر):

نوسەر یان قسەکەر دەبێتە جەمسەری سەرەکی دروستکردنی شێواز، بۆیە بۆتە جێی سەرنجی گرنگی پێدان. شێوازلەم ڕوانگەوە باشترین ڕێگای دەربڕینی نوسەرێکە، وێنەیەکی تایبەتی

[٢] - تۆدۆرۆف Tzvetan Todorov، نوسەرێکی بوولغاریە لە ساڵی ١٩٣٩ لە دایك بووە، لە ١٩٦٣ چۆتە فەرەنسا زنجیرەی سێیەمی تێزی دکتۆراکەی ئامادەکرد بەسەرپەرشتی(ڕۆڵان بارت)، پاشان بڵاوی کردەوە بەناوی(الادب والدلالة) لە بە ناوبانگترین کارەکانی(نظرية الادب) بوو. بڕوانە (المسدی، ٢٠٠٦، ١٩٠-١٩١).

خاوەنەکەیەتی، ڕێگای بیرکردنەوە و چۆنییەتی تێڕوانینی شتەکان و شیکردنەوەی سروشتی هەڵچوونەکانیەتی، (بیر جیرۆ) دەڵێت:"شێواز بەرهەمی هەڵبژاردنی ئامرازەکانی گوزارشتکردنە، سروشتی قسەکەر و مەبەستی نوسەر دەخاتەڕوو یان ڕیگایەکە بۆ گوزارشتکردن لە بیر بەهۆی زمانەوە" (بیر جیرو ١٩٩٤: ٦- ٨٢). واتە لێرەدا نوسەر تەوەری سەرەکی ئەم بابەتەیە، ئاوێنەیەکە ڕەنگدانەوەی خودی نوسەرە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئامرازە زمانییەکان.

نوسەر هەوڵدەدات هەموو هەستەکانی بخاتە کار بۆ خستنەڕووی شێوازی جوان، بۆیە بیفۆن دەڵێت: شێواز خودی مرۆڤە. لێرەدا مەبەست ئەوەیە نوسەر بە هەموو پێکهاتەیەکی هونەری و دەروونی و جەستەیی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەرجەستەکردنی شێواز. شوپنهاوەر دەڵێت: "شێواز ناسینەوەی سیمای زەینی خاوەن قەڵەمە" (عبدالسلام المسدي٢٠٠٦: ٥٤). ئەم پێناسانە ئاماژە بەوە دەکەن کە شێواز بەرهەمی بیر و ڕەفتاری، کەسەکانە، گوزارشتکردنە لە خودی نوسەرەکە، لە تێڕوانینەکانی بۆ ژیان، بۆیە وەك دوو بنەمای لێکدانەبڕاو سەیردەکرێت، لەگەڵ(وەرگر و خودی دەقدا) پەیوەستن بەیەکترییەوە، ئەرکی شێواز تەواو دەکەن، ئەگەر گرفتێك بکەوێتە بەردەم یەکێك لەم سێ بنەمایە، ئەوا کەم وکورتی لە شێوازدا دروست دەبێت. هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی شێواز بنەمای(نوسەر- قسەکەر) لەگەڵ دوو بنەماکەی تردا بە شێوەیەکی خێرا پێشکەوتن، چونکە "پەیامێکی زمانەوانی لە ڕووی ڕووداوەوە لە تێڕوانین و داهێنان و دیاردە زەقەکانی نوسەر هەڵدەقوڵێت، دیاریکردنی شێواز بە پشتبەستن بەڕەگەزی نوسەر بەناخی مێژوودا ڕۆچووە، بۆیە سەرجەم بەربەستە شێوازگەرییەکانی سەردەم دەبەزێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوانبێژی یۆنانییەکان و دوای ئەوان" (عبدالسلام المسدي ٢٠٠٦: ٥١). بەدواداچوون بۆ ڕەهەندەکانی شێواز لە ڕوانگەی نوسەرەوە، زیاتر سەنگ و بەهای شێواز دەخاتەڕوو ، کە خاڵی بە یەکگەیاندنی نوسەر و دەقە. لە ڕێگەی ئەو قاڵبە ئەدەبییەی، کە نوسەر بەهۆی، کەرەستەی زمانییەوە شێوازێکی دیاریکراو دروست دەکات، کە جیاوازە لە شێوازی، کەسێکی تر. زیرەکی و لێهاتووی نوسەر و ڕەفتاری، هۆکاری جیاکردنەوەی شێوازێکە لە شێوازێکی تر، لێرەدا کەسییەتی نوسەرو کات و شوێن ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دروستبوونی ئەو بەهرەو توانایەی، کە شێوازی پێ بونیاددەنرێت.

**١-٤-٤- لەڕوانگەی وەرگرەوە:**

وەرگر ڕەگەزێکی سەرەکی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەرییە، کاردانەوەیە بۆ ئەو کارە ئەدەبی و هونەرییانەی، کە ئاراستەی دەکرێت، ئەم کاردانەوە لە وەرگرێکەوە بۆ وەرگرێکی تر جیاوازە، بە هۆی جیاوازی لە بیر و بۆچوونەکان و ئەو شێوازەی، کە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەبینرێت. کەواتە شێواز بە پێی جیاوازییەکەی و هێزی کاریگەریی پاڵنەری ئەو ڕەگەزەیە، کە نوسەر مەبەستیەتی، بۆئەوەی کاردانەوەی جیاواز لە لای وەرگر دروستبکات. بەدواداچوون بۆ ئەو شێوازانە زیاترە، کە لە

بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا دەبینرێن، چونکە هێزی کاردانەوەیان لەلای خوێنەر یان وەرگر زۆرترە. ئەم بۆچوونە زۆر کۆنە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە. "لە کتێبە ڕەوانبێژییەکانی یۆناندا شێوازیان بەوە پێناسە دەکرد، تاکە ئامرازێکە بۆ ڕازیکردنی کۆمەڵگا. سەبارەت بە تێڕوانینی نوێ بۆ ئەم بۆ چوونە، (ڕیفاتیر) بە ڕابەر دادەنرێت، کە ڕۆڵی وەرگر لە شێوازگەریدا دیاریدەکات، بۆ ئەم مەبەستەش چەند نوسەرێکی تر پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەن" (عبدالسلام المسدي ٢٠٠٦: ٦٦). (ستاندال) لەم ڕوانگەیەوە پێناسەی شێواز دەکات، شێواز "پشت دەبەستێت بە خوێنەری گشتی یان ناوەند). (صلاح فضل ١٩٨٥: ٧٥). ئەو کاریگەرییەی، کە لەلای خوێنەر دروست دەبێت، جۆرێك لە پەیوەندی دروست دەکات لەگەڵ نوسەر، ئەم بۆچوونانە ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە ڕۆڵی خوێنەر لە ڕۆڵی نوسەر کەمتر نییە. خوێنەر هۆکارێکی گرنگە بۆ پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەب. ئاراستەی تێڕوانینی زانستی شێوازگەری بەهای خوێنەر لە ئاستێکی بەرز دەنرخێنێت، چونکە نوسەر چاوەڕێی ئەو کاردانەوەی خوێنەرە، کە دەتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ دەقەکە بکات. (ریفاتیر) پێیوایە کاتێك نوسەر شێواز دیاریدەکات پشت بەو ئاخاوتنانە دەبەستێت، کە کاریگەری لەسەر وەرگر دروستدەکەن. بەم شێوەیە پێناسەی شێواز دەخاتەڕوو "بریتییە لە دەرخستنی هەندێك ڕەگەزی زنجیرەیی ئاخاوتن، کە سەرنجی خوێنەر بە جۆرێك ڕادەکێشێت، ئەگەر لێی بێئاگابێت دەقەکە دەشێوێنێ، ئەگەر شیبکاتەوە چەندین واتای جیاکەرەوەی تایبەتی دەستدەکەوێت"(عبدالسلام المسدي ٢٠٠٦: ٦٦). نوسەر لە خستنەڕووی شێوازەکاندا، یەکێك لە ئامانجەکانی ڕازیکردنی خوێنەرە. لەم بارەشدا هەوڵدەدات ڕەچاوی هەندێك لایەنی باری سەرنجی خوێنەربکات، "چونکە کاری شێواز چێژ بەخشین و کارتێکردنە لە خوێنەر، بۆ ئەو ڕازیکردنەی، کە نوسەر مەبەستیەتی، ئەگەر ئەمەی سەلماند، ئەوا لە کارەکەی سەرکەوتوو دەبێت" (هنريش بليت١٩٩٩: ١٧).

هەروەها بۆ دیاریکردنی شێواز لە لایەن ئەو هێزەی، کە کاریگەری دروستدەکات، پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر هەستی خوێنەر، توانای درکپێکردنی پێوانەیی و کاردانەوەکە پشت دەبەستێت بەو دەسەڵات و هێزەی، کە کاردانەوەکە دروست دەکات. واتە خوێنەر بەشدارە لە خستنەڕووی شێوازی دەقەکان و تێگەیشتن لەو مەبەستەی، کە نوسەر دەیەوێت، بۆیە "لە دیاریکردنی شێوازی نوسەرێك، قورساییەکی زۆردەکەوێتە سەر شانی خوێنەر، چونکە دەبێت خوێنەر بیرۆکەیەك بزانێت و لەم چوارچێوەیەدا جوانی دەقەکە بدۆزێتەوە، ئاوێتە بێت لەگەڵ ئەو بیرە نامۆیەی، کە لە دەقەکەدا هەیە. دەبێت لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا بەم بیرۆکەیە کاریگەر بێت" (عشتارداود محمد ١٩٩٩: ٢٣). نوسەر هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دایە بەرهەمێکی تازە و جیاواز ئاڕاستەی خوێنەر و ڕەخنەگرەکانی بکات، بە خستنەڕووی شێوازێکی جیا لە شێوازەکانی تر، تا بتوانێت نوێگەری لە بەرهەمەکەیدا بەرجەستە بکات. بۆ ئەوەی خوێنەر چێژی لێوەربگرێت، بچێتە خانەی شێوازێکی بەرزی هونەری. مەرج نییە هەموو خوێنەرێك، هەمان

خوێندنەوەی بۆ دەقێکی دیاریکراو هەبێت. تا خوێنەر توانای هونەری و ڕۆشنبیری و زانستی و بابەتی زیاتربێت، خوێندنەوەی بۆ شێوازی دەقەکە وردتر دەبێت و هەڵسەنگاندنی جیاوازی دەبێت.

هەر کاتێك دەق و شێواز سەرکەوتوو بوون بە تایبەتمەندی پێویستەوە، بێگومان کاریگەری بەرچاو لە سەر خوێنەر دروستدەکات. شێوازگەرەکان زیاتر گرنگی بە هۆکارەکانی دەربڕین دەدەن، کە کاریگەری لەسەر وەرگر دروستدەکەن. "بە لای(چارلز بالی)[3] چەمکی شێواز دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕەگەزە زمانییانەی، کە کاریگەری سۆزی لەسەر گوێگر، یان خوێنەر دروستدەکەن. ئەمەش هەمان ئەو بۆچوونەیە، کە (سیدلیر) پشتی پێدەبەستێت، کە لە گۆشەنیگای وەرگر یان خوێنەرەوە سنوری شێواز دیاری دەکات" (صلاح فضل ١٩٨٥: ٨٥).

## ١-٤-٥- لەڕوانگەی دەقەوە :

کاتێك دەق دەچێتە قاڵبی شێوازێکی دیاریکراوەوە، ئامادە دەبێت بۆ خوێندنەوە. کاری بەجێهێنانی شێوازلە چوارچێوەی دەقدا بەرجەستە دەکرێت، چونکە هیچ شێوازێك بەبێ کەرەسە و پێکهاتەکانی دەق ناتوانرێت دابڕێژرێت، هیچ دەقێکیش بەبێ شێواز بونیادنانرێت، واتە هەردووبەشەکە لەناو یەکتریدا کاردەکەن، تاکو بتوانرێت جۆرە هاوسەنگییەك لە نێوانیاندا دروستبکرێت. دەقیش لە هەر ڕوویەکەوە سەیربکرێت، ناتوانرێت ئەو قاڵبە هونەرییەی، کە دەقەکەی تێدا داڕێژراوە فەرامۆشبکرێت.

بیرۆکەی تێڕوانینی شێواز لە ڕوانگەی دەقەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی تیۆرە زمانەوانییەکەی سۆسێر، کە جەختی لەسەر بەکارهێنانی سیستەمی دوو لایەنەی زمان دەکردەوە، کە زمانی دابەشکردبوو بۆ دوو بەش ؛ زمان لە باری وەستانیدا واتە پێش بەکارهێنان، زمان لە باری بەکارهێنانیدا. ئەمیش دەبێتە دوو بەش "گوتاری ئاسایی یان پراگماتیکی، گوتاری ئەدەبی، کە هەڵگری شێوازە". (عدنان علی رضا النحوی ١٩٩٩: ٦٦). بەپێی ئەم بۆچوونە ئاراستەی شێواز بەرەو خودی دەق و کەرەسە پێکهێنەرەکانی دەچێت، چونکە زمان کەرەسەی سەرەکی پێکهاتەی دەقە لە ڕێگەی زمانەوە جیهانی دەق دەبڕرێت و شێواز دیاریدەکرێت. زمان و دەق لەڕێگەی شێوازەوە جۆرێك لە هاوسەنگی دروستدەکەن، شێواز ئەو بۆشاییە تەواو دەکات، کە لە نێوانیاندا هەیە. شێواز لەم ڕوانگەیەوە بریتییە لە بەکارهێنانی زمان. لەم بۆچوونانەدا دەردەکەوێت ئەوەی شێوازی جیاواز دروست دەکات، کەرەسە زمانییەکانە. توانای نوسەر لە هەڵبژاردنی ئەم کەرەسە زمانییانە لە ڕووی شێوازەوە دەقی جیاواز بونیاددەنێت. دەق ئەو نێوانەیە، کە نوسەر و خوێنەری تێدا بەیەکدەگات. "ئەگەر دەق کۆرپەی نوسەر بێت، ئەوا شێوازیش کۆرپەی دەقە". (عبدالسلام المسدي ٢٠٠٦: ٧١).

---

[3] - شارلس بالی(١٨٦٥ – ١٩٤٧) زمانناسێکی سویسرییە بونیادنەری شێوازگەرییە لە ساڵی (١٩٠٢) دا کتێبێکی بڵاو کردەوە بە ناوی (مقالە أسلوبیە الفرنسیە) دواتر کتێبێکی تری دانا بە ناوی( الوجیز فی الاسلوبیە) بڕوانە ئەم سەرچاوانە (بیرجیرو ،١٩٩٤: ٣٤)(المسدی، ٢٠٠٦: ١٨٨).

توانای ئەدەبی نوسەر ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە داڕشتنی شێوازی جوان، ئەمەش هێڵەکانی ناو بازنەی دەق و شێوەی ڕووخساری دەق بەیەکدەگەیەنن. چەمکی دەق پەیوەستە بە ئەدەبیات، شێوازیش لە دەقی هونەریدا بەرجەستە دەبێت. هۆشیاری و توانای نوسەر لەوەدا دەردەکەوێت، درك بە ڕەهەندەکانی دەربڕین بکات، ئەو سنورانە نەهێڵێت، کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم وێناکردنی جوان لە شێوازدا. "شێواز ڕوویەکی ساکاری وتنە لە لایەکەوە، هونەری هۆشیاری نوسەرە لە لایەکی تر، شێواز دەربڕینێکە لە سروشتی مرۆڤەوە دەردەچێت. بۆیە هەمیشە ئەو سنورانە دەبەزێنێت کە لەسەری داخراون"(بیرجیرۆ ١٩٩٤: ٣٠). شێواز لە ڕەوانبێژی کۆندا وەك شێوازێکی نمونەیی هونەری نوسین دەبینرا، بە هۆکارێك دادەنرا بۆ جوانکاری لە دەقدا، کەواتە هزر یان بیری نوسەر یەکێکە لە ڕەگەزەکانی بونیادنانی شێواز.

هەندێك بۆچوون بنەماکانی شێواز بەسەرچاوەیەکی گرنگ دەزانن بۆ پێناسەی شێواز، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

أ- شێوازلە دەقی هونەریدا وەك سیمایەکی بنچینەیی هزری تاکە کەسییە. (شوپنهاوەر) دەڵێت:(شێواز سیمایەکی هزرییە). (فلۆبیر) دەڵێت:(شێواز تەنها ڕێگەیە بۆ بینینی شتەکان). دروستبوونی شێواز و هەڵبژاردنی وشەی جوان و ڕیزکردنی ڕووداوەکان لەڕێگەی هزرەوە دەبێت. نوسەر ناتوانێت بێئاگایانە هونەری جوان و شێواز دابڕێژێت، ئەگەر هەموو هەستەکانی بەشدار نەبن لەبونیادنانی ئەو شێوازە. هەرچەندە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا زۆربەی شێوازەکان لە یەکدەچن، یان لێك نزیکن بە پێی ئەو کەلتورەی، کە لە زمانەکەیاندا هەیە، بەڵام لە دەقی هونەریدا شێوازی نوسینی نوسەرێك جیایە لە هی نوسەرێکی تر.

ب- شێواز وەك ئامرازێك وایە، کە نوسەر لەبەرهەمی خۆییدا بەکاریدەهێنێت، هەر ئەم بۆچوونە بووە سەرچاوەی ڕەوانبێژی کۆن بۆ شێواز. "ساندال دەڵێت:"شێواز هەندێك بارودۆخی گونجاوە، کە لەسەر هزری مرۆڤ زیاد دەکرێت، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی بەرهەم و پەیداکردنی ئەو کاریگەریانە، کە لە بیری مرۆڤدا دروست دەبێت. ئەو توانا زمانییەی، کە لە بیری مرۆڤدایە پاڵنەرە بۆدروستکردنی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و خستنەڕوو شێوازی بەرز" (منذر عياشي ١٩٩٠ :٣٤-٣٧).

پ- هەڵبژاردن Choice یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی شێواز، هەندێك لە نوسەران لەم ڕوانگەوە پێناسەی دەکەن، کە "بریتییە لەو یەکە زمانییانەی، کە نوسەر لەسەری ڕاهاتووە و مەبەستیەتی" (عدنان علي ڕضا النحوي ١٩٩٩: ١٥٢). ئەو کەرەسە زمانییانەی، کە لای نوسەرێك هەیە بۆ نوسینی دەقێك، هەمان ئەو کەرەسانەن لای هەموو قسەپێکەرانی زمانەکە هەیە، بەڵام هونەری بەکارهێنانی ئەو کەرەسانە، دەتوانێت شێوازی جیاواز دروستبکات. "چەمکی شێواز بەگرنگییەوە بەشداری بە هەڵبژاردە دەکات، پشت بە بیردۆزی هەڵبژاردن دەبەستێت، کە هەڵبژاردەی جیاواز، شێوازی جیاواز بەرهەمدێنێت، شێوازی جیاوازیش کاریگەری جیاواز دروستدەکات" (Verdonk 2014:6).

ت- لادانیش دەبێتە بەشێکی تر بۆ شیکردنەوەی شێواز "لیوسپیتزەر لادانی کردە بناغە و پێوەر بۆ دەستنیشاکردنی تایبەتمەندی شێواز، ئەمە دەبێتە هۆیەك بۆخەملاندنی قوڵی و چڕی شێوازەکان و پلەی سەرکەوتنیان"(عبدالسلام المسدي ٢٠٠٦: ٨١). ئەو لادانانەی، کە جوانکاری دەق نیشان دەدەن دەبنە بەری داهێنانێکی نوێ بۆ نوسەر، هەر ئەمەش دەبێتە بنەمایەك بۆ پێوانەکردنی شێوازەکە.

دواتر ئاسۆی بۆچوونەکان بەرەو ئاستێکی تر هەنگاویاننا. داڕشتن و بونیادنانی هەر دەقێك بە هۆی، کەرەسە زمانییەکانەوە دەبێت. کاتێك بۆچوونە ڕەخنەییەکان ئاراستەی دەق دەکرێن، زمان یەکەم کەرەسەی شیکردنەوەی شێواز دەبێت. شێواز کرابووە پێوانەیەکی واتایی بۆ ناوەڕۆکی پەیامە ئاگادارکەرەوەکە. هەندێك لە پێشڕەوان بیرۆکەی شێوازیان دادەنا بەوەی "وێنەیەکی دەربڕاوە یەکەم وەرگری وشەکانە، کە ناتوانێت سەربەخۆبێت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمە زمانییە دیارە و گۆڕینی بۆ سیستەمێکی تری واتای ڕێکخراو، کە لەلایەن نوسەر یان قسەکەر ئامادەکراوە. ئەمەش دەبێتە شێوازێکی واتایی، دواتر پێکهاتەیەکی دەربڕاو، هەروەك بەرگێك وایە، کە لە بەرجەستەیەك دەکرێت، ئەگەر واتا بریتیبێت لە گیان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شێواز واتایەکی ڕێکخراوە پێش ئەوەی بەزمان دەرببڕێت یان بەقەڵەم بنوسرێت" (احمد الشایب ١٩٩١: ١٩٦). بۆچوونەکانی نوسەر سەبارەت بە شێواز ڕوو لە فراوانبوون بوون، تا گەیشتە ئەو ئاستەی وەك زانستێکی سەربەخۆ بخرێتە ژێر تیشکی سەرنج و تێڕوانینی لێکۆڵەران، لە ئەنجامی هەستکردن بە گرنگی پەرەپێدانی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان و ڕەوانبێژییەکان و زمانەوانییەکان. بالی توانی لێکدانەوەی شێواز لە بەکارهێنانی زماندا بەرجەستە بکات، لە ڕێگەی، کەرستە زمانییەکانەوە، پەرتوکەکەی، کە بە ناوی(شێوازگەری فەرەنسی) بڵاویکردەوە، بووە بناغەیەك بۆ شێوازگەری زانستی. بەڵام دواتر ئاراستەیەکی پێچەوانەی بۆچوونەکەی بالی هاتە ئاراوە، لەلایەن ج. ماروزۆ Jules.Marazeau و م. کریسۆ Marcel.Cressot ەوە کە ئەدەبیات بخەنە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان، ئەمەش هەلێك بوو بۆ گەڕاندنەوەی ئەدەب بۆ نێو بواری شیکردنەوەی شێواز (محمد عبد المطلب ١٩٩٤: ١٢١).

هەروەها کروتشە Benedetto.Croce[٤] تێڕوانینی بۆ شێواز جیاوازبوو، پێش ئەوەی یەکەم کتێبی بالی سەبارەت بە شێوازگەری بڵاوبێتەوە، کتێبێکی بەناوی(علم الجمال تعلم للتعبير واللغة العامة) بڵاوکردۆتەوە. پێیوابوو "وێناکردن بۆ زمان وێناکردنی شێوازە، شێوەیەکی ئاسایی دەربڕین، هەمیشە ئەندێشەیی و مۆسیقیە بەقەد ئەوەی گوزارشت کردن بێت" (صلاح فضل ١٩٨٥: ٤٠)، واتە ئەو دەربڕینەی، کە شێواز دروست دەکات، بە ئیستاتیکا وەسف دەکرێت، چونکە سنوری بڕگە و وشەکان بە لێکدابڕاو دەزانرێت. "لە ساڵی ١٩٦٠ دا گۆنگرەیەك لە زانکۆی (ئەندیانە)ی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەسترا سەبارەت بە شێواز. (یاکۆبسن) وتارێکی بە ناوی(زمانەوانی و شعرییەت) پێشکەش

---

٤- کروتشە (١٨٦٦ -١٩٥٢) (Benedetto Croce) نوسەرێکی ئیتالی بوو، ڕاگەیانکاری فەلسەفەو مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی بوو بەرهەمەکانی بە ناوی(علم الجمال تعلم للتعبير واللغة العامة) و ( علم المنطق كعلم المتصور الخالص) بوو، بڕوانە( المسدی، ٢٠٠٦: ٢٠١).

کرد. ئەمەش بووە هۆی بونیادنانی پردێك لە نێوان زمان و ئەدەبدا" (عبدالسلام المسدي ٢٠٠٦: ٢٣). جێگیربوونی شێواز لە نێوان زمان و ئەدەبدا وایکرد، ئاسۆی بینینی زمانەوان و لێکۆڵەرەوان فراوانتربێت. زمانەوانان و ڕەخنەگرانی ئەدەب زیاتر دڵنیابوون، لەوەی زمانەوانی و ئەدەب دوو بابەتن لە نێو شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

## ١-٥- ڕێبازەکانی شیکردنەوەی شێواز:

سەرهەڵدانی ڕێبازەکانی شیکردنەوە مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام لەبەرگێکی جیاوازدا بەهەڵسوکەوتێکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەقەکاندا دەکرد. ڕەخنەی ئەدەبی و زانستی ڕەوانبێژی دوولایەنی تربوون، کە تێڕوانینی جیاوازیان هەبوو لەخستنەڕووی جوانکاری و شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقەکان و هەڵسەنگاندنیان. بەهای جوانکاری دەقەکان ئاماژەیان پێدەکرا. بەڵام شیکردنەوەی دەقەکان و دەرخستنی شێوازەکانیان لە شێوازگەری نوێدا جیاوازە. هەرچەرندە پەیوەندی لە نێوان شێوازگەری و زمانەوانی و ڕەوانبێژی و ڕەخنەدا هەیە. لە لێکۆڵینەوەی کۆندا زیاتر بایەخ بە خستنەڕووی هونەرەکانی ئەدەب دەدرا، بەڵام لە لێکۆلینەوە نوێیەکاندا شیکردنەوەی زمانەوانی بووە بەشێکی تری لێکۆڵینەوەکان . واتە ڕەخنەی ئەدەبی و زمانەوانی هاوکارن لە شیکردنەوەی شێوازدا. هەریەکەیان بەرەو ئاراستەیەك دەڕوات بۆ یەك دەرئەنجامی دیارکراو وەك لەم هێلکاریەدا ڕوونکراوەتەوە:




کەواتە "شێوازگەری پرۆسەی شیکردنەوەی دەقی هونەرییە، کە لە گریمانەی بنەڕەتی کارڕاییی دەست پێدەکات بۆ لێکدانەوەی سەرەتایی و خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکە لە ڕووی زمانەوە" (Misra 2012: 12). شیکرنەوەی شێواز هۆکارێکە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەدەب و زمان، ئەم دوو بەشە تێکچڕژاو و بە ناویەکداچوون، هیچیان بەبێ ئەویتریان ناتوانێت دەقێکی ئەدەبی پێشکەش بکات، بۆیە شیکردنەوەی شێوازیش پشت بە هەردوو لایەن دەبەستێت. "شێوازگەری هەوڵدەدات زیاتر سود لە

پسپۆرییە لقییەکانی تر وەربگرێت، لەوەی، کە گەشە بە خودی تیۆرییەکانی شێوازگەری بدات وەك؛ ئەدەبناسی و دەروونناسی" (3: Jeffries&Mclntre 2010 ).

کاتێك لێکۆڵینەوەکان دەخرێنە خانەی فۆرمێك، تیشکی سەرنجەکان بەرەو ئاراستەی بونیادی دەقەکان هەنگاو دەنێن، بۆ شیکردنەوەی وردەکاری دروستبوونی شێوازەکە. شیکردنەوەی شێواز کارکردنە لە بوارێکی تری لێکۆڵینەوەکاندا، کە لایەنی تیۆری شێوازگەری دەچێتە لایەنی پراکتیکی، ئامانجی خستنەڕوو سیما و تایبەتمەندییەکانی شێوازە. شیکردنەوەی شێواز جۆرەها گۆشەنیگای جیاوازی لەخۆگرتووە، کەهەریەکەیان خاوەن سیستەم و بنەما و ئامانجی تایبەتی خۆیانن، ڕێڕەوی ئاراستەی ڕێبازەکانی شیکردنەوە دیاریدەکەین. کە بریتین لەمانە:

## ١-٥-١- ڕێبازی شیکردنەوەی وەسفی

ڕێبازێکی دیاریکراوی شیکردنەوەی شێوازگەرییە، بەهایەکی گرنگی هەیە و پانتایەکی فراوانی لێکۆڵینەوە شێوازگەرییەکانی داگیرکردووە. بەڕێبازی دەربڕینیش ناودەبرێت. "ناوی ئەم ڕێبازە بە ناوی (چارلزبالی ١٨٦٥ – ١٩٤٧)ەوە بەستراوەتەوە، هەرلە ڕێگەی ئەمەوە بوو بە پێشەنگی زانستی شێواز" (احمد قاسم الزمر ١٩٩٨: ٥٨). بالی بۆشیکردنەوەی شێواز لە زنجیرەیەك دوانەی بەناویەکداچووەوە دەستپێدەکات لەوانە، "بیر و دەربڕین، لۆژیك و زمانی ویژدانی، بەها و گەیاندن، درکێنراو و نوسراو. شیکردنەوەی شێواز باس لەدەق دەکات لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان داڕشتن و بیر، واتە پشت دەبەستێت بەبونیادی زمانی و ئەرکی ناوەوەی دەق. ئەو ئامرازە زمانییانەی، کە لە پرۆسەی دەربڕیندا بەشداری دەکەن بە ئامرازی گوزارشتکردن(دەربڕین) ناودەبرێن، کە هەریەکەیان خاوەن سیستەمێکی دیاریکراون، وەك؛( دەنگەکان، وشەکان، ڕستەکان، واتاکانیان)، ئەم ڕێبازە چەند جۆرە بەهایەك بۆ ئامرازەکانی گوزارشتکردن دادەنێن لە چوارچێوەی سیستەمی زمانەوانیدا.

١- بەهای چەمکی (المفهومیە): مەبەست لەدرکاندنی دەنگەکانە، بەلێکدانیان وشەی واتادار بەرهەمدێنن بە پێی سیستەمی زمانەکە، گۆڕانی هەر دەنگێك لە وشەکەدا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە. بەکارهێنانی هێزو ئاوازە کاریگەری دەبێت لە سەر واتاکانیان.

٢- بەهای دەربڕین: ئەمە پشت بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەبەستێت، جۆرە دەنگێك دەردەبڕێت کە ڕێژەییە، باری کۆمەڵایەتی و ئارەزووی دەروونی لە ڕێگەی ئەمەوە ئاشکرادەکرێت.

٣- بەهای ڕامانی (الانطباعیة) یان مەبەستی : مەبەست لە بەهای جوانی و ڕەوشت و فێرکردنە. (احمد قاسم الزمر ١٩٩٨: ٥٩).

نوسەر هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە دەقدا جوانترین شێواز پێشکەش بکات، لە ڕێی کەرەسە زمانییەکانەوە بە ڕەچاوکردنی چەند هۆکارێك کە لە دەوروبەری دەقەکە و ناوەوەی دەقەکەدا هەیە.

"شێوازگەری بەلای بالییەوە دیاریکردنی وزەی شاراوەی دەربڕینی زمانە لەلای تاك. لێکۆڵینەوەی بەهای سۆزداری زمانە، یان لێکۆڵینەوەی کایەکانی دەربڕینی زمانە لە ڕووی ناوەرۆکی ویژدانییەوە. گرنگی بە ناوەرۆکی ویژدانی و سۆزداری دەربڕین دەدات و لایەنی ئێستاتیکی فەرامۆش دەکرد" (حسین بوحسون ٢٠٠٤: ٣٨) کاتێك شیکردنەوەی شێواز دەکرێت، گرنگی پەیوەندی نێوان زمان و بیر دەردەکەوێت. ڕاستی گوزارشتکردن لە هەستی مرۆڤ دەخرێتە ڕوو، ئەو کاریگەریانە دیاریدەکرێت، کە پەیوەندی بەلایەنی هەست و سۆزی مرۆڤەوە هەیە. "بالی ئەم کاریگەریانەی دابەشکردووە بۆ دوو جۆر کاریگەری؛ کاریگەرییە سروشتییەکان و کاریگەرییە(ایحائي)هێما بۆکراوەکان ( صلاح فضل ١٩٨٥: ٢١)، کە یەکەمیان پەیوەندی بە هەستی قسەکەرەوە هەیە، تایبەتە بەبوونی بەستنەوەی سروشت بە بونیادی زمانی و بیر، کاتێك بیر ئامادەبوونێکی سروشتی هەیە بۆ گوزارشتکردن لە گوتراوێکی دیاریکراودا، کە دەتوانرێت بە چەند شێوەیەکی جیاواز دەربڕێت. ئەمەش پابەندبوونی بەستنەوەی سروشتی نێوان ڕوخسارو ناوەرۆك نیشاندەدات، ئەوەی دووەمیشان تایبەتە بە سیاقی زمانی، هەردوو کاریگەرییەکان دەتوانن لە ڕێگەی تەکنیکی بەکارهێنانی دانە فەرهەنگییەکان لە لایەك و چۆنییەتی لێکدانیان لەلایەکی ترەوە ئامانجەکانیان بپێکن. بالی گرنگی بە زمانی دەربڕاو داوە، جەخت لەسەر زمانی کۆمەڵ دەکاتەوە نەك زمانی تاکە کەس. ئەمەش لێکۆڵینەوەی شێوازگەری زمانە نەك لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، بەڵام دواتر کریسۆ پەنای بۆ گۆڕینی چەمکی دەربڕین برد، کە بە چەمکی ڕووداوی هونەری دادەنا، ئەم تێڕوانینە لەلایەنی بەهای جوانکارییەوە بوو. (عبدالسلام المسدي ٢٠٠٦ :٤٤). بالی زمانی فەرنسی کردە مەیدانی جێبەجێکردنی شیکردنەوەی دەربڕین بۆ کاری شیکردنەوەی شێواز. پێویستە چەند کارێك ئەنجامبدرێت، کە جۆرج مۆلینیە ئاماژەی پێکردووە بۆ شیکردنەوەی شێواز، لەوانە:

١- دیاریکردنی ڕاستی شێوازگەری لە کۆمەڵێك وتار، کە بۆ لێکۆڵینەوە ئامادەکراون.

٢- دیاریکردنی، کەرەسەی بەشی، واتە ئەو پارچەیەی، کە لە ناوەرۆکەکەیدا باس لە ڕوودانی ڕووداوێك دەکات.

٣- دیاریکردنی لایەنی زمانەوانی(هۆیەکانی دەربڕین).

٤- هەڵوەشاندنەوەی هۆکارە زمانەوانییەکان، بە تایبەتی لایەنی ویژدانی.

٥- خستنەڕووی ئەو ڕۆڵەی، کە دەربڕینە ویژدانییەکان دەیگێڕن لە ناو بەشە دیاریکراوەکەدا.

٦- وەرگێڕانی دەربڕینە ویژدانیەکە یان بەراوردکردنی بە ئاستەکانی تری دەربڕینەکە، کە لە دەرەوەی کاری لێکۆڵینەوەکەدان (بەراوردکردن و وەرگێڕان یەکێك بوون لە کارە گرنگەکانی بالی، کە ڕوخساری شێوازگەری لە زمانێك لە زمانەکاندا دەخستەڕوو). (صلاح فضل ١٩٨٥: ٣٤). چونکە کاری وەگێڕان و بەراوردکردن، بوارێك دەرەخسێنێت بۆ پێوانەکردنی جیاوازی شێواز لە نێوان دوو زمان یان دوو ئاست یان دوو دەربڕین لە زمانێکدا.

٧- دیاریکردنی ئەو کاریگەریەی، کە دەربڕینەکە جێیدەهێڵێت، جا کاریگەرییەکە سروشتی ڕاستەوخۆ بێت یان دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ بێت، لەگەڵ کۆکردنەوەی ئەو توانایەی نێوان گۆڕینی ئاوازەی دەربڕینەکان، کە ئامانجی جۆراوجۆری دەربڕینەکەیە، کە پەیامنێر مەبەستییەتی بگاتە گوێگر.

## ١-٥-١-١- ئاستەکانی زمان لە شیکردنەوەی شێوازدا:

شێوازگەری دەربڕین بوار دەرەخسێنێت بۆ هەموو ئاستەکانی زمانەوانی، کە بەشداری پێکهاتەی شێواز بکەن. لێرەدا ئاماژە بەو ئاستانە دەکەین، کە بۆ شێکردنەوەی شێواز پێویستە.

١- ئاستی دەنگسازی: مەبەست لە دەنگە زمانییەکانە، کە بەشداری لە پێکهاتەی ڕستە و دەقدا دەکەن. ئەو دەنگانەی بەشدارن لە دروستکردنی کاریگەری لە لای گوێگر، ئەو دەنگانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر لەگەڵ ڕەفتارەکانیدا دەریدەبڕێت. هێزو ئاوازە و کورتی و درێژی دەنگەکان و دووبارەکردنەویان بەشداری دەکەن لە خستنەڕووی شێوازدا.

٢- ئاستی وشەسازی: ئەمە لایەنێکی فراوانی زمان دەگرێتەوە، چونکە کەرەسە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی شێوازن، کە بریتین لە (ناو ، ئاوەڵناو، کار، ئامرازەکان...تر)، مەبەست لە ناوی ناسراو، نەناسراو، بچوکراوە، تاك، کۆ، لەڕوو پێکهاتنەوە، سادە، یان ناسادەیە ؟ کارەکان سادەن یان نا سادە؟ ئەمانە شوێنێکی گرنگیان هەیە لە شیکردنەوەی شێوازدا. ئامرازەکانیش ئەوانە دەگرێتەوە کەپەیوەندی بەستنەوە دروستدەکات لە نێو پێکهاتەی دەقەکاندا.

٣- ئاستی ڕستەسازی: ئاستی ڕستەسازی بەشێکی گرنگە لە شیکردنەوەی شێوازدا. سیستەمی ڕستەسازی هەر زمانێك لە توانایدایە چەندەها جۆر لە شێواز دروست بکات. پێکهاتەی ڕستە و چۆنییەتی ڕیزبوونی، کەرەسەکان، کاریگەرییان هەیە لەسەر دروستبوونی شێوازی جیاواز.

٤- چوارچێوەی فەرهەنگ و واتاسازی

لەم ئاستەدا بۆ دەرخستنی شێوازی دەقی ئەدەبی پشت دەبەسترێت بەو دەربڕینەی، کە خاوەن واتایەکی فەرهەنگییە، بەڵام مەرج نییە ئەم واتایە بوونی هەبێت لەم دەوروبەرەی، کە تێیدا بەکارهاتووە، دواتر پەنا دەبرێت بۆ وشە و واتاکەی. واتە "دەربڕینەکان چەند نیشانە و ئاماژەیەکن کە مەبەستی پەیامەکە دەخەنە ڕوو، بەڵام ئەوهێما و ئاماژانە بریتین لە وشە و واتاکانیان، وشەکان تەنها وێنەیەکی دەنگین، واتاکانیشیان لە لایەن بیرەوە دیاریدەکرێن" (احمد قاسم الزمر ١٩٩٨: ٦٣). ئەمەش لە ڕێگەی(هاوواتا و،هاوبێژی و فرەواتا)وە ڕووندەکرێنەوە.

شێوازی ئەم دەقە بە پێی ئەم ڕێبازە شیدەکەینەوە:

**(١)**

*دەریانکردم*

چونکە شیعرم ،

*منالێکی چەتوون ئاسا*

*پلووکە بەردی هاویشتە*

*ماڵی شوشە بەندی گەوران!*

*دەریانکردم*

*چونکە شیعرم هێلی بەزاند:*

*لە ڕووی گەنجینەی دزراوا*

*گڵۆپێکی*

*دەهەزار ڤۆلتی داگیرساند!* (عبداللە پەشێو، ٢٠١٤: ٣٢٥)

ئەگەر بە پێی ڕێبازی وەسفی شیکردنەوە بۆ ئەم دەقە بکەین، دەبێت ئاماژە بە پەیوەندی نێوان بیرو دەربڕینە زمانییەکان بکەین، تا بزانین چ بیرێك وای لە شاعیر کردووە، ئەم وشە و ڕستانە بە دوای یەکتریدا بهێنێت بە پێی ئاستەکانی شیکردنەوەی زمان ئەمە ڕووندەکەینەوە :

١- ئاستی دەنگسازی : دەنگ زۆرترین پێکهاتەی زمانی شیعرە گەورەترین کاریگەری دروستدەکات. ئەوەی ڕیتمی شیعر ڕیکدەخات هەندێك نیشانەکانی خاڵبەندین وەك (،- ! - : )، ئاماژە بە چەند دەنگێگی دیاری کراو دەکەن لەوانە؛ وەستان بەکارهێنانی ئاوازەی سەرسوڕمان، لە نێو دێڕەکانی ئەم دەقەدا دووبارەکردنەوەی دەنگەکان دەبینرێن کە دەبێتە هاوسەروا لە شیعرەکەدا وەك:

- دووبارەبونەوەی دەنگی (م) لە کۆتای نیوە دێڕی (١ ،٢ ، ٦) .
- دووبارەبوونەوەی دەنگی (د) یان بڕگەی (اند) لە کۆتایی نیوە دێڕی ( ١، ٧).
- دووبارەبوونەوەی دەنگی (ا) لەکۆتایی نیوە دێڕی ( ٣، ٨).

جۆری دەنگەکان لە ڕووی گڕی و کپییەوە کاریگەری هەیە لەسەر مۆسیقای شیعری، بەکارهێنانی دەنگە کپەکان ئارامییەك بە مۆسیقای شیعر دەبەخشن، بەڵام دەنگە گڕەکان کاریگەری هەڵچوونی لە لای خوێنەر یان گوێگر بە تایبەتی دروست دەکەن، چونکە ئەو شعرەی، کە لەدەمی شاعیر دەبیسترێت کاریگەری زیاترە لەوەی، کە خۆت دەیخوێنیتەوە.

هەروەها لەناوچوونی دەنگ هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی مۆسیقای شیعر، لەم دەقەدا لە کۆتایی نیوەدێری (٨)دا دەنگی (د)ی سەر وشەی (دزراوا) لەناوچووە، کە بەشێکە لە ئامرازی (لە.....دا). ئەمە گاریگەری لەسەرلادان لە دەستوری بڕگە هەیە، چونکە هیچ بڕگەیەك بە دەنگی بزوێن دەست پێناکات، بە پێی ژمارەی بڕگەکان کێشی چوار بڕگەیی و هەشت بڕگەیی بەکارهێناوە، ئەمەش ڕیتمێکی تایبەتی بە شیعرەکە دەبەخشێت.

٢- ئاستی وشەسازی : لەم دەقەدا شاعیر چەند وشەو زاراوەیەکی بەکارهێناوە کە پێکهاتەی جیاوازیان هەیە، لەوانە:

- ناوەکان : بەشێکی زۆری دەقەکە پێکدەهێنن وەك، (شیعر، مناڵ، بەرد، ماڵ، شووشە، هێڵ، گەنجینە، گڵۆپ، ڤۆڵت). ئەم ناوانە لە چوارچێوەی خودی وشەکاندا واتای فەرهەنگیان هەیە، بەڵام لە چوارچیوەی ڕستەدا بۆ واتای جیاواز بەکارهاتوون، واتاکانیان لە ڕێگەی پەیوەندی نێو کەرەسەکانی دەقەکەوە ئاشکرا دەبێت.

- جێناوەکان: بریتین لە ( یان، م، ی). شاعیر خۆی قسەکەرە (م)ی بەکارهێناوە وەك ئاماژەیەك بۆ خۆی لەبری (من). (یان)ی بەکارهێناوە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو کەسانەی، کە ئەم ڕووداوەیان دروست کردووە، لە بری (ئەوان)، واتە لە ڕێگەی بریخستن بە جێناوی لکاو جێگیرکراون. ئەم سیستەمە لە ڕێزمانی کوردیدا ڕێگە پێدراوە، بە پێی جۆر و کاتی کردارەکە ڕیزدەکرێن. (ی)ی کۆتایی وشەی (بەردی) جێناوی لکاوە ڕۆڵی دەقە ئاماژەی پێشەوە دەبینێت، کە بۆ وشەی( شیعر ١ )[٥] دەگەڕێتەوە، بەڵام (ی) سەر وشەی (هێڵی)بۆ وشەی (شیعر ٢ )دەگەڕێتەوە.

- کردارەکان: (دەریانکردم، هاویشتە، داگیرساند)، ئەم کردارانە لە ڕووی کاتەوە ڕابردوون. کرداری (دەریانکردم) دووبارە بۆتەوە، لە هەردووکیاندا ڕابردووە، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە ئەم ڕووداوە تا ساتی گێڕانەوەی ڕووداوەکەش بەردەوامی هەبووە. شاعیر لێرەدا پەیامێك دەگەیەنێت.

- ئاوەڵناوەکان: ( چەتوون، گەورە، دزراو)، ئەم ئاوەڵناوانە لە شیعرەکەدا گرێی ناوییان دروستکردووە، واتە سیفەتی ناوەکانی پێش خۆیان دەرخستووە، بەڵام (گەورە) وەك ناوێك ڕۆڵ دەبینێت. ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی، کە خاوەن دەسەڵاتن، نەك مەبەستی گەورەیی قەبارە بەکارهاتبێت.
ئامرازەکان: (چونکە) ئامرازێکی لێکدەرە بۆ بەستنەوەی ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی لە ڕستەی ئاڵۆزدا.
(ی) ئامرازی خستنە سەرە بۆ مەبەستی دروستکردنی گرێی ناوی لە بەشی (ماڵی شوشە بەندی گەوران - لە ڕووی گەنجینەی دزراوا گڵۆپێکی )
٣- ئاستی ڕستەسازی: کۆی دەقە شیعرییەکە لە دوو ڕستەی ئاڵۆز پێکهاتووە، ڕستەکان دوورودرێژن چەند فرێزێکیان لە خۆگرتووە:
أ- دەریانکردم/ چونکە شیعرم، منالێکی چەتوون ئاسا پلووکە بەردی هاویشتە ماڵی شوشە بەندی گەوران! ب- دەریانکردم/ چونکە شیعرم هێڵی بەزاند: لە ڕووی گەنجینەی دزراوا گڵۆپێکی دەهەزار ڤۆڵتی داگیرساند!
هەردوو ڕستەکە لە ڕووی ژمارەی وشەکانەوە لێك نزیکن، هەردووکیان ڕستەی ئاڵۆزن و ئامرازی (چونکە)یان تێدایە، ئاماژەیە بۆ بوونی ڕستەی شوێنکەوتووی هۆی و دەربڕینی بە شێوەی سەرسوڕمان. شاڕستەی هەردووکیان بریتییە لە (دەریانکردم). هەردوو ڕستەکە لە ڕووی پێکهاتەوە هاوتان.
٤- چوارچێوەی فەرهەنگی واتاسازی : لەم دەقەدا هەرچەندە وشەکان واتای فەرهەنگییان هەیە، بەڵام ئەو دەوروبەرەی واتاکەی تێدا بەرهەمهاتووە، ئەم واتایانە ناگەیەنێت، بەڵکو لە ڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە واتاکان گوێزراونەتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی.

---
[٥]- ژمارەی (١ ،٢ )مان بەکارهێناوە، چونکە وشەی شیعر دوو جار دووبارەبۆتەوە.

### ١-٥-٢- ڕێبازی بازنەی فیلۆلۆجی

ئەم ڕێبــازە بە ڕێبــازی شــیکردنەوەی شــێواز دادەنرێــت، کە بە شــێوازگەری(نمونەیی یــان تــاك) ناودەبرێت. "لە لایەن سپیتزەرەوە[٦] خرایە ڕوو. ئەم ئاراستەیە کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر شێوازگەری دەربڕین" (احمد قاسم الزمر ١٩٩٨: ٦٦). "سپیتزەر کاریگەر بوو بە بۆچوونەکانی مامۆستاکەی (فۆسلیر ١٨٧٢-١٩٤٩) کە زیاتر بە نێو لایەنە فەلسەفییەکاندا قووڵدەبۆوە " ( صلاح فضل ١٩٨٥: ٥٠). ئەم ئاراستەیە لێکۆڵینەوەی شێوازی بەلاوە گرنگ بوو، کاتێك تاکی نوسەر جەمسەری سەرەکی لێکۆڵینەوەکان بن، ئەمە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە بەستنەوەی خوێنەر بە نوسەرەوە، هەوڵێك بوو بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی لە ڕوانگەی نوسەرەوە، بۆیە "ئەم ڕەوتەی شێوازگەری لە پەیوەندی(دەربڕین) بە(تاك)و کۆمەڵگاوە دەکۆڵێتەوە، کە دەربڕینەکەی بەرهەمهێناوە. بەمەش دەبێتە شێوازگەری پێوانەیی و ڕۆنانکاری، لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە کە بوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی دەربڕینەکان، بەمەش لە ڕەخنەی ئەدەبی نزیك دەبێتەوە" (ئیدریس عبدالله ٢٠١١ :٣١). واتە سپیتزەر تایبەتمەندی شێواز لە خودی نوسەر بەرجەستە دەکات و دەیبەستێتەوە بە باری کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە. بێگومان لە ڕێگەی دەربڕینە زمانییەکانەوە مرۆڤ دەتوانێت جۆرەها شێوازی جیاواز دروست بکات. کە ببێتە جێگەی سەرنجی خوێنەر، هەر کلیلێك بۆ کردنەوەی کارێك بەکاردێت، ناتوانرێت لەسەر کارە ئەدەبییەکانی تردا جێبەجێ بکرێت، تایبەتمەندی ڕێبازەکان وایکردووە، ئەو سیستەمەی لە شیکرنەوەی شێوازێکدا بە کاردەهێنرێت، مەرج نییە هەمان سیستەم بۆ دەقێکی تریش بەکاربێت.

سپیتزەر لە شیکردنەوەی شێوازدا پشت بە هەندێك بنەمای سەرەکی دەبەستێت وەك " گرنگی دان بە داتای مێژوویی و ئەو پەیوەندییەی لە نێوان شێوازی نوسەرو زمانی سەردەمدا هەیە" ( شفیع السید ١٩٨٦: ١٠٢). تایبەتمەندی دەروونی و کەسی لە ڕێگەی شێوازی بەرهەمی ئەدەبیدا دەردەکەوێت. پێویستە ئەو ئامرازە زمانییانە دەستنیشان بکرێن، کە ئەم شێوازەیان پێشکەش کردووە. هەروەها "سپیتزەر ئەوەی لە بیر نەکردووە، کە ئەم تاکە لەناو سیستەمێکی تری فراواندایە، ئەویش کۆمەڵگا و سەردەم و مێژووە، بۆیە پەیوەندییەکانی نوسەر لەو شوێنەدا بەرجەستەدەبێت" (عبدالله حولە ١٩٨٤: ٨٦) کاتێك باری دەروونی نوسەرێك لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقی هونەریدا دەخرێتەڕوو، ئاماژەیەك دەخاتەڕوو، سەبارەت بە باری کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایەی، کە نوسەرەکەی تێدا دەژیت. سپیتزەرلە لێکۆڵینەوەی شێوازگەریدا ئاماژە بە بازنەی فیلۆلۆجی دەکات، کە پرۆگرامێکی پێوانەییە لە بەشەوە دەست پێدەکات بۆ گشت، ئەم گشتیەش بوارێکی فراوان دەگرێتەوە، کە بانگەشەی بەرهەمهێنان دەکات.

[٦] - Leospitzer، زمانەوان و ڕەخنەگرێگی نەمساویە لە نێوان ساڵانی(١٨٨٧-١٩٦٠) ژیاوە لەبە ناوبانگترین کتێبەکانی (دراسات في الاسلوب)و(الاسلوبية والنقد الادبي) بڕوانە(عبدالسلام المسدي) (االاسلوب والاسلوبية) ، صلاح فضل (علم الاسلوب مبادئه وألاجراءاته)

لایەنــی دەروونــی نوســەر بە بەشـێك لە دەق دەزانێـت، بـۆیە لە شـیکردنەوەی دەقـدا پشـت بەم لایەنە دەبەستێت. سپیتزەر سێ قۆناغی دەسنیشانکردووە بۆ شیکردنەوەی هەردەقێکی ئەدەبی:

١- خوێنــدنەوەی دووبــارە، بــۆ کــارێکی ئەدەبــی هــونەری، بــۆ گەڕان بە دوای تایبەتمەنــدیەکانی شێوازگەری.

٢- گەڕان بەدوای لێکدانەوەی دەروونی ئەو تایبەتمەندیانە.

٣- گەڕان بە دوای بەڵگەیەکـی تـر کە لە ڕێـگەی ئەمەوە لە هۆکـاری دەروونــی تێـبگەن. (احمـد قاسـم ١٩٨٨: ٦٦).

واتە ئەم جۆرە شیکردنەوە بۆ دەقێکی ئەدەبی دەکرێت لە ڕێگەی دەربڕینە زمانییەکانەوە بۆ تێگەیشتن لەواتـای دەقەکە. "بەم قۆناغـانە چەنـد ئەنجامێك بەدەسـت دەهێنرێـت. لە قۆنـاغی یەکەمـدا، بەسـتنەوەی کاریگەرییەکان بە خـاوەنی بەرهەمەکە لە ڕێـگەی تایبەتمەندییەکانی شێوازگەری، لە قۆنـاغی دووەمـدا، دانــانی ئەو کاریگەرییــانە لە شــوێنەکانیان، بــۆ ئەوەی لە بــارودوخی ســەردەم و بــاری کــۆمەڵایەتی و ڕۆشــنبیری تێــبگەن. لە قۆنـــاغی ســـێیەمدا ســـەیری شـــێوازەکە دەکرێـــت. ئەو دیـــاردە ئەدەبیـــیە دەستنیشـاندەکرێت، کە گۆڕانی شارستانیەت و فەلسـەفە و مێژوو دەخـاتەڕوو " (عبدالله حولـه ١٩٨٤: ٨٦).

لێکدانەوەی ڕێکاری پرۆگرامی بازنەی فیلۆلـۆجی لەو تێبینیـانەوە سـەرچاوە دەگرێـت، کە لە بەشـێکی زمـانی کـارە ئەدەبییەکەدا پەیامی ئەم گریمانەیە دەخرێتە ڕوو، دواتر لێکۆڵەر لـەم بەشـەوە بەرەو نـاوەوەی چەقی بنەڕەتـی کـارەکە هەنگاودەنێت، "دواتـر درێژەپێدانی ئەم کـارە بـۆ قەرەبووکردنەوەی پێشهەسـتی (حـدس) و گریمـانەکەی پێشـووە. دەتـوانرێ ئەم کـارە چەنـد جارێـك دووبـارە بکـرێتەوە، بـۆ گەیشـتن بە جیهـانێکی دیـاریکراوی تێگەیشـتنی کـارەکە" (شـفیع السـید ١٩٨٦ :١٠٤). خوێنـدنەوەی سـپیتزەر یەك ئاڕاسـتە نەبـوو، بەڵکـو هـاتوچوونێکی بەردەوام بـوو لە نێـوان چێـوەی بـازنەکە و چەقەکەیـدا لە پێنـاوی دەستنیشـانکردنی شێوازەکە. چێـوەی بـازنەکە بـریتیە لە دەربـڕینە زمـانییەکەی و چەقەکەی بـریتییە لە گیـانی کـاریگەری. واتە چـۆن لە ڕوخسـاری دەقەکەوە بـۆ نـاوەڕۆکی دەچیـت؟ ئەمە شـارەزایی نوسـەر دەردەخـات. بـۆ ئەم مەبەسـتە سـپیتزەر زیـاتر جەخـت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە کە ئەم ئاڕاسـتەیە پشـت بە زیرەکی شارەزایی و بڕوا بوون دەبەستێت.

لە ڕێـگەی ئەم ڕەوتەوە سـپیتزەر شـێوازگەری(لادانی) کـردە بنەمـای دەستنیشـانکردنی شـێواز. لادان بەهایەکی تایبەتی هەیە لە پێوانەکردنی شێوازدا "بەکارهێنانی داهێنەرانەی زمانە بۆ وشەو ڕستەو وێنە. . . هتـد. بەکارهێنـانی زمـانی لە شـێوەی بـاوی دەرچووبێت و تایبەتمەنـدی تـاك و سەرنجڕاکێشـانی پێوە دیاربێت" (أبراهیم محمد ١٩٨٣: ٩). بەهای دەقی ئەدەبی لەوەدا دەدۆزرێتەوە، کە واتا و مەبەستەکانی لە ڕێگایەکی ئاسـان نەگـات بە خـوێنەر. هەوڵدەدرێت چەنـد هونەرێکی جوان پێشکەش بکرێـت لە ڕێـگەی

زمانێکی چڕو ئاڵۆز، کە جیایە لە زمانی ئاسایی قسەکردندا. لادانیش بەرهەمی ئەم زمانەیە ئەمە خاڵێکی گرنگە بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و دروستکردنی شێوازی جیاواز. "لێکۆڵەر دەبێت بتوانێت درك بەو لادانە بکات، کە لە دەقەکەدا هەیە بڕوای وابێت، کە ئەم لادانە جۆرە شێوازێکی دروستکردووە، کە گیانی کارە ئەدەبییەکە نیشاندەدات" ( صلاح فضل ١٩٨٥: ٥٢). بەپێی ئەم ڕێبازەی سپیتزەر دەکرێت چەند هەنگاوێك بگیرێتەبەر بۆ تێگەیشتن لە لادان:

١- پێویستە لێکۆڵەر لادانی شێوازەکان دەستنیشانبکات و جیایبکاتەوە لە بەکارهێنانی ئاسایی، سەبارەت بەوەی، کە کامە دەربڕین ئاساییە و کامە شێوازێکی تایبەتییە؟ چونکە بەمەدا دەردەکەوێت، کە شێوازە تایبەتییەکە بەری داهێنان و لادانێکی تایبەتییە یان نا ؟.

٢- نرخی تایبەتی بۆ ئەو لادانانە دابنرێت کە دەستنیشانکراون، ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە هەریەکە لەم لادانانە چ واتایەکی نوێ پێشکەش دەکەن.

٣- پێکەوە گونجان و هەماهەنگی هەبێت، خوێنەریش درك بەوە بکات کە جیاوازی لە نێوان لادانەکان و شێوازی ئاساییدا هەیە. (ئیدریس عبدالله ٢٠١١: ٣٤).

هەمان دەقی ژمارە (١)ی (عەبدوڵا پەشێو) بە پێی ئەم ڕێبازە شیدەکەینەوە:

ئەم ڕێبازە گرنگی بە لایەنی تاکی نوسەر دەدات، بۆ ئەوەی بزانێت چ هۆکارێك بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی ئەم دەقە؟ پەیوەندی نێوان دەربڕینەکە و لایەنی دەروونی و مێژوویی نوسەر دەخاتەڕوو . ئەوشێوازەی لە دەربڕینەکەی بەکاریهێناوە، لادانی واتایی تێدا بەدیدەکرێت.

لێرەدا هەست بە نامۆی شاعیر دەکرێت، کاتێك دووردەکەوێتەوە لە وڵاتەکەی و هۆکاری دوورکەوتنەوەکەی لە ڕێگەی بەشێك لە شیعرەکە دەخاتەڕوو . شاعیر ئاماژە بەو ڕەخنانە دەکات، کە بە دێڕە شیعرەکانی ئاراستەی دەسەڵاتی ئەوسای کردووە. دووری شاعیر لە وڵاتەکەی و نائارامی دەروونی هۆکاری ئەم دەربڕینەیە. دەیەوێت پەیامێك ئاراستە بکات و ڕاییگەیەنێت، کە ئەو وەك تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە ڕوو بەڕووی زوڵم و زۆری دەسەڵات بۆتەوە، ئەمە گوزارشت لە هەموو کۆمەڵگاکەی دەکات، کە توشی هەمان ڕووداو بوونەتەوە. ئەمە مێژووی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس دەگرێتەوە، کە ئەوسا دەسەڵاتدار بوون لە عێراق. لەڕێگەی، کەرەسە زمانییەکانەوە دەتوانرێت ئاماژە بە چەند لادانێکی واتایی بکەینەوە

- کرداری هاویشتن دراوەتە پاڵ شیعر، کە بێگیانە، بەڵام لە بنجدا بۆ (زیندوو) بەکاردێت .
- کرداری داگیرساندنی گڵۆپ دراوەتە پاڵ شیعر، بەڵام لە بنجدا بۆ (مرۆڤ) بەکاردێت.

ئەم لادانانە واتای نوێ پێشکەش دەکەن، وێنەیەکی هونەری جوان دەخەنە ڕوو، لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی ڕووداوێکی واقیعی بە ڕووداوێکی خوازەیی، شاعیر هەوڵیداوە جۆرە گونجانێك لە نێوان دەربڕینەکان دروست بکات، بۆ ئەوەی خوێنەر لە ڕەهەندی وشەکان و پەیوەندی نێوانیان بگات. ئەمە

چێوەی بازنەکە دەگرێتەوە، دەبێتە ڕێرەوێك بۆ گەیشتن بە چەقی دەقەکە، کە ناوەرۆکی بابەتەکە دەگرێتەوە. هەر خوێندنەوەیەکی دووبارە، هاتوچوونێکی بەردەوامە، لە چێوەی دەقەکەوە بۆناوەرۆکەکەی، واتە لەڕێگەی خوێندنەوەی، کەرەسە زمانییەکانەوە، ناوەرۆکی پەیامەکەت دەستدەکەوێت.

### ١-٥-٣- ڕێبازی ئەرکی :

ئەرك بە بنەمایەکی سەرەکی بەکارهێنانی زمان دادەنرێت، کە لە کۆمەڵدا پشتی پێدەبەسترێت، ئەم ئەرکە دەبێتە بەشێکی گرنگ بۆ شیکردنەوەی شێواز. بیرۆکەی شیکردنەوەی شێواز لەلای(بالێ) سەریهەڵداوە، شیکردنەوەی یاکۆپسن لە ژێر گۆشەنیگای بیرۆکەی(بالێ) ەوە دەستیپێکرد. (بیرجیرۆ ١٩٩٤:٦٣- ٦٤) شیکردنەوەی ئەرکی لەهەموو جۆرەکانی تری شیکردنەوە بەناوبانگترە، ئاراستەی ئەم ڕێبازە لەلای (یاکۆپسن و ڕیفاتیر) زیاتر گرنگی پێدراوە. لایەنی ئەرکی کاریگەری لە سەر هەموو ئاستەکانی زمانەوانی دروستکردووە، دەبێتە بەشێك لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی پێکهاتەی دەق.

ڕێبازی ئەرکی ڕێگە خۆشکەربووە بۆ دەرکەوتن و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی بەپشت بەستن بە بونیادی پێکهاتەی دەقەکە. لەڕێگەی پەیوەندییەکانیەوە سود لە ناوەوە و دەرەوەی دەقەکاندا وەردەگرێت. تێڕوانینی شێوازگەری بۆ دەقی ئەدەبی، وەسفکردنی زمانی ڕستە و لێکدانی، کەرەسەکانیان کردبووە بنەمای شیکردنەوە، بەڵام شێوازگەریی ئەرکی تەنها پشت بەم جۆرە شیکردنەوە نابەستێت، بەڵکو ئەرك و پەیوەندی و دەوروبەری دەق، کە لە پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکەدان، سیستەمی تۆڕی پەیوەندییەکانی دەقە بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە دەبن بە بنەمایەکی تر(احمد قاسم ١٩٩٨: ٦٨). شیکرنەوەی ئەرکی تەواوی دەقی هونەری تێدا دەخوێنرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت شیکردنەوەیەکی گشتگیرو ڕێکخراوی بۆ بکرێت. "خوێندنەوەی لایەنی زمانەوانی پلەی یەکەمی شیکردنەوەکە دەبێت لە پێکهاتەی بەشە بچوکەکان دەستپێدەکات، دواتریش پێکهاتەی گشتی دەقەکە ئاستی ڕووکەش و پێکهاتەی قوڵ دیاریدەکرێت، چونکە ئەمە دووئاستی گرنگن کارلەیەکتری دەکەن و پەیوەندی واتا و واتادار بەیەکیان دەبەستێتەوە" (هادی الجطلاوی ١٩٩٢ : ٧٧). شیکردنەوەی ئەرکی، دەق بە یەکەیەکی گەورەی شیکردنەوە دادەنێت، ئەوبوارەی تێپەڕاند، کە ڕستە یەکەیەکی گەورەی شیکردنەوە بێت. ئامرازەکان هەمان ئەو ئامرازانەن، کە ڕستەیان پێ شیدەکرێتەوە، (هاریس) ئەمەی جێبەجێکرد لە شیکردنەوەی ئەرکی دەقدا. بۆیە پێناسەی دەق دەکات، بەوەی چەند ڕستەیەکی بەدوایەکداهاتووە. شیکردنەوەی ئەم دوو لایەنە بەمشێوەیە دەخاتەڕوو :

١- فراوانکردنی سنوری وەسفکردن زمانەوانی بۆ ئەوانەی، کە لە دەرەوەی ڕستەدان لەدەقەکاندا.

٢- فراوانکردنی سنوری دەق بۆ ئەوانەی، کە لە دەرەوەی دەقەکاندان. (محمدعزام ١٩٩٦: ١٦)

بەمەش دەتوانرێت پەیوەندی نێوان زمان و ڕۆشنبیری و کۆمەڵ بخاتەڕوو. ڕێبازی ئەرکی یان دابەشکردن دەتوانێت پێداچونەوە بۆ زنجیرەی، کەرەسە زمانییەکان بکاتەوە، بەشێوەیەك شیکردنەوە لە بواری زمانەوانی دەقەکەدا بکرێت. دەبێت ڕێکخستنی ئەم کەرەسانە لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیاریکراو بێت. هاڵیدای لە شیکردنەوەی دەقدا جەخت لەسەر ئەم یەکانە دەکاتەوە، کە گونجان لە نێوانیاندا هەبێت. ئەم سێ جۆرەی تێدا دیاریدەکات:

١- ئەرکی ئەزمونگەری (التجريبية) ئەمە لە ناوەرۆکی بەکارهێناندا دەردەکەوێت، تایبەتە بەتاقیکردنەوەی قسەکەر لە سیاقێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دیاریکراودا.

٢- ئەرکی گەیاندن : پەیوەندی بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە هەیە لە ئەرکەکانی زماندا. دەتوانرێت گۆشە نیگای قسەکەر دیاریبکرێت، لە دانان و نیشانە دەربڕاوەکان، کە پەیوەندیان بە گوێگرەوە هەیە.

٣- ئەرکی دەق : شێوازی لێکدانی زمان دەگرێتەوە بۆ داهێنانی دەق وەك یەکەیەکی واتایی. (محمد عزام ١٩٩٦: ١٦).

لە بنەماکانی پرۆگرامی ئەرکی نابێت دابڕان لە نێوان ئاستە پلەدارەکانی سیستەمی زمانەوانیدا هەبێت وەك : لە(دەنگسازی، وشە.... ). واتە شیکردنەوە لە بیرۆکەی سیستەمی لێکدانی، کەرەسەکان دەکرێت، ئەو پەیوەندییانە دەخاتەڕوو، کە لە نێو بیرۆکە بەدوایەکداهاتووەکاندا بەرجەستە دەبێت. "واتا تەنها لە دەربڕینەکاندا دەستناکەوێت، لێکدانیش بەتەنها ناتوانێت واتای مەبەست بگەیەنێت، بەڵکو تەکنیکی بەستنەوەی ڕووداوەکان و بەدوایەکهاتنی گوتراوەکان بەشێوەیەکی گونجاو ئاماژە بەواتاکە دەکەن، تاکە سەرچاوە بۆ ئەمەش سیستەمێکی ڕستەسازییە، کە پێوانەیە بۆ دروستی بونیادنان لە ڕووی ناوەرۆکی پێشگەیشتنی واتا" (عبدالسلام المسدي ٢٠٠٦ : ٧٠-٧١). لە چوارچێوەی تێڕوانینی ڕێبازی شیکردنەوەی شێوازگەری، ئەم ڕێبازە بە سێیەم ڕێبازی شیکردنەوە دادەنرێت، بەپێی دەرکەوتن و دەوروبەری مێژوویی، کە پشت دەبەستێت بە لێهاتوویی و هاوسەنگی ئەو بۆچونەی، کە یاکۆپسن ئاماژەی پێکردووە، کە لە نێوان تەوەری هەڵبژادن و دابەشکردندا بەرجەستە دەبێت. گرنگی ئەم ڕێبازە لە تێڕوانینی شیکردنەوەی دەقدا لە چوار ئاستدا خۆی دەبینێتەوە لە وانە :

١- ئاستی دەنگی
٢- ئاستی واتایی
٣- لێکدان
٤- ئاوازە یان مۆسیقی. (هادي الجطلاوی ١٩٩٢ : ٧٧).

ئاستی واتایی تەنها پشت بە بۆچونە واتاییەکان نابەستێت، بەڵکو ئەو واتاییانەی، کە دەستدەکەوێت پەیوەندی بە ئاستی فەرهەنگی وشەکانەوە هەیە. لە شیکردنەوەی ئەرکیدا پێویستە لێکۆڵەر لە سەرەتا پەیوەندی گونجان و جیاوازییەکان بخاتە ڕوو، وەك (لایەنی ئاوازەیی و پەیوەندی ناوەوەی دەقەکە

لەهەموو ئاستە جیاوازەکاندا شیبکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەم ڕێبازە لە شیکردنەوەی دەقدا لە سێ ڕوانگەوە سەیردەکرێت :

١- لایەنی شێوە.

٢- لایەنی ئەرکی.

٣- پەیوەندییەکانی سیاق. ( رومان جاكوبسن ١٩٩٠: ٢٧)

لایەنی شێوەیی واتە ڕووخساری دەقێکی ئەدەبی دەگرێتەوە ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە لایەنی زمانییەوە هەیە. کاتێك لە دەقێکی شیعری دەکۆڵدرێتەوە لە چوار ڕوانگەی جیاوازەوە سەیر دەکرێت :

١- ئەندازەی قەسیدە لە دەقی شیعردا: گرنگە لێکۆڵینەوە لە بڕگەکانی هۆنراوەدا بکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت، بڕگەکان یەکسانن یان نا ؟ هەروەها دیاریکردنی چونیەتی بەستنەوەکان بەیەکتری، کە کێشە یان سەروایە یان هەردووکیانە ئایا کێشی شیعرییەکان یەك جۆرن یان جۆراو جۆرن ؟ سەروای قەسیدەکە یەك سەروایە یان چەند جۆرێکە ؟

٢- یەکەکانی دەقی شیعریی، لە ڕووی دەنگ و پیتەکانەوە، ڕەگەزدۆزی تەواوە یان ناتەواوە ؟، کە هەریەکەیان واتای جیاوازی هەیە.

٣- لێکدانی دەقی شیعری لە قەسیدەدا پێویستە لێکۆڵەر تێبینی دارشتنی گشتی بکات. لە ڕووی جۆرو بونیادنان و ئەرکی ڕستەسازییەوە. (احمد قاسم ١٩٩٨: ٧٣)، کە جۆری ناوەکە چییە؟ گشتییە، تایبەتییە، بەرجەستەیە، ناسراوە، نەناسراوە ؟ ئایا کارەکە ڕابردووە یان ڕانەبردووە ؟ بەڵام لەڕووی ئەرکی لێکدانەوە پێویستە شیکردنەوە بۆ ئەو ئەرکە بکرێت، کە بکەر دەیکات یان ئەرکی بەرکار و ئاوەڵناو چییە؟

بۆ هەر جۆرە دارشتنێك لە دارشتنەکان واتایەکی تایبەتی هەیە. هەر لە ڕوانگەی ئەم تێبینیانەی سەرەوە دەتوانرێت ئاماژە بەچەند ئەرکێکی تر بکرێت لە شیکردنەوەدا، ئەرکی سەرەکی یان لاوەکی وشەکان، لێکدانی، کەرەسەکان لە چوارچێوەی ڕستەی سادەدا یان ڕستەی لێکدراودا، دژیەکە یان گونجاوە، ئامرازەکانی بەستنەوە لە نێوان ڕستەکاندا بۆ گەیاندنی بەشەکانی ڕستەیە ؟ یان بۆ جیاکردنەوەیانە ؟

٤- پەیوەندییەکانی دەوروبەر لە دەقدا، تێڕوانین بۆ ئەم جۆرە پەیوەندییانە بەمەبەستی خستنەڕووی گەیاندن و بەستنەوەی واتای ڕاستەقینەو واتای خوازەییە یان خواستنە.

کاتێك شاعیر دەقێکی شیعری بونیاددەنێت، ئاڕاستەی بیرکردنەوەی بە ڕێڕەوێکی زۆر ورددا تێدەپەڕێت، بۆ هەڵبژاردنی ئەو مەبەستەی گوزارشتی لێدەکات، دەتوانێت لە ڕێگەی چەند ڕستەیەکەوە وێنەیەکی جوان پێشکەش بکات. واتە بونیادنانەکە بە هۆی خودی ڕستەکان و پەیوەندیان بە یەکەوە دادەڕێژرێت و باس و خواس دەبێتە بەشێکی گرنگ، کە ئەم ڕێبازە لێیدەکۆڵێتەوە. وێنە هونەرییەکان لە ڕێگەی لێکدانی ڕستەکان و هەڵبژاردنی جۆری بەستنەوە و پەیوەندی دەربڕینەکان دەخرێنەڕوو.

کەرەسەی هەموو دەربڕین و وێنە هونەرییەکان زمانە. نوسەر وەك تەلارسازێك هەوڵدەدات جوانترین ئەندازە بۆ تەلارێك دابنێت، بەڵام ئەندازەی هەر ئەندازیارێك جیاوازە لەوی تر، هەرچەندە هەمان کەرەسەشیان لەبەردەستدابێت. بۆ شیکردنەوەی ئەرکی تەنها بە قۆناغەکانی شیکردنەوەی زمانەوانیدا تێناپەڕێت، بەڵکو(سیاق) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە شیکردنەوەی دەقی هونەریدا، شیکردنەوەی شێواز زیاتر جەخت لەسەر گریمانەکانی سیاق و ڕێژەی دووبارەبووەکان دەکات. (هەڵبژاردن و درکپێکردن و دابەشکردن). سێ کارن، کە کاریگەریان بەسەر یەکەوە هەیە، چونکە لە ڕێگەی ئەمەوە دەتوانین بگەینە واتای وشەکان بە پێی ئەو سیاقەی، کە تێیدا بەکارهێنراون. هەرچەندە وشەی هەر زمانێك واتایەکی فەرهەنگی هەیە، بەڵام بەکارهێنانی لەهەر سیاقێکدا واتای جیاواز دەگەیەنێت. سیاقی دەق چوارچێوەی زمانەوانی و سیاقی دەنگی و وشەیی و ڕستەیی و فەرهەنگی و چوارچێوەی لێکدان دەگرێتەوە.

لە شیکردنەوەی ئەرکیدا لایەنی واتایی، کەرەسەیەکی ترە بۆ شیکردنەوە. "واتای ڕستەکان و پەیوەندی وشەیەك بە وشەیەکی ترەوە هۆکاری خستنەڕووی بونیادی شێوەی دەقەکەیە. پێکهاتەی پەیوەندییەکانی بونیادی دەقەکە واتای جیاواز دەبەخشێت، "جا پەیوەندییەکان دەنگی، یان وشەیی بن، یان ڕستەسازی و سیاقی بن). چاودێریکردنی لایەنی واتای گشتییە بۆ جۆرە جیاوازەکانی واتا لێکدراوەکان و فەرهەنگی و سیاقی و دەنگی" (احمد قاسم ١٩٩٨: ٧٤). هەموو ئاستەکانی شیکردنەوەی ئەرکی لە پێکهاتەی بونیادی دەقدا خاوەن ئەرکێکی دیاریکراون، بەکارهێنانی، کەرەسە زمانییەکان و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوانیاندا لە سیاقێکی دیاریکراودا واتایەکی دیاریکراو دەگەیەنێت. ئەمە ئامانجی گەیاندنی پەیامەکەیە بۆ وەرگر، ئەویش لە ڕێگەی شیکردنەوە دەتوانێت بگات بە واتای مەبەست. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەرکە. دەتوانرێت ئاماژە بە ئەرکە دیاریکراوەکانی یاکۆبسن بکرێت، کە هەر پەیامێکی زمانی لەشەش یەکە پێکدێت، هەریەکەیان ئەرکێکیان هەیە، کە بەم شێوەیە دابەشکراوە :

١- ئەرکی هەڵچوون (expressive) : ئەمە تایبەتە بەرەگەزی قسەکەر یان پەیامنێر، کە هەڵگری پەیامەکەیە پەیامنێر ئەرکی هەڵچونە یان گوزارشتکردنە.

٢- ئەرکی وەرگر(conative) : لە ڕێگەی وەگرەوە ئەرکی گەیاندن دروست دەبێت.

٣- پەیام(message) : بەهۆی ئەمەوە ئەرکی دانان دروست دەبێت، لەم ئەرکەدا پەیامەکە خۆی مەبەستە.

٤- پەیوەندی(contact)، ئەمە ئەرکی وشیاری دەخاتەڕوو، ئەو کەناڵە، کە پەیامەکەی پێداتێدەپەڕێت، ئامانج لەم ئەرکە بەردەوامی کاری گەیاندنە.

٥- سیاق(context) : ئەمە ئەرکی بۆگەڕاوەیی تێدا بەرجەستە دەبێت، چونکە ئەم ئەرکە تایبەتە بە سیاقی پەیامە زمانییەکە، کە پەیوەندییەکانی پەیامەکەی تێدا دیاریدەکرێت واتای بابەتێك دەخاتەڕوو .

٦- کۆد: ئەمە ئەرکی نیشانەیی یان فەرهەنگی دروست دەکات. (ڕۆمان جاکوبسن ١٩٩٠: ٢٨-٣٣).
دەقی ژمارە **(٢)** بە پێی ئەم ڕێبازە شیدەکەینەوە:

*یەکەم شەوبوو*
*لە ناو لمی عەرعەرەوە*
*دەستێك هاتبوە دەرەوە*
*هێشتا بازن لە مەچەکدا زرەی ئەهات.*
*هێشتا خەنە لەناولەپی دەستا پێئەکەنی*
*موستیلەیەك لەقامکدا ئەیجریوان.* (شێرکۆ بێکەس،٢٠٠٤: ٨٥)

ئەم دەقە شیعرییە ناوەرۆکەکەی باس لە کارەساتی ئەنفال دەکات، کە بەسەر میللەتی کورددا هاتووە، پەیامێکە، شاعیر دەیگەیەنێت بە گوێی هەموو خەڵك، بۆ ئەوەی وشیاربن بەرامبەر بە زوڵم و ستەمی ڕژێمی بەعس، واتە پەیامێکی هەواڵییە. ڕستەکان هەواڵین و هیچ ڕستەیەکی پرسیاری تێدا نییە، واتە ئەرکی شاعیر ناردنی ئەو پەیامە هەواڵییەیە.

شاعیر توانیویەتی ئەم ڕووداوە بە زمانێکی ئاسان بخاتەڕوو، بۆئەوەی خوێنەرانی بەئاسانی پەیامەکەیان پێبگات، کە ئەمە ئەرکی پەیاموەرگرە، واتە پەیامەکەی بۆ هەمووچین و توێژێك دەگونجێت. ئاڵۆزی لە ناو دەربڕینەکان بەدیناکرێت. جۆری بابەتەکە وایکردووە، بەم شێوە زمان گوزارشت لە ڕووداوەکە بکات، ئەمەش ئەو دەقەیە، کە ئەرکی هەڵگرتنی پەیامەکەیە ودروستکەری، کەناڵی پەیوەندییەکەیە. دەتوانرێت لە ڕێگەی سیاقەوە درك بە لایەنەکانی ڕووداوەکە بکەین. دیاریکردنی یەکێك لە کاتەکانی ڕووداوەکە، لە شەودابووە. بەشێك لە شوێنی ڕووداوەکە (عەرعەر) بووە، لەم بەشەی دەقەکەدا بەشێکی زۆر بچووکی ڕووداوەکە ئاماژە پێدەکات، کە دەرکەوتنی دەستی کچێکە، کە هەموو بەشەکانی تری جەستە خراوەتە ژێرخاك. شاعیر باس لە بازنەکانی دەستی دەکات، کە زرەیان لێوە دەهات، خەنەی دەستی پێدەکەنی، بەڵام مەبەستی شاعیر لە جوانی و تازەیی خەنەکە، کە بۆ دڵخۆشی لێیداوە. باس لەو موستیلەیە دەکات، کە دەبریسکایەوە لە شەودا. وێنەیەکی ڕاستەقینەی ڕووداوەکە دەخاتە ڕوو. هەریەك لەم دەربڕینانە ئەرکی تایبەتی خۆیان هەیە لە ڕووی پێکهاتەی دەقەکەوە، بەڵام بونیادی گشتی دەقەکە ئەرکی گەیاندنی ئەو پەیامەیە بە هەموو مرۆڤدۆستان.

ئەو کۆدانەی بەشدارن لە پێکهاتەی دەقەکە، هێمانە بۆ دروستبوونی ڕووداوەکە. وشەی (عەرعەر) زۆرترین هێزی ناوەرۆکی بابەتەکە لەخۆدەگرێت، چونکە ئەم هێمایە پەیوەستە بە دروستبوونی ڕووداوەکە.

### ١-٥-٤- ڕێبازی شیکردنەوەی ئامار( Statistic analysis)

ئامار ژمارە و داتاکان لە شیکردنەوەی زۆر بواری زانستی بەکاردەهێنرێت. بۆ خستنەڕووی سیما و تایبەتمەندی لایەنێکی ئەم زانستە. لە نێو دەقە ئەدەبییەکانیشدا ئەم ڕێبازە بوونی هەیە. ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لە خستنەڕووی شێوازی دەقەکاندا، بەڵام مامەڵەکردنی ئەم ڕێبازە لە هەموو بوارە

زانستییەکاندا جیاوازییان هەیە. بەکارهێنانی ئەم ڕێیازە لە دەقی ئەدەبیدا جۆرێك لە نەگونجان دروستدەکات، چونکە ئەدەب پەیوەستە بە هەست وسۆزی مرۆڤەوە، ئەم هەست وسۆزەش بەردەوام لە گۆڕاندایە، بەڵام یاسا ژمارەییەکان جێگیرە و نەگۆڕە. لایەنە زمانەوانییەکان هۆکاری گرنگن بۆ گونجاندنی یاسا ژمارەییەکان و دەقە ئەدەبییەکان.

بەکارهێنانی شیکردنەوەی شێوازی ئاماری باسێکی جیاوازە لە خودی خۆی. بەڵام لە پێکهاتەی ڕێزمانیدا لە شیکردنەوەی دەقدا بۆگەیشتن بەدەرئەنجامی شێوازەکە، لە ڕێگەی چەندێتی، ژمارەی ئاوەڵناو، ژمارەی کاری ڕستەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕەهەندی ئامار لە لێکۆڵینەوەی شێوازدا، پێوانەیەکی بابەتی بنەڕەتییە، دەتوانرێت بۆ دیاریکردنی شێواز بەکاربهێنرێت. ئەم ئاڕاستەیە دەشێت لە زۆربەی شێوازەکانی تر بە تواناتربێت. بەکارهێنانی ئامار لە لێکۆڵینەوەی زماندا بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت :

١- ئاڕاستەی ئامانجەکە بۆ پێوانەکردنی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانە لە بەکارهێنانی زماندا.

٢- قۆناغی دووەم ئامانجی گەیشتنە بە تایبەتمەندییە جیاوازەکان لە نێوان شێوازەکاندا. (سعد مصلوح ١٩٨٤ : ٣٧- ٣٨).

(ئامار ئەو زانستەیە، کە لێکۆڵینەوە لە لادانەکان دەکات و ڕێگە بە تێبینی و پێوانە و لێکدانەوەکان دەدات). (بیرجیرو ١٩٩٤ : ٨٦). دەتوانرێت لە ڕێگەی ئاماری لادانەکان ئاماژە بە جۆری لادان و شێوازەکە بکرێت و بەهایەکی تایبەتی بۆ دابنرێت. دەقێکی ئەدەبی بەو هەموو جوانکاری و هونەرەی تێدا بەکاردەهێنرێت سروشتێکی زمانەوانی هەیە، بەڵام کاتێك ئاماری پێکهاتە زمانییەکانی تێدادەکرێت سروشتێکی ژمارەیی وەردەگرێت. "ئەمەش هەندێك لە بەهای ئەدەبی و شیعری دەقەکە دووریدەخاتەوە، چونکە زیاتر پشت بە ژمارەی(ناو، جێناو، ئاوڵناو، کار، ئاوەڵکار و ئامرازەکانی بەستنەوە دەبەستێت) لێرەدا خوێنەر ناتوانێت بگاتە تایبەتمەندییەکانی دەقی ئەدەبی بۆ ئەوەی هەست بەو کاریگەری وچێژ وەرگرتنە بکات، کە لە دەقەکەدا هەیە" (أحمد قاسم ١٩٩٨ :٧٦). ژمارە وەك زانستێکی(مجرد) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بۆیە هیچ بوارێك بۆ هەستی، کەسی لێکۆڵەر ناهێڵێتەوە، لە شیکردنەوەی ئاماردا لێکۆڵەر هەڵدەستێت بەدەستنیشانکردنی پێکهاتەی دەقەکە لە ڕستەو پێکهاتەی ڕستەکاندا، شوێنیان لە نێودەقەکەدا دیاریدەکات، ئاماژە بە ژمارەی کردارەکان دەکات و جۆرو کاتی کردارەکان دەستنیشان دەکات.

هەندێکجار نوسەر لەبری ناو، جێناو بەکاردەهێنێت، واتە ئەو کەرەسانە دەستنیشان دەکات، کە لەبری بکەر بەکارهاتوون. قۆناغی دواتر بەراورد کردنی هەردوو بەشەکەیە لە(ئاوڵناو، کردار) بۆ ئەوەی بگاتە ئەو دەرەنجامەی، کە شێوازەکە دیاریدەکات. ئەمانە چەند سیمایەکی تایبەتی زمانین، کە لە دەقی هونەریدا دەبینرێن، نوسەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەو سیما زمانییانە جوانترین دەق یان کاری هونەری

پێشكەش بكات، تا بۆ لێكۆڵینەوە و دەستنیشانكردنی ئەم جۆرە شیكردنەوەیە بشێت. مەرج نییە هەموو جۆرەكانی شێوازگەری یەك ئاراستە هەڵبژێرێت بۆ شیكردنەوەی دەقەكان. هەریەك لە جۆرەكانی شێوازگەری ئاراستەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ شیكردنەوەی شێواز. هەر نوسەرێك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە خستنەڕووی ئەو شێوازەی، كەمەبەستیەتی. لەڕووی زمانەوانییەوە چەند سیمایەكی تایبەتی زمانی دەخاتەڕوو، لەوانە :

١- بەكارهێنانی یەكەی فەرهەنگی دیاركراو.

٢- زۆری و كەمی ڕێژەی داڕشتنە دیاریكراوەكان لە وشە وەك(ئاوڵناو، كردار، ئاوڵكار، ئامرازی بەستنەوە. . . هتد).

٣- كورت ودرێژی وشە بەكارهاتووەكان.

٤- درێژی ڕستەكان.

٥- جۆری ڕستەكان (ڕستەی سادە، یان لێكدراو، ڕستەی هەواڵییە یان دانانییە) ؟

٦- دیاریكردنی ڕێژەی خوازە و خواستن.

ئەو سیما زمانییانە ڕێژەیەكی زۆری دووبارەبوونەوەكانن، بەستراوەتەوە بەو دەوروبەرە دیاریكراوەی، كە واتاكەی تێدا دەردەكەوێت. ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندیەكانی شێوازگەری ( Stylistic Morkes)، كە لە دەقەكاندا بە شێوەیەكی ڕێژەیی Ratios و چڕی Density و دابەشكردنی Distributions جیاواز دەردەكەوێت (سعد مصلوح ١٩٨٤ : ١٨- ١٩). لێرەدا دەتوانرێت بەهای ئەم جۆرە پێوانەیە بخرێتە ڕوو، كە لە ڕێگەی ئامارکردنی ئەم سیما زمانییانە بەرەچاوكردنی ئەو دەوروبەرەی، كە تێدا هاتوون، ئەو دەرەنجامەی دەستدەكەوێت، كە شێوازی دەقەكەی پێ دیاریدەكرێت، چونكە "شێوازی دەق، كۆمەڵێك لە ئەگەرەكانی (الاحتمالات)ی دەوروبەرە، بۆ كەرەسە زمانییەكان)، "(لۆتمان) جەختی لەسەر گرنگی دەوروبەر كردۆتەوە لە لێكۆڵینەوەی شێوازدا، چونكە ئاماری، كەرەسە زمانییەكان بە دابڕانی دەوروبەرلێی هیچ بوارێكی شێوازی تێدا نابینرێت" ( شفیع السید ١٩٨٦ : ١٧٦ ). ئەو دەرەنجامەی لەم جۆرە شیكردنەوە دەستدەكەوێت بە پێی ڕێژەی ژمارەی كارو ئاوڵناوەكان دەستنیشاندەكرێن. ئەگەر ژمارەی كارەكان زیاتربوون ئەوا ئەو دەربڕینە بە كاری چالاك active ناو دەبرێت، ئەگەر ژمارەی ئاوڵناوەكان زیاتر بوو ئەو بە دەربڕینی وەسفی (Qualitive)ناودەبرێت. ئەو هاوكێشەیەی، كە بەكاردێت بۆ پێوانەكردنی تایبەتمەندییەكان و دیاریكردنی زمانی ئەدەبی لە ڕووی چەندایەتی بە هاوكێشەی (بۆزیمان A. Buseman) ناسراوە. (سعد مصلوح ١٩٨٤ : ٥٩)، بەڵام دواتر زانای دەروونناسی ئەڵمانی(نوییاو V. Neubawer) تێبینی ئەوەی كرد، كە تەمومژێك لە بەكارهێنانی زاراوەكان بە دیدەكرێت، بۆیە ڕوودانی كاری گۆڕی بە ژمارەی ئاوەڵناو( number of adjectives) هاوكێشەكە بەم شێوەی لێهات :

ڕێژەی کار بەرانبەر ئاوەڵناو = $\frac{\text{ژمارەی ئاوەڵناو}}{\text{ژمارەی کار}}$ (سعد مصلوح ١٩٨٤ : ٦٢).

شیکردنەوەی ئامار یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی شێوازی نوسەرێکی دیاریکراو، بۆ ئەوەی بتوانێ لەم ڕێگەوە، دەقەکە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی درك بە دەستنیشانکردنی کاتی مێژووی بکرێت لە لای ئەم نوسەرە. هەوڵدەدرێت ئاماژە بەو دابەشکردنە بکرێت، کە لە ڕەگەزەکانی شێوازگەریدا دەبینرێت، تا ئاگاداری ئەو جوانکارییە بێت، کە لە دەقەکەدا بوونی هەیە، هەموو ئەو دووبارەبوونەوانەی، کە لە دەقەکەدا بەرچاودەکەون واتای جیاواز دەبەخشن، دەبێت ئەو واتا جیاوازانە بخرێنە ڕوو.

لێکۆڵینەوەی شێوازگەری لەم بوارانەدا پشت بە ڕێبازی ئامار دەبەستێت:

١- یارمەتیدەرێکە بۆ هەڵبژاردنێکی نمونەیەکی ورد، کە بە شێوەیەك نوێنەری کۆمەڵگابێت و مەبەستی ئەو لێکۆڵینەوەیە بێت، واتە جیاوازی نێوان ئەو واتایەی، کە لە نمونەکە بەکارهاتووە، لەگەڵ ئەو واتایەی، کە لە کۆمەڵدا بەکاردێت، بکات.

٢- پێوانەکردنی سەرجەم چڕی تایبەتمەندی شێوازگەری لەلای نوسەرێکی دیاریکراو یان کارێکی دیاریکراو ( ئەمەیان پەیوەندی بە جۆری ڕستەکانەوە هەیە، کە نوسەر زۆرترین بەکارهێنانی لە کام جۆر ڕستەدایە؟ مەبەست لە ڕستەی هەواڵی و سەرسوڕمان و پرسیاری ...هتد

٣- پێوانەکردنی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی تایبەتمەندییەکانی شێوازگەری، بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتریدا.( سعد مصلوح ١٩٨٤ : ٤٢).ئەم دووبارەکرنەوەیە لە ئاستی وشەکاندایە یان لەڕستەکاندایە، دیاریکردنی مەبەستی دووبارەبووەکان، کە بۆ مەبەستی میتافۆر یان واتای فەرهەنگی بەکارهاتوون؟

٤- پێوانەکردنی دابەشکردنی گریمانەیی بۆ تایبەتمەندییەکی شێوازگەری دیاریکراو. ئەو پێشبینیکردنەیە، کە چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لە بارێکی جێگیر و نەگۆڕدا نییە، هەر بەکارهێنانێکی دەچێتە ژێر مەرجێکی جیاوازەوە، لە هەر بارێکدا لادانێك دروستدەکات. "پێویستە لە بەکارهێنانی زمانیدا ئەو لادانە بە گرنگ بزانرێت، کە دەقێك لە خۆی دەگرێت و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکارهاتووە، جیابکرێتەوە لەو لادانەی، کە هیچ چێژێك ناگەیەنێت" (Leech1970:141).

٥- یارمەتیدەرە بۆ ناسین و سەرهەڵدانی ناوەندی خواستەکان لە دەقەکەدا، بۆ جیاکردنەوەی جۆری کورت و درێژی ڕستەکان، چونکە هەندێك لە خواستەکان پێویستیان بە ڕستەی درێژ هەیە، ئەمەش پەیوەستە بە جۆرەکانی ڕستەوە، وەك ڕستەی ئاڵۆزی هۆیی و ئەنجام و مەرجی....هتد (سعد مصلوح ١٩٨٤ : ٤٤).

ئەوەی زۆر پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە بۆ شیکردنەوەی شێواز بە پێی ئەم ڕێبازە، ئاستەکانی شیکردنەوەی زمانەوانییە. شیکردنەوەی ئامار لەم ئاستانەدا کار دەکات :

١- ئاستی شیکردنەوەی دەنگەکان : بۆ زانینی تایبەتمەندییەکانی دەنگی، ئەو دەنگانەی کاریگەریان هەیە لەسەر گۆڕانکاری لەواتادا وەك (وەستان، کێشی شیعری، لەرەی دەنگەکان، هێز، ئاوازە).

٢- ئاستی درکاندن و دەربڕین: یەکێکە لە گرنگترین ئاستەکانی دەقی ئەدەبی گرنگترین ئاستە بۆ شیکردنەوەی شێواز، کە دەتوانرێت لەو ڕێگەوە بگەینە واتای مەبەست لە دەقەکەدا. لێکۆڵینەوە لە وشە و لێکدانیان بکرێت، لەگەڵ ئاماژەکردن بە شێوەی داڕشتن و کاریگەریان لەسەر بیر. میتافۆڕ(خوازە)کان لەدەقەکان دەستنیشان بکرێن بە تایبەتی ئەو وێنە خوازەییانەی، کە سروشتی خواستنیان لەدەستداوە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و بەکارهێنانیان بوونەتە خوازەیەکی مردوو.

٣- شیکردنەوەی لێکدانەکان :

لێکۆڵینەوە لەم ئاستەدا ڕەگەزێکی گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی شێوازگەری هەر نوسەرێك، دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لە ڕستەکاندا بکرێت لە ڕووی درێژو کورتی و مەرجەکانی لێکدانی، کەرەسەکان و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێکبەستن و ڕێکخستنی چۆنییەتی لێکدانەکانیان، ڕەچاوکردنی کاتی ڕوودانی کارەکان. (احمد قاسم ١٩٩٨: ٧٩- ٨٠).

گرنگی پێوانەکردنی چەندێیتی شێواز تەنها لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبي و ڕەخنەی ئەدەبی نەکراوە، بەتایبەتی ڕەخنەی ئەدەبی لێکۆڵینەوەکانی بەرەو بازنەیەکی فراوانتری لەزانستە مرۆڤایەتییەکان، کە گرنگی بەکاری پەیوەندیکردنی زمانی دەدەن. دەروونناسی زمانی Psycholinguistics لە پێشەوەی ئەو زانستانەیە، ئەم جۆرە پێوانەیە بەکاردەهێنێت، وەك ئاماژەیەکی گرنگ بۆ ناسینی تواناکان و لێکۆڵینەوەی ئەو لایەنانەی، کە تایبەتە بەکەسەکان. بنەماکانی دەروونی بۆ داهێنانەکانی گوتارە. ئەمە بە شیکردنەوەی ناوەرۆك دادەنرێت Content analysis لەو هۆکارە گرنگانەیە، کە دەروونناسی زمانی پشتی پێدەبەستێت. (سعد مصلوح ١٩٨٤ : ٤٨).

دەقی ژمارە (٣) بە پێی ئەم ڕێبازە شیدەکەینەوە.

*باوەڕ ویستی*
*تەماشاکە وا ئیستاکە نەك هەر خۆیان*
*کام چیایان زۆر بڵندە، دانەویوەو*
*لەسەر چۆکە!*
*وەختێ هاتم هەر لە ڕێوە*
*من بەزەییم فرێدایە چاڵێکەوەو*
*هەتا نەمرد بەجێمنەهێشت.*
*هەر لە ڕێوە من فرمێسکم*
*لەم چاوانەم قەدەغە کرد*
*هەتا نەمکوشت*
*بەجێمنەهێشت!*
*لەم ساتەدا شەوەزەنگ ئەزرنگێتەوە.* (شێرکۆ بێکەس ،٢٠٠٤: ٥١)

لەم دەقەدا دەتوانرێت ڕێبازی ئامار بەکاربهێنرێت بۆ دیاریکردنی شێوازەکەی. پتەوی زمانی دەقەکە لە ڕێگەی ژمارەی کارو ئاوەڵناوەکان دەستنیشان دەکرێن. چۆنییەتی بەکارهێنانی کارو ئاوڵناوەکان دەبێتە هۆی دروستبونی لادانی واتایی بۆ ئەم مەبەستە (هاوکێشەی بۆزیمان ) بەکار دەهێنین.

١- کردارەکانی ئەم دەقە ئەمانەن: (ویستی ، تەماشاکە ، بڵندە ، دانەویوە ، لەسەر چۆکە ، هاتم ، فڕێدایە ، نەمرد ، بەجێمنەهێشت ، قەدەغەکرد ، نەمکوشت ، بەجێمنەهێشت ، ئەزرنگێتەوە )، کە ژمارەیان (١٣)یە .
٢- ژمارەی ئاوڵناو تەنها (٢)ـە، ئەویش ئاوەڵناوی (بڵند، دانەویو)ـە
ڕێژەی کار بەرامبەر ئاوەڵناو $= \frac{13}{2} = 6.5$

لە دەرئەنجامی ئەم هاوکێشەیە بۆمان دەردەکەوێت، کە دەقێکی وەسفی نییە، بەڵکو بەدەقێکی کار چالاك ناودەبرێت.
ئەم دەقە لە (٥) ڕستە پێکهاتووە دوانیان ڕستەی سادەن، سیانەکەی تر ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزن، واتە ژمارەی، کەرەسەکانیان زۆرە. ئەم کەرەسانە زۆربەیان بۆ واتای خوازەیی بەکارهاتوون.
١- دەربڕینی (کام چیایان زۆر بڵندە، دانەویوە و لەسەر چۆکە!) ئەم بەشەی هێلی بە ژێرداهاتووە بۆمەبەستی خۆی بەکارنەهێنراوە، چونکە ئەم خاسیەتە هی مرۆڤە نەك هی چیا. پەیوەندی لێکدانی ئەم دوو ڕستەیە لە سەر بنەمای پەیوەندی واتایی خوازەیە.
٢- (من بەزەییم فڕێدایە چاڵێکەوە و هەتا نەمرد بەجێمنەهێشت) وشەی (بەزەیی) هەستێکی نابەرجەستەیە ناتوانرێت فڕێبدرێت، بەڵام شاعیرمەبەستی لە بێ زەیی ڕژێمی بەعسە، کە خەڵکی زیندەبەچاڵ کردووە. ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی ئاڵۆزی مەرجییە ، بە هۆی ئامرازی لێکدەری مەرجی (هەتا) بە یەکەوە بەستراون. واتە تا کاری (فڕێدان)ەکە ڕوویندەداوە، کاری (مردن و جێهێشتن)ەکە ڕوویندەداوە، ئەمەش پەیوەندی مەرجی لە نێوانیاندا هەیە.
٣- أ- هەر لە ڕێوە من فرمێسکم لەم چاوانەم قەدەغە کرد.
ب- هەتا نەمکوشت بەجێمنەهێشت!
ئەم بەشەی شیعرەکە دوورودرێژە لە سێ بەش پێکهاتووە؛ ڕستەی (أ) سادەیە پەیوەندییەکی واتایی بەیەکەوەی بەستوون، مەبەستی شاعیر لێرەدا فرمێسکی چاوی خەڵکی بێتاوان قەدەغە کراوە، بەهۆی کوشتنیان بە دەستی ڕژێمی بەعس. ڕستەی (ب) لە دوو ڕستەی بچووك پێکهاتووە، پەیوەندی ئاماژەیی بە ڕستەی (أ)ی بەستاونەتەوە. لە کاری (نەمکوشت، بەجێمنەهێشت) نازانرێت کێ کوژراوە و بەجێهێڵراوە؟ کە لە شێوەی جێناوی لکاو جێگیرکراوە، کە بریتییە لە (م)، چونکە لە کرداری ڕابردووی تێنەپەر جێناوی لکاوی، کەسی سێیەمی تاك دەرناکەوێت، مەبەستی شاعیر لەم جێناوە ئاماژەکردنە بۆ وشەی فرمێسك، کە نەیویستووە دووبارەی بکاتەوە. هەردوو کردارەکە لە ڕستەیەکی ئاڵۆزدا، پەیوەندییەکی مەرجی کۆیکردوونەتەوە.

**بەشی دووەم**

**تیۆرە پراگماتییکییەکان:**
**٢-١- چەمك و پێناسەی پراگماتییك:**

زاراوەی پڕاگماتیك (Pragmatics) لە وشەی (Pragma)ی گریكییەوە وەگیراوە بەواتای كاركردن یاخود پڕاكتیك دێت (عادل فاخوری ١٩٨٩ : ١٤١-١٤٢). ئەم زاراوەیە بۆیەكەم جار لە لایەن چارلز مۆرس (Charles Morris)لە ساڵی (١٩٣٨) لە كتێبی (زانستی هێماكان Semiotics) بەكارهێنراوە، ئەم كتێبە بۆ سێ بەش دابەشكراوە :

بەشی یەكەم : سینتاكس Syntax :(بریتییە لە شێوەی پەیوەندی نێوان هێماكان خۆیان). وەك

(١) *كچەكە هات*.

بەشی دووەم : سیمانتیك Semantics: بریتییە لە پەیوەندی هێماكە بە بابەتەكە (بیرەكە) بۆ نمونە وشەی (گوڵ، بەهار) دووهێمان دوو بیری جیاواز دەگەیەنن.

بەشی سێیەم : پڕاگماتیك Pragmatic: بریتییە لە پەیوەندی نێوان هێما و بەكارهێنەرەكەی (Levinson 2010:1). نمونە، ئەگەر باوكێك بە كوڕەكەی بڵێت:

(٢) *كتێبەكە مەخوێنەرەوە*.

لە ڕستەی (٢) لەوانەیە مەبەستی لە خراپی كتێبەكە بێت، ئەگەر دەوروبەرەكە بگۆڕین بۆ پەیوەندی نێوان خوێندكار و مامۆستا، دەكرێت مەبەستێكی تری تێدا بدۆزیتەوە.

قسەكەرو گوێگر دەتوانن دەستنیشانی ئەو واتایە بكەن، كە لە ڕستەكەدا هەیە، چونكە ئەم ڕستەیە لە دەوروبەرێكی تایبەتی وتراوە، كە هەردووكیان زانیاریان لە سەر (ئەو كتێبە) هەیە.

پڕاگماتییك ئەو زانستەیە، كە بایەخ بە وردەكاری زمانی دەربڕاو دەدات. وەك ئەو "گفتوگۆكردنەی، كە لە نێوان دوو بەشداربوو یان زیاتر بەشێوەیەكی ئازاد بەڕێوەدەچێت" (Levinson 2010 :284). سیستەمێكی گشتی ڕەوشتییە. "سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی شیكاری، بە ڕابەرایەتی (فریگە) لە ساڵی ١٩٢٥دا، چونكە یەكەم ئامانجی ئەم فەلسەفەیە لێكۆڵینەوەو ڕوونكردنەوەی زمان بوو" (مسعود صحراوی٢٠٠٥ : ٢٠)

پڕاگماتییك بەشێوەیەكی فراوان لەلایەن چارلس مۆریسەوە بەكاردەهێنرا، چونكە چەند بابەتێكی زانستی تری لەخۆگرتبوو، وەك زانستە كۆمەڵایەتییەكان و زانستە بایلۆجییەكان. بەكارهێنانی زانستی هێما، زۆرتر فراوانبوو، تا تێكەڵبوو لەگەڵ زانستی زمانی كۆمەڵایەتی (Sociolinguistics) و زانستی زمانی دەروونی (Psycholinguitics) و بایلۆجی (Levinson 2010:2).

بۆ ئەم مەبەستە چەند پێناسەیەك دەربارەی پڕاگماتیك دەخەینەڕوو :

پڕاگماتیك بریتییە لە پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەر، كە ڕێزمان ئاماژەی بۆ كردووە. (Levinson 2010:9). لێرەدا مەبەستی نیشانە پڕاگماتییكییەكانە، كە لە ڕێزماندا ڕەنگی داوەتەوە و ڕۆڵێكی گرنگیان هەیە. بریتییە لەو بنەمایانەی، كە چارەسەری هەندێك كێشەی واتایی دەكات، كە بە سیمانتیك چارەسەر ناكرێت. مەبەست لەو جۆرە دەربڕینانەیە، كە دەچێتە ناو مەرجی ڕاستی و ناڕاستییەوە.

پڕاگماتیك بریتییە لە لێكۆڵینەوە لەو واتایەی، كە لە سیاقێكی دیاریكراودا بەكاردێت. یان پڕاگماتیك لێكۆڵینەوەیە لە نێوان هێماو بەكارهێنەرەكەی یان ئەو قسەكەرەی، كە ئەم فۆرمەی بەكارهێناوە ( Yule 1996:3-4).

پڕاگماتییك بریتییە لە پەیوەندی نێوان زمان و سیاق، كە گرنگن بۆ تێگەیشتن (Levinson2010:21). ئەمە بڵاوترین پێناسەیە، كە پشتی پێدەبەسترێت بۆ لێكدانەوەی واتا پڕاگماتیگییەكان بە ڕەچاوكردنی ئەوسیاقەی، كە قسەكەی تێدا دەگوترێت. لە ئەنجامی ئەم پێناسانە ڕوون دەبێتەوە، كە دەوروبەری قسەكەر و پەیوەندی نێوان بەشداربوانی گفتوگۆ، كات و شوێنی قسەكردن ڕۆڵی سەرەكی دەبینن لە خستنەڕووی واتای پڕاگماتیكی. بنەماكانی پڕاگماتییك principles of (The pragmatics) ڕۆڵێكی گرنگ دەبینن لە بەرجەستەكردنی واتا پڕاگماتیكییەكان. "هێما لە ئاستی پڕاگماتیكدا پەیوەندیەكی هەمەلایەنە دروست دەكات لە نێوان(تەن، هێما، بیر، كەس ). ئەمەش لێكدانەوەی واتایی لە ڕوانگەی، كەسەوە دەبێت. پەیوەندییە ئاسایییەكەی لە نێوان(هێما، تەن)دا هەیە دەپچڕێت. لێكدانەوەكە بە پێی(قسەكەر، گوێگر، سیاق) دەگۆڕێت" (محمد معروف ١٩٩٠ : ٤٤). ئەو هێماییەی، كە لە نێوان قسەكەرو گوێگر لە سیاقێكدا بەكاردەهێنرێن واتایەكی دیاریكراو دەگەیەنێت، كە

جیاوازە لە واتای ئەو هێمایە، کە لە سیاقێکی تردا بەکاردێت. واتا(کات، شوێن، کەس، بابەت، کەلتور، دۆخی دەوروبەر) کارگەیان لە خستنەڕووی واتای هێماکاندا هەیە. هەر گۆڕانکارییەك لەو ڕەگەزانە ڕوو بدات، واتای هێماکە جیاواز دەبێت. بۆ نمونە کاتێك دەڵێین :

**(٣)** ئەمە ڕێوییە.

ئەگەر لەو بارو دۆخ و دەروبەرەدا هیچ ڕێویەك بوونی نەبێت، لە وانەیە مەبەستی لە کەسێك بێت. ئەگەر بابەتی قسەکردنەکە باس لە دیاردەیەك بکات، ئاماژە بەم ڕستەیە بکات، ئەوە بەدڵنیاییەوە مەبەستی لە سیفەتی ڕێویەکەیە، کە لە کەلتوری کوردیدا بە گیاندارێکی فێڵبازناسراوە، بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەکی نائاشکرا ئاماژە بە خاسیەتی (فێڵبازی دەکات). هەمان دەربڕین ئەگەر ئاراستەی هەریەك لە ( جەنگاوەرێك ، بازرگانێك ، یان خوێندکارێك) بکرێت واتای جیاوتز دەگەیەنێت، تا گۆڕانی زیاتر دروستبێت واتای جیاوازتر دێتە ئاراوە. بۆ هەموو ئەو بارودۆخانە لێکدانەوە و بۆچوونی جیاواز هەیە، کە لەچەند تێۆرێکی پراگماتیکیدا دەخرێنە ڕوو لەوانە :

١- کردە قسەییەکان
٢- لێکەوتە ئاخاوتەییەکان
٣- نیشانە پراگماتیکییەکان
٤- گریمانە پێشەکییەکان.

**٢-٢- تیۆری کردە قسەییەکان**

پراگماتیك دەتوانێت شیکردنەوە بۆ واتا جیاوازەکان بکات، بە تایبەتی ئەو جیاوازییانەی بە هۆکاری سیاقەوە دروستدەبێت. کردە قسییەکانیش یەکێکە لە تیۆرەکانی پراگماتیك، لە سالانی شەستەکاندا لە لایەن فەیلەسوفی بەریتانی(ئۆستن)ەوە خرایەڕوو.

کردە قسییەکان تەنها بریتی نییە لە کردەیەکی سادەی دەربڕین، بەڵکو پەیوەندی بەو سیاقەوە هەیە، کە دەربڕینەکەی تێدا دەوترێت (Elizabeth 2006:17). کردەی قسەیی ئاماژە کردنە بۆ ئەنجامدانی کارێك. ئۆستن تێبینی ئەوەی کرد، "کە زمان تەنها بۆ هەواڵگەیاندن و پرسیارکردن نییە، بەڵکو بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکان بەکاردێت" ( Austin 1962:4). زمانەوانە نوێیەکان زیاتر گرنگیان بەم بابەتە داوە. پانتایەکی فراوانی لە لێکۆلینەوەکانیاندا داگیرکردووە، بە تایبەتی لە شیکردنەوەی دەقی هونەری و دەقی ئاساییدا، تا بتوانێت مەبەستی قسەکەر بگەێنێت. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە درککردن بە واتای زمانی گەیەنراو و واتایەك، کە پەیوەندی بە سیاقی دەربڕینەکەوە هەیە، بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێك لەگەڵ ئامانجی ئەو چەمکانە دروست بکات، کە لە شیکردنەوەی دەقێکی تایبەتدا دەبینرێن.

کردە قسەییەکان تیۆرێکی فەلسەفە ئامێزە، کاتێك لە لایەن(ئۆستن)ەوە شیکردنەوەی بۆکراوە، ئامانجی سەرەکی فەیلەسوف و دەروونناسەکان بووە، کە لەڕووی فەلسەفە و دەروونناسییەوە شیبکرێتەوە، زیاتر ئاراستەی لێکۆڵینەوەکانیان بەرەو کردەی قسەیی زمانەوانی بەرن. "مەبەستی سەرەکی ڕاستی و ناڕاستی دەربڕینەکان پەیوەستە بە مەرجی واتای سیمانتیکی. ئۆستن تیۆری کردە قسەییەکانی بە هێلێکی تەریبی نێوان بەکارهێنانی زمان و گەمەکانی زمانی Wittgenstein دادەنا" ( Levinson 2010:227-228). لە سەرەتادا دەیوست جۆرە ڕستەیەك دەستنیشانبکات، کە قسەکەر تەنها شتێك ناڵێت لە هەمان کاتدا کارێکیش ئەنجام دەدات.

وەك:

**(٤)** *ناوم لە منداڵەکە نا.*

ئەمە ڕستەیەکە وتراوە لە هەمان کاتدا کارێکی تێدا ئەنجام دراوە، کە بریتییە لە لەخەو هەڵسان (قەیس کاکل ١٩٩٥ :٣٩)، بەڵام دواتر ئەم تیۆرە پانتاییەکی فراوانی گرتەوە. هەر گوتراوێك، کە شیدەکرێتەوە لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە سەیر دەکرێت و واتای جیاواز دەگەیەنێت. یەکێکیان لە لایەن ئەو کەرەسانەی، کە پێکهێنەری ڕستەکەن، واتایەکی ڕوون و ئاشکرا دەگەیەنن، ئەویتریشیان ئەو واتایەی، کە لە ئەنجامی بارودۆخی قسەکەر دەست دەکەوێت، واتە دەوروبەرەکە واتاکە ڕووندەکاتەوە وەك :

***(٥)** باوکم لە ماڵەوە دانیشتووە.*

ڕستەی (٤) هەواڵێك دەگەێنێت، كە (دانیشتنی باوكی قسەكەرە)، بەپێی، كەرەسە پێكهێنەرەكانی واتـایەكی ڕوونـی هەیە، بەڵام ئەگەر بخـرێتە دەوروبەری جیـاوازەوە، ئەوا واتـای جیـاواز دەگەیەنێت. لەوانەیە وەڵامـی پرسـیارێك بێـت، كە ئاراسـتەی قسـەكەرەكە دەكرێـت، (باوكـت لە كـوێیە؟)، یـان ئاگـاداركردنەوەی، كەسـی بەرامـبەر بێـت، كە (بـاوكی لەمـاڵەوەیە لە شـوێنێكی ترنییە). لەوانەشە مەبەستی قسەكەر ئەوەبێت كە(باوكی بێ ئیش و كارە)، یان قسـەكەر دەیەوێ كارێك ئەنجامبدات بەنهێنی بەرامبەرەكەی ئاگادار دەكاتەوە، كە(بـاوكی لە مـاڵەوەیە). دەتوانرێت چەندان دەوروبەری تر بۆ ئەم دەربڕینە دروست بكرێت. بەمەش واتای جیاواز تر دێتە ئاراوە.

زمان تەنها بریتی نییە لە بەجێگەیاندنی ئەركی كۆمەڵایەتی، بەڵكو ئەركی سەرەكی ڕاپەڕاندنی كارە. ئەگەر ڕستە بەڕێرەوی پراگماتییكیدا تێنەپەڕێت، ناتوانرێت نرخێكی لۆجیكی ئەوتۆی بۆ دابنرێت، بەڵام ئەگەربە پێی بنەما سەرەكییەكانی پراگماتییك لێكبدرێتەوە، تەمومژەكان نامێنن و زیاتر شێوەی ڕاپەڕاندنی كار وەردەگرێت. ناتوانین بڵێین ڕستەكە ڕاستە یان هەڵەیە، بەڵكو واتاكەی پەیوەستە بە ئەنجامدانی كارەكە.

ئۆستن لە ئەنجامی شیكردنەوەی واتا و مەبەستە دەربڕاوەكان دوو جۆر كرداری جیاكردەوە لەوانە:

١- كردەی بەجێهێنان(ڕاپەڕاندن)

٢- كردەی بەجێنەهێنان(ناڕاپەڕاندن)

هەریەك لەم كردارانە بۆ ناسینەوەو(حاڵەت و جەخت كردن و هەڕەشەكردن وبەڵێندان هەواڵگەیاندن...هتد) بەكاردێن. (Adrian and Robert 1995: 374 ).

**٢-٢-١- كردەی بەجێهێنان (Per formative)**

ئەوكارانە دەگرێتەوە، كە لە بەكارهێنانیاندا، گوتنەكە كردەوەیەكی تێدا ئەنجام بدرێت. لە زمانی كوردیدا هەندێك زاراوەو دەربڕین هەیە، كە ئاماژە بۆ كردەی ڕاپەڕاندن دەكات، وەك:(بڕیاردەدەم، سوێند دەخۆم، پەیماندەدەم، بەڵێن دەدەم)، جگە لەم دەربڕینانە، ئەركێكی سەرەكی هەیە، كە قسەكەر ئەنجامی دەدات. واتە پێكهاتەی ڕستەی بەجێهێنان سنورداركراوە. وەك:

- (٦) *بڕیار دەدەم یارمەتیت بدەم.*

ئەم ڕستەیە جگە لە گەیاندنی هەواڵێك كارێكیشی تێدا ئەنجامدەدرێت. لەم جۆرە ڕستەیەدا ناتوانرێت، بڕیاری ڕاست و هەڵەی كارەكە بدرێت، دەكرێت ڕاست بێت، لەوانەشەهەڵە بێت دەتوانرێت گفتوگۆ لەسەر ڕاستی كارەكە بكرێت، بەڵام ئەمەیان تا ڕادەیەك جیاوازە. بۆ زیاتر وەسف كردنی چەمكی بیری زمانـەوانیی بـەجێهێنان (Linguisticnation ). (ئۆستن)ئاماژەی بە هەندێك شت كردووە، كە دەستكرد نین، چونكە كردەی بەجێهێنانەكان دەگەڕێنەوە بۆ خودی خۆیان(self-referential) (Jeffries and Mclntyre:2010:115). ئەم جۆرە كردەیە چەند تایبەتمەندییەكی لە شێوەی پێكهاتەی ڕستەكاندا هەیە :

١- پێویستە كردەیەكی بەجێهێنانی تێدابێت، كە واتای گەیاندن بگەیەنێت، وەك ؛

(بڕیاردەدەم، سوێند دەخۆم، پەیماندەدەم، بەڵێن دەدەم، . . . هتد).

٢- دەبێت قسەكەر كەسی یەكەمی تاك یان كۆ بێت. كردەی بەجێهێنان لە لایەن خۆیەوە ئەنجامبدرێت.

٣- دەبێت ئەم جۆرە كردە قسەییانە لە تافی ئێستادا بێت، لە كاتی ڕانەبردوودا.

٤- ئەم جۆرە ڕستانە ڕاستی و ناڕاستی هەڵناگرن، چونكە ڕستەكانیان وەسفی نین. تەنها نرخیان بۆ دادەنرێت (حافظ اسماعیلی علوی ٢٠١١ : ٩٣). وەك :

(٧) *بڕیاردەدەم، كە هاوكاریت بكەم.*

لەم ڕستەیەدا کردەی بەجێهێنانی(بڕیاردەدەم) بوونی هەیە. (م) جێناوی لکاوی، کەسی یەکەمی تاکە، ڕۆڵی(بکەر) دەبینێت، کردارەکان لە کاتی ڕانەبردوودان[٧]. ئەوباروودۆخەی، کە قسەکەی تێدا دەکرێت، وادەکات چەمکی ئێستایی بگەیەنێت.

**٢-٢-٢- کردەی بەجێنەهێنان(Constative):**

ئەم جۆرە کردەیە بریتییە لەوەی، کە کردەیەکی دیاریکراو لە لایەن قسەکەرەکە خۆیەوە جێبەجێنەکرێت. ئەگەر هەر یەکێك لە مەرجەکانی کردەی بەجێهێنانی تێدا نەبێت، دەبێت بە کردەی بەجێنەهێنان. وەك :

*(٨) کچەکە یارمەتیت دەدات.*

لەم ڕستەیەدا هیچ دەستەواژەیەکی بەجێهێنانی تێدانییە، بکەر بریتی نییە لە کەسی یەکەم، بەڵکو کەسی سێیەمە. ئەمە وا دەگەیەنێت ڕستەیەکی بەجێنەهێنانە. "هەموو کارێکی ڕاپەڕاندن دەبێتە کارێکی ناڕاپەڕاندن هەر کاتێك بکەری کارەکە یان کاتەکەی بگۆڕێت" (قەیس کاکل ١٩٩٥ :٤٦).

ئەم جۆرە ڕستانە باس لە بارێکی دیارکراودەکەن، وەسفی ئەم بارودۆخە دەکەن، واتە مەرج نییە گوتنەکە بە کردار جێبەجێبکرێت. ئەمەش بوارێك دەڕەخسێنێت بۆ ڕاستی و ناڕاستی کارەکە، کارەکە ڕاست دەبێت، ئەگەر بگونجێت لەگەڵ جۆری وەسفەکە، بەپێچەوانەوە، ئەگەر جۆری وەسفەکە نەگونجێت لەگەڵ کارەکە، ئەوا کردەیەکی ناڕاست دروست دەبێت.

لە کردەی بە جێهێناندا ئەوەی کاریگەری هەیە بۆ دەستنیشانکردنی جۆری کارەکە، پەیوەندی بە جۆری پێکهاتەی ڕستە و جۆرەکانی ڕستەکەوە هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش(ئۆستن) دوو جۆری لێ جیاکردووەتەوە :

١- بەجێهێنانی ڕاستەوخۆ

٢- بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ

**٢-٢-٢-١- بەجێهێنانی ڕاستەوخۆ:**

دابەشکردنی کردە قسەییەکان لە سەر بنەمای بونیادی ڕستەکان دروست دەبێت، کە جیاوازی دەکات لە نێوان جۆرەکانی کردەی گوتن. "کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ هەموو ئەو گوتنانە دەگرێتەوە، کە کاری ڕاپەراندنیان تێدایە. بکەر کەسی یەکەمە. کاتی ئێستا دەگەیەنێت"(قەیس کاکل١٩٩٥: ٤٧). ڕستەکان لە جۆری پرسیار، یان داواکردن، یان هەواڵین. ئەگەر ڕێکەوتن هەبوو لە نێوان جۆری ڕستەکە و مەبەستەکەدا ئەوا کردەیەکی ڕاستەوخۆیە. وەك کاتێك مامۆستایەك داوا لە خوێندکارەکەی دەکات، کە(ڕاپۆرتەکەی بۆ نەهێنێت)بەم شێوەیە ئاماژە بە مەبەستەکەی دەکات.

*(٩) ڕاپۆرتەکەم بۆ مەهێنە.*

واتە پەیوەندی لە نێوان ڕستەکە و مەبەستەکەدا هەیە. بە هۆی فۆرمی ڕستەکەوە کردەکە جێبەجێدەکرێت کە(نەهێنانی ڕاپۆرتەکەیە) ئەمە جۆرێکە لە داواکردن، مەبەستی سەرەکی قسەکەر لێرەدا نەکردنی کارەکەیە. ڕستەی پرسیاریش بە هەمان شێوە، شێوازی پرسیاری لەڕێگەی وشەی پرسەوە یان ئاوازەوە ئەنجامدەدرێت، ئەگەر ڕستەیەکی پرسیاری بۆ مەبەستی پرسکردن بەکاربێت، ئەوا کردەیەکی ڕاستەوخۆیە، چونکە پرسیارەکە ڕاستەوخۆ بۆ پرسیار کردن بەکاردێت، وەك ئەم ڕستەیە:

*(١٠) پەرتوکەکەم نادەیتێ؟*

ڕاستەوخۆ پێکهاتەی ڕستەکە بۆ پرسیار بەکارهاتووە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاوازەوە.

**٢-٢-٢-٢- بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ:**

هەر کاتێك مەبەستی ڕستەکە بەرەو ئاڕاستەی خۆی نەڕوات، جۆری کردەکە دەگۆڕێت بۆ ناڕاستەوخۆ. کردەی ناڕاستەوخۆ مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر. ڕێکەوتنێك

---

[٧] - لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا جگە لە ئاوەڵکردارەکانی کاتی هیچ مۆرفیمێکی تر نییە، کە واتای ئێستا بگەیەنێت لە گەردانکردنی کارەکاندا. وەك لە زاری کرمانجی ژووروودا دەبینرێت کە( د ) بۆ کاتی ئێستاو( دێ )بۆ کاتی داهاتوو بەکاردێت .

لە نێوان ڕستەکە و مەبەستەکەدا نییە، بەمەش قسەکەر ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ دەگرێتە بەر بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی. واتە بونیادی ئەو ڕستەیەی، کە قسەکەر دەیگەیەنێت جیاوازە لەو واتایەی، کە مەبەستیەتی. گوێگر بە پێی ئەو بارودۆخەی، کە قسەکەی تێدا دەردەبڕێت، وەرگری مەبەستی قسەکەرە. لێرەدا واتا و پێکهاتەی ڕستەکە لەیەکتر جیادەبنەوە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت، کەهونەری (پلار، خوازە، تێلنیشان، درکە) بەکاردەهێنێت. ئەم جۆرەی گوتن لە زۆربەی زمانانددا دەبینرێت. (قەیس کاکل١٩٩٥: ٥٠). وەك،

(١١) پێم وتیت، *ڕاپۆرتەکەم بۆ مەهێنە.*

ئەم ڕستەیە هەمان ڕستەی پێشوە، بەڵام لێرەدا مەبەستی مامۆستاکە (هەڕەشەکردنە) لە خوێندکارەکە، چونکە (پێم وتیت)، ئەوە دەگەیەنێت، کە جارێکیتر ئەم دەربڕینەی ئاڕاستە کراوە، ئەمە جەخت لە کردەی هەڕەشەکردنەکە دەکاتەوە، چونکە لەکاتی دیاریکراودا ئەرکەکەی جێبەجێنەکردووە. هەندێکجار ڕستەی دەربڕاو شێوەیەکی پرسیاری هەیە، بەڵام مەبەستی قسەکەر پرسیارکردن نییە، بەڵکو لەم ڕێگەیە ئامانجی مەبەستەکەی دەپێکێ. کاتێك مامۆستایەك ئەم دەربڕینە ئاڕاستەی خوێندکارێك دەکات.

(١٢) *زوو نییە؟*

ئەگەر یەکێك کاتێکی دیاریکراوی بۆدانرابوو، بەڵام لەکاتی خۆیدا ئامادە نەبوو، قسەکەر ئەم شێوازە دەربڕینە بەکاردەهێنێت، لێرەدا قسەکەر چاوەڕێی هیچ وەڵامێك ناکات، بەڵکو بە شێوەی پلارمەبەستەکەی ئاڕاستەی گوێگر دەکات. هەرکاتێك ڕستەی(هەواڵگەیاندن، پرسیار، سەرسوڕمان، فەرمان) بۆ مەبەستی بونیادی خۆیان بەکارنەهاتن دەبن بەکردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ.

**٢-٢-٣- پۆلینکردنی کردە قسەییەکان**

هەریەك لە(ئۆستن، سێریل) بۆچونی جیاوازیان هەیە، بۆ پۆلینکردنی کردە قسەییەکان، بەڵام دوو جۆریان هەمان دابەشکردن لەخۆدەگرن، کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکرێت.

١- **کردەی بڕیاردان**(Directives):

ئەوجۆرە دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندی بە توانا و لێهاتوویی و پسپۆری قسەکەرەوە هەبێت. وەك (بڕیاردانی یاسایی، پایە بەخشین، هەڵسەنگاندن، هەڵبژاردن، دانپیانان)(قەیس کاکل١٩٩٥: ٥٣).

(١٣) *بڕیارمدا داتبمەزرێنم.*

لەم ڕستەیەدا جۆرێك لە کردەی بڕیاردان دەبینرێت. بەڵام دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت، کە کەسی قسەکەر ئەو دەسەڵاتەی هەیە ؟ ئەگەر لە لایەن کەسێکی ئاساییەوە ئەم ڕستەیە بووترێت، ئەوا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت، گومان لە ڕاستی ئەنجامدانی کارەکە دەکرێت، چونکە بە جێهێنانی کردارەکە لە توانای ئەو کەسەدا نییە، بەڵام ئەگەر کەسی قسەکەر خاوەن بڕیار بێت، ئەوا دەبێت بە کەسی جێبەجێکار، بۆ ئەنجامدانی بڕیارەکە. ڕاستگۆیی لە بڕیارداندا، مەرجی ئەنجامدانی کارەکەیە.

٢- بەڵێندان commissives :

ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر بەڵێنێکی ڕەفتاری دیاریکراو بدات. خۆی ئامادە دەکات بۆ چالاکییەك، کە لە ئایندەدا جێبەجێی دەکات. ئەوکردەیەی دەریدەبڕێت مەبەستی سەرەکی قسەکەرە، پەیوەست دەبێت بە کارەکەوە وەك "بەڵێن، سوێند، پابەندبوون بە شتێك، هەڕەشەکردن"(Yule1996:54). ئەم کردەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە قسەکەر و گوێگرەوە هەیە، مەرجی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی بەشێکی گرنگە بۆ بەجێگەیاندنی کردەکە. نمونە:

(١٤) *من پەیمانت پێ دەدەم، کە پارەکەت بدەمەوە.*

ئەم جۆرە کردەیە پێکهاتەیەکی دیاریکراوی هەیە، کە بریتییە لە :

- من + کار + گ. بەند + بکەر+ ك. بەند

ئەمە ڕستەیەکی ئاڵۆزە، شاڕستەکە بەشی کردەی بەڵێندانەکەیە، بە کاری ڕانەبردوو گوزارشتی لێکراوە، چونکە ئەم کردەیە هەمیشە دوای قسەکردن ئەنجامدەدرێت. لێرەدا "مەبەستی سەرەکی پابەندبوونی

قسەکەرە بەئەنجامدانی کارەکە، واتە ڕاستگۆیی دەبێتە پێوانەی هەڵسەنگاندنی قسەکەربۆ سەلماندنی ئەنجامدانی کارەکە" (Smith,Peter 1991:95). دەتوانین بڵێین بەڵێندان بریتییە لەو کردەیەی، کە قسەکەر بەڵێندەدات بە ئەنجامدانی ڕەوشتێکی دیاریکراو. کاریگەری بەڵێندان بۆگوێگرهۆکارێکە بۆ ئەوەی، ئەو بڕوایەی لا دروستبێت، کە قسەکەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کارەکە.

٣- داخوازی(Exercitives):

ئەم جۆرەیان ئاماژە بەو کارانە دەکات، کە واتای فەرمانـدان و ئامۆژگـاری و ئاگـادارکردنەوە وڕازیبـوون و ڕازی نەبـوون و گومـانکردن دەگەیەنێـت. زۆر جـار کەسـی قسـەکەر لەڕووی تەمەن و دەسەڵاتەوە لە سەروی گوێگرەوەیە. ئەرکی ڕوونکردنەوەی تێروانین و بیروڕاکانە (قەیس کاکل١٩٩٥ :٥٤) وەك :

(١٥) *وانەکەت بخوێنە.*

(١٦) *ئاگادارت دەکەمەوە پشتێنەی سەلامەتی ببەستیت.*

(١٧) *تکایە پشتێنەی سەلامەتی ببەستە.*

کردەی ئەم جۆرە ڕستانە، کە ئاراستەی گوێگر دەکرێت، جۆرێك لە کردەی ئەمری نیشان دەدەن، چونکە کەسی قسەکەر لە ڕووی دەسەڵاتەوە لە سەروی گوێگرەوەیە.

ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنرێن. ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەنوێنێن. قسەکەر هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر ڕەفتاری، کەسانی تر. ئەم جۆرە دەربڕینانە هەستەکانی قسەکەر پیشاندەدەن وەك(حەزکردن، ڕق لێبوونەوە، پیرۆزبایی، سوپاسگوزاری، پۆزشهێنانەوە، پرسە. . . هتد).

(١٨) *پیرۆزباییەکی گەرمت لێدەکەم.*

(١٩) *سوپاسی هاوکارییەکەت دەکەم.*

(٢٠) *بەڕاستی زۆر داوای لێبووردنت لێدەکەم.*

٤- کردەی گفتوگۆ(هەست دەربڕینەکان)(Expressives):

کردەی گفتوگۆ ئەو جۆرە کارانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر لەکاتی گفتوگۆکردندا بەکاریان دەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی باری دەربڕینەکە و مەبەستی قسەکەر، دەربڕینی هەڵوێستێك یان هەستێك یان بارێکی دەروونییە. مەرجی دڵسۆزی یەکێکە لە مەبەستەکانی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کردەیە. (قەیس کاکل١٩٩٥ :٥٤). قسەکەر ئەم جۆرە کردانە بەکاردەهێنێت بۆ مەبەستی نیشاندانی بۆچوونەکان و پێشکەشکردنی بەهانە لە کاتی قسەکردندا.

**٢-٢-٤- قۆناغەکانی کردەی قسەیی:**

ئۆستن پێی وایە قسەکەر لە ئاخاوتندا سێ کردە ئەنجام دەدات. واتە بەجێهێنانی هەرکردەیەکی قسەیی بە چەند قۆناغێك تێدەپەڕێت، کاتێك، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەبێت. ئەم قۆناغانەش ئەمانەن:

**٢-٢-٤-١- کردەی گوتن(perlocutionary act) :**

کردەی دەربڕین بەشێکی بنەڕەتییە لە گوتندا، واتایەکی زمانەوانی وەسفی بەرهەمدێت، لەو فۆرمەی، کە لە وشەکان دەستدەکەوێت لە ڕێگەی دەنگەکانی زمان دروستدەبن. (Yule1996:48).

ئەم کردەیە دەتوانرێت بۆ سێ بەش دابەشبکرێت :

أ- کردەی دەنگی : درکاندنی ڕیزە دەنگێکی یەك لە دوای یەك لە زمانێکی دیاریکراودا.

ب- کردەی لێکدان: ئەو بەرهەمە دەنگییە دەگرێتەوە، کە لە ئەنجامی لێکدانی دەنگەکان، چەند یەکەیەکی واتادار دروستدەبێت، بە پێی سیستەمی وشەسازی زمانەکە.

پ- کردەی واتایی: مەبەست لە بەکارهێنانی ئەو یەکە واتادارەیە، کە ڕێکخراوە و لێکدراوە، بە پێی واتا و ئەو دەوروبەرەی، کە تێیدا دەرکەوتووە، واتە بەستنەوەی، کەرەسەکان پەیوەندی بە دەوروبەری قسەکەر و گوێگرەوە هەیە. وەك ئەم نمونەیەی خوارەوە:

**(٢١)** *شێرکۆ بێکەس دیوانەکەی لە سلێمانی چاپکردووە.*

ئەگەر بە پێی ئەم سێ ئاستە، شیکردنەوە بۆ ئەم ڕستەیە بکەین دەبینین هەریەك لە وشەکانی (شێرکۆ بێکەس، دیوان، سلێمانی، چاپکردووە) لە چەند ڕیزە دەنگێك پێکهاتوون، بە پێی یاسای لێکدانی فۆنییمەکان لە زمانی کوردیدا ڕیزکراون. هەریەکە لە وشەکان واتای فەرهەنگی خۆیان هەیە، وەك (شێرکۆ بێکەس، سلێمانی) ناوی تایبەتین، (دیوان) ناوی گشتییە، (چاپکردووە) کارێکی ڕابردووە.

ئەگەر کەسێکی بیانی ئەم ڕستەیەی سەرەوە ببیستێت، لەوانەیە هیچ شتێکی ئەو تۆی تێنەگات، هیچ زانیارییەك بەدینەکات. ناتوانێت پێکهاتەی ڕستەکە لێکجیابکاتەوە، یان کەرتیان بکات بۆ یەکەی بچوکتر لە خۆیان، چونکە هیچ شتێك نازانێت دەربارەی ئەو سیستەمەی، کە وشە و واتاکان لێکدەبەستێت، بۆیە دەبێت کەسی گوێگریش زانیاری لەسەر کەلتور و کەسایەتییە دیارەکان و سیستەمی زمانی ئەو زمانە هەبێت، کە قسەکەر پێی دەدوێت. ئەگەر کەسێکی کورد ئەم زانیارییە ببیستێت، تێگەیشتنێکی جیاوازی دەبێت لە کەسە بیانییەکە، چونکە بەو جۆرە سیستەمە ئاشنایە، کە لە دەربڕینەکاندا بەکاردێت. ئەو وشانەی بەشدارن لە پێکهاتەی ڕستەکەدا واتای ڕوونیان هەیە لە لای گوێگری کورد.

**٢-٢-٤- ٢- کردەی مەبەست** Illocutionary act :

دەربڕینی قسە و کاردانەوەی ئەم دەربڕینە لای گوێگر بە کردەی مەبەست ناودەبرێت. ئەمە دەچێتە دەرەوەی پشکنینی واتا و زمان، چونکە مامەڵە لەگەڵ هۆو ئەنجام دەکرێت، واتە ئەم وشە و دەربڕینانە تا چەند کاریان لە گوێگر کردووە بەرامبەر بە قسەکەر، ئەمە پەیوەندی زیاتر بەکاردانەوەی گوێگرەوە هەیە. وەك(ڕازیبوون، ڕازینەبوون). باری دەروونی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لەم بوارەدا. ئایا مەبەستی قسەکەر لەم دەربڕینە چییە ؟(ترساندن، تۆقاندن، دڵنەوایی. . . هتد) کردەی دەربڕین جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی واتایەکی تر دەگەیەنێت، کە قسەکەر مەبەستییەتی کاریگەری لەسەر گوێگر دروستبکات، کە(ئوستن) ناوی دەبات بە(هێزی کردەیی). بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم مەبەستەش مەرجی داناوە. ئامادەکردنی بارو دۆخی، کەلتوری و کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی زمانی و دەوروبەری، کەسەکان، (Austin1962:69). وەك :

**(٢٢)** *بەڵێندەدەم بەیانی بتبینم.*

واتە ئەم ڕستەیە دەوەستێتە سەر ڕاپەڕاندنی بەڵێنەکە، ئینجا ئامانجەکە دەپێکێت ؟ کە قسەکەر ئەم بەڵێنە بەجێبهێنێت، تا کاریگەری لای گوێگر دروستبکات، کە ئەم کاری (دیتنە) ئەنجامبدرێت، چونکە ئارەزوی گوێگر بۆ کاری(دیتن)ەکە واتای ڕاپەڕاندنەکە جێبەجێدەکات.

**٢-٢-٤-٣- کردەی پاشکاری :**

مەبەست لەو کاریگەرییەیە، کە لە ئەنجامی ڕاپەڕاندنی کارەکە دروست دەبێت لە لایەن گوێگرەوە، وەك(توڕەبوون، خۆشحاڵی، بێزاربوون. .. . هتد). ئەم کردەیە تایبەتە بە گوێگر. ئاماژە دەکرێت بەو واتایەی، کە قسەکەر مەبەستیەتی. جۆرێك لە کاردانەوە دروست دەبێت بەرامبەر ئەم واتایە لە لایەن گوێگرەوە (حافظ اسماعیل ٢٠١١: ٩٩). ئەم هەڵوێستە دەچێتە دوای قسەکردنەوە. دوای دروستکردنی کاریگەری لای گوێگر چ کاردانەوەیەك ئەنجامدەدرێت؟

واتای سەرزاری ڕستەکان وەسفین، بەڵام سیاق واتای جیاوازیان پێدە بەخشێت. (ئوستن و سیریل) بیریان لە ئەنجامدانی کارەکە کردەوە وەك کاریگەری هێزێکی جێبەجێکار، ئەمەش تەنها کردە زمانییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو پارازمانییەکانیش دەگرێتەوە.

**٢-٢-٥- کردەی قسەیی بەڵێندان :**

ئەگەر کردەی قسەیی یەکەیەکی بنەڕەتی بێت بۆ تێگەیشتنی زمان، ئەوا دەتوانرێ وەسفی ڕاستی ئەم تێگەیشتنە ئاڵۆزانە بکرێت، کە گفتوگۆکردن و بە دواداچون و بەدوایەکهاتنی کردەی قسەیی دەخاتەڕوو. لە ڕێگەی کردە جۆراوجۆرەکانی بەدواداچوونەوە دەست بەکردەی بەدەقکردن دەکرێت، ئەمە تایبەتە بە بابەتی تیۆری بونیادنانی دەق.

هەروەها لێکۆڵینەوە لە ڕێساکانی کردەی قسەیی و مەرجەکانی دەبنە هۆکارێك بۆ ڕێزمانێکی گونجاو، شیکردنەوە لە کردەی قسەیی دەبێتە بنەڕەتێکی پڕاکتیکی بۆ بونیادنانی تیۆری کردەی قسەیی. دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لە ڕێبازی کلاسیکی شیکردنەوە بکرێت لەلای سیرل(١٩٧١)، کە بەشێوەیەکی دوورو درێژ، ئاماژەی بە ڕوونکردنەوەی یاساکانی دامەزراندنی کردەی بەجێهێنان دەکات، لە کردەی(بەڵێندان) سیرل ئاماژەی بەچەند مەرجێك کردووە، بۆ کردەی بەڵێندان (Searle 1971:88). کاتێك قسەکەر گوزارشت لە مەبەستێك دەکات بە ڕستەیەك گوێگر پێشبینی بابەتەکە لەڕێگەی دەربڕینێکی ڕاستەوە دەکات. ئەمەش بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە :

١- مەرجی هاتن وچوونی ئاسایی: (وەرگرتن و دانەوە) ئەم مەرجە پەیوەندی بەهەردوو لایەنی قسەکەرو گوێگرەوە هەیە، کە هەردووکیان توانای قسەکردنیان هەبێت بەو زمانەی بەکاریدەهێنن. دەبێت قسەکەرو گوێگر بگەنە بارێکی ڕاستی و دڵسۆزی. سیرل دەربڕینە ڕاستیەکان دەخاتەڕوو بەلایەنێکی نەرێنیان دەزانێت، ئاماژە بەو هەڵوێستانە دەکەن، کە دەربڕینەکانیان کەمتر ڕاستی تێدا بەدیدەکرێت وەك ؛ بەشداریکردن لەیارییەك، فێربوونی زمانێك، وتنی قەسیدەیەك، یان مەشقپێکردنی دەربڕین. هەروەها باس لە دەربڕینە دڵسۆزییەکان دەکات بەرامبەر بەو دەربڕینانەی، کە خوازەن.

٢- قسەکەر لە دەربڕینی ڕستەدا گوزارشت لە ڕووداوێك(بابەتێك) دەکات. ناوەڕۆکی کردەی مەبەست بریتییە لە بابەتێك، بەڵام دەربڕینی خودی بەڵێندان بە تەنها بەس نییە بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەیە، هەمیشە کەسێك یان شتێك تێدا بەشدارە بۆ بەجێگەیاندنی.

٣- قسەکەر گوزارشت لە بابەتێك دەکات، هەوڵی جێبەجێکردنی کارێك دەدات لە داهاتوودا. کردەی بەجێهێنانەکە تەنها پەیوەست نییە بەمەبەستی بابەتەکە، بەڵکو دیاریکردنی ئاڕاستەی مەبەستەکە و سیمای دیاریکراوی بابەتەکەش بەدواداچونی بۆ دەکرێت، پێویستە لەباری بەڵێنداندا ناوەڕۆکی بابەتەکە گوزارشت لە داهاتوو بکات، چونکە ئەنجامدانی کارەکە دەکەوێتە دوای قسەکردنەکە. ئەگەر قسەکەر بەڵێنەکەی گوزارشت لەکاتی ڕابردوو دابێت، ناتوانرێت ئەو بەڵێنە لەلایەن کەسێکی تر ئەنجام بدرێت. قسەکەر هەمیشە بەڵێنەکە بە ناوی خۆی دەخاتەڕوو .سیرل (Searle 1971:88) مەرجی (٢ -٣ ) تایبەت دەکات بە ناوەڕۆکی بابەتەکە، زۆربەی کردەقسەییەکان داوای ناوەڕۆکێکی بابەتیانە دەکەن. هەندێك لە کردەقسەییەکان، پێویستە زۆر بەوردی ئاماژە بە کاتێکی دیاریکراو بکەن، وەك (هەڵواسینی بڵاوکراوەکان، داواکاری، هەڕەشە، ئاگادارکردنەوە، ئامۆژگاری، بەڵێندان) ئەمانە تایبەتن بەکاتی داهاتوو. بەڵام (سوپاسگوزاری، پیاهەڵدان، سەرزەنشتکردن) ئەمانە لە کاتی ڕابردوو ئاماژەیان پێدەکرێت، واتە دوای ئەنجامدانی کارێك،کە دەبێتە ڕابردوو.

٤- جێبەجێکردنی بەڵێنەکە باشترە لە پشتگوێخستنی، کاتێك بەڵێنێك دەدرێت، بۆ ئەوە نییە، کە گوێگر بێزاربکرێت، تەنها لە بارێکدا نەبێت، کە گوێگر وا تێدەگات، کە ئەم پەیمانە مەبەستی هەڕەشەکردنە، چونکە بەڵێنی شتێك دەدرێت، کە گوێگر خۆزگەی بۆ دەخوازێت، قسەکەر دەزانێت، کە گوێگر بەڵێنێکی پێدراوە کەشتێکی ئەرێنییە و کاریگەری لەسەر تێڕوانینەکان هەیە.

٥- بەلای قسەکەر و گوێگر ڕوون نییە، کە ئەم بەڵێنە جێبەجێ دەکرێت و بە باری ئاسایی خۆیدا دەڕوات. بەڵێندان شتێکی ئاسایی نییە، دەرکەوتەیەکی دیارکراوی لە پڕە بۆ گوێگر. ئەم مەرجە گشتگیرە لەسەر هەموو کردەیەکی مەبەست جیاواز. ئەو کردانە دەگەڕێتەوە، کە پێویستە واتا مەبەستێکی ڕاشکاوانەیان هەبێت. مەرجی(٤-٥) بەمەرجی سەرەتایی دادەنێت، کە تایبەتن بە مەبەست و بونیادنانی کردەی قسەیی.

٦- دەبێت قسەکەر کارەکە(بەڵێنەکە) جێبەجێ بکات. سیرل ئەم مەرجە بە مەرجی دڵسۆزی ناو دەبات (Searle 1971:122) دڵسۆزی لە بەڵێندان نایەتەدی، ئەگەر قسەکەر مەبەستی ڕاستەقینەی لە کاری بەڵێندانەکە نەبێت.

٧- دەبێت قسەكەر پابەندبێت بەمەبەستی دەربڕینی ڕستەكە و جێبەجێكردنی كاری بەڵێنەكە. سیرل ئەم مەرجە بە (مەرجی ناوەرۆك) ناودەبات، بەشێوەیەكی ڕوونتر مەرجی ناوەرۆك بۆ بەجێگەیاندنی بەڵێنەكەیە. ئەمە پابەندبوونی جێبەجێكردنی بەڵێنەكە دەگرێتەوە، لەحاڵەتێكدا، كە قسەكەر لە بەڵێندانەكە دڵسۆزی نانوێنێت. گوێگر هەست بەوە دەكات كەقسەكەر پابەند نییە. پابەندنەبوون بە جێبەجێكردنی بەڵێن وادەكات ئەو دەربڕینە بە هیچ شێوەیەك نەبێتە بەڵێندان. خستنەڕووی پابەندبوون بە كرۆكی مەبەستی بەڵێندانەكە دادەنرێت. لەهەمانكاتدا تێشك دەخاتە سەر تەواوی بابەتەكە بۆ پابەندبوونی قسەكەر و گوێگر، كە كردەی گەیاندنیان بەجێهێناوە. كەواتە گرفتی پابەندبوونی گەیاندن، بابەتێكی سەرەكییە بۆ گوزارشتكردن و شیكردنەوەی مەرجی كردەی قسەیی.

٨- قسەكەر دەیەوێت بەگوێگر بڵێت ڕستە دەربڕاوەكە ئاماژەیە بۆ درەبڕینی ڕەزامەندی و پابەندبوونی بە جێبەجێكردنی كارەكە. واتە لە ڕێگەی ئەمەوە مەبەستەكە بكاتە بنەمای زانیاری بۆ گوێگر.

٩- ڕێساكانی واتاسازی ئەو شێوەزارەی، كە قسەكەرو گوێگر پێی دەدوێن تایبەتمەندێكی خودی زارەكەیە تێگەیشتن بەرهەمدێنن، ڕستە دەربڕاوەكە دروست و دڵسۆزانە نابێت، تەنها ئەگەر پابەندنەبێت بەمەرجی (١- ٨ ).

مەرجی(٩) پەیوەندی بەمەبەستی قسەكەرو ناوەرۆكی بابەتە دەربڕاوەكە هەیە، لەگەڵ مەرجەكانی تر، كاریگەری لای گوێگر دروستدەكەن زانیاری گوێگر لە ڕێگەی ئەو ڕستە دەربڕاوە بەدەست دێت، كە مەبەستی قسەكەرە و بەلای گوێگریش گرنگە. واتە مەرجی(٨) بەڕوونی بۆ گەیاندنی مەبەستێكی گریمانەیی نییە، بەڵكو مەبەستێكی دیاریكراوە لە ڕێگەی ناوەرۆكی بابەتەكەوە.

تێگەیشتن لە دیاردەكە جەخت لەسەر یاسای تێگەیشتنی واتاسازی ڕستەسازی و پراگماتیك دەكاتەوە، كە مەرجی سەرەكین بۆ دیاریكردنی ڕاست و دروستی مەبەستەكانی قسەكەر بۆ گوێگر. بەم شێوەیە مەبەستەكان بە دەربڕینە كردەییەكان كۆتاییان دێت، بەڵام بوونی ڕاستەقینەی حاڵەتەكان دەگاتە تێگەیشتنی مەبەستەكە بەبێ ئەوەی تێگەیشتنی خودی بابەتەكە بە تەواوی بێتەدی. دەتوانرێت بنەمایەك لەسەر شیكردنەوەی مەرجە سەركەوتووەكان دروست بكرێت بۆ بەڵێندان بە شێوەیەكی تەواو. دوو ڕێسا گریمانە كراوەكە، هەردووكیان هەمان شێوازی بونیادنانن بۆ هەمووكردەیەكی قسەیی. ڕێسای بابەتی یەكەم : دەبێت باس لە ڕووداوەكە بكرێت، واتە دەبێت هەموو كردەیەكی قسەیی پەیوەندی بە ناوەرۆكی ڕووداوەكە هەبێت. ڕیسای دووەم دەتوانین بڵێین ڕێسای جیاكارییە واتە جیاوازی كاری كردەی قسەیی بەرامبەر هەموو كردەیەكی قسەیی تر. لە دروستبوونی بەڵێنداندا، ڕێسای جیاكاری بەكاردێت، بەپێی مەرجی(٣-٤-٥-٦-٧) هەربەم شێوەیە سیمای زۆرلێكردن لەبەڵێنداندا دەبێتە جیاوازی ناوەرۆك بەم شێوەیەی خوارەوە.

داهاتووی بابەتەكە ئێستای بەڵێندان بەپێی مەرجی(٣) لایەنی ئەرێیی بابەتی بەڵێنن بە پێی ناوەرۆكی ڕێكەوتنی نێوان بەشداربوون و گەیاندن، مەرجی(٤) دەڵێت بەڵێنەكە ناوەرۆكێكی پوچی نەبێت. بەپێی مەرجی(٥) دڵسۆزی مەبەستی قسەكەرە مەرجی(٦) پابەندبوون بۆ جێبەجێكردنی بەڵێنەكە لەلایەن قسەكەرەوە مەرجی(٧) ە.

**٢-٢-٦- كردەی قسەیی بڕیاردان:**

بریتییە لە كردەی بڕیاردان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی یان بەئەنجام نەگەیاندنی كارێك، لەلایەن كەسێكەوە، كە خاوەن دەسەڵات بێت لە ئاست بابەتی ئەم بڕیارە. وەرگێڕانی هەڵوێستی قسەكەرە لە دەربڕینەوە بۆ كردار. ئەم كردەیە بە چەند دەربڕینێك گوزارشتی لێدەكرێت لە زمانی كوردیدا لەوانە؛(پێویستە، دەبێت، بڕیارمدا...هتد). بە پێی جۆری بڕیارەكە و ناوەندی بڕیاردان دوو جۆری لێجیاكراوەتەوە:

أ- بڕیاری جێبەجێكراو: ئەم جۆرە تایبەتە بە بڕیاری فەرمی، كە بە نوسراو پێشكەش دەكرێت و بە شێوەی كردار جێبەجێدەكرێت، لە دامودەزگا فەرمی وحكومییەكانەوە دەردەچێت. وەك بڕیاری دادگا، وەزارەت، بەڕێوەبەرایەتییەكان، كۆمپانیاكان ....هتد، ئەمەیان چاودێریكردن و ترسان و تكاكردن

لەخۆدەگرێت، ئەگەر یاسا لە پشت بڕیارەکەوە بێت، ئەوا بڕیارەکە ڕەتناکرێتەوە، هەردوو لایەن پێوەی پابەند دەبن.

ب- بڕیاری درکێنراو: ئەو جۆرە بڕیارانە دەگرێتەوە، کە تەنها بە گوتراو پێشکەش دەکرێت، لەناوەندی گفتوگۆکردن، کە لە نێوان کەسانی ئاساییدا ئەنجامدەدرێت، کە تایبەتە بە خودی قسەکەرەوە بۆ پابەندبوون بە بڕیارەکە، تا بە کردەیی ئەنجامبدرێت، بەڵام ئەوەی، کە تایبەتە بە وەرگر، ئەمە جۆرێکی ترە لە بڕیاردان، کە بنفنست ئاماژەی پێکردووە.

## ٢-٣- لێکەوتە ئاخاوتەییەکان Conversational Implicates

یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی پراگماتیك، کە زمانەوانەکان زۆر گرنگیان پێداوە، یەکێك لەئەرکە سەرەکییەکانی زمان جێبەجێدەکات. قسەکەر مەبەست و پەیامەکانی لە ڕێگەی گوتنەوە ئاراستەی گوێگر دەکات، "ئەو واتایەی لە گوتنەکە هەڵدەهێنجرێت زۆر زیاترە لە خودی دەربڕینەکە خۆی، گوێگرەکە ئەمە دەبیستێت گریمانەی ئەوە دەکات، کە قسەکەر هاریکارە، دەیەوێت شتێك بگەیەنێت، ئەویش ئەو واتا زیادەیەیە، کەپێی دەوترێت لێکەوتە" (Implicture) (Yule1996: 35). سەرنجدان و تێبینیکردنی ئەو واتاییەی، کە لە دەربڕینێکدا ئاراستە دەکرێت لە لایەن قسەکەرەوە، دەرەنجامەکەی ئەو واتایەیە، کە گوێگر هەڵیدەهێنجێت لە دەربڕینەکەدا، واتە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێت لێکەوتەی ئاخاوتەیی بۆ چەند شتێك گرنگە لەوانە :

١- توانای قسەکەر شیدەکاتەوە، کە ئەو واتا و چەمکەی دەگەیەنێت زۆر زیاترە لەوەی، کە دەریدەبڕدرێت( Levinson 2010: 97).

٢- لێکەوتەی ئاخاوتەیی دەتوانێت ئاسانکاری لە شیکردنەوەی بونیادی واتاییدا بکات. وەك لە بەراوردکردنی ئەم دوو ڕستەیەدا دەردەکەوێت :

**(٢٣-أ-)** *منداڵەکە بە خێرایی ڕایکرد و کەوت.*

**(٢٣-ب-)** *زستان ساردە و هاوین گەرمە.*

لەم دوو ڕستەیەدا ئامرازی لێکدەری(و) هاوبەشە لە هەردوو ڕستەکەدا، لە واتاسازیدا هەمان ئەرك دەبینن لە ڕستەکاندا، کە هەردووکیان واتای لێکدان و بەستنەوە دەگەیەنن. لە ڕستەی (٢٣-أ-)دا، (و) واتای ڕیزکردن و بەدوایەکداهاتن دەگەیەنێت، بۆیە ناتوانرێت، شوێنی ڕستەکان ئاڵوگۆڕ بکرێت، چونکە واتاکەی دەگۆڕێت، بەڵام لە ڕستەی(٢٣-ب-)دا (و) تەنیا واتای هاوبەشی دەگەیەنێت، بۆیە دەکرێت ڕستەکان ئاڵوگۆڕ بکرێت (عومەر مەحمود ٢٠٠٩ : ٥). لێکەوتەی ئاخاوتەیی چارەسەری گونجاو بۆ ئەم جۆرە کێشانە دەدۆزێتەوە (Levison 2010:98) یەکێك لە بیرۆکە گرنگەکانی پراگماتییك، کە خاسیەتی کورتبڕی تێدا کۆدەبێتەوە. ئەوەی مەبەستە زیاتر لەوەی وتراوە، لەودیو فۆرمە زمانییەکانەوە هەڵوێستەی لەسەر دەکرێت. لە دەقەکاندا نوسەر بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی زیاتر گرنگی بەم سیمایەی پراگماتییك دەدات. بایەخی واتای لێکەوتە لەدەربڕینی چۆنییەتی شیاوی واتاو مەبەستەکاندایە، تا چەند خوێنەر پەی بە واتا شاراوەکانی دەقەکان دەبات (تریفە عومەر ٢٠٠٨ : ٧٢). (گرایس) پێیوایە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی دەوترێت لەگەڵ ئەوەی، کە مەبەستە، ئەوەی، کە مەبەستە ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەریدەبڕێت، بەڵام گوێگر دەبێ توانای ئەوەی هەبێت ئەم واتایە هەڵێنجێت، کە قسەکەر مەبەستیەتی بە پشت بەستن بە بنەماکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. "لێکەوتەی ئاخاوتییەکان بە پشت بەستن بەژمارەیەکی، کەم لە بنەماکان دەتوانرێت وتەی زۆرو جۆراو جۆر شیبکاتەوە". (Leech 1983:8)

### ٢-٣-١- بنەماکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی

بنەماکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی بۆیەکەم جار لە لایەن(گرایس) سەریهەڵدا، دوو جۆر واتای گوتراوی لێکجیاکردۆتەوە، واتای گوتراو و واتای شاراوە، واتای ڕێزمانی دێتە ئاراوە، ئەم تیورە لە لای گرایس بە بنەماکانی هاریکاری(Completive Principle) ناودەبردرێت، کە دەقی تیۆرەکە بەم

شێوەیەیە :"باگوتنەکەت هێندەبێت لەو شوێن و کاتەدابێت، و بەو جۆرە بێت، کە پێویستی تێگەیشتن دەیەوێت". (محمد معروف فەتاح ٢٠١٠: ٤٢٤).
لە هەموو ئاخاوتن و قسەکردنێکدا دوو کەس بەشداریدەکات؛ قسەکەرو گوێگر، قسەکەر پەیامێك ئاراستەی گوێگر دەکات، واتای مەبەستەکە دەخرێتە ڕوو، بە هاریکاری گوێگر لە پرۆسەی ئاخاوتندا. گەیشتن بە واتای هاوبەش لە ئاخاوتندا لە ڕێگەی بنەماکانی هاریکاری دەبێت، گرایس ئەم بنەما گشتییەی هاریکاری بۆ چەند بنەمایەکی وردتر(Maxim) دەستنیشانکردووە، کە بریتین لە :
١- بنەمای چەندێتی Quantity :
مەبەست لەم بنەمایە، بڕی ئەو زانیارییەیە، کە پێویستە لە ئاخاوتنەکەدا هەبێت، نابێت زانیاری زیاتر ببەخشێت لەوەی، کە پێویستە. ( Griece 1975 :45).
٢- بنەمای چۆنییەتی Qualitive :
(با گوتنەکەت ڕاست و دروست بێت) بە پێی ئەم دوو یاسایە جێبەجێدەکرێت :
أ- شتێك مەڵێ، کە پێتوایە نادروستە.
ب- شتێك مەڵێ، کە بەڵگەی تەواوت لەسەر دروستی نییە،واتە نابێت گومانت لە ڕاستی دەربڕینەکان هەبێت.
٣- بنەمای پەیوەندی Relation
دەبێت گوتنەکە گونجاوبێت بۆ ئەو شوێنە بگونجێت، کە تێیدا دەوترێت، نەك بابەتەکە بگۆڕێت.
٤- بنەمای شێواز Manner :
١- خۆت بەدوور بگرە لە دەربڕینی لێڵ.
٢- دەبێت گوتنەکەت ڕوون و ئاشکرا بێت دوور بێت لەوەی، کە لە لێکدانەوەیەك زیاتری بۆ بکرێت.
٣- گوتنەکەت کورت و پوخت بێت.
٤- گوتنەکانت ڕێکخراوبن، واتە ڕووداوەکان ڕیزکرابن.
گرنگە ئەو بنەمایانە بزانرێت، چونکە لەکاتی قسەکردندا گریمانەی دیارینەکراو دێتە ئاراوە. پێشبینی ئەوە دەکرێت، خەڵکی لەکاتی قسەکردندا بەشێوەیەکی ئاسایی زانیاری تەواو و گونجاو بخەنەڕوو، ڕاستی دەڵێن و قسەکانیان پەیوەندیدارە. هەوڵدەدەن قسەکانیان بەڕوونی بکەن، چونکە ئەم بنەمایانە لە ناو کارلێکی گفتوگۆکاندا بە دەگمەن ناویان دەهێنرێت، هەرچەندە دەربڕینی دیاریکراو هەیە، کە قسەکەران بەکاریان دەهێنن بۆ نیشانەکردن،خۆیان بەدوور بگرن لە پابەند نەبوونیان بەو بنەمایانە، بەو جۆرە دەربڕینانە دەوترێت(Hedges) پەرژین (Youl1996 : 37-38)

**٢-٣-٢- جۆرەکانی لێکەوتە :**
بنەمای هاریکاری ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دابەشکردنی جۆرەکانی لێکەوتەدا، جێبەجێکردنی بنەماکانی هاریکاری جۆرێك لە لێکەوتە و ئەنجامی لێدەکەوێتەوە، کە جیاوازە لەو بارەی، کە بنەماکانی هاریکاری تێدا جێبەجێناکرێت و جۆرە ئەنجام و لێکەوتەیەکی تری لێدەکەوێتەوە (محمد معروف فەتاح،٢٠١٠ : ٤٢٥).
گرایس دوو جۆرلێکەوتەی دەست نیشانکردووە :
١- لێکەوتەی ستاندەر Standard implicature
لێکەوتەی ستاندەر لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بنەماکانی هاریکاری بنەما وەردەکانی ترەوە دێتەکایەوە( Grice 1975 : 45) وەك :
**(٢٤-أ-)** *سارا : وانەکانت نوسیوە؟*
**(٢٤-ب-)** *تارا : بەڵێ*
(تارا) گوێگر بە تەواوی لە واتای پرسیارەکەی(سارا) گەیشت، چونکە بنەماکانی چەندیەتی و چۆنییەتی و پەیوەندی و شێوازی تێدا جێبەجێکراوە.
١- جێبەجێکردنی بنەمای چەندێتی :
**(٢٥)** *ئازاد بەشێك لە ڕۆمانەکەی خوێندەوە.*

لەم ڕستەیەدا ئاماژە بە خوێندنەوەی بە شێك لە ڕۆمانەكە كراوە نەك هەمووی، بنەمای چەندایەتی تێدا جێبەجێكراوە.

٢- جۆری دووەم ئەو لێكەوتانە دەگرێتەوە، كە پەیوەستە بە جێبەجێنەكردنی ئەم بنەمایانە، واتە بەزاندنی بنەما وردەكانی هاریكاری، چەند لێكەوتەیەكی تری لێدەكەوێتەوە (بڕوانە لا ١١٢).

### ٢-٤- تیۆری گێڕانەوە لای لابۆڤ (Labove) [٨]:

گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهات و چیرۆك و ڕۆمان بە درێژایی مێژوو زۆر شێوازی جیاوازی لەخۆگرتووە، تاگەیشتۆتە ئەو قۆناغەی، كە جۆرەها تەكنیك بەكاربهێنرێت لە گێڕانەوەدا. ئەمەش لێكۆڵەر دەخاتە نێو شیكردنەوەیەكی ئاڵۆز، بۆیە چەند بیردۆز و مۆدیلێك هاتنەكایەوە، كە كاری شیكردنەوە ئاسان بكەن. لێكۆڵینەوە لە گێڕانەوەدا پشت بە كۆمەڵێك چالاكی مرۆیی دەبەستێت، وەك گێڕانەوەی چیرۆكی میللی و داستان و گێڕانەوەی یادەوەری بەشێوەی زارەكی یان هۆكاری تری ڕاگەیاندن. بۆ ئەم مەبەستە سود لە توانا بنەڕەتییەكانی مرۆڤ وەردەگرێت، بۆ گواستنەوەی شارەزایی لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر، لە ڕێگەی گێڕانەوەی زارەكی.

مێژووی ئەم جۆرەی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی زارەكی، كە پێشتر باوبوو. "لە بیردۆزی گێڕانەوەی لابۆڤدا لە ساڵی(١٩٧٢) دا سروشتی گێڕانەوە پەرەیسەند بۆ شێوازی گێڕانەوەی زارەكی، كە لە لایەن ئەمریكییەكی ڕەشپێست ئاماژەی پێكراوە، ئەمەش سودبەخشبوو بۆگێڕانەوەی نوسراو. (برات) لەساڵی ١٩٧٧ یەكەم كەس بوو، كە ڕەچاوی ئەم جۆرە پەیوەندییەی كرد بەدەقە ئەدەبییەكانەوە. لابۆڤ پێناسەی گێڕانەوە دەكات بەوەی، كە بەلایەنی، كەمەوە لە دوو ڕیز گرێ پێكدێت، وەك ئەوەی بەدوایەكهاتنی گرێیەكان پێچەوانە دەكاتەوە، كە دەبێتە هۆی گۆڕینی بیرۆكەكە" (Black 2006:39)، ئەم بۆچونە ئاماژە بەوە دەكات ڕیزكردنی ڕووداوەكان بەپێی كات و شوێنە، شیكردنەوەیەكی دروست دەخاتەڕوو بۆ چیرۆكە نوسراوەكان. ئەم ئاماژە و بنەمایانە، كە لەم بیردۆزەدا بەدیدەكرێن، تەواوی گێڕانەوە ڕاستەقینەكان دەخەنەڕوو بە پێی ڕیزبەندی شیكردنەوەی بنەماكان.

مۆدیلی گێڕانەوە لای لابۆڤ لەسەر بنەمای شیكردنەوەی چیرۆكە زارەكییەكان بونیادنراوە، پێشنیازیكرد، پێكهاتەی تەواوی گێڕانەوەی زارەكی بە گشتی لە شەش بنەما پێكدێت :

١- پوختە Abstract : ناوەرۆكی چیرۆكەكە دەربارەی چییە ؟

٢- ڕیزكردن، كێ، كەی، لەكوێ، چی ؟

٣- ئاڵوزبوونی ڕووداوەكان Complicating : پاشان چی ڕوویدا ؟

٤-هەڵسەنگاندن Evaluation : دواتر چی ؟ چۆن سەرنجڕاكێش دەبێت؟

٥- ئەنجام یان بڕیار Result : لە كۆتایدا چی ڕوویدا ؟

٦- كۆدا Coda: بڕگەی كۆتایی گێڕانەوەیە گەڕانەوە بۆ خانەكانی سەرەوە.

.( Misra 2012 : 88-89).(Labove1972:363)

زۆر جار گێڕانەوەی دەقە ئەدەبییەكان لە مۆدیلێكی دیاریكراودا چەقبەستو دەبێت، هەست بە بوونی تەكنیكی بەدوایەكهاتنی ڕووداوەكان ناكرێت، ئەمە لە چێژی چیرۆكەكە كەم دەكاتەوە. بۆیە لابۆڤ هەوڵیداوە گێڕانەوەیەكی نمونەیی بەرجەستە بكات، لە ڕێگەی ڕووداوی پەیوەندیدار و بەدوایەكداهاتوودا، ئاماژە بەگۆڕانكاری ڕووداوێك بۆ ڕووداوێكی تر بكات. ئەم گۆڕانكارییە بارێكی سەرنجڕاكێش دروستدەكات.

---

[٨]- William "Bill" Labove زمانەوانێكی ئەمریكییە، لە ساڵی ١٩٢٧ لە دایكبووە، زۆربەی نوسینەكانی تایبەتە بە زمانەوانی كۆمەڵایەتی، هەر لەم ڕوانگەشەوە تیشكی خستۆتە سەر گێڕانەوە. گرنگترین بڵاوكراوەكانی:

1- Sociolinguistic Patterns 1972

2-. Narrative analysis 1967.

3- Language in the inner city 1972.

3- Principles of linguistic change 1994.

١- تایبەتمەندی(پوختە) بریتییە لە کورتکراوەی چیرۆکەکە. لە کاری ئەدەبیدا هەندێکجار ناونیشان دەتوانێت ئەم پوختەیە بخاتەڕوو. لە هەندێك دەقی گێڕانەوەدا لە بەشی پێشەوە بە چەند ڕستەیەك ئاماژە بە پوختەی ڕووداوەکە دەکرێت، ئەم پوختەیە بەشێك لە واتای دەقەکە دەخاتەڕوو ، ئەگەر ئەم واتایە کەمیش بێت، کاریگەری گەورە دروستدەکات بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەر بۆ بەردەوامی پرۆسەی خوێندنەوە. "مەرجێکی سەرەتاییە لە گێڕانەوەی ڕاپۆرتیدا، کە پوختەی زنجیرەی ڕووداوەکانی تێدا دەگێڕدرێتەوە. ئاراستەیەکە زانیاری سەبارەت بەشوێن و کاتی گێڕانەوەکە دەخاتەڕوو، ناسنامەی بەشداربوان و ڕەفتاره سەرەتاییەکان نیشاندەدات" (Labove1972:363).

٢- ڕیزکردن: زانیاری دەگەیەنێت دەربارەی(کێ، چی، کەی، لە کوێ)، کە گێڕانەوەکە دەناسێنێ، ئەو تەکنیکە دەدۆزێتەوە، کە لە گێڕانەوەکەدا بەکارهاتووە. بەهۆی ڕیزکردنی ڕووداوەکان دەتوانیت بگەیتە وەڵامی پرسیاری کێ پاڵەوانە و چی دەکات ؟ لە چ کاتێك شوێنی ڕوودانی کارەکە دەخاتەڕوو ؟ ئاماژەکردن بەکاتی گێڕانەوەکە لە تافی ڕابردوودابوو، یان تەکنیکی گێڕانەوەکە کار لە گۆڕینی کاتەکە دەکات؟ دەبێت تێبینی ئەوە بکەین، کە قەبارەی گێڕانەوەکە خۆی لە خۆیدا ئامرازێکی هەڵسەنگاندنەکە دەبێت، بۆیە زیاتر جەخت لەم لایەنە دەکرێتەوە، کە گێڕەرەوە مەبەستیەتی "ناوەرۆکی گێڕانەوەکە، کە بریتییە لە ئاڵۆزبوونی ڕووداوەکان، لێرەدا یەکێك پێشبینی دەکات، کە گرێیەکانی گێڕانەوەکە بدۆزێتەوە"(Black 2006:40). یەکێك لە خاسیەتەکانی ڕۆمانی سەردەم ئەوەیە، کە ڕووداوەکان چڕوپڕ و ئاڵۆزبن. لێکۆڵەر ماندودەکات، تا دەگاتە لێکجیاکردنەوەی ڕووداوەکان و کردنەوەی گرێیەکان. ئەمە ئاماژەیە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی گێڕانەوەکە. ئەم ئەنجامەش نیشانەی کۆتایی هاتنی چیرۆکەکەیە، دەرەنجامی سروشتی ڕووداوەکانی پێشوە.

٣- کۆدا Coda: کۆتا خولە، مەبەست لە ڕێکخستنی ژیانی کارەکتەرەکانی چیرۆکەکەیە، ئەمە لە ڕۆمانی کۆندا زۆرباو بووە، بەڵام ئێستا بەم شێوەیە نییە، چونکە چیرۆکی ئەفسانەیی، کەمبۆتەوە خۆشحاڵی ژیان و ڕووداوی ڕاستەقینەی لەمەودوا، دەبێتە کۆدای نمونەیی. "مەرجی کۆتاییە، گێڕانەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی قسەکردن بە بێئەوەی پرسیار لەوە بکات، کەدواتر چی ڕوودەدات؟ چەند کۆدێك لە گێڕانەوەدا چالاکن، کە دەبنە وەڵام بۆ پرسار، ئەگەر گێڕانەوە، ڕاپۆرتێکی ڕووداوەکان بێت، بۆچی ڕستەکان گوزارشت لە ڕووداوەکان دەکەن؟ لە ژێر چ بارێکدا و پەیوەندی لاپەڕەکان و پەیکەری چەمکە کۆمەڵایەتی و سۆزییەکان دەبنە پێوانە؟" (Labove1972:363). دوای کۆتایی هاتنی خوێندنەوەکە، خوێنەر هەوڵدەدات بڕیارێکی تایبەت بۆ ئەم جۆرە گێڕانەوەیە بخاتە ڕوو.

٤- هۆکارەکانی هەڵسەنگاندن: کۆمەڵێك فاکتەر هەن، کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە هەڵسەنگاندنی گێڕانەوەکەدا. لابۆڤ ئامرازی هەڵسەنگاندنی بۆ دوو جۆر دابەش دەکات :

أ- ئامرازی هەڵسەنگاندنی دەرەکی: ئەو جۆرە تەکنیکانە دەگرێتەوە، کە گێڕەرەوە بە کاریدەهێنێت وەك ئەوەی کاتێك "گێڕانەوەکە ڕادەگیرێت بۆ زەقکردنەوەی گرنگی ئەو ڕووداوانەی، کە لە پێشتر لە گێڕانەوەکاندا باسکراون" ( Black, 2006 :40 ). زۆر جار ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە گێڕانەوەی، کەسی یەکەمدا بەرجەستە دەبێت. کەسییەتی بە پێی ئەو پێگەیەی، کە لەنێو ڕووداوەکاندا هەیەتی، ڕۆڵی گرنگی خۆی دەگێڕێت لە ڕەوتی گێڕانەوەکەدا لە هەندێك ڕۆماندا ئەرکی گێڕانەوە دەکەوێتە سەرشانی یەکێك لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە، بۆیە وا پێویست دەکات جێناوی، کەسی یەکەمی قسەکەری(من) بەکاربێت. (مێشێل بۆتۆر) دەڵێت: "جێناوی من دەمانگوێزێتەوە بۆ ناوەوە، ئەم کەسێتیە تەنها دەتوانێت ئەوەمان بۆ بگێڕێتەوە، کە دەربارەی خۆیەتی". (میشال بوتور ١٩٧١ : ١٠٤- ١٠٥). وەك لە ڕۆمانی (دوواهەمین هەناری دونیا) ی(بەختیار عەلی)دا دەبینرێت. کەسێتی (موزەفەری سوبحەدەم)، کە ئەرکی گێڕانەوەی بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی گرتۆتە ئەستۆ، جۆرێکی تری گێڕانەوە لە لایەن(چیرۆك گێرەوەی هەمووشتزان) دەبێت."واتە تەنها لە ڕوانینی خۆیەوە تێبینی، کەس و ڕووداوەکان بکات و سەرنجەکان ئاراستە بکات، ئەمە شێوازی گێڕانەوەکەی بابەتی دەبێت" (پەرێز سابیر٢٠٠١ : ٢٤٢). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە گێڕەرەوەکە یەکێك نییە لە کارەکتەرەکەی ناو ڕووداوەکان، چونکە خۆی بە دوور دەگرێت لە نزیکبوونەوە لە ڕووداوەکان. هەر لە دوورەوە چاودێری چوارچێوەی گێڕانەوەکە دەکات. ئەمە زیاتر لە ڕۆمان و چیرۆکە کۆنەکاندا بەدی دەکرێت. "لە گێڕانەوەی زارەکیدا، ئەوەی قسە دەکات، بیروڕای هەڵسەنگاندن دەخاتە پاڵ کەسێکی تر، کە کارەکتەری سەرەکی نییە لە چیرۆکەکەدا،

یان ڕووداوەکە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، بەهۆی چالاکی کارەکتەرەکانی ترەوە" ( Labov 1972:373).

ب- ئامرازی هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی :

ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە کە لە ناوەوەی دەقەکەدا دەکرێنە پێوانە بۆ هەڵسەنگاندن. "تۆلان پێشنیازی کرد، کە ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی زیاتر وردترن لە ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی دەرەکی. ئەمە بۆ گێڕانەوە زارەکییەکان ڕاستن. "لە ناو ئامرازی ناوخۆییەکاندا بەراورد لە نێوان پێکهاتەکاندا دەکرێت. وەك(حالەتی نەرێ، کاتی داهاتوو، کارە یاریدەدەرەکان)، کە بەشێوەیەکی کاتی گێڕانەوەکە هەڵدەپەسێرن، تا دوور بکەونەوە لە دێرەکانی چیرۆکەکە. دەکرێ لە نێو دایەلۆگدا بێت یان لە دەقی ناڕاستەوخۆدا یان لە دەنگی گێڕەرەوەدا" ( Black, 2006 :42 ).

لە ڕۆمانی(مەرگی تاقانەی دووەم)ی(بەختیار عەلی) دا خودی ناونیشانەکە ئاماژەیە بۆ مەرگی، کەسێك، کە بە تاقانەی دووەم ناودەبرێت. ڕووداوەکە باس لە کوژرانی ئەم کەسایەتییە دەکات. هەر لەم ڕۆمانەدا ئەم جۆرە تەکنیکانە دەبینرێت، کە لە نێو ڕووداوەکاندا تێکەڵی وئاڵۆزی بەدیدەکرێن. ڕیزبەندی ڕووداوەکان لە دوای یەکتردا نایەن. کاتێك یەکێك لەو کەسایەتییانە باس لە ڕووداوی کوشتنی ئەشرەف دەکات، لە هەندێك شوێندا گێڕانەوەکە لەلای خۆدی ئەو کەسایەتییە دەکرێت. گێڕرەوە پەنا دەبات بۆ ئەو دایەلۆگەی، کە لە نێوان ئەشرەف و ئەحمەددا هەیە، وەك لەم دەقەدا دەبینرێت

(٢٦) *"ئەشرەف. . . بۆ ساتێکی ئێجگار کورت سەیری ئاسمانی کرد و بینی هەموو ئەستێرەکان کوژاونەتەوە دڵنیا بوو، کە ئەمە دواهەمین شەوی ژیانێتی. . .((ئاهـ ئەحمەد ئەستێرەکان کوژاونەتەوە)). ئەحمەد پاڵێکی پێوەناو گوتی: ((کەواتە کاتی ئەوە هاتووە وەکو سەگێکی زۆڵ بتۆپێت)). ئەمە دواهەمین ڕستە بوو، کە ئەشرەف و ئەحمەد لەگەڵ یەکدیدا گۆڕیانەوە"* (بەختیار عەلی، ٢٠١٥ : ٤٩).

لێرەدا گێڕەرەوەی ئەم ڕووداوە، شێوازی گێڕانەوەکەی کرد بەدایەلۆگی نێوان (ئەحمەد و ئەشرەف) بۆ ئەوەی وردتر باس لە ڕەوتی ڕووداوەکە بکرێت، لە لایەن خودی کارەکتەرەکە خۆیان باس لە ڕووداوەکان دەکەن، ئەمەش کاریگەری زیاتر لەلای خوێنەر دروست دەکات، چونکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەر دەدوێت. لەسەرتا بەشێوەی جێناوی کەسی سێیەمی تاکی(ئەو) باس لەو ڕووداوە دەکات. بەڵام کاتێك خویان دەکەونە قسەکردن، ئەم جێناوە دەبێت بە(من) واتە شێوازی گێڕانەوەکە دەگۆڕێت.

تەکنیکی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا لە ئاستێکدایە، کە خوێنەر زۆرماندوو دەکات، بۆ ئەوەی دەستنیشانی، کەسایەتییەکان و گێڕەرەوەکان بکات، ڕووداوەکان بەزنجیرەی یەك بەدوایەك دانەهاتوون، هەندێکجار باسی داهاتووی ڕووداوە ڕابردووەکان دەکرێت، نەك تەنها پابەندبێت بەکاتی ڕابردووەوە.

(٢٧) *"ئیتر ماوەیەك بوو ئەو گەردەلولە پڕ نهێنیە هەڵیکردبوو، ماوەیەك بوو دەنگی ئەشرەف بۆ هەتاهەتایە خەفە بووبوو، دەمزانی، کە چیدیکە کەس ناتوانێت هەڵەیەك ڕاستبکاتەوە، کە ژیان و زەمەن و پیسی مروڤ چنیبووی"* (بەختیار عەلی، ٢٠١٥ : ١٢١ ).

لە نمونەی (٢٧)دا ئاماژە بەکاتی دوای کوژرانی ئەشرەف دەکات، کە (کەس ناتوانێت هەڵەیەك ڕاستبکاتەوە). (ناتوانێت) واتە لە داهاتوودا ئەم دوو کارە بەرجەستە ناکرێت. (ڕاستبکاتەوە) ئەم ڕووداوە پێش ڕووداوە ڕابردووەکە کەوتووە، لە ڕوانگەی پراگماتیکییەوە، ئەم کاتە دەچێتە دوای ئەنجامدانی ڕووداوەکە.

هەندێکجار ئەم دیاردەیە لە گێڕانەوەدا، خۆی لەپێشبینیدا دەبینێتەوە، لەوانەیە ئەم پێشبینیە بێتە دی یان نەیەتە دی. وەك :

(٢٨) *"بەنیگای کوژراوی ئەژدیهایەکی خەوتووەوە، کەڕاستی خۆی لە تاریکستانیدا حەشاردابوو دەیڕوانی و خۆی دەدا بەسەر مەیتەکەدا، ئەو مردووە پەرێشانەی وامان هەستکرد دەیەوێت خۆی لە چنگی ڕابسکێنێت"* (بەختیار عەلی، ٢٠١٥ : ١١٦).

گێڕەرەوە بە جێناوی، کەسی سێیەمی تاك قسەدەکات، باس لە کەسایەتی(سەعید) دەکات، کە بۆمەرگی براکەی دەگری و خۆی بەتەرمەکەیدا دەدات. بەڵام بەهۆی زۆری زانیاری گێڕەرەوە سەبارەت بە کوژرانی(ئەشرەف) کە(سەعید) تێیدا بەشداربووە، پێشبینی ئەوە دەکات، کە تەرمەکە خۆی لە دەستی سەعید ڕادەپسکێنێت.، کە ئەمە لە خاڵێکدا باس دەکرێت، بەڵام نایەتەدی.

ئەو کاتە فیزیکییەی، کە ڕووداوەکان پێیدا تێدەپەڕن نەگۆڕن و ناتوانرێت دەستکاری بکرێت. بەڵام لە کاتی گێڕانەوەدا، سروشتی کاتەکان وەك خۆیان نامێننەوە. ئەو ڕیزبەندییە لە دەست دەدەن، کە بە هۆی ئەو تەکنیکەی، کە گێڕەرەوە بەکاریدەهێنێت. ئەمەش وادەکات، کە ئاڵۆزی لە ڕووداوەکاندا بەدی بکرێت."زۆر جار گێڕەرەوە لە ئێستای گێڕانەوەدا دەستپێدەکات و لەجیاتی ئەوەی بەرەو ئاینده بڕوات، دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، دواتر بازدەدات بۆ ئاینده و دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی گێڕانەوە" (جلال انور سعید، ٢٠٠٦ : ٥٤).

کاتی ئێستاو ڕابردوو لە نێو گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنرێت، بەڵام کاتی داهاتوو کەمتر دەبینرێت. داهاتوو لەو ڕۆمانانەدا بەرچاو دەکەوێت، کە ئاماژە بە تێبینیە زانستییەکان دەکەن، یان ئەو ڕۆمانەی، کە گێڕەرەوە دەچێتە ناخی، کەسایەتییەکان و لایەنی دەرونیان لێکدەداتەوە، هەست بەخەیاڵی داهاتووی ئەو کەسانە دەکات. خوێنەر هەمیشە هەوڵدەدات بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێت، کە لە خودی گێڕانەوەکەدا دەبینرێت. "لابۆڤ دەستنیشانی ئەوهەستەی خوێنەردەکات، حەز دەکات، کە شوێنی دێڕێکی تایبەت یان بیرۆکەیەك بکەوێت وەك؛ خوازە، گاڵتە، جۆرێکی تر، کە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەبێت بۆ ئەوەی لە پاڵەوانەکە بگات" ( Black, 2006 : 41).

**٢-٥- ناونیشان**

ناونیشان یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی دەقی هاوتەریب، دەروازەیەکی بنەڕەتییە بۆ خوێندنەوەی داهێنانە ئەدەبییەکان. لە سەرەتا ناونیشان تەنها وەك نیشانەیەك سەیر دەکرا، کە لەسەر پەرتوك و دەقەکان دادەنران. ناونیشان وەك بابەتێکی زانستی پەراوێز خرابوو. درك بە ئەرك و گرنگی ئەم بابەتە نەکرابوو. تا دواتر لەلایەن چەند لێکۆڵەرەوە و ڕۆشنبیرێکی ڕۆژئاوایی ئەم بابەتە کەوتە بەر تیشکی سەرنج و بۆچونەکانیان لە وانەش(جیرارجینت G. Gentte ولیۆهۆك و هنری متران H. Metteran و لوسیان گۆڵدمان L. Goldmann و شارڵ گریفل CH. Grivel و ڕۆجر دووفر Roger Rofer.

ناونیشان لە سەرەتای هەموودەقێکدا جێگیر دەکرێت، لە پێناوی ئاماژە پێدانی جوانی ناوەرۆك بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەری مەبەست(جمیل حمداوی١٩٩٧: ٧٩). لیوهۆك دەڵێت: "ناونیشان کۆمەڵە نیشانەیەکی زمانەوانییە(وشە - ڕستە - دەق) لەخۆدەگرێت، بەشی سەرەوەی دەقەکەی بۆ تەرخان دەکرێت. ناوەرۆکی گشتی بەخوێنەر دەناسێنێت" (عامر ڕضا ٢٠١٤ : ٩١). ناونیشان بریتییە لە پەیامێکی زمانی ناسنامەی دەق دیاریدەکات. ئاماژە بە ناوەرۆکی دەقەکە دەکات، ئەمەش دیاردەیەکە واتای ناوەوەی ناوەرۆکی دەق دەخاتەڕوو.

ناونیشان جۆرێکە لە جۆرەکانی دەقی تەریب( Paratext)[٩] کە دەوری دەقی سەرەکی دەدەن، "یەکەم بەیەك گەیشتنی فیزیکی هەستپێکراوە لە نێوان دەق و خوێنەر تاکە ڕێنیشاندەر و دەروازەی گوزەرکردن بۆ چوونە نێوجیهانی دەق و بەشدارە لەڕوونکردنەوەی ئاماژەکانی دەق ئاشکراکردنی واتاو مەبەستە شاراوەکانی لە ڕووی چەمك و لێکدانەوەو پێکهاتەی دەق" (بێری یاسین ٢٠١٢: ٨١). ئەو ڕستە یان گرێیەی، کە بووە بە ناونیشانی دەقێك، ئاماژەیەکە بۆ دەقێکی بچوککراوەی دەقە سەرەکییەکە، کە لە گۆشەیەکی ناوەرۆکی بابەتی دەقەکەدا ئەم ڕستەیە یان گرێیە دووبارەدەبێتەوە.

هیچ دەقێك بەبێ ناونیشان نابێت، چونکە دەستپێك و خولقاندنی هەردەقێك لە ڕێگەی ناونیشانەکەیەوە بەرجەستەدەکرێت، واتە دەق و ناونیشان تەواوکەری یەکترن. بەوپێیە پێکهاتەی ناونیشان نیشانەی سیمۆتیکای[١٠] زمانە، بۆیە دەبێ لێکۆڵەر خوێندنەوەی تایبەت بۆ نیشانەکان و چۆنییەتی بەکارهێنانیان بکات لە بونیادی هەر دەقێکدا ناونیشان بەشێکی سەرەکی و گرنکە، ئاماژەپێدەرە بۆ خستنەڕووی ئەو واتا

[٩]- دەقی هاوتەریب ( Paratext) ئەو دەقانە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ دەقی سەرەکییدا دەردەکەون، "ئەمەش لە ڕێگەی کەرەسەی زمانییەوە، بەکاردێت،لەو دەوروبەرەی کە ئاماژەکە گوزارشتی تێدا دەکات. جا لە ژینگەی فیزیکی یان سیاق بێت" ( Yule 1996:21 ).

٢- زاراوەی (semiotics) لە بواری زانستی هێماکاندا کاردەکات، بۆ یەکەم جار لە لایەن زمانەوانی ئەمریکی (شارل ساندرس) لە ساڵی ١٩١٤دا بەکارهێنراوە.

شار اوانەی، کە خوێنەر لە دەستپێکی خوێندنەوەکە لە لای ڕوون نییە. "ئاوێنەی پێکهاتەی دەقە و کلیلی مامەڵەکردنە لەگەڵ دەق لەڕووی واتاو هێمادا، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە نەهێشتنی تەمومژی دەق و ئاشکراکردنی واتا پراگماتییەکانی"(بێری یاسین ۲۰۱۲: ۸۲ )

دانانی ناونیشان خاڵی دەستپێکی ئامادەکردنی دەقە، نوسەر بەدوای ناونیشانێکدا دەگەڕێت، کە بەتەواوی لەگەڵ ناوەڕۆکی دەق یەکبگرێتەوە، نەبێتە چەمکێکی دابڕاو، هەمیشە پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان ناوەڕۆك ناونیشانەکەدا. تەنانەت ئەم ناونیشانە بۆ تابلۆی شێوەکارێکیش هەمان شتە، کە دەبێت بگونجێت لەگەڵ تەواوی ڕەنگ و سکێچی تابلۆکانی وەك (تورەیی، ئەنفال، لادێکەم). هەندێکجار ناونیشان دەبێتە هۆی ڕاکێشانی خوێنەر بۆ خوێندنەوە، پاڵنەرێکە بۆ چوونە ناوەوەی دەقەکە، جوڵە ونەمری بەدەقەکە دەبەخشێت، پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان خوێنەرو دەقەکە دروست دەکات. ناکرێ خوێنەر بەبێ بوونی پەیوەندی ناونیشان، ئاراستەی واتای ڕاستەقینە لە ناو دەقەکە بدۆزێتەوە. "واتە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان دەق و ناونیشان لە لایەك و ناونیشان و دانەر لەلایەکی ترەوە، دواتر لە نێوان وەرگرو ناونیشاندا هەیە، ئەگەر ناونیشانی دەق ناوێکی ئاماژە پێدەر بێت، ئەوا بەلای دانەر کورتەی ئەزموونی کارە هونەرەکەیەتی، ناونیشان وەك داوێك وایە، کە ڕایدەکێشی بۆ خوێندنەوەی دەق" (باسمە درمش ۲۰۰۷: ٤۲). ناونیشان لە چوارچێوەی گشتی بابەتەکە دادەنرێت، هەندێك سیمای بابەتەکە دەخاتەڕوو، ئاماژە بەوبیرۆکەیە دەدات، کە دەوری بیرۆکەی سەرەکی بابەتەکەی داوە. پێوانەیەکە بۆ دیاریکردنی سەرکەوتنی نوسەری دەق لەکاتی شیکردنەوەی دەقدا.

**۲-٥-۱- پێکهاتەی ناونیشان :**

جۆری دەقە ئەدەبییەکان و کارە هونەرییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر پێکهاتەی ناونیشانی دەق، لە ڕێگەی ڕیزکردن و چنینی پیتەکان لە بۆتەیەکی ئەدەبییدا، کە واتای جیاواز دەبەخشێت بە گوێرەی جیاوازی شێوەی پێکهاتەکە. هەڵبژاردنی ئەو جۆرە لێکدانە لە چوارچیوەی سیستەمێکی زمانیدا پێویستی بە شارەزاییەکی زۆر هەیە لە بواری نهێنیەکانی زمان وجوانکاریی زمان، چونکە ئەو توانایەی لە زماندا هەیە بەسە بۆ داڕشتنی ناونیشان. تاکە وشەیەك لە زماندا دەتوانێت ببێت بە ناونیشان بۆ دەقێکی شیعری، یان وتارێك یان پارچە مۆسیقایەك یان تابلۆیەکی شێوەکاری، وەك ڕۆمانی( شار) ، کە تەنها لە یەك ناو پێکهاتووە. یان بە هۆی لێکدانی چەند وشەیەك، کە وەسفی دەقەکە دەکات، وەك(ژانی گەل)، کە ئەمە لە ڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە. بریتییە لە گرێیەکی ناوی. نوسەر هەمیشە هەوڵدەدات ناونیشان چڕو پڕبێت، واتە لە ڕووی وشەوە کەم بێت، بەڵام لە ڕووی واتاوە دەوڵەمەندبێت، بە تایبەتی لە کاری ئەدەبیدا، هەمیشە بەدوای ئەو وشانەدا دەگەڕێن، کە کۆمەڵێك ڕەهەند و واتای جیاوازیان لە خۆگرتووە، بە هۆی بەکارهێنانی هونەرەکانی خوازە و خواستن و لێکدان. . . هتد. وەك(گۆڕستانی چراکان، دواهەمین هەناری دونیا، ماڵی نانی. . .هتد).

ئەگەر لە گۆشەنیگایەکەوە سەیری وتاری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بکرێت لە ڕووی پێکهاتەوە ناونیشانەکانیان دوورو درێژن. لە وتاردا نوسەر هەوڵدەدات لەم ڕێگەیەوە زۆربەی زانیارییەکان نیشانی خوێنەر بدات، لە ڕووی بونیادی زمانەوانییەوە هەوڵدەدرێت، جۆرێك لە شیکردنەوە بخاتە ڕوو، ژمارەی وشەکانی زیاترن و چوارچێوەی ڕستە وەردەگرن. کاتێك خوێنەر زۆر بەخێرایی بەسەر ناونیشانەکاندا تێدەپەڕێت لە گۆشەنیگای ناونیشانەکەوە واتای دەقەکانی لاڕوون دەبێتەوە. وەك؛(کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمان بۆهەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم)، یان(ئەرکی مامۆستایانی ئاینی لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا).

هەندێك ناونیشان بە پێی ڕەهەندە جیاوازەکانیان قاڵبێکی پراگماتیکی لە خۆدەگرێت. بۆ نمونە ئەگەر وشەی(بیابان) ببێتە ناونیشانی دەقێکی ئەدەبی لە زمانی کوردیدا، هەست بە بوونی واتایەکی ڕەشبینی لێدەکرێت، چونکە واتای جۆرێك لە سیفەتی وشکی و زەردی و مەرگ و کۆمەڵکوژی دەگەێنێت، بەڵام ئەمە لە دەقێکی عەرەبیدا ببێت بە ناونیشان، مەرج نییە هەمان واتا نیشانبدات. چونکە بیابان لە لای ئەوان ژینگەیەکی تایبەتە و چێژی ژیانی لێدەبینرێت.

چەند هۆکارێك کاریگەری هەیە لە کاتی دانانی ناونیشاندا "ڕەهەندی ئەندازەیی زمانەوانی، جوانی لە بەخشینی واتادا، جوڵاندنی هۆش و توانای داهێنان"( عمروش سعیدە ۲۰۱۳: ۲٥). ئەمەش وا لە

خوێنەر دەکات سەرنج و تێڕامانەکانی تا قوڵایی دەقەکە ببات، وەك (گوندێك لە ئاگر، پایز، بەهار. . . هتد). ناونیشان جگە لەوەی هەڵگری واتای مەبەستدارە، "پێکهێنەری پەیوەندییەکی کاریگەرە لەگەڵ جیهانی دەرەوە بەدیاردە جۆراوجورەکانی واقیعی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی. . . هتد، کە وەك نێوەندێك وایە لە نێوان بەرهەمی ئەدەبی و جیهانی ڕاستەقینە و تیشکۆی سەرەکی پەیوەندیکردن لە پەیڕەوی گەیاندندا" (بیری یاسین ٢٠١٢: ٨٣). دانانی ناونیشان بۆ دەق لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامانجی تری لەدواوەیە، کە پەیامنێر هەوڵی بۆ دەدات، بابەتەکەی زۆرترین خوێنەری هەبێت، بۆیە ناونیشانێك بۆ دەقەکەی دادەنێت، کە زۆر سەرنجڕاکێش بێت، لە وانەیە ئەو پەیوندییە بەهێزەشی نەبێت بە دەقە سەرەکییەکەوە وەك :(تا ئەم وادەیە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان ڕادەگەیەنرێت) کاتێك ئەم ناونیشانە دەبینرێت، ئەو خوێنەرەی، کەتایبەتە بەم بابەتە، هەوڵدەدات زۆر بە خێرایی بابەتەکە بخوێنێتەوە بۆ دەست کەوتنی ئەو زانیارییەی، کە مەبەستیەتی، بەڵام لە ناوەرۆکەکەدا دەڵێت: (تا ئێستا وادەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان دەستنیشان نەکراوە، بەڵام لەساڵی پێشو زووتر ڕادەگەینرێت، چونکە تاقیکردنەوەکان بەشێوەی هەڵبژاردن بووە). یان(دانانی خشتەی کارەبا ) خوێنەر لە ڕێگەی ئەم ناونیشانەدا هەست بە بوونی خشتەیەك دەکات، کە کاتەکانی دابەشکردنی کارەبای تێدا دەستنیشان کرابێت، بەڵام ئەو زانیارییە نادۆزێتەوە لە ناوەرۆکەکەدا. ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیە ڕوونکراوەتەوە. (تا وەزارەتی کارەبا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆنترۆڵ و گەیاندن و وەبەرهێنانی بەنداوەکان کۆنەبنەوە نازانرێت بۆ مانگی حەوت چەند کاتژمێر کارەبا دەدرێت). خودی دەق و جۆری بابەت و نوسەر ڕۆڵی دانەری ناونیشان دەبینن. هەڵبژاردنی دەخرێتە پێش نوسینی دەق یان دەکەوێتە دوای نوسینی دەقە سەرەکییەکە، مەبەست لێرەدا ئەوەیە، کە شاعیر لەوانەیە بابەتەکە هەڵبژێرێت و دەقەکە بنوسێت. هەندێکجار ناونیشانی دەقەکە لەسەر بنچینەی(ڕووداو، کات، کەس، شوێن) دەستنیشاندەکرێت. هەندێکجار ڕووداوێك تایبەتە بەکەسێك یان شوێنێك، نوسەر ناوی دەقەکە بەو ڕووداوە یان شوێن یا کاتەوە دادەنێت. وەك ناوی، کەسایەتی(شێخ محمود، قازی محمەد)، خوێنەر ئەم جۆرە ناونیشانەی لە لاڕوونە، هەست دەکات، کە باس لە مێژوو و ڕووداوی ئەو کەسایەتییانە دەکات. بەتایبەتی ئەو خوێنەرەی، کە زانیاریەکی پێشینەیی هەبێت. زۆر جار کات دەبێتە ناونیشان و ئاماژەیەك سەبارەت بەدەقە سەرەکییەکە دەخاتەڕوو وەك(شانزەی سێ) زۆربەی خەڵکی کورد لەو ڕووداوە تێدەگەن، کە لەم بەروارەدا کارەساتێکی گەورە بەسەر میللەتی کورددا هاتووە، کە کیمیابارانی هەڵەبجەیە.

ئەو وشە و پێکهاتانەی، کە لە دەقێکدا بەرچاو دەکەوێت مەرج نییە، هەموو خوێنەرێك دەرگای واتای بۆ واڵابکرێت تا بگاتە قوڵایی دەقەکە، ئەمە زیرەکی خوێنەر دەخاتەڕوو ، چۆن بتوانێت ئەو هێما کۆدکراوانە بکاتەوە، کە گوزارشت لە کۆمەڵێك واتای جیاواز دەکەنەوە ؟ لە کاتی شیکردنەوەی هەر دەقێکدا، خوێنەر تیشکی سەرنجەکانی ئاراستەی ناونیشانی دەقەکە دەکات، لە هەر قۆناغێکی خوێندنەوەی دەقەکەدا ئەو واتایەی لەلا بەرجەستە دەبێت. نوسەر مەبەستییەتی لێکدانەوە پراگماتیکییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی ببینن لە دەستکەوتنی ئەو واتایەی، کەلە چوارچێوەی ناونیشانی دەقەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

**٢-٥-٢- ئەرکی ناونیشانی دەق :**

ناونیشانی دەق بەشێکی سەرەکی پێکهاتەی دەقە، وەك دەقێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، واتە هەمان ئەرکی دەقی ئاسایی دەبینێت. "زۆربەی لێکۆڵەرەکان ناونیشان دەکەنە پەیامێکی زمانەوانی بۆ چەمکی سیمائی، کە ئەرکەکانی(یاکۆبسن Jakobson)ی لە سەر جێبەجێدەبێت، هەروەك لەسەر شێوەی وتارەکانی تر جێبەجێکراوە" (بخولة بن الدین ٢٠١٣: ١٠٨)، چونکە پێکهاتەی زمانەوانی ناونیشان جۆرەها شێوەی گوتاری ئەدەبی لە خۆدەگرێت، ئەمەش ئەرکێکی هونەری ئەنجامدەدات، کە بازنەی ئەرکی پراگماتییکی تێدەپەڕێنێت وەك سەرنجڕاکێشان بۆ هەواڵگەری و ڕاگەیاندن. بەڵام ناونیشان ئەمەی سەلماند، کە لەگەڵ گەشەسەندنی ڕەخنەی ئەدەبی ئاماژە بە چەند ئەرکێکی تر دەکرێت، هەندێك لەو ئەرکانە جیاوازن لەوانەی، کە(یاکۆپسن) دەستنیشانی کردبوون، جگە لە ئەرکی(دانان و سەرنجڕاکێشان). لێرە دانانی ناونیشان پێش دەق دەکەوێت. بە پێی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەرگری دەقدا. بەمە ناونیشان خاوەندارییەتی دەقەکە بەرجەستە دەکات و گرنگە بۆ ناساندنی دەق.

زۆربەی ئەرکەکانی ناونیشان لە ناو دەقەکەدا درکی پێدەکرێت. کەواتە دەقەکە دەتوانێت سروشتی ئەو ئەرکانە دیاریبکات. هەندێکجار لێکۆڵەر درك بە ڕۆڵ و ئەرك و گرنگی ناونیشان ناکات، بە تایبەتی لە شیعردا، بەڵام دوای خوێندنەوەی تەواوی هۆنراوەکە، لەناوەرۆك و پەیامی دەقەکە تێدەگات. هەمیشە ناونیشان ئاراستەی سەرنجەکان لەو شوێنەدا چەقبەستو دەکات، کە ناونیشانی دەقەکەی تێدا دووبارەکراوەتەوە، کە هەڵگری واتای جیاکەرەوەیە، لەگەڵ ئەوەی ئەرك وجوانکاریی دەقەکە دەستنیشاندەکات. بەمەش وەرگر دەتوانێت بچێتە ناو جیهانی دەقەکە بێئەوەی بچێتە قوڵایی ناوەرۆکی دەقەکە. لە ڕێگەی ناونیشانەوە خوێنەر دەتوانێت جۆری دەقەکە و پێکهاتە و ناوەرۆکەکەی ئاشکرابکات. "ناونیشان وەك نامەیەکی زمانحاڵی بەیەکگەیاندنی نێوان دانەر و خوێنەرە لە پەیرەوی گەیاندن ئەرکێکی پراگماتیکی دەبینێت" (بێری یاسین ٢٠١٢ : ٨٥). (لیۆهۆك) سێ ئەرکی بۆ ناونیشان دیاریکردووە :

١- ئەرکی ناونان

٢- ئەرکی دیاریکردن

٣- ئەرکی سەرنجڕاکێشان و ئارەزومەندی(عبد الحق بالعابد ٢٠٠٨ : ٧٣)

ناونیشان جۆرەها شێوە و ڕەگەزی ئەدەبی و هونەری جیاوازی هەیە، کە هەریەك لەمانە ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەی، کە بۆی تەرخانکراوە. بۆیە مەرج نییە ئەرکی هەموو دەقێك لەیەك بچێت. هەندێك لەم ئەرکانە وەك (ئەرکی ئایدۆلۆجی ناونان، دانانی ناونیشان، کۆدکردنی هێماکان، ئەرکی بابەتی، کارتێکردن، ئیحائی، گونجان، ئەرکی پراگماتیکی و بەخشینی واتا و ئاماژە پێدان و ناوبانگ). (جمیل حمداوی ١٩٩٧ : ٨١).

هەندێك ئەرك، کە لە زۆربەی جۆرەکانی ڕەگەزی ئەدەبی و هونەریدا دەبینرێن، لەوانە :

١- ئەرکی دانان(function designation): یان دانانی ناونیشانیشی پێدەوترێت، چونکە ناونانی دەقێکی پێدەسپێردرێت. ئەم ئەرکە زۆر بەرچاوە، لە هەموو دەقێکدا ئاماژەی پێدەکرێت، بەشداریدەکات لەجیاکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان لە یەکتری. ئەمەش نزیك دەبێتەوە لە ناونان لەسەر بنچینەی ناونراو، چونکە ناسنامەی دەق دیاریدەکات، کە گرنگترین ئەرکی ناونیشانە. هەندێك لە ڕەخنەگران چەند زاراوەیەکی جیاواز بۆ ئەم ئەرکە بەکاردەهێنن، بەڵام هەموویان ئاڕاستەکەیان بەرەو یەك واتا دەڕوات، ئەویش دانانی ناونیشانە (بخولة بن الدين ٢٠١٣: ١٠٨).

٢- ئەرکی وەسفی(Function descriptive): بە ئەرکی زمانەوانی وەسفی ناودەبرێت، ئەرکێکی پراگماتیکییە. ناونیشان هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەمەوە واتایەك سەبارەت بەدەقەکە بخاتە ڕوو، ئەمەش وا دەکات، کە بەرپرس بێت بەرامبەر ئەو ڕەخنانەی، کە ئاڕاستەی ناونیشانەکە دەکرێت لە لایەن ڕەخنەگرانەوە. هەندێ ناونیشانی دەق خوێنەر توشی بێزاری دەکات، چونکە پێویستی بەئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری هەیە، تا لە واتاکەی بگات.

جگە لەمە، ئەم ئەرکە لایەنێکی ئەرێنی نیشاندەدات، کە سەربەستییەکی تەواو دەدات بە پەیامنێر بۆ تێکەڵکردنی ئەو نیشانە هەڵبژێراوانەی، کە هەڵگری بەشێك لە وەسفەکەن بە پێی ئەوەی، کە پەیامنێر پێیهەڵدەستێت. پێشبینییە واتاییەکە زۆربەی کات وەك گریمانەیەك لەدەوری پەیامنێرەکە دەسوڕێتەوە. بە دڵنیاییەوە ئەم ئەرکە گرنگە لە کردەی گەیاندندا، کە ناتوانرێت دەستبەرداری بیت، وەك ئەرکی دانان سەیردەکرێت، چونکە بوونێکی بەهێزی هەیە لە دەقدا.

٣- ئەرکی جوانکاری (Functions connotative attaches): ئەرکی واتاسازی ناوەرۆك بۆ ئەرکی وەسفی هاتووتە ئاراوە، ئاماژە بە هەندێك لە ئاراستەکانی نوسەر دەدات لە دەقدا. "جینێت دەڵێت: ئەمە تەنها دەقێکی هاوتەریب نییە، بەڵکو ناونیشان دەربڕاوێکی گشتییە وەك دەربڕینەکانی تر، جۆرەها شێواز و ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە بۆگوزارشتکردنی. تەنانەت سادەترین شێوە بۆ نیشاندانی ناونیشان بە کاردێت "(بخولة بن الدين ٢٠١٣: ١٠٩). لێرەدا واتای ناوەرۆکیش بە هەمانشێوە گوزارشت لە واتایەکەی دەکرێت، ئەگەر زیادە ڕۆیی نەکرێت ئەم ئەرکە بە ئەرکی واتای ناوەرۆك ناودەبرێت، بەبێ ئەوەی نوسەر هیچ مەبەستێکی لە پشت ئەمەوە هەبێت، هەمیشە باس لە بەهای ناوەرۆك دەکرێت، کە پشت بە توانای نوسەر دەبەستێت لە پێدانی ئیحاو ڕوونکردنەوە لە ڕێگەی لێکدانی زمانییەوە. ناونیشان وەك هەر دەربڕاوێکی تر، تایبەتمەندی و شێوازی خۆی هەیە. ئەو شێوازە لایەنی جوانی دەقەکە دیاریدەکات بەهۆی هێزی واتایی بۆ پێکهاتە زمانییەکە. کاری ناونیشان پێکدێت لە واتای ناوەرۆك و

خستنەڕووی جوانکاریی دەقەکە، لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ناونیشانە سەرەکییەکە، کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و هێمایی لەخۆدەگرێت.
٤- ئەرکی وروژاندن ( Function ductive): ئەم ئەرکە بەئەرکی ناوبانگیش دەناسرێت، سروشتی شێوەی بەکاربردنی دەق دەخاتەڕوو، چونکە بوونی کتێبی چاپکراو گەشەی کردووە، بۆ شێوەی ئابووری بەکاربردن، بۆئەوەی بتوانرێت وەك هەموو کەلوپەلێکی تری ئاڵوگۆڕکراو بەکاربهێنرێت. هنری فۆدنی دەڵێت: "گرانی ناونانی دەق ئەرکێکی دوولایەنە، دەبێت لەهەموو دەقێکدا بەرجەستە بکرێت" (بخولة بن الدين ٢٠١٣: ١٠٩).
ئەرکی ناوبانگ واتای ناونیشان تێدەپەڕێنێت، واتای هونەری و جوانی دەبەخشێت، چوارچێوەی پەیوەندی ئاڵوگۆڕی ئابووری دیاریدەکات. ناونیشان لە بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری دەگۆڕێت بۆ ئەو کەلوپەلانەی، کە توانای ئالوگۆڕکردنیان هەیە. لەگەڵ ئەوەی پێکهاتەیەکی بڕوا پێکراوە لەڕووی یاساییەوە خاوەنداریەتی دەق دەسەلمێنێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و ئەو ڕەگەزەی، کە لەناو ڕەگەزەکانی ئەدەبی و هونەری دیاریدەکرێن.
جینێت ئاماژە دەکات بەوەی، کەناونیشان بوارێك بۆ خوێنەر دەرەخسێنێت بۆ بەخشینی بیرۆکەیەکی سەرەتای دەربارەی ناوەڕۆکی دەقەکە، ئەوە یەکەم هەستە، کە خوێنەر ڕادەکێشێت و بیروهۆشی دەوروژێنێت، ئەمە جۆرە کاریگەرییەك دروست دەکات، کە بۆ ماوەیەکی کورت یان ماوەیەکی زۆر لە مێشکی خوێنەر دەمێنێتەوە. دەبێت نوسەر و دەزگای چاپکردن هەوڵی خۆیان یەکبخەن بۆ کاری ڕەزامەندی یەکتری، لە ڕێگەی ڕێکخستنی ناونیشانەکە لەسەر بەرگی بڵاوکراوەکە. بۆ ئەوەی بەپێی توانا، نوسەر بیرۆکەیەك بە خوێنەر بدات سەبارەت بە ناوەڕۆکی بابەتەکە، ئارەزوی خوێنەری لا گرنگ بێت لە کاتی دانانی هێما کۆدکراوەکان و ڕیزکردنیان بۆ ئەوەی چاوی خوێنەر ماندوو نەکات، لە گۆشەیەکی ڕێکخراوەوە ناونیشانەکەی بەرچاو بخات. هەمیشە ناونیشان کاریگەری زۆری هەیە بۆ ورژاندنی سەرنجی خوێنەران، چونکە هەندێك خوێنەر زیاتر دەکەونە ژێر ئەم کاریگەرییەوە.

**٢-٥-٣- جۆرەکانی ناونیشانی دەق :**

جۆرەکانی دەق دەتوانن دەستنیشانی جۆری ناونیشان بکەن. لە هەر ڕوویەکەوە سەیری دەق بکرێت چەندەها جۆری لە ڕووی پێکهاتە و جۆری هونەری ئەدەبییەوە هەیە، چۆن دەقەکان لە ڕووی پێکهاتە و جۆرەوە جیاوازن بە هەمان شێوە ئەم جیاوازییە بەسەر خاڵی ناونیشانەکاندا دابەشدەبن. جینیت چەند جۆرێك لە ناونیشانی جیاکردووەتەوە، لە ڕووی شوێن و دەرکەوتنی لە کاری ئەدەبیدا، کاتێك لێکۆڵینەوەیەك لە شێوەی کتێب، یان نامەدا بێت، ناونیشان بەسەر هەموو بەش و بڕگە و بابەتەکان دابەشدەبێت هەر یەکێکیان جۆرێك ناونیشان لە خۆدەگرن، کە ئەمانەن :
یەکەم: ناونیشانی دەرەکی؛ ئەو ناونیشانانە دەگرێتەوە، کە لە دەرەوەی دەقە سەرەکییەکەدا لەسەر بەرگ و لاپەڕەی دوای بەرگ دەخرێنەڕوو لەوانەش:
أ- بە فۆنتێکی دیار و ئاشکرا دەنوسرێت. ئەم جۆرە ناونیشانە لە لاپەڕی دوای بەرگی پێشەوە، کە لاپەرەیەکی سپیە دووبارە دەکرێتەوە. ناونیشانی دەرەکی خاڵی سەرەتایە و ناسنامەی دەقەکە دەخاتەڕوو. بە ناونیشانی ڕاستەقینەش ناودەبرێت.
ب- لقە ناونیشان (الفرعی): ئەو جۆرە ناونیشانەیە لە هەندێك بەرهەمدا دەبینرێت، کە لەگەڵ ناونیشانی سەرەکی دەنوسرێت، کە ئاماژە بەشیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ناونیشانی سەرەکی دەکات، چونکە ناونیشانی سەرەکی ناتوانێت خۆی بەتەنها پێشەنگ بێت بۆخستنەڕووی هەموو واتای دەقەکە، واتە ناونیشانی لقی تەواوکەرە بۆ ناونیشانی سەرەکی ئەرکێکی تر بۆ کردنەوەی کۆد و هێماکان ئەنجام دەدات، کە ئەمەش شێوازێکی هونەرییە.
پ- بەشە ناونیشان(المؤشر الجنسی): ناونیشانی دیاریکەری ڕەگەزی ئەم جۆرە ناونیشانە ئاماژە بە جۆری ڕەگەزی بەرهەمەکە دەدات کە(شیعرە ، ڕۆمانە ، ژیاننامەیە. . . هتد). ناونیشانی دیاریکەر نیشانەیەکی گشتگیرە، هەمووکارەکە دەگرێتەوە، ئەم جۆرە ناونیشانە لەدەقی کۆنیشدا هەبووە، بەڵام لە نوسینی هاوچەرخدا بە هۆی گەشەسەندنی ڕەگەزی ئەدەبیی و هونەری گرنگییەکی تایبەتی هەیە. نوسەرەکان هەوڵدەدەن بەهێزترین هونەر بەکاربهێنن، کە دەوری ڕەگەزی دەقە ئەدەبییەکە دەدات، لە

ڕێگەی نیشانەو هێماکانەوە تا ئارەزوی داهێنانەکانیان بکەنە هۆکارێك بۆ وازهێنان لە شێوازی دانانی ناونیشان لە کۆندا. سەرهەڵدانی پەخشانە شیعر(ڕۆمانە شعر) یەکێکە لە بەرهەمی ئەم جۆرە داهێنانە.
ت- ناونیشانی سەرو (الفوقية او العلوية): ئەم جۆرە ناونیشانە لەسەروی دەقەکە دەردەکەوێت، سەرپەرشتی هەموو جۆرەکانی تری ناونیشان دەکات، ئەمە یەکێکە لە ئامرازە ئاڵۆزەکان، چونکە تەنها کتێب ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو کتێب وبڵاوکراوانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەی زنجیرە یان چەند بەش و چەند بەرگێك بڵاو دەکرێنەوە. ئەمە پێویستی بە سیستەمێکی تایبەتی شێوەی بونیادنانی ناونیشان هەیە. (عمروش سعيدة ٢٠١٣: ١٩-٢٠).
دووەم : ناونیشانی ناوەوە ؛ ئەو ناونیشانانە لەخۆدەگرێت، کە لە ناو بەش و بڕگەی دەقە سەرەکییەکە دەنوسرێن. لەوانەش:
أ- ناونیشانی بابەتی: ئەم جۆرە ناونیشانە دەگرێتەوە، کە ئاماژە بە بابەتی دەقەکە دەکەن.
ب- ناونیشانی بڕگەوبەشەکان: ئەم جۆرە ناونیشانەیە کە لەهەر بڕگە و بەشێکی ئەم بابەتە ناونیشانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە بڕگەکانی تری جیادەکاتەوە. هەموو ئەم ناونیشانانە لە خزمەتی ناونیشانی سەرەکیدان.
پ- ناونیشانی ناوەرۆك : ناوەرۆکی کارەکە دیاریدەکات.

**٢-٥-٣- ناونیشان و وێنە :**

لە سەرەتای هەموو دەقیکی نوسراودا ناونیشان بە شێوەی هێما و نیشانەی زمانی ئاماژەی پێدەکرێت، بۆ بەشداریکردنی لەبونیادی دەقەکەدا. وێنە بەشێکی ترە لە هاوتاکردنی ناونیشان بە تایبەتی لە نوسینی هاوچەرخدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، بۆ ئاماژە پێدانی بەشێك لە ناوەرۆکی دەقدا. ئاستی ڕۆشنبیری گەیشتۆتە ئەوەی، کە ناونیشانی دەق بیێبەش نەبێت لە دانانی وێنە بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی خوێنەر. هونەری دانانی وێنە لە دەرەوەی دەقدا، بە تەکنیکێکی تری دانانی ناونیشان دادەنرێت، کە جۆرە گونجانێك دروستدەکات لەگەڵ ناوەرۆکی دەقەکەدا. لە نێو دەقە شیعرییەکاندا وێنە ئاماژەپێدەری ناونیشانە. "یەك وێنە بەهای هەزار وشەی هەیە بۆ مەبەستی گەیاندنی پەیام". (قدوره عبدالله ٢٠٠٤ : ١٥٢) لە نوسینی هاوچەرخدا وێنە خۆی خزاندۆتە نێو دەقە ئەدەبییەکان، بەتایبەتی دەقە شیعرییەکان، جگە لەوەی، کەلەسەر بەرگی کتێبەکاندا دەردەکەوێت. لە زۆربەی دەقە شیعرەکانیشدا بۆ هەر ناونیشانێك وێنەیەك دەخرێتە پاڵ شیعرەکە وەك لە شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە)دا دەبینرێت، بەهاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار(ڕۆستەم ڕەسول ئاغالە)دا ئاماژە بە واتای ناونیشان و ناوەرۆکی دەقەکە دەکەن. ئەمەش ناونیشان و وێنە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هێما زمانییەکان و هێڵی وێنەکێشراوەکان، ناونیشانی دەق پێکدەهێنن، واتە هێما زمانییەکانی ناونیشان، ڕۆڵی وێنەیەکی دەنگدار دەبینین و هێڵی وێنەکان ڕۆڵی وێنەیەکی بێدەنگ دەبینن، ئەمانە لەبەر دەم وەرگر ڕۆشنکەرەوەی دەقن.

کاتێك خودی ناونیشان دەخرێتەڕوو لەهەموو بابەتێکدا پێویستی بە هێما سیمۆلۆجییەکان نییە، بۆ گەیاندنی واتا بە تایبەتی لە کاری ڕاگەیاندن فێرکردن و زانستی و مێژوویی. بەڵام ئەگەر بابەتەکە تایبەت بێت بەدەقێکی ئەدەبی، ئەوا ناونیشان پێویستی بە هێمای سیمۆلۆجی و نیشانە زمانییەکان دەبێت بۆهەڵبژاردنی ناونیشانەکە. دانانی ناونیشان لە نوسینی هاوچەرخدا پێویستی بە داهێنەرێکی لێهاتوو هەیە، چونکە ئەو ناونیشانانەی، کە بەهۆی(خوازە، لێکچوندان، درکە) دروست دەکرێت بەتەنها ناتوانن گوزارشت لە خودی دەقەکە بکەن، بەڵکو ئەمانە بە ڕێگایەکی تایبەتی لەگەڵ وێنەدا بەشدار دەبن لە دانانی ناونیشان. (محمد لوتفی) دەڵێت: "وێنە شێوەیەکە، کە وەڵامی تێڕوانینەکان دەداتەوە، لەوانەیە دەربڕینەکان نەتوانن دەوری تێڕوانینەکان بدەن، بۆیە شاعیرەکان هەڵدەستن بە خستنەڕووی دەربڕینە پەنگ خواردووەکانی ناخیان. دانانی وێنە بە دەنگدانەوەی ڕاستەوخۆ دادەنرێت بۆ دەربڕینە پەنگ خواردووەکان". (عمروش سعيده ٢٠١٣: ٥٤) ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هێما زمانییەکان و بەستنەوەی بە دانانی وێنە بۆ کەمکردنەوەی ئەو تەمومژە زۆرەی، کە دەخرێتە سەر ناونیشان.

کەواتە ئەو پێکهاتانەی، کە بەشداری دەکەن لە دانانی ناونیشانی نوێ بریتین لەمانە: (تێڕوانین ، وێنە ، ئیحا – پێکهاتەکانی کاتی و شوێنی). دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم پێکهاتانە و ئاستی واتای جیاواز، باشترین

دەق ئامادەبکرێت، کە زۆرترین چێژ بۆ خوێنەر فەراهەمبکات و خوێندنەوەی باڵای تێدا بەرجەستە بکرێت.

**٢-٦- ناوەرۆك**

بونیادنانی هەموو دەقێك دوو دیوی جیاوازی هەیە، کە ڕەهەندی جیاواز دەخەنە ڕوو، ئەویش ڕووخسارو ناوەرۆکە. ئەم دوو چەمەکە لە نێو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بەکارهێنانێکی بەرچاویان هەیە، بەهای هەڵسەنگاندنی دەقەکە لەڕێگەی ڕوخسارو ناوەرۆکەوە دەستنیشاندەکرێت. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەدەبدا گفتوگۆی زۆرکراوە سەبارەت بەگرنگی ناوەرۆك. ئەم پرسیارە زۆر دووبارە بۆتەوە، کە ڕووخسار گرنگترە یان ناوەرۆك ؟ چەندەها بیرو بۆچونی جیاواز خراوەتەڕوو . فۆرمالیستەکان پێیانوابوو، کە ڕووخسار لە سەروی ناوەرۆکەوەیە، ئەوەی، کە ئەدەب نیشانی خەڵك دەدات ڕووخسارە نەك ناوەرۆك . قوتابخانە کلاسیکییەکان ڕووخساریان بەلاوە گرنگتربوو، بەڵام ناوەرۆکیشیان فەرامۆش نەدەکرد. قوتابخانەی ئیستاتیکییەکان زۆر گرنگیان بە ڕووخسار دەداو نکۆڵیان لە بەهای ناوەرۆك دەکرد، بەهای هۆنراوە لەسەر بنەمای ڕووخسار دیاریدەکرا نەك جۆری بابەتەکە . ڕووخسار و ناوەرۆك پەیوندییەکی ئاڵوگۆڕییان هەیە، شوێنی تایبەتیان هەیە لە نێو تێۆرەکانی ئەدەبی نوێدا. (ئیغلتۆن)[11] تێڕوانینی خۆی دەخاتەڕوو لە ڕێگەی بۆچوونی مارکسییەکان و بیرمەندەکانی وەك؛ (هێگڵ و مارکس و جۆرج لۆکاتش ) کە هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز باس لە ناوەرۆك دەکەن. (تیری ایغلتون ١٩٩٥: ١٣).

ناوەرۆك پەیامی دەق دەگرێتەوە، کە چ واتایەکی هەڵگرتووە، لەگەڵ خستنەڕووی کارلێکردنەکان لە نێوان پێکهاتەکانی دەق و چونە ناوەوەی ڕۆنانی ژێرەوەی دەق . بۆ گەیشتن بە واتای مەبەست. نوسەر کاتێك دەق دادەڕێژێت، سەرەتا بیرلە ناوەرۆکی بابەتەکە دەکاتەوە، ئینجا گرنگی بەلایەنی ڕووخسارەکەی دەدات، چونکە ڕووخساری هەردەقێکی ئەدەبی لە ڕێگەی زمانەوە ڕێکدەخرێت، نوسەر هەوڵدەدات ئەوجۆرە وشانە بەکاربهێنێت، کە جوانی نیگای دەقەکە دەخەنەڕوو. ناوەرۆکی هەردەقێك هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر، بەتایبەتی ئەگەر نوسەر بتوانێت ئەو قالبەی، کە ناوەرۆکەکەی تێدا دادەڕێژێت، شێوازێکی جوانی پێشکەش کردبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هیچ کات ڕوخسارو ناوەرۆك لێکدانابڕێن، هەردووکیان تەواکەری یەکترن. هەموو پێکهاتەکانی دەقی ئەدەبی پەیوەندی پتەو کۆیاندەکاتەوە. سەرکەوتنی دەق پەیوەستە بەهەموو بەشەکانییەوە، ناوەرۆك ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە نەمری دەقدا. هەمیشە ڕووخساری دەق لە خزمەتی ناوەرۆکدا بووە. ئامانجی جوانکارییە لە دەقدا، ئامانجێکی تری لە پشتەوەیە، ئەمیش گەیاندنی ئەو پەیامەیە، کە هەڵگری ناوەرۆکێکی واقعی و سەردەمیانەیە. نوسەر هەوڵدەدات هاوسەنگییەك دروست بکات لە نێوان ڕووخسارو ناوەرۆکی دەقەکاندا. ناکرێت هیچ لایەنێك لە پێناوی ئەوتریان فەرامۆش بکرێت. (موکاروفسکی) ئاماژە بە ناوەرۆك دەکات بە دەربڕینی بابەتی(Subject Matter) ناوی دەبات لە سیاقدا، جەخت لەسەر ئەرکی جوانکاری زمانی شیعری دەکاتەوە. زمانی شیعر تەنها ئامانجی گەیاندن نییە، بەڵکو لە بنەڕەدا تایبەتە بەخستنەڕووی ڕەگەزی جوانکاری، بەشێوەیەك ناوەرۆکەکە بگرێتە خۆی، (یان موکاروفسکی ١٩٨٠ :٣٧). ئەو ناوەرۆکەی، کە نوسەر مەبەستیەتی بیگەیەنێت، بابەتێکە دەخرێتە بەرگێکەوە، کە بە ڕووخسار ناودەبرێت. دەبێت خوێنەر ئەو توانایەی تێدابێت. لە ژێر ئەم بەرگەدا، ناوەرۆکەکە بدۆزێتەوە. ئەمەش لە ڕێگەی کردنەوەی کۆدی هێماکان و شیکردنەوەی پێکهاتەی دەقەکە بەرجەستە دەکرێت. هەمیشە جۆری ناوەرۆك بەهای دەقە ئەدەبییەکان دیاریدەکات. ناوەرۆك بە گوێرەی ڕووخسار وەك گیان وایە دەخرێتە نێو جەستەیەك، ئەگەر ئەم بیرۆکەی ناوەرۆکەکە لە ڕووخسار داببڕێت، ئەوا دەقەکە وەك لاشەیەکی مردووی لێدێت. هیچ جوڵەیەکی زیندووی تێدا بەدیناکرێت. (بیرلمان) دەڵێت "ڕووخسارو ناوەرۆك بەیەکەوە دەبەسترێتەوە لە ڕێگەی سیاقی دەق و گونجان و ڕیتمی دەقەکە، کە جوانکاری ڕووخساری دەقەکەی تێدا بەرجەستە دەبێت. چونکە کاریگەری لەسەر

---

[11]- (تیری ئیغلتۆن ) یەکێکە لەبەناوبانگترین بیرمەند و نوسەری بواری ئەدەبی نوێدا ، چەند کتێبێکی چاپکراوی هەیە لە سەربابەتی ڕەخنەی ئەدەبیدا ، (١- الجسد بوصفة لغة ٢- وظيفة النقد ٣- النقد والا يديولوجية ٤- النظرية الادبية ) .

هەست و سۆزو خۆشی و ناخۆشی ئەو بیرۆکەیە دروست دەکات، کە لە دەقەکەدا هەیە ". هەروەها پێوایە ئەم بەستنەوەیە لەم دوانەیەدا بەم شێوەیە هاوکێش دەبن :

سروشتی ←——— ناوەرۆك ←——— واقیع

دروستکراو ←——— ڕووخسار ←——— دەربڕاو (عدنان بن ذریل ۲۰۰۰ :٥٤-٥٥).

لە دەقی شیعریدا هەمیشە هونەرەکانی ڕەوانبێژی پێشبڕکێیانە بۆ گەیاندنی واتای جیاوازو لەخۆگرتنی بیرۆکەی ناوەرۆکی پتەو. دەبێت ناوەرۆك و وێنە لە هونەردا جیابکرێنەوە، بەڵام ناتوانرێت وەسفی هیچ یەکێکیان بکرێت بەتەنها و بە لایەنێکی هونەری دابنرێت. زمانەوانەکان پێیانوایە، کە ناوەرۆکی دەقێکی ئەدەبی، هەستێکی بیرۆکەییانەیە. چونکە هەستەکان پشت بەم بیرۆکانە دەبەستن بۆ خستنەڕووی بابەتێك، چونکە هەستی مرۆڤ بە تەنها ناتوانێت گوزارشت لە بابەتێك بکات، ئەگەر ئەم بیرۆکەیە ئامادەباشی تێدا نەبێت. هارتمان Hartman پێیوایە پەیوەندییەکی زمانەوانی ڕەسەنە، لایەنی گەیاندن و سیمالۆجی دەخاتەڕوو. هەمیشە شیکردنەوەی دەق لەسەر بنەمای دوانەیی دەقی ئەدەبی دەکرێت. لێکۆڵەر لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی دەقەکە دەتوانێت بگاتە ناوەرۆکی پەیامەکە. وردەکاری بەدواداچوونی ئەم لایەنە پێویستی بە کارامەیی خوێنەر هەیە بۆ کردنەوەی کۆدی هێما زمانییەکانی لادانی گشت بەرگە جوانکارییەکان، کە بۆتە هۆی شاردنەوەی ناوەرۆکەکە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەگاتە خوێنەر. گشت بەشەکانی دەق وەك تۆڕێك وان بەیەکەوە بەستراون. لە دەرەوەی دەق یان لە ناوەوەی دەقدا فەرامۆشکردنی بچوکترین پێکهاتەی دەق دەبێتە هۆی تێکچونی پەیوەندنی نێو دەقەکە. ناوەرۆك پەیامی دەق دەگرێتەوە، ئەو کارلێکانە لەخۆدەگرێت، کە لە نێوان وشە و ڕستەدا بەدیدەکرێن، ئەمە دەبێتە دەروازەی چوونە ناوەوە بۆ ناوەرۆکی دەقەکە.

## ٢-٧- نابەرجەستەیی Abstract

نابەرجەستەیی دیاردەیەکی شێوازگەریی دەقی هونەرییە، نوسەران بۆ گەیاندنی واتای مەبەستەکانیان بەکاریدەهێنن. کە پەیوەندی بە لێهاتووی شارەزایی نوسەرەوە هەیە. "نابەرجەستەیی قۆناغێکی بونیادنانی دەقە، ئاڕاستەکردنی توانای بەدواداچوونە بۆ دۆزینەوەی چەقی ناوەرۆکی زانیارییەکان، بیری نابەرجەستەیی پێکدێت لە وێناکردن و پەیوەندییە چالاکەکان و خودی چالاکییەکان ، کە لە بنەڕەتی ڕەفتاری دروستکەری واتاییدا بوونیان هەیە" (دي بوجراند ١٩٩٨ :٤٢٤). دەتوانرێت ئەم دیاردەیە شیبکرێتەوە لەڕێگەی ئەو وشە و ڕستانەی، کە بەشدارن لە بونیادنان و ڕێکخستنی دەقەکەدا. بۆیە ڕستە وەك یەکەیەکی نابەرجەستەیی (مجرد) لە دەرەوەی دەوروبەردا، ئەو مەبەستانەی تێدا دەرناکەوێت، بە پێچەوانەی ئەوەی وەك یەکەیەکی ئاخاوتن لە دەوروبەرێکی زمانیدا بەکاربێت، ئەوا ئەو مەبەستانەی تێدا دیارو ئاشکرا دەبێت. "جۆن لۆك دەڵێت: ناتوانین وێنای (تەسەوری) بۆ شتێکی نابەرجەستە (ئەبستراکت)بکەین. بۆ نمونە کاتێك باس لەسێگۆشەیەك دەکرێت نازانرێت سێگۆشەیەکی دوولایەکسانە یان سێ لایەکسانە" (تالیب حوسێن ٢٠١١ :٣٥)، واتە هەرکەسێك وێنایەکی جیاوازی لا دروست دەبێت، کە جیاوازە لە کەسێکی تر. باسکردنی سێگۆشەکە بیرێکی ڕەها پێشکەش دەکات، بەڵام خوێندنەوەی لای گوێگر ئاماژە بە بۆچوونی ڕێژەیی دەکات.

نابەرجەستەیی تێڕوانینێکی هۆشەکییە لە وێناکردنی، کەرەسە و بیرەکان و تایبەتمەندییەکان و پەیوەندی بابەتی و خودی بەشەکانی تر دیاریدەکەن، باشترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە ناوەرۆکی بیرەکان و ڕاستییەکان، بۆچوونی ڕێژیی و ڕەها دەستنیشاندەکات. نابەرجەستەیی فەلسەفەی خوێندنەوەی دەقە. خوێندنەوەی بابەتەکەیە پێش خوێندنەوەی خودی دەقە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە دەقێکی تر بۆ دەقە سەرەکییەکە، بەڵام بوونێکی مادی نییە، لەهزر و هۆشدا بینادەکرێت. ئەم دیاردەیە چۆن لە نێو هێڵ و سکێچەکانی هونەری شێوەکاریدا بوونی هەبووە، بەهەمانشێوە لە دەقی کۆن و نوێی ئەدەبیدا دەبینرێت. ئەو کەرەسانەی بوونێکی ڕاستەقینەیان هەیە بەرامبەر بیرێکی دیایکراو، نوسەر یان هونەرمەند ئەم کەرەسانە لە قالبێکی نابەرجەستەییدا دەخاتەڕوو. ئەو وێنەیەی، کە لە بیری نوسەردا هەیە بۆ بابەتێك، مەرج نییە خوێنەرەکان هەمان بیر بەو ڕێژەیە لە لایان دروست بێت، بۆیە ئەم دیاردەیە پێویستی بە مامەڵەکردنێکی داهێنەرانە هەیە. ئەمە لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا بەرجەستە دەبێت، کە پشت بە بەکارهێنانی جێناوە کەسییەکان دەبەستێت، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە خستنەڕووی هەڵوێستی نوسەر و

ئەو هەستەی، کە بەشداری لە بونیادی دەقەکە دەکات. نوسەر دەتوانێت لە ڕێگەی خۆییەوە ئاماژە بە بابەتەکە بکات، واتە بە هۆی بەکارهێنانی جێناوی، کەسی(من). نابەرجەستەیی پلەیەکە لە پلەکانی تەمومژ و ونبوونی واتا، لادانێکی هزرییە بۆ یاسا ڕێکخراوەکانی ڕاستەقینەی سروشت لادانە لە هەستی گشتی و باوەکانی (احمد کریم٢٠١٠: http://www.diwanalarab.com ). ئەو هزر و هۆشە لە لای نوسەر یان شاعیر بوونی هەیە، پێش ئەوەی بخرێتە جەستەی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی، کە وەسفین، گوزارشت لە واقیعێکی دیاریکراو دەکەن، وێنەیەك پێشکەشی خوێنەرانیان دەکەن، کە تا ڕادەیەك ڕاستەقینەیە، بەڵام ئەو بەرهەمانەی، کە دەچنە ژێر خانەی نابەرجەستەیی، کۆمەڵێك خەیاڵ دەوری بابەتەکە دەدەن، کە جیاکردنەوەی ئاسان نییە، لەم وێنانەدا پێکهاتە و بونیادی نامۆو ناوێزە دەبینرێت. بە هۆی ڕیزکردنی ئەو وشە و دەربڕینانەی، کە پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە. ئەم وشانە لە واتای بنەڕەتی خۆیان دادەبڕێن بە هۆی ئەو پەیوەندییە نامۆیەی، کە بەیەکیان دەبەستێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لایەنە پراگماتیکییەی، کە نووسەر پشتی پێدەبەستێت. دەبێت خوێنەر لەم جۆرە دەقەدا شارەزا و لێهاتووبێت، تا بتوانێت کاریگەری نێوان شتە شاراوە و ئاشکراکان بدۆزێتەوە، خاڵی پەیوەندی نێوانیان بخاتە ڕوو، نهێنی پێکهاتەی دەقەکە پاڵنەرە بۆ خوێنەر، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دەربڕینە ئاشکراکان، ناوەڕۆك بەرجەستە بکات. شێوازی نابەرجەستە لە ئەدەبی نوێدا خەیاڵەکانی بەرەو ئاسۆیەکی فراوانتر برد، ئەم شێوازە جگە لە شیعر لە ناو چیرۆك و ڕۆمانیشدا بوونێکی بەرچاوی هەیە، بە تایبەتی کاتێك لە هونەرەکانی پەخشاندا کەرەسەی شیعری بونیادنەری دەق دەبێت وەك ئەوەی لە ڕۆمانەکانی (شێرزاد حەسەن، بەختیار عەلی، کاروان کاکە سور)دا دەبینرێت.
نابەرجەستەیی لەنێوان نیشانەی دەربڕینە دیاریکراوەکان لە شارەزاییی، کەسی لە لایەك و جۆری یەکەی نابەرجەستەییەکان لە لایەکی تر، بەرامبەر بە ڕستە و گوتاری زمانی پێویستی بە شێوازی دەربڕینە درکێنراوەکان هەیە. کەواتە دەربڕینێك دەبێتە گونجاو و شایستە لە یەك سیاقی نابەرجەستەییدا، بەڵام هەمان دەربڕین لە سیاقێکی تردا دەبێتە نەگونجاو و ناشایستە. ئەم جۆرە لە نابەرجەستەیی ڕێگە دەدات بە بەستنەوەی دەربڕین .

**٢-٨- سەروی دەق Paratextual:**

هەردەقێك، کە بونیاددەنرێت لە ئەنجامی بوونی دەقێکی تردا دێتەکایەوە. دەشێ ئەم دەقە بیرێکی بچووکی دەستپێکردن بێت بۆ بیرێکی گەورە و فراوان. چەند یەکەیەکی دیاریکراو لە دەرەوەی دەق کۆدەبنەوە هاوکارن لە ئاماژەپێدانی ناوەرۆکی دەق و خستنەڕووی واتاکەی و زانیاری ورد. بۆیە هەریەك لە ڕەگەزەکانی دەق توانای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی هەیە، کە لە تێگەیشتندا بەدیدەکرێت. سەرووی دەق پێکهاتەیەکی گشتییە، هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی شێوەی دەقێکی دیاریکراوی تێدا دەستنیشاندەکرێت، خۆی دەقێکی سەربەخۆیە، بەڵام واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە هیچ پەیوەندی بە دەقە سەرەکییەکەوە نەبێت، چونکە لەڕێگەی ئەمەوە، هەندێك لایەنی دەقەکە ڕووندەبێتەوە، سەرووی دەق دەرئەنجامی دەقە سەرەکییەکەیە. "ڕۆلان بارت پێوایە هەموو گووتارێکی نەخوێنراوە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ نوسراوی خواستراودا گونجاوە، ناکرێت واتا بگەیەنێت، ئەگەر لە ڕێی واتا حەرفییەکەی نەبێت" (نەجم خالید ئەڵوەندی ٢٠١٢: ٢٧).
کەواتە هەموو ڕەگەزو یەکەکانی دەق پەیوەندییەکی پتەو کۆیان دەکاتەوە. وەك دەقبەستنییەکان و توانای داهێنانی نوسەرو شێوازی نوسینەکان. کردەی بەرهەمهێنانی دەق پرۆسەیەکی هاوبەشە، کۆمەڵێك دەقی تر هاوبەشی دەکات لە بونیادنانی، هەندێکیان لە دەرەوە دەوری دەق دەدەن، هەندێکیان لە ناوەوەی بەشداری لە بونیادنانی دەکەن. سەروی دەق بەشێکە لە دەقی هاوتەریب بەشدارە لە ئامادەکردنی دەقدا. مێژووی پەرەپێدانی دەگەڕێتەوە بۆ کتێبەکەی جیرار جینێت بە ناوی (دەروازەکان - العتبات) ئاماژە بە پێکهاتەکانی دەق دەکات. دووجۆری دیاری کردووە :
١- دەقی هاوتەریب Paratext: چێوە دەقیشی پێدەوترێت، ئەو دەقانەی دەوری دەقە سەرەکییەکە دەدەن، وەك؛(ناونیشانی دەرەکی و ناونیشانی ناوەکی و پێشەکی و ناونیشانی بەشەکان و پەراوێز و ... هتد).
٢- جۆری دووەمیان سەروی دەقی (Epitexte): ئەو گوتار و بەڵگەو ڕوونکردنەوانە دەگرێتەوە، کە لە دەرەوەی جیهانی دەقدان و لەدەقەکە دەدوێن.(عبدالحق بالعابد ٢٠٠٨: ٤٤) سەروی دەق ئەو دەقەیە، کە

لەسەرەوەی دەقە سەرەکییەکەدایە، واتە لە دەرەوەی دەقە نوسراوەکەدایە، ئەمەش وەك ناوەندێکی بازنەیی پەیوەندی گشتی دەوروبەری دەقەکە دەخاتەڕوو. ئەم جۆرە دەقانە ئاستێکی تری شیکردنەوەی دەقەکە دەخەنە ڕوو. لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا بوونی سەروی دەق و دەقە هاوتەریبەکانی تر پێویستە، چونکە ئاماژە بە ڕوونکردنەوەی لایەنێکی دەقە ئەدەبییەکە دەدەن و جگە لەوەی هۆکارێکە بۆ خستنەڕووی لایەنی جوانکاری. بیرناد ڤالیت (Bernald Volette) پێیوایە ئەگەر دەقی هاوتەریب لە دەوری دەقە سەرەکییەکە نەبێت، هیچ کاریگەریەکی ئەدەبی دروست نابێت. کاریگەرییەکان لە ڕێی ئەمانەوە بەرجەستە دەبن، وەك؛ ( جۆراوجۆری پێشەکی و جێگیرکردنی ناوی نوسەرو هونەری داڕشتنی ناونیشان جۆرەکانی هەڵبژاردنی وێنەی بەرگی دەرەوە و پێشەکی و پاشکۆکان و پەراوێز.

سەروی دەقی ئاماژە بەو زانیارییانە دەکات، کە لە بەرگی دەق و لاپەڕەی یەکەمی دەقەکە نوسراوە. هەموو ئەو جوانکاری و تەکنیکانەی تێدا دەخرێتەڕوو، کە دەبێتە مایەی سەرنجی خوێنەران. خستنەڕووی ناوی نوسەرو کاتی بڵاوکردنەوە گشت ئەو پەیوەندیانەی، کە ئەم دەقانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە. هەڵسەنگاندنێك دەخاتەڕوو بە پەیوەندییەکانی سەروی دەق(Paratextuality) ناودەبرێت. گشت بەشەکانی دەقی هاوتەریب لە لایەن خودی نوسەرەوە ئەنجامنادرێت، هەندێك لە بەشەکانی پەیوەندی بەکەسانی تریشەوە هەیە، کە هاوکارن لە ئامادەکردنی؛ وەك دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، دانانی وێنەی بەرگی دەقە، کە لە لایەن کەسی پسپۆڕەوە دادەنرێت، هەندێکجار نوسەر پێشەکی بۆ دەقەکە دەنوسێت، واتە ئەمانەش تەواوکەری تۆڕی پەیوەندییەکانی دەقن. سەروی دەق هەندێکجار گۆڕانکاری بەسەردادێت بەپێی کات و شوێن وەك لابردن و زیادکردن و چاکردن بۆ نمونە گۆڕانی وێنەی بەرگەکەی و گۆڕانکاری لە ژمارەکانی سەربەرگەکەی و لاپەڕەی دوای بەرگەکەی و ساڵی چاپکردن ...هتد. لە نێو شیکردنەوەی دەقی هونەریدا ڕێبازێکی دیاریکراو هەیە، کە ئاماژە بە نرخپێدان و بەهاو هەڵسەنگاندنی دەکات. ئەرکێك دیاریدەکەن و ڕوویێکی دەقەکە دەخەنەڕوو. چەند هەنگاوێکی گرنگ هەیە بۆ خوێندنەوەی سەرووی دەق و دەقە هاوتەریبەکانی تر بۆ گەیشتن بە پێکهاتە و واتاو ئەرك و خوێندنەوەی سیاقی دەقەکە، ئەمەش دەبێتە ئاماژەیەك بۆ ئاشکراکردنی دیاردە شاراوەکان و بەستنەوەیان بە دەقەسەرەکییەکەوە، هەرچەندە ئەم دەقانە سەربەخۆن، بەڵام دابڕاو نین لە دەقە سەرەکییەکە، بۆیە لە نوسین و ڕەخنەی ئەدەبییدا گرنگی تایبەتی هەیە و ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت.

### ٢-٩- توانستی خوێنەر Competence of reader:

زمانەوانەکان لێکۆڵینەوەی زۆریان ئەنجامداوە بۆ لێکدانەوەی چەمکی توانستی زمانی، چەندەها ئاراستە و تیۆری جیاواز هاتوتە ئاراوە، کەهەریەکەیان بە پێی ئاستە جیاوازەکانی زمان شیکردنەوەیان بۆکردووە. زاراوەی توانست دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگیدانەی، کە لە قوتابخانەی بلۆمفیلد ئاماژەی پێکرابوو، باس لەو توانایە دەکا، کە مرۆڤ هەیەتی بۆ دەستەبەرکردنی خەسڵەتەکانی زمان. ئەمە لە ڕوانگەی بایەخدان بە زمانی دەرەکیExternl Language ئاماژەی پێکراوە بە بێئەوەی لە شیکردنەوەیاندا ئاماژە بەهۆکارە ناوەکییەکانی غەریزەی مرۆڤ بکرێت.( Cook & Newson 1997:21-26). دواتر چۆمسکی بۆ جیاکردنەوە زمانی ناوەکی Internal Language لە زمانی دەرەکی ئاماژەی بەدوو زاراوەی توانست Competence و کاراکردنی توانست Performance کرد. ئەم دوو زاراوەیە تا ڕادەیەك نزیك دەبێتەوە لە دوو چەمکە زمانییەکەی سۆسێر( Cook & Newson 1997:22-23). ئەو توانستە زمانییەی، کە لای مرۆڤ هەیە بۆ دەربڕین، تەنها زانینی فۆرمە زمانییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو پەیوەندی بەو توانا ڕێزمانییەوە هەیە، کە لە ڕێزمانی فۆرمەکاندا دەستەبەر دەکرێت. بوونی واتای جۆراوجۆری فۆرمەکان لایەنێکی تری توانستە لە زماندا.

یەکێك لەو تیۆرانەی، کە گرنگی بە توانستی زمانی داوە تیۆری چێوەڕێژییە، پێیوایە تێگەیشتنی ڕەفتاری زمانی تەنها لە چوارچێوەی زمانەکەدا سنوردار ناکرێت، بەڵکو بە پێی وەسفکردنی ئەو کاریگەرییەی، کە ئاڵوگۆڕ دەکرێت لە نێوان ڕەفتارە زمانییەکەدا بەرجەستە دەبێت، Pike بۆ ئەم مەبەستە دوو تێڕوانینی جیاواز دەخاتەڕوو :

١- لێکدانەوەی ڕەفتاری زمانی لە دەرەوەی سیستەمی زمانیدا، کە بە (Etic) ناسراوە.

٢- لێکدانەوەی ڕەفتاری زمانی لە ناوەوەی زماندا، کە بە (Emic) ناسراوە (سعید حسن بحیری ١٩٩٧ :٢٩).

توانستی زمانی پەیوەندی بە بە لایەنی مەعریفی زمانەوە هەیە. ئەو توانایە دەگرێتەوە کە هەموو قسەکەرێك هەیەتی بۆ ئاخاوتن بە زمانەکی خۆی، هەموو مرۆڤێك لە توانای دایە چەندەها وشەو زاراوەی زمانەکەی و سیستەمی زمانەکەی لە مێشکیدا هەڵبگرێت، کەواتە زمان بە دوو سیستەم کار دەکات:

١- سیستەمی چەمکی هێماکان/ هێمای چەمکەکان، ئەمەش وشە و مۆرفیمەکان لەخۆدەگرێ لەگەڵ ئەو واتا و بیرۆکەیەی، کە هێماکە لە وشەو مۆرفیمەکان گوزارشتی لێدەکات .

٢- سیستەمی ژمێرکاری، ئەمەشیان بەشێکە لەو سیستەمەی، کە چۆمسکی دوای ساڵی (١٩٩٥) دەستەبەری کرد[١٢] (سەباح ڕەشید ٢٠١٥ :٦٤).

وشە فەرهەنگییەکان بۆ هەرهێمایەك چەمکێکی دیاریکراو هەیە، واتە لەم بارەدا زمان لە باری وەستانیدایە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ بیرۆکەیەك لە هێماکاندا بەدینەکرێت، لێرەدا هێماکان بەهاداردەبن، کە پەیوەست دەکرێن بەسیستەمی بەکارهێنانی لە چوارچێوەی ڕێزماندا، کە هەر بەکارهێنانێك نرخێکی جیاواز نیشاندەدات، واتە هێماکان بە پێی سیستەمێکی دیاریکراو کاردەکەن، بۆیە ئەم دوو سیستەمە بە تەواوکەری یەکتری دادەنرێن. "چۆمسکی توانست وەك کۆگایەکی گونجاو بۆ لێکدانەوەی زمان دادەنێت. هیچ گرنگییەك نادات بەو ئەرکە گەیاندنیانەی ئەو فۆرمانە دەیگرنە ئەستۆ لە دەوروبەرە ڕاستەقینەکانی زمان" (ویدۆوسن ٢٠٠٨: ٣٩). چونکە زمان پەیوەستە بەبارو دۆخ و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دیاریکردنی توانست. پێویستە لایەنەکانی ئەرکی زمان لەبەرچاو بگیرێت، چونکە ئەوەی زمان بەرەو چالاکی زیاتر دەبات، ئەرکەکانی زمانە ، تەنها ئەرکە ناوەکییەکانی زمان[١٣] ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو ئەرکانە دەگرێتەوە، کە لە پەیوەندی گەیاندندا بەکاردەهێنرێن. زاڵبوون بەسەر زانینی واتای، کەرەسەکانی زمان و میکانیزمی لێکدانەوەکانیان وەك کەسێکی خاوەن زمانەکە بە توانست دادەنرێت.

لایەنی ڕێزمانی بە تەنها ناتوانێت توانست بەرجەستە بکات، ئەگەر لایەنی کۆمەڵایەتی و دەوروبەر لەبەرچاونەگیرێت، چونکە زمان لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا گەشە دەکات، بە پێی ئەو تایبەتمەندییەی، کە لە لایەنی بایۆلۆجي و فسیۆلۆجی مرۆڤدا دەبینرێت، کە توانستی مێشکی مرۆڤ دەتوانێت گەشە بکات لە ناو کۆمەڵگادا، بەوەش لە گیانەوەران جیادەکرێتەوە، کە توانای گەشەکردن لای گیانەوەران جێگیرەو ناگۆڕێت. منداڵ لەسەرەتای تەمەنی فێری وشە و زاراوەکان دەبێت، بەڵام بەتێپەربوونی تەمەنی لە ناو کۆمەڵگادا، وشە و زاراوەکان دەخاتە چوارچێوەی سیستەمی ڕێزمانی زمانەکەی و شارەزابوون لە پێکهاتەی ڕووکەش و پێکهاتەی قوڵی زمانەکەی " بۆیە توانست دەرخەری باری هۆشەکی زمانە و وابەستەی هەڵهێنجانی یاسا و ڕێساکانی زمانێکی دیاریکراوە کە بەهۆی تواناکەیەوە یاسا بەند دەکرێت" (تریفە عومەر ٢٠٠٨: ٢٠).

جۆری کۆمەڵگا و تەمەن و باری ڕۆشنبیری کاریگەری هەیە لەسەر توانست لای مرۆڤ، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم توانستە ڕێژەییە لای هەموو کەسێك وەك یەك نییە. فەرهەنگی مێشکی، کەسێکی ڕۆشنبیر دەوڵەمەندترە لە کەسێکی ئاسایی. "بەپێی بۆچوونی زاناکان، ناوچەیەك لە مێشك ڕۆڵدەگێڕێ لە نواندنی فەرهەنگی، بەمەش ئەم فەرهەنگە لایەنی فیزیۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و زمانی لەخۆدەگرێ" (سەباح ڕەشید ٢٠١٥ : ٦٦). وشە فەرهەنگییەکان و سیستەمی ڕێزمانی لە ناویەکتردا کاردەکەن و پەیوەستن بە یەکترییەوە، بەڵام لایەنی سیمانتیکی دەتوانێت ئەم دوو لایەنە بەڕێوەببات. نمونە
- ( فڕین ، مەلەکردن)

دوو وشەن دوو بیری جیاواز دەگەیەنن، کاتێك لە چوارچێوەی ڕستەدا بەکاردەهێنرێت. ئەم کردارانە پێویستیان بە هەڵبژاردنی، کەتیگۆری گونجاو هەیە. لەگەڵ ناوێك بەکاردەهێنرێن، کە واتای ئەم چەمکانە هەڵبگرن. بەم شێوەیە:

---

١٢ - مەبەست لەو سیستەمەیە، کە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا لە ساڵی (١٩٩٥)دا خراوەتە ڕوو.

١٣- مەبەست لە زمانی ناوەکی مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات وەك ئاکاری ناو مێشکی مرۆڤ لەبری شتە دەرەکییەکان لەبەر ئەوەی زمان بە چەشنی تایبەتمەندێتیی تاك لای چۆمسکی پەیڕەوێکی نوێنراوە لە مێشکدا. بڕوانە( تریفە عمر ٢٠٠٨).

(٢٩-أ-) چۆلەکەکان دەفڕن.
(٣٠-أ-) بۆقەکان مەلەدەکەن.
(چۆلەکەکان و بۆقەکان) تەواو لەگەڵ کردارەکانی هەردوو ڕستەکە، لە ڕووی ڕێزمانی و لۆژیکەوە گونجاون. بەڵام ئەگەر ڕستەکان بگۆڕین بە:
(٢٩-ب-) چۆلەکەکان مەلەدەکەن. *
(٣٠-ب-) بۆقەکان دەفڕن. *
دەستکەوتنی واتای ئەم ڕستانە. لە لێکدانەوەی سیمانتیکی بەرجەستە نابێت هەرچەندە لە ڕووی ڕێزمانییەوە گونجاوە، بەڵام لە ڕووی لۆژیکەوە گونجاو نییە، " ئەم ڕێگەیە خۆی لە لێکدانەوەی ڕێزمانی ڕادەدێرێت و پێداگیری لەسەر لایەنی سیمانتیکی دەکاتەوە. بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکی دەبێ هەندێك یاساو بنەما هەبن لەسەر ئەم ڕستانە جێبەجێ بکرێت، کاتێك کەتیگۆرییە ئاڵۆزەکان وەکو (Functor) یەکەی ئەرکی کار دەکەن" (سەباح ڕەشید ٢٠١٥ : ٦٦). کەواتە توانست تەنها لە ڕێگەی ئەرکە ناوەکییەکانی زماندا نایەتە کایەوە، بەڵکو گرینگیدان بە فۆرمی ئەو ئەرکە دەرەکییانە، لایەنێکی پێویستە لە پەیوەندیکردن و گەیاندندا، واتە زانینی زمان لە باری ئەبستراکتەوە بخرێتە باری کردەی قسەیی ڕاستەقینە. پێویستە لە تێڕوانینی ڕێزمانی ئەرکییەوە بیر لە شتەکان بکرێتەوە "چونکە زمان بە شێوەیەکی جیاواز دەکەوێتە ژێر کاریگەری ژینگە و چۆن لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵ شێوەی خۆی وەردەگرێت و چۆن دەبێتە ڕەنگدانەوەی ئەو ئەرکانەی، کە لە پێناو جێبەجێکردنیاندا هاتۆتەکایەوە؟" (ویدۆسن ٢٠٠٨ : ٤١).
توانستی خوێنەر ئەو توانایەیە، کە خوێنەر هەیەتی بۆ خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی و تێگەیشتن لە واتاکەی. لەم بارەدا خوێندنەوە بەم ڕێژە توانایە جیاوازە لە خوێندنەوەی ئەدەبی. ئامانجی خوێندنەوە شیکردنەوەی دەقەکە و کردنەوەی کۆد پێکهاتەی دەقەکە نییە. ئەو توانستە لای خوێنەر هەرگیز درك بە بەستنەوەی کارە ئەدەبییەکان و بە لایەنە پراگماتیکییەکان ناکات بۆ دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی دەقەکە و خستنەڕووی پەیوەندی نێوان ڕوخسارو ناوەڕۆك. ئەم خوێنەرە ناتوانێت ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە، کە نوسەر بۆی جێهێشتووە. ئامانجی ئەم جۆرە خوێندنەوە تەنها چێژ وەرگرتنە لە جوانی دەقە. بە هۆی ئەو کاریگەرییەی، کە دەقەکە کردوویەتییە سەری. توانستی خوێنەر زیاتر پەیوەستە بە پێکهاتەی ڕووکەشی دەقە ئەدەبییەکە ڕۆناچێتە ناو پێکهاتەی قووڵ و ئەوەی پەیوندی بە زمانی دەرەوە هەیە. ناتوانێت بگاتە باری دەستنیشانکردنی هونەرەکانی ئەدەب و ئاماژەکردن بە شێوازە جیاوازەکانی دەقە ئەدەبییەکان "ئەو ماوە جوانکارییەی، کە لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا هەیە، لەم خوێنەرە بەدیناکرێت، چونکە ئەمە پێویستی بە ئاسۆ و تێڕوانینێکی نوێ هەیە بۆ ئاشکراکردنی بونیادی واتای دەقەکە".

ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری ئاسایی ⟵ ماوەی جوانکاری ⟵ ماوەی جوانکاری ئاسۆیەکی نوێ لە هۆشی خوێنەر

(بشری موسی صالح ٢٠٠١ :٤٦)

ئەم هێڵکاریە ئەوە دەگەیەنێت، کە توانستی خوێنەر وەك خوێنەرێکی ئاسایی کاردەکات، هەست بەو چالاکییە ناکرێت، کەلای خوێنەرێکی بە تواناداە هەیە، بەڵام بە پێی ئەو زانیارییەی، کە هەیەتی بۆ جۆری دەقەکە دەتوانێت بگاتە واتای گشتی دەقەکە.
خوێنەری ئاستی یەکەم خاوەن ئەو توانستەیە بۆ خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی، چونکە ئەمە تەنها بەسەر واتای ڕووکەشی دەقەکە تێدەپەڕێت ناچێتە قوڵایی واتاکان (امبرتوایکو ٢٠٠٩:١٤٠). زیاتر گرنگی بە ڕێڕەوی ڕووداوەکان دەدرێت، کە چۆن کۆتایان دێت. هەرگیز خوێندنەوەی ئاستی یەکەم خوێنەر ناگەیەنێتە ئاستی دووەم، بەڵام خوێنەری ئاستی دووەم دەبێت بە قۆناغەکانی خوێنەری ئاستی یەکەمدا تێپەڕبێت، تا ببێت بە خوێنەرێکی بەتوانا. جیاوازی لە جۆری دەقەکان کاریگەریان هەیە لەسەر دەستنیشانکردنی جۆری خوێنەرەکان. هەندێك دەق هەیە لە ڕووی پێکهاتە و شێوازەوە سادەو ساکارن، خوێنەر تەنها لە ڕێگای توانستەوە دەتوانێت درك بە واتای گشتی دەقەکە بکات، بەڵام ئەم جۆرە خوێنەرە بەم توانایە ناتوانێت خودی خۆی ڕازیبکات لە نێو دەقێکی ئاست بەرزدا لە ڕووی شێوازگەرییەوە، ناتوانێت هیچ ناوەندێك لە نێوان خۆی و دەقەکەدا هەڵبژێرێت و درك بە چێژی جوانکاری بکات، گرنگی بە لایەنی زمانەوانی دەقەکە بدات.

توانستی خوێنەر لەساتی بەیەکگەیشتنی خوێنەرو دەق بەرجەستەدەبێت. لە ناونیشانی دەقەکەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە کۆتایی. بەچەند جارێك خوێندنەوە واتایەکی لا گەڵاڵە دەبێت، سەبارەت بە ناوەرۆکی بابەتەکە. هەندێکجار خوێنەر جۆرێك لە شێواندنی واتای لادروست دەبێت، بە تایبەتی لە بەستنەوەی ناونیشانی دەق بە ناوەرۆکەکەی، چونکە شارەزایی تەواوی نییە لەسەر واتا جیاوازەکانی وشەو هونەرەکانی خوازە و خواستنی زمانی. کەواتە لێرەدا ڕۆڵی ئەم خوێنەرە کۆتایی دێت. ئەم دەقە پێویستی بە خوێنەرێك هەیە، کە درك بە ڕەهەندی جوانکاری و وشەکاری زمانی خواستن بکات. نەبوونی شارەزایی خوێنەر لە هونەرەکانی ئەدەب و لایەنی زمانەوانی و پەیوەندییەکانی ناودەق و لایەنی، کەلتوری و مێژویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی، دەبێتە کەمتوانایی خوێنەر. "خوێنەرلە ڕێگەی ئەو ڕێبازەی، کە بەکاریدەهێنێت، دەتوانێت کەسایەتی و بیرو هەڵوێستەکانی خۆی تێدا ئاشکرا بکات، لەگەڵ خستنەڕووی کاریگەرییە ئەدەبییەکانی خودی خۆی" (عبدالناصر حسن ١٩٩٩ :١٧). دەقی ئەدەبی خاوەن دەسەڵاتە بۆ ڕاکێشانی خوێنەر. خوێندنەوە لە لە دەقێکی ئەدەبیدا لە کەسێکەوە بە کەسێکی تر جیاوازە. هەمان دەق لە لایەن یەك خوێنەر لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر جیاوازە. هەندێکجار خوێنەر لە دەرئەنجامی خوێندنەوەدا ناتوانێت واتای مەبەست بەرهەمبێنێت بە هۆی، کەم توانایی و نەبوونی ئەزموون، خوێنەر واتای دەقەکە بەرەو هەڵدێر دەبات.

خوێنەر ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە کاری خوێندنەوە ئەنجامدەدەن لە سەر دەقێکی هونەریدا. خوێنەر هەیە تەنها بۆ چێژی، کەسی دەقەکان دەخوێنێتەوە. هەندێکیشیان ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە وەك ڕەخنەگرێك شیکردنەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکان دەکات. ئەو کۆد و نیشانانە دەکەنەوە، کە واتای مەبەست دەگەیەنن. تۆدۆرۆف سێ جۆر خوێندنەوەی جیاکردۆتەوە :

١- خوێندنەوەی جێکەوتەیی ( القراءة الاسقاطية )
ئەمە جۆرێکە لە خوێندنەوەی کۆن و لاسایی کراوە، گرنگی بەدەق نادات، بەڵکو لە ڕێگەی دەقەوە بەرەو دانەرو کۆمەڵگا دەڕوات، مامەڵە لەگەڵ دەق دەکات، وەك بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی مەسەلەی، کەسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی.
٢- خوێندنەوی ڕاڤەکاری (القراءة الشارحة )
ئەم جۆرەی خوێندنەوە پابەندی دەقە، بەڵام تەنها گرنگی بەلایەنی واتا دەدات، واتای ڕووکەشی وشەکان وەردەگرێت. ڕاڤەی دەقەکە دەکات بەدانانی وشەی جێگرەوە (بديل) بۆ هەمان واتا. ئەمەش دووبارەکردنەوەیەکی ساویلکانەیە بۆ هەمان وشە.
٣- خوێندنەوەی ئەدەبییانە (القراءة الادبية):
ئەمە خوێندنەوەی دەقە لە ڕێگەی شیکردنەوەی کۆدەکان لە ژێر ڕۆشنایی دەروبەرێکی هونەریدا. لێرەدا دەق وەك یەکەیەکی زیندوو دەجولێت و پاڵنەرە بۆ ئەو هێزە، کە هەموو بەربەستەکانی نێودەقەکان دەشکێنێت. (عبدالناصر حسن١٩٩٩: ٥٥).

ئەگەر خوێندنەوەی یەکەم و دووەم بە ئاسانی جیابکرێتەوە، ئەوا خوێندنەوەی جۆری سێیەم دەستنیشانکردنی بەو شێوەیە ئاسان نابێت، ئەم شێوازەی خوێندنەوە لای بونیادگەرەکان بە شێوازگەری وەسفی ناودەبرێت. دەقی ئەدەبی بەتەنها بوونێکی بەهاداری نابێت، تا نەگاتە خوێنەر. خوێنەر دەبێتە تەواوکەری واتای کارە ئەدەبییەکان و چالاکییەکی زیندووە "کۆڵەربە سود وەرگرتن لە بۆچوونەکەی چۆمسکی، پێیوایە، کە دەبێت خوێنەر شارەزابێت لە نەریتەکانی تێگەیشتنی زمان بۆتێگەیشتنی واتای دەق. کەواتە خوێنەر دەبێتە خاڵێکی گرنگی پرۆسەی تێگەیشتن" (رامان سلدن١٩٩١ :١٠٢). خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی پێویستی بە لێهاتوویی و شارەزایەکی زۆری خوێنەر هەیە، تا بتوانێت نرخێکی تەواوی بۆ دابنێت. لێرەدا دەکرێت بڵێین "خوێندنەوە پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، لەبارەی نوێکردنەوەی چالاکییەوە، نەك وەکو شتێکی نادیار، بەکارهێنانێکی پێشبینیکراو ومەزندەکراوە لە تازەکردنەوەیەکی ئاساندا" (Mey 2001:237). کەواتە ئەگەر کاری تێگەیشتن لای خوێنەر بەرجەستە نەبێت، ئەوا گەیاندنی پەیامەکە شکست دەهێنێت.

توانای خوێنەر لەو کاتەدا بەرجەستە دەبێت، کە بتوانیت درك بە پەیوەندییەکانی ناوەوە و دەرەوەی دەق بکات. بتوانێت ئەو واتایە بدۆزێتەوە، کە لە نێو سیستەمی ڕێزمانی و بە دوایەکداهاتنی ڕووداوەکان

و دەوروبەری دەقەکە ونبووە، چونکە "پەیوەندییە دەوروبەرییەکانی دەق بنچینەی کردەی بونیادی دەقە، پتەوی و پەسندییەك دەداتە دەق. پرۆسەی سەرکەوتنی گەیاندنی زمانی بەندە بە پەسندی دەق لای وەرگر" (Halliday&Hasan 1976:334). توانای خوێنەر پێویستی بە چالاکییەکانی توانستی زمانی دەبێت، تا بتوانێت ئەو خوێندنەوەیە بەرجەستە بکات، کە نوسەر پێشبینی وەرگرتنی دەکات. هەمیشە پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، بەڵام پەیوەندی نێوان نوسەرو خوێنەر پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە، دەق دەبێتە نێوانێك بۆ دروستکردنی ئەم پەیوندییە. خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەدەبی دەتوانێت توانای خۆی تێدا بەکاربهێنێت، بە پێی ئەو شارەزاییە پێشینەیەی، کە هەیەتی سەبارەت بە دەقە ئەدەبییەکان و ڕەگەزی ئەدەبی و دەستنیشانکردنی لایەنی مێژووی دەق و ئەو دەوروبەرەی، کە دەقەکەی تێدا دروست بووە. ئەمانە هۆکاری سەرەکین بۆ فراوانبوونی ئاسۆی تێگەیشتنی خوێنەر. ئەم جۆرە خوێنەرەی درك بە لایەنە شاراوەکانی ناو دەق بکات. پەیوەندی نێوان بەشەکانی دەق دیاریبکات و ئاماژە بە چۆنییەتی بەستنەوەی بەشەکانی بکات. لایەنی گونجان و نەگونجانی پێکهاتەی دەقەکان لە ناوەوە و دەرەوە شیبکاتەوە، لە ڕێگەی ئاوێتەبوونی خوێنەر و ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی شێوازگەری بەهای جوانکاری ئەدەبی دەخاتەڕوو، ئەم وەسفانە دەگەڕێتەوە بۆ خوێنەری خاوەن توانا و شارەزایی و ئەزموون، ئەم جۆرە خوێنەرە توانستی ئەدەبی هەیە و شارەزایە لە بواری هونەرەکانی ڕەوانبێژی. ئەمانە هۆکارن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندنەوە. توانا پێوەرێکی هونەرییە بۆ بڕیاردان لەسەر چێژی جوانکاری دەق لە لای خوێنەر ئەمەش دەبێتە خاڵی جیاکردنەوەی دەقێك لە دەقێکی تر.

ئیمبرتوئیکۆ دووئاستی بۆ خوێنەری نمونەیی جیاکردۆتەوە:

١- خوێنەری نمونەیی لە ئاستی یەکەمدا.

٢- خوێنەری نمونەی لە ئاستی دووەمدا (امبرتوایکو١٣٨:٢٠٠٩).

توانای خوێندنەوە لە خوێنەری ئاستی دووەمدا بەرجەستەدەبێت. واتە توانا پێوەرێکی هونەرییە بۆ بڕیاردان لە سەر چێژی جوانکاری دەق لەلای خوێنەر.

### ٢-١٠- کاراکردنی توانستی خوێنەر Performance of reader:

توانست ئەو توانایە دەگرێتەوە، کە هەموو قسەکەرێکی خاوەن زمانەکە هەیەتی بۆ قسەکردن. هەرچەندە زمانی گشتی (Langue) و توانست (Competence) زانستی ئەبستراکتن، بەڵام مرۆڤ بە ڕێگای جۆراوجۆر درك بە سروشتی زانینیان دەکات. ئەو زانستە ئەبستراکتە زانینێکی گشتییە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هاوبەشە، بەڵام بەلای چۆمسکییەوە دیاردەیەکی سایکۆلۆجییە نەك کۆمەڵایەتی، بەڵکو بەهرەیەکی بۆماوەییە لە هەموو تاکێکدا هەیە. (ویدۆوسن ٣٧:٢٠٠٨). چۆمسکی زاراوەی(توانستی Competence)ی بەرامبەر بە واتای ئەو زانینە بەکارهێنا، کە قسەکەر هەیەتی لە بارەی زمانی زگماکی خۆی، واتە زانستی دانە فەرهەنگییەکان و ڕیزکردنیان لە سیستەمی ڕستەدا، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ خوێندنەوەی توانستی خوێنەر. "چۆمسکی وای دەردەخات کە کاری زمانەوانی دۆزینەوەی سیستەمی یاساکانە، کە لە پێکهاتەی ژێرەوە بە یارمەتی توانا Performance لای قسەکەر جێبەجێدەبن"(ئاڤێستا کمال٢٠١٢: ٣٧). ئەگەر لێکدانەوە بۆ فەرهەنگی ئاوەزەی بکرێت، یەکێك لە بۆچوونەکان ئەوەیە، کەوا مرۆڤ لە منداڵیەوە هەزارەها وشە لەو فەرهەنگە ئاوەزییە هەڵدەگرێت، بەڵام مەرج نییە هەموو وشەکان لە ژیانیدا بەکار بهێنێت، ڕۆڵی نوسەر لێرەدا لە ڕێگەی ئەو دەقەوە ورژاندنێك دەخاتە چوارچێوەی توانستی خوێنەرو فەرهەنگی ئاوەزی، کە چەندین وشەی ناو ئەو فەرهەنگە کارا دەکات و بە بیری دەهێنێتەوەو بەکاریاندەهێنێت. وەك لەم هێڵکاریەدا ڕوونکراوەتەوە:




(Lab uni- biskra.dz.naima/13.)

لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە بونیادی قوڵ دەرئەنجامی ڕەگەزە سەرەتاییەكانی پێكهاتەی ڕێزمانین كە واتا دەگەیەنن، ئەم كەرەسانە لە بنەڕەتدا لە هزری مرۆڤ واتایەكی دیاركراویان هەیە، ڕستەیەكی ڕێزمانی دروستی لێ پێكدەهێنرێت، ئەم ڕستەیە هێمایەكە واتاكەی تێدا بەرجەستە دەبێت. بەڵام بونیادی ڕووكەش دەرئەنجامی ڕێزمانی گوێزانەوە لەم جۆرەدا بونیادی ڕستەكە بە شێوەیەكی بەرجەستەیی و لۆژیكی بوونیان هەیە بە شێوەی مۆرفیم و وشە، كە بەیەكەوە دەبەسترێنەوە. دواتر بە شێوەی دەربڕین گوێمان لەو ڕستانە دەبێت واتە هەر گوتراوێكی دركێنراو، دەبەسترێتەوە بە ڕێزمانی گوێزانەوە، كە وشەكانی تێدا ڕێكدەخرێت، قسەكەر گوزارشت لە پەیوەندی هزری نابەرجەستەیی دەكات بە وشە هەستپێكراو و دركێنراوەكان.

ئەم هێلكارییە دەرئەنجامی كارلێكی نێوان بۆچوونەكانی سۆسێر و چۆمسكییە، چونكە دانە فەرهەنگییەكان و سیستەمی ڕێزمانی لە مێشكی هەرتاكێكی خاوەن زمان بوونی هەیە، كە بەشێوەیەكی پلەیی فێری بووە لە (دەنگ و وشە و ڕستە )، كە دەچێتە ئاستی بونیادی قووڵ. كاتێك توانست كارا دەكرێت، ڕستەی بەرهەمهێنراو لە دروستەی قووڵەوە دەگوێزرێتەوە بۆ دروستەی ناوەند، ئینجا بۆ ڕۆنانی سەرەوە.

پڕۆسەی كاراكردنی توانست لە توانستەوە سەرچاوە دەگرێت. دەبێت ئەو توانستە لە مێشكدا بوونی هەبێت ئینجا دەتوانرێت، ئەو توانستە هاوبەشەی، كە لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵدا هەیە، بەڵام بە جۆرێكی هاوشێوەی جیاواز دركی پێدەكرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەربڕینی ڕستە لەگەڵ هەڵوێستە جیاوازەكانی قسەكەر لێیدەكۆڵدرێتەوە "هەڵسوكەوتی قسەكەر پڕاوپڕی هەڵسوكەوتی گوێگر دیارییدەكات، كە لە تەكیدا دەربڕاوێكی دیاریكراو دێتە ئاراوە و دروست دەبێت" ( كۆمەڵێك زمانەوان ٢٠٠٩ :٧٧) كاتێك زمان دەدركێنرێت كردەیەك ئەنجام دەدات، بەڵام لە ژێرەوەی كردەیەكی هۆشەكی قوڵ شاردراوەتەوە. دەبێت ئەو پەیوەندییە بدۆزرێتەوە، كە لە نێوان ئەم دوو كردەیە هەیە.

لێرەدا كاراكردنی توانست پەیوەست دەكەین بە سیستەمی ژمێركاری، كە لە (لا ٦٩) ئاماژەی پێكراوە. ئەم سیستەمە "دەستەیەك كردە دهێنێتە كایەوە بۆ بەستنەوەی یەكە فەرهەنگییەكان بۆ ئەوەی ڕێگە بە قسەكەر بدات ژمارەیەكی بێكۆتا لە ڕۆناندن و تێگەیشتن ڕستە بێنێتە بەرهەم، ئەو ڕستانەش دەگرێتەوە، كە تاكو ڕادەیەكی زۆر ئاڵوزن" (سەباح ڕەشید ٢٠١٥: ٦٥). ئەم تیۆرە كەمتر پشت بە لایەنی ڕێزمانی دەبەستێت. بەڵكو بەكارهێنانی یەكە فەرهەنگییەكان بە ڕێگەیەكی تایبەت، بە پێی داواكاری ئەم یەكانە جێبەجێدەكرێت. كە لایەنی ئەركی لە چوارچێوەی ڕستەكەدا لەبەرچاو دەگرێت. كردار دەبێتە بنەمای سەرەكی بەدەستهێنانی ئەرگومینتەكانی تر، ئەمەش لە دوو ڕێگەی كردەی

هەڵبژاردن و لێکدان ئەنجامدەدرێت، جۆری ڕستەکان کاریگەرییان هەیە لە سەر چۆنییەتی ڕێکخستنی ئەم سیستەمە. ئەو توانستەی لای مرۆڤ هەیە دەتوانێت میکانیزمی ئەم سیستەمە بەڕێوەببات. لایەنی مەعریفی مرۆڤ بەشێکی گرنگی ئەم جۆرە لێکدانەوانەن، چونکە ئەو مەعریفە لەهزری قسەکەردایە دەتوانێت بە پێی سیستەمی ڕێزمانی زمانەکە کەرەسەکان ڕیزبکات. لە زمانی کوردیدا کردار بڕیار لەسەر وەرگرتنی، کەرەسەکان دەدات بۆ بەستنەوەیان بە یەکترییەوە."سیستەمی ژمێریاری ئەم کردە سەرەکییانە لەخۆدەگرێت کە پێکدێت:
هەڵبژاردنSelection، لێکدانMerge، جوڵانەوەMove و ڕێکەوتن Agreement لە کۆتاییدا بە کردەیەك دوایی پێدێت، چۆمسکی ناوی ناوە درکاندن Spelloute"(سەڵاح حوێز ٢٠١٤: ١٧). "ئەم سیستەمە تەنیا بریتییە لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی فەرهەنگ، یان ئەو شوێنکەوتانەی، کە بە دوای ئەو وشەیە دادەکەون، بڕیاردان لەسەر کەرەستە شوێنکەوتووەکان بە هاوکاری کردەی یەکگرتن و لێکدان دێتەکایە" (سەباح ڕەشید ٢٠١٥: ٧٩).
هەڵبژاردەی یەکە فەرهەنگییەکانی زمان بە پێی ئەو تایبەتمەندییەی، کە هەیەتی بە کەرەسەکانی ترەوە دەلکێنرێن. بەپێی یەکەم وەرگرتنی واتای فەرهەنگی وشەکە لە مێشکی قسەکەردا، بەڵام ڕەهەندێکی تر لە پشت ئەم واتایە بوونی هەیە. قسەکەر بە پێی ئەزموونی بەکارهێنانی درکی پێکردووە لە ڕێگەی چالاککردنی توانستەوە ئەم سیستەمەی لەسەر جێبەجێدەکرێت، چونکە کردار بە بنەمای وەرگرتنی ئەرگۆمێنت دادەنرێت، ئەمە یاسایەکی گشتییە لە ناو ڕستەی زمانی کوردیدا کە کاری تێپەڕ پێویستی بە دوو ئەرگۆمێنت هەیە و کاری تێنەپەڕ پێویستی بە یەك ئارگومێنت هەیە. بە پێی سیستەمی نوسینی زمانی کوردی کردار بەلای ڕاستدا ناوەکان هەڵدەبژێرێت و بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە. نمونە
(خوێندەوە) کردارێکی تێپەڕە پێویستی بە دوو ئارگۆمێنت هەیە، کە لە پێش خۆیەوە داوای دەکات.

(٣١) *ئەو نامەکەی خوێندەوە* .
بە پێی سیستەمی ڕێزمانی کوردی بکەر دەتوانێت ڕێکەوتنێك دروستبکات بۆ ئەوەی بە جێناوی لکاو جێگیر بکرێت لە سەر بەرکار، کاتێك کردارەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت.
ڕێکەوتن
(٣٢) *ئـــەو پێنۆکەکـەی نوسیوە* .

ئەم سیستەمە ناتوانرێت بە تەواوی بە هەمان ڕیزبەندی لە دەقێکی ئەدەبیدا بە تایبەتی دەقی شیعری جێبەجێبکرێت، چونکە مێشکی شاعیر لە سەرووی یاساکانی ئەم سیستەمەوە کاردەکات و لە ڕێگەی لادانەکان هەندێك لە یاساکانی ئەم سیستەمە دەشکێنێت. کردار هەمان ڕۆڵی بابەتییانە دەبینێت لە هەڵبژاردنی ئەرگومێنتەکانی بەڵام مەرج نییە هەمان ڕیزکردن و هەمان واتای فەرهەنگی نیشانبدات.
بەلای چۆمسکییەوە چەمکی بەرهەمهێنان واتای داهێنان لە زمان دەگرێتەوە، چونکە مرۆڤ لە توانای دایە ژمارەیەکی بێسنور ڕستەی زمانەکەی تێبگات و دەربڕێت. منداڵ ئەو توانایەی گەشە دەکات، بۆ ئەوەی ڕێزمانی زمانەکەی بەتەواوی لە مێشکیدا جێگیر ببێت، هەموو منداڵانی جیهان بە خێرای فێری ڕێزمانی زمانەکەیان دەبن کە تەمەنیان لە نێوان (٢-٥)ساڵیدایە، دەتوانن درك بەو پەیوەندیانە بکەن، کە لە نێوان وشەکاندا هەیە، ئامانجی ڕێزمانی بەرهەمهێنان دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیەیە، کە لە نێوان وشەکانی ڕستەیەکدا هەیە و دۆزینەوەی ئەو ڕێزمانە قوڵەیە، کە زمان دیاریاندەکات، ئەمە ناوەرۆکێکی چڕو جێگیرە بۆ تایبەتمەندییە لۆژیکییەکان. ئەم پرۆسەیە تایبەتە بەو توانا خۆرسکییەی، کە هەموو مرۆڤێك هەیەتی.
مرۆڤ ئەم ڕستانە بە شێوەیەکی سروشتی دەردەبڕێت بێئەوەی بیر لە یاسای ڕێزمانییەکان بکاتەوە. قسەکەری هەر زمانێك بە پێی ئەو توانستەی هەیەتی داهێنان لە ڕستەو دەربڕینەکانی دەکات بە پێی ڕێزمانی زمانەکەی ئەو ڕستەیە لای خاوەنی زمانەکە بە گونجاو دادەنرێت، ئەمە لە لایەن پێشهەستییەوە بەرجەستە دەبێت. خاوەن زمانەکە دەتوانێت بڕیار لەسەر گونجان و نەگونجانی ڕستەکان بدات، بە پێی یاسا ڕێزمانییەکان و واتاکانیان، وەك لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە :

| ڕستــــــــــه | یاساکانی زمان | لایەنی واتاسازی |
|---|---|---|
| ١- ڕستەی گونجاو | + | + |
| ٢- ڕستەی نەگونجاو | + | - |
| | - | + |
| | - | - |

ڕستەی گونجاو : ئەو ڕستەیەیە، کە لەسەربنەمای ڕێزمانی زمانەکەی بونیادنراوە، کە توانست لە خۆدەگرێت، پەیوەندی بە زمانی ناوەوە هەیە، کە کردەی قسەکردن ئەنجام دەدات، لەنەستی قسەکەرەوە دەردەچێت. بە ڕەچاوکردنی ڕیزکردنی گونجاو بە پێی ئاستەکانی زمان.(میشال زکریا ١٩٩٢ : ٤٩-٥٠)

٢- ڕستەی نەگونجاو : ئەو جۆرە ڕستەیەیە، کە بە پێی بنەماکانی ڕستەی گونجاو دانارێژرێت. ئەم ڕستەیە لای خاوەن زمانەکە بە نەگونجاو دادەنرێت، بەڵام چۆمسکی ئەم جۆرە ڕستەی جیاکردۆتەوە، کە بە مەبەست لادانی تێدا دەکرێت، بۆ داهێنان لەدەقی ئەدەبی، کە دەتوانرێت شیکردنەوەیان بۆ بکرێت. وەك لەم دەقەدا دەبینرێت:

**(٣٣)** *ئێستا سەرم بریتییە*
*لە کۆمەڵێ خەمی ئاڵۆز*
*لە کۆمەڵێ خەمی پیرۆز*
*بۆیە جارجار بەشێنەیی*
*ئەکشێم بەرەو جیهانی پڕ ئەندێشە و سۆز* (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی ١٩٨٥: ٤٥).

کاتێك کوێگر ئەم دەقە شیعریە دەبیستێت، تێدەگات و گرفت لە تێگەیشتنی دروست نابێت، چونکە بە پێی سیستەمی ڕێزمانی بونیادنراوە، لەڕووی واتاوە، ئەگەرچی وشە فەرهەنگییەکان واتای جیاواز دەبەخشن، بەڵام نابێتە هۆی شێواندنی واتای هۆنراوەکە. خاوەن زمان دەتوانێت هەمان لێکدانەوە بۆ دەربڕینە زمانییەکە بکات، کە شاعیر مەبەستیەتی. لێکدانەوەی پراگماتیکی دەقەکە هۆکارێکی تر دەبێت بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن. لێرەدا کاراکردنی توانست لەلای نوسەرو خوێنەر بەرجەستە دەبێت.

ئەم دەربڕینە بە پێی مەعریفەی قسەکەری زمانەکە گونجاوە، چونکە لێکدانی ڕێزمانی دروستە، ئەوەی، کە بۆتە هۆی شێواندنی ڕستەکە لایەنی واتاییە. ئەم جۆرە دەقە لە بەردەم قسەکەر خاوەن لێکدانەوەیەکی جیاوازە. لێرەدا ئامانجی بنەڕەتی ڕێزمان تیشك خستنە سەر لایەنی هزرو عەقل و لایەنی سایکۆلۆجییە کە بڕیار لەسەر کردەی قسەکردن و گوێگرتن و تێگەیشتن دەدات.

داهێنان لە زماندا کردەیەکە هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە، هیچ سنورێکی دیاریکراوی بۆ دانەنراو، ئەگەر ژمارەی فۆنیم و مۆرفیم و وشە فەرهەنگییەکان لە زماندا سنوردار کرابن، ناتوانرێت سنور بۆ ڕستە دەربڕینەکان دابنرێت، چونکە ئەمانە بەشێکی لەبن نەهاتووی زمانن و کۆتاییان نایەت، بەردەوام بەکارهێنانی ڕستەی تازەو نوێ بەدیدەکرێت لە لایەن نوسەر و داهێنەران. کردەی بەرهەمهێنانی ئەم داهێنانە ناتوانرێت لە ڕێگەی ڕەفتارەکاندا شیبکرێتەوە، ئەگەر نەگەڕێنرێتەوە بۆ یادگەی داهێنەران، کە چەندەها ڕستەی جیاواز بەرهەمدینن. کەواتە لایەنی تیۆری بەرهەمهێنان تیۆرێکی هزرییە، چونکە تایبەتە بە دۆزینەوەی ڕاستییە هۆشەکییەکان لە پشت ڕەفتارەکاندا. پێشهەستی لە لایەن چۆمسکی بەرەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ خستنەڕووی زمان و ڕستەی گونجاو بە پشت بەستن بە لایەنی هزری و مەعریفی ، چونکە ئەمانە هۆکاری ناوەکیین بۆ بەڕێوەبردنی میکانیزمی قسەکردن و تێگەیشتن کاردەکەن.

توانای خوێندنەوە لە خوێنەری ئاستی دووەمدا بەرجەستەدەبێت. واتە کاراکردنی توانست پێوەرێکی هونەرییە بۆ بڕیاردان لە سەر چێژی جوانکاری دەق لەلای خوێنەر.

## بەشی سێیەم
## ٣- نیشانە پراگماتیکییەکان و دەقی هونەری

نیشانە پراگماتیکییەکان ئەو وشانە دەگرنەوە، کە لە سنوری بۆچوونی ئاماژە و کات و کەس و شوێندا بەکاردەهێنرێن. بەشدارییەکی کارایان هەیە لە ئاخاوتندا. ئاماژە بە دەوروبەرێکی دیاریکراو دەکەن " ئەو فۆرمە زمانییە تەمومژاوییەن، کە ئاماژە بۆ کەس وکات و پلە و پایە...هتد دەکەن. ئەم کەرەسانە زمان و دەوروبەر بەیەکەوە دەبەستنەوە" (Levinson 2010,45). ئامرازەکان لە ڕووی واتاییەوە تەمومژاوین، بەڵام لە ڕێگەی زانستی پراگماتیکەوە دەگەنە واتایەکی ڕوون بە پێی ئەو دەوروبەرەی، کە، دەربڕینەکەی تێیدا هاتووە "کەواتە نیشانە پراگماتیکییەکان ئەو نیشانانەن، کە لە ئاخاوتندا پەیوەستن بەو دەوروبەرەی، کە واتاکەی تێدا دیاریدەکرێت" (Yule 1996 :9). لە نێو دەقە ئەدەبیەکاندا نیشانە پراگماتیکییەکان بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی جیاوازییان هەیە، کە بەپێی ڕەوتی داڕشتن و پێکهاتەی دەقەکە دەگۆڕێت. دەبێت نوسەر تایبەتمەندی زمانەکە ڕەچاو بکات لەکاتی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە وەك ئامرازە کەسییەکانی (من ، تۆ...)، ئامرازە ئاماژەییەکان (ئەمە، ئەمانە، ئەوە، ئەوانە) ئامرازەکانی نیشاندانی کات وەك؛ (دوێنێ، سبەینێ، لە داهاتوودا، لە ڕابردوودا...هتد) یان ئەسپێکتەکانی دەستنیشانکردنی کات. نیشانە پراگماتیکییەکانی شوێن وەك(لێرە - لەوێ ... هتد ). نیشانەکانی دەق بەشێکی ترن لە پێکهاتەی دەقەکان، کە گوزارشت لە بەشێکی دەقەکە دەکەن. وەك؛ (لە بەشی پێشوودا، لە برگەی سەرەوە، لێرەدا باسکراوە، لە بەشی دواتر باسدەکرێت...هتد). ئاماژەکان بۆ بەشی پێشەوە یان بەشی دواوەی دەقەکە دەگەڕێنەوە "کە لە ڕێگەی ئاماژەکانی کات و شوێن دروستدەکرێن" (Levinson 2010:85) وەك؛(لە بەشی ڕابردوودا، لەبەشی داهاتوودا...هتد )کە ئاماژەی کاتن. (لێرەدا، لەم بەشەدا...هتد) ئاماژەن بۆ شوێن، ئەم ئاماژانە تایبەتن بە دەقەکە نەك واتای بابەتی دەقەکە[١٤] ئەم ئاماژانە بەشەکانی دەق بەیەکەوە دەبەستنەوە. ئامرازە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی تری نیشانە پراگماتیکییەکانن، چەند وشە و دەربڕینێك هەیە، ئاماژە بەباری کۆمەڵایەتی دەکەن، چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم ئاماژانە ئاستی تاك لە کۆمەڵ دیاردەکەن وەك؛(بەڕێز، وەستا، مامە....هتد)، کە بەشداری لە خستنەڕووی واتای دەقدا دەکەن، پەیوەندی نێوان بەشەکانی دەقەکە پتەوتر دەکەن. تاکەکانی کۆمەڵ لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی دیاری دەکەن، لە هەردەقێکدا واتایەکی جیاوازیان هەیە و بە پێی ڕۆنانی هەرئاستێك دەگۆڕێن. واتە هەمان ئامراز لە هەڵوێستێکی جیاوازدا، واتایەکی جیاواز نیشاندەدات بە پێی ئەو دەوروبەرەی، کە تێیدا بەکارهاتووە. "چەمکی ئاماژەی پراگماتیکی بۆ ستراوسن Strawson دەگەڕێتەوە، بانگەشەی ئاماژەکردن دەکات، بەوەی، کە ئاماژە تەنها گوزارشت لە چەند شتێك ناکات، بەڵکو دەربڕینێکی کردەییە گوزارشت لە زۆر شت دەکات، دەتوانرێت بۆ دەربڕین بەکاربهێنرێت" (Brawn&Yule 1983 :28).

نیشانە پراگماتیکییەکان گرنگترین هۆکاری بەستنەوەی دەقن بەیەکترییەوە، دەبێت ئەو توانایەیان تێدابێت کە پردێك بۆ بەیەکگەیاندنی بەشە لێك دوورەکانی دەق دروستبکەن. ئاماژەکردن بە هۆی نیشانە پراگماتیکییەکانەوە لە زانستی زمانی دەقدا بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت، بۆ گونجاندنی دەق لەگەڵ سیاق و بەستنەوە و بەشەکانی دەق بەیەکترییەوە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی نێوان لێکدانە زمانییەکان و سیاق دەخاتەڕوو ، نابەسترێنەوە بە واتایەکی جێگیر، بەبێ دەوروبەر جۆرێك لە تەمومژی واتایی دروستدەکەن و خاڵی دەبن لە بەهای گەیاندن، بە هۆی ئامادەبوونی ئەو واتایە لە لای قسەکەر و گوێگرهەیە، کە بیری هەریەکێکیان چالاکییەك دەنوێنێت لە پێناو درکپێکردن و گەڕانەوەی بۆ سەرچاوەیەکی دیاریکراو، ئەمانە هۆکارێکن بۆ دروستکردنی ئەو پەیوەندییە واتاییەی، کە لە ناو ڕەگەزەکانی دەقدا هەن.

ئامرازەکان کارێکی پراگماتییکی ئەنجام دەدەن، چونکە نابەسترێنەوە بە هەڵوێستێکی دیاریکراو، بەڵکو تایبەتن بەو وشە و واتایانەی، کە لە مێشکی قسەکەرو گوێگر وێنادەکرێن لە کاتی دەربڕیندا ، بە پێی ئەو توانایەی لەبەر دەستیاندایە بۆ ناسینەوەی خودی ئەو واتایەی، کە جێناوەکە ئاماژەی بۆ دەکات،

---

١٤- هەرچەندە هەمان نیشانەی کات و شوێن بۆ نیشانەکانی دەق بەکاردەهێنرێن، بەڵام نیشانەکانی دەق پێویستی بە لێکدانەوەی هۆشەکیانە هەیە .

ئەمە كارێكی هاریكاریكردنە، هەروەك (گرایس) ئاماژەی پێكردووە لە تیۆرەكەیدا. "كۆمەڵێك نیشاندەری پڕاگماتیكی لە دەقدا خۆیان دەنوێنن و بە هۆیانەوە ئەو پەیوەندییە پێویستەی نێو دەق دروست دەبێت" (قەیس كاكل ٢٠٠٢، ٤٥). كەرەسەكانی زمان، كە بەشداری لە بونیادی دەق دەكەن، خاوەن واتای فەرهەنگین واتایەكی تریان هەیە لە دەوربەردا دیاریدەكرێن، كە پەیوەندی بە پڕۆسەی ئاخاوتنەوە هەیە. ئەم كەرەسانە ڕۆڵێكی گرنگیان هەیە لەدروستكردنی پەیوەندییەكانی نێو دەق. ئاماژە پڕاگماتییكییەكان دوو جۆر بە كارهێنانیان هەیە:

١- ئاماژەیی deictic : دەوروبەری جۆری ئاماژەكە، واتای دەربڕینەكە دیاریدەكات.
٢- نائاماژەیی non-deictic : واتای ئەم جۆرە ئاماژەیە بە هۆی سیمانتیكەوە لێكدەدرێتەوە.

**٣-١- جێناوەكان:**

جێناوەكان لە زمانی كوردیدا كەمتر بۆتە بابەتی لێكۆڵینەوەی لایەنی واتایی و پڕاگماتییكی، ئەوەی زیاتر گرنگی پێدراوە لایەنی ڕێزمانی و هەڵسوكەوتی جێناوەكان بووە لە ڕستەدا، بە پێی ئەو چەمكە ئاڕاستەكراوە، پێگەی بەكارهێنانی جێناوەكان ناتوانرێت بە پێوەرێكی بەرز هەڵبسەنگێنرێن، ئەگەر نەخرێنە دەوروبەرێكی دیاریكراوەوە، هەرچەندە یەكەیەكی چالاكە لە ئاخاوتندا، بەڵام واتاكەی پەیوەستە بە چۆنییەتی بەكارهێنانی لە دەوروبەردا.

نمونە:

**(١)** *ئێمە چووین بۆ زانكۆ.*

لەم ڕستەیەدا (ئێمە) جێناوی، كەسی یەكەمی كۆیە، یەكەیەكی سەرەكی ئاخاوتنە لە ڕستەكەدا، بەڵام واتایەكی ڕوونی تێدا بەرجەستە ناكرێت، ئەگەر ئەو دەوروبەرەی ڕستەكەی تێدا وتراوە نەزانرێت. دەبێت ئەوە بزانرێت، كە مەبەست لە (ئێمە) كێیە؟ ئایا مامۆستان یان خوێندكارن یان فەرمانبەرن؟ دەوروبەری ئاخاوتنەكە ئەم ئامرازە ڕووندەكاتەوە.

هەر بەكارهێنانێكی لەناو دەقە ئەدەبییەكاندا پەیوەستە بە دەوروبەری دەقەكە. كەواتە بەكارهێنانی هەمان ئامراز لە پێكهاتەی جیاوازدا، ناتوانێت یەك واتا بگەیەنێت، ئەمە جۆرێك لە چالاكی بە زمان دەبەخشێت، هۆكارێكە بۆ ئابوریكردن لە زماندا. جێناوەكان یەكەیەكی زمانین ئاماژە بەلایەنی بەشداربوانی پڕۆسەی گەیاندن دەكەن قسەكەرو گوێگرو ئامادەنەبوو جەمسەری كردەی گەیاندنن. جیف دەڵێت: "بۆ پەیوەندیكردنی ڕووبەڕوو چەند ئەكتەرێكی كۆمەڵایەتی ڕۆڵ دەبینن، كە بنەمای ڕۆڵەكانیان لە نێوان كەسی یەكەمە، كە چەقی نیشانەكەیە لە ڕەهەندی كۆمەڵگا، كەسی دووەم كوێگرە، كەسی سێیەم ئەوانی ترن"(**Verschueren** 1999:20 ). جێناوەكان واتایەكی گۆڕاویان هەیە بەپێی دەوروبەرو كەس و شوێن واتاكانیان دەگۆڕێت، واتە خاوەن واتایەكی جێگرو دیاریكراو نین. ئەو لایەنانەی، كە سیستەمی جێناو ئاماژەیان پێدەكات جیاوازن لە وانەی، كە لە قسەكردندا بەكاردێن. كاتێك لە دەقێكی ئەدەبیدا ئاماژە بە(تۆی) خوێنەر بكات بۆ مەبەستی ئاراستەكردنی پەیامەكەی، چەمكی گشتی خوێنەر نیشاندەدات. ئەگەر هیچ تایبەتمەندییەكی دیاریكراوی تێدا نەبێت. جێناوەكان ئاماژەیەكی دیاریكراوی ئامرازە پڕاگماتیكییەكانن، چونكە ڕاستەوخۆ دەقەكە بە دەوربەرەوە دەبەستنەوە. لە نێو پێكهاتەكاندا بەدوو فۆڕمی جیاواز دەبینرێن، بە شێوەی جێناوی، كەسی سەربەخۆی (من – ئێمە – تۆ.... ) یان بە شێوەی جێناوی لكاو( م، مان ...) لەو كاتەدا كورتدەكرێنەوە بە یەكێك لە پێكهاتەكانی ناو دەقەكەوە دەلكێن. هەردوو فۆڕمەكە دەتوانن لە ڕستەكاندا بەشداریبكەن لەیەك كاتدا بە پێی سیستەمی ڕێكخستنی، كەرەسەكانی ڕستەی زمانی كوردی. واتە بە پێی، كەس و ژمارەی، كەس وتاك وكۆ دابەشدەكرێن. جێناوەكان ئەو نیشانانەن، كە پێویستی بە لێكدانەوەی پڕاگماتییكی هەیە، كە واتاكانیان لە دەوروبەر دەدۆزرێتەوە. ئەو ئاماژانەن، كە زۆر چالاكن لە دەقبەستیدا. ئاماژەكردنی جێناوەكان بۆدەرەوە و ناوەوەی دەق ئەركی جیاواز دەبینن و پەیوەندی جیاواز دروستدەكەن. وەك لەم هێڵكاریەدا ئاماژەی پێكراوە:




(Halliday&Hasan1976:33)

**٣-١- ١- دەرە ئاماژە Exophoric**

ئەو وشەو ئامرازانە دەگرێتەوە كە لە دەرەوەی دەقەكەدان. واتە ئاماژە بە كەسێك یان شتێك دەكەن لە دەرەوەی زماندایە (Halliday & Hasan 1976:39) سەرچاوەی گەڕانەوەی لۆژیكی ئەم ئاماژەیە لە سنوری دەرەوەی دەقدا دەدۆزرێتەوە، بە پشتبەستن بەو سیاقەی، كە ئاخاوتنەكەی تێدا بەرهەم هاتووە، بەبێ ئەم سیاقە واتایەكی ڕوون ناگەیەنێت. ئەمە دەتوانرێت لە ڕێگەی پەیوەندی، كەسی نێوان قسەكەرو گوێگر یان نوسەرو خوێنەر بەرجەستە بكرێت. "مەبەست لەم دەوروبەرە، دەوروبەری زمانی یان ڕستەییە. چونكە ئەو واتایەی، كە بە هۆی دەروبەری زمانییەوە بگات، جیاواز دەبێت لەو واتاییەی، كە لە كاركردنی پراگماتیكیانەی جێناوەكان دێت"(هۆگر مەحمود ٢٠٠٠ : ٦١). بەكارهێنانی ئاماژەیی دوو جۆرە بەكارهێنانی هەیە:

أ- بەكارهێنانی ئاماژە ی ( جوڵەیی) Gestural usage

بەشداربوونی ئەندامانی جەستەیە لە ئاخاوتندا، ئەم جۆرە بەكارهێنانە ڕێگایەكە بۆ ئاماژەكردن بە جوڵەی ئەندامانی لەش لە ڕەفتاری قسەكردندا (Lvinson 2010:65 ) وەك جوڵەی دەست و چاو برۆ ....هتد. جگە لە بەكارهێنانی ئامرازە زمانییەكان جوڵەی جەستەیشی لەگەڵدا دەبێت، كە ئەمیش دەبێت بە بەشێكی واتای پراگماتیيكی دەربڕینەكە، بەبێ بەكارهێنانی ئەم جوڵەیە واتایەكی جیاواز دەخاتەڕوو.

(٢) *<u>تۆ</u> و <u>تۆ</u> كارەكە تەواوبكەن، ئێوەش بڕۆنەوە.*

لەم جۆرە دەقەدا جگە لە ئاماژەكردنی هێمایی، درك بە ئاماژەیی جوڵەیی دەست یان چاو لەگەڵیدا دەكرێت. جێناوی (تۆ، تۆ) ئاماژە بۆ دووكەسی جیاوازدەكەن، كە سیاقی دەقەكە و پەیوەندی نێوان قسەكەرو گوێگر دیارییان دەكەن بە هاوكاری ئاماژەی جوڵەیی. ئامرازی پێكبەستنی (و) لە نێوان هەردوو جێناوەكەدا هۆكارە بۆ بەستنەوەی بەشەكانی ناو ڕستەكە. بەشی یەكەمی دەقەكە نیشاندەری جوڵەی بەشی دووەمی دەقەكەیە. ئەگەر بەشی دووەم بە تەنها بخرێتە ڕوو، هەست بە بوونی ئاماژەی جوڵەی ناكرێت. ئەمەش جورێكی تر لە پەیوەندی نێوان هەردوو بەشەكە دەخاتەڕوو، لەم ڕستانەدا، ئەگەر بە شێوەی جوڵە ئاماژەی بۆ نەكرێت. دەقەكە لەگەڵ دەوروبەر جووت نابێت و نابێتە دەقێكی زیندوو. (قەیس كاكل ٢٠٠٢ :٤٧).

ب- بەكارهێنانی ئاماژەی هێمایی Symbolic Usage

بەکارهێنانی هێمایی دەبێتە ئاماژەپێدان بەبێ بەکارهێنانی هیچ جوڵەیەکی جەستەیی، واتە "پێویستی بەوە نییە چاوەڕێی جوڵەی دەست و چاوی قسەکەر بکرێت بۆ ئاماژەپێدان، بەڵکو چەمکی ئاماژە پێکراو لە دەوروبەردا بە دیدەکرێت لە دەربڕینەکاندا" (Levinson 2010 :65).

**(٣)** *ئێوە‌ی تێکۆشەر وڵاتان کردە بەهەشت.*

وشەی (ئێوە) چەمکێکی گشتییە ئاماژە بۆ چەند کەسێك دەکات نەك بۆ کەسێکی دیاریکراو، واتاکەی لەسیاقدا دەستنیشاندەکرێت، بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئاماژەیەکی جوڵەیی. ئەم جۆرە بەکارهێنانە پێویستی بە خستنەڕووی گوتنەکە دەبێت "چونکە ئەگەر بۆنەی گوتنەکە نەزانرێت ئەوا نە کات و نە شوێن لە توانایاندا نابێت واتای گوتراوەکە، وەك پێویست بگەیەنن "(هۆگرمەحمود ٢٠٠٠ :٦٥). لەم ڕستەیەدا، ئەگەر لە کاتێکی ئاساییدا بەرامبەر چەند کەسانێکی تێکۆشەر(ئەم گوتنە دەربپردرێت ئەوا بۆ مەبەستی ستایشکردنیان دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر بۆنەی گوتنەکە گۆڕانی بەسەردابێت، ئەوا واتای دەربڕینەکە دەچێتە بارێکی پێچەوانەوە.

**٣-١-٢- ناوە ئاماژە Endophoric**

ئەو ئاماژانە دەگرێتەوە کە بۆکەرەسەکانی ناو دەقەکە دەگەڕێنەوە. واتە ئاماژەکردن لە ناو دەقەکەدا ڕوودەدات، پەیوەندی بە دەرەوەی دەقەکە نییە (Halliday&Hasan1976:37). زۆربەی ڕەگەزەکانی زمان خاوەن ئەو توانایەن کە ئاماژە دروست بکەن، بەڵام چۆنییەتی بەکارهێنانیان دەتوانێت جۆری ئاماژەکە دیارییکات. دەقە ئاماژە ڕۆڵێکی کارای هەیە لە دروستکردنی پەیوەندییەکانی نێو دەق بەتایبەتی ئامرازەکانی ئاماژەکردنی وەك جێناوەکانی، کەسی و خۆیی و ئاماژەکانی دەستنیشانکردن، یان نیشانەکانی کات و شوێن و ئامرازەکانی بەراوردکردن. بوونی ئەم نیشانانە دەبێتە بە هێزی پەیوەندی تۆڕی پێکهاتەی دەقەکە. ناوە ئاماژە دوو جۆری هەیە :

**٣-١-٢-١- ناوە ئاماژەی پێشەوە Anaphora**

ئەو وشە و ئامرازانە دەگرێتەوە، کە ئاماژە بۆ وشەیەکی پێش خۆی دەکات. وشەکە لە پێشوو بەکارهاتووە بۆ دووبارەنەکردنەوەی هەمان وشە ئاماژە بە نیشانەیەکی تردەکرێت. دەبێت ئاماژە بۆکراوەکە لە پێشوودا بە وەرگر ناسێنرابێت. بەتایبەتی جێناوە کەسییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەم جۆرە بەکارهێنانە لە زمانی کوردیدا، هەروەها کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر پتەوی دەق و بەستنەوەی بەشەکانی دەق بەیەکترییەوە. هەمیشە بۆ تێگەیشتن لە ناوە ئاماژەی پێشەوە دەبێت بگەڕێتەوە بەشی پێشەوەی دەقەکە بۆ دۆزینەوەی ئەو مەبەستەی، کە ئاماژەکەی بۆ بەکارهاتووە. "لاینز ناوە ئاماژەی پێشەوە بە جۆرێك لە بریتیخستن دادەنێت، بەم شێوەیە لە بری دووبارەکردنەوەی ناوەکە کەڵك لەو کەرەستە پڕاگماتییکیانە وەردەگرێت، بە تایبەتیش جێناوە کەسییەکان" (قەیس کاکل ٢٠٠٢: ٤٨). وەك لەم دەقەی خوارەوەدا دەبینرێت.

**(٤)** *((نا ئەشرەفیش لە نەهێنی ئەو پیاوە نەدەگەیشت، نەیدەزانی خەڵکی کوێیە و لە کوێوە هاتووە. لە شەوی مەرگی تاقانەی دووەهەمدا ئەو لە ئوتێلە چڵکنەکەی خۆیدا، لە ناو بۆنی ڕزیوی ئەسفەنج و بۆنی خواردنی گەنیوی ئەو پیاوە پیسخۆرانەدا ڕاکشابوو))* (بەختیار عەلی ٢٠١٥ :١٠٣).

(ئەو)[١٥] جێناوی، کەسییە، ئاماژە بۆکەسیکی دیاریکراو دەکات لە ناو دەقەکەدا بە ناوی (خورشید)، بەڵام ئەو ناوە لە دوو پەرەگرافی پێش ئەم دەقە دەبینرێت، واتە سەرچاوەی ئەو جێناوە لە بەشی پێشەوە دەدۆزرێتەوە، یەکێکە لە کەسایەتییەکانی ناو گێڕانەوەکە لە لایەن کەسێکی ترەوە وەسفدەکرێت.

**٣-١-٢-٢- ناوە ئاماژەی دواوە Cataphora**

[١٥] - لەم گێڕانەویەدا ئاڵۆزییەکی زۆر بەدیدەکرێت لە دۆزینەوەی سەرچاوەی جێناوەکانی (ئەو)، بە هۆی فرەدەنگی و دەنگی جیاواز لە گێڕانەوەکەدا، بەڵام ئەوەی هاوکارە بۆ دەستخستنی سەرچاوەی جێناوەکان ئەو وەسفە زۆرەی بۆ کەسایەتییەکان و ڕووداوەکان کراوە. لێردا بە هۆی بوونی وەسفی شوێنەکە کە (ئوتێل)ەکەیە، دەزانرێت کە مەبەستی (خورشید)ە، هەرچەندە ماوەی نێوان ئاماژە و ئاماژە بۆکراوەکە زۆرە

ناوە ئاماژەی دواوە بەوە لە ناوە ئاماژەی پێشەوە جیا دەکرێتەوە، کە ئاماژە بۆ کەرەسەیەك دەکەن، کە لە دوای خۆیانەوە دێت، سەرچاوەی ڕونکردنەوەی واتای ئاماژەکە لە دوای خۆیەوە دەبێت "ناوە ئاماژەی دواوە زۆربەی کات بە نیشانەی دوو خاڵی لە سەر یەك ( : ) ئاماژەی پێدەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری هەیە لەسەر یەکگرتنی بەشەکانی دەق، ئەمە گوزارشت ناکات لە هیچ جۆرە پەیوندییەکی پێکهاتەیی لە نێوانیاندا. بەڵکو تەنها نیشانەیەکە بۆ وەستانی هەناسە لەو شوێنە، ئەمە یەکێکە لە گرنگییە سەرەکییەکانی" (Halliday&Hasan1976:17). ئەمەش بە زۆری لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆدا بەدیدەکرێت. "جێناوێکی گونجاوە ئاماژە بۆ وشەیەکی دوای خۆی دەکات لە دەقدا" ( Cutting 2008:9 ) وەك لەم دەقەدا دەبینرێت:-

**(٥)** *((با ڕاستییەکەت پێ بڵێم، ئامانج ..من بەهیچ شێوەیەك بۆ ئەوە بانگی تۆم نەکرد، تا گلەییت لێبکەم بۆچی بەردەوام لە پۆل خەیاڵت دەڕوات))* (کاروان عومەرکاکە سور ٢٠١٤ :١٠٩).

لەم دەقەدا جێناوی (تۆ) بەکارهاتووە، لە بەشی یەکەمی ڕستەکەدا (باڕاستیەکەت پێ بڵێم)، تەنها ئەوەندە دەزانرێت کە قسەکەر کەسی یەکەمی تاکە، گوێگر کەسی دووەمی تاکە، بەڵام کاتێك ناوی ئامانج بە دوای ڕستەکەدا دێت، بە تەواوی ڕوون دەبێتەوە کەمەبەستی لە جێناوی(ت) ناوی (ئامانج)ە. لەبەشی دووەمی دەقەکەدا چەند جارێك وشەی (من، تۆ) دووبارە بۆتەوە، دەزانرێت هەمان ئەو (تۆ)یەیە کە ئاماژە بۆ (ئامانج) دەکات. بەڵام ئەگەر ئاماژە بە ڕۆڵی ئامانج نەکرێت لەم چیڕۆکەدا، نازانرێت مەبەست لە چ (ئامانجێکە)، واتا پراگماتیکییەکەی لە ڕێگەی دەوروبەرەوە دەستنیشان دەکرێت. لێرەدا جێناوی (تۆ) ڕۆڵی دەقە ئاماژەی پێشەوە و دواوە دەبینێت.

### ٣-١-٢- جێناوەکانی، کەسی یەکەم و دووەم :

جێناوەکانی، کەسی یەکەم و دووەمی تاك بریتیین لە (من – تۆ)ئەم جێناوانە هۆکارن بۆ بەستنەوەی دەق بەدەوروبەرەوە. بە هەمان شێوەی جێناوی( ئێمە ، ئێوە ) بۆ کەسی یەکەم و دووەمی کۆ بەکاردێن، ئاماژە بۆ کەسێك دەکەن. ژمارە و کەسی ئەم جێناوانە لە پەیوەندی بریتیخستندا چالاك نین (قیس کاکل ٢٠٠٢: ١٠٢). قسەکەرو گوێگر لە ڕێگەی پەیوەندییە پراگماتیکییەکانەوە دەبن بەچەقی سەرەکی. ئاماژەکانی(من ، تۆ.....)لە نێو دەقدا جەمسەری سەرەکی دەربڕینەکانن. کەواتە ئاڵۆزی ئەم جێناوانە لێرەدا بەرجەستە دەبێت، چونکە واتایەکی جێگر و دیاریکراویان نییە. هیچ (من و ئێمە)ە یەك لە یەکی تر ناچێت، بۆ جێناوەکانی تریش هەمان شتە، ئەگەرچی هەمان دووبارەبوونەوەشییان هەبێت دەکرێت دەوروبەر ڕۆڵی جیاوازیان پێببەخشێت. واتە ئەو دەوروبەری، کە تێیدا بەکارهاتووە، ئاماژە بۆکراوەکە دەگۆڕێت وەك لە گفتوگۆی نێوان دوو کەسدا دەبینرێت.

**(٦- أ)** *نارا: من بەیانی دەچم بۆ هەولێر.*

**(٦- ب)** *سارا: من بەیانی ناچم بۆ هەولێر.*

لەم دوو ڕستەیەدا (من) لە هەردوکیاندا دوو بارەبۆتەوە، لە ڕستەی یەکەمدا قسەکەر پەیامەکەی ئاڕاستەی کۆێگر دەکات، بەڵام لەڕستەی دووەمدا (من) گوێگری ڕستەی یەکەمە ڕۆڵی قسەکەری وەرگرتووە. قسەکەری ڕستەی یەکەم بووە بە گوێگری ڕستەی دووەم. واتە(من) لە ڕستەی یەکەمدا هەمان ئاماژەی (من)ی ڕستەی دووەم نیشان نادات. هەرجارەی، کەسێکی جیاواز دەگرێتەوە "لە زۆربەی کاتدا جێناوەکانی، کەسی یەکەم و دووەمی تاك وەك دەرە ئاماژەی هێمایی بەکاردێت تەنیا لە هەندێك باری دەگمەندا کەسی دووەمی تاك وەك دەرە ئاماژەیی جوڵەیی بەکاردێت" (قیس کاکل ٢٠٠٢، ٨٥).

جێناوی (من) لوتکەی قسەکردن وەردەگرێت باس لە ڕووداوێك دەکات، یان ئەرکێك بەجێدەگەیەنێت لە ساتێکی دیاریکراودا. بەمەش پەیوەندییەکی ڕاستەقینە دروست دەکات لە نێوان پێکهاتەی دەقەکە، لەسەر بنەمای ئەو دەوروبەرەی، کە دەقەکەی تێدا دێتەکایەوە. واتە پەیوەندییەکی پراگماتیکی لە نێوان جێناوەکان و ئاماژە بۆکراوەکە دروستدەکات.

جێناوی، کەسی یەکەم و دووەمی تاك شێوەی بەکارهێنانی جیاوازیان هەیە، وەك بەشێك لە سیستەمی دەرەئاماژە دەبینرێن، کە پەیوەندی بە دەرەوەی دەقەکانەوە هەیە، کەمتر بەشداری دەکەن لە دەقبەستی و بەشەکانی دەق بەیەکترییەوە. چونکە خۆیان چەقی سەرەکی دەربڕینەکانن. جێناوی، کەسی

یەکەم، کە لە دەقێکدا بەکاردەهێنرێت ئاماژە بۆ هیچ سەرچاوەیەکی پێش خۆی ناکات[16]، چونکە خۆی لەساتی قسەکردندا بونی هەیە. لایەنی پراگماتیکی ئاماژە بە مەرجی ڕاستگۆی دەکات لە کاتی بەکارهێنانیدا. جێناوەکە دەبێت لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت، وەك :

(٧) *من باوکی حاجی قادری شاعیرم.*

(من) جێناوێکە چەقی سەرەکی دەربڕینەکەیە. کات لەڕستەکەدا ئاماژە بەکاتی ئێستا دەکات. بەڵام بەدڵنیاییەوە دەزانرێت باوکی حاجی قادر ئێستا لە ژیاندا نەماوە. واتە لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێت. لەم جۆرە دەربڕینانەدا ناتوانرێت سەرچاوەی سەرەکی بدۆزرێتەوە، کە ئەم جێناوانە ئاماژەیان بۆ دەکەن، بەڵکو خۆیان دەبن بە ئاماژە بۆ کەسێك، کاتێك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی پراگماتیکی لەگەڵ چەقی قسەکەرو گوێگر دروستدەکەن. میشێل بۆتور پێیوایە جێناوی (من دەمانباتە) ناوەوەی دەق. ناتوانرێت بەکارهێنانی جێناوی (من) لە دەقێکی شیعریدا تەنها ئاماژە بۆ دانەری دەقەکە بکات، یان لە هەمو بارێکدا جێناوی (تۆ) ئاماژەبێت بۆ خوێنەر، دەبێت ڕەچاوی بارو دۆخی گونجاوی پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکە بکرێت. چونکە ئاڕاستەکردنی پەیامەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نییە. ناتوانرێت لە ڕێگەی دانەرەوە، نێرەری پەیام و مەبەستەکەی دیاریبکەین، هەرچەندە خوێنەر تەنها ئاڕاستەکراوە.

(٨) *ئەگەر تۆ ڕووبەخاڵێکی لە (لەیلا) شۆخ و زیباتر*
*منیش ئاشفتە حاڵێکی لە (قیس)م شێت شەیداتر.* (مەحوی ١٣٨٩ :١٥٩).

جێناوی (من، تۆ) لەم دێرە هۆنراوەدا بەشێکە لە پێکهاتەی دەقەکە، ئەگەر نەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو سیاقەی، کە هۆنراوەکەی تێدا وتراوە، نازانرێت مەبەست لە (من، تۆ) کێیە؟ بەڵام هەرکاتێك خرایە ناو سیاقی دەقەکە یان ناوی شاعیرەکە ئاماژەی پێکرا، دەزانرێ کە(من) مەبەستی(مەحوی)یە و (تۆ)ش یارەکەیەتی. هونەری بەکارهێنانی جێناوەکان لە هەردەقێکی ئەدەبیدا جیاوازە. لەم دێرە هۆنراوەدا زۆر بەئاسانی دەتوانرێت لە ڕێگەی دەوروبەری زمانیدا بزانرێت کە (تۆ) ئاماژە بە ڕەگەزی(مێ)دەکات و (من) ئاماژە بەڕەگەزی (نێر)دەکات، بەڵام بەتەواوی نازانرێت کەسێکی دیاریکراوە، زۆر جاریش لە ڕێگەی ناوهێنانی، کەسەکەوە دەتوانرێت بزانرێت مەبەستی لە کێیە؟

جێناوەکانی (من، تۆ) زیاتر ئاماژەن بۆ کەس، چونکە کەس دەبێت بە قسەکەر، تەنها مرۆڤ ئەو توانایەی تێدایە کە قسە بکات و گوێبگرێت. ئاماژەی قسەکەرو گوێگر دەتوانرێت لە ڕێگەی جێناوی لکاوەوە دەستنیشانبکرێت. لەهەندێك دەقی هونەریدا (من، تۆ) وەك قسەکەر دەبینرێن، بەڵام قسەکەری ڕاستەقینە نین ، بەڵکو گیانەوەرن چوێنراون بەکەسێك یان لەسەر زاری خۆیانەوە گفتوگۆ دەکەن، ئەم دیاردەیە بە زۆری لە چیرۆکی منداڵاندا دەبینرێن. بوونی دوو کەس لە هەڵوێستی پرۆسەی گەیاندندا پێویستە یەکێکیان بکەری ڕاستەقینەیە کە بریتییە لە کەسی یەکەم، ئەویتریشیان گوێگرە، کە بریتییە لە کەسی دووەم. دەوروبەرێك لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزە هاوبەشە، کە کاری تێگەیشتن فەراهەمدەکات.

**٣-١-٣- جێناوی، کەسی سێیەم:**

ئەم جێناوە بریتییە لە (ئەو ، ئەوان) لە دەرەوەی دەقدایە، هەندێکجار دەبێتە تەوەری قسەکردن یان بابەتی گفتوگۆکردن. مەرج نییە هەمیشە هەموو بەکارهێنانەکانی لە بری کەس بێت، دەتونرێت ئەم جێناوانە لە شێوەی جێناوی لکاو لە بری ناوی شت و گیانەوەرانیش بەکاربێت. تەنانەت بۆ دەربڕینەکانی ناو دەقەکەش دەگەڕێتەوە، ئەم جێناوە بەم تایبەتمەندییانە لە جێناوەکانی، کەسی یەکەم و دووەم جیادەبێتەوە، ئەمەش وایکردووە بەکارهێنانی لە ناو دەقەکاندا جیاوازبێت، واتە زیاتر ئاماژە بۆ پێکهاتەکانی ناو دەقەکە دەکات، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دروستکردنی پەیوەندییەکان. جێناوی، کەسی سێیەم بەبێ بوونی، کەرەستە بنچینەیەکە لە دەقدا بەکارنایەت واتە دەبێت لەلای قسەکەرو گوێگر ناسراوبێت، تاکو کردەی دەقبەستی بە ئەنجام بگات (قەیس کاکل ٢٠٠٢ : ١٠٥).

[16] جێناوی کەسی یەکەم ئەگەر بەشێوە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێبکرێت، ئەوا ڕۆڵی دەقە ئاماژە دەبینێت. کاتێك باس لە دەربڕینی کەسێك بکرێت لە ڕێگەی دەربڕینی (فلان دەڵێت، گوتی ).

جێناوی، کەسی سێیەم چالاکانە کاردەکات لە نێو دەقی گێڕانەوەدا، هەمیشە ڕێکخەرە بۆ دروستکردنی تەکنیکی جیاواز. ئەگەر گێڕانەوە بە زمانی، کەسی سێیەمی(ئەو) بگێردرێتەوە، ئەوا شێوازی گێڕانەوەکە بابەتی دەبێت "ئەم جۆرە گێڕانەوە لە لایەن چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان دەبێت، کە لە هەموو کەسانی ناو چیرۆکەکە زیاتر شت دەزانێت، لە دواوە شت دەبینێت و بەهۆی جێناوی، کەسی سێیەمی نادیارەوە شتەکان دەگێڕێتەوە و شوێنی دەکەوێتە دەرەوەی چیرۆك" (پەرێز سابیر ٢٠٠١ :٢٤١-٢٤٢).

بەکارهێنانی ئەم جێناوە لە بریتی ناوێك دەبێت، واتە پێویستە بگەڕییەوە بۆ بەشی پێشەوەی دەقەکە، تا سەرچاوەی مەبەستەکە بزانرێت. بە تایبەتی، کەسی سێیەمی تاك هەردەم ڕۆڵی دەقە ئاماژەی پێشەوە دەبینێت (قەیس کاکل ٢٠٠٢: ٨٨).

جێناوی، کەسی سێیەم خاوەنەکەی نەناسراوە، چونکە لەناو گفتوگۆکە ئامادە نییە و نابینرێت. بەڵام لە بنچینەدا ئاماژەیەك هەیە ڕوونی دەکاتەوە لە بەشی پێشەوە ناسراوە لای قسەکەرو گوێگر. ئەمەش سەرچاوەی دروستبونی ئەم ئاماژەیە لە دەرئەنجامی، کەڵەکەبوونی بەشێکی زۆری ئاماژەکان، ئەم دیاردەیە بەشدارییەکی کارای هەیە لە دەقبەستی بەشەکانی ناوەوەی دەق، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی تۆڕێك لە ڕێگەی بەستنەوەی هێڵەکانی بەکارهێنانی ئاماژەکان. خوێنەر بۆ خوێندنەوەی ئەم جۆرە دەقە، دەبێت ئەو توانایەی هەبێت، کە ڕێڕەوی هەرهێڵێك بدۆزێتەوە تاکو بگاتە ئەو سەرچاوەی، کە ئاماژەی بۆ دەکرێت لە ڕێگەی جێناوەکانەوە.

لە دەقی گێڕانەوەی کۆندا زیاتر شێوازی گێڕانەوەی بابەتی بەکارهاتووە، واتە تەنها کەسێك هەڵدەستێت بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە ڕێگەی جێناوی، کەسی سێیەمی تاك لەم بارەدا (ئەو) بۆ خودی گێڕەرەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ڕۆمانی تازەدا شێوازێکی جیاواز بەکاردەهێنرێت، کە ئاماژە بە جێناوی من دەکات یان لە شێوەی مەنەلۆگ، یان هەریەك لە کەسایەتییەکان خویان لە ڕووداوەکان دەدوێن بە هۆی جیاوازی لە تەکنیکی گێڕانەوەدا. جێناوی، کەسی سێیەم زۆر دووبارە دەبێتەوە لە ناو دەقەکاندا، بەڵام هەریەکەیان ئاماژە بۆ کەس و شت و ڕووداوی جیاواز دەکەن کە هیچیان لەویتریان ناچێت، وەك:

(٩) *((ئەم هێندە تێکدەچێت، لە کاتێکدا نەیدەتوانی چەند ڕۆژێك لایان بمێنێتەوە ... ئینجا (ئالین) سەری خۆی هەڵدەگرێت و کەس نازانێت ڕووی لە کوێ کردووە ... ڕاستیەکەی ئەو دووجار پەنا بۆ ئەو کارە دەبات... جاری یەکەم (ڤیانی دووەم) دەخاتە سەبەتەیەك و دەڕوات))* (کاروان عومەر کاکە سور ٢٠١٤ : ٨١).

جێناوی (ئەو) بەکارهاتووە ڕۆڵی ناوە ئاماژەی پێشەوە دەبینێت، بە گەڕانەوە بۆ پێشەوەی دەقەکە، دەزانرێت مەبەستی (ئەو)، (ئالین)ە.

لە دەقی گێڕانەوەی تازەدا جێناوی ئەو بەکارهێنانێکی جیاوازی هەیە. هەر لە دەستپێکی گێڕانەوەکەدا جێناوی(ئەو) بەکاردەهێنرێت بەبێ ئەوەی بزانرێت مەبەستی کێیە؟ دەبێت خوێنەر بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی دەقەکە، تا بتوانێت ئەو (ئەو)انە بدوزێتەوە کە لە سەرەتای دەقەکە ئاماژەی پێکراوە، واتە ڕوونکردنەوەی (ئەو) لە دوای بەکارهێنانی جێناو بەرجەستە دەبێت. ئەم تەکنیکە، کە نوسەر بۆ مەبەستی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بەکاردەهێنێت. ئەم دیاردەیە لەو جۆرە دەقانەدا دەبینرێت، کە شێوازی گێڕانەوەی بازنەیی هەیە، کاتێك نوسەر دەرەنجامی ڕووداوەکە دەکاتە دەستپێکی ڕووداوەکە، دواتر بەوردەکاری ناو ڕووداوەکان تێدەپەڕێت، تا دەگاتە کۆتاییەکە، بۆیە دانانی هەرکەرەسەیەکی زمانی ئەرك و واتای جیاوازییان هەیە بۆ دەستکەوتنی واتای ئەم ئاماژانە، هەمیشە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرچاوەی، کە تێیدا بەکارهاتووە. لێرەدا دەتوانرێت هەموو جێناوەکانی (ئەو) ڕونبکرێتەوە و بگەڕێینەوە بۆ ئاماژە بۆکراوەکانی ناو ڕۆمانەکە. نمونە

(١٠) *((ئینجا بۆ ئەوەی سەرتان لێ تێك نەچێت، پێویستە لە سەرەتاوە پێتان بڵێت بە دەستی ئەو کەسە کوژراوە، کە ماوەیەکی زۆرە لێی گەڕاوە ویستوویەتی بەهەر شێوەیەك بێت ئەم ئەو بکوژێت، چونکە سوور زانیویەتی ئەو ڕۆژێك ئاوا دەیکوژێت......))* (کاروان عومەر کاکە سور ٢٠١٤: ٧).

ئەمە سەرەتای ڕۆمانەکەیە، بەڵام هیچ لە کەسایەتییەکان دیارنین، چونکە بە جێناوی، کەسی سێیەم ئاماژەیان بۆ کراوە، ڕووداوەکە دیارە، بەڵام نازانرێت کوژراو کێیە و بکوژ کێیە؟ واتە لەم بارەدا

دەكرێت جێناوی (ئەو) وەك ناوە ئاماژەی دواوە سەیربكرێت. دەبێت ئەم سەرەتاییە تێپەڕێنرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت مەبەست لە(ئەو) چ كەسایەتییەكە؟

### ٣-١-٤- جێناوی ئاماژە ***Demonstratives***

جێناوەكانی ئاماژە بەشێكی گرنگی ئاخاوتنن، بەپێی دەوروبەر واتاكانیان دیاریدەكرێن بە هۆی لێكدانەوەی پڕاگماتییكی واتای مەبەست دەستدەكەوێت "ئامرازەكانی دەستنیشانكردن لە بنچینەدا بۆ كردەی دەستنیشانكردن بە شێوەی زارەكی بە كاردێن" (Halliday 1976:57). لە زمانی كوردیدا زیاتر تیشك خراوەتە سەرلایەنی ڕێزمانی ئەم كەرەسانە، كەمتر گرنگی بەلایەنی واتایی دراوە. هەرچەندە ئەم بۆچوونانە دەتوانن خزمەت بە ئێستای لایەنی واتای زمانەكە بكەن. ئەم ئامرازانە لەسەر بنچینەی دووری و نزیكی پۆلینكراون بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | تاك | كۆ |
|---|---|---|
| نزیك | ئەمە | ئەمانە |
| دوور | ئەوە | ئەوانە |

(ئەمانە – ئەوانە) ئامرازی دەستنیشانكردنن چەمكی كۆ دەگەیەنن لە ڕێگەی مۆڕفیمی (ان)ی كۆ، واتە هەمان ئەو مۆرفیمانەی، كە ناوی پێ كۆدەكرێتەوە، ئەوەی، كە تایبەتە بە دەستنیشانكردن تەنها بریتییە لە (ئەم – ئەو). هەركاتێك ( سەرەی)یان لەگەڵ دەركەوێت مۆرفیمی كۆ دەچێتە سەرناوەكە نمونە:

**(١١- أ-)** *ئەم – خوێندكارانە.*

**(١١- ب-)** *ئەو – خوێندكارانە.*

دوو بەكارهێنانی جیاوازی لە زمانی كوردیدا هەیە :

١- وەك جێناوی نیشانە، كاتێك (سەرەی) لەگەڵ نەبێت بزوێنی (ە) دەچێتە سەر (ئەم – ئەمان – ئەو – ئەوان) وەك :

**(١٢- أ-)** *ئەمە - ئەمانە*

**(١٢- ب-)** *ئەوە - ئەوانە*

٢- وەك ئاوڵناوی نیشانە كاتێك (سەرەی) لەگەڵ دەركەوێت (سەرە)كە دەچێتە نێوان (ئەم ... ـە، ئەو...ـە).

**(١٣- أ-)** *ئەم گوڵە – ئەم گوڵانە*

**(١٣- أ-)** *ئەو گوڵە- ئەو گوڵانە.*

ئەم ئامرازانە بەكارهێنانێكی فراوانیان هەیە، چالاكانە لە نێو سیستەمی زماندا كاردەكەن، بە بەشێكی گرنگی نیشانە پڕاگماتیكییەكان دادەنرێن. ڕۆڵێكی گرنگییان هەیە لە دروستكردنی پەیوەندییەكانی نێو دەق. چەمكی واتایی ئەم ئامرازانە دەستنیشانكردنی شتێكە یان كەسێكە، زۆربەی كات وەك دەرەئاماژەی جوڵەیی بەكاردێت، نمونە :

**(١٤)** *ئەمە هاوڕێكەت بوو.*

لەم ڕستەیەدا قسەكەر لە ڕێگەی جوڵەی ئەندامانی لەشییەوە، ئاماژە بە كەسەكە دەكات، دەقەكە لەگەڵ دەوروبەر جووتدەكات، بەڵام بەبێ جوڵە ئەم واتایە ناگەیەنێت "دەبێت بەئاگایی بۆ بزاوتنی سەرو دەست و چاویش لە ئارادابێت، ئەگەر ئەم گوێگرە لەمە ئاگادارنەبێت، ئەوا جێناوەكە بە شێوەی ئاماژەكاریش بەكارهاتبێت واتای مەبەستەكە ناگەیەنێت" (هۆگر مەحمود ٢٠٠٠ : ٢٩ ). قسەكەرو گوێگر چەقی گفتوگۆكەن، بۆیە پێویستە هەردووكیان لە هەڵوێستەكەدا ئاگاداربن. نیشانەی ئاماژە دەتوانێت ئەركی دەرە ئاماژەی هێمایی، ببینێت، بەڵام لەم بارەدا بەزۆری سەرەی گرێكەی لەگەڵدا دەردەكەوێت، نمونە:

**(١٥)** *ئەم خەڵكە لە خۆپیشاندانەكە بەشدارییان كردووە.*

(ئەم ...ە) لەگەڵ (خەڵك) ئاماژەكەیان دروستكردووە لە ناو دەقەكە بەبێ بەكارهێنانی هیچ جوڵەیەكی جەستەیی. ئەم هەڵوێستە و دەوربەرەی ئەم ئاخاوتنەی تێدا دەوترێت، ئاماژە بەو (خەڵكە) دەكات

مەبەستی کێیە؟ هەرچەندە (ئەم...ـە)بەکارهاتووە، کە بۆنزیك بەکاردێت، بەڵام دەربڕینەکە پانتایەکی فراوانی مەودای قسەکردن دەگرێتەوە، هەڵوێستی دەربڕینەکە دەستنیشانی ڕێژەی نزیکی دەکات. لەوانەیە مەبەستی هەموو خەڵك بێت، کە بە پێی سەردەمەکە گۆڕاون، لێرەدا پانتاییەکە زۆر فراوانە. دەکرێ مەبەستی لە کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراوبێت لە شوێنێکی تایبەتدا ئەم کارەیان ئەنجامداوە.

ئامرازەکانی دەستنیشانکردن دەتوانن ئەرکی ناوە ئاماژە ببینن هەندێکجار ئاماژە بۆ تەنها وشەیەك دەکەن لەناو دەقدا، هەندێکجاریش ئاماژە بۆ زیاتر لە وشەیەك یان دەربڕینێك دەکەن.

**٣-١-٤-١- ناوە ئاماژەی پێشەوە:**

مەبەست لە ئاماژەکردنی ئامرازەکانی دەستنیشانکردن بۆ پێشەوەی دەقەکە، واتە گەڕانەوەیە بۆ بەشی پێشەوە، ئەم بەشە بە پێی جۆری دەقەکان دەگۆڕێت. لە دەقی گێڕانەوەدا بە هۆی تەکنیکە جیاوازەکانەوە چەند گەڕانەوەیەك لە پانتایی دەقەکە بەدیدەکرێت.

أ- گەڕانەوە بۆ بەشێکی نزیکی دەقەکە، وەك :

**(١٦)** *((باوکم بردمی بۆ هەموو دکتۆرەکان، من هیچم نەبوو، جگە لەوەی غەمگین بووم، بێدەنگ بووم، تەنها بووم، نانم نەدەخوارد، شەو باش نەدەخەوتم ... __ئەوانە__ و کۆمەڵێك شتی تر، کە دەشێت هەموو مرۆڤێکی عاقل هەیبێت))*( بەختیار عەلی٢٠١٣ :٥١٨).

لە دەقی (١٦) دا وشەی (ئەوانە) ئاماژەیە بۆ ئەو وشانەی، کە لە بەشی پێشەوەی دەقەکەدا هاتووە، بەڵام مەودای دوورییەکەی لە ناو دەقەکەدا زۆر کەمە. ڕاستەوخۆ لە دوای وشەکان خۆیانەوە دێت. جگە لەمەش جەمسەرێکە بۆ بە دواهاتنی ڕستەیەکی تر بۆ دەقەکە و بەستنەوەیان بەیەکەوە.

ب- دەشێت ئاماژە کردنەکە لە مەودایەکی دووردا بێت. واتە مەودای گەڕانەوەکە زۆربێت لە نێوان نیشانەی ئاماژە کە و ئەوەی ئاماژەی بۆکراوە، وەك:

**(١٧)** *((ماکوان بێئەوەی هەست بە هیچ گۆڕانکارییەك بکات، گوتی یەکتربینینی __ئەو کەسە__ و باوکم لەویادا کۆتایی نایەت ))* (بەختیارعەلی ٢٠١٣: ٣٧١) .

(ئەو کەسە) نیشانەی ئاماژەیە سەرەی لەگەڵدا دەرکەوتووە. کە ئاماژە بۆ کەسێك دەکات، بەڵام بۆ ناسینی ئەو کەسە پێوستە چەند دێڕێك بگەڕێتەوە پێشەوە، تابزانێت کە مەبەستی (مەهدائیلە)، کە یەکێکە لەو کەسایەتییانەی، کە بە فریشتە ناودەبرێت. ئەمەش هۆکارێکە بۆ بەستنەوەی بەشەکانی دەق بەیەکترییەوە. واتای بەشێکی دەقەکە لەڕێگەی بەشێکی تر ڕووندەبێتەوە.

**٣-١-٤-٢- ناوە ئاماژەی دواوە**

ئامرازەکانی دەستنیشانکردن ئەرکی ناوە ئاماژەی دواوە دەبینن. خاڵی ڕونکردنەوەی ئاماژەکە لە دوای ئامرازەکەوە دەبینرێت، واتە سەرچاوەی گەڕان بە دوای زانیارییەکە لە دوای خۆیەوە دەستپێدەکات. ئەمانە زیاتر لە مەودایەکی نزیکدا دەبینرێن. ناکرێت لە خودی ئامرازەکە زۆر دووربکەویتەوە، نمونە :

**(١٨)** *((بەڵام خودایە __ئەوەی__ منی شێتکرد، __ئەوەی__ ئازاری ڕوحی دام و گومانێکی قووڵی تیا __جێهێشتم ئەوە__ بوو، لە یەککاتدا لە چەندەها جل و لە چەندەها شێوەدا دەرکەوت))*،( بەختیار عەلی ٢٠١٣: ٥١٨).

وشەی (ئەوە) لە چەند شوێنێکی دەقەکەدا دووبارەبۆتەوە، بەڵام هەموویان ئاماژە بۆ شتێك دەکەن، کە لە دوای خویانەوە ڕونکراوەتەوە، هەمیشە خوێنەر چاوەڕێی بەرجەستەکردنی ئەم ئاماژەیە، هیچ کاتێك پارچەی دوای ئامارازەکە ناتوانێت لە دەقە جیاببێتەوە، چونکە ئەمە تەمومژی واتاکە لادەبات، بۆیە لەم بارەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەستنەوەی بەشەکانی دەقەکە بەیەکترییەوە، دەقبەستی دەقەکە لە ڕووی واتاییەوە پەیوەستە بەم ئاماژەیە.

ئەوەی گرنگە تێبینی بکرێت ئەوەیە، کە ئامرازی دەستنیشانکردن ئاماژە نییە بۆ تەنها وشەیەك، بەڵکو دەتوانێت ئاماژە بۆ کۆمەڵە وشەیەك یان چەند گرێیەك بکات کە لە دەربڕینێکدا ڕێکخراون[١٧] (ئەوە)لە دێڕی دووەمدا ئاماژە بۆ دەربڕینی (لە یەك کاتدا لە چەندەها جل و لە چەندەها شێوە دەردەکەوت) دەکات.

**٣-٢- ڕیزکردنی ڕووداوەکان**

ڕووداو ئەو کارو کردەوانە دەگرێتەوە کە لە کەسێك یان شتێك ڕوودەدات، لەکات و شوێن و دەوروبەرێکی دیاریکراو، سروشتی چالاکی ژیانی مرۆڤ نیشاندەدات. ڕووداو پەیوەستە بە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤەوە. ستراتیژییەتی ڕیزکردنی ڕووداوەکان لە ڕێگەی ڕستەو کردارەکانەوە بنیاد دەنرێت. دەق تۆڕێکی ئاڵۆزە، بە سیستەمێکی دیاریکراو ڕێکدەخرێت، واتە ئەو کەرەسانەی، کە پێکهاتەی دەقن، هەمان ئەو کەرەسانەن کە پێکهاتەی ڕستەن لە ڕووی (دەنگ و ڕێزمان و واتا). بەڵام ئەوەی گرنگە لە دەقدا، ئەو پەیوندییەیە، کە بەشەکانی دەقەکە و ڕستەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. کاتێك ڕستەیەك لە نێوان دوو ڕستەدا دادەنرێت، پەیوەندییەکی واتایی هەیە، کە ئەم ڕستانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەویش یان بە پێی سیستەمی ڕێزمانی زمانەکەوە دەبێت، یان بە پێی ئەو دەوروبەرە دەبێت، کە دەقەکەی تێدا دەردەبڕێت.

**٣-٢-١- ڕیزکردنی ڕووداو لە گوتنی دوانەییدا[١٨] :**

هەمیشە لە گفتوگۆکردنی ڕاستەوخۆدا بە لایەنی، کەمەوە دوو کەس بەشداری دەکەن، قسەکەر و گوێگر، ئەم دوو بەشداربووە بەهۆی بەردەوامی لە گفتوگۆکردندا، ڕۆڵەکانیان ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت، واتە قسەکەر دەبێتە گوێگر یان بە پێچەوانەوە. بابەتێك هەیە لە نێوانیان، کە دەبێتە تەوەری باسەکە "لەگەڵ ئەوەی جیاوازی لە شێوازدا هەیە، بەڵام زۆربەی قسەکەرەکان ڕێگایەك دەدۆزنەوە بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ بابەتەکە و کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە" (Yule1996:16). چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرە لە نێوان قسەکەرو گوێگر، وەك ئاستی ڕۆشنبیری، تەمەن، پلەی نزیکییان لە یەکترییەوە، جۆری بابەتەکە بەپێی ئەم هۆکارانە دەتوانرێت شێوازی گفتوگۆکە دەستنیشان بکرێت، کە لە چ ئاستێکدایە ؟ بەشداربوانی گفتوگۆکە بۆ ئەوەی کاری تێگەیشتن ئاسان بکەن، هەوڵدەدەن شێوازی گفتوگۆکەیان لێك نزیك بێت. دەربڕینەکان لە شێوەی پرسیار و وەڵام و داواکاری ڕازیبون و ڕازینەبووندا دەبێت. دەستپێکی گفتوگۆکە بە پرسیارو وەڵام دەست پێدەکات. بەشداربوەکان دەربڕینەکانیان دەخەنە ڕوو بە شێوەیەك لە شێوەکان. بەشی یەکەمی گفتوگۆکە، ئینجا بەشی دووەمی بە دوادا دێت، ئەگەر ئەم دوو بەشە ئامادە نەبن یان یەکێکیان کەم بێت، ئەوا گفتوگۆکە بەسەرکەوتووی ئەنجام نادرێت. ئەو دەربڕینانەی، کە لە لایەن قسەکەرەکانەوە ئاڕاستە دەکرێن لە گوتەی دوانەییدا بە بەشی یەکەم و دووەم ناودەبرێن. مەرج نییە هەمیشە بەدوای بەشی یەکەمی گفتوگۆکەدا ڕاستەوخۆ بەشی دووەم ئاماژەی پێبکرێت. لەبەر دووهۆکار:

١- هەندێکجار لە دوای بەشی یەکەمدا کەمێك وەستان لای قسەکەری دووەم بەدیدەکرێت، بۆ ئەوەی وەڵامێکی گونجاو بدۆزێتەوە.

٢- یان پرسیارێکی تر دێتە ناوەوە، بۆ ئەوەی ببێتە ڕوونکردنەوەی تەواوی وەڵامی پرسیاری یەکەم، وەك :

(١٩) *ق ١ : دەتەوێت زوو بگەیتە سلێمانی ؟*

*ق٢ : کەی دەگەیتە ئەوێ ؟*

---

[١٧] - ئەم ئاماژانە بەشداری لە نیشانەکانی دەقیشدا دەکەن، بەڵام ناچنە ناو چوارچێوە باسی تەوەری بابەتەکە، ئاماژە بۆ بەشێکی دەقەکە یان بڕگەیەکی دەقەکە دەکەن.

[١٨] -"گوتنی دوانەیی یان گوتنی هاوسێ (Adjacency pair) ئەم زاراوەیە لە شیکردنەوەی گفتوگۆدا بەکاردێت بۆ بەدوایەکهاتنی دوو گوتەی هاوپەیوەند لە لایەن دوو قسەکەری جیاوازەوە، گوتەی دووەم هەمیشە وەڵامە بۆ ئەوەی یەکەم" (ویدسۆون ٢٠٠٨، ١٢٧).

*ق١ : كاتژمێر یانزەو نیو.*
*ق٢ : ئەمە بۆ من زۆر باشە.*
ئەم دوو قسەکەرە لە گفتوگۆکەدا هەردووکیان پرسیاریان لەیەکتری کرد، واتە لێرەدا بەشی دووەم نەبوو بە وەڵام بۆ بەشی یەکەم، بەڵکو بەشی یەکەم و دووەم پرسیاربوو، لە بەشەکەی تردا هەردوو لق وەڵام بوون بۆئەم دوو پرسیارە. ئەم بارە دروستبوو بەهۆی بەیەکداچوونی دوو پرسیارەکە. کاریگەری پرسیاری یەکەم بووە هۆی هاتنە ناوەوەی پرسیاری دووەم بۆ خستنەڕووی وەڵامێکی گونجاو لە گەڵ ئەوەی (پ٢) بووە بە وەڵامێك بۆ(پ١).ئەم گریمانەیە بە سود دەبێت ئەگەر ( و٢ ) بوونی هەبێت بۆ بەدوایەکهاتنی هاتنە ناوەوە(Insertion Sequence).
یەکێك لە بنەماکانی شیکردنەوەی گوتنەکان پەیوەستە بە نۆبەگرتن(turn-taking)سوڕانەوەی بازنەی گفتوگۆکردن لە نێوان دووکەسدا بە نۆبەگرتن ناسراوە، هەردوو بەشداربووەکە بەقسەکەر دەناسرێن، ئەگەر بەشداربوێك(A)بێت و ئەویتریان(B)بێت. ئەوا (A) قسەدەکات و دەوەستێت، ئینجا(B)قسەدەکات و دەوەستێت، چەند جارێك بەشداربوانی گفتوگۆکە بە دوایەکدا قسەدەکەن و دەوەستن (Levinson 2010:296). قسەکەری یەکەم گوتنەکەی خۆی دەخاتەڕوو، دواتر کەسی دووەم بە پێی جۆری بابەتەکە گوتنی خۆی پێشکەش دەکات، واتە دەسەڵاتی قسەکردن کە لە کەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر. چەند هۆکارێك هەن، دەبێنە هۆی ڕیزکردنی نۆبەگرتن لە گفتوگۆکاندا، لەوانە:
١- پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان بەشداربوان.
٢- ئاستی ڕۆشنبیری نێوان بەشداربوان.
٣- پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و پیشەیی.
٤- تەمەنی بەشداربوان.
هەریەك لەم هۆکارانە کاریگەری جیاواز دروستدەکەن بۆ نۆبەگرتنی قسەکردن، تەنانەت شێوازی گفتوگۆش جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا. بۆ گواستنەوەی دەسەڵاتی قسەکردن لە یەکێك بۆ یەکی تر چەند ئاماژەیەك هەیە بۆ ئەوەی، کە(ق١) کۆتایی بەقسەکەی دەهێنێت و دەسەڵاتی قسەکردن دەداتە کەسی بەرامبەر ئەمیش خۆی ئامادە دەکات بۆ قسەکردن بە نیشاندانی ئەم هۆکارانە:
١- بەکارهێنانی ئاماژە جەستەییەکان وەك دەست و چاو و شێوەی ڕووخسار.
٢- بەکارهێنانی هێزو ئاوازە و وەستان لە نێو دەربڕینەکاندا.
هەندێکجار ئەم گفتوگۆیە شێوەی کردەی کۆمەڵایەتی تر لەخۆدەگرێت، وەك؛ داواکاری، ڕازیبوون یان ڕەتکردنەوە. (Yule 1996 :78).
**(٢٠)** پ١ / داواکاری : دەتوانیت ئەم گوڵەم بۆ بچێنیت؟
پ٢ / : کەل و پەلی پێویستت لایە؟
و٢ / : بەڵێ
و١ / ڕازیبوون :باشە.
ڕازیبوون بۆ داواکارییەکە دواکەوت بەهۆی هاتنە ناوەوەی دوانەی تر. یەکێك لە ئاماژەکان ئەوە دەخاتەڕوو. بەشی دووەم (پ٢)بەشێکی پێویست نییە بۆ وەڵامی بەشی یەکەم، چونکە قسەکەر پێشبینی ئەمە ناکات، ئەمە وەڵامێکی گونجاونییە بۆ پرسیارەکە، لە ڕێگەی هاتنە ناوەوەی پرسیارێکی تر گوێگر دەتوانێت ڕەزامەندی خۆی نیشانبدات بۆ ئەو داواکارییە، واتە وەڵامی پرسیاری دووەم دەتوانێت ڕازیبوون یان ڕەتکردنەوە نیشانبدات. ئەگەر ( و٢) بە نەخێر بوایە، ئەوا داواکارییەکە بە ڕەتکردنەوە وەڵام دەدرایەوە. کەواتە هاتنە ناوەوەی هەر دەربڕینێکی تر دەبێتە هۆی دواخستنی ڕووداوەکە.

### ٣-٢-٢- هاتنە ناوەوە بە هۆی ڕەگەزەکانی سیاقەوە:
هاتنە ناوەوەی ڕووداوی تر لە ڕێگەی بوونی ڕەگەزەکانی سیاق، هۆکارێکی ترە بۆ تێکشکاندنی زنجیرەیی، ئەمانە هاوکاردەبن لە خستنەڕووی چۆنییەتی ڕوودانی کارەکە بە تایبەتی لە کاتێکدا گفتوگۆ دەربارەی تەوەرێك ئەنجامدەدرێت لە ڕێگەی قسەکەرو گوێگر، کە دەتوانرێت لە ئەنجامی بەردەوامی گفتوگۆکەدا ڕۆڵەکانیان بگۆڕنەوە و هاتنە ناوەوەی تر بێتە ئاراوە.

دیاردەی هاتنە ناوەوە کاریگەری دروستدەکات لەسەر چۆنییەتی ڕیزکردنی ڕووداوەکان، کە دەتوانین ئەم جۆرانەی خوارەوەی لێ جیا بکەینەوە:

**٣-٢-٢-١- هاتنە ناوەوە بە هۆی کاتەوە:**

کات ڕەگەزێکی بنەڕەتییە هۆکارە بۆ تێپەڕاندنی ڕووداوەکان، کاتێك نوسەر/قسەکەر پشت دەبەستێت بە کات بۆ ڕیزکردنی ڕووداوەکان. ئەو کاتەی بە لای قسەکەرەوە گرنگە، دەبێتە بنەمای ڕیزکردنی ڕووداوەکان. ئەم کاتە وەك پێهاتەیەکی گرنگ بەشداری لە بونیادی ڕستەکە دەکات " لەم ساڵانەی دوایدا گرنگییەکی تایبەتی بە بونیادی کات دراوە لە ئاستی ڕستە و دەقدا، ئەمەش وا لە قسەکەرو گوێگر دەکات، کە شێوەی جیاوازی ڕووداوەکان لە ڕێکخستنی کرۆنۆلۆجی جێگر بکەن" (الازهر الزناد ١٩٩٣ :٧١) نمونە:

**(٢١-أ)** *دوێنێ سازان چوو بۆ زانکۆ، تاقیکردنەوەکەی ئەنجامدا و گەڕایەوە بۆماڵەوە.*

لەم ڕستەیەدا ئاماژە بەکاتی (دوێنێ) کراوە، کە چەند ڕووداوێکی یەك بە دوایەکی تێدا ڕووداوە. هەموو ڕووداوەکان لەو کاتەدا ڕوویداوە. مەبەستی قسەکەر لە کاتەکە بووە، کاتی (دوێنێ) بۆتە هۆی دروستبوونی ئەم جۆرە پێکهاتەیە، ئەمە گوزارشت لە کاتی ڕابردوو دەکات، کردارەکانی(چوو، ئەنجامدا، گەڕایەوە )هەموویان ڕابردوون.

ئەگەر ڕیزکردنی ڕووداوەکە بگۆڕین، ئەوا ئەو مەبەستە ناگەیەنێت کە قسەکەر مەبەستیەتی، ڕیزبەندی لۆژیکی ڕووداوەکان گۆڕانیان بەسەردا دادێت.

**(٢١- ب-)** * *دوێنێ سازان گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و تاقیکردنەوەکەی ئەنجامدا،* **چوو بۆ زانکۆ.**

ئەم ڕستەیە ڕیزبەندییەکەی لە ڕستەی پێشوو ناچێت، واتاکەی بە تەواوی گۆڕاوە. لەگەڵ گۆڕینی شوێنی ڕستەکان، کاتی ئەنجامدانی کردەکان و شوێنیان گۆڕانی بەسەر داهاتووە. واتە یەکەم ئەرکی سازان گەڕانەوە بووە، دواتر تاقیکردنەوەی ئەنجامداوە، ئینجا چووە بۆ زانکۆ، ئەمەش وایکردووە شوێنی کارەکان بگۆڕێن. ڕستەکە وانیشاندەدات، کە کاری تاقیکردنەوەکە لە ماڵەوە ئەنجامدراوە، کە ئەمە لە گەڵ لۆجیکدا ناگونجێت، هەرچەندە ئەو ئامرازەی، کە ڕستەکانی بەیەکەوە بەستاوەتەوە هەمان ئامرازی (و)ە نەگۆڕاوە، تەنها شوێنی ڕستەکان گۆڕاوە، ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ڕیزکردنی ڕووداوەکان و کاتی ڕووداوەکان. واتە ئەوەی بۆتە سەرچاوەی دروستبوونی ئەم جۆرە ڕیزکردنە کاتەکەیە. بۆیە کاتیش بە بەشێکی گرنگ دەزانرێت بۆ ڕیزکردنێکی گونجاو بۆ مەبەستی قسەکەر. زۆر جار ئەم کاتانە لە دەرەوەی ڕووداوەکاندا کار دەکەن و بەیەکیان دەبەستنەوە، نمونە:

**(٢٢)** ***کە ژنەکە دەچووە بۆ لادێیەکەیان بیری لە نەهامەتییەکان دەکردەوە، هەمیشە ئەم نەهامەتییانەی بە خەیاڵدا دەهاتەوە.***

لەم دەربڕینەدا بابەتەکە بریتییە لە ( بیرکردنەوەی نەهامەتییەکان)، کە باس لە کاتی ڕابردووی ژیانی، کەسێك دەکرێت، بەستراوەتەوە بە کاتی ئێستای، واتە کردارەکە لە هەردوو بەشی دەربڕینەکە هاوبەشە، بەڵام لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بە کاتی ڕابردووی ڕووداوەکە دەکات، لە بەشی دووەمدا ئەم کاتە ڕابردووە بەردەوامی هەیە تا ئێستاش کاریگەرییەکەی ماوە، هەردوو کاتەکە بە یەکەوە بەستراونەتەوە لە ئێستادا گوزارشتیان لێدەکرێت.

**٣-٢-٢-٢- هاتنە ناوەوە بە هۆی شوێنەوە:**

ڕەگەزێکی سەرەکی دروستبوونی ڕووداو شوێنە، ئەم ڕەگەزە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ڕیزکردنی ڕووداوەکان، بەتایبەتی لە دیاردەی هاتنە ناوەوە (ادراج)، کاتێك باس لە ڕووداوێك دەکرێت لە شوێنێکی دیاریکراو، کە نوسەر ئاماژە بە شوێنەکە دەکات، هەوڵدەدات بە تەواوی وەسفی شوێنەکە بکات. لە ڕێگەی هەموو ئەو ڕووداوانەی، کە لەم شوێنەدا ڕوو دەدەن. باس لە ڕووداوێکی سەرەکی ئەم شوێنە دەکات، بەڵام ڕەوتی ڕووداوە سەرەکییەکە دوادەخرێت بە هۆی هاتنە ناوەوەی ڕووداوەکانی ئەم شوێنە. خستنەڕووی وەسف و ڕووداوەکانی ئەم شوێنە دەبێتە تەوەری باسەکە، ڕووناکییەکی تر دەداتە خوێنەر بۆ گوزەرکردن بەناو ڕووداوەکاندا. کاتێك ئەم شوێنە لە باسەکەدا دەردەچێت، نوسەر دووبارە

بەردەوامی بە ڕووداوەکانی تر دەدات. ئەم دیاردەیە لە دەقی گێڕانەوەدا وەك تەکنیکێکی هونەری بەرز هەڵدەسەنگێنرێت.
نمونە:
**(٢٣)** *((خوایە ئەو بەیانییە لە هەموو کاتێکی تر دڵڕەقتربوو، بە یاوەرە تایبەتییەکانی گووت هەموو مەنجەڵە ماستەکان بشکێنن. لەدەقیقەیەکدا سەدەها ژنی ماستفرۆشمان بینی لە ژێر داری یاوەرەکانی سەرهەنگدا ڕایاندەکرد. هێندە ماستیان بەسەر شەقامەکاندا ڕشت، لە دوورەوە بتدیبایە پێدەچوو بەفر بارییێت. هەموو مەنجەڵەکانیان شکاند و توڕیاندایە زێرابەکانەوە، سەری ماستفرۆشەکانیان لە ماست هەڵسوو))* (بەختیار عەلی ٢٠١٥: ١٠٨).
لەبەشی پێشەوەی ئەم دەقەدا باس لە پلان دانانی کوشتنی سەرهەنگ دەکرێت. دواتر باس لە سەردانەکەی سەرهەنگ دەکرێت کە دەچێت بۆ بازار، نوسەر بە هاتنەناوەوەی ئەم شوێنە، باس لە هەموو ڕووداوەکانی ئەم شوێنە دەکات لە ساتەوەختی گەیشتنی سەرهەنگدا، واتە ڕەوتی باسکردنی ڕووداوەکانی پلان دانانەکە ڕادەگرێت، باس لە ڕووداوەکانی ناو بازاڕەکە بەگشتی دەکرێت، ماستفرۆشەکان بەشێکی کەمن لەم بازاڕەدا، یەکخستنی کات و شوێنی ڕووداوەکانە، باس لە ڕووداوی کوتاڵفرۆش و قەساب و تەنانەت منداڵەکانی سەر شۆستەکانیش دەکات. واتە لەم دەقەدا باس لە کەسایەتی نوێ دەکات و باسی ڕووداوەکانیشیان دەکات بە هۆی پەیوەندی شوێنی و کاتییەوە. تەوەری سەرەکی بابەتەکە لە ڕێڕەوی خۆی لایداوە بەرەو تەورێکی تر هەنگاوی ناوە، بە دوایەکهاتنی ئەم ڕووداوانە پەیوەستە بە شوێنەکەوە، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چۆتە ناو ڕووداوە سەرەکییەکە.

**٣-٢-٢-٣- هاتنە ناوەوە بە هۆی، کەسەوە**

کەس ئەو یەکە گرنگەی دەقە، کە بەبێ بوونی ئەو دەق دروستنابێت. تەوەری سەرەکی هەموو بابەتێك لە لایەن کەسەکانەوە دەست پێدەکەن. هەمیشە کەسێك لە پشت دروستبوونی ڕووداوەکانە، گفتوگۆکردن لە لایەن دوو کەس یان زیاتر ئەنجامدەدرێت، ڕۆڵی قسەکردن لە کەسێکەوە دەچێت بۆ کەسێکی تر. هەندێکجار کەسێکی تر دێتە ناوەوە بە هۆی بوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، یان پەیوەندییەکی بابەتی."پێشبینی دەکرێت هەندێك لە تاکەکان بەشداربوونێکی چالاکیان هەبێت، کە تێکرای قسەکردنەکان بە خێرایی تێدەپەڕێت، بەبێ هیچ وەستانێك لە نێوان ڕۆڵەکانیان، لەگەڵ هەندێك چوونە ناوەوە بۆ تەواوکردنی ڕۆڵەکانی تر، ئەمە یەکێکە لە شێوازەکانی قسەکردن" (Yule1996:76).
ئەمە لە دەقی گێڕانەوەدا بەڕوونی بەرچاودەکەوێت. جگە لە پاڵەوانی چیرۆکەکە چەند کەسایەتییەکی تر لە دەوروبەری ڕووداوەکاندا دەبینرێت، کە هاوکارن بۆ بەرەوپێشچوونی گێڕانەوەکە. کە گێڕەرەوە باس لە ڕووداوی پاڵەوانەکە دەکات، کەسێکی تر پەلکێشی ناو ڕووداوەکان دەکات، بەڵام دەرەنجامی ڕووداوەکە دوادەخرێت، بە هۆی پێناسینی، کەسایەتییە نوێیەکە لە ڕێگەی وەسفکردنەوە، واتە ساتی تێپەڕبوونی ڕێڕەوی ڕووداوەکە، بۆ ماوەیەکی کاتی ڕادەگیرێت تا وەسفی تەواوی، کەسایەتییە لاوەکییەکە دەخرێتە ڕوو. یان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ تەوەری باسەکە پێگەی خۆی دەگوازێتەوە بۆناو ئەو ڕووداوانە، کە لە لای، کەسایەتییە تازەکە ڕوودەدات. پەلکێشکردنی ڕووداوەکانی ئەم کەسایەتییە بە هۆکاری یەکخستنی کاتی ڕووداوەکانە، یان پەیوەندی هۆیی و بابەتی ئەم بەدوایەکهاتنە دروستدەکات، بەڵام نوسەر هەوڵدەدات جۆرە چنینێکی گونجاو بنیادبنێت لەڕێگەی پێکهاتەی ڕووداوەکان، واتە ڕووداوە سەرەکییەکە بە تەواوی بگونجێت لەگەڵ ئەو ڕووداوەی لێرەدا تێهەڵکێش دەکرێت.

**٣-٢-٣- ئەو ڕەگەزانەی کار لە ڕیزکردنی ڕووداوەکان دەکەن:**

ڕووداوەکان کۆمەڵە کردارێکی بەیەکەوە بەستراون کە پەیوەندییان بە واقیعەوە هەیە چەند کەسایەتییەك لە نێوانیاندا هەیە، چەند هۆکارێك کاریگەرییان بەسەر جۆری ڕیزکردنی ڕووداوەکان هەیە. جگە لەو ڕێگایانەی، کە بۆ ڕیزکردنی ڕووداوەکان بەهۆی دەوروبەر و جیهانی دەقەوە ئاماژەی پێکرا، وەك؛ (- کات- شوێن- کەس ) بە یارمەتی جێناو و ئاوڵناو و ئاوەڵگوزارەی کات و شوێن. لە ڕستەی ئاڵۆزیشدا ڕیزکردنی ڕووداو تایبەتمەندی خۆی هەیە، ڕستە شوێنکەوتووەکان و ئامرازەکان

جۆری ڕیزکردنەکە دەخەنەڕوو. هەندێکجار ڕیزکردنی ڕووداوەکان پەیوەست دەکرێت بە ڕستەی شوێنکەوتەی هۆیی .

نمونە:

**(٢٤-أ-)** *تارا نەخۆش بوو، نەهات بۆ ئاهەنگەکە.*

**(٢٤- ب-)** *تارا نەخۆش بوو لەبەر ئەوە بۆ ئاهەنگەکە نەهات.*

**(٢٤- پ-)** *لە بەر ئەوەی تارا نەخۆش بوو بۆ ئاهەنگەکە نەهات.*

ڕووداوی یەکەم بریتییە لە(نەهاتن)کە لە بەشی دووەمی ڕستەی(٢٤- أ-) دا ئاماژەی پێکراوە. سەرەتای دەربڕینەکە بریتییە لە ڕستەی هۆکار، ئەگەر بونیادی ڕیزکردنەکە ڕستەی هۆکار بگۆڕدرێت پێویستی بە ئامرازی هۆکاردەبێت، واتە بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕووداوەکە ڕیزکراوە دەقبەستییەکی گونجاوی دەبێت. ئەم ڕستانە دەتوانرێت بەم شێوەیەش بەدوایەکتریدا بێن:

**(٢٥-أ-)** *تارا نەهات بۆ ئاهەنگەکە، ئەو نەخۆش بوو.*

**(٢٥- ب-)** *تارا نەهات بۆ ئاهەنگەکە، دوای ئەوەی ئەو نەخۆش بوو.*

**(٢٥- پ-)** *تارا نەهات بۆ ئاهەنگەکە، چونکە نەخۆش بوو.*

هەڵگەڕانەوەی ڕستەکان ئاماژە بە خاسیەتی واتای و ئەرکی پراگماتیکی دەکەن، ڕستەی سەرەتا گوزارشت لە بابەتی (نەهات) دەکات، ڕستەی شوێنکەوتەی بەدواداهاتووە، کە گوزارشت لە ڕوونکردنەوەی نەهاتنەکە دەکات. ئەگەر مەبەستی قسەکەر ڕستەی شوێنکەوتووبێت، ئەوا بەشی کۆتایی بەهایەکی گەورەی هۆشەکی هەیە. واتە بەشی یەکەمی ڕستەکە گوزارشت لە دەقبەستی دەقەکە دەکات، کە هەردووکیان پەیوەستن بە یەکترییەوە.

**٣-٢-٤- گرنگی بابەت لە ڕیزکردنی ڕووداوەکاندا:**

ڕێکخستن و ڕیزکردنی ڕووداوەکان بە پێی گرنگی بابەتەکە و بەهای زانیارییەکە لەلایەن قسەکەر/نوسەرەوە بەشێکی تر دەبێت لە چنینی دەق. نوسەر هەوڵدەدات ئەو بابەتەی، کە بەلایەوە گرنگە لە بەشی پێشەوەی دەقەکە ئاماژەی پێ بکات، کاتێك شوێنی ئەو بەشەی دەقەکە گۆڕانکاری بەسەرداهات گرنکی بابەتەکە دەچێتە ئاستێکی تری دەقەکە، وەك:

**(٢٦- أ-)** *سارا لە خوێندگا هاتەوە(س١). خۆی گۆڕی(س٢)، نانەکەی خوارد(س٣)و دەستی کرد بەوانە خوێندن(س٤).*

ئەم ڕستانە بەپێی کات ڕیزکراون.

لە (٢٦- أ) دا. گرنکی بابەتەکە پەیوەستە بە ( گەڕانەوەی سارا لە خوێندنگا )، واتە دوای هاتنەوە، ڕووداوەکانی تر ڕوویانداوە. واتە دەقبەستی بە هۆی مەبەستی قسەکەر دروستبووە. ئەگەر یەکێك لە ڕووداوە لاوەکییەکان بگۆڕێت، ئەوا گۆڕانکاری لە ڕیزکردنی ڕووداوەکە دروستدەبێت.

**(٢٦- ب-)** *سارا لە خوێندگا هاتەوە(س١). دوای ئەوەی خۆی گۆڕی(س٢)، نانەکەی خوارد(س٣)و دەستی کرد بە خوێندن(س٤).*

**(٢٦- پ-)** *سارا خۆی گۆڕی(س٢) ونانەکەی خوارد(س٣) و دەستی کرد بە خوێندن(س٤)و لە خوێندنگا گەڕایەوە(س١).*

لە (٢٦- پ)دا ڕستەی (س٢) شوێنی ڕستەی (س١)ی گرتووە، ئەویش چۆتە کۆتایی دەقەکە، بەڵام درك بەوە دەکرێت، کە ئەم ڕستە بە شێوەیەکی گونجاو بە بەشەکانی تری دەربڕینەکە نابەستێتەوە کاریگەری لەسەر ڕیزکردنی ڕووداوەکان هەیە، هەمان مەبەستی ڕستەی(٢٦- ب) ناگەیەنێت.

بۆ ڕیزکردنی ڕووداوەکان پشت بە سیستەمی زمانەکە دەبەسترێت بۆ ڕیزکردنی، کەرەسەکان "هەر زمانە و سیستەمێکی تایبەتی هەیە لە ڕیزکردنی، کەرەسەکانی ناو ڕستەدا، هەموو ئەو ڕستانەی، کە لە ناو دەقێکدا کۆدەکرێنەوە پێویستە گوزارشت لە کۆمەڵە ڕووداوێکی ڕێکخراو بکەن" (فان دایك ٢٠١٣: ١٩٣). فان دایك ئاماژەی بەو بنەمایانە کردووە، کە تایبەتە بەڕیزکردنی ڕووداوەکان و تەوەری بابەتەکە، ئەو پەیوەندییانە دەخەنەڕوو، کە بڕیار لە سەر ڕێکخستنی ڕووداوە بەدوایەکهاتووەکان دەدات، ئەم پەیوەندییانە بنەما مەعریفییەکان لە خۆدەگرێت، وەك درکپێکردن و گرنگیدان، کە لەم چوارچێوەیەدا

چەند جۆرێکی دیاریکردووە وەك؛ "گشتی و تایبەتی، کۆمەڵەو بەشە کۆمەڵە ،گەورەو بچوك ، ناوەوەو دەرەوە ، خاوەن و خاوندار" (فان دایك ۲۰۱۳ :۱۹۷- ۱۹۸).

**(۲۷)** *شیلان جاریکیتریش دوا کەوت ، هیچ کاتێك ڕووی نەداوە لە کاتی خۆیدا ئامادەبێت.*

لەم دەقەدا چەند ڕستەیەك بەدوایەکداهاتوون، کە گوزارشت لە چەند ڕووداوێك دەکەن، ڕستەی یەکەم بەشێکە لە ڕووداوە گشتیەکە، کە تایبەتە بە بارێکی دیاریکراو، ڕستەی دواتر باس لە ڕوودانی گشتی ئەم دیاردەیە دەکات، کە چەند جارێك دوبارە دەبێتەوە، واتە ڕستەی دووەم گوزارشت لە ڕووداوە گشتییەکە دەکات، بەڵام ڕستەی یەکەم گوزارشت لە ڕووداوە تایبەتییەکە دەکات، هەندێکجار جۆری ڕووداوەکە وادەخوازێت ڕیزکردنەکە پێچەوانە بێتەوە، وەك:

**(۲۸)** *خانووەکەم بینی زۆر خوشبوو، ژوورەکانی گەورەو فراوان بوون.*

ڕستەی سەرەتا ئاماژە بە بینینی بەشی گشتی خانووەکە دەکات، بەڵام ڕستەی دووەم بەشێکی بچووکی خانووەکە باس دەکات. پەیوەندی نێوان ئەم ڕستە بەدوایەکداهاتوانە کاریگەری زۆری هەیە بۆ گونجاندنی دەقەکە. واتە ڕستەی کۆتایی لەڕووی واتاییەوە پەیوەندی بە ڕستەی یەکەمەوە هەیە.

### ۳-۲-۵- ڕیزکردنی ڕووداو لە دەقی گێرانەوەدا:

هەمیشە ڕووداو جەمسەرێکی سەرەکی دروستبوونی تۆڕی پەیوەندییەکانی دەقە. نوسەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی ڕووداوە ڕاستەقینەکانەوە ڕووداوەکانی نێو دەق دروستبکات، بە ئاوێتەبوونی هزرو خەیاڵ لە پرۆسەی داهێنانی هونەرەکانی جوانکاری "دەبێت ڕووداوە جیاجیاکانی بە جۆرێکی پتەو بەیەکەوە ببەسترێنەوە، کە ئەگەر یەکێك لەو ڕووداوانە لە شوێنی دروستی خۆیەوە دانەنرێت، یان فڕێ بدرێت، کردەوە تەواو پێگەیشتووەکە تووشی شێوان و لێکترازان دەبێت" (ئەرستۆ ۲۰۰٤ : ۳٦). ئەرستۆ زیاتر جەخت لە چنین و ڕێکخستنی ڕووداوەکان دەکاتەوە بە ڕەگەزێکی گرنکی دەقی زانیوە "بۆریس سەبارەت بە ڕیزکردنی ڕووداوەکان دەڵێت: هونەرەکانی هێواشکردنەوە، دابڕین ودەقبەستی دەق و گۆڕینی پێگەی ڕووداوەکان، چەند هۆکاریکن کاریگەری بنەڕەتییان هەیە لەسەر ڕۆمان و بەخشینی ئاراستەی نوێ بەو هونەرە" (میران جلال ۲۰۰۹: ٦۷).

ڕەگەزی ڕووداو لە ڕێگەی کردارێکی زمانی نێو ڕستەکان دەنوێنرێت. تودۆرف پێوایە "بە پێی سروشتی گێڕانەوەی ڕووداوی چیرۆکەکان ئەو نەسقانەی کردارەکانی نێو ڕستەکانی دەقێکیان لەسەر بنیادنراوە چەند شێوەیەك وەردەگرن"(تۆدورف www.awu.dam.org ). دەکرێت لە ڕێگەی کرداری نێو ڕستەکان پەیوەندی نێوان ڕووداوەکان دەستنیشان بکرێت، ڕیزکردنی ڕووداوەکان ئاماژەیان پێبکرێت. چونکە مەرج نییە هەموو ڕووداوێك لە دەقەکاندا ڕیزبەندی هێڵێکی ڕاست بخەنە ڕوو. تەکنیکی هونەری ڕووداوەکان بەرەو ئاراستەی جیاواز دەبەن. جۆری دەقەکە کاریگەری هەیە لە سەر چۆنییەتی ڕیزکردنی ڕووداوەکان. لە دەقێکی کورتەچیرۆکدا بە هۆی، کەمی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان بە ڕیزبەندییەکی ئاسایی ڕووداوەکان ڕیزدەکرێن. بەڵام لە ڕۆماندا بە هۆی چڕی و زۆری ئاڵۆزی ڕووداوەکان، چەند جۆرێك ڕیزکردن بۆ ڕووداوەکان ئاماژەیان پێکراوە.

هەر شێوازێکی گێڕانەوە کاریگەری هەیە لەسەر چونییەتی ڕیزکردنی ڕووداوەکان، هەرچەندە مەبەستی سەرەکی بەخشینی ئاڕاستەیەکی هزرییە بۆ خوێنەران، چونکە کردارەکان زۆرترین دەرکەوتنیان هەیە لە نێو دەقەکاندا. "بۆیە کردارەکان بە ڕەنگپێدەری ڕووداوە ڕاستەقینەکانی دەرەوەی جیهانی دەقەکە دادەنرێن، قالبێکی هونەری دەبەخشێتە پرۆسەی گێڕانەوە، بەتایبەتی کرداری ڕابردووی سادە وا لە چیرۆکە گێڕاوەکان دەکەن، کە وەك ڕاستی دەربکەون" (میران جلال ۲۰۰۹ :۲۵). هەرچەندە کردارەکان چەقی بەرهەمی ڕووداوەکان دەنوێنن، ئەرکێکی تایبەتی لە خۆدەگرن قورسایی زۆر دەکەوێتە سەریان ئاڕاستەی ڕێڕەوی ڕووداوەکە دەستنیشاندەکەن، بەڵام بەبێ ڕەگەزەکانی تر، ڕووداو ناتوانن ئەم ئەرکانە جێبەجێبکەن، بۆیە هەمیشە ( کەس و کات و شوێن ) هاوکارن بۆ بونیادنانی ڕووداوەکان، بە هەموو ڕەگەزەکان دەتوانن پەیکەری دەقەکە دروست بکەن.

### ۳-۳- گونجان و نەگونجان لەدەقدا:

تیۆری گونجان تیۆرێکی پڕاگماتیکی مەعریفیە پێداچونەوەیەك بوو بە تیۆرەکەی گرایس، چونکە ناوەڕۆکەکەی، کەمتەرخەم بوو لە بنەماکانی گونجان، کە وەك بنەمایەکی سەرەکی گرنگە لە کردەی گەیاندندا، ئەم تیۆرە لە لایەن هەریەك لە.Wilson,D ولسون Sperber,D.& سپیربەر)ەوە گرنگی پێدراوە لە دوو ڕاونگەی پڕاگماتیکییدا:

١- گونجان بۆ زانستە مەعریفی و درکپێکراوەکان دەگەڕێتەوە.

٢- بۆ یەکەمجار، کە چەمك و بیری پڕاگماتیك سەریهەڵدا، پێگەی لە زمانەوانی بەوردی دیاریکراوە بە تایبەتی لە پێگەی زانستی لێکدان. (Sperber& Wilson 1981:156).

دەبێت پەیوەندی گونجان لە نێوان گوتەکانی قسەکەرو گوێگردا هەبێت بۆ ئەوەی قسەکەرکاریگەری لای گوێگر دروستبکات بە دەربڕینی ڕوون و ئاشکرا، تا گوێگریش درك بەو زانیارییانە بکات، کە هاوبەشە لە نێوانیاندا لە سیاقی گفتوگۆکردندا، ڕۆڵی سیاق لەم تێوەردا کۆتایی نایەت، تا کاری تێگەیشتن ئەنجام نەدرێت، ئەم کردەیەش لەسەر بنەمای ڕیزکردنی گفتوگۆکە و گوتراوەکاندا دەبێت. سیاقیش پێکدێت لە چەند لێکەوتەیەك، کە پشت بەم سەرچاوانە دەبەستێت:

١- لێکدانەوەی گوتاری پێشو، ئەمە ڕاستەوخۆ دەمانگەیەنێتە یەکەم وشە، کە لە یادگەدا هەڵگیراوە، وێناکردنی لەو سیاقەدا.

٢- چوارچێوەی فیزیکی، ئەمەش پەیوەندی بە سیاقەوە هەیە. کە بابەتەکەی تێدا دەخرێتە ڕوو، وەك ئەو شوێنەی، کە کاری گەیاندنی تێدا ئەنجامدەدرێت. لێرەدا ئامێری درکپێکردنی قسەکەر تایبەتمەندییەکان دەنوێنێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

٣- یادگەی سیستەمی سەرەکی چەند زانیارییەکی جیاواز لەخۆدەگرێت، هەندێکیان لە سیاقی دۆخگۆڕیندا بەکاردەهێنرێت (مسعود صحراوی ٢٠١٤: ٥٠).

چەند چەمکێك لە مێشکدا بە ڕێکخراوی هەڵگیراون، بۆ هەریەکێکیان وێنایەك هەیە لە یادگەی سەرەکی سێ جۆر زانیاری لەخۆ دەگرن:

١- تێکردەی لۆژیکی : ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە پەیوەندی لۆژیکیان هەیە.

٢- تێکردەی فەرهەنگی: هەموو ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت، کە تایبەتە بە ڕەگەزە فەرهەنگییەکان، واتای ئەم زاراوانە زۆر جیاوازنین لەگەڵ ڕێزمانی بەرهەمهێنان، وەك زانیارییە دەنگییەکان و لێکدراوەکان.

٣- تێکردەی ئەنسکلۆپیدی(الموسوعی) : هەموو ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە، کە لە دەرەوەی بابەتێك یان ڕووداوێك یان تایبەتمەندی چەمکێکی دیاریکراون.

گونجان و نەگونجان دوولایەنی گرنگی دروستکردنی دەقن، کاری زمانەوانی لە کۆندا لە سنوری ڕستەدا بوو، کە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ سەیردەکرا، کە نەبەستراوەتەوە بە هیچ دەوروبەرێك، خودی ڕستەکە هەڵدەوشێنرا بۆ کەرەسە پێکهێنەرەکان، لە دەنگ و وشە و بەشەکانی تری ڕستە. تەنها پەیوەندی نێوان کەرەسەکانی ڕستەیەك دەستنیشاندەکرا. دیبۆگراند ئاماژەی بەوە کردووە "ئەوەی پەیوەندی بە لێکدانی ڕستەوە هەیە، بەتەمومژ دەورە دراوە، پێوانەی جیاواز بۆ ڕستە بەدوایەکداهاتووەکاندا دادەنێت"( دیبوجراند ١٩٩٨: ٨٨). بەڵام ئەم بۆچوونە نەیتوانی ئامانجەکانی شیکردنەوەی دەق بپێکێت. چونکە ڕستە لە چوارچێوەی دەقدا بوونێکی سەربەخۆی نییە بەستراوەتەوە بەسیاقی زمانی و نازمانی، بۆیە دەق بەگەورەترین یەکەی شیکردنەوە دادەنرێت. واتە ئەو کەرەسانەی، کە بەدوای یەکتریدا ڕیزدەکرێن لە ڕێگەی سیاقەوە پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکرێت. دەستنیشانکردنی بەکارهێنانی زمان لە دەقدا بەهای پەیوەندی نێوان ڕستەکان و چۆنییەتی لێکدانیان، کاریگەری هەیە لەسەر واتای دەقەکە بە ڕەچاوکردنی لایەنی دەرونی قسەکەر/نوسەر و گوێگر/خوێنەر.

جۆن لاینز(Lyons) دوو جۆر ڕستەی جیاکردۆتەوە:

١- ڕستەی سیستەمی System sentences : شێوەی ڕستەیەکی نابەرجەستەیە چەندەها ڕستەی تری لێبەرهەمبێت، گونجاوبێت بە پێی ڕێزمانی زمانەکە. مەبەست لەو سیستەمەیە کە کەرەسەکانی زمانێکی دیاریکراوی پێ ڕیزدەکرێت لە زمانی کوردیدا بەشێوەی(بکەر+ بەرکار+ کار) کەرەسەکانی ڕستە ڕیزدەکرێن.

٢- ڕستەی دەقی Text- Sentence:ئەو ڕستەیەیە، کە لە دەوروبەر بەرهەمدێت (Lyons 1995:260-261) هەندێکجار ئەو دەروبەرەش تەمەومژاوییە، دەبێت هەوڵبدرێت ئەو تەمومژە لابریت بۆ ئەوەی کاری تێگەیشتن ئاسانبێت. تاکە کەسێك دەتوانێت لە یەك دەوروبەردا چەندەها ڕستەی جیاواز بەرهەمبێنێت "براون و یۆڵ لە شیکردنەوەی گوتاردا پشت بە جۆری دووەم دەبەستن، چونکە ئەم جۆرە ڕستەیە دەچێتە چوارچێوەی پراگماتیکی" (Brawn & Yule1983:19). شیکردنەوەی گوتار پشت بە سیاقی گشتی دەق دەبەستێت بەڕەچاوکردنی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی باری گفتوگۆکردن و هەڵوێستی گوێگرو کاردانەوەکانی وکەناڵی گەیاندن و کۆدە بەکارهاتووەکان. "هەربڕگەیەکی زمانی نوسراوبێت یان گوتراو، لە ڕووی درێژییەکەیەوە شێوەیەکی یەکگرتووی هەبێت، ئەم یەکگرتووییە لە ڕووی ڕوخسارەوە نەبێت، بەڵکو لە ڕووی واتاوەبێت" ( Halliday & Hassan 1976:1). ئەوەی دەق لە نادەق جیادەکاتەوە، ئەو پەیوەندییە واتاییەیە، کە کەرەسە زمانییەکان بەدوایەکتریدا دەهێنێت، بۆیە ئەمە مەرجێکی سەرەکییە بۆ بوونی دەق، جگە لەو سیستەمە زمانییەی، کە دەقەکەی پێ ڕێکدەخرێت. پەیوەندییە واتایەکان هۆکارێکی ترن بۆ ڕێکخستنی دەق و دەقبەستی، بۆیە چنینی دەق بە پێوەرێکی گرنگ دادەنرێت بۆ جیاکردنەوەی دەق لە نا دەق، ئەمەش هۆکارێکە یارمەتی یەکگرتوویی دەق دەدات، تا چنراوێکی پتەوی دەق بەرهەم بێت. هاریس لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم گرنکی زۆری بە زانستی دەقناسی داوە، لە ساڵی (١٩٥٢) نوسراوێکی بە ناوی (شیکردنەوەی گوتار) بڵاوکردەوە، ئەمە بوو بە ڕێبازێك بۆ شیکردنەوەی گوتاری پێکبەستراو بە جۆری گوتراو و نوسراو، هاریس لەم ڕێبازەدا جەخت لەسەر دووخاڵ دەکاتەوە:

١- پەیوەندییەکانی دابەشکردن لە نێوان ڕستەدا.

٢- بەستنەوەی نێوان زمان و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی (سعید حسن بحيری ١٩٩٧: ٢٠).

لە زانستی زمانی دەقدا گرنگی بە پەیوەندییە زمانییەکانی نێو دەق دەدرێت، لە ڕێگەی ئەو پێکبەستنەی دەق، کە هۆکارە بۆ بەدوایەکهاتنی ڕستەکانی دەق و دۆزینەوەی ئەو لایەنە لێکچوەی، کە لەگەڵ تاکە ڕستەیەکدا هەیەتی. لە ڕستەدا لە سەر بنەمای پەیوەندی ستونی Paradigmatic و ئاسۆیی Syntagmatic کەرەسەکان شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت، بەڵام لەم چوارچێوەیەدا زیاتر گرنگی بە پەیوەندی ئاسۆیی دەدرێت، و ئەرکی وشەکان دیاریدەکرێت، چونکە هەر هێمایەك ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، پەیوەندی هەیە لەگەڵ هێماکانی تری دەوروبەریدا. لە دەقدا دابەشکردنی بەشەکانی لەسەر بنەمای ئەرکی و پەیوەندی واتای دەستنیشان دەکرێت. هەموو کەرەسەیەکی زمانی لە شوێنێکی دیاریکراودا کاردەکات. زنجیرەی دەربڕینەکان دەتوانرێت بەش بەش بکرێت و بگەڕێنرێتەوە بۆ چۆنییەتی دروستکردنی بونیادی وشەیی و ڕستەیی و ئەو هۆکارەی، کە بڕیار لەسەر گونجاندنی ئەو جۆرە ڕیزکردنە دەدات. نوسەر دەتوانێت لە ڕێگەی ئەمەوە وا لە خوێنەر بکات درك بەو دابەشکردنە بکات. واتە کاریگەری نێوان نوسەرو خوێنەر دەبێتە خاڵێکی تر بۆ لێکدانەوەی هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی و بەرجەستەکردنی لە نێو دەقەکاندا.

دەتوانرێت بونیادی گشتی دەق[١٩] بەش بکرێت بۆ بنیادی بچووك بۆ بەرجەستەکردنی واتای گشتی دەقەکە، چونکە لە بەشێکی بچووکی دەقەکەوە ئەو واتایەت دەستناکەوێت، کە نوسەر مەبەستیەتی ، فەرامۆشکردنی بە شێکی بچووکی دەق لەوانەیە کاریگەری لەسەر واتای گشتی دەقەکە هەبێت.

دەق لە چوارچێوەی بونیادی شێوەیی و بەرهەمهێنانی و واتادا، پێکهاتەی جیاوازی هەیە. کە لە ڕێگەی کاریگەری بەردەوام لە نێوان بەشەکانیدا دروست دەبێت. ئەمەش بە هۆی دۆزینەوەی لایەنی گونجانی واتای ناوەوەی بەشەکاندا بەرجەستە دەبێت. دەق لەوانەیە ڕستەیەك بێت یان پەڕتوکێك بێت، لەسەر بنەمای سەربەخۆی و کرانەوە و داخراودا بەرهەمدێت. ئەم دوو خاسیەتە بۆ جیاکردنەوەیانە. هەرنوسەرێك سیستەمێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە یەکسان نابێت بە سیستەمی لێکدانی ڕستەکان، بەڵام دەتوانرێت ئاماژە بە پەیوەندی نێوانیان بکرێت. لێرەدا ئەم دوو جۆرە دەقە دەخەینەڕوو:

---

[١٩] - بونیادی گشتی دەق: مەبەست لە بونیادی گەورەی دەقە لە ڕووی واتاییەوە کە ڕووداوێك یان چەند ڕووداوێك لە خۆدەگرێت. ئەم بونیادە بەستراوەتەوە بە بابەتی گشتی دەقەکە، کەپشت بە توانای نوسەر و خوێنەر دەبەستێت بۆ پاراستنی ڕەگەزەکانی ناو دەق. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (فان دايك، نص والسياق، محمد خطابی لسانيات النص)

### ٣-٣-١- دەقی کراوە Open Text:

دەقی کراوە شێوەیەکی تازەی نوسینی دەقی هونەرییە. ئەم چەمکە لە لایەن نوسەری ئیتاڵی (ئیمبرتوئیکۆ)[٢٠] بەکارهاتووە. لەساڵی (١٩٦٢) دا لە پەرتوکێکدا بە ناوی (العمل المفتوح)بڵاوی کردەوە "ئەم زاراوەیە واتای کراوە دەگەیەنێت، هەندێکجار چەمکی تری بۆ زیادکراوە ، وەك کاریگەری کراوە، کاری کراوە، دەقی کراوە" (أمبرتو ایکو٢٠١٣ :٥) تاڕادەیەك ئەم زاراوەیە نزیك دەبێتەوە لە زاراوەی (دەقی خوێنراوە)ی ڕۆڵان بارت. ئەم دیاردەیە تایبەتە بەخوێنەرو گرنگی خوێندنەوە. ئەو دەقەیە، کە لەڕووی واتاییەوە کراوەیە. لە ڕووی شیکردنەوە چەند لێکدانەوەیەکی جیاواز لەخۆدەگرێت، نوسەر، کە جیهانی دەق بە کراوەیی بە جێدەهێڵێت، وەك داهێنانێکی هزری، چاوەڕێی ئاسۆبینینی خوێنەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی کۆتاییەکی گونجاو بۆ دەقەکە، چونکە نوسەر هیچ دەرەنجامێکی دیاریکراوی نەخستۆتە ڕوو. لەم بارەدا خوێنەر ماندووتر دەبێت لە نوسەر. دەستنیشانکردنی کۆتایی دەقەکە پێویستی بە داڕشتنی پلانێکی تازە دەبێت ئەمە چالاکی داهێنان بە خوێنەر دەبەخشێت، زیاتر چێژ لە دەقەکە وەربگرێت "دەقی کراوە خوێنەرێك بەرهەم دێنێت، کە بەشدار بێت لە دانانی دەقەکە، نەك تەنها بەکارهێنەر بێت، ئەم بەشدار بوونە تەنها بونیادی دەقەکە و خوێندنەوە لە خۆنەگرێت، بەڵکو بەشداربێت لە کردەی بەستنەوەی واتای دەقەکە بەیەکتریەوە. ئەزموونی خوێنەر هاوبەشە لە دانانی دەقەکە" (صلاح فضل ١٩٩٧ :٢٩٧). بوونی دەقێکی کراوە سەرچاوەیە بۆ دیاریکردنی داهاتووی دەقەکە و واتاکەی، بە مەرجێك خوێنەر بەهەڵەدا نەچێت لە بەکارهێنانی پێکهاتەی دەقە کراوەکە، بۆ دەستکەوتنی لێکدانەوەی واتا. کەواتە شارەزایی خوێنەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکەدا پێویستییەکی گرنگە. کاردانەوەی خوێنەر بەستراوەتەوە بە تێڕوانینی مەعریفی و ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆجی، ئەمە هۆکارێکە بۆ یارمەتیدانی نوسەر، ئەم جۆرە دەقە ڕێگە بە خوێنەر دەدات، کە تێبینییەکانی ئاراستە بکات، ببێتە بەشێك لە بونیادنەری دەقەکە . لێرەدا خوێنەر نابێت بە لایەنێکی جیاواز و پێچەوانە، بەڵکو دەبێتە تەواوکارێك بۆ دەقەکە. واتە جوڵانەوەیەکی دوانەییە. "جۆری کرانەوەی دەق پەیوەستە بە جۆری نوسینەکە، ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ خوێندنەوەی دەقەکە، کە پێویستی بە دیاریکردنی چەند ئەگەرێك هەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەنجامی واتاکەی" (محمد عبدالمطلبwww.awu.dam.org).

### ٣-٣-٢- دەقی داخراو Closed Text:

دەقــی داخــراو بەرامــبەر دەقــی کــراوە دانــراوە، بە تەواوی پێچەوانەیەتــی. ئەم زاراوەیە لەڕووی چەمکەوە نزیکدەبێتەوە لە دەقی نوسراوی ڕۆڵان بارت "ئەو جۆرە دەقەیە، کە خاوەن سەرەتاو کۆتـاییە لە ڕووی بـوونی واتــاوە یەك جـۆر لێکـدانەوە لەخۆدەگرێـت ، وەك دەقــی یاسـایی و زانسـتی" (محمـد عبــدالمطلبwww.awu.dam.org). لەم جــۆرە دەقەدا خــوێنەر مانــدوودەبێت بــۆ دیــاریکردنی دەرەنجامی دەقەکە. بەڵام چێژی خوێنەر تـاڕادەیەك دەوەستێت، کاتێك پێشوازی ئەم جۆرە دەقە دەکـات، چونکە هەموو بەشەکانی دەقەکە بە ئامادەکراوی دەدرێت بە خوێنەر، ئەمە وادەکات خـوێنەر چالاکـانە لە نێـو دەقەکەدا کـار نەکـات. بە تـایبەتی لە دەمــی گێـڕانەوەدا، خـوێنەر بەرەو نـاوەوەی دەقەکە دەچێـت لە جیهــانی دەرەوەی دەقەکە دادەبڕێــت، ناتوانێــت بەشــدار بێــت بــۆ داهێنــان. ئەم جــۆرە دەقە تــاڕادەیەك تەمومژاوییە لە ڕووی واتـاییەوە، هەمـوو خوێنەرێك ناتوانێت پێشوازی لێبکـات، واتە لە خـودی خۆیـدا داخراوە، پێویستی بە خوێنەری نمونەیی هەیە، کە خاوەن چەند پێشینەیەکی توانایین. دەکرێت لێکدانەوەی دەقەکە بگێـڕنەوە بـۆ لایەنــی مێژوویــی و فەلســەفی. ئامـادەبوونی خـوێنەرو نوسـەر لەم جـۆرە دەقەدا ئاڕاستەیەکی پێچەوانە نیشـاندەدات، هەرکاتێـك نوسـەر ئامادەبێت لە داهێنـانی واتـای تەواوی دەقەکە دا، خـوێنەر بەم شـێوەیە ئامـادە نابێـت، بەڵام ئەگەر نوسـەر ئامادەنەبێت لە دانـانی دەرەنجـامی دەقەکە ئەوا خوێنەر ئامـادە دەبێت. دەقـی گـوتراو پێویستی بە ئامـادەبوونی قسـەکەرەکە دەبێت، بەڵام دەقـی نوسـراو

---

[٢٠] - ئیمبرتۆ ئیکۆ ڕەخنەگرێکی ئیتالییە لە ساڵی ١٩٣٢ لە دایکبووە ، ئەندامی ئەکادیمیای هونەری ئەدەب بووە لە ئەمریکا، نوسینەکانی لە بواری فەلسەفەی ئەدەب و فەلسەفەی زمان بووە، چەند تیۆرێکی مەعریفی و جوانکاری خستۆتە ڕوو. لە ساڵی (٢٠١٦)دا کۆچی دوایی کردووە. (https:ar.m.wikipedia.org )

پێویستی بە نوسەر نابێت. لە دەقی گوتراودا دەربڕینەکە دوای وتنی کۆتای دێت و نامێنێت، بەڵام دەقی نوسراو بوونێکی مادی هەیە و دەمێنێتەوە.

### ٣-٣-٣- دەقبەستی Cohesion:

بە یەکێك لە پێوەر گرنکەکانی زمانەوانەکان دادەنرێت بۆ وەسفکردنی دەق، کە پەیوەندی بەستنەوە دروست دەکات. مەبەست لە پەیوەندییە لۆژیکییەکان، کە بەشەکانی دەق بەیەکەوە دەبەستێت. (دەقبەستی پشت بە پەیوەندییە ناوەکییەکان و ڕەگەزەکانی دەوروبەر دەبەستێت، کە بە هۆی ئەمە تێگەیشتنی دەق دروستدەبێت(دیبوجراند ١٩٩٨ :١٠٣).

زمانەوانەکان گرنگییەکی زۆر بە دەقبەستی و گونجاندنی دەق دەدەن. پێیان وایە ئەم دیاردەیە پەیوەستە بە واتای دەق، پشت دەبەستێت بە ڕستە پێکهێنەرەکانی و ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان ڕستەکاندا هەیە بۆ تێگەیشتن. دەق و گوتار تەوەری سەرەکین بۆ دەرخستنی ئەم دیاردەیە. براون و یۆڵ پێیانوایە، کە دەقبەستی و گونجانی دەق، شتێك نییە، کە ببەخشرێت و بوونی هەبێت لە دەقدا، لێکۆڵەر هەوڵی دۆزینەوەی بدات. بەڵکو بابەتێکە بونیاددەنرێت، لە خودی خویدا گونجان و نەگونجان دەستنیشانناکرێت، بەڵکو پەیوەستە بە وەرگر، کە بڕیار لەسەر دەقەکە بدات ( Brown & Yule 1983:244). بۆ ئەم مەبەستە گرنگترین بنەماکانی دەقبەستی دەخەینە ڕوو:

### ٣-٣-٣-١- سیاق و دەقبەستی

بونیادی دەق لەدایکبووی چەند سەرچاوە و سیاقێکی جیاوازە کە لەلایەن کەرەسە زمانییەکان و ئەو پەیوەندییە تایبەتییەوە دروست دەکرێت، کە دەقەکە دەکاتە یەکەیەکی یەکگرتوو. کە شیکرەوەی دەق هەوڵی دۆزینەوەی ئەو سیاقە دەدات بۆ لێکدانەوەو تێگەیشتنی پەیوەندییەکان. هەر دەربڕینێك خاوەن چەند واتایەکی جیاوازە، بەڵام سیاق دەتوانێت یەکێك لەو واتایانە دیاریبکات.

بەناوبانگترین قوتابخانە، کە گرنگی بە سیاقی دەق داوە قوتابخانەکەی فێرث بوو، پێیوابوو "واتا نادۆزرێتەوە تەنها لە ڕێگەی دەق نەبێت" (احمد مختار ١٩٩٨ :٦٨). سیاق ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دەقبەستی دەق، چونکە مەبەستی نوسەر یان قسەکەر دەخاتەڕوو، ئاماژە بە بارو هەڵویست و ڕووداوەکان دەکات. سیاقی زمانیش بە پێی ئاستی خۆی بەشداریدەکات لە ڕوونکردنەوەی واتای دەق، بە هۆی جۆری بابەتەکە و ئەوەی، کە لە پێشتر هەبووە یان لە دواتر دێتە ئاراوە. سیاق لە قسەکەر/نوسەر و گوێگر/خوێنەر وکات و شوێن پێکدێت (Brown & Yule 1983:37). ئەمانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە شیکردنەوەی گوتاردا، چونکە هۆکارێك لە ئارادایە بۆ بەیەکگەیشتنی قسەکەر/ نوسەر و گوێگر/ خوێنەر. لەوانەیە هەمان دەربڕین بۆ کەسێکی تر یان شوێن و کاتێکی تر بوترێت. واتای جیاواز دەبەخشێت بۆیە ئەمانە بە لایەنێکی گرنگی دەستکەوتنی واتای دەق دادەنرێت. Hymes لە ساڵی (١٩٦٤) دا ئاماژەی بە چەند تایبەتمەندییەکی دەق کردووە، کە گرنگن بۆ شیکردنەوەی دەق ( Brown & Yule 1983:38) لەوانە:

١- نێرەر : مەبەست لەقسەکەر یان نوسەرە کە بەرهەمهێنەری گوتراوەکەیە.

٢- وەرگر : گوێگر یان خوێنەرە، کە پێشوازی دەقەکە دەکات.

٣- گوێهەڵخەر : ئەو گوێگرانەی، کە ئامادەبوونیان لەدیاریکردنی کردە قسەییەکاندا هەیە.

٤- بابەت: تەوەری ڕووداوی قسەکان لە خۆدەگرێت.

٥- سیاق: کات و شوێنی کردەی گەیاندن لە خۆدەگرێت، ئەو پەیوەندییە فیزیاوییە دەگرێتەوە، کە ئاماژە بە کاریگەرییەکان دەکەن.

٦- کەناڵ : چۆنییەتی گەیاندنی کردە قسەییەکان دەگرێتەوە، واتە بە شێوەی گفتوگۆکردنە، یان نوسراوە، یان ئاماژەیە.

٧- شێوەی پەیامەکە : ئەو شێوەیە دەگرێتەوە کە لە پەیامەکەدا بەکارهاتووە، کە شێوەی نامەیە، ئەفسانەیە، چیرۆکە،... هتد.

٩- کلیل: ئەو هەڵسەنگاندنە لەخۆدەگرێت، کە مەبەستی پەیامەکە پەیامێکی چاکسازییە، یان ڕاڤەکردنێکی کاریگەرە، یان سۆزدارییە.

١٠- مەبەست : ئەو مەبەستانە دەگرێتەوە کە پێویستە بەشداربوان لە کردەی گەیاندندا ئاماژەی پێبکەن.
ئەم لایەنانە تیشکێك دەخەنە سەر ڕوونکردنەوەی گوتار بۆ دەستکەوتنی واتای مەبەست. بەڵام لویس Lews (١٩٧٤)دا بۆ پۆلینکردنی سیاق خاڵێکی جیاوازتر دەخاتەڕوو ، پێیوایە کە"ڕاستی و ناڕاستی گوتار بەشێکی تری سیاقە"(Brown & Yule 1983 :40). بۆ ئەم مەبەستە دوو جۆر سیاقی لێ جیاکراوەتەوە:
١- سیاقی زمانی Verbal Context
٢- سیاقی نازمانی Context of Situation
هەردەقێك لە سیاقە تایبەتیەکەی خۆی لابدرێت، ئەو واتایە ناگەیەنێت کە مەبەستە، نمونە: ئەگەر لەسەر لادیواری خانوێکی شاری هەولێر یان سلێمانی نوسرابێت:
*(٢٩) بڕوخێ ڕژێمی بەعس، بژی پێشمەرگە.*

ئەم دەقە لە سیاقی کاتی خۆی دابڕێنراوە، چونکە ئەم دیاردەیە لە ساڵانی هەشتاکاندا باو بوو، کە ئەم جۆرە دروشمانە بنوسرێت. بەڵام بۆ ئێستا هیچ نرخ و باهایەکی نییە، لەو کاتەدا ئەم دەقە لە لایەن پێشمەرگەوە ئاڕاستەی وەرگرێکی دیاریکراو دەکرا، کە خەڵکی کورد بووە، یان پێشمەرگە زیاتر بە مەبەستی کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی ئاماژەیان بەم جۆرە دەقانە کردووە، ئەم ڕابردووە بە ئێستا ببەسترێتەوە، شوێن هەمان شوێنە، کەس هەمان کەسە و هەمان هەواڵە ڕاگەێنراوە، بەڵام ئەوەی بەهای دەقەکەی لاوازکردووە، ئەو کاتەیەکە دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە. واتە بە دەقێکی گونجاو نازانرێت بۆ ئەم سەردەمە، چونکە ئەو ڕژێمە بوونی نییە و کاریگەری هەستی نەتەوەیی لای وەرگر دروست ناکات. ئەگەر وەرگر کەسێکی بێگانەبێت، ئەوا دیسان ئەو دەقە هیچ بەهایەکی لای ئەو نابێت ئەو تایبەت نییە بە وەرگرتنی ئەم دەقە. هیچ ئەزموونێکی ئەوتۆشی نییە سەبارەت بە بارودۆخی ئەم نەتەوە و ئەم وڵاتە. کەواتە گۆڕانی هەر ڕەگەزێکی سیاق دەبێتە هۆی گۆڕانی لێکدانەوەی دەقەکە.
بارودۆخی قسەکردن و زانیاری دەربارەی ڕاستییەکان لە لایەن بەشداربوانی ئاخاوتنەوە کاریگەری هەیە لەسەر ڕوونی ناڕوونی سیاق، جۆری جیاوازی لێ دروست دەبێت، لەوانە:
١- سیاقی زوڵاڵ Transparent Context: ئەو سیاقە دەگرێتەوە، کە گوێهەڵخەر ئاگاداری ئەو ڕاستییە بێت، کە قسەکەر دەیدرکێنێت. لێرەدا ڕاستییەکە لە سیاق دەترازێت و دەپەڕێتەوە دەوروبەری ئاخاوتنەکە.
٢- سیاقی نازوڵاڵ Non transparent Context : هەر سیاقێك لە قەڵەم دەدرێت، کاتێ ڕێگە دەدات خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت، کە بەهای ڕاستییەکان بۆگەڕاوەیەکی هاوبەشی هەبێت، ئەگەر ڕاستییەکان لە نێوان قسەکەرو گوێگر قەتیس بمێنێت، ئەوا سیاقێکی نازوڵاڵ دروست دەبێت (سەباح ڕەشید ٢٠١٦، ١٥٥).
سپیربەر و وڵسن ئەم خاڵانە بە بنەمای گونجان دەزانن :
١- کاریگەریی سیاقی Contextual effects : ئەمەش پەیوەستە بە دوو جۆر زانیاری، زانیاری کۆن و زانیاری نوێ، کە لە کۆمەڵێك داتای جیاواز بەرهەمدێت، بۆ هاوسەنگی چەسپاندنی گریمانەیەك لە یادگەدا وێناکراوە.
٢- ئەم زانیارییانە کارلێدەکەن بۆ دەستکەوتنی ئەوەی، کە مەبەستە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە گونجاندنی گوتارەکە تەنها لە ڕێگەی کاریگەری ئەو سیاقەوە بێت، کە بەهۆی کارلێکردنیان گەشەی کردووە، بەڵکو لایەنی مەعریفی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هەڵسەنگاندنی جۆری گونجانەکە. هەرکاتێك زانیاریی زیاتر بخرێتە ڕوو لە دەربڕینەکاندا پلەی گونجانەکەش زیاتر دەبێت.

**٣-٣-٣-٢- پەیوەندی دەقبەستی بە وەرگرەوە:**

وەرگر یان خوێنەر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەستنەوەی بەشەکانی دەق بە یەکترییەوە، لە ڕێگەی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دەقەکە. خوێنەر ڕۆڵی، کەمتر نییە لە نوسەر، چونکە خوێنەر واتای دەقەکە دەدۆزێتەوە، بە ڕەگەزی بونیادی پێکهاتەی دەقەکە و جیهانی دەرەوەی دەبەستێتەوە لە ڕێگەی هەڵوەشان و لێکدانی دەقەکە "ئەمە گوزارشت لە توانای خوێنەر دەکات بۆ لێکدانەوەکە بە پشتبەستن بە تایبەتمەندیەکانی سیاق" (محمد خطابي١٩٩١ :٥٦). خوێنەر وەك بەشداربوێکی بونیادی دەقەکە کاردەکات، تەنها بە دوای واتادا ناگەڕێت، بەڵکو لە ڕێگەی واتاوە گرنگی و بەهای دەقەکە دەخاتەڕوو. کاریگەری نێوان دەق و خوێنەر لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقەکە بەرجەستە دەبێت، کە دەقێکی تری تێدا بەرهەمدێت. خوێنەر تەنها ئاماژە بە ناوەرۆکی بابەتی دەقەکە و سیاق ناکات، بەڵکو ئەو تابەتمەندییانەش دەخاتەڕوو، کە لە ڕێگەی کاریگەری دەقەکە پێیگەیشتووە "ئامانجی خوێنەر تەنها تێگەیشتن نییە لە واتای وشە بەکارهێنراوەکان، بەڵکو بەشداربوونی خوێنەرە بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی بیری بەرجەستەکراوی ناو دەقەکەیە" (سعید حسن بحیری ١٩٩٧: ٦٢). ئەم بنەمایە تایبەتە بە چۆنییەتی دیاریکردنی ئەو کاتەی، کە لێکدانەوەکەی تێدادەکرێت، وەك ئاماژەکردن بەکاتی "ئێستا"( Brown & Yule 1983: 58).

**٣-٣-٣- بنەمای لێکچوون :**

ئەم بنەمایە پەیوەستە بە ئەزموونی وەرگر بەیەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی لێکدانەوەی واتا دادەنرێت. لێکچوون لە نێوان دەقێك و دەقێکی تردا هۆکارێکە بۆ یارمەتیدانی لێکدانەوەی واتا ، ئەم لێکچوونە ڕێژەییە، مەرج نییە لە هەموو خاڵێکدا لێکچوون هەبێت، بەڵام خوێنەر دەتوانێت درك بە و لێکچوونە بکات لە ژێر ڕۆشنایی ئەودا لێکدانەوە بۆ دەقەکە بکات. ئەم بنەمایە هەرچۆنێك بێت ناتوانێت لە کات و شوێنی خۆیدا دووبارەبێتەوە، بە گۆڕانی هەر ڕەگەزێکی سیاقی، گۆڕان لە واتادا دروست دەبێت، واتە ئەو لێکچوونەی لە نێوان دوو دەقدا بەدی دەکرێت بەڕێژەیەکی گونجاوە.

شیکەرەوەی دەق دەتوانێت ئەو زانیارییەی، کە لە دەقەکەوە وەریدەگرێت بیبەستێتەوە بە دیاردەیەکی تر، بە پشت بەستن بە ئەزموونەکانی پێشوو لە ڕێگەی دیاریکردنی یەکە گۆڕاوەکان و نەگۆڕاوەکانی نێو دەق، بەمە دەگاتە تایبەتمەندییەکانی جۆری دەقەکە، بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەکی گونجاو و دروست بەرجەستە بکات. دەربڕینی جیاواز و لێکچوونی ناوەرۆك نابێتە هۆی گۆڕانی تایبەتمەندییەکانی جۆری دەقەکە "گرنگی ئەزموونی پێشووی خوێنەر بۆ بەشداریکردن لە درکپێکردنی بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی گشتگیر نایەتەدی، تەنها لە ڕێگەی ئەزموونێکی دورودرێژ نەبێت" (محمد خطابی ١٩٩١ :٥٧).

خوێنەر دەقێکی لە بەردەستایە، کە کۆمەڵێك زانیاری لێوەردەگرێت بەراوردی دەکات لەگەڵ ئەو زانیاریانەی، کە لای، کەڵەکە بووە لە دەقەکانی پێشوو وەریگرتووە، ئەمە ڕێگای دۆزینەوەی واتای دەقەکە ئاسان دەکات، بۆیە بنەمای لێکچوون و لێکدانەوەی ناوەکی بەشێکی بنەڕەتی گریمانەکانی دەقبەستین، لە ئەزموونی ژیانی گشتی و ئەزموونی گوتاردا.

**٣-٣-٣-٤- چوون بەرەو مەبەست - التغريض The Matisation:**

دوای ئەوەی دەق لە چوارچێوەی چەند ڕستەیەکی بەدوایەکهاتوودا ڕێکدەخرێت، دانانی سەرەتا و کۆتایی دەقەکە بەشێکی ئەو ڕێکخستنە دەبن، بۆیە براون و یۆڵ پێیانوایە " ئەمە خاڵی سەرەتای هەرگوتارێکە"( Brown & Yule 1983:126).

نوسەر هەوڵدەدات ڕستەیەکی گونجاو بۆ ناوەرۆکی بابەتەکە بکاتە دەستپێکی دەقەکە، لێکدانەوەی ئەم ڕستەیە لە ڕستەکانی دوای خۆیدا بەرجەستە دەبێت، ئەمە هۆیەکە بۆ دروستکردنی کاریگەری لای خوێنەر و سەرنجڕاکێشانی بۆ ناوەوەی دەقەکە. ناونیشان بەشێکی گرنگی ئەم دەستپێکە دەبێت، ڕەگەزێکی گرنگی سیمۆلۆجیای دەقە، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دەقبەستی بەشەکانی دەق و گونجانیان لەگەڵ یەکتریدا. خوێنەر گرنگی تایبەتی بەم ڕستەی دەستپێکە دەدات بۆ لێکدانەوەی واتا، هەوڵدەدات ئەو پەیوەندییە بدۆزێتەوە، کە لە نێوان ئەو ڕستە و ڕستەکانی تردا هەیە و ڕادەی گونجانیان دەستنیشان

دەكات. ناونیشان یان ڕستەی دەستپێك لە دەوری ڕەگەزێكی دیاریكراودا دەخولێتەوە، كە كەسایەتێكی دیارە، یان ڕووداوێكی دیاریكراوە.... هتد . جیاوازی لە نێوان ئەم ڕەگەزە دەبینرێت كە بوونێكی ڕاستەقینەی هەیە، لەگەڵ ئەوەی لە بەدواداچوونی دەقەكە گرنگی پێدەدرێت، تا بەرەو ناوەوەی دەقەكە بڕۆیت ئەم ڕەگەزە پێشدەكەوێت و گەشە دەكات. گرایمس پێیوایە "هەر گوتراوێك، هەر ڕستەیەك، هەر بڕگەیەك، هەر بازنەیەك و هەموو گوتارێك لە دەوری ڕەگەزێكی تایبەتی ڕێكدەخرێت تا ببێتە خاڵی سەرەتا"(Brown & Yule 1983:134 ).

خوێنەر دەتوانێت درك بە گرنگی ئەم ڕەگەزە بكات لە ڕێگەی دووبارەكردنەوەی ناوی، كەسەكە، یان بەشێك لە ناوەكەی، یان دانانی جێناوێكە بۆ ئەو كەسە دەگەڕێتەوە، هەندێكجار بەكارهێنانی كات لە خزمەتی تایبەتمەندیی ئەو ڕۆڵە دەبێت كە بەكەسایەتییەكە دراوە. ئەم ئامرازانە بۆ دەستكەوتنی مەبەستی هەر كەسێك بەكاردێت، نمونە:

**(٣٠)** *(( (پەرهەنگ)ی دایكی ئەگەر لە بنەڕەتدا مانای(هەم جوان و هەم ناسك)ە، ئەوا لەوێ دەبێتە (هێشتا دنیا تاریك دانەهاتووە).... (پەرهەنگ) لای خەڵك بەنانی* ***Nanny*** *ناسراوە))*
(كاروان عومەركاكە سور ٢٠١٤: ١٠).

دەقی ژمارە (٣٠) سەرەتای ڕۆمانێكە بە ناونیشانی (ماڵی نانی) نوسەر لە سەرەتادا ئاماژە بە ناوی ئەو كەسایەتییانە دەكات، كە كارەكتەری سەرەكی ڕووداوەكەیە، كە ناوی(پەرهەنگ)ە جگە لەو ناوە بە ناوی (نانی)یش ئاماژەی بۆ دەكرێت، هەردوو ناوەكە بە دەیان جار لە نێو دەقەكە دووبارە دەبێتەوە، جگە لە ناوەكە نوسەر ئاماژەی بەو خاسیەتانە كردووە، كە گوزارشت لە ڕەفتارەكانی (نانی) دەكەن، كە دەڵێت: (نانی) واتە (هێشتا دنیا تاریك دانەهاتووە) یان بە واتای دایەن دێت، بەڵام بەمشێوەی بەكاردەهێنن (باوەڕ مەكە بیدۆزیتەوە...) واتە ئەم دەربڕینانە گوزارشت لە كەسایەتی نانی دەكەن. واتا ئەم ڕووداوانە لە دەوری ئەم كەسایەتییە دەخولێنەوە.

دەق گوزارشت لە چەند ڕووداوێك دەكات، هەرڕووداوێكیش بە چەند ڕستەیەك گوزارشتی لێدەكرێت، واتە ڕووداو لە سێ بەش پێكدێت (سەرەتا – ناوەڕاست – كۆتایی). دەبێت نوسەر هەوڵبدات ئەم سێ بەشە لە چوار چێوەی دەقێكی یەكگرتوودا ڕێكبخات بە پێی سیستەمی ڕێزمانی و واتایی بە پشتبەستن بە سیاقی زمانی و نازمانی. سەرەتا بەشی یەكەمی دەقەكە دەبێت، كە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە شیكردنەوەدا.

**٣-٣-٣-٥- ڕیزكردنی ڕووداو:**

ڕێكخستنی ڕووداو لە دەقدا یەكێكی ترە لە بنەما گرنگەكانی دەقبەستی، ئەگەر" ڕستە گوزارشت لە ڕووداو بكات، ئەوا پێویستە زنجیرەی ڕستەكان ڕێكخراوبن، كە گوزارشت لە چەند ڕووداوێك بكەن" (فان دایك ٢٠١٣ :١٥٠). واتە ئەم جۆرە ڕیزكردنە ئاساییە، ڕستەكان لە ڕێگەی ڕووداوەكان بەیەكەوە دەلكێنرێت[٢١].

**٣-٣-٣-٦- بابەتی دەق (بونیادی گشتی) ( Topic of Discourse):**

مەبەست لەو بابەتەیە كە دەبێتە تەوەری سەرەكی بۆ داڕشتنی دەقەكە و كۆی گشتی باس لە بابەتێكی دیاریكراو دەكات، بوونی ئەم بابەتە دەبێتە هۆی دەقبەستی، بونیادی واتایی چەند ڕستەیەكی بەدوایەكداهاتوو، كە بەردەوامی بەدەقەكە دەدات، كورتی و درێژیەكەی پەیوەست دەبێت بە جۆری دەقەكەوە زانیارییەكانی ئەم بابەتە بەشێوەیەك ڕێكدەخرێت و لێكدەدرێت دەبێتە یەكەیەكی گشتی بۆ بابەتەكە. ئەمەكاریگەری گەورە دروستدەكات بۆ دەقبەستی و گونجاندنی واتای گشتی دەقەكە. بونیادی گشتی دەق ڕێگایەكە خوێنەر دەگەیەنێتە ئەو بنەماییەی، كە لادان و سڕینەوەی چەند دەقێكی بچوك دروستدەكات، بەڵام لە گوتاردا زیاتر لادان و سڕینەوەی ڕستەیەك دەبێت، كە خوێنەر دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم بونیادە بیدۆزێتەوە. كاری دۆزینەوەی تەوری سەرەكی بابەتەكە لە ڕێگەی دووبارە ڕێكخستنەوەی ناوەڕۆكی دەقەكەوە دەبێت، ئەگەر دەقبەستی لە ئارادا بێت، ئەوا كاری خوێنەر ئاسانتر

[٢١] - بڕوانە لا ٨٨ زیاتر ئاماژەی پێكراوە.

دەبێت. بۆ گەیشتن بە واتای گشتی دەقەکە، بەڵام کاتێك کە ڕووداوەکان پەرش وبڵاو دەبنەوە چەند بابەتێکی تر دێتە ناوەوە، جۆرێك لە ئاڵۆزی لە نێو دەقەکەدا بە دیدەکرێت.

**٣-٣-٣-٧- کات لە دەقدا :**

زمان سیستەمێکە چەند ئاستێکی جیاوازی هەیە لەوانە (ئاستی دەنگ و ڕێزمان کەلە ئاستی وشەو ڕستە پێکهاتووە، ئاستی واتا)، بەڵام ئەو ئاستەی، کە کاتی تێدا دەدۆزرێتەوە ئاستی ڕێزمانییە واتا لە چوارچێوەی وشەو ڕستەکاندا چەند ئاماژەیەك هەیە، کە گوزارشت لە کات دەکەن. زمانەوانەکان زۆر گرنکی بەکاتی دەق دەدەن، کە پەیوەستە بە سیاق و دەورور بەری دەربڕینەکەوە[٢٢].

**٣-٤- کات لە دەقدا:**

کات ڕێڕەوی گشتی تێپەڕبوونی ژیانی مرۆڤە، کات لای هەر تاکێکی کۆمەڵ گوزارشتێکی جیاوازی هەیە، لای هەر تاکێك کاتێك لەگەڵ کاتێکی تر جیاوازە. کات گوزەرکردنە بە نێو ڕووداوەکاندا. هەموو ڕووداو و گوتن و دەربڕینێکی مرۆڤ کاتێکی دیاریکراوی هەیە. هەندێك وشە و دەربڕین هەیە گوزارشت لە کات دەکەن، کە بە نیشانەکانی کات ناسراون، "کە کاتی قسەکردن دیاریدەکەن، لە ساڵ و مانگ و ڕۆژ...هتد" (Levinson 2010:72 ). بۆ ئەم مەبەستە چەند جۆرێکی کات دەستنیشانکراون:

**٣-٤-١- کاتی فیزیکی Physical Time:**

مەبەست لەو کاتەیە، کە بونێکی بێکۆتایی هەیە لەسەر یەك هێڵی ڕاست دەڕوات و تێدەپەڕێت، کاتێکی ڕێکخراو و گشتییە لەهەموزمانێکدا بوونی هەیە، دابەشکراوە بۆ چەند کاتێکی دیاریکراو:

أ- کاتی ڕابردوو

ب- کاتی ئێستا

پ- کاتی داهاتوو (ئاینده)

**٣-٤-٢- کاتی زمانی Tense**

زمانەوانەکان کات بە بەشێکی گرنگ دەزانن لە دەربڕینەکاندا، ناتوانرێت وەسفی زمان بکرێت، ئەگەر بونیادی پێکهاتەی دەربڕینەکە لەبەرچاو نەگیرێت. ئەم جۆرە کاتە لە زماندا بوونی هەیە، لە ڕێگەی دەربڕینەکانەوە دەستنیشاندەکرێن، بە هۆی چەند مۆرفیم و وشەیەکی تایبەت، کە ئاماژە بە کاتێکی دیاریکراو دەکەن. هەر زمانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ دیاریکردنی ئەم جۆرە کاتە. ئەو کاتەی لە ڕیزماندا بەهۆی گیرەکەکانەوە دەستنیشاندەکرێن "لۆکاشیو زیاتر جەخت لە لایەنی ڕێزمانی دەکاتەوە بۆ دەستنیشانکردنی کات، پێیوایە ئەوەی، کە بڕیار لە سەر کات دەدات کردارو دابەشکردنیانە لە ڕستە و دەقەکاندا، کە زیاتر کار لە چوارچێوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانی گشتی دەکات"( الازهر الزناد ١٩٩٣ :٧٢). کات لە ڕووی واتاییەوە بە هۆی ئاوەڵکارەکانەوە واتایان دیاریدەکرێت، کە بەمشێوەیەی خوارەوە دابەشکراون:

أ- کاتی ڕابردوو : وشەکانی، وەك: (دوێنی – پار – پێرار – ڕۆژێك لەمەوبەر- مانگێك لەمەوبەر ...هتد).گوزارشت لە کاتی ڕابردوو دەکەن. بەڵام هەر یەکێکیان مەودای ڕابردووەکەیان جیاوازە. بە بێ بەکارهێنانی ئەم وشانە چەند مۆرفیمێك هەیە لە ڕێزماندا، کە لەسەرکردار بەکاردەهێنرێن ئاماژە بەکاتی ڕابردوو دەکەن وەك( نیشانەکانی کاتی ڕابردووی سادە وەك (ت- د – وو- ا- ی)یان جۆرەکانی تری کاتی ڕابردوو مۆرفیمی جیاوازیان بۆ بەکاردێت وەك (وە- دە- بوو- بوایە.... هتد).

ب- کاتی ڕانەبردوو: ئەم وشانە (بەیانی، هەفتەی داهاتوو، ساڵێ دابێت، دووڕۆژیتر... هتد)گوزارشت لە کاتی ڕانەبردوو دەکەن.

---

٢٢ - بۆ زانیاری زیاتر بروانە لا ١٠٤-١١٢.

مۆرفیمەکانی(دە- بـ ) لەسەر ڕەگی کار بەکاردەهێنرێن بۆ کاتی ڕانەبردوو ئەمیش دووکاتی هەیە، کاتی ئێستاو داهاتوو[٢٣]. ئەم جۆرە کاتانەی لە ڕستەدا ئاماژەی پێدەکرێت بە کاتی ڕوودان دادەنرێت.

هەندێکجار کاتی زمانی لەڕووی واتاوە، پەیوەستکراوە بە مەبەستێك یان بۆنەیەکی تایبەتی وەك (بەیانی باش، ئێوارەباش ........هتد) کەئەم وشانە دەچنە ناو فەرهەنگەوە یان هەندێك کات بۆ مەبەستی تایبەتی دەستنیشانکراون، ئەم کاتانە، ئەگەر لە کاتی خۆیدا بەکارنەهێنرێن هیچ نرخێکیان نامێنێت، وەك: (پرسە ، پیرۆزبایی) ئەمە پەیوەندی بە باری کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

**٣-٤-٣- کات لە ڕووی پراگماتییکەوە:**

ئەم جۆرە کاتە پەیوەستە بە هاوبەشەکانی ئاخاوتن، ئەو کاتە فیزیکییەی، کە لە نێوان قسەکەرو گوێگر هەیە بۆ وتنی قسەیەك و گەیاندنی مەبەستێك، کات یەکەیەکی لەبن نەهاتووە، بەڵام کە ڕووداوێکی تێدا ڕوو دەدات، دەستپێکی ڕووداوەکە و کۆتاییەکەی، لە ڕێگەی ئەو کاتەدا سنورداردەکرێن، کە سەرەتا و کۆتای ڕووداوەکەی پێدا تێپەڕیوە. ئەمەش دوو جۆری هەیە:

أ- کاتی گوتن(ڕوودانی کاری گوتن)

ب- کاتی مەبەستی ناوگوتنەکە "یان دیاریکردنی کات لە ناوگوتندا" (هۆگرمحمد ٢٠٠٠ :٩١).

جگە لەم پۆلینکردنە بۆ کات دەتوانین کات بە پێی قۆناغەکانی دەربڕین دابەشبکەین بۆ سێ جۆر لەوانە:

**٣-٤-٣-١- کاتی پێش قسەکردن:**

مەبەست لەو کاتەیە کە قسەکەر بیرو هەست و جەستە و ئامادەدەکات بۆ بابەتەکە. لەو کاتەدا قسەکەر بابەتەکە بەدەوروبەرەکانی گوتنەکە دەبەستێتەوە، بەڵام تا ئەو ساتەش هیچ دەربڕینێك لە ئارادا نییە، قسەکەر نەخشە ڕێژی دەکات بۆ چۆنییەتی خستنەڕووی بابەتەکە، ئەو پێشبینیانە دەخاتە دەوروبەرەکەوە، بە شێوەیەکی نابەرجەستەی لای قسەکەر دەمێنێتەوە. بە پێی ڕێکەوتنی قسەکەرو گوێگر کاتەکە دیاریدەکرێت. ئەم جۆرە کاتە لە کۆڕوکۆبونەوە فەرمییەکاندا بوونی هەیە وەك( سیمنار، کۆبوونەوە ، کۆر، گفتوگۆکردن سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو...... هتد).

قسەکەر پێش ئەوەی بچێتە باری قسەکردنەوە، چەند هەڵوێست و نیشانەیەك لە ڕووخساریدا بەدیدەکرێت، کە نیشانەی خۆ ئامادەکردنە. کاتێك دەست بە قسەکردن دەکات سەرەتا ئاماژە بە چەند دەربڕینێك دەکات وەك(لەسەرەتادا، لە پێشەکیدا، پێش ئەوەی بچینە ناوەڕۆکی باسەکە .... هتد) ئەمە ئاماژەیەکە بۆ دەستپێکی گفتوگۆکردنە، کە بەشێکە لە شێواز و ئادابی قسەکردن. ئەم ئاماژەکردنانە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکە بۆ ڕونکردنەوەی بە شێکی باسەکە. کەواتە کاتی پێش قسەکردن گرنگی تایبەتی هەیە بۆ بەستنەوەی ئەو کاتە بە کاتی قسەکردنەوە، دەتوانرێت ئەم کاتە پەیوەست بکرێت بە کاتی ڕانەبردوو.

**٣-٤-٣-٢- کاتی گوتن :**

مەبەست لەو ساتەیە، کە قسەکەر کاری گوتن ئەنجام دەدات، واتە باس لە ڕووداوێك یان بابەتێك دەکات. کاتی گوتن لای قسەکەر دیاریدەکرێت. "کاتی (ئێستا) یەکێکە لەو ئاماژە کاتییانەی، کە گوزارشت لە کاتی گوتن دەکات. ئەو کاتە دەگرێتەوە، کە قسەکەر تێیدا قسەدەکات، تا دەگاتە ئەو کاتەی، کە دەنگەکە دەگاتە گوێگر" (Yule1996:14). لێکدانەوەی پراگماتیکی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دیاریکردنی ئەم کاتەدا. ئەم کاتە لە دەرەوەی وشە و دەربڕینەکاندایە واتە پەیوەندی بە سیاقی قسەکردنەوە هەیە. هەندێکجار کاتی گوتن یەکسان دەبێت لەگەڵ کاتی ڕوودانی ناو ڕستەکە. بە مەرجێك ڕوودانی قسەکردنەکە لەگەڵ ڕوودانی ناو ڕستەکە هەمان کات بێت. بە تایبەتی لە کاتی بەکارهێنانی ئاوەڵگوزارەی (ئێستا) کە ئاماژە بۆکاتی ئێستای قسەکردن و ڕووداوەکە دەکات. نمونە:

أ- ئێستا نان دەخۆم.

---

٢٣- ئەم جۆرە کاتە لە ڕێزمانی کوردیدا (لە زاری کرمانجی خواروو)دا مۆرفیمێکی دیاریکراوی نییە، کە لەسەر هەموو کردارەکان جێبەجێبکرێت، جگە لەکاری (بوون) نەبێت کە مۆرفیمی کاتی ئێستا و داهاتووی جیاوازە.

ئەم ڕستەیە گوزارشتکردنە لە ساتی گوتن و ساتی ئەنجامدانی کارەکە. بەڵام هەمان دەربڕین، ئەگەر لەلای، کەسێکی تر بگێردرێتەوە، واتە دەبێتە دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ، ئەوا کاتی گوتنی قسەکەری دووەم جیا دەبێتەوە لە کاتی(نان خواردن) لە لایەن قسەکەری سەرەکی. نمونە
ب- ئەو وتی . ئێستا نانەکە دەخۆم.
کاری(دەخۆم) لە ڕووی کاتەوە ڕانەبردووە، بەهۆی مۆرفیمی (دە) ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لە ڕێگەی بەکارهێنانی (ئێستا)ی دەربڕینەکە گوزارشت لە کاتی ئێستا دەکات نەك ڕانەبردوو لە لای قسەکەری یەکەم. کە قسەکەری دووەم ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە لە کاتی ئێستا دادەبڕێت دەبێت بە ڕابردوو.
کاری (وتی) لە ڕووی ڕێزمانییەوە ڕابردووە، بەڵام گوزارشت لە کاتی ئێستادا دەکات، چونکە ساتی قسەکردنە، بە شێوەی گێڕانەوە.
ڕەنگدانەوەی ئەو کاتە بە پێی دەربڕینەکان لای قسەکەر و گوێگر جیاوازی هەیە. هەندێکجار فۆرمی (ئەوکاتە ، هەر ئەوکاتە) بەکاردێت، کە دەتوانێت گوزارشت لە کاتی ڕابردوو و داهاتوو بکات. نمونە:
پ- بیست و یەکی نەورۆزی ساڵی ١٩٩٢ ئەو کاتە لە سلێمانی بووم.
ت- ئێوارەی ڕۆژی شەممە کاتژمێر هەشت لە هۆڵی ئاهەنگەکە ئامادەبە؟ باشە هەرئەو کاتە لەوێ دەتبینمەوە.
لە ڕستەی (پ)داقسەکەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم ڕستەیەی دەربڕیوە، وشەی (ئەو کاتە) پەیوەست بکەین بەو مێژووەی، کە خراوەتەڕوو، ئەوا گوزارشت لە کاتی ڕابردوو دەکات. لەڕستەی (ت)دا هەمان فۆرم بۆ گوزارشتکردن لە کاتی داهاتوو بە کارهاتووە، ئەگەر بە پێی بارو دۆخەکە لێکبدرێتەوە.
ئەو وشە و زاراوانەی گوزارشت لە کاتێکی دیاریکراو دەکەن. وەك(ئەمرۆ ، بەیانی ، دوێنێ ، ئێستا، سبەینێ ، هەفتەی دواتر، هەفتەی پێشو، ئەم هەفتە، یان کاتەکانی کاتژمێر، کاتەکانی سەر ڕۆژمێر). "ئەمانە پشت بە شیکردنەوە و زانیاری کاتی گوتن دەبەستن کە پەیوەندییان بەم کاتانەوە هەیە"(Yaule1996:14). کات و دەوروبەری گوتن دەتوانن دەستنیشانی ئەم کاتانە بکەن.نمونە:
- کانیاو ئەمرۆ سیمینارەکەی پێشکەشکرد.
کاتی گوتن لە گەڵ کاتی ڕووداوەکە هاوکاتە لە ڕووی ڕۆژەوە، ئەگەر وشەی (ئەمرۆ) بریتیبێت لە ڕۆژی دووشەمە، ئەوا ئەم کاتە لای قسەکەر و گوێگر ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام مەرج نییە هەموو بەکارهێنانێکی(ئەمڕۆ) واتای (دووشەممە) بگەیەنێت. قسەکەرو گوێگر دوو ئاڕاستەن بۆ دەستنیشانکردنی کات.(منذر عیاشی )لەم بارەوە سێ جۆر کاتی دیاریکردووە یەکەم " کاتی ناردن، دووەم کاتی وەرگرتن، سێیەم کاتی دەوروبەر، کاتی یەکەم و دووەم بە دوای یەکتریدا دێن، یەکەمیان لە ئێستا دەست پێدەکات و لە داهاتوودا کۆتایی دێت، دووەمیش لەو شوێنەدا ئاخاوتنەکە لە ڕابردوو کۆتایی هاتووە دەستپێدەکات. کاتی سێیەمیان پەیوەندی بە دەوروبەری ئاخاوتنەکەوە هەیە، ڕەوتی ئاخاوتنەکە ئەم جۆرە کاتە دیاریدەکات، کە لە ڕووی پراگماتیکییەوە لە بونیادێکی زمانی و کۆمەڵێك پەیوەندی دروست دەبێت، کە ئاخاوتن خۆی تیادا خاڵی دەکاتەوە (هۆگر مەحمود ٢٠٠٠ :٩٣).
کاتی گوتن پەیوەندی بە بەشداربونی ئاخاوتنەوە هەیە، کاتی دەستپێکردنی پەیوەندی و دەستکردن بە ئاخاوتن بەکاتی گوتن دادەنرێت لە لایەن قسەکەرەوە، هەرکاتێك کۆتایی بە قسەکانی هێنا، ئەوا ڕۆڵی قسەکردن دەدرێت بە هاوبەشێکی تر، کە پێشتر گوێگر بووە ئەمە کاتی گوتنی قسەکەری دووەمە، واتە کاتی گوێگرتن یان وەرگرتن لەم بارەدا کۆتایی هاتووە، زۆر جار قسەکەرمەبەستەکەی لە کاتی گوتنەکەدا بەرجەستە دەکات.
- بەیانی تاقیکردنەوەمان هەیە، خۆت ئامادەکردووە؟
- بەڵێ خۆم ئامادەکردووە .
قسەکەر مەبەستی لە کاتی (ئێستادا)یە کە قسەکەی تێدا دەکرێت، نەك کاتی بەیانی، کە بوونی لە نێو ڕستەکەدا هەیە، چونکە ڕووداوەکە دەچێتە دوای قسەکردنەکە. هەمیشەکاتی گوتن ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە گەیاندنی مەبەستی قسەکەر. هەندێك دەربڕین، ئەگەر لە کاتی خۆیدا نەوترێت لە وانەیە ئەو بەهایەی نەبێت لە دەرەوەی ئەم کاتەدا. ئەم ڕستەی سەرەوە، ئەگەر لە دوای تاقیکردنەوەکە بوترێت ئەو نرخەی نییە لە پێش تاقیکردنەوەکە. کاتی قسەکردنەکە پەیوەندی بە دوای قسەکردنەوەکەوە هەیە.

دەکرێ کاتی گوتن بە پێی جۆری گوتنەکە ئاماژەی پێبکرێت، هەمیشە گوتنی ناڕاستەوخۆ، یان گێڕانەوە لە کاتی ئێستای دادەبڕێت و دەچێتە کاتی ڕابردوو. کە ئەمە دەچێتە باری گواستنەوەی ڕووداوەکە لە ئێستا بۆ ڕابردوو. قسەکەر دەتوانێت لە ئێستادا باس لە ڕووداوی کاتی ڕابردوو یان داهاتوو بکات.

**٣-٤-٣-٣- دیاریکردنی کاتی ڕووداو:**

کات لەم بارەدا لە ڕێگەی ئەو وشەو مۆرفیمانە دیاریدەکرێت، کە گوزارشت لە کاتی ڕوودانی ڕووداوی ناو ڕستەکە دەکەن. ئەمەیان پەیوەندی بە گوتنەکەوە هەیە، لە گەڵ تێپەڕبوونی کاتی فیزیکی کاتی گوتنەکەش تێدەپەڕێنێت، ڕاستەوخۆ دوای گوتنەکە کات دەبێتە ڕابردوو، بەڵام قسەکەر دەتوانێت گوزارشت لە کاتی داهاتوودا بکات لە ڕێگەی دەبڕینەکانییەوە. لەم بارەدا کات دەبێتە ئێستای قسەکردن و ڕابردووی دوای قسەکردن و داهاتووی پێش ڕووداوی ناو قسەکردنەکە. واتە پەیوەندی بە کاتی ڕووداوەکەوە هەیە .

**٣-٤-٤- گوزارشتکردن بە کاتی ئێستا لە بری ڕابردوو:**

ئەم جۆرەی گوزارشتکردنی کات لە ڕستەی ئاڵۆزدا بەدیدەکرێت، کاتێك قسەکەر باس لە ڕووداوێك دەکات بە شێوازی دانانی، ڕستەکە لە ڕووی پێکهاتەی ڕێزمانی کاتەکەی ڕابردووە، بەڵام شێوەی دەربڕینەکە گوزارشت لە کاتی ئێستادا دەکات.

أ- ئەگەر بهاتبا دەڕۆیشتم.

ب- دەمتوانی مەلە بکەم، ئەو کاتەی، کە منداڵ بووم.

ئەم ڕستەیە لە ڕووی پێکهاتەوە ڕستەیەکی ئاڵۆزە، لە دوو بەش پێکهاتووە؛(پاڕستە و شاڕستە) کاری( بهاتبا )لە ڕووی کاتی ڕێزمانییەوە ڕابردووی شێوازی دانانییە و کاری (دەڕۆیشتم) ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنە، بەڵام لە دەرەوەی ڕستەکەدا قسەکەر ئێستا باس لەم ڕووداوە دەکات، بەڵام کاتی ڕابردووی ڕووداوەکان باس دەکات. واتە ئەگەر کاری (هاتن) ڕوویدابوایە، ئینجا کاری(ڕۆیشتن) ئەنجام دەدرا، واتە ئەنجامی ڕوودانی کارەکان مەرجدارکراون بە یەکترییەوە، بەڵام لە شێوەی گریمانەیی ڕوودانی کارەکان ئاماژەیان پێکراوە " بۆ تێگەیشتنی داڕشتەی ڕستەی ئاڵۆزی مەرجی، دەبێت بزانرێت کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە دوورە لە قسەکەر، واتە شێوەی گێڕانەوە لە خۆدەگرێت"(Yaule1996:14). ئەگەرهەمان ڕستە بخەینە باری نەرێ، ئەوا ڕووداوەکان پێچەوانە دەبنەوە.

ب- ئەگەر نە[٢٤]هاتبا، نەدەڕۆیشتم.

ڕستەکە لە ڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە هەمان شتە، بەڵام خراوەتە باری نەرێوە، هەردوو کردارەکە لە ڕووی کاتی ڕێزمانییەوە ڕابردوون. لەم بارەدا قسەکەر لە دوای ڕووداوەکە ئەم ڕستەیەی دەربڕیوە، واتە لە ڕێگەی نەرێکردن کردارەکان کاتی قسەکردن گۆڕانی بە سەر داهات. لە ڕستەی( أ )دا قسەکردن پێش ڕووداوەکە کەوتووە ، بەڵام لە ڕستەی (ب)دا قسەکردن کەوتۆتە دوای ڕووداوەکە. هەرچەندە مۆرفیمی نەرێ ئەرکی نەرێکردنە، بەڵام لەم ڕستانەدا کاریگەری هەبووە لەسەر کاتی قسەکردن و کاتی ڕووداوەکە. ئەو جۆرە ڕستانەی، کە ئەم جۆرە شێوازە دروست دەکەن پێیان دەوترێت ڕستەی ئاڵۆزی مەرجی.

**٣-٤-٥- کات لە دەقی هونەریدا:**

کات کاریگەری گەورە دروست دەکات لەسەر هونەرەکانی ئەدەب، چونکە کاتی ئەدەبی و کاتی فیزیکی، دەچنە چوارچێوەی ئەزموون و شارەزایی و هەڵچوونەکان، کە پێویستە بۆ داهێنان، ئەمە

---

[٢٤] - مۆرفیمی (نە) لە ڕێزمانی کوردیدا بۆ نەرێکردنی کاری ڕابردووی ڕاگەیاندن و کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی دانانی بەکارهاتووە، هەندێکجار بۆ نەرێکردنی کاری ئەمریش بەکاردێت، بەڵام باس لەوە نەکراوە، کە هیچ کاریگەرییەکی هەبێت لە سەر کات.

کاتێکی بابەتی و واقیعیی نییە، بەڵکو کاتی خودی و ڕێژەیی دەگرێتەوە لای داهێنەر، کە پەیوەستە بە ژیانی ناوەوەی تاك، کە پڕە لە داهێنان و ئەزموون. کاتێك مرۆڤ گۆڕان لە خودی خۆی یان لە سروشتی دەروبەرەکەی ڕوودەدات، ئەوا کات وەك چەمکێکی نابەرجەستەی لە جیهانی هەست پێکراودا ئاماژەی پێدەکرێت. هەمیشە هونەرەکانی ئەدەب بە دوای کاتی ڕووداوەکاندا دەڕۆن. لە وێوە داهاتووی ڕووداوەکان دەبینن. بینیاتی زمانی کات گوزارشت لە ئەزموونی دەروونی و ڕۆشنیری تاك دەکات، کە وشیارن بەرامبەر بەو ڕووداوانەی، کە لەم کاتانەدا ڕوو دەدەن. کەواتە زمان گوزارشت لە بوونی کات دەکات، کە بەردەوام ئامادەبونی هەیە لەپشت ئەزموونەکان، وشەکان پاڵپشتن بۆ بیری کات لە ئەدەبدا.

**٣-٤-٥-١- کات لە دەقی گێڕانەوەدا:**

کات بە ڕەگەزێکی سەرەکی دەقی گێڕانەوەدا دادەنرێت، تەوەرێکی گرنگە بۆ ڕێکخستنی ڕووداوەکان، بەردەوامی بە دەقەکە دەبەخشێت. هەمیشە گێڕانەوە گوزارشتکردنە بۆکاتی ڕابردوو، چونکە باس لە ڕووداوێك دەکات، کە لە ڕابردوو ڕوویداوە، بەڵام نوسەر چۆن دەتوانێت کات بکاتە بنەمای شێوازی جیاواز بۆ گێڕانەوە؟ کات لە دەقی گێڕانەوەدا لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە سەیرکراوە " Karl Bohler بوهلەر دەق دەبەستێتەوە بە وشەی (من – لێرە – ئێستا). کاتی ئێستا بە گرنگترین جۆری کاتی دادەنێت. ولیام ئیبول (William .E.Bull) دەڵێت هەموو کاتەکان دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ئێستا ( تزفیطان طودوروف ٢٠٠٥ :١٠٩). ئەمانە زیاتر کاتی گێڕانەوەیان لا گرنگە نەك کاتی ڕووداو، چونکە ڕووداوەکە خۆی گوزارشتە لە کاتی ڕابردوو. بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بە چەند جۆرە کاتێك دەکەین لەوانە :

١- کاتی دەرەوەی دەقی گێڕانەوە:

دەقی گێڕانەوە چەند کاتێکی جیاوازی تێدا دەبینرێت، کە هەریەکەیان گوزارشتە بۆ کاتێکی دیاریکراو "ئەم کاتانە دەگێڕنەوە، کە لە دەرەوەی دەقەکە دەستدەکەوێت، وەك کاتی چیرۆك و کاتی نوسین یان کاتی گێڕانەوە کاتی خوێندنەوە"(محمد عزام ١٩٩٦ :١٢٤). کاتی چیرۆك[٢٥] تایبەتە بەوکاتە مێژووییەی، کە ڕووداوەکەی تێدا ڕووداوە. ئەمە پەیوەستە بە واقیعی کۆمەڵایەتی چیرۆکەکە، کە بووە بە کاتێکی ڕابردوو لە چوارچێوەی گشتی دەقەکەدا. ئەم کاتە زۆر جار لە لایەن خودی نوسەرەوە یان گێڕەرەوە ئاماژەی پێدەکرێت. کاتی دەرەوەی دەق پەیوەستدەکرێت بە دوو لایەنی تر:

أ- کاتی نوسین: تایبەتە بەو کاتانەی، کە لە بەردەستی نوسەردایە بۆ نوسینی دەقەکە. ئەو کاتە کاریگەری دروستدەکات لەسەر نوسەر لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، تا چەند ئەم بابەتە گرنگە و پەیام دەگەیەنێت، کە نوسەر مەبەستیەتی؟ ئەم کاتە بۆ نوسەر زۆر گرنگە، چونکە هەوڵی ئەوە دەدات لەو ماوەیەدا نەخشە ڕێژی بۆ دارشتنی گێڕانەوەکە بکات، ئەمە بە شێوەییەکی نابەرجەستەیی بوونی هەیە لە مێشکی نوسەردا، تا ببێت بە نوسراوێکی بەر جەستە. ئەگەر دەق لەم کاتەدا ببڕێت، ئەوا بەهای هێزو توانای دەقەکە لە دەست دەدات. بۆیە هەندێکجار ئاماژە بەم کاتە دەکرێت لە نوسینی بەرهەمێکی هونەرییدا، بە تایبەتی ئەوانەی، کە لە مێژوودا ماونەتەوە، پەیوەندییان بە ئێستاوە نەماوە. دەڵێن ئەم بابەتە زۆر گرنگ بوو، بەڵام لە کاتی خۆیدا بڵاو نەکراوەتەوە. واتە کاتی نوسینەکە بووە بە مێژوو بۆ ئێستا هیچ سودێك ناگەیەنێت.کاتێك مێژوو گرنگی دەبێت، کە خزمەت بە ئێستا بکات. واتە کاتی بڵاو کردنەوە دوا کەوتووە، هەرچەندە کاتی نوسینەکە دیارە، بەڵام لای نوسەر ماوەتەوە نەگەیشتۆتە دەستی خوێنەر.

ب- کاتی خوێنەر : ئەو کاتە دەگرێتەوە، کە خوێنەر ئامادەیە، پێشوازی لە دەقێکی ئەدەبی بکات. لێکدانەوە بۆ واتای دەقەکە بکات. لایەنی ڕۆشنبیری و دەروونی خوێنەر کاریگەری هەیە لەسەر دەرخستنی واتای دەقەکە، لە دەستنیشانکردنی ڕووداو و کەسییەتی و بابەت و شوێن و کات. وەڵامدانەوەی خوێنەر

[٢٥] - کاتی مێژویشی پێدەوترێت، کە لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ زاراوەی فەرەنسی Temps historique کە بەم شێوەیە وەرگێردراوە. (منصور مصطفی ٢٠١٥: ١٤٧) ، بەڵام مەبەستی کاتی ڕابردووی ڕووداوەکەیە نەك ڕووداوەکان گوزارشت لە کاتی ڕابردوو بکەن . کاتی ئێستاش بەشدار دەبێت بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان. بەڵام کاتی داهاتوو چالاکی کەمترە، تەنها لەو جۆرە دەقانەدا نەبێت کەباس لە خەیاڵی زانستی دەکەن Fantastiques. گرنگی کاتی دەق لە وەدا دەردەکەوێت بە شێوەیەکی سروشتی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکرێت.

بۆ دەقێکی ئەدەبی جیاوازە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر بە هۆی جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و ئاستی تەمەن. گرنگە ئەو دەقە لە کاتی خۆیدا بگاتە دەست خوێنەر هەرکاتێك کاتی گەیشتن و کاتی خوێنەر لێك نزیك بێت. ئەوا لێکدانەوەی واتاکەی بە پێی ئەو سەردەمە دەبێت، کە نوسەر و خوێنەری تێدادەژین.(ت.س.ئیلوت) دەڵێت: "ساڵێك زیاتر ماندوو دەبم تا قەسیدەیەکم کۆتای دێت، قبوڵ ناکەم خوێنەر لە ناو شەمەندەفەر بیخوێنێتەوە. کە من ساڵێك لە تەمەنم تەرخان کرد بۆ دروستکردنی، با ئەویش دوو سەعات تەرخان بکات بۆ تێگەیشتنی" (محمد عزام ١٩٩٦ : ١٢٤) ئەم کاتە زیاتر پەیوەستە بە خوێنەرەوە. ناتوانرێت بکرێت بە پێوانەیەکی گشتگیر، چونکە ئەم دەقە لە کاتی جیاوازدا دەگاتە دەست خوێنەرەکانی. پێویستە خوێنەر کاتێکی تایبەت تەرخان بکات گونجاو بێت بۆ تێگەیشتنی.

**٣-٤-٥-٢- کاتی ناوەوەی دەق:**

ئەم جۆرە کاتە کاتێکی واتاییە، تایبەتە بە جیهانی خەیاڵی داڕشتنی دەقەکە. دەبێت ماوەی ڕووداوەکانی دەقەکەی پێدا تێدەپەڕێت، ئاوێتەبوونی سروشتی لێکدانی زمانی هاوکاردەبێت بۆ دیاریکردنی ئەم کاتە، نوسەر ئەو کاتانە دیاریدەکات بۆ کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکە و کاتی ڕووداوەکان دابەش دەکات. کات لە دەقی گێڕانەوەدا لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە. ئەم جۆرە کاتە زۆر گرنگە بۆ ڕیزکردنی ڕووداوەکان، کە نوسەر لە ڕێگەی ئەمەوە دەتوانێت تەکنیکی جیاواز بەکاربهێنێت. نوسەر بە وردی ئەم کاتانە دیاریدەکات لە(سەعات و ڕۆژو هەفتەو مانگ و ساڵ). هەندێکجار تەکنیکی گێڕانەوەکە وا دەکات، کە نوسەر بەسەر هەندێك لە کاتەکاندا باز بدات، بە مەرجێك نەبێتە هۆی تەمومژی واتای لە دەقەکەدا. بۆ ئەم مەبەستە چەند جۆرێك تەکنیکی جیاواز لەسەر بنەمای کات دیاریکراوە، کە هەریەکەیان شێوازی جیاواز دەخەنە ڕوو. کاتی ناوەوەی دەق دوو جۆر کاتی لێجیاکراوەتەوە :

أ- کاتی ناوەکی (کاتی ڕووداو): ئەو جۆرە کاتەیە کە بە سیستەمی سروشتی ڕێکدەخرێت، ئەو کاتەی، کە هۆکاری دروستبوونی ڕووداوەکەیە، کە بە شێوەیەکی یەك لە دوایەك ڕێکدەخرێت، بە پێی کاتی سروشتی ڕووداوەکە بە بێ هیچ جۆرە تێکشکاندنێکی کاتی، کە ئەمە لەگەڵ کاتی سروشتدا ڕێکدەکەوێت. بەم شێوەیە ڕیزبوونەکە ڕێکدەخرێت:

أ ←——— ب ←——— ج ←———

(تۆماشفسکی) گرنگیەکی زۆری بەجیاکردنەوەی کاتی ڕووداو و کاتی چیرۆکەکاندا داوە، هەروەها ئەو پەیوەندییەش دیارییدەکات، کە لە نێوانیاندا هەیە "ئەم جۆرە کاتە لەوانەیە خۆی ببێتە بونیادی دەقی گێڕانەوەکە، کاتێك یەکەم بارودۆخی، کەسایەتی دەخرێتە ڕوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، کە ئەمەش بە خستنەڕووی ڕاستەوخۆ(Exposition direct) ناودەبرێت. بەڵام ئەگەر ئەمە نەبوو بە سەرەتای گێڕانەوەکە و بە پێویست نەزانرا، تەنها سیاق بووە هۆی پێشکەوتنی، ئەوا بە خستنەڕووی دواخراو (Exposition retarde) ناو دەبرێت، دەکرێت ڕووی، کەسایەتییەکان ون بکرێت، کە ئەمە کاتێکی زۆری پێویستە، تا دەگاتە کۆتایی"(منصوري مصطفى ٢٠١٥ : ١٥٣). ئەم کاتە پەیوەندی بە خودی ڕووداوەکە هەیە و هەر بە هەمان ڕیزبەندی زنجیرەیی دەگێڕدرێتەوە.

ب- کاتی گێڕانەوە : ئەم جۆرە کاتە پەیوەندی بە خودی (ڕووداوەکان و ڕێکخستنیان لە لای نوسەرەوە هەیە، بەڵام بە هەمان ڕیزبەندی زنجیرەی ڕێکناخرێت و تێکدەشکێنرێت، ئەم تێکشکاندنە بووە بە تەکنیکی هونەری گێڕانەوە، شێوازێکە لە بارێکەوە دەگۆڕێت بۆ بارێکی تر.Analepsis

ج ←——— ب ←——— أ

ئەم ڕێگایە بەستراوەتەوە بە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی نوسەر لەگەڵ ناوەڕۆکی گێڕانەوەکە. ئەم سیستەمی کاتە پشت نابەستێت بە سەرچاوەکەی، بەڵکو تایبەتە بە سیستەمی ڕێکخستنی دەق. کە جیاکاری لە نێوان کاتەکاندا دروست دەکات. (کاتێك سیستەمی کاتی گێڕانەوە لەگەڵ کاتی ڕووداوەکە یەکناگرێتەوە پێی دەڵێن جیاکاری گێڕانەوە(Anchovies narratives)(منصوری مصطفى ٢٠١٥ : ١٦٦). ئەمەش بە هۆی فرە ڕەهەندی ڕووداوەکان دروست دەبێت، کە زیاتر لە ڕووداوێك ڕوودەدەن. بەڵام

کاتی گێڕانەوە یەك ڕەهەندی هەیە، کە نوسەر دەتوانێت یاری بەم کاتانە بکات لە ڕێگەی کورتکردنەوە و پشودان و لادان و گەڕانەوەو مەنەلۆج ...... هتد). هەندێك تەکنیك لە گێڕانەوەدا کاریگەری هەیە لەسەر دروستکردنی شێوازی جیاواز بەپشتبەستن بەکاتی گێڕانەوە، لەوانە:
١- گەڕانەوە(Analepsis) کاتێك ڕووداوەکان بە شێوەی زنجیرەیی یەك لەدوایەك ڕێکنەخرێن ئەوا نوسەر پەنا دەبات بۆ دواخستنی ڕووداوەکان، کە لە کاتی خویدا باس نەکراوە، ئەمە یەکێکە لەو تەکنیکانەی، کە بە گۆڕانی کاتی دروست دەکرێت لەلایەن گێڕەرەوە . یان کەسایەتییەکی ناو ڕووداوەکە کاتی ئێستادا گوزارشت لە کاتی ڕابردوو دەکات. گەڕانەوە ، گێڕانەوەی ڕووداوێکە دەکەوێتە پێش ئەو خاڵەی، کە گێڕانەوەی تێدا ئەنجامدەدرێت (جیرارجینت٢٠٠٠: ٥١). ئەمە هۆکارێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی، کە لە گێڕانەوەدا بەدیدەکرێت، کە هەندێك زانیاری هەیە لە کاتی خۆیدا ئاماژەی پێنەکراوە یان درکی پێنەکراوە، کە لە کاتی ئێستادا دەوەستێت و بەرەو ڕابردوو دەگەڕێتەوە بۆ هێنانەوەی زانیارییەکان، کە لە پێش گێڕانەوەدا بوونیان هەبووە، بەڵام ئەمە پەیوەندییەکی هۆیی لە پاڵ ئەمەدایە، کە بەشێوەیەکی ڕستەوخۆ لە لایەن گێڕەرەوە ئاماژەی پێدەکرێت یان بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ لە لایەن پاڵەوانی چیرۆکەکە یان کەسایەتییەکی ناو چیرۆکەکە دەخرێتە ڕوو. کاری ڕابردوو نوێنەری ئەم هونەرە دەبێت لە چوارچێوەی دەقەکەدا.
نمونە:
((سەیر ئەوەیە من خۆم لە تەمەنی(شەش ساڵی و چەند مانگێك)سەرم هەڵگرت و دوای دە ساڵ گەڕامەوە، کە ئەمیش چیرۆکێکی سەربەخۆیە و لە دەرفەتێکدا دەیگێڕمەوە .... دەمتوانی دایکم بدۆزمەوە، کە ئەو کاتەی ون بوو یان سەری هەڵگرت من تەمەنم نۆزدە ساڵ بوو، بەڵام نەمهێشت بە هیچ شێوەیەك خەیاڵێکی لەم شێوەیە یاخەم بگرێت.....ئێستا پێویستە وریای خۆم بم بیر لەو ڕووداوانە نەکەمەوە، کە دەبنە هۆی بورانەوەم)) (کاروان کاکە سور ٢٠١٤: ١٢٧).
ئەمە دەربڕینی (دڵداری دووەم)ە یەکێکە لە کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکە، کە باس لە ژیانی خۆی دەکات. بەڵام هەموو نهێنییەکانی ژیانی خۆی بە ئاشکرا لە دوایەکدا ناگێڕێتەوە، باس لە تەمەنی شەش ساڵی خۆی دەکات بەشێکی لاداوە خۆی دەڵێت لە دەرفەتێکدا دەیگێڕمەوە، واتە ئەو کاتە تێدەپەڕێت. خوێنەر چەند ڕەهەندێکی دەروونی ئەم کارەکتەرەی لا ون دەبێت. تا دەگاتە ئەو شوێنەی، کە گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕادەگرێت، دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی تەمەنی شەش ساڵی لە وێدا باسی چیرۆکی کۆچ کردنەکەی و هۆکاری بورانەوەکەی بە دوورودرێژی باس دەکات. لایەنی دەروونی لە گێڕانەوەی دووەمدا ئاشکرا دەبێت، ئەم هونەرە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و بەردەوامی خوێندنەوە. ئەم جۆرە تەکنیکە بە کرداری ڕابردوو گوزارشتی لێدەکرێت.
٢- پێشخەری یان پێشخستنی (Prolepsis)
تەکنیکی پێشخەری بە پێچەوانەی گەڕانەوەیە ، ئەم جۆرەیان بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت بۆ گێڕانەوەی ڕووداوێك، کە لەداهاتوودا چاوڕوان دەکرێت، واتە گێڕەرەوە پێش ڕووداو دەکەوێت. "کاتی گێڕانەوە پێش کاتی ڕوودانی ڕووداو دەکەوێت، ئەگەر هاتوو ڕووداوی چیرۆکەکە ئاماژە بۆ کاتی داهاتوو بکات" (پەرێز سابیر ٢٠٠١: ٢٩٧). ئەمە شێوازێکی سەرنجراکێشە، چونکە هەمیشە کاتی ڕابردوو و ئێستا لە ناوگێڕانەوەدا چالاکی زیاترە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە کاتی داهاتوو لە چیرۆکدا بوونی نەبێت، کاتی داهاتوو لە ئێستا گوزارشتی لێدەکرێت. کاتێك کەسایەتییەکی ناو چیرۆکەکە پێشبینی ڕووداوێك دەکات، کە لەداهاتوودا لە وانەیە ڕووبدات یان ڕوونەدات. ئەم بارە دەکەوێتە دوای کاتی گێڕانەوەکە. ئەم هونەرە لە لایەن گێڕەرەوە یان کەسایەتییەك ئەنجامدەدرێت کە جێناوی، کەسی یەکەمی قسەکەر ئاماژە بە ڕووداوەکان دەکات، باسکردنی خودی ڕووداوەکانی خۆیەتی، کە بە تەواوی زانیاری هەیە سەبارەت بە ڕووداوەکان، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم زانیارییانە پێشبینی ڕووداوێك دەکات بۆ داهاتوو، کە لە وانەیە ڕووبدات یان ئەم پێشبینیە نەیەتەدی. بەهۆی گۆڕانی ڕەوتی ڕووداوەکان و هەڵوێستی، کەسایەتییەکانی تری ناو چیرۆکەکە. خوێنەر لە چاوەڕوانیدا دەمێنێتەوە تا دەگاتە ئەو دەرەنجامەی، کە لە پێشبینیەکەدا دەیدۆزێتەوە. ئەمە زیاتر لە ڕێگەی کاتی ڕانەبردووی ئاماژەی پێدەکرێت.

نمونە:
((ماوەیەکە لە هەوڵی ئەوەدام ڕێیەکی باش ڕاستتر وایە بڵێم کاتێکی گونجاو بدۆزمەوە، بۆ ئەوەی بچمە بەغدا لەوێ بەسەرۆك دەڵێم باوکم لە ترسی سەربازی خۆی لە ژێرزەمین شاردۆتەوە..... هیچ کەسێك وەك سەرۆك بەو کردەوانە پەست نابێت ... هەر خێرا کۆمەڵێك پیاوی ئازای خۆیم لەگەڵ دەنێرێت.... ئەو ئاسنە بازنەییە هەڵدەدەنەوە و دەریدەهێنن... بەڵام ئەگەر ئێمە هەر لە بنەڕەتەوە ژێر زەمینمان نەبێت، ئەوا دوور نییە سزام بدەن.... )) (کاروان کاکە سور ٢٠١٤ :١٤).
کەسایەتی (دڵداری دووەم) کە باس لە بڕگەیەکی ژیانی دەکات، بە هۆی خراپی باری دەروونی و دووری لە باوکی هەوڵی کارێك دەدات، کە لە داهاتوودا ئەنجامی بدات، ئەویش ئاگادارکردنەوەی سەرۆکە لە بوونی باوکی لە ژێر زەمینی ماڵەکەیدا، هەرچەندە گومانی هەیە لە بوونی ئەم ژێرزەمینە، بەڵام دەیەوێت لە ڕێگەی ئەمەوە، ئەم گومانە نەهێڵێت. زۆربەی کردارکانی ئەم دەقە بەکاتی داهاتوو گوزارشتی لێکراوە. هەندێکیان لە شێوازی دانانی دەبینرێن، ئەمە ئاماژەیەکە، کە دەبێت خوێنەر چاوەڕێی ئەو داهاتووە بکات بزانێت ئەم ڕووداوە ڕوودەدات یان نا ؟

**٣-٥- بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری:**
گرایس لە تیۆرەکەیدا ئاماژەی بە چەند بنەمایەکی ورد کردووە، کە هاریکارە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، دەشێ قسەکەر پابەند بێت بەم بنەمایانە، بە پێی دەوروبەری ئاخاوتن واتای مەبەست بگەیەنێت، یان قسەکەر بۆ مەبەستێکی تایبەتی هەندێك لە بنەماکان فەرامۆش دەکات. "مەرج نییە قسەکەر لە هەموو کات و سات و دەوروبەرێکدا بتوانێت ڕاستگۆبێت و کورتبڕبێت، زانیارییەکان بە پێی پێویستی گفتوگۆکە بخاتە ڕوو. ئەمانە جۆرێك لە لادان دروستدەکەن ئەم لادانەش هەندێك لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی تێدا بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی بەزاندنی بنەماکانی شێواز و چۆنییەتی و چەندییەتی. تەنانەت بەزاندنی بنەمای هاریکاری لە ئەدەبدا بە داهێنان و ڕەسەنایەتی دادەنرێت". (محەمەد مەعروف ٢٠١٠ :٤٠٣). نوسەردەتوانێت لەڕێگەی بەزاندنی بنەماکانی لادان، جوانکارییەکی بێهاوتا لە دەقدا بخاتەڕوو. شکاندنی یاساکان بەهای پەیوەندی گفتوگۆکان و دەربڕینەکان کەم ناکاتەوە، بەڵکو هەندێکجار لە ئاستێکی بەرزدا خۆی دەبینێتەوە.
هەرکاتێك بنەماکانی هاریکاری پەیڕەو بکرێت، ئەوا هەوڵدەرێت گفتوگۆیەکی نمونەیی ئەنجامبدرێت بەرەچاوکردنی دەوروبەری ئاوخاوتنی قسەکەرو گوێگر، ئەمەش پەیوەستە بەلایەنی دەروونناسی و فەلسەفەی زمان. هەندێکجار لەوتارو جۆرەکانیدا نوسەر پابەند دەبێت بە بنەما وەردەکانی هاریکاری بۆ خستنەڕووی ڕاستی بابەتەکان و دروستکردنی متمانە لای خوێنەر "خوێنەر لە لێکدانەوەی فرە مەبەستی دوور دەخاتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە بوێر بێت و دەربڕینەکانی ڕێکخراوبێت، هەموو ئەو زانیارییانە پێشکەش بکات، کە لە خزمەتی وتارەکەدایە"(بەکر عومەر عەلی٢٠١٤: ٢٢)پابەند بوون بە بنەماکانی هاریکاری لەدەقی ئاساییدا شێوازی جوان پێشکەش دەکات، بەڵام لە دەقی هونەریدا شێوازی جوان و کاریگەر لە ڕێگەی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری دروستدەبێت.
قسەکەر و گوێگر ئاماژە بەمەبەستەکانیان دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ کورتبڕی یان درێژبڕی ئەنجامبدەن، واتاکە بە پێی ژمارەی وشەکە دەبێت.نمونە:
- دەچیت بۆ کوێ؟
- دەچم بۆ بازار.
پرسیارەکە ڕوون و ئاشکرایە کە قسەکەر ئاراستەی گوێگری دەکات، گوێگریش بە پێی پرسیارەکە وەڵامی داوەتەوە بەبێ زیادوکەم. "قسەکەر سەرەڕای جێبەجێکردنی بنەمای چەندایەتی دەتوانێت کۆمەڵێك(Hedge) پەرژین بەکاربهێنرێت، کە کەرەسەیەکی زمانییە، قسەکەر بۆ مەبەستی خۆلادان لە بابەتێك یان ڕەتکردنەوەی داوایەك بەکاریدەهێنێت"(عمر محمود کەریم ٢٠٠٩: ٨ -٩). هەندێکجار قسەکەر ئەم دەربڕینانە بۆ مەبەستی شێوازی جوان یان درێژە پێنەدانی بابەتەکە بەکاریدەهێنێت.
ئامانجی سەرەکی گرایس لە بنەماکانی هاریکاری و یاساکانی، ئاوڕدانەوەیەك بوو، بۆ گەیاندنی ڕێگەیەکی نمونەیی سەرکەوتوو بۆ گفتوگۆکردن، دواتر ئاگاداربوون لە لایەنە واتاییەکان، کە تەنها بە

یاسا ڕێزمانییەکانەوە پەیوەست نین، بەڵکو جێبەجێکردنی لە سیاقێکی دیاریکراودا لەسەر بنەمای ڕیزگرتن و هەندێك لە بنەماکانی گەیاندن دەبێت.
هەرچەندە ئەم تیۆرە دەرگایەکی فراوانی بە ڕووی گەشەکردنی لایەنی پڕاگماتیکی گەیاندن کردەوە، بەڵام ڕووبەڕووی چەند ڕەخنەیەك بۆوە، کەچەند تێبینەکی گرنگ بوون بۆ هاوسەنگکردن و گەشەکردنی بنەما گشتییەکان، چونکە لە ڕەفتاری ئاسایی ڕۆژانەدا ناتوانرێت ئەم بنەمایانە بە تەواوی جێبەجێبکرێت، کەواتە لایەنی ڕیزگرتن و ئاستی کۆمەڵایەتی لەم تیۆرەدا پشتگوێخراوە. هەرچەندە ئاماژەی بە هەندێك لایەنی ڕەوشت بەرزی و جوانکاری کۆمەڵایەتی کردووە، بەڵام بە بەهایەکی بەرز هەڵینەسەنگاندووە، بۆیە هەرکاتێك لادان لەم بنەمایانە ئەنجامدرا، ئەوا دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوازی جیاواز و کاریگەر لە دەقی هونەریدا شێوازی جیاواز بە دیدەکرێت، کە بەشێکیان هونەری جوانکاری دەبەخشن دەبنە مایەی سەرنجڕاکێشان و دروستکردنی کاریگەری لای خوێنەر. هەندێك لەم لادانانە دەخەینە ڕوو :
١- لادان لە بنەمای چەندێتی
مەبەست لەم جۆرە لادانە ئەوەیە، کە زانیارییە گوتراوەکە بە پێی چەندێتی وشەکان نییە، واتە یان وشەکان زیاترن لە واتاکە، کە ئەمەش درێژەبڕی دروستدەکات، یان وشەکان لە واتاکە کەمترن لەم بارەدا کورتبڕی و چەند هونەرێکی تری ڕەوانبێژی دروستدەکات. نمونە:

منیش وەك ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم بچوك
هەتا ناشتوانم بفڕم بخوێنم بە باڵ بە دەنوك (گۆران ١٣٨٦: ١٣٨)

لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەکان زۆر زیاترن لە واتاکەی ، چونکە هەموو قسەکەرێکی کورد دەزانێت، کە فڕین بە باڵ ئەنجامدەدرێت و خوێندنیش لای باڵندە بە دەنووك دەبێت. بۆیە پێویستی بەم دوو وشەیە نەدەکرد. بەڵام شاعیر هەوڵیداوە، شێوازێکی جیاواز نیشان بدات، کە سەرنجڕاکێش بێت و هونەرێك دروستبکات "ئەمە گوزارشتکردنە لە واتایەکی تایبەت، وشەی زیاد بەکاردێت، واتە وشە بەکارهاتووەکان لە واتاکە زیاترن"(عەزیز گەردی١٩٧٩: ٧٤) زۆر جار لە دەقی هونەریدا شێوازی کورتبڕی دروستدەبێت، مەبەست لە کورتبڕی ئەوەیە، کە کۆمەڵە گوزارەیەك بە چەند وشەیەکی، کەم دەردەبڕێت" (عەلائەدین سوجادی١٩٨٦ : ٣٩).

یەکەمجار سەربکەم
بە چیدا ؟
بەتەمدا؟!
بە خوێندا؟!
بەگڵدا؟!
بە کێوێدا؟! ( شێرکۆ بێکەس ٢٠٠٤: ٢٧ )

شاعیرلەم هۆنراوەیەدا شێوازی کورتبڕی بەکارهێناوە واتاکەی لە وشەکان زیاترە. چەند وشەیەك لادراوە، کە پێویستبوو هەبوایە، بەڵام شاعیر بە هۆی مەبەستی شاعیرانە ئەم وشانەی دووبارە نەکردۆتەوە، نیوەی دێڕی یەکەم (یەکەمجار سەربکەم بە چیدا؟) بە شێوەی پرسیار دەربڕیوە، کە دەکرا لە هەموو دێڕەکانی تر هەبوایە. کە بەم شێوەیان لێدەهات:

یەکەمجار سەربکەم بەتەمدا؟!
یەکەمجار سەربکەم بە خوێندا؟!
یەکەمجار سەربکەم بەگڵدا؟!
یەکەمجار سەربکەم بە کێوێدا؟!

شاعیر پرسیارەکانی بە شێوەی سەرسورمان ئاماژە پێکردووە، لە هەرنیوە دێڕێکدا، ڕستەیەکی تەواو لادراوە تەنها تەواوکەری بە یاریدە باسکراوە.

دەشێ لە دەقی هونەریدا لادان لە هەموو ئاستەکانی تری زماندا بکرێت لە ڕێگەی کورتبڕی بۆ مەبەستی دروستکردنی شێوازی جیاواز. لەوانە :

١- ئاستی دەنگسازی : لادان لەم ئاستەی زماندا زیاتر لە دەقی شیعیردا دەبینرێت بە هۆی بوونی کێش و سەروای جیاوازەوە. کە ئەمە دوو لایەنی جیاواز دەگرێتە خۆی:

أ- ڕیتمی دەرەوە: کە کێش و سەروا لەخۆدەگرێت، ئەم جۆرەیان دیارو ئاشکرایە و لە بەر چاوە. ئەمانە دوو ڕەگەزی گرنگن بۆ پێکهێنانی ئاوازی شیعر. هەردووکیان بە تەواوکەری یەکتری دادەنرێت لە ئەدەبی کوردیدا بە پێی قۆناغە ئەدەبیەکان چەند قاڵبێکی دیاریکراو هەبوە بۆ جۆرەکانی کێش و سەروا، هەر لادانێك لەم قاڵبانە دەبێتە لادان لە ئاستی دەنگسازیدا، وەك نایەکسانی لە ژمارەی بڕگەکان یان بەکارهێنانی دەنگی جیاواز لە سەروادا، ئەم جۆرە لادانە لە شیعری نوێدا بەرێژەیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت.

ب- ڕیتمی ناوەوە: ئەمە زیاتر پەیوەستە "مۆسیقایەکی نادیارو شاراوە، بە هۆی هەڵبژاردنی ئەو وشانەی شاعیر لە دارشتنی دەقەکەدا بەکاریدەهێنێت، ئەو گونجاندن و ڕێکەوتنەوەی لە نێوان پیت و وشە هەڵبژێردراوەکاندا هەیە پەیدا دەبێت (شوقی حنیف ١٩٨٦: ٩٧).

ئەمە زۆر جار لە ڕێگەی دووبارە کردنەوەی دەنگەکان و وشەکان و فرێزەکان دروست دەبێت، کە مۆسیقایەکی سەرنجڕاکێش بە هۆنراوەکە دەبەخشێت، ئەمەش دەبێتە هۆی درێژبڕی لە چەندێتی وشەکاندا.

٢- ئاستی وشەسازی: لەم ئاستەشدا لادانی وشە و مۆرفیمەکان بەدیدەکرێت بە مەبەستی کورتکردنەوە یان دووبارەکردنەوەیان بە مەبەستی درێژبڕی، ئەمەش وادەکات چەندێتی وشەکان بە پێی واتاکان نەبێت، بۆ نمونە لادانی (بکەر- بەرکار)دانانی جێناوی لکاو لە شوێنیان یان لادانی کردار، یان لادانی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان، هەندێکجاریش نوسەر پەنا بۆ دووبارەکردنەوەی وشەکان دەبات بۆ مەبەستی تایبەتی. چونکە لادان شێوازێکی مەبەستدارە.

٣- لادان لە ئاستی ڕستەسازیدا : لە ڕێگەی لابردنی، کەرەسەکانی ڕستە یان بریخستنی جێناوەکان، کە دەبێتە هۆی کورتکردنەوەی دەربڕینەکە، ئەم سێ جۆرەیان دەچێتە قاڵبی لادانی دەرەکی[٢٦].

٤- لادان لە ئاستی واتاسازیدا: دەقی ئەدەبی هەمیشە بۆ بەرجەستەکردنی لایەنی ئەدەبی، واتاکان لە وشەی، کەمدا چڕدەکاتەوە، واتایەکی زۆر لە نێو چۆنییەتی ڕیزکردنی وشەکاندا ونن، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی شارەزایی خوێنەر لە شێوازی نوسەرەکە درك بەم واتایانە بکرێت، ئەم جۆرەیان دەچێتە قاڵبی لادانی ناوەکی[٢٧].

٢- لادان لە بنەمای چۆنییەتی :

نوسەر لە دەقی هونەریدا جوانکاری لە ڕێگای لادانی لەم بنەمایانە دروستدەکات. واتە نوسەر ناتوانێت دارشتنی هونەری بە تەواوی بەرجەستە بکات، ئەگەر ئەم بنەمایانە بە ڕێرەوی خۆیاندا بڕۆن "ڕەسەنایەتی هەر لەوەوە نایەت، کە مرۆڤ یاساکانی زمانەکەی جێبەجێبکات، بەڵکو هەندێکجار لە ڕێگەی بەزاندن و شکاندنی یاساکانەوە دروست دەبێت، ئەم ڕەسەنایەتییە، چاکتروایە بە داهێنان ناوییەرین، ئەم جۆرەیان بە تایبەتی لە شیعردا دەبینرێت" (محەمەد مەعروف ٢٠١٠ : ٤٠٣). کاتێك شاعیر بە خەیاڵ شتەکان دادەڕێژێت دوور دەکەوێتەوە لە بابەتە ڕاستی و واقیعیەکان. لادان لە بنەمای چۆنییەتی لە دەقی هونەریدا چەند هونەرێکی ڕەوانبێژی تێدا بەرجەستە دەبێت، کە دەبنە شێوازی سەرنجڕاکێش و جوانی بە دەقەکە دەبەخشێت، لەوانە (خواستن – توانج لێدان – دژیەك – گاڵتە پێکردن – زیادەڕۆیی – کەمکردنەوە- درۆکردن)(عمر محمود کریم٢٠٠٩ : ١٢-١٥). نمونە:

هەناسەم زولفەکەی لاداوە و مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابورد نیرگس هەر لە خەودایە (نالی ١٣٨٥: ١٧٥)

---

[٢٦] - مەبەست لە لادانی دەرەکی(external deviation) ئەوەیە کە لە ڕوخساری دەقەکاندا هەستیان پێدەکرێت و بە ئاسانی و دەدۆزرێتەوە، ئەمە لە دەقی نائەدەبیدا دەبینرێت کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی دەقەکە نییە.

[٢٧] - لادانی ناوەکی Internal deviation دەشێ لە ناوەوەی دەقدا لادان دروست بێت کە ئەمە زیاتر پەیوەندی بە لایەنی واتاییەوە هەیە، کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی دەقەکە دروست دەکات و لێکدانەوەی جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت. باشترین نمونە بۆ ئەم جۆرە لادانە لە شیعردا بەرجەستە دەبێت، چونکە شاعیر هەمیشە هەوڵی دروستکردنی شێوازی جیاواز دەدات بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :Jeffries & McIntyre .

لەم دێرە هۆنراوەدا وشەی(نێرگز)بۆ مەبەستی واتای خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو واتاکەی خوازراوە بۆ مەبەستێکی تر، کە چوێنراوە بە (چاوی) کەسێك لەم هۆنراوەدا ئاماژەیەك هەیە نیشانیدەدات، کە مەبەستی واتای دووەمە، کە ئەمەش (هەر لە خەودایە)پێدەوترێت نیشانەی خواستن. ئەم لادانە لە چۆنییەتی بەکارهێنانی واتای وشەکەیە بۆ مەبەستێکی تر.

٣- لادان لە بنەمای پەیوەندی: ڕیزکردنی، کەرەسە زمانییەکان و چۆنییەتی بەیەکەوەبەستنی ڕووداوەکان دەگرێتەوە، کە پەیوەندیەکی نەگونجاو دروست دەکەن "لادان هەموو کاتێك لە دەوروبەری زمانیدا نامێنێتەوە، جا دەوروبەرەکە زمانی ڕاستەوخۆبێت یان دەوروبەری گوتاری بێت" (Levinson2010:143). ئەگەر لە ڕووی پەیوەندی، کەسی و کاتی وشوێنی پەیوندییەکی ڕوون و ئاشکرا نەبێت، ئەوا نەگونجان دروست دەبێت، ئەمەش نالۆژیکی ڕووداوەکان نیشاندەدات و واقیعیەت لە دەست دەدات. لە کاتی ئاخاوتندا قسەکەرو گوێگر پابەند نابن بەم بنەمایە، هەندێك دەربڕین پەیوەندی نێوان بابەتەکان لێکدەترازێنن وەك (ئاهـ ، هەر بەو بۆنەیەوە، بەهەرحاڵ ، جگە لەمە، .....هتد) ئەمانە دەبنە هۆی پچرانی پەیوەندی بابەتیانەی گفتوگۆکە و بابەتی تر دینە ناوەوە. لە دەقی هونەریدا ئەم جۆرە لادانە بە ڕوونی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا بەرجەستە دەبن وەك؛ جوانی بایز ، میتافۆر، توانجپۆشی ..... هتد.

نمونە:

ماهی من ڕۆژێ لە ڕوو لادا نیقاب

شەو مەگەر هەڵبێ لەشەرمان ئافتاب (مەحوی ١٣٨١ :٧٨)

شاعیر لێرەدا باس لە جوانی ڕووی یارەکەی دەکات، کاتێك سەرپۆشەکەی لەسەر ڕووی لادا، ڕۆژ شەرم دەیگرێت، لەوانەیە لەشەودا دەرکەوێت نەك لە ڕۆژدا. ئەم لادانە لە پەیوەندی کاتیدا نەگونجانێك دروستدەکات، هەرگیز ڕۆژ لە شەودا دەرناکەوێت. ئەمە نالۆژیکی بە ڕووداوی دیاردەی شەو ڕۆژ دەبەخشێت. بەڵام شاعیر بۆ مەبەستی جوانی شیعریی ئەم وێنەیەی خولقاندووە.

٤- لادان لە بنەمای شێوازدا:

لەم جۆرەدا قسەکەر یان نوسەر بەردەوامی نادات بەو شێوازەی، کە بەکاریهێناوە، بەڵکو لە بارێکدا بە هۆی کاریگەرییەوە پەنا بۆ شێوازێکی تر دەبات، بۆ بەردەوامی لە دەربڕینەکانیدا، نوسەر لە دەقی هونەریدا هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە شێوازێکی لێڵ و سەرنجڕاکێش بەکاربهێنێت لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەك ( ڕەگەزدۆزی، توانجپۆشی.... هتد) لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو وشانەی، کە هاوبێژی و فرە واتایی هەیە.

نمونە:

دوێنێ چ بوو دەتدا بە زوبان لافی، کەرامەت

ئەمڕۆ نەدەمت بوو، نەدەمت بوو، نە دەمت بوو؟! (نالی ١٣٨٥: ١٢٣)

لێرەدا شاعیر وشەی (نەدەمت بوو) ی سێ جار بەکارهێناوە ، هاوبێژن، بەڵام هەریەکەیان واتایەکی جیاوازی هەیە. هەرچەندە وشەی (نەدەم) بە شێوەی یەك مۆرفیم وشەیەکی عەرەبیە و واتای پەشیمانی دەگەیەنێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا لە ئەنجامی لێکدانی چەند مۆرفییمێك ئەم فۆرمەی وەرگرتووە بە واتای نەکاتت بووە ، نەدەمی قسەکردنت هەبوو.

**٣-٥-١- بەڕەوشتی و کاریگەرییەکانی (اداب الکلام-Politeness)**

پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی توانا زمانییەکان گوزارشتیان لێدەکرێت. چونکە زمان لە چوارچێوەی کۆمەڵدا چالاکییەکانی زیاد دەکات. کاریگەرییە زمانییەکان لە ناو کۆمەڵدا ڕەنگدانەوەی جیاوازییان هەیە. "لە پێناوی تێگەیشتنی ئەو دەربڕینانەی لە ئەنجامی کاریگەری دروستدەبێت، پێویستە

سەیری ئەو هۆکارانە بکەین، کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە" (Yule1996:56). بەر لەوەی گفتوگۆ دەستپێبکات، دەتوانرێت لایەنە کۆمەڵایەتییەکان دیاریبکرێن، وەك تەمەنی قسەکەرو ئاستی ڕۆشنبیری، پلەی نزیکی.... چەندانی تر لە هۆکارە دەرەکییەکان و دروستبوونی هۆکاری ئەم کاریگەرییانە. هەندێکجار قسەکەر دەسەڵاتی خۆی زاڵدەکات لە گفتوگۆکردنی بابەتێك بە هۆی پلەی نزیکی هاوڕێیەتی یان خزمایەتی، ئەمەش هۆکارێکی ناوەکییە. ئەم هۆکارانە کاریگەرییان هەیە لەسەر گوتراوەکان و شیکردنەوەیان لە لایەن کەسانی تر. ئاکاری ئاخاوتن بەشێکە لەو هۆکارانەی، کە کاریگەریان هەیە لەسەر شێوازی گفتوگۆکردن، خستنەڕووی ئاستی کۆمەڵایەتی، کەسەکان "هۆکارێکی ئەرکدارە بۆ درکپێکردن و خستنەڕووی بەرامبەر کەسێکی تر" (Yule2010:135). ئەمە بنەمایەکی گرنگە ڕەنگدانەوەی کلتورو ڕۆشنبیری تاك نیشاندەدات لەناو کۆمەڵدا. بەڕەوشتی بەرامبەر کەسانی تر ڕەفتارێکی گرنگە بۆلێکدانەوەی باری کۆمەڵایەتی، کەسەکان لە ڕووی دووری و نزیکییەوە، ئەو کەسانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دوورن هەمیشە نواندنی بەڕەوشتی لە بەرامبەریاندا زیاترە، لە کەسانێك کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە نزیکن. Watts دیاردەی بە ڕەوشتی لە پەیڕەویکردنی بنەماکانی هاریکاریدا دەبینێتەوە (2003:60).

کاتێك کەسێك دەیەوێت پرسیار لە یەکێکی نەناسراو بکات بە ڕێزێکی زۆرەوە لە گەڵیدا دەدوێت، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە دابینکردنی ئەو پێویستییەی هەیەتی. نموونە:

- بەیارمەتیت بەڕێزم دەتوانم پرسیارێکت لێبکەم؟
- بەڵێ فەرموو.

ڕەنگدانەوەی ڕیزگرتنە لە کەسی بەرامبەرت، کە ئەویش هەمان ڕفتاری بەڕەوشتی دەنوێنێت، بەڵام ئەگەر کەسەکە لێت نزیك بێت لەوانەیە هەمان ڕێزگرتن بەکارنەهێنرێت، ئەم نزیکییەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە. پەیوەندی نێوان خوێندکارو مامۆستا نزیکە، بەڵام لەوەش نزیکتر پەیوەندی نێوان خوشك و برا یان کوڕو باوك... هتد. دەتوانین بڵێین ڕێژەی بینینی، کەسەکان کاریگەریان هەیە لەسەر جۆری بەڕەوشتیەکە. لە پەیوندی نێوان دایك و کچ چەند هۆکارێك کاریگەری هەیە. بۆ ئەنجامدانی داواکارییەك.

- ساڤین وەرە کارم پێتە.

لەم ڕستەیەدا کەمتر درك بەو بەڕەوشتییە دەکرێت، کە لە نێوان ئەو دوو کەسەدا هەیە. چونکە پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە و دایك لە ڕووی تەمەنەوە گەورەترە وەك لێپرسراوێك دەسەڵاتی خۆی زاڵدەکات، بەڵام ئەم بانگکردنە دەتوانرێت بە شێوەی سۆزداری دەربڕدرێت، کە ئاماژە بە خۆشەویستی نێوانیان دەکات نموونە:

- ساڤین کچەکەم نایە لام کارم پێتە.

لێرەدا هەست بە بوونی سۆزی دایك دەکرێت، کە کاریگەری هەیە بەسەر جۆری وەڵامدانەوەی بۆ دایکەکە. هەندێکجار لەوانەیە بانگکراوەکە کچی ئەو کەسە نەبێت، بەڵام ئەم شێوازە بەکاردەهێنێت بۆ دەربڕینی خۆشەویستی.

بەڕەوشتی دوو جۆری هەیە:

١- بەڕەوشتی ئەرێنی :Positive Politeness

لەم جۆرەیان بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە نێوان بەشدارابواندا هەیە. "کەسێك داواکاری پێشکەش دەکات بە هۆی بوونی ئامانجێکی هاوبەش لە نێوانیاندا، ڕووێکی ئەرێنی نیشاندەدرێت، کە گوێگر هاوکاردەبێت بۆ ئەم داواکارییە" (Youl 1996 : 64).

- دەتوانم ئەو پێنوسەی تۆ بەکاربهێنم؟

ئەم داواکارییە بە شێوەیەکی ئاشکرا ئاماژە بە مەبەستەکەی دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم دوو کەسە پێشتر یەکتریان ناسیوە، گوزارشت کردنی ئەم دەربڕینە، لەوانەیە مەترسی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی تێدا بکرێت بۆ قسەکەر.

٢- بەڕەوشتی نەرێنی Negative Politeness :

ڕیزگرتنی نەرێنی لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆدا دەبینرێ، پێویستی بە ڕوێکی نەرێنی گوێگر دەبێت. ئەم جۆرە بە شێوەی پرسیاری نائاشکرا گوزارشتی لێدەکرێت. لە پێش داواکارییەکە چەند دەربڕینێك

بەکاردەهێنێت بۆ نیشاندانی ڕێز بۆ بەرانبەرەکەی وەك (ببورە، بە یارمەتیت، تکایە.. )، تا پارێزگاری لە کەسایەتی خۆی بکات، لەگەڵ کەسانی دەوروبەری و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی، کە لە نێوانیاندا هەیە.

- ببورە لە وانەیە بێزارت بکەم، بەڵام دەتوانم داوای ئەو پێنوسەت لێ بکەم؟

بەشە یەکەمی دەربڕینەکە، ڕەوشت بەرزی و نەرم ونیانی پێشاندەدات، بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی ڕازیبکات بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکەی. بەشی دووەمی دەربڕینەکە، کە بەهۆی ئامرازی لێکدەری (بەڵام) لێکدراوە، گوزارشت لە داواکاریەکە دەکات، کە لە شێوەی پرسیاردایە.

ڕێژەی فەرمانی ئاشکرا لەم شێوازەدا بەکاردێت بۆ ئەو کەسانەی، کە پەیوەندی ناسیاوی لە نێوانیان دا هەیە بۆ یارمەتییدانی یەکتری. بە تایبەتی لە باری ناهەمواردا یان شتێکی ترسناك ڕوویدات، ئەوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕێژەی ئەمری بەکاردێت، ڕوخسارێکی نەرێنی لە قسەکەر بەدیدەکرێت.

نمونە:

- برۆ دەرەوە. نەیەیتە پێشەوە.

لەم نمونەیەدا ئاماژە بە هیچ دەربڕینێکی ڕێزگرتن نەکراوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ فەرمانێك ئاڕاستەی بەرامبەرەکەی دەکرێت.

قسەکەر لەم بارەدا هەست بە دوو دڵی و نائارامی دەکات، بەڵام نابێت خۆی بسەپێنێ، بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارە، پەنا بۆ دەربڕینی ڕستەیەك دەبات، کە واتایەکی لێڵی هەبێت، جیاواز بێت لە واتا بنەڕەتییەکە لەم دەوروبەرەدا، واتە کردەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەنجامدەدرێت.

- خواردنەوەی ترمان هەیە. ( کاتێك ئەمە بە میوانێك دەوترێت، گوزارشت لە خستنەڕوو دەکرێت).
- پێویستیم بە شانەیەك هەیە. (کاتێك ئەمە بە خاوەن دوکانێك دەوترێت، مەبەست داواکارییە نەك جەختکردنەوە) ( Brown&Levinson 1987:139).

(Leech) لیچ زیاتر گرنگی بە بنەماکانی بەڕەوشتی دا "ئاماژەی کرد بە کەمکردنەوەی هەر شتێك، کە گوزارشت لە بێڕێزی بکات، زیادکردنی هەر شتێك، کە گوزارشت لە ڕێزگرتن بکات، یان یەکسان بێت بەو، لەم بارەیەوە چەند بنەمایەکی وردی دەستنیشانکرد وەك ڕونبێژی و ڕێککەوتن و بەخشندەیی و ستایشکردن و بێفیزی و سۆزداری" (1983:81) .

١- بنەمای ڕوونبێژی (Tact Maxim):

لە دەربڕینی ڕاستییە گشتیەکاندا کەمتر ئەرك دەخرێتە سەرقسەکەر و سودی زیاتر بە گوێگر دەگەیەنرێت، بە بەکارهێنانی دەربڕینی (تکایە، بەئەرك نەبێت، بە یارمەتیت......) بۆ مەبەستی، کەمکردنەوەی کاریگەری داواکارییەکە، هەمان ئەو هەڵوێستەی لیچ لە لایەن لاکۆفەوە ئاماژەی پێکراوە، کە بە (پێوانەی سوودمەندی) ناودەبرێت (Lakoff1973:298). ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم یاسایە لە بەکارهێنانی داواکاری ناڕاستەوخۆدا بوونی نییە، وەك (چا بخۆوە)ئەمە پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ نیشاندەدات، چونکە هیچ ئاماژەیەکی بەڕەوشتیی تێدا بەدی ناکرێت. بەڵام لە پەیوەندی داواکاری ڕاستەوخۆدا لە ڕووی ڕێزدارییەوە بەرز دەنرخێنرێت، داواکارییەکە ڕوون و ئاشکرایە. نمونە :

- تکایە دەتوانم ئەو پەرتوکەت لێوەربگرم؟

ئەم دەربڕینە شێوازی پرسیاری هەیە، بەڵام بۆ مەبەستی داواکاری بەکارهاتووە، وشەی (تکایە) بۆ مەبەستی ڕیزگرتنی، کەسی بەرامبەر و جێبەجێکردنی داواکارییەکەیە. زۆر جار کەلتوری کۆمەڵگا کاریگەری هەیە لەسەر ئەم جۆرە دەربڕینانە. قسەکەر بە ڕوونی داواکارییەکەی دەخاتەڕوو .

٢- بنەمای ڕێکەوتن(Agreement Maxim )

قسەکەر و گوێگر بە پێی دەربڕینەکانیان ڕێکەوتنێك لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش بۆ مەبەستی زیادەڕۆییە یان لێبوردەیی یان ڕێکەوتن لە بەشێکی هەڵوێستەکاندا، پێویستە گوێگر دووربێت لە ڕەتکردنەوە بە شێوازی ناشیرین. نمونە:

- ق / ئاهەنگەگە زۆر خۆشبوو، وانییە؟

قسەکەر لەم دەربڕینەدا چاوەڕێی وەڵام دەکات، بەڵام ئەگەر وەڵامەکە بە پێی ئەم بنەمایە بێت دەبێت بەم شێوەیە وەڵام بدرێتەوە.

- گ / خۆشبوو، بەڵام هۆڵەکە گەرم بوو.

لێرەدا گوێگر لەگەڵ هەڵوێستی قسەکەر ڕێکەوت، بەڵام لە خاڵێکدا خۆی جیاکردەوە، کە ئەم شێوازە کاریگەری نەرێی لەسەر قسەکەر دروستناکات. ئەگەر وەڵامەکە بە(نەخێر)بێت، هیچ ڕێکەوتنێك لە نێوانیان بەدیناکرێت و هەڵوێستەکە بە تەواوی کۆتایی پێدێت. ئامانجی جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە "بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییە لە هەڵوێستی نێوان خودی قسەکەر و ئەوانی تر، ئەم جێبەجێکردنە لە ئاستێکی بەرزی ڕێککەوتنەکە دادەبێت" (Thomas1995:165).ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژە دەکات بەوەی، کە خاڵی ڕێککەوتنەکە زیاترە لە خاڵە جیاوازەکان.

٣- بنەمای بەخشندەیی Generosity Maxim

ئەم بنەمایە بانگهێشتن و خستنەڕووی هاوکاری لەخۆدەگرێت. کە ئەمەش سودی هەیە بۆ گوێگر، چونکە دەربڕینەکان بە ڕێزەوە ئاراستە دەکرێت و هەندێکجار دەبێتە ئاماژەیەك بۆ ڕاوێژکردن، کە ئەمەش لە بەرژەوەندی گوێگردایە.

- دەتوانیت کارەکانت بدەیتە من بۆت جێبەجێ بکەم.

ئەم داواکارییە بۆ بەرژەوەندی گوێگرە، کە قسەکەر ڕێز و خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕێت بۆ مەبەستی هاوکاریکردنی. "ئەم بنەمایە هێزی، کەمترە لە بنەما ڕونبێژی، چونکە ئەمەش گوزارشت لە پێشنیار و پەسندکردن دەکات، کە دەبێت پەیرەوی بەڕەوشتیی تێدا بکرێت" (Leech1983:134).

٤- ستایشکردنApprobation Maxim

دروستکردنی ئەم جۆرەیان لە لای قسەکەر بۆ مەبەستی ستایشکردن و پێداهەڵگوتنە بۆ کەسی گوێگر. لێرەدا قسەکەر خۆی لە ئاستێکی بەرزتر دەزانێت وەك لە گوێگر. ئەمە پێچەوانەی سەرزەنشتکردنە، قسەکەر گەورەیی خۆی نیشاندەدات. بۆ ئەم مەبەستە دوو جۆر ئاماژە لە لای گوێگر دەخرێتە ڕوو وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بەو ستایشکردنە:

أ- هەر لە سەرەتای دەربڕینەکەدا دەڵێت:( باشە- بەڵێ )

ب- پاراستنی بێدەنگی بۆ ئەو بەڕەوشتییە (Leech1983:163).

- بە ڕاستی تۆ کەسێکی زۆر شارەزاو لێهاتوویت.

قسەکەر ئاماژەی بە دەربڕینی (بەڕاستی) کردووە، بۆ جەختکردنەوەی ئەو دەربڕینەی، کە لە دوای هاتووە، بۆ مەبەستی ستایشکردنی گوێگر. ئەم شێوازە بۆ هەموو گوێگرێك پێویست نییە، بۆ یەکێکە زۆر خۆشەویست بێت و پەیوەست بێت بە بابەتەکەوە.

٥- بنەمای بێفیزیModesty Maxim

بەڕەوشتی بۆ خودی قسەکەرو ڕێگەنەدان بۆ سەرزەنشتکردنی، ئەم بنەمایە دەتوانرێت لە ڕێگەی، کەلتورەوە کۆنترۆڵ بکرێت و هێزی بەڕەوشتیی تێدا زۆرە، قسەکەر لە سەرەتای قسەکانیدا ئاماژە بەڕەزامەندی خۆی دەکات بۆ پیاهەڵگوتن لە لایەن کەسانی ترەوە. ئەمەش لە کەلتورێك بۆ کەلتورێکی تر جیاوازە. کەسانێك کە گیانی هاوکارییان زۆر بێت و بە تەنگ داواکاری خەڵکەوە بچن و تێکەڵاوییان زۆر بێت، پێی دەڵێن بێفیزە یان کەسێکی سادەیە.

٦- بنەمای سۆزداری :

خستنەڕووی خۆشەویستی لە نێوان قسەکەرو گوێگردا ئەنجامدەدرێت، ئەم بنەمایە بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی، کەمکردنەوەی ڕق و کینە و دژایەتیکردن لە نێوان کەسێك و یەکی تردا بۆ ئەم مەبەستە لیچ و شۆرت پێیانوایە " زمان هۆکارێکی گەیاندنە بۆ ناردنی پەیامێك لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، کە لە شێوەی داواکاری یان ڕاگەیاندن یان ڕازیکردن دەبێت" (1981:8). ئەم بنەمایە لایەنی بەڕەوشتی زیاترە، هەمیشە لەسەرەتای دەربڕینەکەدا ئاماژە بەدەربڕینێکی سۆزداری دەکرێت وەك (گیانەکەم، خۆشەویستی، بەقوربان ).

تاکەکانی کۆمەڵگا دەتوانن هەریەك لەم کردانە بکەنە بنەمای ڕیزگرتن لە گفتوگۆکانیاندا، بۆ ئەوەی دەربڕینەکانیان ڕوون بێت، لەم بارەدا ئاستی گفتوگۆکردنەکە لە پلەیەکی بەرزدا هەڵدەسەنگێنرێت، ئەمەش پەیوەندی بەکەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیە. زۆرجار جۆری دەربڕینەکان جیاوازی لە نێوان ڕەگەزەکان نیشاندەدات. بە تایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی، کە جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا دەکرێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. لاکۆف Lakoff یەکەم زمانەوان بوو، کە ئاماژەی بەم جیاوازییە کردووە.

هەروەها پێناسەی بەڕەوشتی کردووە بەوەی "شێوەیەکە لەو ڕەفتارانەی، کە لە ئەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ دروستدەبێت" (1973:34).
لاکۆف چەند ئەرکێکی خستە ڕوو بۆ مەبەستی بەڕەوشتی لەوانە:
١- پێویستە قسەکەر دەسەڵاتی خۆیی نەسەپێنێت و قسە بە بەرامبەرەکەی نەبڕێت .
٢- بژاردە بخاتە بەردەم کوێگرەکەی بۆ دیاریکردنی وەڵامی گونجاو.
٣- وا هەستبکات گوێگرەکانی هەست بە ڕەزامەندی دەکەن.
هەمیشە دەبێت قسەکەر ئەو کەرەسە زمانییانەی، کەبەکاریدەهێنێت ئاماژەبێت بۆ ڕیزگرتن، هەست بە دوو دڵی نەکات، چونکە ئەرکی خودی زمان گواستنەوەی زانیارییەکانە، بۆیە پێویستە بە شێوازێکی جوان زانیارییەکان بگەیەنێت، وشەکان بە گونجاوی ڕیزبکات، چونکە نارێکی لە دەربڕینەکاندا دەبێتە هۆی تێگەیشتنی هەڵە، بۆیە قسەکردن بە شێوازی جوان خاڵێکە بۆ کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و درێژەدان بە گرنگی پەیوەندییەکان. بەڕەوشتی هۆکارێکە بۆ گونجاندنی باری کۆمەڵایەتی.
ستراتیجییەتی بەڕەوشتی لە کاتی داواکاریدا چەند شێوازێکی جیاواز لەخۆدەگرێت بە پێی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەر دادێت. دەتوانرێت ئەم داواکارییە لە کردە قسەییەکاندا ببینرێت وەك داواکاری لێبوردەیی بە پشت بەستن بە لایەنی پراگماتیکی. ئەنجامدانی ئەم کردەیە بە دوو شێوە ئاماژەی پێدەکرێت؛ بە شێوەی ڕستوخۆ یان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بۆ نمونە، ئەگەر داوای پێنوسێك بکەیت بە شێوەیە ئاماژە بەم دوو لایەنە دەکرێت:
١- بە بێ هیچ قسەکردنێك ناو جانتا یان گیرفان دەگەڕێت بۆ پێنوس، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی شتێك لەناو جانتاکە یان گیرفان، بەڵام نایدۆزێتەوە، ئەمە بە بێ تۆماری دەنگی ئەنجامدەدرێت.
٢- ئاماژە بەدەربڕینی زمانی: لە ڕێگەی، کەرەسەی زمانی داواکارییەکە ئەنجامدەدرێت. واتە تۆماری دەنگی وەك هۆکارێك بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان بەکاردێت، ئەمەش زیاتر بە شێوەی پرسیار دەخرێتە ڕوو (Brown&Levinson1987:66).
- دەتوانم ئەم پێنوسەت لێوەربگرم؟
ئەم ڕستەیە شێوازێکی پرسیاری، بۆ پرسیاریش چاوەڕێی وەڵام دەکرێت، جا وەڵامەکە بە ئەرێ بێت یان بە نەرێ بێت. لێرەدا بەڕەوشتیی نەرێنی دروستدەبێت و ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە ئەم داواکارییە ڕەتبکرێتەوە.
هەندێکجار قسەکەر بەدەنگێکی نزم لەبەرخۆیەوە دەڵێت:
- پێنوسەکەم بیرچووە.
لەم ڕستەیەدا قسەکەر پرسیار ناکات، بەڵکو هەواڵێك دەگەیەنێت. ئەم هەواڵە وەك ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ گوێگر، کە پێویستی بە پێنوسە، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داواکارییەکە ئەنجامدەدات.

### ٣-٥-٢- هونەری بەڕەوشتی
جگە لە یاساکانی جوانی ڕەفتار زۆر یاسا هەیە مامەڵە لەگەڵ ڕەفتار دەکات بە مەبەستی ڕیزگرتن ئاماژە بە لایەنی ڕووخۆشی دەدەین ،کە پەیوەستە بە بەشداربوانی گفتوگۆکردن و ئەوانەی لە دەوروبەریان دان. زۆر جار کەسانی دەوروبەر بەشێك لە خۆت دەزانی بە ناوی ئەوانیشەوە قسە دەکەین. مەبەست لە کەسانی تر، ئەو کەسانەن، کە گوێهەڵخەرن بە جێناوی، کەسی سێیەم ئاماژەیان پێدەکرێت. ئەم لایەنەش دەگۆڕێت بەپێی ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی لە گفتوگۆکەدا، یان نەبوونی کاریگەری لایەنی سێیەم لەسەر قسەکەر و گوێگر. پێویستە قسەکەر زۆر بە ڕێزەوە ئاماژە بکات بە کەسی سێیەم زیاتر لەوەی، کە بەخودی خۆی بزانێت.
لایەنی ڕۆشنبیری کاریگەری لەسەر ئەم بارە هەیە، لە هەندێك کۆمەڵگا کاتێك کەسێك باس لە لایەنی ئیجابی خێزانەکەی دەکات. وەك بەشێك لە خودی خۆی گوزارشتی لێدەکات. بەڵام ئەگەر باس لە لایەنی خراپی خێزانەکەی بکات. لەو بارەدا لە خۆی جیاکاتەوە بە کەسێکی جیاوازتری دەزانێت، وەك:
أ- باوك : کچەکەمان زۆر زیرەکە.
ب- باوك : کچە (کە)ت باش نییە.

لەڕستەی ( أ )دا کچەکە هی دایك و باوکەکەیە، بەڵام باوکەکە بەم دەربڕینە گوزارشتی لێدەکات، چونکە لایەنی ئەرێنی کچەکە باسدەکات، بەڵام لە ڕستەی ( ب )دا باوك ئاماژە بەلایەنی نەرێنی کچەکەی دەکات، تەنها بەهی دایکەکەی دەزانێت، خۆی ناکاتە لایەنێکی بەرپرس لە خراپی کچەکە.

## بەشی چوارەم

**بەستنەوەی بنەماکانی پراگماتییك بە شێوازگەرییەوە:**

پراگماتیك و شێوازگەری دوو زانستن، لێکۆڵینەوە لە دەق دەکەن، هەریەکەیان چەند بنەما و تیۆرێکی جیاوازیان هەیە بۆ ئەم مەبەستە، خودی دەقناسیش چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە، کە پشت بەم دوو لایەنە دەبەستێت. شێوازگەری کارێکی پراکتیکییە، زمان بە بەشێکی گرنگی شیکردنەوەی شێواز دادەنێت، بە تایبەتی دوای دانانی ڕێبازی وەسفی لە لایەن چارلس باللییەوە. بە پشت بەستن بەلایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕۆشنبیری و ئابووری، کە ئەمانەش ڕۆڵی گرنگیان لە لێکدانەوەی پرگماتیکیدا هەیە، کاریگەری گەورە دروست دەکەن لە بەرهەمهێنانی دەقدا، کەواتە دەق ئەو پانتاییە فراوانەیە کە، هەردوو زانستەکە تێیدا بەیەکدەگەن، بە پشت بەستن بە ئامرازە زمانییەکانی (دەنگ و وشە)، بەڵام پێگەی دەق لە شێوازگەرییدا دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی لادان، لە ئەدەب و قسەکردنی ئاساییدا. لە شێوازگەرییدا گرنگی بە هونەرەکانی ئەدەب و شێواز دەدرێت. وەسفی لایەنی ئەدەبییەت و تایبەتمەندییە هونەرییەکان دەکات، کە جوانکاری دەق بەرجەستە دەکەن. شێوازگەری پشت بە ڕێسای تیۆری (زمانەوانی سیمیایی، پراگماتیکی) دەبەستێت، کە زیاتر لە دەقی هونەریدا بەرجەستە دەبێت. یاکۆپسن پێیوایە شێوازگەری ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، کە دەتوانێت لە لێکۆڵینەوەی لە ئەرکەکانی زماندا دەستی بکەوێت، یەکێك لە ئەرکەکانی پەیوەستە بەشعرییەت، کە لە ئەدەبدا بەرجەستە دەبێت، هونەری پێشبینیکردنی تاك بۆ شێوازی داهێنانی ئەدەبیەت دێتەکایەوە.

پراگماتیك لێکۆڵینەوە لە کردە زمانییەکان دەکات، کە لە لایەن ئۆستن و سیرل ئاماژەی پێکراوە، ئەم تیۆرانەش بە شێکیان پەیوەستن بە شێوازی قسەکردنەوە، ئەوەی شێوازو ئەدەبیەت دروست دەکات زمانە، ڕەوانبێژی بە شێکی گرنگی هونەری ئاخاوتنە بەرچاوکردنی لایەنی دەروونی باری ئاخاوتن، هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردن لە واتایەکی کاریگەر. لە ڕێگەی ئەو توانایەی، کە قسەکەر هەیەتی بۆ هەڵبژاردنی وشە و گوزارشتکردنی واتا.

جۆرج مۆلینیە ئاماژەی بە پەیوەندی نێوان شێوازگەری و پراگماتیك کردووە، پێیوایە "هەموو کردەیەکی قسەیی بەجێهێنانێکی خودییە بۆ تەنها بەرهەمێکی قسەیی. لەو کاتەدا بەهای کاریگەرییەکە

تایبەت دەبێت بەهەڵوێستی بەرجەستەیی کردەی بەجێهێنانەکە" (١٩٩٨ :٢٣٢). دروستبوونی شێوازی جیاواز لە دەرئەنجامی کاریگەرییەکانەوە دروستدەبێت، کاتێك هەڵوێستێك یان هێزی کردە قسەییەکە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەم کاریگەرییە، بۆ نیشاندانی ڕەزامەندی یان ناڕازیبوونی گوێگر. پراگماتیك لێکۆڵینەوە لە ئاوێتەبوونی نێوان قسەکەر و گوێگر دەکات. ئاراستەکردنی شێوازی جیاواز بە هۆی تیۆرەکانی گەیاندن و سیمالۆجی و ئایدۆلۆجی، گرنگی تایبەتی هەیە لە وەسفکردنی ڕازیکردن لە دەقی هونەریدا. کەواتە لایەنی ئەدەبی کردەی بەجێهێنانی زمانە، دەگۆڕێت بۆ ئەرکی شعری، واتە کردەیەکی دروستکەرە بۆ بابەتێکی زمانی، کە سەرچاوەکەی هەمان شتە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان پراگماتییك و ئەدەب لە لایەك و پراگماتییك و شێوازگەری لە لایەکی ترەوە.

ئەگەر شێوازگەری و پراگماتیك بە شێوەیەکی تەواو هاوتەریب نەبن لەگەڵ یەکدا، ئەوا بە شێوەیەکی ڕێژەیی هاوکاردەبن لە لێکۆڵینەوەکاندا، هەندێك لە تیۆرەکانیان بەناویەکدا چوون، یاکۆبسن چەند ئەرکێکی بۆ شعرییەتی زمان دیاریکردووە. ناردنی پەیام یەکێکە لەو ئەرکانەی، کە پێویستی بە (پەیامنێر و پەیاموەرگرو ناوەندی گەیاندن و کۆد....... هتد)هەیە، بەهەمان شێوە پراگماتیك لە کاتی لێکۆڵینەوە پشت بە هەموو ئەم لایەنانە دەبەستێت بۆ دەستکەوتنی واتای مەبەست. چوونە ناوەوەی شێوازگەری بۆ پراگماتیك، شێوەیەکی لۆجیکییە، بەڵام گشتاندنی تەواوی نییە، لەسەر هەموو تیۆرەکان، دەکرێت ڕێبازێك لەگەڵ یەکێکی تر جووتبێت، ئەگەر سەیری ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەی پراگماتیکی بکرێت زیاتر نزیکە لە لۆجیکەوە، چونکە زانیاری لۆجیکی پشت بە زمانی ئاسایی قسەکردن دەبەستێت.

**٤-١- ئەو هۆکارانەی کار لە توانستی خوێنەر دەکەن:**

توانستی خوێنەر هێزێکی نابەرجەستەییە لە ئەنجانی گەشەی مێشکی مرۆڤ لەڕێگەی ئەزموون و شارەزایی دروست دەبێت لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا. زمان خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵاتییە، گەشە و گۆڕانی لە لایەن کۆمەڵەوە دەبێت. کەواتە زمان و کۆمەڵ دوانەیەکی لێکنەترازاون، چونکە نە زمان بێ کۆمەڵ دەبێت و نە کۆمەڵ بێ زمان دەبێت. چەندەها هۆکاری گرنگ دەوری ئەم دوو فاکتەرەیان داوە.

**٤-١-١- گەشەی زمانی:**

منداڵ لە سەرەتای لە دایکبوونییەوە توانای ئەوەی هەیە فێری زمان بێت، ئەو زمانەی یەکەم جار فێری دەبێت بە زمانی دایك ناو دەبرێت، " ئەگەر منداڵ لە تەمەنی دیاریکراودا فێری زمانی دایك نەبێت ئەوا، لە وانەیە لە داهاتوودا کێشە لە زمانی دایکیدا دروست بێت" (محەمەد ڕەزا باتنی٢٠١٢ :٦٠). کەواتە تەمەنێکی دیاریکراو هەیە، کە منداڵ تێیدا فێری زمان دەبێت، لەگەڵ گەشەکردنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ، ئەو توانایەش گەشە دەکات، کەهەیەتی، ئەمە گەشەی مێشك و ئەندامانی ئاخاوتن و بیستن لەخۆدەگرێت. یەکێك لەو تایبەتمەندیانەی، کە مرۆڤ لە گیانەوەر جیا دەکاتەوە، ئەو توانایە، کە مرۆڤ هەیەتی بۆ فێربوونی زمان، کە ئەوە زیاتر پەیوەستە بە جیناتی مرۆڤ کە لەپەرەسەندن و گەشەکردن دایە. " کەواتە دەبێت پێشوەخت هۆکارێکی فێربوونی زمان(LAD)[٢٨] هەبێت، کە خۆرسکە و بە شێوەیەکی بۆماوەیی لە مێشکی مرۆڤدا کاردەکات و ئەو پرۆسەیە هەڵدەسوڕێنێ، کەوا دەکات منداڵ بۆخۆی یاسا و ڕێسا لەو داتا و زانیارییانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەڵبهێنجێت " (ویدۆوسن ٢٠٠٨: ١٨-١٩)، بەڵام لای گیانەوەران خانەکانی مێشك لە ماوەیەکی زۆر کەمدا گەشەیان دەوستێت، چەند تەمەنیان بەرەو سەروتر بڕوات، کاریگەری نابێت لەسەر گەشە و پەرەسەندنیان بۆ فێربوونی زمان. کەواتە " زمان توانستێکی خۆرسکییە تایبەتە بە ڕەگەزی مرۆڤایەتی" (نایف خرما ١٩٧٨ :٢١٤) .

ئەگەر گەشەکردنی منداڵ لە ڕووی بایەلۆژییەوە ئاسایی و تەندروست بێت، ئەوا توانای فێربوونی زمانیش بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەدەچێت، کە ئەمە سیستەمێکی گشتییە لای هەموو نەتەوەیەك و

---

[٢٨] - Language Acquisition Device (LAD) ئامێرێتی و ڕێگاکانی زمانپژان: سیستەمێکە هۆکاری فێربوونی زمانمان بۆ دابین دەکات کۆمەڵێك بنەمای سنورداری گشتین بۆ ڕێکخستنی ڕێزمان، کە بە ڕێزمانی گشتی (Universal Grammar) ناو دەبرێت (ویدۆسن ٢٠٠٨: ١٨)

زمانێکی جیاواز، بەهەمان شێوەیە، چونکە قوناغەکانی گەشەکردنی مێشکی منداڵ وەك یەکە، یان ڕێژەیەکی، کەم جیاوازیان هەیە. لای هەموو کەسێك بەشی پلەکانی مێشك بەرپرسن لە جێگربوونی زمان ئەوانیش بەشی (برۆکا Broca و ڤێرنیکاverniek )یە. تیۆرەکەی داروین پەیوەستە بە گەشەسەندنی مێشکی مرۆڤ بۆ فێربوونی زمان، کە گەشەسەندنێکی لەسەرخۆیە، ئەم پڕۆسەیە بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات لە گەڵ تێپەڕبوونی تەمەنی منداڵ، کە ئەمانەن:

١- قۆناغی دەربڕینی دەنگەکان، کە چەند دەنگێکی لە خۆوە لای منداڵ دروست دەبێت، کە هیچ واتایەکی نییە. بەڵام ئاماژەیەك بۆ تەندروستی بەشێك لە ئەندامانی ئاخاوتن نیشاندەدات.

٢- قۆناغی دەربڕینی هەندێك دەنگ، کە لە ئەنجامی هەڵچوون دروست دەبێت. ئەم دەنگانە گوزارشت لە هەندێك دیاردە دەکات لای منداڵ وەك ترسان لە شتێك یان خۆشحاڵی یان برسیەتی و نەخۆشی. زیادبوونی ئەم دەنگانە هاوتەریبە لەگەڵ گەورەبوونی منداڵەکە.

٣- قۆناغی دەربڕینی چەند دەنگێکی لە دوایەك، لەم قۆناغەدا مرۆڤ یەکەم دووبارەکردنەوەی دەنگەکان لە ڕێگەی بڕگەوە ئەنجامدەدات، کە لە دوای تەمەنی سێ مانگییەوە هەست بەم بارە دەکرێت، ئەمە چەند جارێك دووبارە دەکرێتەوە، تا لەسەر زمانی جێگیربکرێت، وەك (دا – با – ما - ..... هتد ).

٤- لەم قۆناغەدا منداڵ یەکەم قۆناغی گواستنەوە دروست دەکات لە بڕگەوە بۆ وشە. ئەو وشانە فێردەبێت کە لە بڕگەیەك زیاترن، لێرەدا مرۆڤ دەتوانێت وشەی جۆراوجۆر بدرکێنێت، کە تەواوکەری قۆناغی پێش خۆیەتی. وەك دەربڕینی هەندێك وشە لای منداڵ لە قۆناغی دوو ساڵیدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە عەقل و ئەندامانی ئاخاوتن و بیستنی تەندروستە.

٥- لەم قۆناغەدا مرۆڤ دەچێتە بارێکی ئاڵۆزی زمان ئەویش دروستکردنی ڕستەیە بۆ گەیاندنی واتای تەواو. لێرەدا منداڵ دەتوانێت پەیوەندی نێوان هێماو واتا بە یەکەوە ببەستێتەوە، بۆیە بەم قۆناغە دەوترێت قۆناغی واتایی. دواتر داهێنان لە زماندا بەدیدەکرێت، لێرەدا مرۆڤ بە تەواوی ئەوە دەسەلمێنێت، کە عەقل و ئەندامانی ئاخاوتن و بیستنی بە تەواوی پێگەیشتووە، "دەتوانرێت ئەمە بسەلمێنێت کە توانایەکی گەورەی ڕۆشنبیری و مەعریفی بەدەست دەهێنێت" (غازی مختار طلیمات١٩٩٧ : ٥٣).

لایەنی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە لەسەر دیاردەی فێربوونی زمان، کە پەیوەستە بە دەوروبەری مرۆڤ و ژیانی ڕۆژانەی، زمان بەرەو پێش دەچێت لەگەڵ پێشکەوتنی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ. ئەمانە دەبنە هۆکارێك بۆ هاوسەنگبوونی بیرو دەربڕینەکان، چونکە زمان بۆتەی ڕێکخستنی بیرەکانە. لێرەدا چەندەها دەرگا بە ڕووی نوێکردنەوەو بەرهەمهێنانی داهێنانەکان والا دەبێت، کە ئەوەش دەبێتە پردێك لە نێوان زمان و ئاراستەی چالاکییە هزرییەکان. لەم قۆناغەدا تایبەتمەندییەکانی زمانێك لە زمانێکی تر جیادەبێتەوە. چۆمسکی پێیوایە گەشەی زمانی وەك گەشەی بینین وایە، کە لە مێشکدا بەشێك هەیە تایبەتە بە بینینی ڕەنگەکان، شێوەکان، جوڵەکان، ئەم بەشە بەشێوەیەکی پلەیی گەشە دەکات، تا دەگاتە ئەو قۆناغەی، کە منداڵ دەتوانێت ئەمانە لێکجیابکاتەوە، بۆ زمانیش هەمان تێڕوانینی هەیە. (ebn-khaldoun.com).

## ٤-١-٢- نەخۆشییەکانی گوتن:

نەخۆشیەکانی گوتن بەربەستن لە بەردەم تێپەڕاندنی قۆناغەکانی فێربوون لای منداڵ بە شێوەیەکی تەندروست. هەر ئاستەنگێك بکەوێتە بەردەم ئەو سەرچاوانەی، کە دەبنە بنەمای سەرەکی فێربونی زمان، ئەوا کێشە بۆ ئەم پڕۆسەیە دروستدەکەن، هەندێك نەخۆشی بەهۆی ناتەندروستی و گەشە نەکردنی ئەندامانی ئاخاوتن و بیستن و دەمارەکان و بەشەکانی مێشك دروستدەبێت " وەك ئۆتیزم[٢٩] Autism، ئەفازیا Aphasia، ئەپراکسیا Apraxia، دیستەفازیا Dystephasia. هەندێکی تریان لە دەرەوەی ئەمانە کاریگەریان هەیە" (یارا قادر٢٠١٥: ١٢٩) وەك نەخۆشییە دەروونییەکان، ناتەندروستی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی وەك ترس و دڵەڕاوکێ، یان ناتەواوی لە پڕۆسەی فێربوون

[٢٩] ئۆتیزم Autism : بریتیە لە تێکچونی گەشەی مێشك، کە کاردەکاتە سەرکارو فەرمانی چالاکییەکانی مێشك، بەهۆی تێکچوونی دەمارە خانەکانەوە، کاریگەری دەخاتە سەر ئەرکەکانی دەماغ و دەبێتە هۆی لاوازی پەیوەندی زمانی و نازمانی و پەیوندی کۆمەڵایەتی و وەستان لەسەر یەك ڕێچکەی خەیاڵ(یارا قادر٢٠١٥: ١٣١).

Process Learning، که کۆمەڵێك یاساو پاداشت لەخۆدەگرێت. هەریەك لەم نەخۆشییانە جۆرە گرفتێك لەبەردەم گوتن دروستدەکەن. لێرەدا زیاتر تیشك دەخەینە سەر نەخۆشی ئەفازیا، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەردروستبوون و دەربڕینی زمان، بەڵام بە پێی جۆرەکانی کاریگەرییەکانیان لەسەرئاستەکانی زمان دەردەکەوێت، مەرج نییە هەموو ئاستەکانی زمان لە یەك جۆریان تووشی گرفت ببێت. هەرجۆرێك لە ئەفازیا کاریگەری لە ئاستێك یان چەند ئاستێکی زماندا دەکات " ئەفازیا لە دەستدانی توانای درککردن و دەربڕینی بیرە بە گوتن، یان بە نوسین یان بە ئاماژە، لەگەڵ کەموکورتی لە دروستکردنی پێکهاتەی ڕستە و فرێزو ڕۆنانی وشەکان سەرەڕای نەبوونی هیچ کێشەیەك لە کەناڵەکانی بیستن و ئۆرگانەکانی ئاخاوتندا" (یارا قادر٢٠١٥: ١٩٧). ئەفازیا زمانگیران لە دەستدانی توانای قسەکردن و نەبوونی توانای تێگەیشتن بە هۆی ناتەندروستی لە ئەندامانی بیستن و ئاخاوتن و بەشێکی مێشك کە بەرپرسن لە توانای فێربوونی زمان.

چەند هۆکارێك دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەمی ناوەکی زمانی، کە تووشبوان ناتوانن دەنگ و وشە و فرێزو ڕستەی واتادار بە پێی ڕێزمانی زمانەکە دروستبکەن. هەندێك هۆکار کار لە سیستەمی درکاندنی دەنگەکان دەکەن، کەپەیوەندی بە فۆنەتیکی بیستن و درکاندن هەیە، هەندێکی تریان کار لە دەربڕینی وشە و سیستەمی ڕێزمانی دەکەن. ئەم نەخۆشیانە تەنها تایبەت نین بە منداڵان، بەڵکو کەسانی گەورەش توشی ئەم بارانە دەبن، بە تایبەتی لە کاتی دروستبوونی ڕووداوی لە ناکاو یان زیان گەیاندن بە مێشك و بەشەکانی "باوترین جۆری لە دەستدانی زمان ئەوەیە کە تووشی مێشك دەبێت، کاتێك دەمارەکانی مێشك تووشی فشاری خوێن دەبن، یان وەك پێویست خوێنیان بۆ ناچێت" (Yule2010:162). بە پێی هۆکارەکان چەند جۆرێکی لێ دیاریکراوە لەوانە:

١- ئەفازیای برۆکا[٣٠] Motor Aphasia .

٢- ئەفازیای ڤێرنیکا[٣١] Wernicke's Aphasia.

٣- ئەفازیای ئەنۆمیا[٣٢] Anomia Aphasia .

٤- ئەفازیای دەربڕین[٣٣] Expressive Aphasia .

٥- ئەفازیای گەیاندن[٣٤] Aecsptive Aphasia ( یارا قادر ٢٠١٥: ١٩٨).

## ٤-١-٣- تیۆرەکانی فێربوون

---

[٣٠]- لەم جۆرە ئەفازیایە مۆرفیمە ئەرکییەکان بەکار ناهێنرێن وەك ( ئامرازی پەیوەندی و ئامرازی خستنە سەر....هتد) لایەنی ڕێزمانی بە دەربڕینەکانیانەوە دیارنییە.

[٣١] - ئەمەیان تایبەتە بە تێگەیشتن، کاتێك کێشە لە ئەندامی بیستن دروست دەبێت تووشی ئەم بارە دەبن، بۆیە بە ئەفازیای هەستی ناودەبرێت. تووشبوانی ئەم نەخۆشییە گرفت لە دەربڕینیان نییە، چونکە ئەم بەشەی مێشك کاری بەشێك لە پرۆسەی تێگەیشتن جێبەجێدەکات.

[٣٢] - ئەفازیای ئەنۆمیا: جۆرێکی ترە لە ناو ئەفازیای برۆکا سەر هەڵدەدات، بریتییە لە بوونی گرفت لە کاتی دۆزینەوەی وشە دروستەکاندا، واتە ناتوانێت وشە گونجاوەکان لە کات و شوێنی گونجاودا بە کاریانبهێنێن و یادگەی وشەکانیان لە کاتی پێویستدا کارناکا ت و تووشی بیرچوونەوە دەبن.

[٣٣] - ئەفازیای دەربڕین: ئەم جۆرەیان کەمتر باوە، لە ئەنجامی بەرکەوتنی هێزی زۆر و پێکانی بەشی ناوەوەی دەماغ دروستدەبێت. تووشبوان توانای دەربڕینی وشەیان کەمە، یان بە هەڵە دەریدەبڕن، بە هۆی وەستان و زمانگیران ناتوانن بخوێننەوە و بنووسن، توانای تێگەیشتنیان تەنها بۆ هەندێك وشە و ڕستەی کورت هەیە .

[٣٤] - ئەم جۆرەی ئەفازیا لە ئەنجامی زیان پێکەوتن بە ناوچەی ( الصدغیە الجاریە) دروست دەبێت، کە کاری پێکهێنانی واتایە، چونکە لە ناوچەی بەرهەمهێنانی زمان برۆکا و ناوچەی تێگەیشتنی زمانی ڤێرنیکادا ڕوودەدات، کە زانیاریەکان لە نێوان ئەم دوو ناوچەیەدا ئاڵوگۆڕ دەکات و پردی نێوانیانە. تووشبوانی ئەم نەخۆشییە قسەکردنی بە شێوەیەکی ڕەوان و بەردەوامە، بەڵام لە پێکهێنانی ڕستەدا وشەی نادروست بەکاردەهێنێت. هەمان گرفتی لە نووسینیشدا هەیە.خوێندنەوەشی بە دەنگی بەرز بۆ ناکرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

1-( Yule 2010:162-164)

٢-( یارا قادر حەمەد ٢٠١٥:١٩٧-٢٢٣)

زانایانی دەروونناسی چەند تیۆرو گریمانەیەکیان خستۆتەڕوو، کە تایبەتن بە گەشەکردنی زمانی، کە هەریەکەیان تێڕوانینی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەمویان بۆچوونێکی هاوبەشیان هەیە، پێیانوایە کە منداڵ تواناو لێهاتوویەکی بایلۆجی لەگەڵدایە بۆ فێربوونی زمان، سروشتی زانیارییەکان ڕووبەڕووی زمان دەبنەوە، کە هاوتەریبین لەگەڵ گەشەکردنی توانای مەعریفی، ئەمەش هۆکارێکە بۆ بونیادنانی توانای فێربوونی زمان. لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لە تیۆرەکانی دەکەین:

### ٤-١-٣-١- تیۆری ڕەفتاری Behavioristic Theories

ئەم تیۆرە پشت بەو ڕەفتارانە دەبەستێت کە لە کردەی ئاخاوتندا سەرچاوەی گرتووە، ڕەفتارە دەرەکییەکان بەشێکن لە پڕۆسەی فێربوون. ئەم بۆچوونە لە تیۆرەکەی پاڤلۆفەوە (١٨٤٢-١٩٣٦) دەست پێدەکات، دواتر چەند بۆچونیکی تر سەبارەت بەم تیۆرە خرایە ڕوو لەوانە سۆرندایك (١٨٨٤ -١٨٤٩)و واتسۆن(١٨٧٨-١٩٥٨)و هول کلارك(١٨٨٤-١٩٥٢). ئەمانە گرنگی زۆریان بە ڕەفتارەکانی زمانی مرۆڤ دەدا، پێیانوابوو دەتوانرێت هەموو کێشە دەروونییەکان لە چوارچێوەی دوانەی(ورژێنەروStimulus وەڵامدانەوە Response) چارەسەر بکرێت، ئەم بۆچوونە بە تیۆری مەرجی ناسراوە(مصطفی غلفان٢٠١٠: ١٧). ئەمانە هەموو ڕەفتارێکی زمانیان لەم دوو کردەیەدا بەرجەستە دەکرد بۆ فێربوونی زمان، ئەم تیۆرە چەند بنەمایەکی لەخۆگرتبوو لەوانە:

١- ڕەتکردنەوەی هەموو تێڕوانینێکی هزری و ئاوەزی.
٢- لێکچواندن لە نێوان ڕەفتاری مرۆڤ و ئاژەڵ.
٣- کورتکردنەوەی ئەو توانا غەریزەییەی مرۆڤ بۆ فێربوونی زمان بە شێوەیەکی سادە دەوستێتە سەر لایەنی پەروەردەیی و بۆ ماوەیی و غەریزەیی و سروشت (مصطفی غلفان٢٠١٠: ١٨).

سکینەریش پشتیوانی لەم تیۆرە کرد "کتێبێکی دانا بە ناوی ( السلوك اللغوي) پێیوابوو زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، پێویستە وەك هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی لێیبکۆڵرێتەوە" (غازی مختار طلیمات١٩٩٧: ٢٧). کە فێربوونی زمان لە ڕێگەی بنەماکانی شیکردنەوەی ڕەفتاریی بەرجەستە دەکات "توانی زانستی دەروونناسی ڕەفتاری، بگۆڕێت بۆ تیۆری فێربوون(Learning theory)،چەند بنەمایەکی شیکردنەوەی ئەزموونبەندی بۆ ڕەفتارەکان دانا" (مصطفی غلفان٢٠١٠: ١٨). بۆیە بە تیۆری ڕەفتارگەرایی ئەزموونبەندیش ناودەبرێت، بەڵام ئەم تیۆرە بە تەواوی لە لایەن چۆمسکی ڕەتکرایەوە[٣٥]. دواتر تیۆری ڕەفتارگەرایی نێوەندی (Connotation behaviorism) لە لایەن ئۆسگود و سیبۆك (Osgood & Sebeok) خرایە ڕوو "ئەمە بە تیۆری زمانەوانی دەروونی ناسرابوو، توانییان لە چوارچێوەی زمانەوانی دەروونیدا، لێکدانەوەیەکی نوێ بخەنەڕوو، ئەویش لە ڕێگەی بازنەیەکی نێوەندگیر لە نێوان هێماو سەرچاوەکەدا، واتە پەیوندی نێوان هێما و سەرچاوە لە ڕێگەی واتاوە بە یەکەوە دەبەسترێنەوە. ئەمە بوونی شتێك لە جیهانی دەرەوە دەگەیەنێت" (1963:60). کەواتە لە ڕێگەی ئەم نێوەندە واتاییە بەستنەوەی نێوان هێما و سەرچاوەکە تەواو دەکرێت، وەك لەم سێکۆشەیەدا دەبینرێت:




[٣٥]- چۆمسکی لە ساڵی (١٩٥٩)دا لە نوسراوێکدا ئەم بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، بڕوای وایە ئەم بۆچوونە ئەفسانەیەکی گەورەیە و خەیاڵێکی ترسناکە، چونکە لایەنی واتایی پشتگوێ خستووە، ڕستەی ڕێزمانی و ناڕێزمانی لێکجیانەکردووەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

- (Chomsky Noam 1959, A Review of B. F Skinners verbal) .

(مصطفی غلفان٢٠١٠: ١٨)

درێژە پێدەری تیۆرە ڕەفتارییەکان لەلایەن واتسنەوە بوو، لە کتێبی ڕەفتارگەرییەکاندا پەیوەندی نێوان ڕەفتاری زمانی (Verbal Behavior) و بیر لە لای تاك دەخاتەڕوو (ئاڤیستا کمال٢٠١٢: ٣١).
تیۆرە ڕەفتارییەکان پێگە و سەنگی خۆیان لە فێرکردنی زماندا هەیە ، بەڵام ناتوانرێت بۆ هەموو دیاردە و لایەنە شاراوەکانی زمان پشت بەم تیۆرانە ببەسترێت. هەرچەندە زمان لەم ڕوانگەوە سروشتێکی ساکاری هەیە، کاتێك هەموو ئەزموونەکانی زمان بە هەموو ئاڵۆزییەکانییەوە بە چوارچێوەی دەرەوە ببەسترێتەوە هەموو کاتێك زمان، ورووژاندن و وەڵامدانەوە نییە، دەتوانرێت باس لە ورژێنەرە مادییە ونبووەکان بکرێت، زمان ڕێگە بە بەکارهێنەرەکەی دەدات، زۆر وێنەی خەیاڵی دروست بکات، کە لە جیهانی هەستپێکراودا بوونیان نییە. لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانرێت شیکردنەوە بۆ شێوازە ڕەوانبێژییەکان و وێنە هونەرییە جیاوازەکان بکرێت، بەڵام بە پێی ئەم تیۆرە ناتوانێت هەموو لایەنە ونبووە ئاڵۆزەکانی زمان بە پێی تایبەتمەندییەکانی شیبکاتەوە.

### ٤-١-٣-٢- تیۆری عەقلگەرایی Rationalism theory

سەیرکردنی زمان لە ڕوانگەی عەقلەوە سەرچاوەی دەگەڕێتەوە "بۆ فەیلەسوفە عەقلانییەکانی سەدەی حەڤدەم وەك دێکارت و لایبنز و هامبۆڵدت. هەروەها بە ناوبانگترین نوێنەری عەقلانییەکان لە زمانەوانی نوێدا چۆمسکییە کە، خاوەنی تیۆری زمانەوانی ڕێزمانی بەرهەمهێنانە"(مصطفی غلفان٢٠١٠: ٣٣).
ئەم تیۆرە پەیوەست کراوە بە (توانست)، واتە ئەوتوانایەی، کە مرۆڤ هەیەتی بۆ فێربوونی زمان. لایەنگرانی ئەم تیۆرە ئەوە ڕەتدەکەنەوە، کە ڕەفتارییەکان پێیانوابوو منداڵ، کە لە دایك دەبێت، لاپەڕەیەکی سپییە، خۆت چیت بوێت لە سەری دەنووسێت، واتە تەنها دەوربەری دەرەکی لە فێربوونی زماندا پێشەنگ نابێت، بەڵکو یاساو بنەما گشتییە ناوەکییەکان کاریگەرییان بۆ فێربوونی زمان هەیە، کە لە مێشکی مرۆڤدا گەشە دەکات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە نکۆڵی لە گرنگی دەوروبەر بکەنەوە بۆ دروستکردنی کاریگەری فێربوونی زمان، بەڵکو ئەمە بە پلەی دووەم دادەنرێت. بەڵام عەقلگەراییەکان لە بەرامبەر ئەمەدا ئاماژەیان بە گریمانەی توانای خۆرسکی کرد ئەو توانایە لە مێشکی مرۆڤدا سەربەخۆیە و جیایە لەهەر ژینگەیەکی تر، بەبێ هیچ فێربونێکی خودی، ئەو توانایە کاردەکات بۆ فێربونی زمان، مرۆڤ لە ڕوی بایلۆژییەوە ئەو ئامادەییەی تێدایە، کە زمان فێربێت. چۆن باڵندە توانای فڕینی هەیە، ماسی توانای مەلەکردنی هەیە، کە ئەمانە توانای خۆرسکین مرۆڤیش بەهەمان شێوەیە.
ئەم ڕێبازە گریمانەی ئەوە تاقیدەکاتەوە، کە چۆن قسەکەر دەتوانێت بیرو واتا بئاخنێتە ناو دەنگەوە، گوێگریش دەتوانێت لە یەکیان جیابکاتەوە لێرەدا دوو چەمکی توانا و جێبەجێکردن گریمانە دەکرێت:
یەکەم: توانای پێکهاتەی ڕێزمانی The Componential of Grammar پێکهاتەکان کارلێکدەکەن و لە ئەنجامدا بەرهەمهێنان یان تێگەیشتن ڕوو دەدات بۆ ڕستەکان.
دووەم: یاساکانی پێکهاتەی ڕێزمانی The Integral Role of Grammar
ڕێزمان کردەکانی لە ناوخۆیدا ئەنجامدەدات و لەسەر ئاستی (بەرهەمهێنان ، تێگەیشتن) لە لایەکی ترەوە بەکارهێنانی ناوەکی (Involve) لە نێوان پێکهاتەکان بە بێ بەکارهێنانی یاسا ڕوو نادات، بەم پێییە ڕێزمان تەنها کۆزانیاریی نانوێنێ، بەڵکو بونیادێك دەسنیشاندەکەن بۆ ئەو چالاکییانەی، کە لەبیردا هەن (ئاڤیستا کمال٢٠٠١٢: ٣٧).

دەتوانرێت لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە، توانست و یاساکانی پێکهاتەی ڕێزمانی بە یەکەوە ببەسترێتەوە، یاساکانی گوێزانەوە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ توانستی زمانییدا، کە مرۆڤ لە درکپێکردنی ڕستە جیاوازەکاندا هەستی پێدەکات، کە چەند مۆدیلێکی جیاواز دروستدەکەن بۆ گەیاندنی واتا جۆراو جۆرەکان. واتە هەموو بونیادێکی سەرەتایی بەستراوە بە درکپێکردنەوە، جا سەرچاوەکەی بایلۆجی یان مەعریفی یان زمانەوانی بێت، کە لە ئامێری ئامادەباشی زمانی یەکەمدا هەیە.

زانای دەروونناسی سویسری (جان بیاجە)[٣٦] بۆچونێکی لە چوارچێوەی تیۆری ئەبستمۆلۆجی خستەڕوو سەبارەت بە چۆنییەتی فێربوونی زمان لای مرۆڤ، وەك هەموو چالاکییەکانی تری درکپێکردن و هزری و جولانەوە، گەشە دەکات و بە چەند قۆناغێك تێدەپەڕێت (مصطفی غلفان ٢٠١٠: ٣٥). چۆمسکی پێیوابوو گەشەیەکی تایبەت هەیە بۆ دەستکەوتنی زمان، کە بە (بونیادی تایبەتی) ناودەبرێت ، بەڵام بیاجە پێیوابوو، گەشەی مەعریفی گشتیە بە (بونیادی گشتی) ناسراوە. دوو ئەرکی بنەڕەتی بۆ بیرکردنەوە دەسنیشانکرد، کە جێگیرە و ناگۆڕێت بە پێی تێپەڕ بوونی کات، ڕێکخستن Organization و خۆگونجاندن Adaptation ئەرکی ڕێکخستن لە لای تاك دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخستنی کردەی عەقڵی، بەڵام گونجاندن پەیوەستە بە ڕاهاتن و خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو دەروبەرەی تێیدا دەژیت (w.w.w.uobabylon.edu) .

**٤-١-٣-٣- سایکۆلۆژیای درکپێکردن و پەیپێبردن** Cognitive psychology & perspectiv

زانستی زمان بە تەنها ناتوانێت هەموو لایەنە شاراوەکانی زمان بدۆزێتەوە، ئەگەر پشت بە زانستەکانی تر نەبەستێت، ئەم تیۆرانەی پێشو بۆ دەستکەوتنی زمان لای مرۆڤ نەیانتوانی هەموو لایەنەکانی کارکردنی زمان بخەنەڕوو، بۆیە کاردانەوەکەی لە دەرکەوتنی تیۆری تردا بەدیدەکرێت. لایەنی دەروونی بەشێکی گرنگی ئامادەیی مرۆڤ نیشاندەدات بۆ فێربوونی زمان، پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان زمان و سایکۆلۆژی، زمانەوانی دەروونی شیکردنەوە بۆ ئەم پەیوندییە دەخاتەڕوو.

ئامانجی زانستی زمانی دەروونی لێکۆڵینەوەیە لە کاراکردنی توانستی زمانی، نەك خودی توانست بۆخۆی، چۆنییەتی بەکارهێنانی ڕاستییە زمانییەکان و ڕاڤەکردنی ئەو بەکارهێنانە دەگرێتەوە "واتە زیاتر گرنگی بەشێوە زمانییەکان دەدات، لەگەڵ ئەو قۆناغە جیاوازانەی، کە منداڵ بۆ گەشەکردن و پێگەیشتنی زمان پێیدا تێدەپەڕێت" (مازن الوعر ١٩٨٨: ١٩٦). لە ڕێگەی دەروبەری ئەم زانستە گەشەی پێدارا، سنوری لێکۆڵینەوەکانی بەرەو ئاڕاستەی جیاواز ڕۆیشت، وەك هۆکارە سایکۆلۆجیەکان و دەمارزانی و درکپێکردن و تیۆری زانیارییەکان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بیرو مێشك. ئەمەش لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی ئەزموونبەندانەی ئاوەزەوە دەبێت، کە "بریتییە لە دەرخستن و پەسندکردنی تەواو و پراوپڕی توانستی زمانی و چۆنییەتی گەیاندنی بیر" (ئاڤیستا کمال ٢٠١٢: ٢٨). منداڵ لە ڕێگەی توانستەوە فێری یاساکانی زمان دەبێت، لە قۆناغی یەکەم فێربووندا ناتوانێت درك بە جیاوازی نێوان (نێرو مێ) بکات. یان منداڵی کورد لەسەرەتای فێربوونی زمانەکەیدا ناتوانێت ڕستەی تەواو ڕێزمانی دەرببڕێت، وەك:

- دەچم دایکم*
- نان خواردم*

لە بری ئەوەی بڵێت:( دەچم بۆلای دایکم)

- نانم خوارد.

لە دوای تەمەنی (٥-٦) ساڵی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکەی لە لا جێگیر دەبێت. درك بە هەڵەکان دەکات، لە ناو کۆمەڵدا دەتوانێت بیرو چەمکەکان و سیما واتاییەکان جیابکاتەوە. زانستی درکپێکردن

---

[٣٦] - لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٧٥) لە شاری(Royaumont) لە فەرەنسا کۆبونەوەیەك سازکرا، بۆ هەردوو بیرمەندی بە ناوبانگ(بیاجە و چۆمسکی) بە ئامادەبوونی چەند پسپۆرو شارەزایەکی ئەم بوارە، باس لە هەموو ئەو خاڵە گرنگانە کرا، کە هاوبەشە لە نێوان هەردوو بۆچوونەکە، ئەو خاڵانەش ئاماژەیان پێکرا، کە بۆچوونەکان جیادەکاتەوە. بیاجە تێبینی ئەوەی کردبوو کە زمانی منداڵ بونیاددەندرێت لەسەر ئەو زانیارییانەی، کە لە جیهانی هەستپێکراودا هەیە، ئەمە لە لایەن چۆمسکییەوە پشتگوێخرابوو. زیاتر پشتی بە تیۆرە نابەرجەستەکانی زانیارییە خۆرسکەکان دەبەست کە منداڵ خۆی هەیەتی لە بواری ڕێزمان و مۆسیقاو بیرکاری.

Cognitive Science لە ساڵی (١٩٨٠)دا لەلایەن چارلس کلیفۆن ئاماژەی بە ڕێنسانسی زمانەوانی دەروونی لە زانستی درکپێکردندا کرد، زۆربەی زمانەوانەکان ڕوویان لە چەشنێکی نوێی لێکدانەوە و پەیپێبردن کرد، کە ئاڵۆزی شیکردنەوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانی ئاسانکردەوە" (ئاڤیستا کمال ٢٠١٢: ٤١)، چونکە ڕێزمانی بەرهەمهێنان کارەکانی زیاتر نابەرجەستەیین، بەڵام ئەم تیۆرە زیاتر پشت بەلایەنە دەروونییەکان دەبەستێت. ئەم زانستە گرنگی بە ڕێکخستنی زانیارییەکان و بەرهەمهێنانیان دەدات لە مێشکدا، بە ڕێگەی کارلێکی نێوان چالاکی هزری و ژینگەی دەروبەری مرۆڤایەتی."دەستکەوتنی زمان کردەیەکی درکپێکراوە لە ئەنجامی کارلێکی فشاری بایلۆژی و ژینگەی دەوروبەر دروستدەبێت" (whinney1999:361) درکپێکردن لە ڕێگەی هەستەکانەوە ئەنجامدەدرێت کە بەشێك لە زانیارییەکان لەم ڕێگەوە لە یادگەدا هەڵدەگیرێت، سیستەمی یادگە پشت بە سێ ئەرکی گرنگ دەبەستێت بۆ هەڵگرتنی زانیارییەکان.

١- بە کۆدکردن: بریتییە لە کردەیەکی هزری، زانیارییە درکێنراوەکان لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەگۆڕێت بۆ هێما.
٢- هەڵگرتنی زانیارییەکان و پاراستنیان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە یادگەی درێژخایەن.
٣- گەڕانەوەی زانیارییە هەڵگیراوەکان.




ئەم سێ ئەرکە لەم پرۆسەیەدا بەهۆکاری سەرەکی دادەنرێت بۆ بەردەوامی گفتوگۆکردن، ئەگەر کێشە لەهەر یەکێکیاندا هەبێت، ئەوانیش تریش ناتوانن کاری خۆیان ئەنجامبدەن، بۆیە هەرسێکیان بە تەواوکەری یەکتری دادەنرێت.

کۆمەڵێك سیما هەیە لەسەر هێماکان دادەنرێت، بۆ جیاکردنەوەی واتاکانیان لە ڕێگەی درکپێکردن و ئەزموونەوە، لایەنی دەروونی دەتوانێت بە پێی زانیارییە هەڵگیراو و گەڕانەوەیان بەهۆی سیما واتاییەکان جۆری بەکارهێنانەکان لە یەکتری جیا بکەنەوە. وەك جیاکردنەوەی ڕووخساری، کەسە جیاوازەکان، کە مرۆڤ دەتوانێت کەسێك لە یەکتری جیابکاتەوە لە ڕێگەی سیما جیاوازەکان و سیما هاوبەشەکانی نێوانیان. درکپێکردن بە کۆی گشتی زووترە لە درکپێکردنی بەشەکان، هەرچەندە گشتێش لە چەند بەشێك پێکهاتووە. ڕێکخستنی نێوان ڕەگەزەکانی ئەو وێنانە لە مێشکدا، گریمانەیەکی گەورەیە، کە ڕەهەندێکی دەروونی لە دواوەیە. کەواتە ئەم جۆرە درکپێکردنە پەیوەستە بە هۆکاری بابەتی. کاتێك کەسێك درك بە وێنە جیاوازەکان دەکات لە ڕێگەی زانیاری و ئەزموون و شارەزاییەوە دەبێت. کەواتە درکپێکردن پشت بە هۆکاری خودی و بابەتی و کۆمەڵایەتی دەبەستێت، درکپێکردنی لایەنی زمانی هەمان هەڵسوکەوتی هەیە وەك لەم نمونەیەدا دەردەکەوێت:

١- ئۆتۆمبیلەکەیان وەرگێڕا ________ (ڕێگیان)

٢- کابرایان لە دین وەرگێڕا ←——— (مرۆڤ)
٣- دەقەشعریەکەیان وەرگێڕا ←——— (جێبەجێکردن)

هەموو قسەکەرێکی کورد دەتوانێت درك بە واتای جیاوازی ئەم ڕستانە بکات، کە درکپێکردنی دەروونی پێیهەڵدەستێت، ئەزموونی قسەکەر بۆ بەکارهێنانی ئەم چەمکانە هۆکارن بۆ گەڕاندنەوەی زانیارییەکان بە شێوەیەکی ڕاست.

**٤-١-٤- چالاکی زمانی بە هۆی زمانی دووەم:**

جگە لە زمانی دایك مرۆڤ دەتوانێت چەندەها زمانی تر فێربێت، کاراکردنی توانستی مرۆیی فراوانتر دەبێت، کاتێك زمانێکی تر هاوبەشی دەکات بۆ گفتوگۆکردن. گەشەی ئاوەزی زمانی بوونی ناوەرۆکێکی جێگیر دەسەلمێنێت بۆ فێربوونی زمانی تر. کردەی فێربوونی زمانی دووەم پێویستی بە ڕێکخستنی پۆلینکردنی ئاستەکانی زمان هەیە. لە ڕێگەی گریمانەی تێکردەوە (Input)، کە واتای گونجاو بۆ چەمکەکان دابنرێن بۆ ئەوەی خوێندکار بە ئاسانی درکیپێبکات و تێیبگات. تێکردە بۆ فێربوونی زمانی دووەم هۆکارێکە بۆ کاراکردنی توانستی زمانی. چەندەها گریمانە و تیۆری جیاواز خراوەتە ڕوو بۆ فێرکردنی زمانی دووەم. تیۆری چۆمسکی یەکێکە لەوانە، کە لە سەر بنەمای ئەو توانایەی، کە مرۆڤ هەیەتی بۆ فێربوونی زمان، دەتوانێت زمانی دووەم فێربێت.

(تیۆری بیالیستوك Bialystok) تیۆرێکی مەعریفییە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو بنەمایەی، کە پشتدەبەستێت بۆ فێربوونی زمان پەیوەندی بە مێشکەوە هەیە. مێشکی مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات وەك چۆن مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکانی تر دەکات، توانای زمانی بە دوو ڕەهەند پێوانە دەکات:

١- ڕەهەندی شیکاری Analytical
٢- ڕەهەندی ئۆتۆماتیکی Automatically .(Bialystok 1988 :32)

هەروەها تیۆری دەیڤید ئۆزابل(David Ausabel)، ئەمەش پشت بە بونیادی مەعریفی دەبەستێت، کە لە یادگەدا هەڵگیراوە، ئەم تیۆرە چوار چێوەی ڕاستییەکان و چەمك و زانیارییەکان و بابەتەکان لەخۆدەگرێت لەسەر شێوەی هەرەمی ڕێکخراون.

چەندان تیۆری تری فێرکردنی زمانی دووەم هاتۆتەکایەوە لە وانە:

١- تیۆری زانستی زمانی دەروونی Psycholinguistic theory
٢- تیۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی Social Interactionism theory

پراگماتیك ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر فێربوونی زمانی دووەم "گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ شێوازی گفتوگۆکردن و فێرکردن، چونکە دەتوانێت زانیاری پراگماتیکی پەیوەندیدار فەراهەمبکات و مۆدیلی پراگماتیکی گونجاو بۆ گفتوگۆی خوێندکارەکان لە بەرچاو بگیرێت" (Kenneth & Kasper2001:24). کاتێك مامۆستا دەیەوێت شێوازی داواکردن و داخوازی بخاتە ڕوو، پێویستە ڕەچاوی دەوروبەری ئاخاوتنەکە ئاستی کۆمەڵایەتی، کەسەکان بکات. شێوەی داڕشتنی کاری داخوازی لە زمانی کوردیدا بریتییە لە:

- بـ + ڕەگی کار + ج . ل (ە – ن)
- پێم بڵێ

بەڵام سیستەمی ڕێزمانی تاکە ڕێگە نییە هاوکاری فێربوونی زمانی دووەم بکات، بەڵکو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و لایەنی دەروونی کاریگەریان لەسەر ئەم پرۆسەیەدا هەیە، لەم ڕستەیەدا، خوێندکارەکان کلتوری بە ڕەوشتی نازانن، کە ئاستی گوێگرەکان لێکجیابکەنەوە لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری...، زانستی پراگماتیك دەتوانێت ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ چارەسەری ئەم بارە بخاتەڕوو، ڕەچاوکردنی بنەماکانی ئاخاوتن و ڕێزگرتن وشێوازی گفتوگۆ کردن بەشێکی گرنگن لە فێرکردنی زمانی دووەم. کاسپێر پێوایە" ئەمە دەبێتە هۆی فراوانکردنی مەودای کردە قسییەکان، مۆدیلی سنوری قسەکردن بۆ خوێندکارەکان فراوانتر دەکات"(Kenneth & Kasper 2001:24).

زانستی پراگماتیك کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بوارەکانی پراکتیزەکردنی زماندا هەیە. لە چالاکییەکانی زمانەوانییدا، کە بەشێوەیەکی بنچینەیی گرنگی بە هۆکارەکارەکانی گەیاندن دەدات، کە شێوازەکانی پراکتیزەکردنی کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ و گرنگییەکانی دەخاتەڕوو. یەکێك لەوانە

زمانەوانی پراکتیکییە (Applied Linguistics). ئەمە تیۆرێکە تایبەتە بە فێربوونی زمانی دووەم یان زمانە بیانییەکان، ئەم تیۆرە لقێکی زانستی زمانەوانییە، لێکۆڵینەوە لە شیکردنەوەی چۆنییەتی فێربوونی زمانی بێگانە دەکات، گرنگی بە زمانەوانی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەدات، کاریگەری زمانەوانی ئۆتۆماتیکی (ألی) دەخاتەڕوو بۆ دروستکردنی فەرهەنگ و کردەی وەرگێڕان. لایەنی کلتوری هاوکارە لە کردەی فێربوونی زماندا، ئەگەر ئەم بنەمایە لەبەرچاو نەگیرێت، سەرکەوتنی تەواو بەدینایەت بۆ کاری تێگەیشتن." کاریگەری کلتوری بە گرنگ دەزانرێت بۆ کردەی تێگەیشتن، کاتێك ئەو گرنگییە تەنها لە وشەکاندا بەرجەستە نابێت لە دەقی نوسراودا، کە تێگەیشتنی هەڵە دروستدەکات" (Donough2002:94).

جێبەجێکردنی پراگماتیك لە فێربوونی زماندا، هەوڵێکە بۆ بەجیهانکردنی لێکەوتەکان، کە مانای زیاتر لە سیاق و کردەی دەربڕینەکان دەستدەکەوێت. واتە لەم بارەدا مەرج نییە تەنها پشت بە واتای وشە درکێنراوەکان ببەسترێت، بەڵکو لە ڕێگەی دەوروبەری ئاخاوتنەکەوە چەند واتایەکی تر دەستدەکەوێت، کە نەدرکێنراون.

بەکارهێنانی وشەی بێگانە لە ناوەندی گفتوکۆکردن لە ڕێگەی وەگرتنیشەوە ئەنجامدەدرێت، بە هۆی تێکەڵاوی زمانێك لەگەڵ زمانێکی تر لە ڕێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدۆلۆژی ......هتد. ئەمەش هۆکارێکی تر دەبێت بۆ فراوانکردنی مەعریفەی قسەکەر. "لێکۆڵینەوە لە کەلتورە جیاوازەکان ڕێگایەکە بۆ قسەکردن هەندێکجار پێدەوترێت (Contrastive Pragmatics) پراگماتییکی بەرانبەریی" (Yule1996:88). ئاستە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان لەم بوارەدا هەیە، تا ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە پلەی بەرزدابێت، بوونی وشەی بێگانە لای ئەو کەسە زیاترە. هەندێکجار ئەم وەرگرتنە ئەنجامدەدرێت بەهۆی نەبوونی واتای ئەم وشە لە زمانەکەدا ناچار پەنا دەبرێت بۆ وەرگرتنی لە زمانی بەکارهێنراوی دووەم. لە زمانی کوردیدا وشەی (عەرەبی - ئینگلیزی) بەکاردەهێنرێت وەك؛ (ئەڵتەرناتیف – بایکۆت – ڕیفڕاندۆم – ئەرزاق .......هتد). بەکارهێنانی وشەی بێگانە ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری قسەکەر دەخاتەڕوو ، زۆر جار وشەی بێگانە ئاسانتر واتا دەگەیەنێت بە تایبەتی لە کاتی گفتوگۆکردندا وەك؛ وشەی (زانەکی) لە زمانی کوردیدا بە واتای وشەی (مەعریفی) بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەم وشەیە بەکارهێنانێکی فراوانی نییە، بۆیە هەموو قسەکەرێکی کورد ئاشنا نییە بەم وشەیە، لە واتاکەی ناگات، لەوانەیە گوێگر پرسیار لە خودی وشەی (زانەکی) بکات، قسەکەر ڕاستەوخۆ وشەی (مەعریفی) دەخاتە بەردەم گوێگر. ئەم وشەیە بەکارهێنانی فراوانی هەیە، بە تایبەتی لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا. هەندێکجار زمانی دووەم وەك ناوەندێك بە کاردەهێنرێت بۆکردەی گەیاندن و ڕفتاری قسەکەران. لە دەقە ئەدەبییەکاندا وەك لایەنی توانستی ئەدەبی سەیردەکرێت، کە نوسەر شارەزایی هەبێت لە وشەکانی زمانی بێگانە، بە تایبەتی لە شیعردا، ئەمە وەك مەرجێکی گرنگ دانرابوو لە قوتابخانەی کلاسیکیدا، کە شاعیر بتوانێت زمانی بێگانە تێکەڵ بە هۆنراوەکانی خۆی بکات. لە ئەدەبی نوێدا ئەم دیاردەیە بە شێوازێکی تر دەبینرێت بۆ دەرخستنی توانای نوسەر یان وەك هونەرێك بۆ جوانکاری بەکاردەهێنرێت، ئەمە کاریگەری هەیە لەسەر خستنەڕووی شێوازی نوێ لە دەربڕیندا. لێرەدا پشت بە بنەما و ئەرکی پراگماتیکی دەبەسترێت بۆ شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە لە دەقی ئەدەبی یان دەقی ئاساییدا.

لە دەقی گێڕانەوەدا هەندێکجار نوسەر پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی شێوازی جیاواز، بە تایبەتی کاتێك، هەرکارەکتەرێك بە دەنگی خۆی دەدوێت. واتە گێڕانەوەیەکی فرەدەنگی بێت، یان کاتێك نوسەر باس لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەکات، ئەگەر ناوچەکانیش جیاوازبێت، هەمان پەیڕەو جێبەجێدەکات. ئەمە وەك داهێنانێك گوزارشت لە ڕاستەقینەیی ڕووداوەکە دەکات، کە هەر کارەکتەرێك بە زمانی خۆی بدوێت "باختین پێیوایە شێوازی ڕۆمان کۆکراوەی شێوازەکانە، زمانی ڕۆمان سیستەمی زمانەکانە هەموو ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی زمانی ڕۆمان، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە یەکەکانی شێوازگەری، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەچێتە ناوەوەی گوتاری تاکە کەسی و گفتوگۆی خێزانی بۆ (بۆگێڕەرەوە)، پەیام....هتد. کەواتە ڕۆمان جۆراوجۆری زمانی کۆمەڵایەتییە، ئەمەش دەبێتە جۆراوجۆری ئەدەبێکی ڕێکخراو" (حیاة مختار٢٠١٥: ١٤٤).

### ٤-٢- زانیاریی پێشینە Presupposion

زمان هۆکارێکە بۆ پەیوەندیکردنی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ گوزارشتکردن لە بیر و بۆچوونەکانیان، بە هۆی ئەمەوە پرۆسەی گفتوگۆکردن دێتەئاراوە، کە لەسەر چەند بنەمایەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و بابەتی بونیاددەنرێت. هەمیشە لە هەر گفتوگۆکردنێکدا دوو بەشدار بوو هەیە، هەندێکجاریش گفتوگۆکە وادەخوازێت لە دوو لایەن زیاتربن. شێوازی گفتوگۆکردن چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە، بە پێی کات و شوێن و کەس و جۆری بابەتەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، کە دەتوانرێت لێکدانەوەیەکی پراگماتیکی بۆ ئەم لایەنە بکرێت.

زانیاری پێشینەیی ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ لە ئەنجامی ئەزموونی گشتی و تایبەتی دەستیدەکەوێت، ئەمە هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەو جیهانەی، کە دەوری داوین. بوونی ئەم زانیارییانە ئامرازی گونجاندنی دەقەن، ئاستی ڕۆشنبیری و لایەنی مەعریفی گوێگر دەخاتەڕوو، کە توانای وێناکردنی شتەکان بە دروستی لە قسەکەر وەربگرێت، بەڵام ئەم وێناکردنە ڕێژەییە، چونکە ئەو بیرەی، کە هەڵگری زانیارییەکانە نابەرجەستییە و نەبینراوە لە مێشکدا. "هەر زانیارییەکی پێشینەیی، کە مەزندەدەکرێت هاوبەش بێت لە نێوان قسەکەرو گوێگردا، یارمەتی گوێگر دەدات بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی قسەکەر لە هەر گوتنێکی دیاریکراودا" (Leech 1983:13). زانیاری پێشوی بەشداربوان هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردن و بەردەوامیدان بە گفتوگۆ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە سیاق جوڵاوە و دەگۆڕێت، بەرهەمی هاوبەشی ئاخاوتنی بەشداربوانە، کە بەسەر ئاخاوتنی نوسراو و گوتراودا دەچەسپێت. "قسەکەر و گوێگر توانستێکی زمانی بەکاردەهێنن، مەبەستمان ئەوەیە، کە دەربڕاوێکی زمانی بەرهەمدەهێنن و دەریدەبڕن یان تێیدەگەن، ئەمەیان ناودەنێن توانا، ئەم توانایە وابەستەی دەوروبەری دەقە" (کۆمەڵێك زمانەوان ٢٠٠٩: ٧٢). بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بزانرێت مرۆڤ چۆن دەتوانێت کاری تێگەیشتن ئەنجامبدات واتای مەبەست لە قسەکەرەوە وەربگرێت؟ ئەو زانیارییانە چین، کە پشتی پێ دەبەستێت؟.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کاری هزری مرۆڤ لە ڕوانگەی ئاوەزییەوە، کە چۆن زانیارییەکان لە یادگەدا هەڵدەگیرێن و لە کاتی پێویستدا دەتوانرێت بەکاریان بهێننەوە؟

### ٤-٢-١- یادگە و جۆرەکانی:

ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە زانیارییەکانی تێدا هەڵدەگرێت. وەرگرتنی زانیارییەکان لەڕێگەی هەستەکانەوە دەبێت، جا زانیارییە گشتییەکان بێت یان زانیارییە زمانییەکان، جۆری زانیارییەکان پەیوەستن بە ماوەی مانەوەیان لە یادگەکاندا، کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

### ٤-٢-١- ١- یادگەی هەستی:

ئەمجۆرە یادگەیە لە ژێر کاریگەری ئاستی هۆشەکییەوە کاردەکات، پێشوازی لە زانیارییەکان دەکات لە ڕێگەی هەستی بینین و بیستن، ئەمە ڕێژەیەك زانیاری لەخۆدەگرێت، کورتبوونی ماوەی خایاندن و مانەوەی ئەم یادگەیە شێوەی کارکردنەکەی دیاریدەکات. "وەك گوێزەرەوەیەکی(گەنج – هەڵگر)، بەکارهێنەری زمان بەهۆی ئەم یادگەوە هەندێك زانیاری لەشێوەی (تووتی بوون )دا (Verbation) بهێنێتەوە" (ئاڤێستا کمال ٢٠١٢ :٦٤). ئەم زانیارییانەی لەم یادگەیەدا هەڵدەگیرێت، زوو لەناودەچێ بەنەمانی بینراو بیستراوەکە، نامێنێ یان ماوەیەکی کورت دەخایەنێت[٣٧] (جوناثان ٢٠١٤: ٣١). ئەو زانیارییانەی، کە لە زیاتر لە هەستێك وەردەگیرێت، مانەویان زیاترە لەوانەی، کە یەك هەست تێیدا بەشداردەبێت.

---

[٣٧] - بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە (سبرلینج) لە ساڵی (١٩٦٠)دا تاقیکردنەوەیەکی ئەنجامدا، کە چەند کەسێك تێیدابەشداربوون، (١٢)پیتی بۆ خستنە ڕوو لە ماوەی چەند چرکەیەکی کەمدا، هەستیکرد، کە بەشداربووەکان تەنها چەند پیتێکی کەم، کە یەك یان دوو تێنەدەپەڕی، لەیادیان مابوو، بە خێرایەکی زۆر زانیارییەکان نەمان، بەڵام ئەمجارەیان پیتەکانی پۆلینکرد بۆ سێ پۆل، هەرپۆلێك چوار پیتی تێدابوو، لەگەڵ پیشاندانی پیتەکان، ئاوازێکی دەنگی خستنە بەرگوێ بۆ ماوەیەکی زۆر کەم، داوای لێکردن، تەنها ئەو پیتانە بڵێن، کە کاتی ئاوازەکە بیستویانە.هەر یەکەیان لە چوار پیت سێیان لە یاد مابوو، دەرەنجامەکەی دەستی کەوت ئاماژەبوو بۆ ئەوەی، کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە زانیاری زۆر وەردەگیرێت، بەڵام مانەوەیان لە یادەگەدا زۆر کەمە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (جوناثان کیة ٢٠١٤).

**٤-٢-١- ٢- یادگەی کورتخایەن :**

جگە لە یادگەی هەستی، چەند یادگەیەگی تر هەیە، کە زانیاری تێدا هەڵدەگیرێت، یادگەی کورتخایەن یەکێکە لەوانەی، کە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت زانیاری هەڵدەگرێت " کاتێك مرۆڤ سەرنج دەداتە شتێك، زانیارییەکە دەگوازێتەوە بۆ ئەو یادگەیە، کە هەندێکجار بە یادگەی سەرەتایی ناودەبرێت، کە حەوت ڕەگەز لەخۆدەگرێت" (جوناثان ٢٠١٤: ٣٢).ئەم یادگەیە ڕێژەیەکی سنوردار لە زانیارییەکان هەڵدەگرێت، زانیاری کۆنی تێدا نامێنێت، زانیارییە نوێیەکان وەردەگرێت. ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت، کە گرنگییان کەمترە یان ماوەیەکی، کەم پێویست دەبێت، هەرکاتێك پێویستیەکەی پێ دابینبکرێت، ئەویش بەرەو لەناوچوون دەچێت.

بۆ نمونە: کاتێك پێویستیت بە ژمارە تەلەفۆنی فەرمانگەیەك دەبێت، بۆ ماوەیەکی کاتی لەم یادگەیەدا هەڵدەگیرێت. بەڵام هەرکاتێك پێویستیەکە دابین بکرێن، ئەوا لە یادگەدا نامێنێت. (بادلی) پێیوایە ئەو زانیارییانەی، کە لەم یادگەدا هەڵدەگیرێن لە ڕێگەی شێوەی دەنگ و بیستن بوونە، ئەم بۆچوونە لە ئەنجامی ئەوەوە هاتووە، کە زۆرجار لە کاتی گەڕانەوەی زانیارییەکان تووشی هەڵە دەبێت.

ئەتکسون و شیفرین لە ساڵی (١٩٦٨)دا ئاماژەی بە بوونی یادگەی کورتخایان کرد، پێیانوابوو ئەو زانیارییانەی، کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە هەڵدەگیرێن دواتر دەچێتە یادگەی کورتخایان، کردنەوەی ڕێگەیەکە بۆ گواستنەوەی بۆ یادگەی درێژخایان. ئەم بۆچوونە چارەسەرێك بوو بۆ بۆچوونی هەڵگرتنی زانیارییەکان بەسێ قۆناغ وەك لەم هێڵکاریەدا ڕوونکراوەتەوە:




(Baddely 1986:43 )

**٤-٢-١- ٣- یادگەی درێژخایەن**

ئەم یادگەیە پەیوەستە بەبەردەوامی گرنگیدان و بیرکردنەوە لە ناوەوەی ئاوەزی مرۆڤ ڕاهێنانی بەردەوام بۆ زانیارییەکان دەکات و دەیانگوازێتەوە بۆ یادگەی درێژخایەن، هەندێکجار ئەم یادگەیە بە یادگەی ناوەوە ناودەبرێت.هەڵگرتنی زانیاری لەم یادگەیەدا بێسنورە، ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت، کە زۆر گرنگە "بەم پێیە یادگەی درێژخایەن زانیارییە هەمیشەییەکان، کۆزانیاری، فەرهەنگ و توانستە زمانییەکان لەخۆدەگرێت و بە تەواوکاری لەگەڵ پرۆسەکانی درککردندا لە ناو ئەم یادگەیەدا جێبەجێدەکرێت" (ئاڤێستا کمال ٢٠١٢: ٧٠).

بۆ هەڵگرتنی زانیارییەکان لە یادگەی درێژخایەن دوو گریمانە خراوەتەڕوو :

١- هیچ زانیارییەك لە یادگەی درێژخایەن هەڵناگیرێت، ئەگەر بە یادگەی کورتخایەن تێنەپەڕێت.

٢- ڕاهێنان و مەشقپێکردنی زانیارییەکانی یادگەی کورتخایەن دەبێتە هۆی پاراستن و گوستنەوەی بۆ یادگەی درێژخایەن (جوناثان ٢٠١٤: ٣٤).

زانیارییە زمانییەکان لەم یادگەیەدا هەڵدەگیرێن، چونکە مرۆڤ بە بەردەوامی بەکاریاندەهێنێت و ئەزموونی تەواوی لەسەریان هەیە، بەڵام ئەگەر گوێبیستی وشەیەك بێت، کە پێشتر نەیبیستبێت، ئەوا

هیچ کاردانەوەیەکی تێگەیشتن لە ئاوەزیدا دروستنابێت. چونکە ئەم وشەیە نە بە هێما کۆدکراوە و نە لەیادگەدا هەڵگیراوە. بۆیە گەڕاندنەوەی زانیارییەکان پێویستی بە نمونەیەکی نابەرجەستەیی هەیە بۆ هەر برێك، تا بتوانێت لە کاتی پێویستیدا بەکاریبهێنێتەوە، لە یادگەی درێژخایەندا دوو جۆر یادگە دەستنیشانکراوە:

١- یادگەی ئاشکرا: Declarative Memory Explicit: یادگەی ئاشکرا ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت، کە پەیوەستن بە جیهان و کۆزانیارییەکان و گشتییەتی و لایەنی زمانەوانی و ڕێزمانییەکانیش لەخۆدەگرێت.

٢- یادگەی نائاشکرا، هەڵگری ئەو پروسە شاراوانەیە، کە یارمەتیمان دەدات لە زمانپژندا، بە شێوەك بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕیزکردنی یەکە بەیەکەی وشەکان لە یاسا سینتاکسییەکاندا، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئاخاوتن و پەیوەندییە زمانییەکان جێبەجێدەکات (ئاڤێستا کمال ٢٠٠١٢: ٧١). هەموو ئەو یادگانەی ئاماژەمانپێکردووە دەتوانین لەم هێلکارییەدا بیخەینەڕوو:




(ئاڤێستا کمال ٢٠٠١٢: ٧١)

**٤-٢-٢- پرۆسەی بە کۆدکردن و لێکدانەوەی کۆدەکان**

ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر لەکاتی گەیاندندا و پەیوەندیکردندا زەمینەسازییان بۆ دەکات، بۆ ئەوەی بکرێن بە هێما کۆدیان بۆ دابنرێن. پرۆسەی بەکۆدکردن لە ڕێگەی چەند یاسایەکی نابەرجەستەییەوە جێبەجێدەکرێن. بۆ ئەوەی ئەو هێمایانەی، کە ئاماژە بۆ چەمکەکان دەکات، بەیەکەوە بگونجێنرێن. بۆ هەر چەمك و ناوەرۆکێك لە مێشکدا هەڵگیراوە، کۆدێك هەیە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم دوو پرۆسەیە و چالاکییەکانی قسەکەرو گوێگر زۆرگرنگن.

بوونی توانای مرۆڤ لە ڕوانگەی بایلۆژییەوە، دەتوانرێت چەند ڕێگایەك بەکاربهێنرێت بۆ هەڵگرتنی زانیاری لە مێشکی مرۆڤ، جا زانیارییە گشتییەکان بێت یان زانیاری زمانی بێت، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا ئەم زانیارییانە کارا بکرێت. مرۆڤ لە سەرەتای فێربوونی زماندا، زانیارییەکان بە شێوەی کۆد لە یادگەدا هەڵدەگرێت. کۆمەڵێك هۆکارهەیە، کاریگەری لەسەر ئەم لایەنە دروستدەکات، فێربوونی زمان یەکێکە لە هۆکارەکان، وەك لە تیۆرەکانی فێربوونی زماندا ئاماژەمان پێکردووە. لە دەرەوەی ئاوەزی مرۆڤدا زانیارییەکان پەرش و بڵاون، هیچ پۆلێنێك بۆ شتەکان بە ڕێکخراوی ناکرێن بۆ

کاری فێرکردنەکە، بەڵام بە پێی ئەو توانایەی، کە مرۆڤ خۆی هەیەتی، هەموو زانیارییەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە مێشکدا پۆلێندەکرێن و هەڵدەگیرێن.

هەروێناکردنێکی نابەرجەستەیی ناوەوەی زمان وەردەگێردرێن بۆ هێما، هەرهێمایەکی زمانیش دەبێتە وێناکردنێکی ئاوەزی، واتە کردەیەکی پێچەوانە بەدیدەکرێت لە ڕێگەی پەیوەندیکرنەوە. دەتوانین ئەم پەیوندییە لێکبدەینەوە بە ڕونکردنەوەی ئامێری (کۆمپیتر- ژمێرکار)، سەرەتا ئامێرێکە چەند بەرنامەیەکی دیاریکراوی تێدا هەڵگیراوە، هەر هەڵگرتنێك لە ڕێگەی کۆدێکی ژمارییی دەبێت، ئەم ژمارانە بریتین (1,0) دەبن بە کۆد بۆ زانیارییەکان، بەڵام هەر زانیارییەك ژمارە و ڕیزبەندی(1,0)کەی جیاوازە. ئەم پرۆسانە لە ناوەوەی پرۆگرامی کۆمپیتەرەکە جێبەجێدەکرێت ئامادەیە بۆ بەکارهێنان، بەڵام مەرج نییە، بەکارهێنەرەکان ئەم پرۆسانە ببینن. لەگەڵ داگرتنی هەردوگمەیەك یان کلیکردن لەسەر هەر ئایکۆنێك، کاردانەوەیەك بەدیدەکەین، ئەوەی گرنگە بۆ بەکارهێنەرەکە ئەو کاردانەوەیە هەر(1,0)ێك کۆدێکە بۆ زانیارییەکان لە دەرەوەی کۆمپیتەرەکە بە ژمارەی تر ئاماژەی پێدەکرێت. ئەمە لە ڕێگەی ڕێکخستنی ژمێرکاری دەتوانرێت کۆدەکان بکرێن بە هێماوهێماکان بکرێن بە کۆد، ئەمە لە بیرکاریدا بە (سیستەمی باینەری)ناسراوە. مێشکی مرۆڤیش هەمان هەڵسوکەوت دەکات، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆدەکان و کردنیان بە بیر بۆ ئەوەی لە کردەی پەیوەندیکردندا بەکاریانبهێننەوە.

لە پرۆسەی بەکۆدکردن لە ڕێگەی چەند یاسایەك ئەنجامدەرێت، بەڵام دانانی ئەم یاسایانە بە تەنها نابێتە پێوانەیەکی جێگیر بۆ زانیارییە کۆدکراوەکان لە کاتی ئاخاوتندا، دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە پێگەی بەکارهێنانی هەریەك لەم کۆدانە لە چ ئاستێکی ئاوەزیدا کاردەکات، لە لایەنی زمانی و واتایی و پراگماتیکیدا، کاریگەری، کەلتوری کۆمەڵایەتی بۆ هەڵبژاردنی کۆدەکان لە شێوینی گونجاودا. تایبەتمەندی زمانەکە و ڕێزمانی زمانەکە بڕیاردەرە بۆ دیاریکردنی کۆدەکان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا، بۆ ئەوەی بزانرێت کام دەربڕین، پەسندترە لەکامیان، یان پەیوەندی نێوانیان لەکام دەربڕیندا بە هێزترە.

نمونە :

- کاروان بەخێرای هەردوو کورسیەکەی چاککردەوە.

ئەم ڕستەیە هەڵگری پێکهاتەی لۆژیکییانەیە، چونکە چەند بەڵگەیەکی بۆ سەلماندنی ڕاستی دەربڕینەکە هێناوەتەوە، هەریەك لە کۆدەکان ڕوونکردنەوەیەك نیشاندەدات بۆ ئەنجامدانی کردەکە (چاککردنەوە)و پەیوەندی نێوانیان. وردی لە پێشکەشکردنی زانیارییەکان زیاتر ڕاستی لۆژیکی دەربڕینەکە دەسەلمێنێت و "دروستی جێکەوتەی کۆدەکان لێکدەداتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کۆنکرێتی و دروستانە و بەڵگە هێنانەوەکان لە بەکارهێنانی کۆدەکان بخرێتە ڕوو " (ئاڤێستا کمال ٢٠١٢: ٥٨).

یەکێك لە سیستەمەکانی زمانی کوردی ڕێگەپێدەرە بۆ کورتکردنەوەی کۆدەکان و بچوککردنەوەی هێماکان، ئەویش دیاردەی مۆرفۆسینتاکسە، بەکارهێنانی کۆدە کورتکراوەکان لە جێگەی کۆدە درێژەکان ئاماژەی پێدەکرێت، کە چەند وشەیەك لە فۆرمی وشەیەکی تردا دەبینرێت، وەك :

أ- ئێمە ئێوەمان(ئەوانمان) ناسی.

↓

ب- ناسیمانن.

بەمەبەستی کورتبڕی یان خێراکردنی پرۆسەی زمانەکە، کۆدی(ج.ل) لە بیری کردە سەربەخۆکان بەکارهاتووە، بەهۆی پرۆسەی مۆرفۆسینتاکسییەوە. کۆدی (ج.ل) بە ناوەرۆکێکی پڕەوە بەشداری دەکات لەم پرۆسەیە، هیچ کاریگەرییەکی نابێت بۆ لاوازکردنی واتاکەی. هەموو قسەکەرێکی کورد درك بەو سیستەمە دەکات، کە بۆ مەبەستی کورتکردنەوە بەکاردەهێنرێت.

### ٤-٢-٣- بەکۆدکردنی دەق و شێواز

دوابەدوای بە کۆدکردنی زانیارییە زمانییەکان لە شێوەی(دەنگ و وشەو ڕستە) توانایەکی مەعریفی دروستدەبێت، کە چۆن کۆدەکان لە چوارچێوەی دەقدا ڕێکبخات، تەنها لە ڕێگەی پێکهاتەی کۆدی ڕستەوە جێبەجێناکرێت، بەڵکو پەیوەندی هەڵوێستی قسەکەرو جۆری دەربڕینەکەش بۆ ئەم مەبەستە زۆر گرنگە. جیاکردنەوەی شێوازی زمانی لە پێکهاتەکانی دەقدا بەشێکی گرنگە بۆ ئەم لێکدانەوەیە، ئەمەش

دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی، کە مرۆڤ توانایەکی بێسنوری هەیە لە دەربڕینی ڕستەی زمانەکەی. هەر ئەم توانایە وایکردووە، کە زمان پێوانە و سنورێکی دیاریکراوی نییە بۆ بەکارهێنان.

ڕێزمانی بەرهەمهێنانی دەق بەشێکی گرنگە بۆ بونیادنانی دەق، بەڵام ئەمە بەتەنها نابێتە تاکە پێوانە بۆ دروستکردنی شێوازە جیاوازەکانی دەق. چەند هۆکارێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دەورووبەرو هەڵوێستەکانی تاك، کاریگەریان هەیە لەسەر شێوازی بونیادنانی دەق. واتە زانستی زمان بە تەنها ناتوانێت ئەم شیکردنەوانە ئەنجامبدات، ئەگەر پشت بە زمانەوانی دەروونی و کۆمەڵایەتی نەبەستێت. "زانستی زمانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەبرەودان و هەنگاوی بەهێزیان ناوەو، کە لە تیۆری کردەی قسەیی و تیۆری کردەی چالاکی دەرەنجام و بەرهەمی باش چاوەڕێکراون و بەدەستیشخراون"(کۆمەڵێك زمانەوان ٢٠٠٩: ٧٨). لایەنی کۆمەڵایەتی گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ بەکۆدکردنی زانیارییە زمانییەکان. بە پێی جیاوازی هەرتاکێك لە ناو کۆمەڵدا، کۆدە بەکارهێنراوەکانیشیان جیاوازن. بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی بێت یان ئاستی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵدا، پیشەی جیاوازو شێوازەکان هۆکاری ترن بۆ جیاوازی کۆدی زمانی لای تاك. کۆدی زمانی لای کریکارێك جیاوازە لە پزیشکێك یان جوتیارێك .

سۆسێر پێیوابوو ئەو زانستەی، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت، تەنها سیستەمی لێکدان نییە، بەڵکو زانستی هێماکان (سیمۆلۆجیا)ش کاریگەری خۆی لەم بوارە نیشاندەدات. شارل پیرس بۆچونێکی تایبەتی بەزانستی هێماکان هەیە، کە دروستکردن و کردنەوەی کۆد و هێماکان لەخۆدەگرێت. بەکۆدکردنی بیرە نابەرجەستییەکان لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا جیاوازە وەك لە دەقی هونەریدا دەبینرێت، بۆیە ئەمە بوو بە کێشە لەبەردەم ڕەخنەگرانی ئەدەبیدا، هەرچەندە نوسەران پشت بە کەرەسەی بەکارهێنراوی ڕۆژانە ببەستن، بەڵام کۆدی بابەتی و جوانکاری هونەری پێچەوانەی زمانی و ڕۆشنبیرانی باو دەبێت. بۆیە کۆدە زمانییەکان، سیستەمێکی پێوانەیی ناوەکی نییە، بەڵکو نوسەر دەتوانێت سوود لەم کۆدانە وەربگرێت بۆ بەکارهێنانی شێوازی جیاواز، زمانی ئەدەب زمانی داهێنانە، هەمان بەکارهێنانی زمانی ئاسایی نییە.

پێویستە خوێنەر زانیاری هەبێت لەسەر ئەو کۆدەی، کە لە دەقەکەدا بەکارهاتووە، بتوانێت ئەو واتایە بدۆزێتەوە کە نوسەر مەبەستیەتی. دەقی ئەدەبی پێویستی بە درکپێکردن و وێناکردنی هێماکان هەیە، لە دەرەوەی بەکارهێنانی ئاساییدا بۆ ئەوەی بتوانێت درك بە واتا خوازراوانە بکات، کە بووە بە هەوێنی بونیادی هونەری دەقەکە. توانای هزری بۆ وێنەگرتنی ئەو وێنەیەی، کە لە ناو هزر و خەیاڵدا هەیە، لێکچونی لە وێنە هەستیەکانەوە. کە شاعیر خستۆتییە ڕوو. ئەمە توانایەك بە خوێنەر دەدات بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی دەقەکە لەسەر بنەمای پەیوەندی کات و شوێن.

لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا قسەکەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی کۆدکردنی چەمکەکاندا نەخشەڕێژییەك ئامادەبکات بۆ (بیرۆکە، یەکەی زانیارییەکان، هێزوئاوازە، ڕستە) بۆئەم مەبەستە سود لە شێوەزارەکان دەبینێت، کە وشەیەکی هاوواتای دەستبکەوێت لە یادگەدا بۆ چالاککردنی ئەم بیرە بەکاریبهێنێت و بیگەیەنێتە گوێگر، بە مەرجێك گوێگریش زانیاری هەبێت سەبارەت بە هەمان وشە، ئەمە هۆکارێکە یارمەتی گوێگر دەدات، کە هەمان شیکردنەوەی قسەکەر بەدەستبهێنێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم وشەیە بیرۆکە سەرەکییەکان بە زانیارییەکانی گوێگرەوە ببەستێتەوە.

هەرچەندە لێکتێگەیشتن هەیە لە نێوان قسەکەری خەڵکی هەولێر لەگەڵ خەڵکی سلێمانی، بەڵام هەندێکجار بە هۆی جیاوازی کۆدەکانەوە تووشی گرفتی تێگەیشتن دەبن، چونکە کۆدەکانیان هاوبەش نین ئەم کاریگەرە پەڕیوەتەوە سەر نوسراوەکانیش، بە تایبەتی لە دەقی هونەریدا دەتوانیت بە ئاسانی جیاوازی نێوان نوسەرێکی هەولێری، لەگەڵ نوسەرێکی سلێمانی بکەین. ئەمانە دەبنە هۆی جیاوازی شێواز، بۆیە هەرتاکێکی کۆمەڵ خاوەن شێوازێکی تایبەت بە خۆیەتی، بە هۆی جیاوازی کۆدە زمانییەکانەوە. "واتای شێوازی ئەو واتایەیە، کە زمان دەیگەیەنێت، دەربارەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی تێیدا بەکاردێت. هەندێك لە وشەکان و شێوەی گوتنەکە، جۆری دیالێکتەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوە هەندێکی تریان چینی کۆمەڵایەتی قسەکەرەکەمان بۆ دەردەخات" (محەمەد مەعروف ١٩٩٠: ١٥٩).

بەکارهێنانی زمان کردەیەکی ناوەکییە، بۆ دیاریکردنی بژاردەیەکی گونجاوە، کە هەموو سیستەمی هێماکان لەخۆدەگرێت. پلەیەکی بەرزی کارلێکردن لە نێوان بژاردەی زمانەوانی و هاوتاکردنی شێوەی ڕەفتاری نازمانی لە دەرکەوتنی فیزیکیدا دەبێت، تێڕاونینی جەستەیی بۆ بەرهەمهێنانی شێوەی پارازمانی

دەنگی، وەك؛ پێكەنین ، جوڵە ، نیگا ،......هتد دەگرێتەوە. هەڵبژاردەی زمانی لە كەناڵی نوسیندا بەكاردێت بۆ كردەی تێگەشتن لەگەڵ نواندنی ویناكردن بۆ جۆرە جیاوازەكان. هێما زمانییەكان هەڵدەبژێردرێن و بە یەكەوە دەلكێنرێن و دەق دروست دەبێت، دواتر ئاراستەی خوێنەر دەكرێت، ئەمە جۆرێكی ترە لە كردەی گەیاندن كە چەندەها شێوازی جیاواز لەخۆدەگرێت.

جۆرەها شێوازی گەیاندن هەیە، كە لە خودی زمانێكدا بە پێی بنەماكانی ئاخاوتن دەگۆڕێت، دەتوانرێت هێماكان بەكاربهێنرێت ئاماژەبێت بۆ ئاستێكی دیاریكراو بۆ دروستكردنی پەیوەندی نێوان هێماو زمان. هەوڵدەدرێت پارێزگاری لەو شێوازانە بكرێت، كە بۆ وەسفكردنی شێوەی ڕەهەندە زمانییەكان بەكاردەهێنرێن لە گفتوگۆی نافەرمیدا، هەمان هێما دەتوانرێت لە گفتوگۆی فەرمییدا بەكاربهێنرێت، بەڵام بەپێی جیاوازی كات كەس و شوێن و سیاق. كەواتە هەموو زمانێك ئەو توانایەی تێدا كە شێوازی جیاوازی تێدا بخرێتەڕوو "زمان و كۆد و شێواز چەند ئاستێكی گشتگیرن لە كردەی هەڵبژاردندا، جیاوازیان پەیوەستە بە چەند ڕێبازێكی دیاریكراو لە كردەی هەڵبژاردنی پێكهاتەكانی گفتوگۆكردن و بنەماكانی دەربڕین و دركاندندا بەدیدەكرێت" (**Verschueren 1999 :120**) لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە شێواز پەیوەستە بە هەڵبژاردنی ئەو هێمایانەی، كە هاوبەشە لە نێوان مێشكی قسەكەر و گوێگر. گالیسۆنGalisson پێیوایە "كردەی گەیاندن تەنها لەسەر ئاستی واتاسازییدا تەواو نابێت، ئەگەر بەرێكەوتنی پەیامنێرو پەیام وەگر نەبێت لەسەر ئەو كۆدەی، كە هەڵگری پەیامەكەیە. بۆ كردنەوەی هەمان واتا " (منذر عیاشی ٢٠١٥: ١٠٠). چونكە چالاكی زمانی هەڵقولاوی كۆمەڵە، خۆی بڕیار لەسەر ڕێكەوتنی بەكارهێنانی كۆدەكان دەدات، هەرتاكێك لە ناو كۆمەڵدا، دەتوانێت ئاماژە بە هێمایەك بكات بۆ گوزارشتكردن لە بیرێك بۆ جیاكردنەوەی شێوازەكانیان، كەواتە هێماكان واتای پێكەوە لكاوی جێگیریان نییە، بەڵكو واتاكان پەیوەستن بە دەوروبەری ئاخاوتنەوە، بە پێی پۆلینكردنی كۆمەڵ لە ڕووی پێگەی كۆمەڵایەتی و جۆری پیشە و ئاستی ڕۆشنبیری.

كۆدە زمانییەكانیش بە هەمان شێوە پۆلین دەكرێن. هەرتاكێك بە پێی پیشەكەی كۆمەڵێك زاراوەی لە زانیارییەكانی یادگەدا هەڵگرتووە تایبەتە بەخودی خۆی، بەڵام كەسێكی تر كە پیشەكەی جیاوازبێت، كۆمەڵە زاراوەیەكی تری لەلایە، كە تەرخان كراوە بۆ ئەم پیشەیە. بۆ نمونە كەسێكی لادێی كۆمەڵێك وشەی لەلایە، كە لای كەسانی شار ئەم وشانە بوونیان نییە. وەك؛ (جووت – شەنە – گێرە – جۆماڵ- ....... هتد)، ئەم زاراوانە مانەوەیان هاوتەریبە لەگەڵ بەردەوامی پیشەكە، بەڵام كاتێك ئەو كەسە لەم پیشەیە دادەبڕێت، بە پێی تێپەڕبوونی كات بە شێوەیەكی پلەیی وشەكانی بیردەچێتەوە. واتە چالاكی وشەكان و مانەوەیان لە مێشكدا پەیوەستە بە چالاكی ژیان و بەردەوامی. بەكارهێنانی شێوەزار وەك شێوازی داهێنان بەكاردەهێنرێت لە دەقی هونەریدا دەبێتە مایەی سەرنجڕاكێشانی خوێنەر "هەندێكجار بەكارهێنانی شێوەزار لەلایەن گێڕەرەوە دەبێت، ئەمە پێشبینیەكان لاواز دەكات، بەڵام دەتوانرێت لە ڕێگەی ڕەگەزەكانی تری دەق ئەم هاریكارییە ئەنجامبدرێت"(Black2006:89). فرە دەنگی لە دەقدا هۆكارێكی گرنگە بۆ ئەم جۆرە شێوازە. هەندێكجار جۆری بابەتەكە وادەخوازێت، كە كارەكتەرەكان بە شێوەزاری خۆی ڕاستەوخۆ گفتوگۆبكات، یان وەك جوانكاری دەق بەكاردەهێنرێت. كردنەوەی كۆدی شێوەزاری جیاواز، كاریگەرییەكی زۆری لەسەر لێكەوتە و پێشبینیەكانی خوێنەر هەیە.

نمونە:

"یەكێك لە سۆفییەكان ڕووی كردە شێخ و پرسی: " پێدەچێت لە ڕێگەیەكی دوورەوە هاتبن" شێخیش لە بەرسڤی قسەكانیدا سەرێكی بۆ لەقاند و بەڵێیەكی بۆ كرد" (نەبەز گۆران ٢٠١٦: ١٨).

لەم دەقەدا نوسەر بە شێوەزاری كرمانجی ناوەڕاست دەقەكەی نووسیوە، بەڵام ئاماژەی بە وشەی (بەرسڤ)كردووە، كە لە كرمانجی ژووروووداو بەكاردەهێنرێت، ئەمە بووە بە لادان لە شێوەزارەكان، وەك شێوازێكی هونەری، كە ببێتە جێی سەرنجی خوێنەر، ئەگینا نوسەر دەتوانێت وشەی (وەڵام) بەكاربهێنێت. ئەم وشەیە بەكارهێنانی فراوانە، نابێتە ئەستەم لەبەردەم خوێنەر، چونكە واتاكەی ڕوونە.

بەكارهێنانی دوو شێوەزار لە دەقدا بە زیاتر لە ڕێگایەك ئاماژەی پێدەكرێت، بەمەبەستی جیاكردنەوەی، كەسایەتییەكان، بۆ ئەوەی خوێنەر كارلێكبكات لەگەڵ ئەوبەشە بچووكەی، كە كۆدی شێوەزارێكی تری هەڵبژاردووە. ئەمە سەرنجی خوێنەر ڕادەكێشێت بۆ ئەوەی بزانێت بۆ چ مەبەستێك ئەم كۆدە بەكارهاتووە و كاریگەری چییە لەسەر دەربڕینەكە؟ ئەگەر بەشێوەیەكی سەركەوتوانە ئەم كۆدە

بەکارهاتبێت، ئەوا خوێنەر هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ دۆزینەوەی واتا شاراوەکان، بەکارهێنانی شێوەزاری جیاواز پێویستی بە توانایەکی گەیاندنی باش هەیە، هەندێکجار بۆ مەبەستی خستنەڕووی تەمومژی واتایی بەکاردەهێنرێت. وەك لە دەقی هونەریدا دەبینرێت بە شێوەییەکی گشتی و هۆنراوە بە تایبەتی، چونکە زمانێکی چڕوپڕە، نوسەر دەیەوێت واتاکان لە ژێر کۆدەکان بشارێتەوە. تایبەتە بە هۆکارێك بۆ خوێنەر، کە بە پێی توانی مەعریفی خۆی درك بە واتاکە بکات. زۆر جار ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئەم دەقە لێکدانەوەی جیاواز لەخۆبگرێت.

نمونە:

ئەڵێن ژنێکی گەرمەسێر<br>
داویەتیە دەشت<br>
بووە بە گڕەی بێ داڵدە و<br>
بەتەوارێکی شێت و وێت<br>
ئەڵێن بووە بە زیگاری (شێرکۆ بێکەس ٢٠٠٤: ٦٠)

شاعیر لەم هۆنراوەیەدا وشەی (زیگاری) بەکارهێناوە، وشەیەکی باو نییە لە ئێستا بەکارهێنانی، کەمە، یان نەماوە. کە بە واتای(شەونشینی)دێت.ئەم کۆدە لای خوێنەرانی ئێستا بوونی نییە، بۆیە ناتوانیت لێکەوتەیەکی بەهێزی بۆ دابنێیت. یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەم شاعیرە ئەوەیە، کە وشە ناوچەیەکان لە نێو دێرە شعرەکانی بەکاردەهێنێت. مەبەستی شاعیر لەم جۆرە بەکارهێنانە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

١- زیندووکردنەوەی ئەو وشانەیە کە بەکارهێنانیان لاوازبووە.
٢- بۆ دروستکردنی تەمومژی واتایی بۆ ئەوەی ببێتە جێگەی سەرنجی خوێنەر .
٣- شاعر هەندێك وشەی ناوچە جیاوازەکان بەکاردەهێنێت وەك ئاماژەیەك بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو، چونکە بابەتی دەقەکە تایبەتە بەو ناوچەیە.

### ٤-٢-٤- چێوەڕێژی زانیارییەکان Frames

ئەو زانیاریەیە، کە لە مێشکی خاوەن زمان هەڵگیراون، هەرتاکێك دەتوانێت لە هەڵوێستە جیاوازەکانی دەربڕیندا بەکاریانبهێنێت و تێیانبگات بە پێی تیۆری (منسکی Minsk's Frames[٣٨] theory). پێیوایە ئەو زانیارییە هەڵگیراوانەی یادگە دەگرێتەوە، کە بەشێوەی بونیادی تەرخانکراو بۆ داتاکان دانراون، "هەر نمونەیەکی بنچینەیی قالبێکی جێگیری هەبێت ناونراوە چێوەڕێژی مەعریفی" (Brown & Yule1983:938). هەزانیارییەکی هەڵگیراو تایبەتکراوە بە شتێکی دیاریکراو.

نمونە: لە کاتی هەڵبژاردنی دەستەی پەرلەمان یان سەرۆکی وڵات، هەرتاکێك پێویستە بچێتە سەر سندوقی دەنگدان، بەڵام پێویستە هەندێك بەڵگەی لەلابێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات. بەم دەربڕینە ئاگادار دەکرێتەوە :

- کاتێك دەچیت بۆ ناوەندی دەنگدان، بەڵگەی ناو و ناونیشانەکەت دەدەیت بە فەرمانبەرەکە.

لێرەدا چوارچێوەیەك لە مێشکی گوێگردا هەیە، کە تایبەتە بە(چوارچێوەی دەنگدان). گوێگر زانیاری هەیە لەسەر پرۆسەی دەنگدان، لە ڕێگەی دەربڕینەکەوە، کە لەم چوارچێوەیە پێشبینی کراوە، کە لەم ناوەندە، زانیاری، کەسی بۆ ئەو کەسە لە بەر دەستی فەرمانبەرەکاندا هەیە. لێرەدا گرفتێك لەم بۆچونە دروستدەبێت، ئەگەر زانیاری لای فەرمانبەرەکە هەیە، گوێگریش زانیاری هەیە. چ هۆکارێك وایکردووە ئەم گوتارە بەرهەمبێت؟

ئەم زانیارییانە نابنە بنەڕەتی فێربوون بۆ کەسێك، کە زانیاری هەبێت لەم بارەوە، ئەمە بەبیرهێنانەوەیە بۆ کاراکردنی زانیارییەکە، بەڵام ئەم زانیارییانە سودمەندن بۆ فێربوونی، کەسێك کە

[٣٨] - منسکی لە تێورەکەیدا گرنگیەگی تایبەتی بەدیاردە زمانییەکان نادات، بە ڵکو باس لەو زنیاریانە دەکات، کە لە ڕێگەی هەستی بینین و یادگەی هەستیدا هەڵدەگیرێن (Brown & Yule1983:238).

زانیاری نەبێت لەسەر ئەم پرۆسەیە. کاتێك کە مرۆڤ ڕوو بە ڕووی هەڵوێست و زانیاری تازە دەبێتەوە لە یادگەدا بونیادێك هەڵدەبژێرێت، کە پێیدەوترێت چێوەڕێژی مەعریفی، بە پێی ئەم چوارچێوەیە هەڵوێست و زانیارییەکان هەڵدەسەنگێنن بۆ دیاریکردنی مەبەستەکەی.

- لێوانی هاوڕێم لە شاشەی تەلەفزیۆنەکەدا بینی لەسەر کەشتیەکی بچوك لەناو شەپۆلی دەریاکەدا دەڕۆیشت.

لەم دەربڕینەدا گوێگر لەوانەیە بە زۆربەی زانیارییەکان ئاشنابێت، بەڵام ئەوەی بە لای ئەوەوە تازەیە (کەشتیەکەیە ، شەپۆلی دەریا)، چونکە لەوانەیە لەم چوارچێوەیەدا بیرۆکەی سەفرکردن لای ئەو بوونی نەبێت. چوارچێوەی گشتی زانیارییەکان لە چەند چوارچێوەیەکی بچوك پێکهاتوون، بەڵام گوێگر لە ناو هەموویاندا یەکێکیانی بەلاوە تازەیە، کە دەتوانێ لە ڕێگەی پەیوەندی پێکبەستنەوە بونیادی ئەم زانیارییە بدۆزێتەوە. ڕستەکە لە ڕووی پێکهاتەوە دوو بەشە :
١- لێوانی هاوڕێم لە شاشەی تەلەفیزیۆنەکەدا بینی.
٢- لەسەر کەشتیەکی بچوك لە ناوشەپۆلی دەریاکەدا دەڕۆیشت.

بەشی یەکەم لە ڕێگەی فریزی ناوی (لێوانی هاوڕێم)ڕوون و ئاشکرایە، لە ڕێگەی ئەمەوە دەزانین مەبەستی ڕستەی دووەمیش هەر بۆ(لێوان) دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵام بەهۆی (ج،ل)، کە ئاماژەیەکی، کەسییە هۆکارە بۆ بەیەکبەستنەوەی هەردوو ڕستەکە مەبەستەکە بزانین. هێزی کردەی قسەیی کاریگەری لەسەر جۆری بەدوایەکهاتنی ڕستەکاندا هەیە "ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی شێوازگەری گوتاری، زانیاری کۆمەڵایەتی "(فان دایك ٢٠١٣: ٣٥٢). دەبێت جیاوازی پراگماتیکی لە نێوان ئەو دەربڕینانە بکرێت، کە زانیارییەکان لەڕستە بەدوایەکهاتوەکاندا ڕێکبخات لە ڕێگەی هێزی کردەیی قسەییەکان لە بونیادی ناوەوەدا.

### ٤-٢-٥- دەستنووس Script[٣٩]

ئەمە بونیادێکی مەعریفیە بۆ دۆزینەوەی لێکدانی ڕووداوێك "ئەم بونیادە لە زانیاری پێشینەیەکاندا بوونی هەیە، بەدوایەکهاتنی ڕووداوەکان لەخۆدەگرێت" (Yule1990:86). بۆ بەدوایەکهاتنی ڕووداوەکان پشت بە چەمکەکان دەبەسترێت، کە لە سیاقێکی دیاریکراودا بوونیان هەیە. ئەم چەمکە شیکردنەوەی دیارکراوی تێگەیشتنی زمانی لەخۆدەگرێت، کە شانك ساڵی ١٩٧٢ بە بەدوایەکهاتنی ویناکردن ناوی بردووە. بۆ نواندنی واتای هەر ڕستەیەك، وێنایەکە لە مێشکی قسەکەرو دروست دەبێت، هەر ڕستەیەك دەبێتە کۆدێك بۆ پەیوەندیکردنی بە وێناکردنی دوای خۆی. ئەمە بە هێڵکاری وێناکردن ناسراوە(Brown &Yule1983:241). ئەم وێنانە پەیوەندی واتایی بەدوایەکی هێناون، واتە هەموو هێڵەکانی ناو تۆڕەکە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. بەرەچاوکردنی زانیاری هاوبەش و مەرجی ناسینەوەی بابەتەکە، تا لە شێوەی کردەی قسەیەوە ئەنجامبدرێت. دەتوانین ئەمە پەیوەست بکەین بە داهێنانی ئەدەبی، کە نوسەر خەیاڵی خۆی دەکاتە پێگەی دروستکردنی ئەم وێنانە، بۆیە هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دایە بۆ بەرجەستەکردنی شێوازی تازە، سەرەتا هێڵکاری وێناکردنی بابەتەکە بکات، کە دەبێتە بەشێکی گرنگی بەرهەمهێنانی دەقەکە. لە دەقی گێڕانەوەدا نوسەر پەنا دەباتە بەر وەسفکردنی، کەسایەتی و شوێن ......هتد بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بە خوێنەر بدات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەوە، کە دەبن بە زانیاری پێشەکی بتوانێت ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە کە نوسەر بۆی بەجێدەهێڵێت.
أ- لێوان برنجەکەی بە کەوچك خوارد.
ب- لێوان برنجەکەی بە کەوچك گواستەوە بۆ دەمی.
لە ڕستەی (أ)دا ئەو وێنایەی، کە لە مێشکی گوێگر دروست دەبێت بۆ ئەم ڕستەیە لەگەڵ واقیعدا گونجاوە زانیارییەکی هاوبەشە لە نێوان هەردوو بەشداربوودا، ئەگەر وشەی(کەوچك)یش ئاماژەی پێنەکرابوایە گوێگر درکی بەم واتایە دەکرد، بەڵام قسەکەر درێژبڕی لەدەربڕینەکە کردووە، زیاتر وەسفی باری

---

[٣٩] - زاراوەی (Script) لە لایەن Schank&Abelson لە ساڵی ١٩٧٧ خرایە ڕوو، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو نوسراوەی کە لێکدراوە لە گەڵ نەخشەڕێژی زانیارییەکان دەربارەی لێکدانی زنجیرەیك ڕووداو. (Jeffries&Mclntryre2010:128 )

ڕووداوەکەی کردووە. لە ڕستەی (ب)دا وێناکردنی ڕووداوی گواستنەوە لەگەڵ زانیاریە پێشینەییەکاندا ناگونجێت، هەمان وێنا لە مێشکی گوێگر دروست ناکات، هەرچەندە هەمان واتا دەگەیەنێت، کەواتە هەر ڕووداوێك پەیوەندی بە کەرەسەکانی تری ناو ڕستەکەوە هەیە، کە لەگەڵیدا دەردەکەون.
بۆ فراوانکردنی بازنەی شیکردنەوەی وێناکردنی ڕستەکان، کەدەبن بە زانیاری هاوبەش، چۆن کاری تێگەیشتن بۆ گوتراو خوێنراوەکان ئەنجامبدەین لە ڕێگەی پێشبینیەکانەوە.
نمونە
- سیاکۆ ئۆتۆمبیلەکەی بە دیوارەکەدا کێشا، ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن سیاکۆی برد بۆ (........).
لەم ڕووداوەدا چەند ڕستەیەك هەیە، کە گوزراشت لە وردەکاری ڕووداوەکە دەکەن، بەڵام لە کۆتاییدا بۆشایەك دانراوە، کە بەپێی بۆچوونی گوێگر بە پشت بەستن بە زانیاری پێشەکی ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە. لەم بارەدا گوێگر پێشبینی ئەمە دەکات، لە ئەنجامی دروستبوونی ئەم ڕووداوە(سیاکۆ)یان بردبێت بۆ نەخۆشخانە، یان لای پزیشك یان شتێکی لەو بابەتە، کە پەیوەندی بەچارەسەرکردنەوە هەیە، چونکە زانیارییە گوتراوەکان هاوکار دەبن بۆ دروستکردنی زانیاری پێشەکی.

### ٤-٢-٦- سیناریۆScenarios[٤٠]

ئەو زانیارییە هاوبەشەی، کە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی کاری تێگەیشتن لە هزردا، بۆ کردەی ڕاڤە کردنی واتا لە هزری مرۆڤدا، بە نواندنی ئەو زانیارییانە دەبێت، کە پێشتر هەڵگیراون. ئەم چەمکە لە بواری دەقی نوسراودا بەکاردەهێنرێت بۆ ڕاڤەکرنی دەق و بیرکردنەوە لەو دەوروبەرەی، کە گوزارشت لە پێکهاتەی لێکدانەوەی سەرووی دەقەکان دەکەین، چالاککردنی زانیارییەکانی هزری لە ڕێگەی دەربڕینەکانەوە دەبێت، ئەو دەقانەی، کە بە خێرایی چالاکدەکرێن ماوەی خوێندنەوەیان کەمە، چونکە تاڕادەیەك گونجاندن لە نێوان پێکهاتە و هزردا بەرجەستە دەبێت ئامانجی دەقەکە دەپێکێت.
نمونە:
ئەگەر دوو دۆسیەی جیاواز ببینرێت بەم شێوازە گوزارشت لە ڕووداوەکان بکەن :
أ- - ناونیشان : لە دادگا
- پرسیار لە تاوانبارەکە دەکرێت
- تاوانبارە بە کوشتن
ئامانج : هەوڵی پارێزەرەکە بۆ سەڵماندنی بێتاوانی بوو.
ب- - ناونیشان : گوتراوی درۆ(ناڕاست)
- پرسیار لە تاوانبارەکە دەکرێت.
- نەیتوانی ڕاستیەکە بڵێت.
- هەوڵی پارێزەرەکە بۆ سەلماندنی بێتاوانی بووە. (Brown&Yule1983:246).

لە دەرەنجامی ئەو ڕێکخستنەی، کە لە دەقەکدا دەبینرێت لە(أ)دا خێرایی خوێندنەوەکە و گەیاندنی بەهزر ماوەیەکی، کەمی دەوێت، چونکە دەقێکی گونجاو دیاریکراوە بە پێی بارودۆخی دەقەکە و جۆری ئامانجی دەقەکە، کە بە فریزی (لە دادگا ئاماژەی پێکراوە)، بەڵام سیناریۆی دووەم خوێنەر تووشی وەستانێك دەکات بۆ لێکدانەوەی ئەم باردۆخە، واتە کاتی زیاتری دەوێت و ئامانجی دەقەکە ڕوون نییە. چۆن خوێنەر دەتوانێت ئەو پەیوەندییە دروستبکات، کە لە دەربڕینەکەدا بەدیدەکات لە گەڵ بارو دۆخەکە، چونکە گوتراوێکی درۆ پێویستی بە پارێزەر نابێت و دیاریکراو نییە " ئەم زانیارییەی، کە بە پێی سیناریۆکان دەگەڕێنرێتەوە، پشت بە لێکدانەوەی دەروونناسی یان زیرەکی دەستکرد دەبەستن" (محمد خطابی١٩٩١ :٦٢) لە ڕێگەی گەڕاندنەوەی زانیارییەکان بەم شێویە، وەك دیاردەیەکی گشتی جۆری دەقەکان لە یەکتری جیادەکرێنەوە، زانایانی دەروناسی، گرنگی بە لێکۆڵینەوەی نواندنی مەعریفی دەدەن "زۆربەی دەقەکان، کە سانفۆرد و گارود گفتوگۆیان لە سەرکردووە، زیاترلە شێوەی دەقێکی گوتراو

[٤٠] - سانفۆرد و گارود لە ساڵی ١٩٨١ زاراوەی(Scenarios) یان بۆ ئەم جۆرە زانیارییە هەڵبژاردوە(Broun&Yule1998:245).

دانراون، بۆ ئەوەی تاقیبکرێنەوە لە تاقیگەی دەروونناسی ئەزموونگەری" ( Brown&Yule 1983:246 )٠

### ٤-٢-٧- نەخشەڕێژی Schema

نەخشەڕێژی ئاوەزی پێکهاتەیەکی مەعریفیە نواندنی ڕێڕەوێکە بۆ ڕەگەزێکی دیاریکراو یان درکپێکردنێك یان ڕووداوێك، یان برگەیەك لە ڕووداو یان بارێکی کۆمەڵایەتی. ئەم پێکهاتەیە پەیکەرێکە بۆ چەمکێك، کە وەسفێکی نمونەیی پێشکەش دەکات "کانت پێیوایە نەخشەڕێژی بونیادێکی ئەندێشەییە، کە چەمك و درکپێکراوەکان بەیەکدەگەیەنێت " (صابر الحباشە ٢٠١٠: ٦٩). بەڵام ناتوانین هەموو پلانرێژییەك بە ئەندێشە ببەستینەوە، چونکە ئەم نەخشەڕێژییە پەیوەستە بە زانیارییەکانی مرۆڤ، کە بتوانێت بە پێی ئەم زانیارییانە نەخشەڕێژی ئاوەزی بگوازێتەوە بۆ نەخشەڕێژییەکی وێنەی سروشتی، کە بوونێکی بەرجەستەیە هەیە، ئاستی نەخشەڕێژی بۆ وێنەکان لە لە کردەی ئاوەزیدا، بەڵگەیەکە پشتیوانی جیاوازی نێوان ئەندێشە و نەخشەڕێژی دەکات، ئەمە پەیوەستە بە جۆری بابەتەکەوە، زانیارییەکان بە پێی جۆری بابەتەکە لە سەر دەربڕینەکان دابەشدەکرێن، گوێگر درك بە زانیاری سەرەکی بکات و جیابکاتەوە لە زانیارییە لاوەکییەکان

زانیاری پێشینەیی هۆکارە بۆ داڕشتنی نەخشەیەك بۆ هەر کارێك کە ئەنجامدەدرێت، ئەم زانیارییە جۆرێکە لە نەخشەڕێژی ئامادەکراو لە هزری مرۆڤدا کە گوزارشت لە نەخشەیەکی سەرەتایی دەکات. "زاراوەی سکیما ئاماژەیە بۆ ڕەگەزەکانی زانیاری پێشینەیی دەربارەی نەخشەیەك بۆ بابەتێکی دیاریکراو لە جیهاندا" (Jeffries & Mclntryre2010:127 ). ئەم دیاردەیە بە ڕوونی لە چیرۆکدا دەبینرێت. بۆ هەر چیرۆکێك نەخشەڕێژییەکی ئاوەزی دیاریکراو هەیە، کە پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتوری هەیە، چەند ڕەگەزێك لەخۆدەگرێت وەك ڕەگەزی (چێوەڕێژی)، کاتێك ئاماژە بەڕستەی دەستپێك دەکرێت لە چیرۆکی سادەدا. دواتر زانیارییەکان لەسەر ڕستەکانی دەقەکە دابەشدەکرێت، بەڵام "ئەمە تەنها بابەتێکی واتایی ناگرێتەوە، بەڵکو کردەیەکی بەجێهێنانی هاوبەشە بۆ گەیاندن" (فان دایك ٢٠١٣: ٣٥٢). ڕێکخستنی زانیارییەکان تایبەتە بەکۆزانیارییەکانی نوسەر / قسەکەر و خوێنەر گوێگر، لە دەقەکەدا دەشێت زانیارییەکان بە ڕێژەیەك جیاوازیان هەبێت، بەڵام سیاق هۆکارێکی گرنگە بۆ هاوسەنگکردنی زانیارییەکان . ئەم نەخشەڕێژییە بە پێی زانیارییەکان وەك شانۆیەك وایە بۆ بیرەکان لە کردەی ڕێکخستنی ئەزموونی و ڕاڤەکردنیان، بۆ هەر نوسەرێك بە جۆرێکی تایبەت ئەم نەخشە ڕێژییە دادەڕێژێت، کە جیاوازە لە یەکێکی تر، ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوازی جیاوازلای نوسەر بە پێی ئەو زانیاریانەی، کە هەیەتی. هەندێکجار لە گوتاری سیاسیدا ئەم نەخشە ڕێژییە بەدیدەکرێت، لە کاتی گفتوگۆکردندا کاتێك لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بانگەشە بۆ پارتێکی سیاسی دەکرێت. ئەو کەسەی، کە شارەزایی هەیە لەسەر ئەم بارودۆخەی ئەم پارتە پرسیاری لێدەکرێت:

أ- دەتوانیت گوێ لە گوتاری ئەم پارتە بگری، کە بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی دەکات؟

ب- نەخێر تەلەفزیۆنەکە بکوژێنەوە، من دەزانم پێشتر چییان گوتووە.

بۆ لێکدانەوەی وەڵامی (ب) بە پێی دەربڕینەکە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە گوێگر نەخشەیەکی ئامادەکراو لە هزریدا هەیە. چونکە زانیاری پێشینە سەبارەت بەم پارتە، هۆکار بۆ وەڵامدانەوەی نەرێنی پرسیارەکە خستنەڕووی پێشبینی بوو بۆ قسەکەری (أ).

دوو هۆکاری گۆڕاو کاریگەریان هەیە لەسەر ئەم جۆرە نەخشەڕێژیە بۆ زانیارییەکان:

١- لایەنی، کەلتوری: یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە پەیوەندی بە خێرایی تێگەیشتن هەیە، چونکە زانیاری گونجاوی هەیە، سەبارەت بە باتەکان. براون یۆڵ "پێشبینی ئەوە ناکەن، کە دەق نەخشەڕێژییەکی گونجاوی لە هزردا نەبێت، کە چارەسەر نەکرێت"(Brown&Yule1983:48).

کاتێك گفتوگۆ لەسەر بنەماکانی هاریکاری دەکرێت، پێشبینی جۆرێکی دیاریکراوی زانیاری کلتوری دەکرێت لە ناو ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵ بۆ سەلماندنی ڕاستی دەربڕینەکان بۆ ئەمەش پێویستی بە شیکردنەوەی بنەماکانی چەندیتی و چۆنییەتی دەبێت "بۆ شیکردنەوەی کردە قسەییەکانی ستایش و

سوپاسگوزاری و بۆزشهێنانەوە هیچ جیاوازییەکی ناوەڕۆکی تێبینیناکرێت، کە لە نێوان کەلتورە جیاوازەکاندا هەیە" (Yule1996:88). جۆری شێوازی دەبڕینەکان ئەم جیاوازییە دروستدەکات.

تانن لە ساڵی ١٩٨٠ تاقیکردنەوەیەکی ئەنجامدا بە مەبەستی دیاریکردنی کلتوری جیاواز بۆ دروستکردنی بونیادی پێشبینییەکان " فلیمێکی بێدەنگی پێشکەشی دوو کۆمەڵە کرد، کە یەکێکیان ئەمریکی بوو، ئەویترشیان یۆنانی بوو، دوای کۆتایی هاتنی فلیمەکە، داوای لێکردن هەرکۆمەڵێك بە پێی دید و بۆچوونی خۆی باس لە فلیمەکە بکات، یەکەمیان، کە ئەمریکییەکان بوون، بە دووروودرێژی باسی ڕووداوەکانیان کرد، زیاتر گرنگیان بە تەکنیکی بەکارهێنانی پەخشی فلیمەکە دابوو، بەڵام یۆنانییەکان بە دوورودرێژ باسیان لە ڕووداوەکان دەکرد و گەشەیان بەچیرۆکەکەدا، لە ڕێگەی زیادکردنی چەند ڕووداوێك، بەهۆی ڕاڤەکردنی دوورودرێژ بۆ پاڵنەرەکانی هەستی، کەسی لە پەخشی فلیمەکەدا (Brown & Yule1983:248). کەواتە کەلتوری پێشینەی جیاواز، دەتوانێت نەخشەڕێژی جیاواز بەرهەمبهێنێت بۆ وەسفکردنی ڕووداوەکان.

٢- گۆڕاوی دووەم تایبەتە بە جیاوازی ڕەگەزی و جۆری بابەتەکە. هەربابەتێك نەخشەڕێژی تایبەتی خۆی هەیە، کە لای تاکەکانی کۆمەڵ وێنادەکرێن، باسکردنی بابەتێکی سیاسی جیاوازە لە بابەتی کۆمەڵایەتی ....هتد. هەرهەمان بابەت لە ڕەگەزێك بۆ یەکی تر بە پێی تایبەتمەندی خۆی لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت بە پێی گۆڕانکارییەکانی هەیەتی. ئەندرسۆن و هاوڕێکانی لە ساڵی ١٩٧٧ تاقیکردنەوەیەکیان لە خوێندنگایەك ئەنجامدا ، دوو کومەڵە خوێندکار هەبوون، یەکێکیان کچ بوون لە بواری مۆسیقا دەیانخوێند، کۆمەڵەی دووەم کوڕبوون تایبەتمەند بوون بە وەرزشی بەرزکردنەوەی قورسایی، دەقێکی نوسراویان خرایە بەردەست کە بەم شێوەیە بوو" کۆمەڵێك هاوڕێ هەموو شەوانێکی شەممە لەماڵی یەکێکیان کۆدەبوونەوە بۆ ئەنجامدانی یاری و کات بەسەربردن، گفتوگۆیان دەربارەی یارییەکان کرد، لەسەر یەکێکیان ڕێکەوتن، بەڵام لە کۆتایدا ئاماژە بە هیچ یارییەکی دیاریکراو نەکرابوو"(Brown&Yule1983:249-250). کچەکان پیانوابوو، ئەو یارییە هەڵبژێراوە مۆسیقاو گۆرانی بووە، بەڵام کوڕەکان پیانوابوو یاری(وەرقە)ئەکەن.ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، کە توانای خستنەڕووی دەق تەنها پابەند نییە بە خودی دەقەکە، بەڵکو نەخشە ڕێژی هزری و ڕووبەڕووبوونەوە و ئەزموونی پێشوو هۆکارێکی ترە بۆ لێکدانەوەی دەق.

## ٤-٢-٨- مۆدێلی ئاوەزی Mental Models

دروستکردنی ئەم مۆدێلە لە ئاوەزدا لەسەر بنەمای زانیارییەکانی پێشینە دەبێت، گواستنەوەی واتای پیتی وشەکان بۆ واتای دەوروبەر. هەموو کردەیەکی پێشینەیی دەوستێتە لێکدانەوەیەکی دیاریکراوی پێشینەیی. چۆنییەتی لێکدانەوەی دەق دەگۆڕێت بە پێی جیاوازی شێوازو ڕێکخستنی هەڵگرتنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی جێگیر "لەم کردەیەدا پێویستە خوێنەر هەڵسێت بە گواستنەوەی واتای نوسراوەکە بۆ ئەو واتاییەی، کە نوسەر مەبەستیەتی بیگەیەنێت" (Brown&Yule1983:256).

أ- ماسیەکە هێرشی کردە سەر مەلەوانەکە.

لەم ڕستەیەدا لە خوێندنەوەی یەکەم درك بەوە دەکرێت، کە ماسی قرشە، نەك ماسی ئاسایی، چونکە هەمان سیمیایی واتای ماسی دەبەخشێت کە؛ ( گیانەوەرە، لە ئاودەژی )بەڵام سیمایەکی جیاکەرەوە واتاکانیان جیادەکاتەوە، واتە لە ڕێگەی گۆرینی (ماسی) بە (قرش) ڕستەیەکی باشتر بەرهەم دێت، خێرایی تێگەیشتنی زیاترە لە ڕستەی (أ)، بۆیە دەتوانین بڵێن تێگەیشتن لە ڕێگەی نمونەی ئاوەزی زیاترە لە تێگەیشتنی لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی واتای وشەکان، بەڵام دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت، کە ئەم نمونەیە تایبەتە بە دەقێکی دیاریکراو، لە دەقێکی تردا ناتوانین لە ڕێگەی وشەی (ماسی) لە وشەی (قرش) تێبگەین. جۆنسۆن پێیوایە(بیر لە تیۆری زانستی واتاسازی نمونەییدا، پشتیوانە بۆ تێگەیشتن لە نمونەی ئاوەزی، لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت بونیادی نمونەیی بەکاربهێنرێت، بۆ نواندنی خاڵێکی دیاریکراو لە کات و شوێنێکدا، کەواتاکەی لە گەڵ ڕستەیەکدا ڕێکبکەوێت (Brown&Yule1983:252).

کردەی هزری بۆ زانیارییە پێشینەییەکان، لە چوارچێوەی وشەیەکدا ڕوونکردنەوە بۆ ڕستەکە دەخاتەڕوو، هەندێکجار یەك فۆرم هەیە بە دوو شێوازی جیاواز لە ڕستە بەکاردەهێنرێت، بەڵام هەریەکەیان وەسفی بەشێکی دیاریکراو دەکات لە ناو ڕستەکەدا، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی مۆدێلی ئاوەزی کاربۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە بکرێت.
ب- هەستی چیرۆکەکەی باش خوێندەوە.
پ- هەستی چیرۆکێکی بە باشی خوێندەوە.
ڕستەی (ب) (باش) وەسفی جۆری خوێندنەوەکە دەکات، نەك چیرۆکەکە، بۆ شیکردنەوەی ئەم کردەیە، پشت بە زانیاری پێشینە دەبەستن بۆ جیاکرنەوەی لە ڕستەی (پ) کە وەسفی چیرۆکەکە دەکات. مۆدێلی ئاوەزی دەتوانێت زانیارییەکان بە پێیی داواکاری پێویست دابەش بکات. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت بە نواندی ئەم کردەیە ڕێڕەوێك دێتە پێشەوە بۆ چۆنییەتی تێگەیشتنمان لە دەق و گوتارەکان.

## ٤-٢-٩- دیاریکردنی دەرئەنجامی بەڵگەدار

گوتارێك یان دەقێك دەخرێتە ڕوو کە هەڵگری مەبەستێکی دیاریکراوە، ئەم مەبەستە لە پشت دەقەکەوە دەدۆزرێتەوە لە ڕێگەی کۆ زانیارییەکانەوە، خودی وشەکان، مەبەستەکە ناگەیەنن، بەڵکو هاوکاری دەکەن بۆ گەیاندنی مەبەستەکە. لە نمونەی(ب)دا وشەی (پەنجەرە) هێزی گەیاندنی زیاترە لە وشەکانی تر. دەتوانین ئەمە پەیوەست بکەین بە دەربڕینی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کردەی قسەییەکاندا. نمونە:
أ- کەش هەوا زۆر ساردە، ئەو پەنجەرەش کراوەتەوە.
ب- بە یارمەتیت ئەم پەنجەرە دابخە.
لە ڕستەی(أ)دا مەبەست لە گەیاندنی هەواڵ نییە، بەڵکو پێشکەشکردنی داواکارییە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، گوێگر دەتوانێت ئەم مەبەستە لە ڕێگەی ڕستەکانەوە بدۆزێتەوە، کە مەبەستی قسەکەر لەو سیاقەدا داخستنی پەنجەرەکەیە، بەڵام لە ڕستەی(ب)دا قسەکەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە مەبەستەکە کردووە، لە ڕێگەی واتای وشەکان مەبەستەکەت دەستدەکەوێت، کەواتە ئەمە "بەڵگەیە بۆ کردەی بەرهەمهێنان و دۆزینەوەی بەڵگەیەك لە لێکدانەوەی داواکاری ناڕاستەوخۆدا" (Brown&Yule1983:256). لە گوتاری ڕاستەوخۆی ڕووبەڕوودا کاتێکی زۆرتر پێویستە بۆ ڕاڤەکردنی مەبەستێکی ناڕاستەوخۆ. "سیرل پێوایە گواستنەوەی کردەی زمانی ڕاستەوخۆ بۆ کردەی زمانی ناراستەوخۆ لە ڕێگەی زنجیرەیەك بەڵگەوە دەبێت کە پشت بە زانیارییە دابەشکراوە زمانی نازمانییەکان دەبەستن لە نێوان بەشداربوانی ئاخاوتن" (أحمد متوكل ٢٠١٠: ٣١).
هەندێکجار مەبەستەکە ناڕاستەوخۆ دەبێت بەرامبەر خودی گوێگرەکان، چونکە مەرج نییە هەمیشە دەربڕینەکە لە نێوان خودی قسەکەرو گوێگر بێت، لە هەندێك باردا لایەنی، سێیەم، کە بریتییە لە گوێهەڵخەر بە شێکی مەبەستەکە لەخۆدەگرێت. لەم بارەدا دەربڕینەکە دەخرێتەڕوو، بەڵام بە پێی زانیارییەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاراستەی گوێهەڵخەردەکرێت نەك گوێگر. سیاقی زمانی و نازمانی کاریگەری هەیە لەسەر خستنەڕووی مەبەستی پێشوەخت "چالاکردنی زانیارییەکان لە خوێندنەوەی دیاریکردنی ئاماژە ناوییەکاندا بە چالاککردنی بەڵگەی باڵا دادەنرێت بە پێی بیروڕای هاڤیلاند و کلارك" (محمد خطابی ١٩٩١: ٦٩).

## ٤-٢-١٠- دۆزینەوەی بەڵگە بۆ بازنە ونبووەکان

زانیاری پێشینە هۆکارێکە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی ونبووی نێوان دوو ڕستە، کە گوزارشت لە وێناکردنی پەیوندییەکە دەکات، کاتێك دوو ڕستە دەخرێتەڕوو، هەست بە بوونی پەیوەندیەکی ونبوو دەکرێت لە ڕێگەی ڕستەکانەوە بە پشت بەستن بە گۆڕانکارییەکان، بە تایبەتی لە ئاماژەپێکردنی ناو بە جێناوەکان، یان نیشانە پراگماتیکیەکانی تر، ئەمانە لە دەقی هونەریدا بە ڕوونی بەرچاودەکەون کاتێك، کە نوسەر لە سەرەتادا ئاماژە بە ناوی، کەسەکە دەکات، بەڵام دواتر بەردەوام دەبێت. خستنەڕووی ڕووداوەکان بە بێ ئەوەی ناوی، کەسەکە دووبارە بکاتەوە، بەڵام خوێنەر بە ئاسانی لە ڕێگەی ئەو نمونەی لە سەرەتادا خوێندوویەتیەوە دەزانێت مەبەست لەو جێناوە کێیە. ئەو زانیارییە هاوبەشەی لە نێوان بەشداربوانی ئاخاوتندا هەیە یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی ئەو بازنەیە، نمونە:

أ- منداڵەکە بە پەلە ڕایکردە لای باوکی.
ب- چەند کتێبێکی بە دەستەوە بوو.
پ- منداڵەکە چەند کتێبێکی بە دەستەوە بوو.

لە ڕستەی (أ)دا ڕستەیەکی هەواڵی هەیە، بەڵام چاوەڕێی زانیاری زیاتر دەکرێت لە دوای ئەم ڕستەیە، کە لە (ب)دا هەندێك زانیاری هەیە ، بەڵام پێویستی بەکاتی زیاتر هەیە، کە دەبێت گوێگر لە ڕێگەی زانیاری پێشەکی درك بەوە بکات، کە مەبەست لە (منداڵەکەیە)، ڕستەی (ج) بازنە ونبووەکەیە کە پەیوەندی (أ - ب) دەخاتەڕوو"دوو جۆر بازنەی وونبوو هەیە؛ یەکەمیان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەستی پێدەکرێت، پێویستی بە کاتی زیادە نییە، دووەمیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نازانرێت، پێویستی بە گریمانەیەکی دیاریکراو هەیە بۆدۆزینەوەی بازنە ونبوەکە، کە کاتی زیاتر دەوێت" (Brown&Yule1983:259). ئەو زانیارییانەی، کە بەشداری دەکەن لە دۆزینەوەی بازنە ونبووەکە، زانیاری گشتین و ڕاستی بابەتەکە پشتیوانە بۆ ئەم پرۆسەیە. کەواتە گریمانەی بازنەونبووکانی ڕستە، لە ڕێگەی شێوازەکانیانەوە دەزانرێت و پەیوەندیەك لە نێوانیاندا دادەنرێت لەسەر بنەمانی ئامرازەکانی پێبەستنی ڕستە لە نێوان ڕستەکانی دەقدا، ئەمە بەشێکە لە ڕاهێنانی چۆنییەتی بونیادنانی دەق، ئەگەر بەشەکانی دەق لە پلەیەکی بەرزی لکاندندا بن، بەڵام بوارێکی، کەم دەمێنێتەوە بۆ بوونی بازنەی ونبوو.

**٤-٢-١١- بەڵگەو پێکبەستنی نائۆتۆماتیکی Inferences as non- automatic connections**

ڕستە بە دوایەکهاتووەکانی دەق پێویستیان بە بەڵگەیەك هەیە بۆ پێکبەستنەوەیان، کە بە هۆی زانیارییە پێشینەییەکان دەتوانرێت لە هزری مرۆڤدا ئەم بەڵگانە بدۆزرێتەوە "ئەو پێکبەستنەی، کە لە نێوان ڕەگەزەکانی هەر دەقێکدا دادەنرێت لە ڕێگەی نواندنی زانیارییەکانی پێشوو دەبێت" (Brown&Yule1983:256). بۆ هێنانەوەی ئەم جۆرە بەڵگەیە، خوێنەر یان گوێگر پێویستی بە لێکدانەوەیەکی ورد هەیە، بۆ بەستنەوەی ڕستەکانی دەق بەیەکترییەوە، پێکبەستنی ئۆتۆماتیکی هۆکارێکە بۆ هاوکاریکردنی دۆزینەوەی بەڵگەی نائۆتۆماتیکی، لە ڕێگەی ڕەگەزەکانی دەقەوە دەستدەکەوێت. بە هۆی خستنەڕووی چەند پرسیارێکی وەك( کێ – چی – کەی – لە کوێ ). واتە دروستکردنی پەیوندی نێوان کەسەکان و کات و شوێن دەبنە بەڵگەیەك بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە. هەندێك لە بەڵگەکان لۆژیکن و هەندێکیان هۆکارین، کە ئەویان دەبێتە پێکبەستنی نائۆتۆماتیکی. نمونە:
أ- بەیانی ڕۆژی شەممە.
ب- هەردی دیواری ماڵەکەی بۆیە کرد.
پ- هەڵگورد دەیویست بێزاری بکات.
ت- هەردی ئاگادار نەبوو.
ج- هەردوو قەیتانی پێڵاوەکەی بەیەکەوە گرێدا. (Brown&Yule1983:258).

لەم ڕستانەدا زانیاری بەڵگەدار هەیە بۆ تێگەیشتن، کە بونیادنراوە لەسەر بنەمای پێوانەیی و لێکدانەوەی ناوەکی کاتێك ڕستەی(ت) دەخوێنیتەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ درك بە ڕوونی دەربڕینەکە دەکرێت، کە کێ ئەم کارەی کردووە، بۆ کێی کردووە لە کوێ و کەی کردوویەتی ؟ ئەمە دەرەنجامی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ڕستەکان ئەم لێکدانە دەخاتەڕوو . ڕستەی (أ) زانیارییەکی لۆژیکی تێدایە، ئەگەر لە پاڵ ڕستەی (ت)دا دەبینرێت، لێکدانەوەیەکی گونجاوت دەستناکەوێت، چونکە وەڵامەکان پشت بی هیچ زانیارییەکی بەڵگەدار نابەستن، بەڵکو لەسەر بنەمای لێکچوون و لێکدانەوەی ناوەکی دەبێت، چونکە ڕستەکانی (ب –پ) چەند بەڵگەیەکی تێدایە، پەیوەندی نێوان ڕستەکان دروستدەکاتەوە لە سیاقی دەربڕینەکەدا. "ڕێککەوتنی بەڵگەکان لەگەڵ پێکبەستنی دەق لەسەر بنەمانی بەستنەوەی وشەکان دەبێت" (Brown&Yule1983:262 ).

زانیاری بەڵگەدار سودمەند بۆ پڕکردنەوەی بۆشایەکان و لێکدانەوەی دەق، خوێنەر هەوڵی ئەوە دەدات، کە بۆشاییەکان بە ڕەگەزێکی گونجاو پڕبکاتەوە، هەرکاتێك توانای خوێنەر لە زیادبووندا بوو بۆ لێکدانەوە، ئەوا ئامانجی کردەی گەیاندن ڕوونتر دەبێت. بۆ ئەمەش زیاتر جەخت لە کردەی بەڵگە

هێنانەوە دەکرێت، کە بەستراوە بە سیاقی دیاریکراوی دەقەکە، پێشبینیەکانی خوێنەرو ئاسۆی چاوەڕوانی بەشێکی گرنگی ئەم کردەیەن. کە لە هزری خوێنەردا دروستدەبێت. جۆری تێگەیشتن کە چوارچێوەی شیکردنەوەی دەقەکە لە خۆدەگرێت لە ڕووی زمانەوانی و دەرونییەوە، دەتوانرێت لە ڕێگەی پرۆسەی شیکردنەوەی ئاماردا بەرجەستە بکرێت، ئەمە دەبێتە گونجاوترین ڕەگەز بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، ئەو بۆشاییانە بەرهەمدێن لە ئەنجامی شێوازگەری لادانەوە، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی، کە لەلای خوێنەر دروست دەبێت سەبارەت بە(کێ- کەی – چی – کام - ......هتد) دەبنە بەشێك لە زانیاری بەڵگەدار بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، زۆر جار بە هۆی ئاڵوزی دەقەکەوە زۆری، کەسایەتییەکانی ناو ڕووداوەکان، ناتوانرێت ئەو پێکبەستنە سادەیە بدۆزیتەوە لە نێوان ناوی، کەسەکان و جێناوەکاندا، بۆیە پەنا دەبەن بۆ دیاریکردنی ئەو وەسفانەی، کە بۆ کەسایەتییەکان دەکرێن. ڕێبازی ئاماریش لە شیکردنەوەی شێوازدا ژمارەی ئاوڵناوەکان دەستنیشاندەکات و بەراوردیان دەکات لە گەڵ ژمارەی کردارەکان بۆ دیاریکردنی شێوازی دەقەکە. دۆزینەوەی زانیاری بەڵگەدار بۆ هەندێك مەبەست ئەستەمە لە دەقەکەدا بدۆزرێتەوە، بۆیە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو مەبەستەی، کە دەقەکەی لە پێناودا بەرهەمهاتووە، لە ڕێگەی بەستنەوەی ڕووداوەکان بەیەکترییەوە بۆ گەیشتن بە مەبەستی دیاریکراوی دەقەکە.

**٤-٣- ئەزموونی خوێنەر**

ئەم بابەتە پەیوەستە بە تیۆری ئەزموونگەرایی، کە لە مەعریفەی مرۆڤدا بەرجەستە دەبێت ئەم پرۆسەیە بە ئامادەکراوی نابەخشرێت، بەڵکو دروستکردنی لە ڕێگەی(سەلماندن و ئەزموون) لە مەعریفەدا بونیاددەنرێت. شێوەی مەعریفەش هەڵقوڵاوی گفتوگۆ و کارلێکی بەردەوامی نێوان خود و بابەتە، کەواتە ئەزموونگەری گوزارشت لە کۆمەڵێك زانیاری و شارەزایی دەکات، کە لە ڕێگەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە واقیعەوە دروستدەبێت. " ئەزموونگەرەکانی وەك (هوبزو لوك)، پێیانوایە ناسینی زمان گەشەکردنێکی واتای نابەرجەستەییە، ئەمەش زیاتر بەرەو ئاراستەی ژینگەیی دەڕوات، کە زمان لە ئەنجامی ئەزموونی هەستییەوە دەستدەکەوێت، کە هەوڵدانێکە بۆ فێربوونی زانیارییەکان لە ڕێگەی داتا هەستییەکانەوە، بە بەکارهێنانی گوتراوەکان، کە پشت دەبەستن بە (بە بیرهاتنەوە لەسەر بنەمای لێکچوون(http:www.uobaby lon.edu/iq) Remembers similarly.

ئەزموونگەری لەسەر ئاستی دەقدا، وەك ئەرکێکی زمان کاردەکات، لە بەرکارهێنانی ناوەرۆکدا بەرجەستە دەبێت، ڕەهەندی ئەزموونگەری تایبەتە بە نواندنی ئەو ئەزموونەی قسەکەر هەیەتی، کە لە سیاقی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەستدەکەوێت، یان پەیوەستە بە ڕەهەندی لۆژیکی، کە لە ڕێگەی گوزارشتکردندا لە پەیوەندییە لۆژیکییە نابەرجەستەییەکاندا دەخرێتە ڕوو، کە ناوەرۆکی ئەزموونەکە لەخۆدەگرێت. بوونی ئەزموونی خوێنەر درکپێکردنی بەردەوامە بە یارمەتی ئامرازە هونەرییەکان، وەك پەرچەکردارێك بەرامبەر شتە لاساییکراوەکان لە مەعریفەی هزری یان تێڕوانینی ئاوەزی.

دەق کردەیەکی هزرییە، بەرجەستە نابێت تا ئاراستەی وەرگر نەکرێت، بوونی دەق لە ڕێگەی هۆشیاری دەقەوە دەسەلمێنرێت. ستراتیژیەتی خوێندنەوە بە زیندووی لە نێودەقدا دەجولێت بۆ بەرجەستەکردنی واتا، واتا بەو مانایە نا، ڕاڤەکردن بێت، بەڵکو بۆ ژیاندنەوە و تەواوکردنی دەقە. لە لێکۆڵینەوەکانی ئێستادا، زانیاریی ئەزموونگەری هەیە، کە تیۆرەکانی لەسەر بونیادنراوە، بۆکاری یادگە بۆ گەڕانەوەی زانیارییەکان" بەئەزمونکردنی زانیارییەکان چەند تەکنیکێك لەخۆدەگرێت بۆ تێگەیشتن لە یادگەدا. یەکێك لە پرۆگرامەکانی بە ئەزموونکردن، دابەشکردنی بوارەکانی یادگە بۆ چەند بەشێك هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز کاردەکەن بۆ هەڵگرتنی زانیاریەکان"(جوناثان کیە فوستر ٢٠١٤: ٣٠). نمونە:

- کۆتا جار گەڕایتەوە ماڵەوە چ جلێکت لەبەردابوو؟

ئەم زانیارییە چۆن جیابکەیتەوە لەوەی، کە چۆن دەزانیت مانگ سی ڕۆژە ؟ ئەمە لە ڕێگەی هەڵگرتنی زانیارییەکان لە جۆرەکانی یادگەدا دەبینرێت، بەڵام بۆ گەڕاندنەوەی زانیارییەکان، یادگەکان هاوکاری یەکتر دەکەن لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانەوەیان.

خوێنەر بۆ شیکردنەوەی دەق پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە هەیەتی. ئاماژە بەوە دەکات تاچەند ئەم زانیارییانە نەگونجاون لە لێکدانەوەی دەقەکە، ئایا خوێنەر توانای پاراستنی ئەو هێڵانەی هەیە کە لە

پانتای دەقەکەدا ئەزموونی پێشینەی لەسەر هەیە؟ "ئەو زانیارییانەی، کە قسەکەری زمانێك بەکاریدەهێنێت تایبەتە بە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی زمانەوە، ئەمە تەنها بەشێك نییە لە زانیاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، بەڵکو زانیارییەکی گشتییە لە جیهاندا، کە پشتیوانە بۆ لێکدانەوەی هەموو دیاردەیەك، کە ئەزموونی لەسەر هەبێت"(Brown & Yule 1983: 233).
"توانای خوێنەر پرۆسەیەکە بۆ دۆزینەوەی چەقی ناوەرۆکی زانیارییەکان و بیری نابەرجەستەیی پێکدێت بە ویناکردن و پەیوەندییەکانی چالاکی خودی، کە بنەمای ڕەفتاری واتایی دادەڕێژێت لەم ڕەفتارەدا دەقەکە بەرهەمدێت" (دي بوجراند ١٩٩٨ : ٤٢٤).

**٤-٣-١- ئەزمونی خوێنەر لە لێکدانەوەی دەقی هونەریدا:**

ئەزمونی خوێنەر لە ڕێگەی گەڕان بە دوای واتای دەقدا بونیاد دەنرێت. ئەو زانیارییانەی خوێنەر هەیەتی لە یادگەدا هەڵگیراون دوای ئەوەی، کە ڕاهێنانیان پێکراوە دواتر دەبێت بە ئەزموون، "خوێنەر، کە ڕوو بە ڕووی دەقێك دەبێتەوە، مامەڵە لەگەڵ واتادا دەکات وەك لایەنی واتاسازی بۆ دەقەکە، بەشێکە لە ئەزموونی خوێنەر، تایبەتە بە سەرچاوەی ڕاستەقینە، کە ئاماژەیە بۆ لێکدانی دەقەکە. جۆرە کارلێکی جیاواز لە نێوان دەق و خوێنەردا هەیە، لە ڕێگەی دیاردە جۆراوجۆرەکانی ئەزموونی خوێندنەوە بەرجەستە دەبێت" (محمد خطابي ١٩٩١: ٣٠٥).

کەواتە کردەی دەرهێنانی زانیاری لە یادگە و بەستنەوەی بە گوتاری ئاراستەکراو دەبێتە هۆکارێك بۆ لێکدانەوە و دەستکەوتنی مەبەستەکە. دەتوانیت ڕۆڵی خوێنەر لە لێکدانەوەی دەقدا ببەستینەوە بە بنەماکانی هاریکاری لای گرایس بۆ خستنەڕووی گریمانەکان، چەند گریمانەیەك لەمێشکی خوێنەردا هەیە، کە دەبن بە پێوانە بۆ لێکدانەوەی دەقەکە، (ئەوە مەڵێ کە پێتوایە هەڵەیە)، ئەمە بەشێکە لە بنەماکانی چۆنییەتی ، بەشداربوونی زانیارییەکانت بە پێی داواکاریەکان بێت، کە ئامانجی گفتوگۆکردنەکەیە، با زانیارییەکانت لە داواکاریەکان زیاتر نەبێت. هەردوو لایەن دەچنە ئاستی بنەمای چەندییەتی. پێویستە خوێنەر ڕوونبێت لە دەربڕینەکانی و دوور بکەوێتەوە لە تەمومژ، ئەمەش پەیوەستە بە بنەماکی شێواز، نابێت لە لێکدانەوەکاندا خوێنەر بە هەڵەدا بچێت، وابکات کە لە بابەتەکە دوور بکەوێتەوە، ئەمەش بنەمای پەیوەندی لەخۆدەگرێت. چونکە خوێنەر مەبەستی ئاشکراکردنی واتا شاراوەکان و لادانی تەمومژە لەسەر دەربڕینەکان. تێۆری وەرگر بنەمایەکی گرنگە بۆ بەرجەستەکردنی ئەزموونی خوێنەر لە ناودەقدا، لە ڕەخنەی ئەدەبی نوێدا گرنگییەکی تایبەتی بەم لایەنە دەدرێت، ڕەگی ئەم تیۆرە بەستراوە بە لێکۆڵینەوەکانی ڤێرجینا و ولف، کە باس لە خوێنەری ئاسایی دەکات، دواتر ئەم تیۆرە گەشەی کرد لە لێکۆڵینەوەکانی کردەی خوێندنەوە لە لایەن هەر یەك لە (تودۆرف، ڕۆلان بارت، ئیمبرتۆ ئیکو و فەلسەفەی هوسرل)، کە زیاتر جەختیان لە سروشتی خودی دەکردەوە بۆ درکپێکردنی دیاردە ئەدەبییەکان. کەواتە توانستی ئەدەبی[٤١] هۆکارێکی گرنگە بۆ دروستی خوێندنەوەی لێکدانەوەی واتای دەق. تێگەیشتن لە سەرووی دەق دەچێتە ژێرباری توانای خودی و هەستی تاکە کەس، کە هەڵقوڵاوی ناوەکی مرۆڤە. لە دەرئەنجامی ئەو کارلێکەی، کە لە نێوان بونیادی دەق و کردەی تێگەیشتن ڕوودەدات.

دەقی ئەدەبی پێویستی بە هۆشیاری خوێنەر هەیە بۆ لێکدانەوە، چونکە خوێنەر بە هزرێکی بە تاڵەوە ناتوانێت پێشوازی لە دەق بکات. یەکێك لە ڕەخنەگرانی نوێ (ئینگاردن) پێیوایە ئاراستەی فەلسەفەی تازە لە لای خوێنەر چڕدەکرێتەوە بۆ دیاریکردنی واتا، کە بە( فینۆمینۆلۆجیا)[٤٢] دیاردەزانی ناسراوە (رامان سلدن ١٩٩١: ١٨٦). خوێنەر وەك داهێنەرێك بەشداری لە لێکدانەوەی دەق دەکات، واتای دەستدەکەوێت لە ئەنجامی چالاکی ئەزمونگەری، بە هۆی کارلێکی دەقەکە لەگەڵ خوێنەر، (ئینگاردن) پێوایە واتای ئەدەبی دەستکەوتی ئەو کارلێکەیە لەگەڵ هەر ڕووداوێکی دەق، بەشێکی واتاکەی

---

٤١ - زاراوەی توانستی ئەدەبی Literary Competence بۆ یەکەمجار لە لایەن جۆناثان کولەرەوە بەکارهاتووە، ئەم بیرۆکەیەی لە تیۆرەکەی چۆمسکی بۆ جیاکردنەوەی توانست و چالاکی وەرگرتووە و لە سەر ئەدەب و جۆرەکانی جێبەجێی کردووە و هەوڵیداوە تیۆرێك بۆ ئەدەب بنیادبنێ. (بۆزانیاری زیاتر بڕوانە بێری یاسین ٢٠١٢ :٦٩).

٤٢ - زانستی دیاردەزانی لەسەر دەستی ئەدمۆند هوسرل گەشەی پێدراو، وایدەبینی دیاردەزانی سەرچاوەی باڵایە بۆ هەموو شتێك. یەکەم دەستپێك بۆ ئەم زانستە ئاراستەی دیاردەکانە لە ناوەوەی خودی مرۆڤ، کە لە ئەنجامی بینین بەرجەستە دەبێت، هۆشیاریەکی نابەرجەستەی لای تاك دروستدەکات.

بەرجەستە دەبێت. ئەزموونی، کەسی ناوەندێکە بۆ تێگەیشتن. بەڵام گادامێر[43] پێیوایە گەڕانەوەی بەها بۆ مێژوو لە لێکدانەوە و تێگەیشتندا لە ڕێگەی کردەی ئاوەزیدا دەکرێت، دۆزینەوە (مـن) لە نـاو(تـۆ)دا کردەیەکی بنەڕەتییە بۆ بونیادنـان دەوستێتە سـەر مەعریفەی تـاك لە ڕێگەی نواندنی ژیـانی تـایبەتی بۆ بابەتەکانی دەوروبەر، کە هەست بە ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکان دەکرێت، خوێنەر تەوەرێکی گرنگی کاری ڕەخنەییە. مێژووی تاك ڕۆڵێکی کارای لە تەکنیکی تێگەیشتن هەیە. کە کۆی زانیاری و شارەزایی و درکپێکراوەکانی پێشوو لەخۆدەگرێت"هەموو ڕاڤەکردنێك بۆ ئەدەبی ڕابردوو هەڵقولاوی گفتوگۆی نێوان ڕابردوو و ئێستایە. هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی هەرکارێکی ئەدەبی پشت بەو پرسیارانە دەبەستێت ،کە ڕێگە بە ژینگەیەکی ڕۆشنبیری تایبەت دەدات ئاراستەی بکات" (عبدالناصر حسن محمد ١٩٩٩ :٨٤). لە هەمانکاتدا دۆزینەوەی پرسیارەکان کاری خۆیەتی هەوڵدەدات وەڵامی بداتەوە لە ڕێگەی گفتوگۆکردن لەگەڵ مێژوو.

لێکەوتەی مێژوویی خودی، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ تێگەیشتنی خوێنەری یەکەم، ئەمە پاڵپشتە بۆ دەوڵەمەندکردنی زنجیرەیەك پێشوازی تر لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر، بەم ڕێگەیە واتای مێژوویی بۆ کاری ئەدەبی گوزارشتکردنە لە بەهای جوانکاری وەك بەڵگەیەك وایە بۆ دروستی تێگەیشتن.

**٤-٣-٢- ئاسۆی پێشبینییەکان**

چەمکی ئاسۆی پێشبینییەکان یان ئاسۆی چاوەڕوانی لە لایەن یاوس[44] خراوەتەڕوو، چونکە شارەزایی جوانکاری و ماوەی جوانکاری، لە دایك بووی هەمان چەمکن، کە پشت بەو زانیارییە کەلتوریانە دەبەستن کە لە یادگەی خوێنەر هەڵگیراون. لەگەڵ گۆڕانی ئاسۆکان، کردەی جووتبوون یان ڕێکەوتن لە نێوان ڕابردووی خوێنراوەکان و ئێستای خوێنەر دروستدەبێت. ئاسۆی پێشبینییەکان بۆ وەسفکردنی ئەو پێوانە و هەڵسەنگاندنە بەکاردەهێنرێت، کە بڕیار لەسەر دەقێکی ئەدەبی دەدات لە ساتێکی دیاریکراودا. خوێنەر لای ئەو کاتە ناوەستێت، بەڵکو لە هەموو کاتێکدا دروستدەبێت، بەڵام هەر خوێنەرێك لە یەکێکی تر جیاوازە بە پێی جیاوازی بوونی زانیاری کۆمەڵایەتی، کەلتوری و مێژوویی "لایەنی مێژوویی خوێندنەوە ئاسۆی تێڕوانینێکە بەرامبەر ئامادەبوونی بەردەوامی واتا، چونکە دەق بەردەوام خۆی نوێدەکاتەوە لەبەردەم خوێنەر، لێکدانەوە کردەیەکە بۆ دۆزینەوەی شێوازە جیاوازەکانی بوون"(بول ڕیکور ٢٠٠٦ :١٤٧). یاوس گرنگی بە مێژووی ئەدەب دەدات بۆ لێکدانەوە، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك بۆ دروستبوونی مێژووی ئەدەبی نوێ، ئەمە کارێکی هونەرییە، گوزارشت لە ئاڵوگۆڕ ی ئەزموون دەکات لە ڕێگەی پرسیارو وەڵامدانەوە، لە نێوان خوێنەرو دەق یان خوێنەری پێشوو، خوێنەری دوایی، ئەزموونی خوێنەر بەرجەستە نابێت تەنها لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆکردنە نەبێت، کە لە نێوان دەق خوێنەر دایە. وەڵامدانەوەی خوێنەرێکی دیاریکراو بۆدەمێکی دیاریکراو جێبەجێ نابێت، تەنها لە ڕێگەی ئاسۆی پێشبنی خوێنەرەوە نەبێت کە خاوەن ئەزموونە لەسەر ئەو جۆرە دەقە، لێرەدا پەیوەندی نێوان خوێنەرو دەق، پەیوەندییەکی جوانکاری و مێژووییە هەر لەم ڕوانگەوە، ئاسۆی خوێنەر گوزارشت لە کۆمەڵێك زانیاری و توانا و شارەزایی خوێنەر دەکات، کاتێك دەقێك دەخوێنێتەوە، خوێنەری شارەزا دەبێت خاوەن ئەزمونێکی فراوانی مێژوویی دەوڵەمەند بێت، دەربارەی لایەنی پڕاگماتیکی زمان و شیکردنەوەی شێوازی لادان و گۆڕانەکان. زیادبوونی چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی لای یاوس کاردنە بۆ پێوانە و هەڵسەنگاندنی جوانکاری ئەدەبی، لەم ڕێگەیەوە، پێوانەی ماوەی جوانکاری دەکرێت ."ئەو ماوە ڕاستەقینەی نێوان چاوەڕوانی خوێنەر بۆ کارەکە و توانای بەرجەستەکردنی کارەکە وەفادارییە بۆ چاوەڕوانییەکە" (جان کوهن ١٩٨٦ :١٠٥). لەسەر ئەم بنەمایە ماوەی جوانکاری دەق لە ڕێگەی

[43] - لە ڕەخنەی ئەدەبیدا دروستکردنی کاریگەری لای خوێنەر لەسەر بنەمای دوو بیر بەرجەستە دەبێت بە پێی بۆچونی گادامیر، یەکەم: کاتێك هایدگەر بیرۆکەی (هوسرل) ڕەتکردەوە سەبارەت بە کاریگەری بابەت پێیوابوو بابەتی ڕاستەقینە بۆ گەرانی فەلسەفی، ناوەرۆکی هۆشەکییە نەك بابەتە دنیاییەکان، هۆشیاری هەمیشە هۆشیارییە بەرامبەر شتێك، ئەو شتە لە واقیعدا بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە. ئەم بیرۆکەی دەبێتە هەڵۆیستێك لە بیری مێژوویی ناوەکیدا. بەڵام مێژوو بەو واتایە نا کە لە دەرەوەی کۆمەڵگادا بێت. بیری دووەم تایبەتە بەشیکردنەوەی سروشتی مێژوویی بۆ کردەی تێگەیشتنی ئەدەبی هایدگەر وایدەبینی تێگەیشتن سروشتێکی بتەڕەتی هەیە بۆ بونی ژیانی مرۆڤایەتی، لەم چوار چێوەیەدا گەڕانەوەی بیرکردنەوە بۆ بابەتە وجودییەکان دەتوانێت ڕەخنە لە زانست بگرێت بۆ زانیاری ڕاستەقینە.(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە عبدالناصر حسن ١٩٩٩).

[44] - یاوس Hans Robert Yauss ڕەخنە گروو مێژوونوسێکی ئەڵمانییە لە ساڵی ١٩٢١ لە دایك بووە، بە ناوبانگترین ڕاگەیاندکار قوتابخانەی کۆنیستانس ئەڵمانییە، جەخت لە گرنییدانی پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەر دەکاتەوە (نبیلە أبراهیم ١٩٨٤: ١١٨).

شکاندنی کاری ئاسۆی چاوەڕوانی و پێشبینی خوێنەر بەرجەستە دەبێت، ئەو کاتە خوێنەر دەکەوێتە بەردەم دەربڕینێکی نوێ، ئەویش بەلادان ناو دەبرێت. دەستنیشانکردنی لادان لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ دیاریکردنی جوانکاری دەق و پێوانەکردنی. لە سالای (١٩٧٠) یاوس ئاسۆی چاوەڕوانی بەڕەهەندێکی گشتگیرو جیاواز خستە ڕوو "ئامادبوونی خوێنەر بۆ کارێکی ئەدەبی، ئامادەبوونی دەرەنجامی پێشبینیەکانە، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی، کەلتوری و ڕۆشنیری و خودی و ئەدەبی وەك (ڕەگەزی ئەدەبی – شێواز – بابەت)(محمد عبدالبشیر٢٠١٥: ٨٣). یاوس سێ هۆکاری بنەڕەتی دیاریکردووە، کە ئاسۆی پێشبینیەکان پشتی پێدەبەستێت لە:

١- ئەزموونی خوێنەری پێشو لەسەر ئەو ڕەگەزە ئەدەبییەی، کە لە دەقەکەدا هەیە.

٢- شێوەی کردارەکانی ڕابردوو و بابەتەکان، کە زانیارییەکانی تێدا خراوەتەڕوو.

٣- بەراوردی نێوان زمانی شیعری زمانی ئاسایی، لە نێوان جیهانی خەیاڵی و ژیانی ڕۆژانەدا.

لێرەدا ئاماژە بەو هۆکارانە دەکەین و چۆنییەتی جێبەجێکردنیان لەسەر دەق دەخەینە ڕوو:

١- زانیاری پێشینە لەسەر ڕەگەزە ئەدەبییەکان: ئەمە زیاتر لە لایەن خوێنەر چڕ دەکرێتەوە، خوێنەر کە بەرەو ئاراستەی دەق هەنگاودەنێت، نابێت بۆشایی هزری هەبێت، بەڵکو چەندەها زانیاری، کەڵەکەبووی لە یادگەدا هەڵگرتووە، کە یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی ڕێڕەوی خوێندنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی کارلێك لە نێوان خوێنەرو دەق. یەکێك لەو کردارانەی، کە تایبەتە بە خوێنەر بۆ زانینی ڕەگەزی ئەدەبی وەك (شیعر – چیرۆك – شانۆ......) لەگەڵ ئەو پێوانەی، کە پێویستە بۆ ئەو ڕەگەزە ئەدەبییە بکرێت. ئەمە تەنها کارکردن نییە لە نێو دەقەکەدا، بەڵکو دۆزینەوەی ئەو خاڵەیە، کە کارلێکەکە دروستدەکات.

٢- زانیاری دەربارەی کارەکانی پێشوو، ئەمە تایبەتە بە دەقی هەڵواسراو، توانای هاودەقی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ دەقێك لە خۆوە بونیاد نانرێت. بەڵکو سەرچاوەیەکی هزری و شێوازێکی مەعریفی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هەیە. هەموو دەقێکی نوێ لە ڕێگەی دەقێکی ترەوە بونیاد دەنرێت، کە تەمەنێکی مێژوویی هەیە. بوونی سیاقی ڕۆشنبیری، یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە خوێنەر دەگەیەنێتە دەقی هەڵواسراو و ڕاڤەکردنیان. زۆربەی پێکهاتەکانی دەقی ئەدەبی و ڕۆشنبیری جۆراو جۆر، دەبێتە بونیادنەری دەقێکی لێکچووی دەقە ونبووەکە.

٣- بەراوردی نێوان زمانی شیعری و زمانی ئاسایی گفتوگۆکردن: مەبەست لە زمانی ڕەوانبێژی زمانی پراگماتیکییە، پێویستە خوێنەر سەیری ئەو واتایە بکات کە لەسەرووی دەقە نوسراوەکەدایە(محمد عبدالبشیر ٢٠١٥: ٨٤)، چونکە دەق واتایەکی پۆشراوی هەیە، گرنگی خوێندنەوە لە دۆزینەوەی ئەو واتایەیە، کە لە ژێر پەردەدایە، بۆ ئەم مەبەستە خوێنەر ستراتیژیەتی خۆی هەیە بۆ خوێندنەوەیەکی دیاریکراو،کە هەڵدەستێت بە دروستکردنی کردەی لێکدانەوەی واتایی، واتە تەنها واتای ناوەکی ناگوازێتەوە بۆ واتای ڕووکەش.

گرنگی داهێنەر لەم لایەنە دەوستێتە سەر دەستنیشانکردنی لادان لە واتای باوی خۆی، بۆ ئەوەی دەقەکە لە داهێنان دابماڵرێت، ئەمە ئەرکی زمان دەکاتە ئەرکی ڕاگەیاندنی پراگماتیکی، بەڵام داهێنەر لە واتای پراگماتیکی لایدا ئەو کاتە ئەرکی زمان، دەبێتە ئەرکی ڕاگەیاندنی ڕەوانبێژی، ئەمەش پێویستی بەکردەی هزری خوێنەر دەبێت بۆ کردنەوەی کۆدی دەقەکە، پێوستە داهێنەر بگاتە ئاستی خولقاندنی زمانی شیعری، چونکە زمان جگە لە ئەرکی پراگماتیکی ئەرکی شیعرییەتیش جێبەجێ دەکات.

هەندێکجار دەقەکە بە شێوەیەکی جیاواز لە پێشبینیەکانی خوێنەر دەبینرێت، واتە ئەو گریمانەی، کە خوێنەر دەیانخاتە ڕوو، لەگەڵ مەبەستی دەقەکە ڕێکناکەوێت، لێرە خوێنەر ڕووبەڕووی سەرسوڕمانێك دەبێتەوە لە شێوازی دەقەکە، ئەم ڕوو بە ڕووبوونەوەی خوێنەر بەستراوەتەوە بە سێ جۆر پەیوەندی لە نێوان دەق و خوێنەر:

١- پەیوەندی وەڵامدانەوە لە نێوان پێشبینی خوێنەرو دەق: لەم قۆناغەدا خوێنەر، کە دەقی نوسەرێکی دیاریکراو دەبینێت، هەمیشە ڕاهاتووە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بە شێوەیەکی دروست، کە بە تەواوی لە لێکدانەوەکەیدا ڕێکدەکەوێت، بەڵام لە پڕ تووشی دەقێکی تری هەمان نوسەر دەبێتەوە، کە بەهەمان پێشبینی پێشوو وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، بەڵام لێرەدا ڕێکەوتن لە نێوانیاندا دروست نابێت. ئەمەش بە هۆی گۆڕینی سیاقی دەقەکەوە دەبێت، کە خوێنەر لەم سیاقەدا زانیاری تەواوی نییە. لەسەر

جۆری بابەت و ئەو کۆدەی، کە بەکاریهێناوە، وەك لە هۆنراوەکانی شێرکۆ بێکەسدا دەبینرێت. یان گۆڕینی کێشی شیعری وەك شیعرەکانی گۆرانی شاعیر دوای گۆڕینی کێشی عەروزی عەرەبی بۆ کێشی خۆماڵی(پەنجەیی) یان گۆڕینی ژمارەی بڕگەکانی لە نێوان دێڕەکاندا وەك شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت و شاعیرانی تازەدا دەبینرێت.

٢- پەیوەندی نائومێدی خوێنەر: ئەمە پەیوەندی بە گومانی خوێنەرەوە هەیە، کە پێوانەکان لەگەڵ دەقدا جووت نابن، بەهۆی لادان لەو شێوازە باوەی، کە پێشتر لە دەقەکاندا بەکاریهێناوە، خوێنەر لەسەری ڕاهاتووە . دوای دەستکەوتنی لادانی دەق، ناگەڕێتەوە بۆ ئاسۆی پێشبینیە لاسایکراوەکانی داهێنەر، کە لە ماوەیەکی دیاریکراو بەکاریهێناون، بەڵکو ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنێت، پێشوازی لە قۆناغی دوای ئەم دەکات بە گریمانەی نوێوە "ئەو تێگەیشتنەی، کە وەرگر دروستیدەکات بۆ پێوانەکردنی گۆڕان و ئاڵوگۆڕکردن، دەبێتە بونیادێکی تازە بە درێژایی مێژوو" (بشرى موسى ٢٠٠١: ٤٧). ئەم گومانە لە ئەنجامی گۆڕانی شێوازی نوسەر دروستدەبێت وەك لە دەقی گێرانەوەدا کاتێك نوسەر لە دەقەکانی پێشوودا شێوازی ڕاپۆرتی یان زنجیرەیی بەکارهێناوە، بەڵام لە دەقی تازەدا شێوازەکەی دەگۆڕێت بۆ خستنەڕووی شێوازی ناڕاستەوخۆ بۆ مەبەستەکانی، یان بەکارهێنانی هێماو میتافۆر. وەك لە ڕۆمانەکانی شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلیدا دەبینرێت.

بونیادنانی تێڕوانینی نوێ پەیوەندی بە گۆڕانکاری نوسەرەوە هەیە، کە خوێنەر چێژی لێ وەردەگرێت، ماوەیەکی جوانکاری دروستدەکات. لەم قۆناغەدا خوێنەر هەست بە لەدایکبوونی سەرکەوتنێکی تری نوسەر دەکات. ئەم تێڕوانینە نوێیە پەیوەستە بەچەند سەرچاوەیەکی هونەری و ڕۆشنبیری خوێنەر، کە لەم ڕێگەیەوە درك بە لایەنێکی هۆشەکی نوێ دەکات. کە ئەمەش هەوڵدانێکە بۆ بونیادنانی ئاسۆیەکی نوێ، کە بە ماوەی جوانکاریش ناودەبرێت "ئەو ماوەیەی، کە لە نێوان چاوەڕوانی و کارە نوێیەکەدا هەیە، دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاسۆی خوێنەرو ئەزموونی پێشووی"(محمد عزام ٢٠٠٧: ٩٨). خوێنەر ئەم دیاردەیە بەدیدەکات، کاتێك نوسەر کۆمەڵێك دەق لە ماوەیەکی مێژووییدا بە پێی قۆناغێکی دیارکراوی ئەدەبی دەخاتەڕوو ، بەڵام لە پڕ گۆڕانکاری لە کرۆکی بابەتەکان ڕوودەدات. وەك دەقە شیعرییەکانی گۆرانی شاعیر لە قۆناغی کلاسیکدا و ڕۆمانسیەتدا باسی لە جوانی سروشت دەکرد، بەڵام کاتێك قۆناغەکە گۆڕا بۆ ڕیالیزم، نوسەر دەقەکانی زۆربەی گوزارشتیان لە واقیعی ئەو کاتەی کۆمەڵگا دەکرد. یان خستنەڕووی وێنەی هونەری لێکچواندن، بەشێکی تری ئەم دیاردەیە، تا ڕێژەی لێکچواندنی نێوان دوو دیاردەکە، کەمتر بێت ئاسۆی نوێتر دەخاتە بەردەم خوێنەر.

### ٤-٤- چۆن لە ڕێگەی ئەزموونەوە دەقەکە گەشە دەکات؟

خوێنەر کە دەقێك هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی بە پێی ئەزموونی خۆی لێکدانەوەی بۆ بکات، ڕاستەوخۆ هەموو ناوەرۆکی بابەتەکە بەرجەستەناکات، نەخشەڕێژی دەکات بۆ هەڵبژاردنی ئەو ستراتیژیەتەی، کە بەکاریدەهێنێت بۆ خوێندنەوە. یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ناونیشانی دەقەکە دەبێت، "بەڵام ناتوانین بڵێین گەشەی تەواوی دەقەکە لەم دەروازەیەدا بەرجەستەدەبێت، زۆربەی دەقەکانی سەدەی بیستەم بە شێوەی ڕاپۆرتی نوسراو بوون، ئەستەمە گەشەی تەواوی دەقەکە لەم بەشەدا بدۆزرێتەوە" (Hoey2001:43) ئەزموونی خوێنەر گەشە دەکات، لە ڕێگەی گەشەکردنی کارلێکی دەقەکە بە ئاراستەی بونیادی زمانی، ئەمە دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردنی کردەی خوێندنەوە، کارلێکی هەربەشێکی دەق لەگەڵ ئەوەی دوای خۆی، هاندەرێکە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەزموونی خوێنەر ڕێکبکەوێت، ئەمەش ئەزموونی خوێنەر بەرەو ئاراستەی زانیاری نوێ دەبات."هەر کارلێکێکی نێوان خوێنەر و دەق، بونیادنەری گریمانەیەکە، بۆ چۆنییەتی گەشەکردنی دەقەکە، ئەم گریمانەیە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی دەق و لێکدانەوەکەی" (Hoey2001:31). ئەو ستراتیجیەتەی، کە خوێنەر بەکاریدەهێنێت هەوڵدانێکە بۆ پێشکەشکردنی وەسفێکی گونجاو بۆ کردەی ئەزموونی خوێنەر، ئەمە پشت دەبەستێت بە دوایەکهاتنی هەنگاوەکانی خوێندنەوە لەسەر بنەمای ئەزموونی خوێنەر کاتێك بە دوای واتا دەگەڕێت، هەوڵدەدات هەموو ڕەگەزەکان کۆ بکاتەوە، کە لە ڕێگەی کارلێکی بونیادی لێکدراوی دەقەکە، کە بە پێی بەدوایەکهاتنی کاتەکە چاودێری دەرکەوتنی یەکەکانی دەق دەکات لەسەر لاپەرەکاندا. خوێنەر هەڵدەدات پێشبینی گونجاو بۆ ئەم لایەنە بخاتەڕوو، ئەمەش بە یەکێك لەم ڕێگایانە دەبێت:

١- هەندێك دەربڕاو دڵنیایی پێشخەری داوەتە خوێنەر وەك ئاماژەیەك دەربارەی سروشتی دەقەکە، کە لە دواوە دەبێت (Hoey2001:43). مەبەست لە جۆرەکانی ڕیزکردنی ڕووداوەکان، ئەگەر بە شێوەی بازنەیی بێت، لەسەرەتادا کەمێك زانیاری دەربارەی ڕووداوە سەرەکییەکە دەخاتەڕوو . واتە جۆری ڕووداوەکە کاریگەری هەیە لەسەر چۆنییەتی پێشکەشکردنی زانیارییەکان.
٢- بەکارهێنانی دەقێکی تر لە ناو دەقە سەرەکییەکە. مەبەست لە دیاردەی هاودەقییە، کە نوسەر ئاماژە بە دەقێکی تر دەکات لە ناو دەقە سەرەکییەکە، هەندێکجار پەیوەندی نێوان هەردوو دەقەکە وادەکات، واتای دەقە سەرەکییەکە دوابکەوێت لە هەندێك لایەنەوە، ئەو تێگەیشتنەی، کە لەلای خوێنەر دروست دەبێت لە ڕێگەی دەقی یەکەمەوە دەبێت.
گرنگی هۆشیاری خوێنەر بۆ ئەزموونەکانی بەهۆی کارلێکی دەقەکەوە دەردەکەوێت، لە ڕێگەی پابەندبوونی بە هەموو بەشەکانی دەقەکەوە؛یەکەم هەنگاوی خوێندنەوە، نواندنی ئەرکی لێکدانی زمانی لە خۆدەگرێت بە شێوەی یەکە بەدوایەکهاتوەکاندا، کە هەریەکەیان بە پێی ئاستی زمانی ڕێکدەخرێت مەبەست لە ئاستەکانی(دەنگ، وشە، ڕستە، لێکدان، فەرهەنگ، واتاسازی). شێوازگەری وەسفی، یەکێکە لەو ڕێبازانەی، کە پشت بە یەکە زمانییەکان دەبەستێت بۆ دیاریکردنی شێوازی هەردەقێك.
خوێنەر لەدەروازەی دەقەکەوە، کۆمەڵێك پرسیاری دێتە پێش وەك(چی- چۆن ڕوویدا- کێ- لەکوێ- کەی- ...... هتد). کە چەندەها بۆشایی لای خوێنەر دروستدەکات، بەڵام بەردەوامی خوێندنەوە خوێنەر دەگەیەنێنە هەموو وەڵامەکان. کاتێك بەناو دێڕەکانی دەقەکەدا تێدەپەڕێت.

## ٤-٤-١- کاریگەری ئەدەبی بۆ گەشەکردنی دەق

یەکێك لەو هۆکارانەی، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کاریگەری لای خوێنەر لایەنی ئەدەبییە. ئەو هونەرەی، کە نوسەر بەکاریدەهێنێت، لایەنی ئەدەبیەت لە دەقدا بەرجەستە دەکات. لایەنی هونەری دەبێتە هۆی جوانکاری دەق. لە مێژووی ئەدەبدا، ئەوەی، کە دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر لایەنی جوانکاری دەق کاریگەرییە ئەدەبییەکانە، ئەمەش پەیوەستە بە چۆنییەتی داڕشتنی دەق و ئەو شێوازەی، کە نوسەر پشتی پێدەبەستێت، ئەمە لە ڕێبازی شێوازگەری تاك بە تەواوی ڕووندەبێتەوە، بۆ ئاشکراکردنی شێوازی دەق و چۆنییەتی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی لادانەکان، بەستنەوەی ئەم لایەنانە بە تێگەیشتنی لایەنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بەشێکی گرنگی لێکدانەوەی تێدا بەرجەستە دەبێت.لایەنی ئەدەبییەت لە خزمەتی مەبەستە بنەڕەتییەکە دایە. دەق لە ڕێگەی جوانکاری ئەدەبییەوە گەشەدەکات، کاتێك خوێنەر توانستی ئەدەبی بەهێزبێت. وەرگرتنی دەقی ئەدەبی لە لای وەرگر جیاوازە لە گفتوگۆی ئاسایی، چونکە دەقی ئاسایی هەڵگری کاریگەرییە ئەدەبییەکان نییە، کەمتر تەمومژ دەخرێتە سەر دەربڕینەکان، بەڵام لە دەقی هونەریدا نوسەر نایەوێت مەبەستەکە بەڕوونی بخاتە بەردەم خوێنەر، ئەم جۆرە دەقە بە کۆمەڵێك تەمومژ دەورە دراوە، هەرکاتێك لە ئەدەبییت دابماڵرێت، ئەو تەمومژە نامێنێت و مەبەستەکە ڕووندەبێتەوە. "تەمومژ دیاردەیەکی ئەدەبی پێویستە، کە نوسەر پێشبینی ئەوە دەکات کە خوێنەر هەڵدەستێت بە لێکدانەوەی لەکاتی خوێندنەوەدا، چاوەڕیی دەوڵەمەندبوونی دەقەکە دەکات بە هونەری ڕەوانبێژی (حسین الواد ١٩٨٤: ١١٦). تا لایەنی ئەدەبیەت لە دەقدا چڕتربێت، خوێنەر زیاتر ئاوێتەی هونەرەکان دەبێت و چێژی زیاتر وەردەگرێت، داهێنانی جوانکاری دەقی تێدا بەرجەستە دەبێت، لەم جۆرە دەقانەدا واتا بەئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە، چونکە واتای زۆر لە خۆدەگرن، بۆیە پێویستە خوێنەر ڕەهەندی جوانکاری و ئەدەبیەت بگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکە. تا هونەرەکانی ئەدەب لە دەقدا باڵاتربن، گەشەکردنی دەقەکە بەرەوپێشتر دەچێت، کە دەبێتە ئەزمونێکی نوێ بۆ خوێنەر. هەمیشە دووبارەکردنەوەی لایەنی هونەری، بەهای داهێنان کەمتر دەکاتەوە، بۆیە خوێنەر بە دوای بەرهەمی تازەو هونەری نوێدا دەگەڕێت، چونکە بەشێکی ئەزموونی خوێنەر لە ئەنجامی گەشەکردنی دەق بەرجەستە دەبێت.
ناوەرۆك و ڕووخسار دوو بەشی گرنگی دەقی هونەربن، شارەزایی و لێهاتووی خوێنەر دەتوانێت، شیکردنەوەی ڕووخساری دەق بەکاربهێنێت بۆ خزمەتکردنی ناوەرۆکی دەقەکە. دەستنیشانکردنی شێوازی دەقەکە هۆکارێکە بۆ گەشەکردنی ناوەرۆکی دەقەکە لای خوێنەر. "بەلای کوهنەوە سەرچاوەی شیکردنەوەی شێواز ڕاستەوخۆ بۆ دیاردە ئەدەبییەکان دەگەڕێتەوە بە پێی بۆچونی فۆرمالیستەکان بە

تایبەتی لە بۆچونی یاکۆبسندا شیعریەتی زمان تایبەتە بە چەمکی لادان. ڕیفاتیر پێیوایە شیکردنەوەی ڕوخسار تاکە هەڵگری دەستکەوتنی دیاردە ئەدەبییەکانە"(جان كوهن ١٩٨٦: ٨٥).

**٤-٤-٢- گەشەکردنی ئەزموون لە دەقی گێڕانەوەدا**

خوێنەردەقێکی گێڕانەوە دەخوێنێتەوە، دەبێت خاوەن ئەزموونێکی پێشینەی مەعریفی بێت، ئەزموونی ڕاستەقینە هەمیشە خوێنەر دەگەیەنێتە سەرچاوەی ئەزموونی نوێ دەربارەی تەکنیکی گێڕانەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خوێندنەوەکەدا هەست بە گەشەکردنی ئەزموونی خۆی بکات، کە ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە بەرجەستە دەبێت:

١- ناونیشان: ناونیشان یەکەم دەروازەیە بۆ خوێنەر، کە ببێتە ڕێڕەوێك بۆ چوونە ناوەوەی دەقەکە، بیرۆکەیەك دەخاتەڕوو سەبارەت بە بابەتەکە، جۆری دەقەکە و ڕەگەزە ئەدەبییەکە دەستنیشاندەکات، ئاماژە بە ناوەرۆکی دەقەکە دەکات، کە مێژووییە، سۆزدارییە، کۆمەڵایەتییە، یان سیاسییە....هتد (لە لا٦٦-٧٤ زیاتر تیشکمان خستۆتە سەر ئەو بابەتە).

٢- ڕستەی دەروازە

دەستپێکی هەر ڕووداوێك بە ڕستەیەك یان زیاتر ئاماژە بە بەشێکی سەرەتای ڕووداوەکە دەکات، کە ئەم ڕستەیە بە ڕستەی دەروازە ناو دەبرێت. دەبێت نوسەر هۆشیارانە بیر لە واتای ئەو ڕستەیە بکاتەوە، کە دەبێتە دەستپێك بۆدەقەکە، "ئەم جۆرە ڕستەیە لای (ریمۆند جۆن) ئاماژەی پێکراوە لە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ڕۆمان" (وحید بن بو عزیز ٢٠٠٨ :١٦٦). ڕستەی دەوازە، سەرەتایەکە بۆ دروستکردنی دەقەکە، بەهایەکی گرنگی هەیە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، ئەم ڕستەیە بە تەنها ئەرکی گەیاندنی واتا نییە، بەڵکو دۆزینەوەی دەروازەیەکە بۆ چوونە ناوەوەی دەقەکە و گوزەرکردن بەناو ڕێڕەوەکانی تر. دەتوانرێ لە ڕێگەی ئەم ڕستەیەدا، ڕەگەزی دەقە ئەدەبییەکە بزانرێت، یان شێوازی دەقەکە دەستنیشانبکرێت بە تایبەتی لە دەقی گێڕانەوەدا، دەتوانرێت شێوازی گێڕانەوەی خودی و بابەتی بزانرێت. دەکرێت ئەم ڕستەیە ئاڕاستەی خوێنەر بکرێت بۆ ئەوەی هاریکاربێت بۆ خەمڵاندنی ئەم بە یەکگەیشتنە بەرامبەرییە.

ئەو ڕستەیەی، کە لە دەستپێکی دەقەکەدا دەبێت سەرەتای ڕیزکردنی ڕووداوەکانە، چەند ڕستەیەکی تری بە دوادادێت، کە پەیوەندی واتایی ڕیزیان دەکات. ڕستەی دەروازە، دەشێت بە شێکی بچووکی ڕووداوی سەرەکی بێت، کە ڕووداوە لاوەکییەکانی پێهەڵدەواسرێت. ڕێزمانی دەق ئاماژە بە چۆنییەتی ڕیزکردنیان دەدات. مەرج نییە ڕستەی دەوازە یەکەم ڕووداو بێت لە دەقەکەدا، دەکرێت ڕیزبەندی ڕووداوەکان بە گوێرەی کات یان شوێن گۆڕانی بەسەردابێت، بەڵام بە شێکی ڕووداوەکە دەبێت. ئەگەر دەقەکە گێڕانەوە بێت و بە شێوەی بازنەیی ڕووداوەکە ڕیزکرابێت، ئەوا ڕووداوی کۆتاییە یان دەرەنجام دەکرێت بە دەروازە. وەك

(نەدەکرا، نەخێر، بەهیچ شێوەیەك نەدەکرا ئەم چیرۆکە لە ژیاندا بگێڕیتەوە)(كاروان كاكه سور ٢٠١٤: ٧). (نەدەکرا) ڕستەیەکە باسی نەرێی کارێك دەکات، لە دوای خۆی وشەی (نەخێر) تەواوکەری نەرێنی کارەکە ڕادەگەنێت و جەختی لێدەکاتەوە، دواتر ڕستەی (بەهیچ شێوەیەك نەدەکرا ئەم چیرۆکە بگێریتەوە). لێرەدا خوێنەر بە تەواوی دڵنیا دەبێتەوە لە نەرێی ئەم کارەکە باس لە گێڕانەوەی چیرۆکێك دەکات. لە ڕێگەی ئەم دەروازەوە دەتوانرێت بزانرێت، کە ئەم چیرۆکە دەرەنجامێکی خراپی هەیە. ڕستەکانی تر وردە وردە ڕوونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە چیرۆکەکە دەخەنە ڕوو. نوسەر لێرەدا ئاماژە بە کۆی گشتی ڕووداوەکان دەکات، کە چیرۆکێکی ناخۆشە، بەڵام دواتر دێتە سەر بەشەکانی ئەم ڕووداوە. واتە لە گشتەوە بۆ بەش دەچێت. دەبێت نوسەر لە داڕشتنی ڕستەی دەروازەدا بە ئاگابێت، بۆئەوەی بتوانێت پەیوەندی نێوان ڕووداوی سەرەتا و ڕووداوەکانی تر بەیەکەوە ببەستێتەوە، چونکە ئەمە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەرنجراکێشانی خوێنەر بۆ بەدواداچونی ڕیزبەندی ڕووداوەکان.

ڕیزکردنی ڕووداوەکان لە ڕێگەی ڕستەکانەوە چەند هۆکارێك کاریگەری هەیە بۆ ڕێکخستنیان لە چوارچێوەی دەقدا. "هاریس هەوڵێکی زۆری داوە کەوەسفی یەکە زمانییەکان بکات لە پێناوی پۆلینکردنیان لە شێوەی چەند گروپێك، بتوانرێت لە ڕستەکاندا دابنرێت بە پێی مەرجی بوونیان لە دەوربەردا" (سعيد حسن بحيري ١٩٩٧ :١٩). هەمیشە ڕێزمانی ڕستە سەرەتایەکی گرنگە بۆ ڕێزمانی

دەق. ئەمەش پەیوەستە بە فراوانکردن و گەشەپێدانی ئەو سیستەمەی، کە بونیادی دەقەکە دیاریدەکات. ئەمە دەبێتە سەرەتایەکی گرنگی گشەکردنی دەقەکە، کە خوێنەر لەڕێگەی ئەزمونەوە بەرجەستەی دەکات. گونجاندنی ئەم بەشەی دەق لەگەڵ بەشەکانیتر،ڕوونکردنەوەی زیاتر دەخاتە بەردەستی خوێنەر، بۆیە ئەمە وەك بەشێکی گرنگ سەیردەکرێت لە شیکردنەوەی دەقدا.

٣- بیرۆکەی گێڕانەوەکە:

هیچ گێڕانەوەیەك بونیاد نانرێت، ئەگەر بیرێکی فەلسەفی لە دواوە نەبێت، کە نوسەر دەیەوێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەم بیرۆکەیە بکات، کە لەگەڵ شەپۆلی ڕووداوەکان و بە دوایەکهاتنیان، ئەم بیرۆکە دەگاتە خوێنەر. ئەم بیرە لە ڕێگەی زمانی کاریگەری ئەدەبییەوە دەگوازرێتەوە بۆ زمانەوانی کۆمەڵایەتی، چونکە ڕووداوی گێڕانەوەکان هەڵقەڵاوی کۆمەڵن. لە هەندێك دەقدا گێڕەرەوە کاریگەرە بە بیرۆکەکە شێوەیەی ئەو ڕووداوە نمایشدەکات و کەسیایەتییەکان دەخاتەڕوو، تاکۆتای دەقەکە، بیرۆکەکە ڕوونابێتەوە. لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر خستنەڕووی ڕووداو و کەسایەتیەکان دەکرێت. بە پێچەوانەوە، هەندێکجار گێڕەرەوە پارێزگاری لە گەیاندنی بیرۆکەکە دەکات. ئەمە لە بەهای ڕووداو و کەسیایەتییەکان کەمدەکاتەوە، هەست بە تێپەراندنی ڕووداوەکان و کەسیایەتییەکان ناکرێت. کاریگەری لە سەر جوانکاری دەقەکە دەبێت. "باختین دەرکەتنی ڕۆمانی بەستاوەتەوە بەهەڵوەشاندنەوەی ئایدۆلۆجیاوە" (حیاة مختارة ٢٠١٥: ١٤٤).

٤- ڕووداوەکان:

ڕووداو بە شێکی سەرەکی بونیادی دەقی گێڕانەوەیە، هەر دەقێك لە کۆمەڵێك ڕووداو پێکهاتووە، کە چەند کەسایەتیەك پێی هەڵدەستن، کە پەیوەندی بەستنەوەیی لە نێوانیاندا هەیە، ئەم ڕوواوانە لە ڕێگەی کردەی گێڕانەوەدا دەخرێتە ڕوو. ڕووداوەکان بە گوتراو پێشکەش دەکرێن، لە کۆتاییدا جوانکارییەك دەخەنە ڕوو، بۆ دەرکەوتنی بیرۆکەکە. دوو جۆر ڕووداو هەیە؛ ڕووداوە سەرکییەکان و ڕووداوە لاوەکییەکان. ڕووداو بە چەقی سەرەکی دەربرینەکان دادەنرێن، بەهایەکی گرنگی هەیە لە نێو دەقە ئەدەبییەکاندا. بۆیە گرنگە لێرەدا ئاماژە بە جۆرەکانی ڕووداو بکرێت.

ا- ڕووداوی سەرەکی: ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە، کەبەشێکی سەرەکی و بنەڕەتی دەقە ئەدەبییەکە پێکدەهێنن و پانتاییەکی فراوان دەگرنەوە، کە باس لە یەك تەوەر دەکات. نوسەر بە شێوەیەکی هەمەلایەن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. ئەم جۆرە ڕووداوە وەك ستوونێك وایە، ڕووداوە بچووکەکانی پێیەڵدەواسرێت.

ب- ڕووداوی لاوەکی: ئەو ڕووداوە بچووکانە دەگرێتەوە، کە جوڵانەوەی، کەسایەتییەکان دەنوێنن، چونکە "گێڕانەوە کەسییەکان پەیوەستن بە ئەزمونی چاودێریکردنی بچوکترین گۆڕانکاری" ( Labov 31 :2001)، کە دەوری ڕووداوە سەرەکییەکە دەدەن، لە ڕێگەی ئەم بەشە بچووکانەوە درێژەی ڕووداوەکان دەخرێتە ڕوو. ئەرکی ئەم بەشە بەخشینی زانیاری زیاترە سەبارەت بە ڕووداوە سەرەکییەکە.

ئەم ڕووداوانەی چەند سەرچاوەیەکی سەرەکییان هەیە لەوانە:

١- سەرچاوەی واقعی: ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی هەڵدەهێنجرێن، بەڵام نوسەر دەبێت ئاگاداری دەروبەری چیرۆکەکە بێت، لە بنەمای ڕووداوەکان دەرنەچن، ناتوانن بە شێوەیەکی فراوان ڕووداوی ئەندێشەیی بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی کار لە واقیعیەتی ڕووداوەکان نەکات، چونکە نوسەرو خوێنەر ئاگاداری ڕووداوەکانی کۆمەڵن.

٢- ڕووداوی مێژوویی: ئەم ڕووداوانە سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو، ڕووداوە مێژووییەکان سود لە مێژوونووسەکان وەردەگرن، ساغکردنەوەی مێژوویی لە چیرۆکدا بە شێکی گرنگی نوسەرە، دەبێت پابەند بێت بە ڕاستگۆیی و پەسندی ڕووداوەکان، ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە، کە لە پشت ڕووداوە مێژووییەکانەوە دەبینرێن.

٣- ڕووداوی ئەندێشەیی: ئەم جۆرە ڕووداوانە دەگرێتەوە، کە ڕوونادات یان دوورە لە ڕوودان، ڕەخنەگران زۆر گرنگی بەم جۆرە ڕووداوانە دەدەن، چونکە هۆکارێکە بۆ تێپەڕاندنی واقیع و دوورە لە ڕاستی، کە جێگەی سەرنجی خوێنەرە.

خوێنەر بە پێی ئەو ئەزموونەی، کە هەیەتی دەتوانێت جۆرەکانی ڕووداو و سەرچاوەکانی دەستنیشانبکات، لە ڕێگەی ئەمەوە لێکدانەوەی بەشێکی زۆری دەقەکەی دەستدەکەوێت. ڕیزکردنی

ڕووداوەکان چەند تەکنیکێکی گرنگ لەخۆدەگرێت، هەریەك لەم تەکنیکانە بە جۆرێکی جیاواز ئەنجامی دەقەکەت پێڕادەگەیەنێت لەوانە:

ا- بونیادی تێکهەڵکێش:

لەم جۆرەی ڕیزکردنەدا نوسەر پشت بەکات نابەستێت، زنجیرەی ڕووداوەکان بە پێی لۆژیکی کاتی ڕووداوەکان ڕیزناکرێن نوسەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی ڕووداوی ترەوە ڕووداوە سەرەکییەکە ڕوونبکاتەوە چەند ڕووداوێك تێهەڵکێشدەکات، ئەم تێهەڵکێشکردنە دەوەستێتە سەر تواناى گێڕەرەوە بۆ ڕێکخستنی ڕووداوەکان، چوونەناوەوەی ڕووداوێك بۆ ڕووداوێکی سەرەکی دەبێتە هۆی تێکشکاندنی بونیادی زنجیرەی، پەرتبوونی ڕووداوە سەرەکییەکە. تۆدۆرف پێیوایە بونیادی تێهەڵکێش بریتییە لە (چوونە ناوەوەی چیرۆکێك بۆ ناو چیرۆکێکی تر، واتە تەنها چیرۆکێك دەتوانێت کۆمەڵە چیرۆکێکی تر لە خۆ بگرێت)(منصوری مصطفی ٢٠١٥ : ١٥٦). بەڵام ئەوەی دەبێتە هۆی تێهەڵکێشکردنی جۆری ڕووداوەکان پەیوەندی بە ناوەرۆکی بابەتەکەوە هەیە. کە لە سەر بنەمای پەیوەندی نێوان ڕووداوەکان ئەم بونیادە دروستدەکرێت. لەوانەیە هۆکارێکی لۆژیکی لە ئارادابێت بۆ تێکەڵکردنی ئەم ڕووداوانە دروستکردنی کاریگەری بۆ تێپەڕاندنی بونیادی گەورەی دەقەکە ئەم هۆکارانە دوو جۆریان هەیە:

١- یەکەی بچووکی چیرۆك ئاڵوگۆڕی بکات لە نێوان پەیوەندییە هۆییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان کارتێکەر و کارتێکراو (صلاح فضل ١٩٨٥: ٢٨١). ئەم جۆرە هۆکارە نابێت پەیوەندی نێوان ڕووداوەکان فەرامۆش بکات ، لەوانەیە ئەم هۆکارە باری ڕووداوێك بکاتە دەرەنجامی ڕووداوێکی تر.

٢- یەکە بچوکەکانی چیرۆك هەموویان دەچنە ژێرباری یاسای گشتی، کە گوزارشت لە جێبەجێکردنیان دەکەن (صلاح فضل ١٩٨٥: ٢٨١). پەیوندییە هۆییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵناسەنگێنرێت، کە لە نێوان یەکەکانی ناو دەقەکە بوونیان هەیە، بەڵکو هەموویان وەك دیاردەیەکی یاسایی گشتی بڕیاریان لەسەر دەدرێت. پێویستە لەسەر خوێنەر یاسای هۆییەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان بدۆزرێتەوە، چونکە هەموو دەقێکی گێڕانەوە چەند ڕەگەزێکی هۆیی لەخۆدەگرێت، کاری نوسەرو خوێنەر لێرەدا پێچەوانە دەبێتەوە. تاکو نوسەر هێڵی پەیوەندییەکان بشارێتەوە لە خوێنەر، خوێنەر زیاتر هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوە یان چێژ وەرگرتن لە دەقەکە، بەڵام کە نوسەر هەموو هۆکارەکانی خستە بەردەست خوێنەر. ئەوا پێویست ناکات بەدوای هیچدا بگەڕێت. لەم جۆرە بونیادەدا ڕووداوە تێهەڵکێشکراوەکە ڕەنگدانەوەی ڕووداوەسەرەکییەکە دەبێت، ڕووداوە سەرەکییەکە بە بونیادی گەورە دادەنرێت و ڕووداوە تێهەڵکێشراوەکە بە بونیادی بچوك دادەنرێت.

ب- بونیادی هاوتەریب[٤٥] :

لەم جۆرە بونیادەدا دووچیرۆك بەشداری لە پرۆسەی گێڕانەوە دەکەن، پەیوەندی کات ئەم دوو چیرۆکە لە یەك گێڕانەوەدا کۆ دەکاتەوە. ئەم دوو ڕووداوە لەیەك کات یان لە دوو کاتی لێك نزیك ڕوویانداوە. "دانانی چەند ڕستەیەکی بەدوایەکهاتووی ڕووداوای یەکەم، دواتر چەند ڕستەیەکی بەدوایەکهاتووی ڕووداوی دووەم ئاماژەی پێدەکرێت" (تۆدۆروف ١٩٩٠: ٧٠). ڕووداوەکانی ئەم دوو چیرۆکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ دەگێڕدرێتەوە، پاش وەستانی گێڕانەوە لە ڕووداوی یەکەم گێڕەرەوە ڕووداوی چیرۆکی دووەم دەست پێدەکات. جگە لەپەیوەندی کات، دەشێ پەیوەندییەکی لۆجیکی ئەم دوو ڕووداوە بەیەکەوە ڕێکبخات. چونکە خستنەڕووی دەرەنجامی چیرۆکی یەکەم دەکرێت بە تیشکێك بۆ ڕوونکردنەوەی دەرەنجامی چیرۆکی دووەم. ئەم جۆرە بونیادە لە گێڕانەوەدا جۆرە ئاڵۆزییەك بۆ تێگەیشتنی خوێنەر دروستدەکات، بەهۆی تێکەڵی و ئاڵۆزی ڕووداوەکان. "بەڵام یەك کات هەموویان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەیانگرێتە خۆی ناهێڵێت لە چوارچێوەی دەربچن، ئەم جۆرە ڕیزکردنەی ڕووداو لە ئەدەبی کوردیدا لە چیرۆکی (دوانزە سوارەی مەریوانی) پیرەمێرد و بوك و خەسوی)ی شاکر فەتاح و( شێرەژنی) ئەمین زەکیدا دەبینرێت"(پەرێز سابیر ٢٠٠١: ١٣٤).

پ- بونیادی بازنەیی:

لەم جۆرە ڕیزکردنەدا ڕووداوەکان لە شێوەی هەرەمی هەڵگەڕاوە[٤٦] ڕێکدەخرێت. واتە گێڕەرەوە

---

٤٥ - لە ڕەخنەی ئەدەبیدا جگە لە بونیادی هاوتەریب زاراوەی (هاوسەنگ، نۆرەیی)یش بەکاردەهێنرێت.

٤٦- لە چیرۆکە هەواڵدا یەکێك لەو بۆتانەی کە ڕووداوەکانی تێدا ڕێکدەخرێت بە هەرەمی هەڵگەڕاوە ناو دەبرێت. شێرکو حمە ئەمین ٢٠٠٩: ٢٥)

له سەرەتادا ئاماژە بە دەرەنجامی چیرۆکەکە دەکات، ئینجا درێژە بە ڕووداوەکان دەدرێت. واتە (گێڕەرەوە لە شێوەی بازنەیەکدا ڕووداوەکان ڕێکدەخات، بە جۆرێك خاڵی دەستپێکردنی زنجیرەی ڕووداوەکان دەبێتە کۆتایی هەمان زنجیر)( میران جلال ٢٠٠٩: ١٢٤). ئەمە جۆرێکی ترە لە تەکنیکی ڕێکخستنی ڕووداوەکان لە وانەیە لە زۆر جۆری تری دەقی ئەدەبی ئەم دیاردەیە ببینرێت. کاتێك لە سەرەتای ڕووداوەکاندا نوسەر پوختەی بەش و دەرەنجامی ڕووداوەکان بەئاسانی دەخاتە بەردەستی خوێنەر، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پێکهاتەکانی ڕووداوەکە بە تەواوی لێك بترازێن، بەڵکو بەشی سەرەتا لە دوای پوختەی دەرەنجامەکە درێژە بە ڕووداوەکان دەدات. تا دەگاتە هەمان خاڵی دەستپێکردن ڕووداوەکە واتە لێرەدا(سەرەتاو کۆتایی) ئاماژەکردنە بە دەرئەنجامی ڕووداوەکان، کە خاڵی کۆتاییە. "ئەو ڕووداوانەی لە ئاستی تێکستی چیرۆك و لە ئاستی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان لە یەك خاڵەوە دەست پێناکەن، بەڵکو خاڵی دەست پێکردنیان هەر بە تەواوی پێچەوانەی یەکترن، چونکە لە کاتێکدا خاڵی دەست پێکردن لە ئاستی چیرۆك دەکەوێتە سەرەتاوە، ئەم خاڵە لە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەکەوێتە کۆتایی"(پەرێز سابیر ٢٠٠١: ١٣٣).

پێکهاتەی پەیکەری گێرانەوە مەبەست لە بەشەکانی گێڕانەوەیە کە بریتین لە (سەرەتا، کێبڕکێ یان بەرگریکردن ، گرێ ، چارەسەر ، کۆتای )

ڕێگای نمایشکردنی ڕووداوەکان وەك گێڕانەوەی خودی و بابەتی .

٤- کەسایەتییەکان : کەسایەتییەکان لە ناو گێڕانەوەدا، ئەوانە دەگرێتەوە، کە بەشداری لە ڕووداو و هەڵوێست و تێپەڕبوونی ڕووداوەکان دەکەن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. ئەمانەش دوو جۆرن :

أ- کەسایەتی سەرەکی : ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە زۆرترین ڕۆڵ دەگێڕن لەناو ڕووداوەکاندا .

ب- کەسایەتی ناسەرەکی : ئەو کەسانەن کە لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕووداوەکان دەردەکەون، بەردەوام لە گۆڕاندان.

٦- کات و شوێن : خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی دەقی گێڕانەوەدا، درك بەو کاتانە دەکات، کە لە دەقەکەدا ئاماژەی پێکراوە، ڕووداوەکان دەرەنجامی گێڕانەوەن، دواتر زیندو دەکرێتەوە لە ڕێگەی یادەوری و خەونەکاندا، یان باس لە ئێستادا دەکات، لە ڕێگەی وەسفکردنی واقیعەت، یان باس لە داهاتوو دەکات، بۆ وێناکردنی ژیان و ڕووداوی پێشبینیکراو. ئەم کاتانەش لە ڕێگەی ئەو توانایەوە دەدۆزرێتەوە، کە ڕووداوەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە یان لە باری ڕووداوەکان گۆڕانی بەسەردادێت لە بونیادی گێڕانەوەدا.

شوێن گۆڕەپانی ڕووداوەکان دەگرێتەوە، دەبێت هەڵبژاردنی شوێنەکان بەرهەمهێنەری ناوەرۆك و پێکهاتەکان بێت، تا خوێنەر لە ڕێگەی شوێنەوە، ڕووداوە سەرەکی و ناسەرەکییەکان بدۆزێتەوە.

٥- گفتوگۆکردن: ئەم بنەمایە لە گێڕانەوەدا ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە، بۆ گەشەکردنی ڕووداوەکان جۆرێك لە هەڵکشان دروستدەکات، بۆ دەرکەوتنی ڕووداوی تر یان جوانکردنی ڕووداوەکان لە ڕێگەی ئەمەوە سیفاتی، کەسایەتییەکان لە ڕێگەی خودی خۆیانەوە ئاشکرا دەبن، جیاوازی نێوان زمانی قسەکەرو زمانی گێڕەرەوە دەخاتەڕوو. گوزارشت لە واقیعەتی ڕووداوەکان دەکات و ئاماژە بە بەرزی و نزمی دەنگەکان و خۆشی و ناخۆشی ڕووداوەکان دەکات.

بەم شێوەیە شیکردنەوەی دەقەکە دەگاتە لوتکە، (لابۆڤ و واڵتزکی Labov & Waletzky) ئاماژەیان بە یاسای شێوەی ئەڵماسی کردووە بۆ ئەوەی گێڕانەوە تێدا گەشەبکات، کە لای چەپەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە لوتکەی، کەم وکورتییەکان هەر لە وێوەوە گەشەکردنێکی تر دروستدەبێت لە بازنەی گێڕانەوەکەدا، گێڕانەوەی سەربەرەوخوار بۆ لای ڕاست دێتە کۆتایی (1967:37 ).

**٤-٥- دەقی ئامادەو دەقی ونبوو :**

دروستبوونی هەردەقێك دەرەنجامی دەقێکی ترە، ئەم دەقەش دەبێتە بونیادنەری دەقەکانی دوای خۆی، کە جۆرە پەیوەندییەك کۆیان دەکاتەوە. لە لێکۆڵینەوە نوێییەکاندا باری شیکردنەوە بەلای دەقدا ڕۆیشتووە، دەق یەکەیەکی سەربەخۆو دابڕاو نییە، بەڵکو پەیوەستە بەهەموو ئەو هۆکارانەی، کە دەبێتە بونیادنانی دەقەکە، چەند ڕەخنەگرێکی ئەدەبی وەك (جولیا کریستیفان، ڕۆلان بارت، ڕیفاتیر، تودۆروف، باختین.......هتد) سەرنجەکانیان لەم بوارە چڕکردۆتەوە، هەموو ئەو زانیارییانەی، کە خوێنەر هەیەتی وەك ئەزمونێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، کە بووە بە مێژووێکی تۆمارکراو، کاریگەری دەبێت بۆ داڕشتنی دەقی نوێ. لەم بارەدا دەق چەند پەیوەندییەکی بەناویەکداچوو لەگەڵ دەقەکانی پێشوو دەنوێنێت "دەق گوزارشتێکە لە ڕەنگاو ڕەنگی و فرە چەشنی وەرگرتن، هەردەقێك بریتییە لە وەرگرتن و گۆڕینی دەقی تر" (محمد عزام ۲۰۰۱: ۲۹). هەر دەقێکی بەرهەمهاتوو دەرەنجامی کارلێکی دەقێکی تری پێش خۆیەتی.

دەقی ونبوو[٤٧]، زاراوەیەکی ڕەخنەی نوێیە، لە ئەنجامی گەشەکردنی ڕێبازە جیاوازەکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە سەریهەڵداوە، لە کارە ئەدەبییەکاندا درك بە پەیوەندی نێوانیان دەکەن، جیهانی ئەدەب پڕە لە وشە کەسانی تر، دەقیش لە ئەنجامی دەقی تر دروستدەبێت، بەڵام بە شێوازێکی نوێ دادەڕێژرێت هیچ سنورێك لە نێوان دەقێك و یەکیتر نییە. پێکهاتەیەکی داخراو لەخۆناگرێت.

دەقی ونبوو چەند دەقێکی لکاوە، کە دەقی ئامادە لەخۆی گرتووە، وەك ڕەگەزێك کە لە ناوەوە کار دەکات بۆ بونیادی دەقەکەو دروستکردنی واتای شاراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی لەکارخستنی خودی تێگەیشتن بۆ ئەو دەقە لێکدراوە، کە واتایەکی لێڵی تێدایە بەرجەستە دەبێت. بەبێ ئەوەی بزانرێت دەقە ونبووەکە چییە؟

هەر دەقێکی ئامادە، کە لەگەڵ دەقێکی تر ئاوێتە دەکرێت خاوەن ناسنامەیەکی دیاریکراوە، چونکە بوونێکی زمانی هەیە و کاریگەری لە هەست و سۆزی خوێنەر دەکات. بەڵام دەقی ونبوو، بە هۆی نائامادەی ناسنامەیەکی دیاریکراوی نییە، هێمایەکی تاریك لەخۆدەگرێت، پێویستە ڕوخساری دەقە ونبووەکە لە ژێر ئەم تاریکییە دەربهێنرێت، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ یارمەتیدانی کردەی بەرهەمهێنانی واتایی، ئەمە بەشێکی گرنگە بۆ خستنەڕووی واتای شاراوەی دەقەکە، چونکە ئەم دەقە لێکدراوانە پەیوەندییەکی لێکچوونی کۆیاندەکاتەوە. کردەی دۆزینەوەی دەقی ونبوو لەسەر بنەمای ناوەکی دەبێت لە لایەن نوسەر و خوێنەر، لە چوارچێوەی ناسینی کۆد و هێما بەکارهێنراوەکانی ناو دەقەکە، چونکە خوێنەر بازنەیەکی گرنگە بۆ درکپێکردنی لایەنی زمانەوانی هێماگەری لە بواری وەرگرتندا.

بابەتی، کەلتوری و مێژوویی خاڵێکی مەعریفی گرنگن لە کۆمەڵدا بۆ بونیادنانی دەقی نوێ، کە لەوانەیە شێوازکی ئاوێتەکردنیان، بێتە هۆی ئایدۆلۆژیای تازە، بیری نوێ بەرهەمبێنێت بۆ دابونەریەتی کۆمەڵایەتی ئاستی هۆشیاری تاك، بۆیە هیچ سەردەمێك لە یەکی تر ناچێت لە ڕووی، کەلتوری کۆمەڵایەتی ئایدۆلۆژیای تاك، ڕەخنەی سۆسیۆلۆجی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆ گێرانەوەی هێما بەکارهاتووەکان. "توێژینەوە لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دەق ناتوانرێت بە بێ دەقی دیکە و دابونەریەت و کەلتورو پڕاکتیزەکردنی زمانەوانی بکرێت" (شنۆ محەمەد ۲۰۱۲: ٦۲). شێوازگەری فیلۆلۆجی سەرچاوەی دۆزینەوەی دەقە ونبووەکانە، ئەو بازنەی، کە لە دەرەوەی دەقەکەدا دیاریدەکرێت لە چوارچێوەی کۆمەڵ و مێژوودا دەسوڕێتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر ئاماژە بە پێشبینییەك بکات، کە هەمان سەرچاوە لەخۆبگرێت.

دەقی ونبوو تەنها گوزارشت نییە لە تێهەڵکێشکردنی دەقێك لەگەڵ دەقێکی تر، بەڵکو پلەبەند دەکرێت بە پێی چەند یاسا و تەکنیکێکی جیاواز، لەوانە:

١- یاسای جوینەوە (قانون الاجترار):

---

[٤٧] - دەقی ئامادە و دەقی ونبوو لە ڕەخنەی ئەدەبیدا دەچێتە ئاستی دەقئاوێزان، چەند زارەوەیەکی جیاواز بۆ ئەم چەمکە دانراوە لە زمانە جیاوازەکاندا لەوانە :(Intertextulity التضامن) بۆ ئەم زاراوە لە زمانی کوردیدا (دەق ئاوێزان) بەکارهاتووە، بۆ یەکەم جار لە لایەن(جولیا کریستیفا) لە ساڵی ۱۹٦٦ لە گۆڤاری (Telquel)ی فەرەنسی ئاماژەی پێکراوە. ڕەخنەی گران بۆ ئەوەی بگەنە قوڵایی هەموو بەشەکانی ئەم دیاردەیە لە ئەدەبدا، چەند زاراوەو چەمکێکی تریان بۆ ئەم بابەتە خستۆتە ڕوو وەك (التفاعل النصی Textual Interaction). واتە کارلێکی دەق، بونیادی دەق (البینات النصیه)، دەقی هەڵواسراو (التعالق النصی Hypertextualiy)، دەقی هاوتەریب –المناص- Paratexte ، دەقی سەروو (المقالیات النصیه) (محمد عزام ۲۰۰۱: ۳۰).

مەبەست لەم جۆرە یاسایە دووبارە دارشتنەوەی دەقە ونبووەکەیە، وەك خۆی "پشت بە سەدەکانی پێش خۆی دەبەستێت، بەهۆشیارییەکی جێگیر مامەڵە لەگەڵ دەقە ونبووەکەدا دەکات" (محمد عزام ٢٠٠١: ٥٥). هیچ بەرەوپێشچونێك بەدیناکرێت لەدەقە ونبووەکە، نوسەر دەقێك وەردەگرێت، بەهەمان شێوەی خۆی بەکاریدەهێنێتەوە، هیچ بوارێك نارەخسێنێت بۆ گفتوگۆکردن، بەڵام بۆ ئەوەی بەڵگەیەك بەکاربهێنێت بۆ داهێنانەکانی، ئەم شێوازەی ئاوێتەکردنی دەق بونیاددەنێت، هیچ شێواندنێك لەم دەقەدا بەدی ناکرێت، تەنها هەندێك جیاوازی لە شێوازی دەرەوەی بنیادی گشتی دەقەکە ئەنجام دەدات، کە هیچ کاریگەریەك لەسەر ناوەرۆکی دەقە ونبووەکە دروست ناکات. "لەبەر تێڕوانینی پیرۆزی و ڕیزگرتنی چەند دەقێك بە تایبەتی دەقی ئاینی و ئەفسانەیی، لە لایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەم توانایی هونەری خودی داهێنەرەکە. لەوەی بتوانێت لایەنی ڕووخسارو ناوەرۆکەکە، تێپەڕێنێت و دەقە نوێیەکە دەبێتە، دیلی یان(بەندەی)دەقە پێشووەکە بەبێ هیچ گواستنەوە و لادانێك" (شنۆ محمەد ٢٠١٢: ٨٤). هەندێکجار نوسەر هەوڵدەدات لە قۆناغێکی کاتی دیاریکراو وەسفی دەقە ونبووەکە بکات، بە گۆرینی شێوازی دەربڕینەکە، بۆیە بەرجەستەکردنی کردەی داهێنان، تەنانەت هەمان وشەی ناو دەقەکە دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز نمونە:

هەر ئەوکەسە کە خەیری دوعای خێری دیوە لێم
دائــم دوعــامــە شــەڕی لــە مــن لابـــدا خـــودا (مەحوی ١٣٨١: ٣٧)

مەحوی شاعیر، لەم هۆنراوە ئاماژەی بە مەبەستێك کردووە بە پشت بەستن بە دەقێکی مێژووی عەرەبی ، کە دەربڕینێکی باوە یان قسەیەکی نەستەقە بەم شێوەیەیە(اتق شر من أحسنت الیه)واتە خۆت لە خراپەی ئەو کەسانە بپارێزە، کە چاکەت لەگەڵدا کردوون. ئەم دەقە بە وەرگێڕاوی ئاوێتەی دەقەکەی مەحوی بووە، هەمان وشە بەزمانی کوردی دووبارە بۆتەوە، هیچ گەشکردنێکی باڵا لە ناوەرۆکی دەقەکە بەدی ناکرێت، تەنها شێوازی دەقەکە گۆڕانی بەسەر داهاتووە. ئەمە وەك تەکنیکی هونەری لە نێو شیعری کلاسیکدا زۆر باو بووە بە تایبەتی لە فەرمودەکانی پێغەمبەر و ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان. (شاعیرەکان بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ دەقی ونبوودا دەکەن، کە هۆشیارییەکی لەسەرخۆیە، یان بە ئاگاییەکی هێمنە، توانای ئەوەی نابێت گوزارشت لە داهێنراوێکی بێسنور بکات"(محمد بنبیس ١٩٨٥: ٢٥٣).

٢- یاسای هەڵمژین ( قانون الامتصاص):

ئەم یاسایە ئاستێکی باڵاتر هەڵدەبژێرێت بۆ مامەڵکردن لەگەڵ دەقی ونبوودا. هەڵمژین دەقە ونبووەکە و گواستنەوەی بۆ ناو دەقە ئامادەکەیە، واتە جوڵانەوە گڕوتینێك بە دەقە ونبووەکە دەبەخشێ دەیپارێزێت لە لەناوچوون، لە ڕێگەی ئاوێتەبوونی لەگەڵ دەقە ئامادەکەدا دووبارە زیندوو دەبێتەوە، بە بەرگێکی تازەوە ، چونکە نوسەر دەقەکە بە شێوازێکی جیاوازتر دادەڕێژێتەوە. "ئەم هەڵمژینە، دەقە ونبووەکە تەجمید ناکات و ڕەخنەشی لێناگرێت، بەڵکو سەرلە نوێ دایدەڕێژێتەوە بە پێی پێویستییە مێژووییەکان، کە لەو کاتدا نەبووە، کە دەقەکەی تێدا نوسراوە" (شنۆ محمەد ٢٠١٢: ٧٨). ناوەرۆکی دەقە وونبووەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە. تەنها گۆڕان لە شێوازی دەقەکەدا دەکرێت، بۆ ئەوەی نوسەر مەبەستەکە لەگەڵ دەقە ئامادەکە بگونجێنێت. جۆرە ئاوێتە بوونێك دروستدەکات، کە بیرۆکەی دەقە ونبووەکە لەناو دەقە ئامادەکەدا دەتوێتەوە.

نمونە:

لە دەرەوەی دڵمی، کە دی ئەم هەموو غەم و تەعەبە
دەروونــی، کەیـلــە لە زووخـاو و دەرد و تابـە لەبـە
وتـــی : ببـێ دڵـە! وەك تۆ خراپ و شیفتـە حـاڵ؟
بـەڵــێ هـەیــە لـە من ئـاشـوفتـە تر : وڵاتی بەبە.[48] (مەحوی ١٣٨١: ٣٩٨)

[48] - واتای گشتی چوارینەکە: کە ئەم هەموو دەردو مەینەت و ماندویەتییەی لە دەرەوەی دڵمدا دێ و دیتی ناو دڵم پڕە لە دەردوو زوخاو گەیشتۆتە سەرلێو، لە دڵی پرسی ئاخۆ ئەی دڵ لە تۆ وێرانتر و حاڵ تێکچووتر لە دنیادا ببێ؟ دڵیش وەڵامی دایەوە، وتی بەڵێ وڵاتی بابان لەمن وێرانترو بە شێوەترە.

مەحوی لەم چوارینەیەدا سودی لە ناوەرۆك و مەبەستی دوو نامەکەی نالی وسالم وەرگرتووە، ئاوێتە بوونی ئەم دوو دەقە لەسەر بنەمای هەستی نەتەوایەتییە، کە مەحویش هەمان هەست دەردەبڕێت بەرامبەر بە داگیرکاری دەسەڵاتی عوسمانییەکان، کە لە وڵاتی بابانەکان ئەنجامیانداوە. لێرەدا لە ڕێگەی هێما زمانییەکان (وڵاتی بەبە، ئاشوفتە، شیفتەحاڵ) دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە مەبەستی ناوەرۆکی دوو نامەکەی نالی و سالم بوونەتە هەوێنی بونیادی دەقێکی نوێ.

٣- یاسای گفتوگۆکردن (قانون الحوار):

ئەمە بەرزترین قۆناغی خوێندنەوەی دەقی ونبووە، مامەڵە لەگەڵ دەقە ونبووەکەدا دەکرێت، وەك ڕەخساندنی هەڵێك بۆ گفتوگۆکردنی دەنگە جیاوازەکان ڕونکردنەوەی تێڕوانینەکان و ڕێکەوتنیان لەگەڵ یەکتریدا. لە دەقی ونبوودا گۆڕانکاری لەبنەما سەرەکییەکان دەکرێت، کە دەبێتە هۆی تێکشکاندنی شێوازی دەقەکە. "گفتوگۆکردن، گۆڕانکاری دەقی ئامادەیە و هەڵیدەگێڕێتەوە و گۆڕینی تێدا ئەنجامدەدات لە دۆخی سەقامگیرییەوە بۆ دۆخی بزاوتن"(محمد بنبیس١٩٨٥: ٢٥٣). ئەمەش پشت دەبەستێت بە خوێندنەوەی هۆشەکی بونیادی قول، کە دەقە ئامادەکە بە دەقە ونبووەکە دەبەستێت، هەردوو دەقەکە کارلێکدەکەن لە ژێر ڕۆشنایی درکپێکردنی هۆشیاری بێ ئاگایی نوسەرو خوێنەر.

بونیادی دەق خۆی لە خۆیدا گفتوگۆکردنە لە نێوان خود و بابەت لە چوارچێوەی دەقدا (باختین) ئاماژەی بە گفتوگۆکردن کردووە لە نێو دەقەکاندا بە تایبەتی دەقی گێڕانەوە، ئاوێتەکردنی دەق پەیوەندی بەلایەنی گەشەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. گفتوگۆ بوارێك دەرەخسێنێت بۆ خستنەڕووی دەنگە جیاوازەکان، بەڵگە هێنانەوە بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر. نمونە:

منم من
منم من
وتومە و دەیڵێم
نیشتیمانەکەم جانتایە و
منیش ڕێبوار
من بەلەمێکی بچکۆڵەم
نیشتمانەکەم ڕووبار- داوای لێبوردن
لە مەحمود دەروێش دەکەم (لەتیف هەڵمەت ٢٠٠٩: ٨٧)

شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا ئاماژەی بە ناوی شاعیرێکی عەرەب دەکات، لە کۆتایی دێڕەکاندا، دەبێت درك بە پەیوەندی نێوان دەقە شعرییەکە و ناوی ئەو شاعیرە بکرێت. بۆ ئاوێتەبوونی دوو دەقی شیعرییە، کە بەڵگەیە بۆ ناوهێنانی ئەم شاعیرە، واتە لەتیف هەڵمەت دەقێکی شیعری (محمود دەروێشی)وەرگرتووە، بەڵام بەدەستکارییەکی زۆرەوە، کە پێچەوانەی دەقە شیعرییەکەی (محمود دەروێشە)، کە بەم شێوەیە دایرشتۆتەوە:

آه یا جرحی المکابر
وطني لیس حقیبة
وانا لست' مسافر
انني العاشق، والارض حبیبة! (محمود درویش ١٩٩٣: ٣٦)

لەتیف هەڵمەت، ناوەرۆکی دەقەکەی پێچەوانە کردۆتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ بۆچوونی دەقە ئامادەکە بیگونجێنێت، جۆرە گفتوگۆیەك لەگەڵ (محمود دەروێش) ئەنجامدەدات، وەك ڕێزگرتنێك بۆ دەقەکەی ئەو داوای لێبوردنی لێدەکات، کە واتاکەی گۆڕیوە. ئەوەی (محمود دەروێش) گوزارشتی لێدەکات، پێچەوانەکەی لای لەتیف هەڵمەت ڕاستە.

**٤-٥-٢- پەیوەندی دەقی ئامادە و دەقی ونبوو:**

پەیوەندی دەقی ونبوو پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان هێما و بیر، کەواتایەکە گوزارشتە لە واتادارێك ئەم ڕاستیە بەرجەستە دەبێت، کاتێك ڕووداوەکان دەکرێن بەکۆد بۆ بیرەکان، ئەو بیرانەش ڕوونکردنەوەی دەروونی، کەسیایەتییەکان دەنوێنن. بەڵام پەیوەندی دەقی ئامادە پەیوەندیەکی پێکهاتەیی وێنەییە، کاتێك

ڕووداوەکان ڕوودەدەن، کەسایەتییەکان تێدا دەخرێنەڕوو، لە نێوانیاندا کۆمەڵێك ڕەگەزی بەرامبەری دێنەناوەوە، لێرەدا بە ئاسانی درك بەپەیوەندی ئامادەبوون دەکرێت لە ئەدەبدا، کە بەرمبەر سیاق دانراوە لە زمانەوانیدا، هەروەك پەیوەندی و نبوونیش بەرامبەر پەیوندی جیاوازی و بریخستن دانراون.

کاتێك ئەم دیاردە زمانەوانییە لە چوارچێوەی جوانکاری ڕەخنەییدا سەریهەڵدا، دوو جۆر پەیوەندی لە کارە ئەدەبییەکاندا ئاماژەی پێکرا:

١- پەیوەندی ڕەگەزە ئامادەبووەکان

٢- پەیوەندی ڕەگەزە ونبووەکان. (صلاح فضل ١٩٩٧: ٣٠٦)

هەریەك لەم پەیوەندییانە سروشت و ئەرکی جیاوازیان هەیە. ڕەگەزە ئامادەبووەکان، ئەو دەقە دەگرێتەوە، کە ڕاستەوخۆ لەبەردەستی خوێنەردایە، لە ڕێگەی پێکهاتە زمانییەکاندا دەتوانێت سەرچاوەی سەرەکی بونیادنانی بدۆزێتەوە، واتە سیستەمی زمان هۆکارێکە بۆ ڕوونکردنەوەی دەقی ونبوو لە ناو دەقە ئامادەکاندا، ڕەخنەگری ئەدەبی لەم بوارەدا کاردەکات بۆ ئەوەی بتوانێت ئاماژە بە دەقە ونبووەکە بکات، بەرەچاوکردنی لایەنی ڕۆشنیری و مێژووی و توانستی ئەدەبی. خستنەڕووی ئەو پەیوەندییە کە لە نێوان هەردوو دەقەکەدا هەیە، بە پێی ڕێکخستنی ناوەکی گونجانێك لە نێوان هەردوو دەقەکە دروستدەبێت.

ئەدەب تەنها سیستەمێکی هێمایی نییە وەك هونەری وێنەکێشان و خودی زمان خۆی، بەڵکو بەکارهێنانی چەند کەرەسەیەکی ترە، کە لە سیستەمەکانی تری زمانەوە وەردەگرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی بەهێز بۆ لێکدانە ئاڵۆزەکان. لە جیاوازی نێوان سیستەمی زمانەوانی و ئەدەبی، تێبینی ئەوەکراوە، کە ئەم پێوانە بۆ هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکان وەك یەك نین لە دەربڕینی شیعرییدا، ڕستەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕێکدەخرێت، بەڵام لە دەقی گێڕانەوەدا، نواندنی ڕووداو و کەسایەتییەکان لایەنێکی سەربەخۆیە بۆ وێناکردن. لێرەدا دەتوانین سێ بڕگە دیاری بکەین بۆ شیکردنەوەی دەقە ئەدەبی:

١- تایبەتە بە لایەنی دیاردە زمانەوانییەکانی دەق.

٢- لایەنی ڕێزمانی دەق.

٣- لایەنی واتایی، ئەمە لە سروشتی باری پەیوەندییەکانی دەقی ونبوودا بەرجەستە دەبێت، کە ئەمە گۆشەیەکی گرنگە لە دیاردە ئەدەبیەکاندا (صلاح فضل ١٩٩٧: ٣٠٧). چونکە دەقی ونبوو هۆکارێکە بۆ ڕوونکردنەوەی واتای دەقی ئامادە و دروستکردنی بەڵگەیەکە بۆ سەلمانی ڕاستی بابەتەکە. لایەنی ڕووخسار پێکهاتەی دەقی ئامادە دەنوێنێت بەرەچاوکردنی لایەنی زمانەوانی بۆ دیاریکردنی واتایەکی دیاریکراو، بە پێی تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزە ئەدەبییەکە، بەڵام لەم بونیادەدا خودی مەبەستەکە دەستناکەوێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لێکدانەوەی بونیادی قووڵ بۆ بەرجەستەکردنی مەبەستی دەقەکە، لایەنی ڕووخسار چەند نهێنیەك لەناخیدا دەشارێتەوە، دەقی ونبوو یەکێکە لە نهێنییەکان، کە بەچەند شێوەیەك ئاماژەی پێدەکرێت. دەقی ونبوو لە ڕەوانبێژیدا لە هونەرەکانی (تێهەڵکێش و تێلنیشان و .....هتد) بەرجەستە دەبێت. بە بەکارهێنانی، کەوانە، یان ناوهێنانی خاوەن دەقە ونبووەکە، یان تەنها ئاماژەکردن بە دەقەکە.

جەختکردنەوە لەسەر یاساکانی دەقی ونبوو و خوێندنەوە و لێکدانەوەی، پێویستی بە زمانێکی زیندووی سەردەمیانە هەیە، بۆ پاراستنی دەقە ونبووەکە بەواتا شاراوەکانییەوە، ئەمە پەیوەستە بە کردەی خوێندنەوە. کەواتە "دەقی ونبوو هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە بە ئاشکرا لە دەقەکە باس نەکراوە بە شێوەیەکی نائاشکرا لە دەقەکەدا، ئاماژەی پێکراوە. پێویستە ڕەخنەگر بە شێوەی ئامادەبوو لە جیهانی هێماکاندا بیدۆزێتەوە لە ڕێگەی سیستەمی نوسین، یان لە ڕێگەی سیاقەوە"(بسام قطوس ٢٠٠٢: ٤٥). ئەو کۆدەی، کە کردەی شیعری جێبەجێ دەکات، لەوانەیە کردنەوەی کۆدەکە ببێتە هۆی دۆزینەوەی دەقە ونبوەکە. واتە دەقی ئامادە بونێکی زمانی بەرجەستەی دەکات، بەڵام دەقی ونبوو لە لایەن خوێنەرەوە ئاماژەی پێدەکرێت.

دەقی ونبوو دەرگایەکی ترە بۆ زمانی شیعری، بەهۆی بوونی تەمومژو لادانی زمانی زیاتر دەچێتە ژێرباری ونبوونی دەقەکان، بە تایبەتی لە ڕێگەی دەقبەستی لە لایەك و کاریگەری دەقەکە لە لایەکی

ترەوە، لەگەڵ پاراستنی، کەرەسە زمانییە ونبووەکان، خوێنەر بەسەر هێڵێکی گریمانییدا تێدەپەڕێت بۆ ئامادەکردنی دەقە ونبووەکە، بەهۆی ئەو ئەزموونەی، کە هەیەتی ئاوێتەی دەکات.

**٤-٦- جۆرەکانی لێکدانەوە**

لێکدانەوەی واتا پشت بە چەند بنەمایەك دەبەستێت، کە لە ڕێگەی دەربڕینە زمانییەکە دەستدەکەوێت یان سیاقی دەربڕینەکە بڕیار لەسەر واتاکە دەدات، کە دوو جۆری لێکدانەوە لەخۆدەگرێت:

أ- واتای فەرهەنگی

ب- واتای دەوربەر بەواتای مەبەست ناودەبرێت (أحمد مختار١٩٨٣: ٨٦).

مێشکی مرۆڤ وەك کۆگایەك وایە، چەندەها وشە و زاراوەی زمانەکەی تێدا هەڵگیراوە بەپێی پێویستی گوێگرتن و بەرچاوکەوتنی ئەم وشەو زاراوانە، واتاکانی دەست دەکەوێت. بەڵام واتاکان بە پێی دەربڕینەکان دەگۆڕێن، ئەگەر وشەکان هەمان ئەو واتایە بەکارهاتبێت، کە گوێگرەکە لە کاتی یەکەم وەرگرتن و بەکارهێنانیدا لە مێشکی جێگیرکردووە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە لە ڕێگەی فەرهەنگی مێشکەوە توانی واتاکەی دەست بکەوێت، بەڵام ئەگەر دەربڕینەکە دوور بوو لە واتاکان، ئەوا گوێگر ناچار پەنا دەبات بۆ دەورووبەری گوتنەکە، بۆ دەستکەوتنی واتای مەبەست، ئەمەش پشت بە لێکدانەوەی پراگماتیکی دەبەستێت. دەبێت ئەو پەیوەندییە بدۆزێتەوە کە ئەم دەربڕینەی دروستکردووە، کە ناگونجێت لە گەڵ فەرهەنگی مێشکدا، دەبێت ئەو بارە بگونجێندرێت بۆ بەدوایەکدا هاتنی وشەو دەربڕینە نەگونجاوەکان، ئەمەش لە ڕێگەی چالاککردنی ئەو توانایەوە دەبێت، کە خوێنەر/ کوێگر هەیەتی بۆ گەڕانەوەی بۆ سەرچاوەکەی، ئەمە دەچێتە ئاستی لێکدانەوەی میتافۆر.

**٤-٦-١ میتافۆرو سیاقی پراگماتییکی**

چالاکی پراگماتییکی ئامادەبونێکی هاوکاتی بۆ سێ لایەن هەیە،(قسەکەر ، وەرگر ، گۆیهەڵخەر و ئەو سیاقەی، کە گفتوگۆکەی تێدا ئەنجامدراوە ، تایبەتە بەو ڕستانەی، کە دەقبەستی پێکدەهێنێت، لە ڕێگەی پێکهاتەی ڕۆشنبیری و سیاقی زمانی و شوێنی وەرگر، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئەم سێ لایەنە، واتایەکی دیاریکراو دەست دەکەوێت، ئەمە کاردانەوەی گوزارشتی گەیاندنی میتافۆرە، واتای میتافۆر لە بەکارهێنانە بنەڕەتییەکەدا بەرجەستە نابێت، بەڵکو بەکارهێنەرەکە واتاکە دیاریدەکات "قسەکەر بیرۆکەی بابەتێك دەخاتە بۆتەی چەند وشەیەکەوە. دەنێررێت بۆ گوێگر، بەڵام ئەوەی واتای بیرەکە دەگەیەنێت لە دەرەوەی وشەکاندان" (Lakoff & Johanson 1980:10). لێکدانەوەی میتافۆر لە ڕێگەی دەروونناسیی درکپێکردنەوە ئەنجامدەدرێت، چونکە ئەم دیاردەیە لەسەر بنەماییەکی لێکچوونی بونیاددەنرێت، جا پەیوەندی لێکچوونی دەرەکی یان ناوەکی بێت. قسەکەر خوی ئەم پرۆسەیە دروستدەکات، هەڵبژاردنی وشەکان و ڕێکخستنیان واتا ڕووندەکاتەوە، چونکە واتای خودی وشەکان مەبەست نییە(( کەتیگۆری ڕێکخستنی میتافۆر لە ڕوونکردنەوەی بە شێکیان دەستپێدەکات)). تێڕوانین بۆ تێگەیشتنی میتافور لە ئێستادا گۆڕاوە، کە لە زمان و عەقڵدا بەرجەستە دەبێت، ڕوونکردنەوەی میتافۆرلای نوسەرەکان، تەکنیکی ئاوەزییە، کە ڕێگەدەدرێت بە بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی، کە بەئەزموونی کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕبوون. لە زانستی مەعریفیدا میتافۆر بۆتە تەوەرێکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی بیرکردنەوە لە عەقلدا و گوزارشتکردنیان لە زماندا.

میتافۆر سیمایەکە لە سیماکانی شێوازی مەعریفی، گرنگی تایبەتی هەیە، بۆ گواستنەوەی بونیادی ئاوەزی بە تایبەتی لە کاتی نەخشەڕێژی و نواندنی بیرێك " شاعیرەکان خاوەن کۆ زانیارین، بەردەوام ئاگاداری ئەم سیستەمەن . لە گواستنەوەی چەمکە ئەدەبییەکان. ژمارەیەك وشە بە هۆی میتافۆرەوە چەمکەکان دەگوازنەوە"(Simpson2004:40). بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە لە قسەکردنی ڕۆژانەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، بەڵام ئەوەی لە میتافۆری دەقی هونەریدا جیادەکاتەوە، ئەوەیە بەکارهێنانی میتافۆر لە قسەکردندا چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە، دەبێت بە میتافۆرێکی باو تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی، کە وەك دەربڕینێکی جێگیر لە زماندا سەیر بکرێن ، بەڵام لە دەقی هونەریدا دووبارەبوونەوەی شێوازی میتافۆر، بەهای دەقە ئەدەبییەکە لە داهێنان دادەماڵێت. ئەو داهێنانەی، کە لە وێنە هونەرییەکانی ئەدەبدا بەرجەستە دەبێت بە شێکی زۆریان لە ڕێگەی دروستکردنی شێوازی میتافۆرە وەك هونەرەکانی

ڕەوانبێژی ( خواستن – خوازە - درك )دا دەبینرێت. ئیمبرتۆ ئیکۆ پێیوایە " میتافۆر لادانە لە بنەما وردەکانی ئاخاوتن؛ چەندی، چۆنی، پەیوەندی گونجان، شێواز، چونکە لە ڕووخساری دەربڕینەکەدا هیچ ڕاستییەك بەدیناکرێت، دربڕینەکە بەشێوەی تەمومژ دەخرێتە ڕوو، باس لە شتێك دەکرێت نەوتراوە. خۆت لەبەردەم شتێك دەبینیتەوە و مەبەست شتێکی ترە" (٢٠٠٥: ٢٣٨).

**٤-٦-٢- لێکدانەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا:**

لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، چەند تیۆرێك سەریانهەڵدا بۆ هەڵسەنگاندنی، دەقە ئەدەبییەکان، کە هەریەکەیان تێڕوانینێکی جیاوازیان هەبووە، هەندێك پێیانوابوو کە خودی دەقە دەتوانێت نرخاندنێك بنوێنێت بە بێ لە بەرچاوگرتنی کات و شوێن و نوسەری دەق، هەندێکیان لایەنی مێژوییان بە بەشێکی گرنگ دەزانن بۆ لێکدانەوەی دەقەکان. "موریس تێبینیەیەك دەخاتەڕوو بۆ جیاکردنەوەی گوتاری ڕەخنەی کۆن لەگەڵ گوتاری ڕەخنەی نوێ، چونکە کرۆکی بیرکردنەوەکان جەخت لەسەر تەکنیکی دەقبەستی ئەم بنیادە دەکات لە ڕێگەی، کەرەسە جیاوازەکان" (١٩٨٩: ١٣). مێژووی پەیوەندی نێوان شێوازگەری و ڕخنەی ئەدەبی لە نێو دەقە ئەدەبییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەرییە ئەدەبییەکان، کە زیاتر لە چوارچێوەی، ڕستەو هونەرەکانی ڕەوانبێژییدا بەرجەستەدەبوو. هەڵسەنگاندنەکان سروشتێکی شێوازی تێدا بەدیدەکرا، واتە شێوازگەری لە چوارچێوەی سیستەمەکانی تر ڕێکدەخران، بەڵام دواتر ئەم کاتەی تێپەڕاند، کە هەڵواسرابێت بە زانستەکانی تر، بەڵکو بووبە زانستێکی سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقەکاندا، شێوازگەری تاك لە لای (سپیتزەر) ڕێڕەوەکی فراوانبوو، بۆ ئەوەی بێتە زانستێکی سەربەخۆ، کە بە پێویست دەزانرا بۆ دەستنیشانکردنی شێواز. بەڵام لە ڕەخنەی ئەدەبی نوێدا چەند لایەنێك بە گرنگ دەزانرێت بۆ شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان لەوانە :

١- دەروازەی ڕەوشتی : لایەنی ڕەوشتی بەشداردەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقە ئەدەبییەکان. (ویلبرسوکوت) وای دەبینی، "کە ئەم دەروازەیە کۆنترین جۆرە لە مێژووی ڕەخنەییدا، کە ئەفلاتون بە کاریگەری ڕەوشتی شاعیر ناوی دەبرد و هۆراسیش بە بەهایەکی گەورەی سودی شعر و جوانکاری دەزانی" (١٩٨١: ٧). گرنگی ئەدەب تەنها لە ڕێگەی گوتراوەکان بەرجەستە نابێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە چی دەوترێت؟ لەسەدەی بیستەمەوە ئەم ڕێبازە گەشەکردنێکی بەرچاوەی بەخۆیەوە بینی. گرنگی سەرەکی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا گوزارشتکردن بوو بەڕەخنەی بنیادنەر. لێکۆڵینەوە لە هونەرەکانی ئەدەب وەك هۆکارێك بوو، بەڵام دروستکردنی کاریگەری ئەدەب لەسەر مرۆڤ ئامانجێکی سەرەکی بوو. چونکە ئەدەب پێگەیەکی فراوانی لە بیرو هەڵوێستی مرۆڤدا هەیە.

ئاکارو ڕەوشتی ئەدەبی بە پێی چەند یاسایەك ڕێکدەخرا، ئەم یاسایانەش پشتیان بەیاسا ڕەوشتیەکانی ئاین دەبەستا، ئەم دیاردەیە لەناو ئەدەبی کوردیشدا بە ڕوونی بەرچاودەکەوێت، چونکە شاعیران و نوسەرانی کورد، بە تەواوی، کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئاینی، تەنانەت بەرهەمە ئەدەبیەکانیش ڕەنگدانەوەی ئاینن. یەکێك لە مەبەستە شعرییەکان (شیعری تەسەوف)بووە، بۆیە ڕەخنەگر لە کاتی شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا ناتوانێت ئەم لایەنە پشت گوێ بخەن، چونکە لێکدانەوەی دەقە ئەدبییەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاین، زۆر جار تێگەیشتنی هەڵە دروستدەکات. لە ئەدەبی ئینگلیزیدا کاریگەری ئاینی مەسیحی بەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە دیاربوو. تەنانەت کتێبی(ئینجیل) بە بەخشانێکی گرنگ دەزانن. شاعیرو نوسەر لە دەقە ئەدەبییەکاندا پشت بە دەقە ئاینییەکان دەبەستن بۆ ڕاستی مەبەستەکانیان.گرنگە خوێنەر شارەزایی ئاینی هەبێت، هەندێك لە دەربڕینەکان لە ئاین وەرگیراون، پێویستە بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە ئاینییەکە، جۆری لێکدانەوەکە، چونکە مەرج نییە وشەو زاراوەکان، هەمان مەبەستی ئاخاوتنی ئاسایی بگەیەنن، چونکە لە پشت وشەو زاراوە ئاینییەکان، چەند چیرۆك و ئامۆژگارییەك دەدۆزرێنەوە، کە بۆ مەبەستی جیاواز بەکارهاتوون. دەشێ ئەم لایەنە جۆرێك لە ڕەوشتی ڕەخنەگر بنوێنێت، بۆ داهێنانی نوێ.

چێژی ئەدەبی وەك بنەمایەکی گرنگ سەیردەکرا بۆ لێکدانەوەی دەق، کە جۆرێك لە ئەفراندن بەرجەستە دەکات. بۆ بنیادنانی ڕەخنەی داهێنەرانە، بە تایبەتی لە دەقی گێڕانەوەدا، چونکە کردەی گێڕانەوە نمونەیەکی پەسندە بە پێی یاسا و چەمکە دیاریکراوەکان. دەبێت ڕەخنەگر لەم بارەدا خاوەن توانایەکی زۆری لێکدانەوەبێت. ڤۆلتێر پێیوایە "بیرمەندی و چێژ، دووکاری چالاك و زیندوون"

(ویلبریس سکوت ١٩٨١: ٣٤). داهێنەران لە ناو بازنەی لاسایکردنەوە دەردەچن بەرەو نوێگەری هەنگاودەنێن، داهێنانەکانیش چێژ بەخشن، ئەمە ڕوانگەیەکی ڕەوشتی بەرجەستەدەکات بۆ لێکدانەوەکان.

ب- دەروازەی دەروونی: لایەنی دەروونی سەرچاوەیەکە بۆ بە دواداچوونی دیاردە ئەدەبییەکان و شێوازی دەربڕینەکان، ئەم دەروازەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری شیتەڵکردنی دەروونی لای فرۆید[٤٩]، ئەمە بابەتێکی سەرنجڕاکێش بوو بۆ نوسەرانی ئەو سەردەمە، کۆمەڵێك زاراوەی نوێ هاتە ئاراوە وەك ( چەپاندن، گرێی ئۆدیب ،نەست و ململانێی دەرونی .....)، کە ئاوڕدانەوەیەك بوو لە پۆلێکی نوێی لایەنی مەعریفی مرۆڤ، لە دەرەنجامی خستنەڕووی سەرەتایەکی زانستی، کە دژایەتی ڕابردووی دەکرد. سەرەتای زانستی دەروونناسی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا لە لایەن (کونراد ئایکن و ماکس نیستمان و فلوید دیل) دەستی پێکرد، ئەمانە یارمەتیدەربوون بۆ چارەسەری دەروونی لە گەڵ ئەوەی جەختیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتیش دەکردەوە (ویلبریس سکوت١٩٨١: ٧٧). لایەنی دەروونی لە ڕەخنەدا خۆی لە دوو بنەمای مرۆڤایەتیدا دەبینێتەوە؛ لایەنی هەست و نەست واتە عەقلی درەکی و ناوەکی "کارل گۆستاف یۆنگ ئەقلی بۆ سێ بەش دابەشکرد، هەست و نەستی تاك[٥٠] و نەستی کۆ) ئەمە یۆنگی بەرەو ئەو ئاراستەیە برد، کەنەست گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، پێیوایە نەستی کۆ میراتی دەروونییە" (هەڵمەت بایز٢٠١٢: ٤٦).

ئەوە دیاردەیەکی دەروونی و هزرییە، ڕەنگدانەوەی ناخی نوسەرە، چونکە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەرەنجامی هەڵچوونە دەرونییەکانن، ڕەهەندی دەرونی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە دەقە ئەدەبیەکاندا درکی پێدەکرێت، بۆیە گرنگە خوێنەر، لە ڕێگەی دەربڕینەکانەوە شیکردنەوەی دەروونی بۆ هەر دەقێکی ئەدەبی ئەنجامبدات و باری، کەسایەتییەکە دەستنیشانبکات، کە بۆتە سەرچاوەی داهێنان. تەنانەت لە دەقی گێڕانەوەشدا دەتوانرێت هەمان شیکردنەوە بۆ کەسایەتییەکانی ناو گێڕانەوەکە. ئەنجامبدرێت، لەبەرچاوگرتنی لایەنی دەروونی لە ئەدەبی کوردیدا، هەر لە سەرەتاوە بوونێکی سادەی هەبووە، لە نێو دەقە ئەدەبییەکاندا لە قوتابخانەی کلاسیك بە هۆی وێناکردنی هونەری، درك بەم لایەنە کراوە لە قوتابخانەی ڕۆمانتیکدا بوونێکی فراوانی هەبووە، چونکە خەو خەیاڵ ڕەگەزی گرنگی بونیادی دەقەکان بوون، کە لە هەست و نەستی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتبوو وەك لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا دەبینرێت. لە نیو چیرۆکیشدا لە بەرهەمەکانی شێرزاد حەسەن بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت. هەمیشە خوێنەر بە دوای ئەو هێڵانەدا دەگەڕێت، کە سەرچاوەکەی لە دەروونی نوسەر دایە. چونکە خۆی دەبێتە تۆماری قۆناغ و لایەنە کاریگەرییە دەرونییەکان لە ئەزموونی ژیانیدا. پشتبەستنی نوسەر بە تیۆرەکانی دەروونشیکاری دەبێتە هۆی بونیادنانی ناوەرۆکێکی پتەو لاسایی نەکراوە، ئەمەش ڕەسەنایەتی دەقەکە بەرجەستە دەکات. "ڕەخنەی ئەدەبیی دەروونشیکاری بایەخ بە لایەنی نوسەرو ناوەرۆك و شێوازی دەربڕینی ئەدەبی و خوێنەر دەدات" (تیری ئیگلتون٢٠٠٤: ٩٠). لە ڕێگەی دەربڕینە ئەدەبییەکانەوە ڕەخنەگر دەچێتە دەرونی نوسەرەوە، کە هەردوولایەنی هەست و نەست لەخۆدەگرێت.

ج- دەروازەی کۆمەڵایەتی: ڕەخنەی ئەدەبی گرنگی خۆی لە ناوەندی کۆمەڵایەتیدا دەچەسپێنێت، بە سەلماندنی زیندووی ئەو پەیوەندییە پتەوەی، کە لە نێوان هونەرو کۆمەڵدا هەیە. چونکە هیچ هونەرێك لە بۆشایدا دروستنابێت، ئەگەر پشت بەکۆمەڵ و کەلتوری کۆمەڵایەتی نەبەستێت. لەسەرەتادا چەند نووسەرێکی وەك(هویلز، جاك ، هاملین کارلا ، فرانکنوویس ) توانیان هونەر بە بەها کۆمەڵایەتییەکان ببەستنەوە[٥١]. پەیوەندی نێوان هونەرو کۆمەڵ پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕییە، چونکە ئەدەب بیرۆکە لە کۆمەڵ وەردەگرێت بۆ بونیادی هونەری، کۆمەڵیش کاریگەر دەبێت بەم هونەرە.

---

[٤٩] - بڵاوکردنەوەی (گرێی ئودیب و لێکدانەوەی هاملێت) لە (گونجانی زانستی دەروونناسی ئەمریکی)لە ساڵی (١٩١٠)بوو بە سەرەتایەکی بەهێز بۆ لێکدانەوەی دەروونی کەسایەتییەکانی چیرۆك (بڕوانە ویلبریس – سکوت ١٩٨١).

[٥٠] - نەستی تاك ئەو نەستە چەپێنراوانەی تاك دەگرێتەوە، کە لە قۆناغەکانی ژیاندا، سەرکوتکراون لە ڕووی سۆزدارییەوە (بڕوانە کارل گوستاف یۆنگ ٢٠٠٥).

[٥١]- جۆن ماکی لە ساڵی ١٩٠٨دا لە کتێبی (روح الادب الامیرکی) پشتی بە تێڕوانینی ئیشتراکییەکان بەستا بۆ دروستکردنی کاریگەری کۆمەڵ لەسەر هونەر، ئەمە زیاتر پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیای مارکسییەتەوە هەبوو. لەساڵی سییەکاندا بڕیاردانی ئەدەبی پەیوەستکرابوو بە بەهای ئابووری و سیاسی بڕوانە (ولیبەر. سوت ١٩٨١)

د- دەروازەی شێوەیی(شکلي[52]): شێوە یان شێوازی ڕەخنەیی گەورەترین کاریگەری هونەری دروستدەکات. لە ڕەخنەی نوێدا(ت. س. ئەلیوت) کەسایەتییەکی سەرەکی بوو بۆ گەشەپێدانی ڕەخنەی شێوەییی، کاریگەر بوو بە بۆچونەکانی (بباوند و هولم)، کە پێگەیەکی فراوانیان لە هونەردا هەبوو، پیانوابوو هونەر گوزارشت نییە لە بیری کۆمەڵایەتی و ئاینی و ڕەوشتی و سیاسی، بەڵکو دەبێت لێکۆڵینەوە لە خودی دەقەکە بکرێت (ولیبر سکوت١٩٨١: ١٩٣). ئەم بۆچونە ئەوە دەگەیەنێت، کە شێواز خۆی هونەرێکی جوانکاری و سەرنجڕاکێشە، پێویستە لە بونیادی هونەرەکە بکۆڵدرێتەوە بە بێ لە بەرچاوگرتنی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ...... . ئەمە لە هونەری شیعردا بەرجەستە دەبێت، پاڵنەرێك بوو بۆ ئەوەی، کە ڕەخنەگر دور بکەوێتەوە لە دەوروبەری دەق.

هـ - دەروازەی نمونەیی: ئەم دەروازەیە لە ژێر تیشکی ئەفسانەییی خۆی دەردەخات پێویستی بە خوێندنەوەیەکی وردی دەقەکە هەیە، زیاتر گرنگی بە بەهای ناوەرۆکی دەدات، بۆ بەرجەستەکردنی جوانکاری و شێوەی خستنەڕووی لایەنی کلتوری و شارستانیەت. ڕەخنەی نمونەیی لە ئەفسانەیەکی دیاریکراودا سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو جۆرەها بنەمای شارستانیەت ئاشکرا دەبێت، کە تایبەتن بە ئامادەبوونی ئەفسانەیەك لە شارستانەتێکی دیاریکراودا (ولیبر سکوت١٩٨١: ٢٦٨).

لە پڕاگماتیکدا قسەکەر دەبێ لایەنی ڕەوشتی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی کۆمەڵ و بەرامبەرەکەی لە بەرچاو بگرێ کاتی، کە ئاخاوتنی ئەنجام دەدات، ئەمانەش خۆی لە خۆیدا وابەستەی ئەو بنەمایانەن، کە (گرایس و ئۆستن) بۆ چێوەڕێژکردنی پڕاگماتیك بونیادیاننا، بنەماکانیش و ئەو دەروازە ڕەخنەییانەش لە بۆتەی سیاقەکاندا دەتوێنەوە.

## ئەنجام

لێکدانەوەکانی ئەو تێزی دکتۆرایە ئەو ئەنجامانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە:

١- هاتنەکایەی زانست و دیاردەی پڕاگماتیك، دوای لێکدانەوەکانی یەکەم (چارلس موریس ١٩٣٨) سەریهەڵدا، کەچی دەرکەوتنی شێوازگەری دوای بڵاوبونەوەی ڕێبازی بونیادگەری، بڵاوبوونەوەی محازەرەکانی (دی سوسێر) لە لایەن هەردوو قوتابی سوسێر (شال، و بالیە)هاتەکایەوە.

٢- کەرەستە و سیاقی لێکدانەوەکانی پڕاگماتیك و شێوازگەری لە دوو بواری جیاوازدا کاردەکەن، لەو کاتەی، کە پڕاگماتیك بواری شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی لە چوارچێوەی ئاخاوتندا جێبەجێ دەکات، شێوازگەری لە پاڵ ئاخاوتن، چێوەکانی دەقی نوسراویش لەخۆدەگرێ، کە ئەمەی دوایی زیاتر تیایدا بەهەند هەڵدەگیرێ.

٣- ئەوەی لە پڕاگماتیکدا، بەلادان لە بنەماکانی بەزاندنی ئەو بنەمایانە لە قەڵەم دەدرێ، و وەکو ڕەخنە لە ئاخێوەر وەردەگیرێ، لە شێوازگەری وەکو لادان (Departure) لە شێوازگەری لێکدەدرێتەوە و بە لێهاتوویی و دەرکەوتنی فیکر و دەست و قەڵەمی نوسەر لەقەڵەم دەدرێ.

٤- ئەو ڕێچکە پڕ و دووریانەی، کە هەردوو زانست و داڕێژەرانی ئەو دوو دیاردەیە تێیدا کۆدەبنەوە مەبەستمان ( پڕاگماتیك و شێوازگەرییە) پەنا بردنەبەر هێزی ڕەوانبێژی(Rhetorical Force)ە. بۆ بەهێزکردنی ئاخاوتن و دەقەکانیان، ئەویش بە پەنابردنەبەر پەندی پێشینان و دەقە بەهێزەکان.

٥- لە پۆلینکردنی پڕاگماتیکدا بە پێی پێوەرە واتاییەکان، پڕاگماتیك بە دوورکەتنەوە لە سیمانتیك (واتە واتای نزیك و ڕاستەوخۆ) لێکدەدرێتەوە، کەچی لە شێوازگەریدا، دەقەکراوەکان دەخەینە ئاستی واتای پڕاگماتیکی، و دەقە داخراوەکان بەبنەما دیارەکانی سیمانتیکی لێکدەدرێتەوە.

[52] - (شکلي) لە ڕەخنەی نوێدا ئەم دەروازەیە بە زاراوەیەکی تر ئاماژەی پێکراوە وەك جوانکاری، دەقی ئەنتۆلۆژی.

٦- ئەوەی لە بواری پڕاگماتیکدا وەکو سیاق و چوارچێوەی ئاخاوتن و گوێهەڵخەر بەشداری پڕۆسەی پڕاگماتیك دەکەن لە ئاخاوتندا، لە دەقی نوسراوی شێوازگەریدا وەکو خوێنەری دەقی داخراو، و کراوە بەشداری لێکدانەوەی دەقەکان دەکەن. بەمەش لە پڕاگماتیکدا بەشداربووەکانی ئاخاوتن هەموویان ئامادەبوونیان دەبێ (قسەکەر – گوێگر- گوێهەڵخەر) لە کاتی دروستکردنی دەقە ئاخاوتنییەکاندا.
٧- بۆ گەیشتن بە بونیادی مەعریفی هەر قسەکەرێك، یان نوسەرێك بە پەیڕەوکردنی کارامەیی پڕاگماتیکی و شێوازگەریی دەقەکە ئالۆز دەکەوێت، لە هەردووکیاندا دەبێ گوێگر یان خوێنەر بە دوای کۆد و کلێلێکی شیکردنەوە بگەڕێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەقەکە.
٨- ناوی (سەبەتەی پشتگوێ خراوەکان waste basket) سەرەتا بە سیمانتیك دەوترا، دواتر ئەو ناوە بۆ پڕاگماتیك بەکارهێنرا. بەڵام ئەو ناوە لە شێوازگەریدا بە هیچ شێوەیەك شوێنی خۆیی ناگرێت.
٩- پڕاگماتیك و شێوازگەری، کە هەردووکیان پەیوەستن بە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان و هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکانەوە لە لایەن ئاخێوەر و نوسەرەوە، لە سێ بازنەی زمانیدا بەیەکتر دەگەن، کە بریتین لە ١- زمان وەرگرتن Language Acquesition ٢- زمان فێربوون Language Learning ٣- بەکارهێنانی زمان، ئەوەی یەکەم پەیوەندی بە (Competence )ەوە، واتە پەیوەندی بە توانستی قسەکەر یان نوسەرەوە هەیە، زمانی یەکەم (زمانی دایك)دەگرێتەوە، کەچی دووەم و سێیەم پەیوەندیان بەزمانی دووەم و سێیەمەوە هەیە، و دەچنە بازنەی چالاکی زمانەوە (Performance)، لە پاڵ ئەوەشدا خاڵی سێیەم دەچێتە ژێر دەسەڵاتی سەرووی زمانەوە (Para Language) بەمەش دەردەکەوێت ئەوەی (ئاخێوەرو نوسەر) هەرسێ خاڵەکە کۆبکاتەوە (توانای زیاتر لە زمانێکی هەبێت ) کارامە و سەرکەوتوتر دەبێت.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


- **ئارام صدیق**

۲۰۰۹ ستاتیکای گێڕانەوە، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

- **ئاڤێستا کمال محمود**

۲۰۱۲ پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتورا، زانکۆی سلێمانی.

- **ئەرستۆ**

۲۰۰٤ هونەری شیعر (شیعرناسی)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی، چاپ و پەخشی ڕێنما

- **ئیدریس عبدالله**

۲۰۱۱ شێوازو شێوازگەری، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- **بەکر عومەر عەلی**

۲۰۰۰ میتافور لە ڕوانگەی زمانەوانیەوە، نامەی دکتورا، کۆلیژی زمان زانکۆی سلێمانی.

- **بەکر عومەر عەلی**

۲۰۱٤ چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

- **بێری یاسین حسین**

۲۰۱۲ هەندێك لایەنی پراگماتیکی فراوان(ماکرۆپراگماتییك) لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستە، کۆلیژی پەروەردە زانکۆی سەلاحەدین.

- **پەرێز سابیر**

۲۰۰۱ بونیادی هونەری چیرۆکی کوردی، دەزگا و چاپی پەخشی سەردەم، سلیمانی.

- **تریفە عومەر ئەحمەد**

۲۰۰۸ مەبەستی پراگماتییکی لە وتاردا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمانی زانکۆی سلێمانی.

- **تیری ئیگڵتۆن**

۲۰۰٤ شیکردنەوەی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا،و: سەلاح حەسەن پاڵەوان، دەزگا و چاپی پەخشی سەردەم، سلیمانی.

- **جەلال انور سعید**

۲۰۰٦ تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی(ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروردەی(ئیبن ڕشید)ی زانکۆی بەغدا.

- **حەمە ڕەشید قەرەداغی**

۲۰۱۲ فەرهەنگی ئازادی،چاپی سێیەم، نەشری ئیحسان.

- **حسین بوحسون**

۲۰۰٤ شێوازگەری و دەقی ئەدەبی، و:هیمداد حسین،گۆڤاری کاروان، ژ.۱۸٦.

- **ستاری پیرداود**

۲۰۱۰ خوێندنەوەی میتافور، چ ۲ چاپخانەی خانەی خانی، دهۆك.

- **سەباح ڕەشید قادر**

٢٠١٥ داتاشینی سینتاکسی لە نێوان سیستەمی چەمکی هێماکان و سیستەمی ژمێرکاری، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ ٤، بەرگی ٢.

- **سەباح ڕەشید قادر**

٢٠١٦ تیۆری چێوەڕێژەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ ٧، بەرگی٣.

- **سەرکەوت عومەر ئیبراهیم**

٢٠١٣ بونیادی هونەری لە ڕۆمانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نامەی دکتورا فەکەڵتی پەروەردە زانکۆی کۆیە.

- **سەلاح حوێزرسول**

٢٠١٤ پرەنسیپی بە ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا. چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- **شنۆ محەمەد مەحمود**

٢٠١٢ دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نمونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

- **تالیب حوسێن عەلی**

٢٠١١ واتاسازی وچەند بابەتێکی لێکدانەوەی وشە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- **عەزیز گەردی**

١٩٧٩ ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم(واتا ناسی) چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی.

- **عەلاءالدین سجادی**

١٩٨٦ خۆشخوانی ( گوزارکاری ، ڕەوانکاری،جوانکاری)چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

- **عومەر مەحمود کەریم**

٢٠٠٩ سیمای پراگماتییکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.

- **قیس کاکل توفیق**

١٩٩٥ جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر زانکۆی سەلاحەدین.

- **قیس کاکل توفیق**

٢٠٠٢ پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین.

- **کۆمەڵێك زمانەوان**

٢٠٠٩ مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمانی، وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە محەمەدی مەحوی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

- **محەمەد مەعروف فەتاح**

١٩٩٠ زمانەوانی ، دار الحكمة للطباعة والنشر، اربيل.

- **محەمەد مەعروف فەتاح**

٢٠١٠ لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- **محەمەد ڕەزاباتنی**

٢٠١٢ چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، و. هێرش کەریم، چاپخانە گەنج، سلێمانی.

- **میران جەلال محەمەد**

٢٠٠٩ بونیادی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا،مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

- **نایف خرما**

١٩٧٨ چەند تیشکێکێك بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، شهاب شێخ تەیب، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك.

- **نەجم خالید ئەڵوەنی**

٢٠١٢ جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ( ڕۆمانی پێنجەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریبدا، بەڕێوەبەربەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

- **هۆگر مەحمود**

٢٠٠٠ پراگماتییك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمانی زانکۆی سلێمانی.

- **هەڵمەت بایز ڕەسول**

٢٠١٢ ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، چاپخانەی موکریان، هەولێر

- **هەژار موکریانی**

١٣٢٩ هەمبانە بۆرینە، فەرهەنگی(کوردی فارسی) تەهران.

- **ویدۆوسن**

٢٠٠٨ سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە، هۆشەنگ فاروق، چاپخانەی خانی، دهۆك.

- **یارا قادرحمد**

٢٠١٥ گیروگرفت و نەخۆشییەکانی گوتن و چارەسەرکردنیان. چاپخانەی کارۆ، هەولێر.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

- **أبراهيم محمد**

١٩٨٣ ضرورة الشعرية – دراسة أسلوبية، دار الاندلس، ط٣، لبنان بيروت.

- **احمد شايب**

١٩٩١ الاسلوب دراسة بلاغية تحليلية لأصول الاساليب الادبية، الطبعة الثامنة، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

- **احمد مختار**

١٩٩٨ علم الدلالة،ط٥، عالم الكتب، القاهرة.

- **احمد قاسم الزمر**

١٩٩٨ ظواهر الاسلوبية في الشعر الحديث في اليمن، مركز عبادى للدراسات والنشر، صنعاء.

- **احمد متوكل**

٢٠١٠ اللسانيات الوظيفية مدخل نظري، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان.

- **الازهر الزناد**

١٩٩٣ نسيج النص ،الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربى ،بيروت.

- **أمبرتوايكو**

٢٠٠٩ ألية الكتابة السردية (نصوص حول تجربة الخاصة، ت. سعيد بنكراد، دار الحوار للنشر والتوزيع الاذقية.

- **أمبرطو ايكو**

٢٠١٣ الاثر المفتوح، ت:عبدالرحمن بو علي، ط٢، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية،سوريا .

- **أمنة يوسف**

١٩٩٧ تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، لاذقية، سوريا.

- **باسمه درمش**

٢٠٠٧ عتبات النص، مجلة العلامات، مجلد ٦١،العدد٣.

- **بخولة بن الدين**

٢٠١٣ مقاربة سيمائية، مجلة السيمات، مجلد ١، العدد ١.

- **بسام قطوس**

٢٠٠٢ تمنح النص متعة التلقي قراءة ما فوق النص، أزمنة للنشر والتوزيع، عمان الاردن.

- **بشرى موسى صالح**

٢٠٠١ نظرية التلقي، أصول وتطبيقات، المركز الثقافي العربى، الدار بيضاء.

- **بول ريكور**

٢٠٠٦ نظرية التأويل الخطاب وفائض المعنى، ت: سعيد الفائض،ط٢، المركز التقاضي العربى الدار البيضاء، بيروت.

- **بير جيرو**

١٩٩٤ الاسلوب والاسلوبيه، ت منذر عياشى، المركز القومى، بيروت.

- **تزفيطان طودوروف**

١٩٩٠ قضاية الشعرية، ت:شكرى المبخوت و رجاء بن سلامة، ط٢، دارتوبقال للنشر، المغرب.

- **تزفيطان طودوروف**

٢٠٠٥ مفاهيم سرديه، ت: عبدالرحمن مزيان، منشورات الاختلاف، جزائر.

- **تيرى ايغلتون**

١٩٩٥ نظرية الادب،ت:ثائر ديب،منشورات وزارة الثقافة، دمشق

- **جان كوهن**

١٩٨٦ بنية الشعرية، ت: محمد الولي ومحمد العمري، دار توبقال للنشر، المغرب.

- **جميل حمداوى**

١٩٩٧ صورة العنوان في الرواية العربية، عالم الفكر، المجلد ٢٥، العدد ٣.

- **جورج مولينييه**

١٩٩٨ ادوات الفن الادبى، ت: بسام بركة ، مجلة الفكر العربى، العدد ٩٤، معهد الانماء العربى ، بيروت، لبنان.

- **جورج مولينية**

١٩٩٩ الاسلوبية، ت: بسام بركة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.

- **جوناثان كية فوستر**

٢٠١٤ الذاكرة، ت: مروة عبدالسلام ،مؤسسة منداوى للتعليم والثقافة.

- **جيرارجينت**

٢٠٠٠ خطاب الحكاية،بحث في النهج،ترجمة محمد معتصم وعبد الجليل الازدى وعمر

الحلى، ط.٢٠ ،المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومى للترجمة.

- **حافظ اسماعيل**

٢٠١١ اللسانيات فى الثقافة العربية المعاصرة، دراسة تحليلية النقدية فى قضايا تلقى و اشكالاته دار كتاب الجديد.

- **حافظ اسماعيلي علوى**

٢٠١٤ التداوليات علم استعمال اللغة، عالم الكتب الحديث، الاردن.

- **حسين الواد**

١٩٨٤ من قراءة ((النشأة))الى قراءة((التقبل))مجلة فصول الجلد الخامس العدد الاول، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

- **حياة مختار أم سعيد**

٢٠١٥ تداولية الخطاب الروائى، دار كنوز المعرفة للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن.

- **رامان سلدن**

١٩٩١ النظرية الادبية المعاصرة، ترجمة: جابر العصفور، دار الفكرة للدراسات والنشر والتوزيع القاهرة.

- **دي بوجراند. روبرت**

١٩٩٨ النص والخطاب والاجراء، ترجمة:تمام حسان، عالم الكتب، القاهرة.

- **رومان جاكبسون**

١٩٩٠ قضايا الشعرية، ترجمة محمد الولى، ومبارك حنون، دار تبقال، المغرب، ط ٢.

- **سعد مصلوح**

١٩٨٤ أسلوب دراسة اللغوية الاحصائية، عالم الكتب، القاهيرة.

- **سعيد حسن بحيرى**

١٩٩٧ علم اللغة النص المفاهيم والاتجاهات، ط ١ ، دارنوبة للطباعة، القاهرة.

- **شفيع السيد**

١٩٨٦ الاتجاه الاسلوبي في النقد الادبي، دار الفكر العربي، القاهرة.

- **شوقى حنيف**

١٩٨٦ فى نقد الادبى، مبادءى علم الاسلوب،مصر.

- **صابر الحباشة**

٢٠١٠ لسانيات الخطاب الاسلوبية والتلفظوالتداولية،ط١، دار الحوار للنشر،سوريا.

- **صلاح فضل**

١٩٨٥ علم الاسلوب مبادئه والاجراءته، مؤسسة مختار للنشر والتوزيع، القاهرة.

- **صلاح فضل**

١٩٨٧ نظرية البنائية في النقد الادبى،ط الثالثة، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

- **صلاح فضل**

١٩٩٢ بلاغة خطاب وعلم نص، مطابع سياسة، الكويت.

- **صلاح فضل**

١٩٩٧ مناهج النقد المعاصر، دار الافاق البعيدة، القاهرة.

- **عامر رِضا**

٢٠١٤ سيماء العنوان في الشعر هدى ميقاتى، مجلة الواحات للبحوث والدراسات، المجلد ٧، العدد ٢.

- **عادل فاخورى**

١٩٨٩ اقتضاء في التداول اللساني، عالم الفكر،جزء٣،كويت.
- **عبدالحق بالعابد**

٢٠٠٨ عتبات جيرار جينيت من النص الى مناص، منشورات الاختلاف، الجزائر.
- **عبد السلام المسدي**

٢٠٠٦ **الاسلوبية والاسلوب**، ط٥، دار الكتب الوطنية، بنغازى، ليبيا.
- **عبدالله حوله**

١٩٨٤ الاسلوبية الذاتية أو النشوئية، مجلة الفصول العدد الاول، الهيئة المصرية العامة.
- **عبدالناصر حسن محمد**

١٩٩٩ نظرية التوصيل وقراءة النص الادبى، المكتب المصرى لتوزيع المطبوعات، قاهرة.
- **عدنان بن ذريل**

٢٠٠٠ النص والآسلوبية بين النظرية والتطبيق، من المنشورات أتحاد الكتاب العرب .
- **عدنان على رِضا النحوى**

١٩٩٩ الاسلوب والاسلوبية، دار للنشر والتوزيع، الرياض.
- **عشتارداود محمد**

١٩٩٩ شعر محمود حسن أسماعيل(دراسة أسلوبية)، رسالة ماجستير، مكتبة التربية للبنات جامعة بغداد.

- **عمروش سعيدة**

٢٠١٣ سيمائية العنونة في ديوان(أوجاع صفصافة في مواسم اللاعصار)، جامعة سطيف كلية الاداب، رسالة ماجستير، الجزائر.
- **غازى مختار طليمات**

١٩٩٧ علم اللغة، دار طلاس، دمشق.
- **فان دايك**

٢٠١٣ النص والسياق استقصاء البحث في الخطاب الدلالي والتداولي، ت:عبداقادر قنيني، افريقيا الشرق، المغرب.

**فرحان بدرى الحريرى**

٢٠٠٣ الاسلوبية فى النقد العربى الحديث دراسة فى تحليل الخطاب، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.
- **فيلى ساندريس**

٢٠٠٣ نحو نظرية اسلوبية لسانية،ت:خالد محمود جمعة، دار الفكر، ديمشق.
- **قدورة عبدالله ثانى**

٢٠٠٤ سيمائية الصورة، دار الغرب للنشر والتوزيع، وهران، الجزائر.
- **مازن الوعر**

١٩٩٨ قضايا أساسية في العلم اللسانيات الحديث،دار الطلاس للدراسات والترجمة والنشر.
- **محمد بنبيس**

١٩٨٥ ظاهرة الشعر المعاصر في المغرب، مقاربة بنيوية تكوينية، دار التنوير، للطباعة والنشر دار البيضاء.

- **محمد خطابي**

١٩٩١ لسانيات النص، مدخل الى انسجام الخطاب، المركز الثقافي العربي، بيروت.

- **محمد عبد البشير**

٢٠١٥ مقولات نظرية التلقى: بين المرجعيات المعريفية والممارسة الاجرائية، مجلة جيل الدراسات الادبية والفكرية، عدد٤٠، الجزائر.

- **محمد عبدالمطلب**

٢٠٠٤ النص المفتوح والنص المغلق. بحث منشورات على شبكة الانترنيت، الموقف الادبى، العدد٣٩٨.

- **محمد عبدالمطلب**

١٩٩٤ البلاغة والاسلوبية، ط١، لونجمان، القاهرة.

- **محمد عزام**

١٩٩٦ فضاء النص الروائي، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية سورية.

- **محمد عزام**

٢٠٠١ النص الغائب تجليات التناص في الشعر العربي، منشورات اتحاد الكتاب العربي، دمشق.

- **محمد عزام**

٢٠٠٧ التلقي والتأويل: بيان سلطة القارئ في الادب، دار الينابيع لطباعة والنشر والتوزيع.

- **محمد قضاة**

١٩٩٨ الاسلوب والاسلوبية والنص الحديث الشعر والمناهج النقدية الحديثة، بحوث مهرجان المربد الشعرى الثالث عشر.

- **محمود درويش**

١٩٩٣ حبيبتى تنهض من نومها، الطبعة الثامنة ، دار العودة، بيروت.

- **مسعود صحراوى**

٢٠٠٥ التداولية عند علماء العرب، دار الطليعة للطباعة والنشر.

- **مسعود صحراوى**

٢٠١٤ في الجهاز المفاهيم للدرس التداولي المعاصر، عالم الكتب الحديثة.

- **مصطفى غلفان**

٢٠١٠ في اللسانيات العامة،ط١، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت.

- **منذر العياشى**

١٩٩٠ مقالات فى الاسلوبية، منشورات اتحاد الكتاب العرب،دمشق.

- **منذر العياشى**

٢٠١٥ الأسلوبية وتحليل الخطاب، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق.

- **منصور مصطفى**
- ٢٠١٥ سرديات جيرارجينت في النقد العربى الحديث. رؤية للنشروالتوزيع ، القاهرة.
- **موريس ابوناضر**

١٩٨٩ الآسنية والنقد الادبي ،دار نهاد، بيروت.

- **ميشال بوتور**

١٩٧١ بحوث في الرواية الجديدة ت: فريد انطونيوس، منشورات دار عويدات، بيروت.

- **ميشال زكريا**

۱۹۹۲ بحوث السنية عربية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بروت.
- **ميشيل فؤكو**

۱۹۸٦ حفريات المعرفه، ت، سالم يفوت، الدار البيضاء.
- **هادي الجطلاوى**

۱۹۹۲ مدخل الى الاسلوبية تنظيرا والتطبيقا، مكتبة عيون، الدار البيضاء المغرب.
- **هنريش بليت**

۱۹۹۹ البلاغة والاسلوبية نحونموذج سيمائي لتحليل النص، ت:محمد العمري، دار افريقيا الشرق.
- **وحيد بن بو عزيز**

۲۰۰۸ حدود والتأويل قراءة في مشروع أمبراتوايكو النقدي، مطابع الدار الحرية للعلوم، بيروت.

- **ولبريس. سكوت**

۱۹۸۱ خمسة مداخل الى النقد الادبي، ت: عناد غزوان اسماعيل وجعفر صاد الخليجي، دارالحرية للطباعة،بغداد.
- **يان موكاروفسكى**

۱۹۸۰ اللغة المعيارية واللغة الشعرية، ترجمة ألفت كمال ڕوبي، مجلة فصول، المجلد الخامس، العدد الاول.
- **يحيى أحمد**

۱۹۸۹ الاتجاه الوظـــيفي ودوره في تحليل اللغة، مجلة عالم الفكر، المجلد الثاني، العدد الثالث، الكويت.
- **يمنى العيد**

۲۰۱۰ تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، دار الفارابي، بيروت.
- **يوزف شترلكا**

١٩٨٤ الاسلوب الادبى، من كتاب(مناهج علم الادبى) مجلة فصول، المجلد الخامس، العدد الاول.


## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:


- **Adrian,Richard A. and Robert,M. Harnish**

**1995** Linguistics, An Introduction to Language and Communication. Cambridge,The MIT Press.
- **Austin,J.L**

**1962** How to do things with words, Oxford University, London.
- **Baddely,A.D.**

**1986** Working Memory, Oxford University, Oxford Press.
- **Bialystok, E.**

**1988** Levels of bilingualism and levels of linguistic a wareness. Developmental Psychology,

- **Black, Elizabeth**

  **2006** Pragmatic Stylistics, Edinburgh University press Ltd**.**
- **Brown,P.&,Levinson S.C.**

  **1987** Politeness: Some Universals in Language Use, Cambridge University Press.
- **Brown & Yule**

  **1983** Discourse analysis, Cambridge University press.

- **Cook,V. & M. Newson**

  1997 Chomsky's universal grammar, an introduction. Oxford, Blackwell.
- **Cutting ,Joan**

  **2008** Pragmatics and Discourse, Routledge, Landon.
- **Chomsky.N**

  **1959** "A Review of B.F Skinners verbal" in language, Bobbs Merrill.
- **Crystal, D.A**

  **2003** Dictionary of Linguistics and pragmatics, Blackwell Oxford**.**
- **Donough,S. M.**

  **2002** Applied Linguistics in Language Education, Oxford university press,New York.
- **Grice, H.P.**

  **1975** Logic and conversation In Cole, P. & Morgan , J. (eds.) Syntax and Semantics, Volume 3. New York: Academic Press.
- **Halliday&Hasan**

  **1976** Cohesion in English. Longman, London.
- **Halliday,M.**

  **1994** An Introduction to Functional Grammar. Arnold, London.
- **Hoey,Michael**

  **2001** Textual Interaction, AnIntroduction to Written Discourse, Routledge, london.
- **Jeffries, L. & Mclntyre, D.**

  **2010** Stylistics, Cambridge University press.
- **Kennth, R. Rose & Kasper, G.**

  **2001** Pragmatics in language teaching, Cambridge University Press.
- **Labov, W. and Waletzky**

  **1967** Narrative analysis oral versions of personal Experience, Journal of Narrative And Life History,7(1- 4) Cambridge University Press.
- **Labov, W.**

  **1972** Language in the Inner City, Philadelphia University of Pennsylvania Press.

- **Labov, W.**

  **2001** The Social Stratification of English in New York City.2nd edition.Cambridge, Cambridge University Press.

- **Lakoff, R**

  **1973** The Logic of Politeness; or, Minding Your P's and Q's. In Corum C. Smith-
- **Lakoff, and Johnson**

  **1980** Metaphors We Live By. Chicago: University of Chicago Press.
- **Leech,G. & Short,N.**

  **1981** Style in function, A linguistic Introduction to Enhlish Functional prose,Singapore Longman Group Limited.
- **Leech, G.**

  **1983** Principles of Pragmatics. London: Longman.
- **Levinson, S. C.**

  **2010** Pragmatics, Cambridge University Press.
- **Leech, G**
- **1970** Linguistics and Figures of Rhetoric, Lonon.

- **Lyons,J.**

  1995 Linguistic Semantics, An introduction, Cambridge University Press.
- **Mey,G.L**

  **2001** Pragmatics, un introduction, Blackwell publishing.
- **Misra,P.S.**

  **2012** Stylistics, Orient Black swan Private Limited, New Delhi.
- **Osgood,C.E.&Adams F.M.**

  **1963** ACross-cultural Study of the Affective Meanings of Color "Journal of Cross-Cultural Psychology .
- **Searle, J,R.**

  **1971** Speech Acts, Cambridge
- **Smith, Peter Wilfred Hesling**

  **1991** Speech act theory, discourse structure and indirect speech, PhD thesis, University of Leeds.
- **Simposon .Paul**

  **2004** Stylistics A Resource Book for Students, Routledge English Language.
- **Sperber, D . &Wilson, D.**

  **1981** "On Grice's theory of conversation" in Werth, P. (ed) Conversation and Discourse (Croom-Helm).

- **Thomas. J.**
  **1995** Meaning in Interaction an Introduction to Pragmatics New York , Longman**.**
- **Verschueren, Jef**
  **1999** Understanding pragmatics, Arnold, London.
- **Verdonk,P.**
  **2014** Stylistics Oxford University Press.
- **Whinney,M. B**
  **1999** The Emergence of Language, Laurence Erlbaum Associates, London.
- **Yule, George**
  **1996** Pragmatics, Oxford University Press.
- **Yule ,George**
  **2010** The Study Of Language, Fourth Edition, Cambridge University Press.
- **Watts, R. J.**
  **2003** Politeness,Cambridge,Cambridge University Press.

**سەرچاوە ئەلەکترۆنییەکان:**

- ebn-khaldoun.com/article_details.php?article=635
- http:www.uobabylon.edu.ig/uabcolges/lecture.
- https:ar.m.wikipedia.org.
- احمد کریم٢٠١٠http://www.diwanalarab.com
- Labuni-biskra.dz.naima/13.
- www.awu.dam.ord

**سەرچاوەی نمونەکان :**

- **بەختیار عەلی**
  ٢٠١٣ کەشتی فریشتەکان، چاپخانەی کارۆ، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- **بەختیار عەلی**
  ٢٠١٥ ڕۆمانی مەرگی تاقانەی دووەم، چاپخانەی تاران چ٦،تاران.
- **شێرکۆ بێکەس**

٢٠٠٤ گۆرستانی چراکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- **عەبدوڵڵا پەشێو**
- ٢٠١٤ پشت لە نەوا ڕووله كرێوە، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژ هەڵات، کوردستان.
- **عەتائوڵڵای حەواری نەسب**

١٣٨٥ دیوانی نالی، بە پێی نوسخەکەی مەلا عەبدالکریمی مودەرس، چاپخانەی انتصاراتی کوردستان، سنندج.

- **فەرەیدوون عەبدول بەرزەنجی**

١٩٨٥ گۆڤاری کاروان، ژ.٤٠، چاپخانەی (دار أفاق عربیه).

- **کاروان عومەر کاکە سوور**

٢٠١٤ ماڵی نانی " ڕۆمان" ، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- **گۆران عەبدوڵڵا**

١٣٨٦ دیوانی گۆران، نشر پانیذ، تهران.

- **لەتیف هەڵمەت**

٢٠٠٩ دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی سێ، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

- **محمد مەلا کەریم**

١٩٨٠ دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق.

- **مەلاعەبدولکریمی مودەرس و موحەمەدی مەلا کەریم**

١٣٨١ دیوانی مەحوی ، سنندج انتشارات کردستان، سنه، ایران.

- **نەبەز گۆران**

٢٠١٦ مەیخانەکەی ئۆرتینە، عەشقەکەی شێخی سەنعان و کچەی گاور، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

## ملخص

هذه الاطروحة تحمل عنوان (التداولية والأسلوبية)، لأن أثر هذين العلمين يظهر في النصوص الأدبية والاعتيادية معا، لأن تفسيرات التداولية مشترك بين هذين نوعين من النصوص، ومن المعلوم أن التفسيرات اللغوية في الظواهر الادبية تؤدي الى ظهور الأساليب وعرضها، لذلك نقول يمكن أن تساعد الطرائق المتبعة في تفسير الكلام اليومي في إطارعلم التداولية على تحليل النصوص الأدبية أيضا، ولاسيما في النص الحكائي،لأن التداولية عبارة عن البحث في كيفية استعمال اللغة في سياقاتها المختلفة، ولذلك يجعل الروائيون هذه الطريقة أساسا لحكاية الأحداث وعرضها، وهذا يؤدي الى إيجاد علاقة متينة بين التداولية وتحليل النصوص المختلفة.

أما الاسلوبية فإن تطورها يعتمد على مجموعة من المواضيع لتحليل أسلوب النص، ومن أهم تلك المواضيع قواعد اللغة، لأن سياق الكلام هو المعول الأساس لتفسير كلا النوعين من النصوص وتحليلها، سواء كانت النصوص أدبية أو اعتيادية، وهذه الحالة هي النموذج الأمثل لتمثيل التداولية، لأن التوجه الجديد للأسلوبية يعتمد على توازن المعارف وتأثيرات القراء وتفاعلهم ضمن التداولية، وقد وطد علم الاسلوبية جذوره في المجال البلاغي ايضاً، ولاسيما في مجال فن الخطاب، أو ستراتيجية الكلام، الذي احتل مكانا بارزا في القدرات الأدبية، وهذا يؤدي الى الاصرار على تحليل النصوص المكتوبة أيضا.

إن خطة الدراسة تتكون من مقدمة وأربعة فصول، في فصلها الأول يتم شرح المصطلحات المتعلقة بالموضوع الذي تعتمد أسس بنيانه على تلك المصطلحات، ثم بعد ذلك تطرقت الباحثة الى المحور الرئيسي في الموضوع، الذي هو عبارة عن الآسلوب وتصوراته، ثم تحدثنا عن تحليلات أسس الأسلوبية، لأنها تمثل قسما آخر من هذه الدراسة، فأشرنا فيه الى طرائق الأسلوبية المتنوعة معززة بالنماذج. وفصلها الثاني يتناول نظريات التداولية، التي هي جزء من العنوان الرئيسي، وفيه أشير الى عدد من التعاريف الضرورية، وبعد ذلك تحدثنا مفصلا عن نظرية الفعل الكلامي، لأن أسس تلك النظرية مفيدة لتحليل الاسلوب، وهناك محور مهم آخر من هذا الفصل، وهو نظرية السرد عند (لابوف)، وذلك لكون أسس هذه النظرية مفيدة لتحليل النصوص السردية،لأن تحليل محتوى النص مهم جدا للحصول على الغرض، أما قدرات القارىء واستطاعته فمحوران مهمان لقراءة نص أدبي وتحليل أسلوبه، لذلك أشرنا اليهما أيضا.

والفصل الثالث عنوانه (الأدوات التداولية والنص الأدبي)، وفيه تطرقت الدراسة الى دور الضمائر في بناء أسلوبية النص بصورة مفصلة، فتطرقنا فيه الى كيفية تنظيم الأحداث بحسب نوع النصوص، وبعد ذلك تحدثنا عن الزمان وأنواعه، وفي هذا الجانب أوضحنا دور الزمان في النص والسياق، حيث عد زمن التكلم قسما رئيسيا فيه، الذي يضم التحليل التداولي، وفي محور آخر تمت الاشارة الى الملاءمة وعدم الملاءمة) في النص، ولتوضيح ذلك اعتمدنا على أسس الانسجام في النص، ويعد أسس التعاون محورا

مهما في هذا الفصل، لذلك ركزنا عليها أكثر من غيرها، لأن الأدبية جزء مهم من فن البلاغة التي تنتج الاساليب المختلفة، وهذا يعد انحرافا عن تلك الأسس والمعيارييه.

أما الفصل الرابع والأخير فمختص بعرض تلك المعارف التى تربط بين التداولية والاسلوبية، وأحد تلك أسس التي تربط بين هذين العلمين مرتبط بتلك العوامل التي تؤثر في قدرات القارىء على قراءة والتحليل، مثل: تعلم لغة الأم واللهجات وتعلم لغة ثانية، فضلا عن تعلم الرموز والاشارات التي تصبح مؤسسة للنص، أما المعرفة المسبقة التي يحصل عليها الانسان نتيجة للتعلم فأفردنا لها محورا خاصا بها في هذا الفصل، وفيه أوضحنا تأثيرات تلك المعلومات على تفسير المعنى، وبعد ذلك تحدثنا عن تجربة القارىء في ربط التداولية والاسلوبية في محور آخر، لأن تجربة القارىء مهم جدا في تحليل نص ما، وفيه أشرنا الى كيفية تطور تلك التجربة ونموها، كما تحدثنا فيه عن النص الحاضر والنص الغائب أيضا، لأنهما نوعان من النصوص لهما قيمة كبيرة في( تركيب)النصوص، إذ على القارىء أن يحس بالعلاقة الموجودة بين تلك النصوص. والمحور الآخير في هذا الفصل عبارة عن أنواع التحليلات للنص نفسه، فسلطنا الضوء فيه على تلك التحليلات من حيث النقد الأدبي، فشرحنا تلك الجوانب التي يعتمد عليها الناقد الأدبي لتفسير معنى النص وتحليله. وفي نهاية الدراسة توصلنا الى مجموعة من النتائج سجلناها بنقاط مركزة، ثم ختمنا هذه الاطروحة بقائمة المصادروالمراجع.

**Abstract**

This dissertation is entitled (Pragmatics and stylistics) which are two significant elements of linguistics. The application of these two linguistic fields is observed in both literary and nonliterary texts. Pragmatics contributes in the analysis of literary texts. Linguistic analysis is essentials element to demonstrate the stylistics of the literary texts. In another word, the methods that are used to analyses daily interactions are also helpful to the analysis of the literary texts, especially for narrative texts, Because Pragmatics is associated with the use of language in various texts. Novelists also make use of this method for narrating the events, which highly contributes in the analysis of various texts.

The development of stylistics draws on many aspects to bring about precise analysis of the styles of texts, namely, the rule of languages and their functions. Moreover, context also plays a great role in the process of analysis both types of texts. Stylistics is an essential element in the field of rhetoric, especially in the art of speech or in the strategy of utterances in which it approved its existence in constant way in the rhetoric skill throughout history. There for, its impact moves or to the analysis of written texts.

This theses consists of four chapters in addition to an introduction, the first chapter is devoted to the identification of the concerned concepts that are used in this study. Then, it comprehensively considers stylistics and the different points of view about stylistics as it is helpful to get insight into the analysis of stylistics principles. This chapter also sheds light on the stylistic approaches in detail with examples.

Chapter two is about Pragmatic theories including some definitions, and also considers speech act theory in which highly contributes in the analysis of stylistics. This chapter also elaborates on the Labovs narrative structure in which its principle take part in the process of narration. The analysis of texts is regarded as an essential issue for gaining illocutionary act.

Chapter three is titled (Pragmatic tools and literary texts) which is allocated for the role of pronouns in determining and style different text forms. This chapter also embraces the arrangement of events which are clarified according to the types of texts. Then it sheds light on the time and the types of time to show the significance of time, in the text. So the time of interaction is important section of this chapter as it is examined from the perspective of Pragmatics. moreover this chapter also illustrates the appropriateness and inappropriateness of texts, therefore it places in emphasis on principle of cohesion in the texts. moreover, cooperative principle is another in rhetoric_ topic in this chapter as its

regarded as one of the theories that is based on to the text analysis in which deviation according to the recommended maxims is regarded as flouting.

Chapter four considers the issues that make connection between pragmatics and stylistics. One of the principles that connected these two fields together is associated with the factors that have impact on readers, competence, such as learning native language, dialects, and learning a foreign language as well as the signs and the codes that take part in constructing a text. Prior knowledge is another issue that is considered in this section. Readers experience is another factor to connect principles of Pragmatics with the principles of stylistics which is helpful in the process of text analysis. It also states that how readers. Experience could be improved.

Available texts and lost texts are two types of texts that are highly evolved in the text combination. Readers are expected to perceive and realize the relationship between these two types of texts. The last section in this chapter is devoted to the types of text analysis of from the perspective of literary criticism that their aspects are used by critics to analyses texts. Then the conclusion of this thesis, a list of references.

Government -Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Koya University
Faculty Of Education

# Pragmatics and Stylistics

*A dissertation submitted to the*
*Faculty of Education at Koya University*
*as a Partial fulfillment for the degree of*
*Doctor of Philosophy in Kurdish language*

*Nazera Sabir Mustafa*
*Master degree in Kurdish Language, Was Obtained 2008*
*At College Languages /Koya University*

*Supervised by*
*Prof.Dr. Sabah R. Qadir*

2018